دائیرەتولمەعاریف

فەرهەنگی زانیاری وهونەر



ئەندازیار خوسرەو جاف

بەشی یەکەم

2007

Scanned with CamScanner

238 posts | 19.2k followers | 7 following

Promote | Edit Profile

📚 پەرەی فەرمی 📚 کتێبی PDF

Public Figure

لێرە

باشترین و بەسودترین و پڕ خوێنەرترین کتێبەکان

بە خۆڕایی و بە شێوەی PDF داگرە

.

Ganjyna

.

لینکی کتێبەکان 👇 ئەم لینکە بکەرەوە بۆ داگرتنی کتێبەکان

drive.google.com/folderview?id=1gk8e3nSJGJLu36xeLUjwdbjgTSVslbo_

Scanned with CamScanner

دائیرەتولەعارف

Scanned with CamScanner

دائیرەتولمەعارف

فەرهەنگی زانیاری و هونەر

خوسرەو جاف

بەرگی یەکەم

چاپی دووەم
سلێمانی
٢٠٠٧

Scanned with CamScanner

دائیرەتولمەعاریف
فەرهەنگی زانیاری و هونەر
بەرگی یەکەم
نەخشەسازی: بەرزان، شاروخ ئەرژەنگی
بەرگ:شاروخ ئەرەنگی
چاپی دووەم: سلێمانی ٢٠٠٧
تیراژ:٣٠٠٠ دانە
ژمارەی سپاردن: (٢٩٣)ی ساڵی٢٠٠٧ ی وەزارەتی رۆشنبیری پێدراوە
چاپ: چاپخانەو ئۆفسێتی شڤان
لەسەر ئەرکی چاپخانەی شڤان چاپکراوە
مافی لە چاپ دانەوەی پارێزراوە

Scanned with CamScanner

ووتەیەك

زۆر لە برادەران و دەستگا چاپەمەنیەکان داواکاری لە چاپدانەوەی دائیرەتولمەعارفیان کرد و رازی نەدەبووم و نەدەچوومە ژێر لە چاپدانەوەی لەبەر یەك هۆی سادە، بە نەشیاوم دەزانی دوای تێپەربونی بیست ساڵ بەسەر لەچاپدانی لەو دەمە باشتر لەچاپ نەدرێتەوە، ئیدی تونێلی زەمان رەحم بە هیچ گیانلەبەرێك ناکاو لەیەکم دایەوە تا بۆ خۆم ماوم دووبارە لە چاپدرێتەوە، سودی بۆ میللەتەکەم زۆرترە تا مەرج و هەواو هەناسەی خۆم، زۆر پرۆژەو بەرنامە لە ژیاندا بەو شێوەی هەڵناکەوی وا مرۆڤ تەماحگیریەتی ئەوەی راسی بێت بەرگی دووەمی ئەو کارەم زەمانێکە تەواو کردوە دەتوانم لە دوو مانگدا ئامادەی کەم ئەگەر دەست لە برێك کاری ترم هەڵگرم

بەهەر حاڵ چاپخانەی شڤان توانی رەزامەنیم بەدەست بهێنێت و دوبارە بەرگی یەکەمی دائیرەوتولەعارف بە چاپ بگەیەنێت ئومێدەوارم وەکو میوانێکی ئێسك سوك سەر بە هەموو ماڵێکی کوردا بکا، یاخوا ماڵە کورد ئاوا بێت یاخوا ولآتەکەمان لە درۆو بی بارانی و ئافەت و دوژمنەکانی دەوروبەرمان بپارێزێت، دە تخوا بڵێن ئامین

خوسرەو جاف

٢٠٠٦/١١/٢٨

****



زۆر لە برادەرانو دەستگا چاپەمەنیەکان داواکاری لەچاپدانەوەی
دائیرەتولمعارفیان کردو رازی نەدەبووم و نەدەچوومە ژێر لە
چاپدانەوەی لەبەر یەك هۆی سادە، بە نەشیاوم دەزانی
دوای تێپەربونی بیست ساڵ بەسەر لەچاپدانی
لەو دەمە باشتر لەچاپ نەدرێتەوە، ئیدی تونێلی زەمان
رەحم بە هیچ گیانلەبەرێك ناکاو لە یەکم دایەوە تا بۆخۆم
ماوم دوبارە لەچاپدرێتەوە سودی بۆ میللەتەکەم زۆرترە تا
مەرج و هەواو هەناسەی خۆم، زۆر پرۆژەو بەرنامە لە ژیاندا
بەو شێوەی هەڵناکەوی وا مرۆڤ تەماحگیریەتی
ئەوەی راستی بێت بەرگی دووەمی ئەو کارەم زەمانێکە
تەواو کردوە دەتوانم لە دوو مانگدا ئامادەی کەم ئەگەر دەست
لە برێك کاری ترم هەڵگرم

بەهەرحاڵ چاپخانەی شڤان توانی رەزامەندیم بەدەست
بهێنێت و دوبارە بەرگی یەکەمی دائیرەتولمعارف بە
چاپ بگەیەنێت ئومێدەوارم وەکو میوانێکی ئێسك
سوك سەر بەهەموو ماڵێکی کوردا بکا، یاخوا ماڵە
کورد ئاوابێت یاخوا ولآتەکەمان لە درۆو بی بارانی و
ئافەت و دوژمنەکانی دەوروبەرمان بپارێزێت
دە تخوا بڵێن ئامین.
خوسرەو جاف
2006 - 11 - 28

ناوەڕۆك

● فەلسەفە	٩
● ئەفسانە	٢٧
● ئابووری	٤١
● ناوی پارەی وڵاتان	٥٣
● ئاو بەستەکانی جیهان	٥٧
● رامیاری	٦١
● بیرکاری (ریاضیات)	٨٣
● فیزیا	٨٩
● داهێنان و دەستکردە بەناوبانگەکان	٩٧
● پاداشتی نۆبل بۆ زانایانی فیزیا	٩٧
● ئەستێرەناسی	١٠٥
● مێژوو	١١٥
● کرنۆلۆژی مێژووی جیهان	١٤١
● گەورەترین یا ترینە جۆراوجۆرەکان	١٦١
● حەوت دەگمەنەکانی دونیا	١٦٥
● بینا بەرزەکانی جیهان	١٦٩
● چەند بینایەکی مێژوویی بەناوباونگ	١٧٣
● جوغرافیا	١٦٩
● چیا بڵندەکانی جیهان	١٨٥
● دورگە گەورەکانی جیهان	١٨٩
● بیابانە گەورەکانی جیهان	١٩٥
● ئەشکەوتەکانی جیهان	١٩٩
● ئاوی جیهان	٢٠٣
● گۆمە بەناوبانگەکانی جیهان	٢٠٧
● رووبارە بەناوبانگەکانی جیهان	٢١١
● تاڤگە گرنگەکانی جیهان	٢١٥
● تەنگەبەرە ئاوییکانی جیهان	٢١٨
● پایتەختی وڵاتان	٢٢٣
● گرکان و بوومەلەرزەکانی جیهان	٢٢٩
● ئەدەبیات (شاعیر و نووسەرانی بەناوبانگی جیهان)	٢٣٥
● شاکارە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی جیهان	٢٥٩
● خەڵات و پاداشتە ئەدەبییەکانی جیهان	٢٧١
● پاداشتی نۆبل،	٢٧٤
● سروشت زانی	٢٧٩
● نەختێك زانیاری پزیشکی	٢٩١
● پزیشکە ناسراوەکانی ئیسلام	٢٩٤
● پزیشکە ناسراوەکانی جیهان	٢٩٦
● ئاین (پێغەمبەران و ناودارانی ئاین)	٢٠٣
● هونەرە جوانەکان	٣١٧
● نیگارکێشە بەناوبانگەکانی جیهان	٣٢٢
● تابلۆ ناودارەکانی جیهان	٣٣٦
● مۆسیقا (زاراوە و فۆرمەکانی مۆسیقا)	٣٤٩
● ناسراوانی مۆسیقای جیهان	٣٥٤
● پەیکەری بەناوبانگ و میعماری بەردینی ناسراو	٣٦٣
● هونەرمەندانی ناسراوی مۆسیقای ئیسلام	٣٧١
● پەیکەرتاشە ناسراوەکانی جیهان	٣٧٩
● ناوی سەما و جۆرەکانی سەما لە جیهان دا	٣٨٧
● شانۆیی نووسەرە ناسراوەکانی جیهان	٣٩٥
● سینەما (زاراوەکانی سینەما)	٤٠٣
● خەڵاتی ئۆسکار	٤٠٨
● شاکارە بەناوبانگەکانی شانۆ	٤١٧
● وەرزش	٤٢٣
● ئافرەتانی بەناوبانگی مێژوو	٤٣٦
● میوە و سەوزە	٤٤٣
● زانیاری لەمڵا و لەولا	٤٤٥
● ئافرەت و نهێنییەکان	٥٥١

Scanned with CamScanner

قسەیەك

زانیاری مرۆڤی ئەمڕۆ گەیشتوەتە ئەندازە و پلەیەکی یەجگار بەرز و بوڵەند، ئاکامی ئەندێشەکانی رۆژ بە رۆژ، فراوانتر و بەربڵاوتربوون، هەر یەکێك لەو زانیارانە بەتەنیا بۆ خۆی بووە بە دەریایەکی قووڵ و بێ پەی، بە چەشنێکی وا ئەگەر مرۆڤ بیەوێت بڕواتە ناخێوە و پسفۆریی تیادا بەدەس بهێنێت، ساڵەهای ساڵ درێژە دەکێشێت، و تازە نەگەیشتۆتە دەروازەی بەر بڵاوی ئەو زانیاریە.. جا بۆیە، سەدەی بیست، و ئەم سەردەمەیان ناو ناوە سەردەمی پسفۆری..

لەلایەکی ترەوە ژیان و پێویستیەکانی رۆژانەی ژیان، و حەز و مەیلی خەڵکەکە بۆ زانین، و زانیاری، و ناسینی دونیای ئەوەی لە دونیادا هەیە و ڕووی داوە، هەروەها ناسینی کەڵە پیاوەکانی مێژوو، سیاسەت، و ئابووری، و فەلسەفە، زانیاری، تێکڕا مەرجێکی گرنگە بۆ مرۆڤێکی خۆنەواری ئەمڕۆیی..!!

لە سەردەمێکی زووەوە بیرم ئەکردەوە، ئەبێت لە خاڵێکەوە، لە جێگەیەکەوە، یەکێك پەیدا بێت و دەستی پێدەکات، و گرنگی "دائره المعارف" بخاتە بەر چاوی خۆنەواران، و کەسێکیش بازووی لێ هەڵکات و خۆی بکاتە پێش قەرەوڵ، و لەم ڕووەوە هەنگاوی یەکەم دابنێت.. بەڵام داخەکەم درێژەی کێشا و، ئەو ئاواتەم نەهاتە دی.. جا بە هەر چەرمەسەرییەك بوو، و بە هەر گرفتاری، و دەسنە ڕۆیشتنێك بوو، وورده وورده دەستم پێکرد و، ئەو بەرهەمە هەژارەم خستە بەردەستی خۆنەواران، لەگەڵ ئەو کەم و کورتیانەدا کە تیایدایە، هەر نەبێت هەنگاوێکە و سبەینێ چاو ساقان ڕێچکەی هەنگاوی هەژارانەی بەندە، بە توانا و دەسەڵاتێکی زۆرترەوە هەڵئەگرن، نەك وەکو من تا چاوگەیەکم بەدەس هێنا، قیر سپی بووەوە شەمەش لەمانگ بڕاوە..

جا لەیرەدا بە گرنگی ئەزانم، ئەختێك دەربارەی چۆنیەتی مێژووی ئەدەبیاتی ئەوروپا بدوێین، چونکە لەگەڵ تەقەڵاکەماندا بێ بەڵگەنییە..!!

دوای تێپەڕبوونی سەردەمی دواکەوتن، وتاریکیی سەدەکانی ناوەڕاست، سەردەمی "رنسانس" [١] کە سەرەتا، لە وڵاتی ئیتاڵیاوە دەستی پێکرد و، و وڵاتی فرانسەوە، وڵاتانی کەی ئەوروپادا گیرسایەوە.. "رنسانس" رۆحێکی تازەی کردە لەشی ماندوو پرووکاوی هەر هەموو ڕشتە زانیاریەکاندا. جووڵانەوەیەکی ئەدەبی بە توند و قیژەیەکی سەرسام ئاوەر دەستی پێکرد، بە جۆرێکی وا ژیانی خەڵکێکی زۆری گۆڕی و ژێر و ژوورکرد..

"ژول"ی دووهەم، "لئون"ی دەهەم، کەسانێك بوون لە وڵاتی ئیتالیادا، لە سەرەتاوە لایەنگیر و هاندەری سەردەمی "رنسانس" بوون، و ئەم پشتیوانە بوو بە هۆی پێگەیشتنی زۆر بلیمەت و کەڵە زانیارانی مرۆڤ وەکو: میکافیل [٢] ، بمبو [٣] ، لوکادولا [٤] ، ناریوست [٥] ، برامانت [٦] ، لیونارد دافنشی [٧] ، روفائیل [٨] ، میکائیل انجلو [٩] ، تاس [١٠] ، فرانثرلیکو [١١] ، و سەدان هونەرمەنیکە..

بێگومان ئەدەبیاتیش شان بەشانی ئەو شتانە لە جووڵانەوەدا بوو، بەتایبەتی لە وڵاتی فڕانسەدا، چونکە پاشاکانی ئەو وڵاتەش لە دڵەوە، یان بۆ چاولێکەری لە پاشاکانی ئیتالیا لایەن گیرییەکی زۆریان وەدەرئەخست.

فرانسوای یەکەم پێکهاتنی زانکۆی ئەدەبیاتی دەرهێناو "رابولە" [١] شارەکانی "هەجونامە"ی بڵاوکردەوە، "رونساد دوپلای [٢] کە زمانەوان بوو زمانی فڕانسەویی پتەوکرد. داستانەکانی "لافونتین" [٣] ئەندێشەکانی "لاروشفوکو" [٤] کۆمیدیاکانی " مۆلێر" [٥] تراژیدییەکانی "راسین" [٦] هەڵبەستەکانی "بوالو" [٧] ڕەواج و ڕەونەقێکی شایانیان گەیاندە ئەدەبیاتی وڵاتی فڕانسە ..

Scanned with CamScanner

لەناوەڕاستی سەدەی هەژدەهەمین دا، کە ڕاپەڕینی زانیاری و دروستکردن دەستی پێکرد، ئەو بەرهەمانەش بێگومان ناکامی تەقەلای سەدەکانی ناوەڕاست بوون، کە هاتبوونە دی بەتایبەتی لە وڵاتی فرانسەدا تەقەلاکە زۆرتر دەردەکەوت و خۆی دەنواند، نووسەرانی وەکو "فۆلتێر" [١] ، "ژان ژاك رۆسۆ" [٢] ، "دیدرۆ" [٣] ، "مونتسكیۆ" [٤] ، هەریەکە بە شێوەیەك، زۆر و زوڵمی دەوڵەت و زۆردارانیان ئاوەڕووت دەکرد و رۆشنیان دەکردنەوە، بێگومان دەوڵەتی ئەو سەردەمەش کەمتەرخەم نەوەستابوو، هیچ نەکاو و گوێگر بێت. ئەوە بوو "فۆلتێر" دوورخرایەوە، و وڵاتی ئینگلیز "دیدرۆ" خرایە بەندیخانەوە، "ژان ژاك رۆسۆ" خۆی شاردەوە .. بەسەر ئەمانەشا زانا و چاو ساقان بێکار نەوەستان، بەڵکو دەستیان کرد بە وەرگێڕانی "دائرة المعارف"ی وڵاتی ئینگلیز بە زمانی فڕانساوی و گونجاندنی بیروڕاکانی خۆیان لە هەمان وەرگێڕاودا.

"ژان ژاك رۆسۆ" لە هەمان "دائرة المعارف"دا پێشەکیەکی دوور و درێژی دەربارەی ئازادی نووسی، "ڤۆلتێر" بەشێك لە نامە فەلسەفیەکانی خۆی دەربارەی ئاین و سیاسەتی تیادا بڵاوکردەوە "دیدرۆ" لەبەر ئەوەی کوڕی کرێکارێکی چەقۆساز بوو دەربارەی کرێکار و دەردەسەریەکانی چینی کرێکار وتارێکی بڵاوکردەوە، هێندەی نەخایاند زۆری دەوڵەت دیسان بەرایی گرد و کەوتنەوە ئازاردانی زانایانی "دالامبر" توانای ئەو زۆر و زوڵمەی لە خۆدا شك ئەبرد کەناری گرد و "دیدرۆ" جێگەی گردەوە و بەتوانایەکی پۆلاینەوە باروکار و گرفتاری وەدی هێنانی "دائرة المعارف"ی گردە ئەستۆ. شەو و رۆژی بۆ نەبوو بۆ ساتێك هەنووزی نەئەکرد، زانایان و چاوساقانی لە دەور گلێر بووەوە، وە دوربارەی "دیدرۆ" خرایەوە بەندیخانە.. دوای ئازاد بوون لە ساڵی ١٧٥١م بە یارمەتی چەند کەسێك وەك مادام "دویمپادور"، ریشیلووبرنی شوازول، مالرب، تورگو، یەکەمین بەرگی "دائرة المعارف"یان وەردەرهێنا.

"دیدرۆ" تەقەلاکانی چەند بەرابەرکرد ئەوە بوو توانی تا ساڵی ١٧٧٧م "دائرة المعارف" بگەیەنێتە سەر (٢٨) بەرگ بەم شێوەیە "دائرة المعارف" شێوەیەکی دامەزراوی بەخۆی گرد و زۆر میللەتان و وڵاتانیش لاسکایان لێ کردەوەتەوە، ئەمرۆ هەر میللەتێکی خاوەن شارستانیەت "دائرة المعارف"ی جۆراوجۆری پێك هێناوە لە زۆر ڕشتە و زانیاریدا، خوا ئێمەش وەك ئەوان لێ بکات.. بەڵکی ..!!

١) Renalssance ٢)Machfavel ٣)BemBo ٤) IvcA-dellA
٥) ARiAste ٦) Bramant ٧) LeOnArdde-vin ٨) RaphAeel
٩) Miehel Anqe ١٠) tAss ١١) FeRA Angelico

١) RAbelais ٢) ovBellAy RonsARd ٣) LA fontAine
٤) LARochefoucAvld ٥) MoLieRe ٦) RAcine ٧) BoiLeAu

١) VoltAire ٢)Rousses ٣)DideRo ٤) Montesqieu

ئەندازیار
خوسرەو جاف

Scanned with CamScanner

فەلسەفە

Scanned with CamScanner

قوتابخانەکانی فەلسەفە

١- ئازاد بیران *Libre penseur*

فەیلەسووفەکانی سەدەی هەژدە هێندە پەیوەندییان چۆنیەتی لەگەڵ مەسەلەکانی (حیکمەت)دا نەبوو تەواوی بیر و باوەڕیان بەلای کاروباری رامیاری "سیاسی" و چۆنیەتی رەوشتەوە بوو زۆریش خۆیان لە چوارچێوەی بیروڕا فەلسەفییەکانی کۆن دا گیرنەدەکرد، هێندەش باوەڕیان نە بە چۆنیەتی بیر کردنەوەیان هەبوو نە ئەوەندەش گوێیان بە ئایین دەدا، ئەمانەش وەکو:

مۆنتسکیۆ

ڤۆلتێر

أ – فۆنتینەل *Fontenell*

ب – مۆنتسکیۆ Montesquieu

ج – ڤۆلتێر *Voltair*

د – دیدرۆ *Dideroe*

کۆندیاک *Condillac* مۆنتسکیۆ

مۆنتینەل

دیدرۆ

کۆندیاک

٢- ئیلتقـــاطی – گوڵەوەچـــــنی *Electique*

بڕێک لە فەیلەسووفەکانی بێ ئەوەی گوێ بدەنە نەژادی فەیلەسووفە بەناوبانگەکانی کۆن لە هەر باڵێک گوڵێک و لە هەر کەسێک شتێکیان وەردەگرت و تێکەڵیان دەکرد و چوارچێوەیەکی تایبەتییان بۆ ئەو بیروڕایە دروست دەکرد، ئەم برە بە دەستەی (ئیلتقاطی) بەناوبانگ بوون.

٣- ئالئاتەکان

ئەم زانایانە تەواوی باوەڕیان لەسەر بناخەی بیر و بەڵگە بووە بەتەنیا، جگە لە بیرو لە بەڵگە باوەڕیان بە شتی تر نەبووە، لەمانەش:

أ – بودوکسینوس

ب – برماندیسن

ج – زینوون

٤- رەواقییەکان

ئەم دەستە فەیلەسووفانە بیر و ڕایەکەیان بەناوی ئەو جێگەوە ناسران کە تێیدا کۆ دەبوونەوە، ئەوەش رەواقێك واتا "بێلاییەك" بوو لەشاری ئەثینای کۆن "سەردەستەی ئەم کۆمەڵەش زینوون بوو، بیروڕایان ئەوەبوو کە "بیری مرۆڤ وەکو پەڕەیێکی ساف و بێگەردە، هەرچی زانیارییش هەیە هەر تەواوی لە دەرەوە بەدەس دێت و تێگەیشتنی مرۆڤیش بریتییە لەچوار بەش ١- واهیمە ٢- گومان ٣- پێزانین "ئیدراك" ٤- زانیاری "علم".

Scanned with CamScanner

٥ – سۆفستایەکان *Sophistiens*

ئەم کۆمەڵە زۆر بەتەنگ راستەقینەوە نەبوون بەڵکو پەیڕەوانی خۆیان هان دەدا بۆ ئەوەی لە قسە و باس و دەمەتەقێدا ببن بە مامۆستا و بەسەر بەرامبەرەکانیان دا زاڵ بن، سەردەستەی ئەم کۆمەڵەش ئەمانە بوون:-

أ – ئەفریدیکۆس *Afry piodicos*

ب – گرکیاس *Gorgias*

ج – پرتاگۆرس *Protagoras*

- گوماندااران (شکاکان) *Sceptiqve*

ئەم کۆمەڵە زانایە لە باوەڕێك دا بوون کە بۆ بەدەست هێنانی زانیاری هیچ چاوگەیێك پاك و خاوێن نییە. هەست هەڵە دەبێت، بیر توانای ڕاست کردنەوەی ئەو هەڵەیەی نییە چونکە مرۆڤ وا لەژێر باری هەستی جۆراوجۆری لەش و بەدەندا. دانەری ئەم بیروڕایە پیرهۆن **Pyrrhon** ی فەیلەسووف بوو.

٦- عیرفانی فلۆتین

فلۆتین یەکێك لەو فەیلەسووفە کۆنانەیە کە بوو بە هاودەمی (ئامونیۆس ساکاس) و بوو بە پەیڕەوانی قوتابخانەی حیکمەت و عیرفان. ئیدی بەرەو ڕۆژهەڵات کەوتە ڕێ کەشکۆڵ و دارعەسای لێ هەڵ گرت و بە تەواوی وازی لە دنیا هێنا و بوو بە پەیڕەوانی یەکناسی (وحدانییەت) و تەنیا خوای بە سەرچاوەی سەرەتا و دوایی دانا و هەرچیش لەم دنیایەدا دەبینرێت هەر لە سەرچاوەی یەکیەتیی هەڵ قوڵیوە.

٧- کارتزینەکان *Carteziens*

فەیلەسووفەکانی سەدەی حەڤدە و پەیڕەوانی (دیکارت) بەم ناوە ناسراون و ناسراوترینیان پاسکال **Pascal** و مالبرانشە **MaLbranche** .

٨- کەلبییەکان (سەگوندەکان)

یەکێك لە قوتابییەکانی سوقرات بەناوی ئەنتیس تینەس **Antisthene** شێوەی ژیانی سوقراتی کردە پیشە و بە شێوەیێکی لە ڕادە بەدەر گوێی بە نیازەکانی لەش و دەروون نەدەدا. لەبەر ئەوەش ئەم فەیلەسووفە لە شارێك دا دەژیا بەناوی (سەگەسپی) بیروڕاکەی بەناوی سەگوندەکان ناسراوە.

بەناوبانگترین پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە دیوجینسە Diogens .

٩- ماددییەکان *Mathematiceins*

پەیڕەوانی ئەم قوتابخانە (مادە و جسم) بە بنچینەی هەموو شتێك دەزانن، بەناوبانگترین پەیڕەوانی ئەم قوتابخانەیە (هیرەقلیدوس)ە کە لە باوەڕێك دایە کە گۆڕین و جوولانەوە چاوگە و بنچینەیە.

Scanned with CamScanner

قوتابخانە سیاسی و فەلسەفییەکان

١- ئەپولوژیسم *ApoLogisme*

ئەو دەستانەن کە تەنیا باوەڕیان بە بەڵگە هەیە.

٢- ئەگنۆتیسیسم *Agnosticisme*

بیروڕای ئەم دەستە ناسراوە بە (نازانم) کە وەڵامی فەلسەفە ناسراوەکانی کۆن بە (نازانم) دەدەنەوە.

٣- ئەمپیریسم *Empirisme*

باوەڕیان وایە هەر باوەڕێك دەبێت بە پێی تاقیکردنەوە بێت.

٤- ئانارشیسم *Anartchisme*

شێوەیێك کە دەوڵەت بە پێویست نازانن.

٥- ئابسۆلوتیسم *AbsoLutisme*

فەرمانڕەوایی بێ لیدوان کە هەموو توانایێکی بە دەستەوە بێت.

٦- ئاپۆرتۆنیسم *Opportunisme*

واتە خەڵکێك کە بەپێی ڕۆژ ڕەوشت بگۆڕێت واتە "نان بەنرخی ڕۆژ خواردن".

٧ - ئاپیس کۆپالیس *Episcopalisme*

خەلکێك کە پەیڕەوی (کالون)ی فەیلەسووفی سەدەی شانزدە بوون کە بیروڕای لەسەر ئەوە بوو ئاخووند و قەشەکان دەبێت زۆربەی کار و دەزگاکانی دەوڵەت بەپێی بیروڕای ئەوان هەڵ بسووڕێت.

٨ - ئوتۆکراسی *Autocratia*

باوەڕ بە توانای کەسێك کە لەلایەن میللەتەوە هەڵ نەبژێردراوبێت.

٩ - ئەپیکوریانیسم *Epicurianisme*

پەیڕەوانی بیروڕای (ئەپیکۆر)لایەنگری (مادیات) و خۆش بینی بەرامبەر مرۆڤ و مرۆڤ خوازی و باوەڕ نەبوون بە پەروەردەگار و پاراستنی سوودی تاکەکەسی و نەسەلماندنی دادگەری و بەدەس هێنانی حەز و نیاز و لەززەت.

١٠ - ئارستیانیسم *Erastianisme*

بیروڕایەك کە دەسەڵاتی کاربەدەستانی ئاین و دەوڵەت بخاتە چوارچێوەیێکی دیاری کراو و ناسراوەوە.

١١ - ئەگوئیسم *Egoisme*

بیروڕای خۆپەرستی واتا "پادار بگرە و بێ پا ماڵی یۆمانە".

Scanned with CamScanner

١٢ - ئەنترناسیونالیسم *InternationaLisme*

باوەڕکردن بە هاوکاری میللەتەکان لەگەڵ یەك دا لە پێناوی بەختیاری تێکڕای مرۆڤ دا.

١٣ - ئۆتارکی *Autarkie*

باوەڕ لەسەر ئەوە کە هەر وڵاتێك پێویستی و نیازەکانی خۆی وەدەست بهێنێت و نیازی بە دەرەوەی سنوور نەبێت.

١٤ - ئایدیالیسم *IdeaLisme*

واتە خەیاڵ پەرستی.. ئەم قوتابخانەیە بیروڕای وایە کە سیاسەت دەبێت لە پێناوی مرۆڤایەتیدا بێت نەك سیاسەت بۆ سیاسەت.

١٥ - بەربەریسم *Barbarisme*

بیروڕای میللەتە دواکەوتووە دڕەکان کە تەنیا باوەڕیان بە خوێن ڕژان هەیە.

١٦ - ثیوکراسي *Theocratie*

دەوڵەتێك کە فەرمان ڕەواکان و کاربەدەستەکانی پیاوی ئاین بن.

١٧ - تیرۆیسم *Terrorisme*

باوەڕ بە کوشتن و بڕین و زەبروزەنگ.

١٨ - دیپارتمانتالیسم *Departemantalisme*

سیستەمی دەوڵەتێك کە خۆڕێبەری "خودی موختاری" بەپێی پێویست بە ناوچەکانی خۆی بدات.

١٩ - دایلەکتیك *Dialectique*

شی کردنەوەی باسێك بە ڕەوشتێکی فەلسەفانە بەپێی پرسیار و وەڵام و دەمەتەقێ.

٢٠ - ریالیسم *Realisme*

راستەقینە پەرستی واتە راستەقینەی دنیا و دەوروبەری و پرسیار و وەلام و دەمەتەقێ.

٢١ - فاشیسم *Fascisme*

فەرمان ڕەوایی تێکرایی دەستەیێکی دڕ و خوێن ڕێژ.

٢٢ - کاپیتالیسم *Capitalisme*

سیستەمی سەرمایەداری کە بەرهەم بەدەست سەرمایەدارانەوە بێت.

٢٣ - لیبرالیسم *Libralisme*

باوەڕکردن بە ئازادی مرۆڤ.

Scanned with CamScanner

٢٤ - ماترياليسم *Materialisme*

باوەڕ بە (مادە) و هیچی تر، واتە باوەڕ نەبوون بە خوا و ئاین و هێزە نادیار و شاراوەکان.

٢٥ - مۆبۆکرسی *Mobocratie*

فەرمان ڕەوایی لەلایەن خەڵك و کۆمەڵێکی گەوجەوە.

فەیلەسووفەکانی دنیای ئیسلام

١- ئیبن سینا :

ئەبو عەلی کوڕی حسینی کوڕی عەبدوڵلای کوڕی عەلی کوڕی سینا ساڵی ٣٧٠ی کۆچی لەدایك بووە و لە ٤٢٨دا مردووە.

زۆرتر لە سەد بەرگ کتێبی نووسیوە و بەناوبانگترینیان ئەمانەن:-

أ – شفا

ب – قانون

ج – إشارات

٢- ئیبن مسکویە (لە ٤٣١ کۆچی مردووە)

بەناوبانگترین کتێبی بە عەرەبی بەناوی "الطهارة" دەربارەی زانیاریی ڕەوشت و پەروەردەکردنی خووڕەوشتە.

٣- حەسەن کوڕی سوار (لە ٣٣١ کۆچی لەدایك بووە)

بەناوبانگترین نووسینەکانی ئەمانەن:-

أ – تفسير المادة

ب – الكليات الخمسة

ج – آثار الجو

٤- شەهابەددینی سەهرەوەردی (٥٤٩ – ٥٨٧ ك)

باناوبانگترین کتێبی بە عەرەبی بەناوی (حكمة الاشراق)ە.

٥- ئەبولحەسەن کوڕی محەمەد ئەلعامری (لە ٣٢١ ك مردووە)

بەناوبانگترین کتێبی بە عەرەبی ئەمانەن:

أ - الأبصار

ب – المبصر

ج – النسك العقلي

Scanned with CamScanner

٦- ئیمام محەمەدی غەزالی (٤٥٠ – ٥٠٥ ك)

لە سەد و سی کتێبی زیاتر نووسیوە بەناوبانگترینی ئەمانەن:

أ – كيمياء السعادة

ب – نصيحة الملوك

ج – تهافت الفلاسفة

د – المنقذ من الضلال

ه – إحياء علوم الدين

ئیمام محەمەدی غەزالی

٧- ئەبو نەصری فارابی (٢٦٠ – ٣٣٩ ك)

لە سەد کتێبی زیاتر نووسیوە بەناوبانگترینیان ئەمانەن:-

أ – فصوص الحكم

ب – إحصاء العلوم

ج – عيون المسائل

د – رسالة في مبادىء آراء أهل المدينة الفاضلة

ه – رسالة في إثبات المفارقات . كتاب النجوم .

ع – الأغراض مابعد الطبيعة

ئیبن خەلدوون

٨- فەخرەددینی ڕازی (٥٤٣ – ٦٠٠ ك)

بەناوبانگترین کتێبەکانی:

أ – المباحث المشرقية

ب – شرح عيون الحكمة

ج – كتاب شرح الإشارات

د – كتاب المطاليب العالية

٩- عەبدولڕەحمان ئیبن خەلدوون (٧١١ – ٧٨٥ ك)

مێژوو نووس و کومەڵ ناسی بەناوبانگە و دیارترین کتێبی (مقدمة ابن خلدون)ە.

ئیبن ڕوشد

١٠ – ئیبن ڕوشد (٥٢٥ – ٥٩٥ ك)

دەوروبەری پەنجا کتێبی نووسیوە بەناوبانگترینیان:

أ – فلسفة ابن الرشد

ب – فصل المقال فيما بين الحكمة والشريعة من إتصال

ج – تهافت التهافت

١١- ئەبولعەلای مەعەڕی (٣٦٣ – ٤٤٩ ك)

شاعیر و نابیناش بووە، بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەمانەن:

Scanned with CamScanner

أ – ديوان سقط الزند
ب – اللزوميات الغفران
ج – رسالة الغفران
د – الفصول والغايات

فەیلەسووفانی ناموسلمان

١ – **ئەبیلار** *Abelard* (١٠٧٩ – ١١٤٢ ز)

خەڵکە فەرەنسایە، زۆرتر لەبەر ئەوە ژیانی پڕ لە کوێرەوەری و بەدبەختی بووە بۆیە بەناوبانگ بووە.

٢ – **ئەرخەلاووس** *AicheLaos*

فەیلەسووفێکی یۆنانییە لەسەدە پێنجەمی پێش زایین دا ژیاوە و سوقرات ئەوی بە پێشەوای خۆی داناوە.

٣ – **ئەرستیدس** *Alistide* (**سەدەی دووەمی زایین**)

پەیڕەوی ئایینی مەسیحیەت بووە و کتێبێکی نووسیوە بەناوی (ستایشتێ) لە ئاینی مەسیحیەت.

٤ – **ئەنکساغۆرس** (٥٠٠ – ٤٢٨ پ. ز)

پەیڕەوی قوتابخانەی ئەیۆنی بوو.. و بوو بە دۆست و برادەری پریکلس، باوەڕی بەوە بوو کە "هەموو شتێك لە هەموو شتەوە دروست بووە و دنیا تەنیا لەیەك شت پێك نەهاتووە" هەروەها بۆ یەکەم جار بڵاوی کردەوە کە خۆر و مانگ و ئەستێرە هەروەکو زەوی وەهان، خۆریش چاوگەیێکی ئاگرینە، خواکانیش نین تا شایانی پەرستن بن.

٥ – **ئەنتیستەنس** *Antisthene* (٣٦٥ – ٤٤٤ پ. ز)

یۆنانییە، یەکێکە لە قوتابییەکانی سوقرات و لە ئەثینا لەدایك بووە بیروڕای ئەوەیە دەڵێت: وجوودی مرۆڤێکی زیندوو لە مایەداری (فضیلة) دەبینرێت و مایەدارییش بە لەخۆ حەرام کردنی لەزەت و خۆشی لەش و گیان بەدەست دێت. پەیڕەوانە ئەم فەیلەسووفە ژیانی دەروێشییان کردە بەر و دنیای شارستانییان بەجێهێڵا و چڵکن و مووی سەر هاتوو و پێپەتی و ڕووت لەناو خەڵك دا دەخولانەوە و هەرچییان بەدەم دا دەهات دەیان گوت.

٦ – **ئەنسەلم** *AnseLm* (١٠٢٣ – ١١٠٩ ز)

لەسەدەی یازدەدا ژیاوە و کاثولیکەکان زۆر باوەڕیان پێ هەبووە و ناوی (پاك)یان لیناوە و بیروڕای وەهایە کە: پێش هەموو شتێك دەبێت مرۆڤ باوەڕی بە ئاین هانی بێت دوای ئەوەی شیی بکاتەوە و بڕواتە قوڵاییەکەیەوە.

ئەنسەلم زۆر لە (ئەگوستین) و بیروڕای نزیکە بۆیە ناونراوە ئەگوستینی دووەم، ئەوەی لێ بەجێماوە کۆمەڵە خاڵێکە دەربارەی بوونی خوا.

Scanned with CamScanner

٧ – ئه‌پرقلس *PiocLus* (٤١٠ – ٤٨٥ ز)

له‌دەوری سەدەی پێنجەم دا ژیاوه و یه‌كێكه له په‌یڕەوانی ئه‌فلاتون، كتێبێكی دەربارەی كتێبه‌كه‌ی "تیماووس" نووسیوه.

٨ – ئه‌پیكتیتوس *Epictete*

له‌سه‌دەی یه‌كه‌م و دووه‌می زایین دا ژیاوه، به ڕەچه‌ڵه‌ك یۆنانییه به‌ڵام له ڕۆما ژینی بەسەر بردووه، له‌پێش دا كۆیله بووه و ئازاد كراوه، په‌یڕەوی دەسته و دایه‌ری ڕەواقییه‌كان بووه و بیروڕای وا بووه كه دەڵێت: كاروباری ئه‌م دنیایه له‌سه‌ر دوو بناغه‌یه یه‌كێكیان به‌دەستی خۆمانه و ئه‌وی تریان نا، یه‌كه‌م بیر و ئیرادەیه ئه‌گه‌ر توانیمان حه‌ز و ئاواته‌كانمان لغاو بكه‌ین دەتوانین بێ دەردەسه‌ری بژین و چێژی ئازادی بكه‌ین، ئه‌وانیش له‌به‌ست هێنان دوورن نابێت خۆمانی بۆ بچرووسێنینه‌وه، هێنده ئاخ و داخیان بۆ بخۆین؛ كه‌واته ئه‌وەی هه‌ته پێی دڵخۆش به و قه‌دری بزانه.

٩ – ئه‌پیكوور *Epicuie* (٣٤٢ – ٢٧٠ پ. ز)

یه‌كێكه له فه‌له‌سووفه ناودارەكانی یۆنان كه له دوورگه‌ی (ساموس) له‌دایك بووه كه دەكه‌وێته ناو دەریای ئیژەوه. دوای دەورانی قوتابییه‌تی كه‌وته ئه‌و باوەڕه كه بیروڕای خۆی بخاته چوارچێوەیێكی فه‌لسه‌فییه‌وه و له‌ئاكام دا بەدی هاتنی. ئێستاش بیروڕاكه‌ی ناسراوه به (ئه‌پیكووریسم) واته په‌رستنی حه‌ز و له‌زه‌ت.

ئه‌پیكوور له‌ساڵی ٣٠٦ی پێش زایین دا له قه‌راغی شاری ئه‌ثینادا خانوو باغێكی كرده بنكه‌ی خۆی و له‌وێوه دەستی كرد به بڵاوكردنه‌وەی بیروڕاكانی.

ئه‌پیكوور فه‌یله‌سووفێكی ئازادی خواز و سه‌ربه‌ست بوو، بۆ یه‌كه‌م جار هێڵای كه ژنان له كۆڕ و كۆبوونه‌وه فه‌لسه‌فییه‌كانیدا به‌شداری بكه‌ن.. ئه‌پیكوور له دەرسه‌كانی ئه‌فلاتون دا به‌شداری كردووه.

١٠ – ئه‌ڕاسم *Eirasme* (١٤٦٩ – ١٥٣٦ ز)

له‌شاری ڕۆتردام له‌دایك بووه و به‌ناوبانگترین نووسینه‌كانی (مناظرات)ه كه به زمانی لاتینی نووسیویه‌تی و یه‌كێكه له پێشڕەوانی سه‌ردەمی ڕێنیسانس هه‌میشه دەكۆشا كاروباری كۆمه‌ڵایه‌تی و ئایینی به‌شێوەیه‌كه ئارام و له‌سه‌رخۆ شی بكاته‌وه لێی بدوێت.

١١ – ئه‌رستۆتالیس



پزیشكی به‌ناوبانگی یۆنان، باوكی پزیشكی تایبه‌تی پاشای مه‌كه‌دۆنیا بووه و ناوی (نیكوماخس) بوو، ئه‌رستۆ به منداڵی باوكی مردووه و به‌هه‌تیوی گه‌وره بووه و له شاری ئه‌ثینا له‌نگه‌ری خستووه و بووه به یه‌كێك له قوتابییه‌كانی ئه‌فلاتون. ئه‌ویش زۆر ڕێزی گرتووه و زانیویه‌تی كه بلیمه‌تێكی لێ دەردەچێت، دوای مردنی مامۆستاكه‌ی چه‌ند شاره و شارێكی كرد، له‌دواییدا له ماكه‌دۆنیادا له‌نگه‌ری خست و بوو به مامۆستای ئه‌سكه‌نده‌ری ماكه‌دۆنی و له‌گه‌ڵ ئه‌سكه‌نده‌ردا مایه‌وه تا مردنی ئه‌سكه‌نده‌ر، پاش مردنی شاری ئه‌ثینای به‌جێهێشت و چوو بۆ خالكیس كه له‌وێدا مرد.

Scanned with CamScanner

۱۲ – ئادەم سمیپ *Smith. A* (۱۷۲۳ – ۱۷۹۰)

فەیلەسووفێکە ئەسکەتلەندییە و لە زانکۆی گلاسکۆ و ئوکسفۆرد دەرسی خوێندووە، لەساری (ئەدیمبورگ)دا ژیاوە لە ساڵی ۱۷۵۱ ز بووە بە مامۆستای فەلسەفەی زانکۆی گلاسکۆ، سمیث یەکەمین دانەری کتێبی "سیاسەتی ئابووری"یە کە ناوی (سامانی نەتەوەکان)ە. پێش ئەوەی بمرێت وەسیەتی کرد هەرچە نووسیوە بیسووتێنن.

۱۳ – ئەفلاتون *Platon* (۴۲۸ – ۳۴۷ پ. ز)

لەشارە ئەپینادا لەدایك بووە لە خێزانێکی دەسەڵاتدار و دەست رۆیشتوو، کە هەمیشە بەوە دەنازی کە کوڕی خێزانێکی وایە. تەمەنی بیست ساڵ بوو کە بوو بە قوتابیی سوقرات، تا کوژرانی سوقرات هەشت ساڵ هەر شاگردی بوو.

لەتەمەنی چل سالیدا دەستیدا دەس گوتنەوە، بۆ ئەم مەبەستەش ئکادیمییەکی کردەوە. ئەو لە باوەڕی سوقرات نەبوو کە لە شەقام و گۆڕەپانەکان دا ڕاوەستێ و دەرس بلێتەوە. جا پارچە زەوییەکی بەدەست هێنا کە موڵکی پاڵەوانێك بوو ناوی (ئاکادموس) بوو بۆیە بنکەکەی ناونرا ئەکادیمی.

۱۴ – برکلی *Berekely* (۱٦۸۵ – ۱۷۵۳ ز)

فەیلەسووفێکی ئینگلیزە، بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەمانەن:

أ – چۆنیەتی دیتن "كيفية الإبصار"

ب – سەرەتاکانی زانیاریی مرۆڤ

ج – وتووێژی هیلاس و فیلونوس

د – سیفرون

۱۵ – رینە دیکارت *Descares* (۱٥٦٤ – ۱٦٥٠)

فەیلەسووفێکی فەرەنساییە لەپێش دا لە رشتەی سەربازگەریدا بوو دوایی بوو بە مامۆستای زانکۆ. لەشاری پاریس، ماوەی بیست ساڵ لە هۆڵەندەدا ژیا دوور لە هەرا و دوور لە خەڵك هەر خەریکی خوێندنەوە بوو. ساڵی ۱٦٤۹ شاژنی سوێد دەعوەتی کرد بۆ وڵاتەکەی بەڵام چونکە نەیتوانی لە ئاو و هەوای ئەم وڵاتە هەڵبکات پاش چەند مانگێك مرد و تەرمەکەیان هێنایەوە شاری پاریس لە کڵێسای (سن تتن) نێژرا. بەناوبانگترین کتێبەکانی ئەمانەن:

أ – ڕێبازێك بۆ ڕاپەرایەتیی بیر.

ب – لیکۆڵینەوە دەربارەی ڕەوشت

ج – بیرکردنەوەی لە ئەولای سروشت

بیری دیکارت ئەوەیە کە دەڵێ: بۆ ئەوەی بگەیتە راستەقینە دەبێ بۆ جارێکیش بێت هەرچی بیروڕایەکت هەیە تاکو ئێستا تووڕی دەیت و سەرلەنوێ دەست پێ بکەیتەوە.

Scanned with CamScanner

١٦ – دیۆجینس *Diogene* (٤١٢ – ٣٢٣ پ. ز)

ئەم زانایە بەرامبەر رەوشتی هەڵسان و دانیشتن بێ خەم بووە ژینێکی سادە و بێ ئارایش ژیاوە، هەمیشە لە خەڵك دوور کەوتووەتەوە، بۆ ئەوەیش خەڵکی لێ دوور بێ زۆر جنێو فرۆش و دەم پیس بووە.

١٧ – راسل، پرتراند ئەرتور ولیام *Russell* (١٨٧٢ – ١٩٧٠ ز)

پاش تەواوکردنی زانکۆی کەمبریج بوو بە ئەندامی باڵیۆزخانەی ئینگلیز لە پاریس، چەند مانگێکیش لە بەرلین ژیا و گەڕایەوە بەریتانیا لە شاری (ویسلر) لەنگەری خست، بەناوبانگترین نووسینەکانی راسل ئەمانەن:

أ – مێژووی فەلسەفەی ڕۆژاوا

ب – ئارەزووە تازەکان بۆ دنیای نەگۆڕین

ج – رەخنە لە فەلسەفەی لیبنیتز

د – یاساکانی بیرکاری (ریاضیات)

لەساڵی ١٩١٨دا وتارێکی نووسی دژی شەڕی تریبونال شەش مانگ خرایە بەندیخانەوە، لە بەندیخانەکەدا توانی کتێبێکی بەناوبانگ بنووسێ بەناوی "پێشەکییەك بۆ فەلسەفەی بیرکاری".

راسل بیروڕای لەسەر ئەوە بوو کەوا: لە هەمووشت گرنگتر مەنتیقە و پێی وابوو بە شیکردنەوەی مەنتیق دەتوانین بگەینە مەرزی وردەکاری و "موو لە ماست دەرهێنان".

١٨ – راما کریشنا *Ramakrishna* (١٨٣٤ – ١٨٨٦ ز)

سۆفی و فەیلەسووفێکی هیندستانییە لە بەنگال لەدایك بووە و لە شاری کەلکەتا مردووە. کریشنا لە باوەڕێك دا بوو کە: مرۆڤ نابێت خۆی و ئارەزووەکانی خۆی لەبیر بکات. لە باوەڕێکیش دا بوو کە تەواوی ئاینەکان یەك مەبەستیان هەیە ئەویش گەیشتن بە ڕاستەقینە و حەقە. ئەم زاتە هەتاوەکو لە وڵاتە ڕۆژئاواییەکانیش دا زۆر کەس پەیرەوی لیکردووە.

١٩ – رەنان *Renan* (١٨٢٣ – ١٨٩٢ ز)

لەسەرەتاوە لە ڕشتەی دین و ئاین دا خۆی خەریك دەکرد بەڵام لەم دواییەدا لێی دوور کەوتەوە و پەنای بردە بەر فەلسەفە و رێبازەکانی فەلسەفە. بیروباوەڕی تا ئەندازەیەکی زۆر لە بیروڕای هیگڵەوە نزیك بوو.

ئەرنست رەنان بۆ ئەوە دەچوو کە: ڕەسانەیەتی تێفکرینە، خواش هەر ئەو تێفکرینە رەسەنەیە و راستەقینە لەهەموو شتێك دا هەیە و شاراوەیە بەڵام هەستی پێ دەکرێت. بەناوبانگترین نووسینەکانی ئەمانەی خوارەوەن.

أ – یادگارەکانی سەردەمی منداڵی و لاوی

ب - دوارۆژی زانیاری

٢٠ – ژان ژاك رۆسۆ *Rousseas . J . J.* (١٧١٢-١٧٧٨ ز)

لەشاری جنیڤا لەدایك بووە، بە منداڵی دایکی مرد و بێ دایك گەورە بوو، یەکێکە لە نووسەرە هەرە گەورەکانی فرانسە، پیاوێکی بە هەست و خاوەن زەوق و سەلیقە دەژمێردرا، بیروڕا و وتەکانی لەگەڵ بیروڕای سەردەمی خۆی دا نەدەگونجا و

Scanned with CamScanner

تا مەرزی چل ساڵی شتێکی وای نەبوو بۆ وتن. تاوەکو یەکێك لە ئەنجومەنە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمەی فرانسە بیروڕایەکی خستە ناو زاناکانەوە بۆ ئەوەی شتێك بنووسن دەربارەی ئەوەی کە "داخۆ تازەکردنەوەی سەردەمی زانیاری و ئەدەب و هونەر یارمەتی خەڵك گەیاندووە ؟"

ڕۆسۆ لەم تاقیکردنەوە تێکرایەدا بەشداربوو، یەکەم دەرچوو، گرەوی بردەوە ناوبانگیشی لە تەواوی فرانسەوە و وڵاتەکانی تردا بڵاوبووەوە. ڕۆسۆ لە باوەڕێك دا بوو کە، زانیاری و ئەدەب بە شێوەیەکە رووکەشانە خەڵك دەرازێننەوە بەڵام دەروونیان پێشێل دەکەن، ڕەوشتی مرۆڤ بە هەڵەدا دەبەن بەڵام زەوق و سەلیقەیان پێ دەبەخشن، بەکورتی ڕۆسۆ لە باوەڕێك دا بوو "مرۆڤ دەبێت بە هونەرمەند بەڵام نابێت بە مرۆڤ". بەناوبانگترین نووسراوەکان ڕۆسۆ ئەمانەن:

أ – دان پێدانان

ب – ئەمیل

ج – پەیمانی کۆمەڵایەتی

٢١- زەنوون دیل *Zenondelee* (٤٧٥ پ. ز)

یەکێکە لە فەیلەسووفەکانی یۆنانی کۆن ئەو بیروڕا و تاقی کردنەوەی زۆری هە جووڵانەوە، لەم ڕووەوە دەڵێت: ئەگەر تیرێك بهاوێژیت تۆ بەچاو دەیبینی و ئاسمان دە دایە بەڵام لە ڕاستیدا ئەو تیرە جێگایەکی گۆتوەتەوە و خودی جێگاکردنەوە، واتە وەس وەستاوە و ناجوڵێتەوە.

٢٢- ژان پۆل سارتەر *Sartre .J. P* (١٩٠٥ – ١٩ ز)

زانایێکە فرانسەوییە لە پاریس لەدایك بووە و لە یەکێك لە زانکۆکان دا ڕشتەی فەلسەفەی تەواو کردووە و بوەتە مامۆستا لە هەمان ڕشتەدا.

لەساڵی ١٩٣٦ دا چەند وتارێکی نووسی بیروڕای خۆی تێدا دەرخست، لەم دواییەدا ئەو وتارانە کرانە کتێبێك بەناوی "تصور" و لە ساڵی ١٩٤٣ ز دا شانۆییەکی نووسی بەناوی "مێش" بیروڕای نازیسمی هەتك و پێشێل کرد، بەناوبانگترین نووسینەکانی ئەمانەن:

أ – هەبوون و نەبوون

ب – داوێن پیسی بەڕێز

ج – دیوار

د – بێ ئاگایی

سارتر زۆرتر لایەنگیری بیروڕای فەیلەسووفی بەناوبانگی ئەڵمان (هایدگر) بوو بەم جیاوازییە کە سارتر واقیعێتی زەمانی بەلاوە گرنگ بووە، هێندەش پابەندی ترس نەبووە کە بنەڕەتی فەلسەفەی (هایدگر)ە.

٢٣- سوقرات *Socrates* (٤٦٩ – ٣٩٩ پ. ز)

فەیلەسووفە بەناوبانگی یۆنان و مامۆستای ئەفلاتونە. باوکی ناوی سوفرونیسکس بووە کار و پیشەی سەنگ تراشە بووە و دایکیشی مامانیی کردووە. سوقرات ژیانی خۆی تەرخان کرد بۆ فەلسەفە و بیروڕاکانی فەلسەفە. شەیدای ڕاستەقینە و مایەداری بوو، هەمیشە لەگەڵ دەستە و کۆمەڵی سوفستائییەکان دا لە گیرە و کێشەدا بوو لەبابەت ڕێبازەکانی ژیان و فەلسەفەی ژیانەوە.. لاوان هەروەکو پەپوولەی دەوری چرا هەمیشە

Scanned with CamScanner

لە دەوری دەگەڕان و بە سزای ئەوەی کە ڕێزی ئاین ئەو سەردەمەی لانییە دەرمانی خواردیان کرد و کوشتیان.

ڕەوشتی سوقرات بۆ فێرکردن جۆرێك بوو کە مامۆستا پرسیاری بە شێوەیێك لە قوتابیانی دەکرد قوتابی لە وەڵام دا تووشی دەردەسەرییێکی وا نەدەبوو.

سوقرات لە باوەڕێك دابوو کە: مایەداری (فضیلة) واتە زانین، زانینیش بە باس و لێ دوان بەدەست دێت، بۆیە لە فەلسەفەی سوقرات دا دۆزینەوەی باس و لێکدانەوەی ڕاست گرنگییەکی زۆری پێ دراوە.

دەڵێن سوقرات یەکێك لە شێوەکانی ئەوە بوو گاڵتە و گەپی لە دەمەتەقێ (جەدەل)دا بەکاردەهێنا، لەهەمان کات دا ئەو گاڵتە پێکردنە شێوە و ڕەوشتێك بووە بۆ دەرخستنی بیروڕای هەڵە.

سوقرات هەمیشە دەیگوت: من وەکو دایکم وام، ئەو یاریدەی ساوا و کۆرپەی دەدا بۆ ئەوەی بێنە دنیاوە منیش دەروونی مرۆڤ تا بە چاکی بژین لە دنیادا لەگەڵ زانیاریدا.

زۆرتر سوقرات هەر لە ڕەوشت (أخلاق) دەدوا، لەم ڕووەوە دەیگوت: مرۆڤ هەمیشە بە دوای خۆشبەختیدا وێڵ و سەرگەردانە، جا ئەگەر مرۆڤ حەز و هەوەسەکانی خۆی بتوانێت بخاتە چوارچێوەیەکەوە و لغاوی بکات بێگومان خۆشبەختی ئاسانتر بەدەست دێ.. هەروەها لە باوەڕێك دا بوو کە کردەوەی مرۆڤ بەدەست خۆی نییە ئەگەرهاتوو پەیڕەوی لە بیر و لە ژیری (عقل) کرد بێ دەردەسەر چاکی و باشی بەدەست دەهێنێت.

سوقرات دەربارەی خوا دەڵێت: چۆن لە مرۆڤ دا بیر و ژیری هەیە لە دنیادا دیسان ئاوا هێزێك بە تایبەتی کە دەبینین ئەم دنیایە لەسەر یاسایێ سازاوە هەروا لە خۆیەوە دروست نەبووە.

٢٤- سپەنسر *Spencer* (١٨١٩ – ١٩٠٣ ز)

وازی لە ئەندازیاری هێنا و دەستی کردە ڕۆژنامەنووسی، لە ئەنجام دا ڕووی کردە دنیای فەلسەفە و لە هەمان کات دا بیروڕای (داروین) بڵاوبووەوە تەواوی کات و توانای خۆی تەرخان کرد بۆ ئەوەی قوتابخانەیێکی فەلسەفی وا بهێنێتە کایەوە کە هەوێنەکەی بیروڕاکەی داروین بێت.

سپەنسەر لە باوەڕێك دا بوو کە هەموو گیانلەبەرێك لە سەرەتاوە نارێك و لاسەنگ و خاو بووە کەم کەم لەیەك جیابوونەتەوە، ئاژەڵ پەیدا بووە، مرۆڤە سەرەتاییەکان ئینجا تیرە و کۆمەڵ و نەتەوەکان. بەناوبانگترین نووسینەکانی ئەمانەن:

أ – چۆنیەتی ژیان ناسین

ب – ڕەوانکاری (علم النفس)

٢٥ – سەنیکا *Senepue* (٤ پ. ز – ٦٥ ز)

ئەم فەیلەسووفە مامۆستای نیرۆنی ئیمپراتۆری بەناوبانگی ڕۆما بوو، خەڵکی لە باوڕێك دان کە سەرەتاوە ڕەوشتی جوانی نیرۆن هۆی ڕێنیشان دان و بیروباوەڕی ئەم مامۆستایە بووە، لەپاشان لەسەر فەرمان و داوای نیرۆن ڕەگی دەستی خۆی بڕی و خۆی کوشت.

٢٦ – سیسرۆن *Ciceron*

یەکێك لە گەورە پیاوانی ڕۆما و پەیڕەوی زانیاری ئەکادیمی بوو بەڵام لە ڕەوشت دا پەیڕەوی ڕەواقییەکان بووە، زۆرتر لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دا ژیاوە.

Scanned with CamScanner

٢٧ – **شۆپنهاوەر** *Schopenhauer . A* (١٦٨٨ – ١٨٦٠ ز)

لەشاری دانتزیك لەدایك بووە باوكی بازرگان و دایكی نووسەر بووە بەڵام دایكی خۆشی نەدەویست و لەدواییدا بەجێیهێشت، ئەو خۆش نەویستنە لە بیروڕایدا بە جوانی دەردەكەوت، لەتەمەنی سی ساڵیدا كتێبە بەناوبانگەكەی نووسی بە ناوی (دنیای خۆپیشان دان و توانا) بەڵام لەسەرەتاوە ئەو كتێبە سەرنجی خەڵكی ڕانەكێشا، هەمیشە گۆشەگیر و تەنیا بوو، باوەڕی بە خەڵك زۆر كەم بوو تا مرد ژنی نەهێنا، لەدوا دوایی ژیانی دا بەناوبانگ بوو، دوای مردنی هێندەی تر ناوبانگی دەركرد.

شۆپنهاوەر دەڵێت: هەست و بیر زانیاری پێك دەهێنن بەڵام راستەقینەی هەموو شتێك نین بەڵكو بەشێكن نەك هەموو، چڵێكن لە درەخت، ئەوەی بنەڕەت و هەموو شتە توانا و ویستە (ئیرادە). توانا و ویستیش نەكو تەنیا راستەقینەی مرۆڤە بەتەنیا بەڵكو راستەقینەی تەواوی گێتییە.

٢٨ – **فلوتین** *Plotin* (٢٠٥ – ٢٧٠ پ. ز)

لە بنەڕەت دا خەڵكە ڕۆما بووە، بیروڕای خۆی لە پەنجا و چوار وتاردا نووسیوەتەوە.

٢٩ – **فیختە** *Fichte* (١٧٦٢ – ١٨١٤ ز)

لەیەكێك لە گوندەكانی ئەڵمانیا لەدایك بووە، بە منداڵی قازەوان بوو، لە هەژدە ساڵیدا چووە زانكۆ دوای تەواوكردنی زانكۆ بوو بە مامۆستای تایبەتی ماڵان. بۆ سویسەرە گەشتی كرد، لەگەڵ كچی خوشكەزای (كلوپستك)ی شاعیری بەناوبانگی ئەڵمانی ئاشنا بوو پاشان مارەی كرد، ئەم ژن هێنانە بوو بەهۆی ئەوەی بكەوێتە تەلاقەوە كە لە ڕەشتەیەك دا بەناوبانگ بێت. گەڕایەوە بۆ ئەڵمانیا و پەیوەندییەكی فراوانی لەگەڵ بیروڕا فەلسەفییەكانی كانت دا پەیدا كرد و بوو بە دۆست و برادەری ئەو دانایە. هەر بە پەیڕەوی بیروڕای كانت دەستی كردە نووسینی مەسائلی فەلسەفی (كانت)یش لە ڕووەوە زۆر یاریدەی دا. لەئاكام دا كرا بە مامۆستای زانكۆ لە شاری (ینا) لە ئەڵمانیادا.

ساڵی ١٨١٤ تووشی نەخۆشییەك بوو كە لە نەخۆشەكانی شەڕەوە تووشی هاتبوو، هەر بەو نەخۆشییە لە پەنجا و دوو ساڵیدا مرد. بەناوبانگترین نووسینەكانی ئەمانەن:

أ – مافە خۆرسكەكان

ب – سەرنویشتی مرۆڤ

ج – لێدوان لە زانیاری

٣٠ – **كۆنفۆشیوس** *Confucius* (٥٥١ – ٤٧٩ پ. ز)

یەكێكە لە بەناوبانگترین فەیلەسووف و داناكانی چین، لە چل و حەوت ساڵیدا هاتە مەیدانی ئەدەبەوە و بە ئاسانی توانی بیروباوەڕی خۆی بە میللەتی چین بسەلمێنێت، زانیارییەكانی كۆنفۆشیوس لەسەر پێنج پایە وەستان:

أ – پەیوەندی ژن و پیاو.

ب – پەیوەندی باوك و كوڕ.

ج – پەیوەندی دۆست و گەورەتر.

Scanned with CamScanner

د – پەیوەندی دۆست و بچووکتر.
پەیوەندی برای بچووکتر و برای گەورەتر.
ه – پەیوەندی کرێکار و خاوەن کار.
بەپێی بیروڕای کۆنفۆشیوس لە دنیادا دوو گیان هەیە گیانی سوود بەخش و گیانی زیان دار، سوود بەخش بەناوی (شن) و زیان دار بەناوی (کویی).
تاکو ئێستاش پەیڕەوانی ئەم دانایە لە چوار سەد ملیۆن زۆرترە.

٣١ – **مارکس** *Marx . K . H* (١٨١٨ – ١٨٨٣ ز)

یەکێکە لە زانا بەناوبانگەکانی ئەڵمانیا لە مەیدانی ئابووری و فەلسەفە و سیاسەت دا بەناوبانگترین کتێبە بەناوی (سەرمایە) بووەوە بەلایەنگیری سەرسەختی کرێکاران دەژمێردرێت.

٣٢ – **مالبرانش** *Malebranche* (١٦٣٨ – ١٧١٥ ز)

لەپاریس لەدایك بووە. لەپێش دا بووە بە قەشە، یەکێك بووە لە پەیڕەوانی دیکارت. نووسەرێکی زەبر بەدەست بووە، یەکەمین کتێب کە نووسیویەتی ناوی (بەدوای راستەقینەدا) بووە، ئەم دوو کتێبەش لە کتێبە بەناوبانگەکانی ئەون:

أ – ئەندێشەکانی مەسیحیەت

ب – لێدوان دەربارەی ئەولای سروشت

مالبرانش بیروڕای خۆی زۆرتر لە دیکارتەوە ئیلهامی وەرگرتووە، بەڵام زۆریش عاشقی بیروباوەڕی ئەفلاتۆن بووە، هەتاوەکو بە ئەفلاتۆنی مەسیحی ناونراوە. مالبرانش دەڵێ: هۆی هەرە گەورە گوناح و بەهەڵەدا چوون ئەوەیە کە مرۆڤ گیان (روح) و ژیری (عقل)ی گرفتاری پێویستی و نیازەکانی لەشن و لێرەدا لەش و ئارەزووەکانی لەش بیر و گیان بەهەڵەدا دەبەن.

٣٣ – **مەترلینك** (١٨٦٢ – ١٩٤٩ ز)

نووسەرێکی بەلجیکییە، سەرباری نووسەری بە شانۆیی نووس بەناوبانگە و لایەنگر و سەرامەدی ڕێبازی (سامبولیسم)ە (رەمزییەت) لە ئەدەب دا.

٣٤ – **مۆنسکیۆ** *Montesquieu* (١٦٨٩ – ١٧٥٥ ز)

یەکێکە لە زاناکانی فرانسە و لە بنەماڵەیەکی ناسراو لە شاری (بوردو) لەدایك بووە، لەتەمەنی چل ساڵیدا وازی لە کاربەدەستیی دەوڵەت هێنا و دەستی کردە دنیا گەڕان و نووسین و لێکۆڵینەوە.
نووسینە بەناوبەنگەکانی ئەمانەن:

أ – نامەکانی ئێران

ب – فەلسەفەی مێژوو

ج – هۆی بەرزی و بڵندیی رۆمەکان

بەڵام کتێبی (گیانی یاساکانی)ی مۆنتسکیۆ دوای لێدوانەکانی ئەفلاتۆن و ئەرستۆ بەناوبانگترین کتێبە لەبارەی یاسا و مەرجەکانی یاساوە.

Scanned with CamScanner

مۆنتسکیۆ لە باوەڕێك دا بوو: لەبەر ئەوەی مرۆڤ چارەی نییە دەبێت لەگەڵ دا بژین و پێکەوە تێکڕا لەگەڵ یەك دا بن جا دەبێت پەیوەندییان لەگەڵ یەك دا بەپێی مەرجەکانی یاسا بێت، ئەو یاسانە نووسراو بێت یان مەرج و رەوشتێکی نەتەوایەتی بێت.

٣٥ – **نیتچە** *Nietzche . F.*

فەیلەسووفێکی ئەڵمانییە، لەبنەماڵەیەکی پرۆتستانت لەدایك بووە، لەپێشا باوکی ویستی بیکات بە قەشە بەڵام وازی لە ئاین و دەرسەکانی ئاین هێنا و دەستی کرد بە فێربوونی زمانی یۆنانی و زانیاریی ئەدەبی، دوای ماوەیەك بوو بە مامۆستای زانکۆی شاری (بال).

بەناوبانگترین نووسراوەکانی ئەمانەی خوارەوەن:

أ – زەردەشت وای دەگوت

ب – داخوازیی توانا

شێوەی روون کردنەوەی نیتچە نەختێك سەخت و گرانە، چونکە بە رەوانبێژییەکی شاعیرانە و پارچە پارچە نووسیویەتی. نیتچە لە باوەڕێك دا بوو کە: خۆپەرستی هەقێکی ڕەوایە و بەزەیی بەبێ توانایی کرێت و ناشیرین هاتووەتە بەرچاو. نیتچە لە لاویدا هەمیشە ناساغ بوو، لە دوادوای ژیانیشیدا بۆ ماوە پانزدە ساڵ شێت بوو. زۆر حەزی لە شیعری حافزی شیرازی دەکرد و لە زۆر نووسینەکانی خۆیدا باسی ئەو شاعیرە مەزنەی کردووە.

٣٦ – **ڤۆلتێر** *Voltaire* (١٦٩٤ – ١٧٧٨ ز)

ژان فرانسوا ماری ئاروونە ناوی راستیی ڤۆلتێرە بەڵام ئەو ناوی ڤۆلتێری لەخۆی نا و بەو ناوەوە ناوبانگی دەرکرد. ناوباوی ڤۆلتێر لە سەدەی هەژدەدا لە هەموو کەس لە دنیادا زۆرتر بوو؛ ڤۆلتێری شاعیر، شانۆیی نووس، مێژووزان، داستان نووس و فەیلەسووف. زۆرتر ناوباوەکەی بەبۆنەی چۆنیەتیی وتووێژەوە بوو لەگەڵ بەرامبەرەکەی بە شێوەیێکی تێکەڵ لە گاڵتەپێکردن. دوژمنی هەرە گەورەی کڵێسا و ئاینی مەسیحیەتی بوو. هەر لەیەك کات دا خۆشەویسترین و ناحەزترین نووسەری ئەم سەردەمە بوو. ڤۆلتێر لە باوەڕێك دابوو کە: ئەگەر بە شێوەیێکی وردەکاری سایکۆلۆجییەت بەکاربهێنرێت هەموو شتێك لە مرۆڤ و سروشت دا شیاوی روون کردنەوەیە و تەواوی شاراوەکانی دوور لە ڕاستی و نهێنییەکانی تاریکی و دواکەوتن و دوایی پێ دەهێنرێت.

٣٧ – **هیگڵ** *Heggel* (١٧٧٠ – ١٨٣١ ز)

هاوزەمانی فیختە بوو، لەسی و حەوتساڵیدا یەکەمین بیروڕای فەلسەفیانەی خۆی بڵاوکردەوە، لە زۆر شاری ئەڵمانیا دەرسی وتەوە، لە چل و هەشت ساڵیدا بوو بە مامۆستای زانکۆی بەرلین لە جێگای فیختە.

بەناوبانگترین نووسراوەکانی ئەمانەن:

أ - زانینی نیشانەکانی گیان.

ب – زانستی مەنتیق.

ج – فەلسەفەی حقوق.

بیروڕای هیگڵ وابوو کە رەسەنیی ژیری هەموو شتە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەفسانە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

١ - ئۆروپا *Europe*

کچە شازادەی وڵاتی فینیقییەکان بوو زەیوّس خۆی بردە شێوەی گایەکەوە و لەگەڵیدا دروس بوو، لەبەری ئەو دروس بوونە "مینیوّس" هاتە دنیاوە.

٢ - ئەپۆلۆن *Apollo*

یەکێکە لە خواکانی ئۆلۆمپ کوڕی زەیوّسە، خوای دەرمان و پارمەتی و تۆڵەسەندن و مۆسیقا و هەڵبەست بوە، لە یۆنان دا کە پەیکەری ئەم خوایەیان دەتاشی پەیکەرەکانی لە ئەندازە بەدەر جوان تاشاو و لەش و لاریکی رێك و جوانێکی تا بڵێی جوان و ئێسك سووك و رەزا شیرین دراوەتە قەڵەم، هەرگیزیش لە دەموچاوی دا موو دەرنەدەچوو، هەتا بڵێی بە هێز و توانا بووە، هەمووەدەم تیروکەوان و کوتەکی گاوانی و ئامرازی مۆزیقا (کە چەنگە) پێی بووە، دەشڵێن خۆی ئەم ئامرازە مۆزیقایەی دروست کردووە.

٣ - ئەتریوّس *Atree*

پاشای میسنا بوو کوڕی پلوپس بوو بە کینە و ڕق لە دڵییەکی زۆر بەناوبانگە، شێوەی تۆڵەسەندنەوەکەشی لە براکەی لە ئەفسانەکانی یۆنان دا بەناوبانگە؛ کەوا چۆن دوو کوڕی براکەی خۆی کوشت و گۆشتەکەی ئەوانیشی لە میوانداریییەك دا دەرخواردی باوکیانی دا. بەلام ئەکیستوسی کوڕی بچووکی تیتس تۆڵەی براکانی کردەوە و ئەتریوّسی کوشت.

٤ - ئاتنا *Athena*

خواوەندگاری دانایی (حیکمەت) بوو، هەروەها پاسەوانی شاری (ئەتینا)، هەمیشە کڵاوزەرێکی لەسەردا بوو، قەلغانێکی بەدەستەوە بوو لەگەڵ کەللەسەری میدوسادا. ئاتنا کچی خوای خواکان بوو.

٥- ئەدمتۆس *Admetus*

لە میتۆلۆژیای یۆنان دا خوای شاری (تسالی) بوو. سەردەمێك ئەپۆلۆن خزمەتکاری ئەدمتۆس بووە، ژنەکەی ئەمیان ژیانی خۆی بەخشی تا مێردەکەی بۆ هەتا هەتایێ نەمر بێت. هەرکول "هرقل" توانی ئەو ژنە لە خوای دنیای تاریکی کە "هایەس"ە رەزگار بکات.

٦ - ئاراکنە *Arachne*

کچێك بوو بە جادووی (ئاتنە) بوو بە جڵجاڵۆکە.

Scanned with CamScanner

٧ – ئارتاسوسا *Arethusa*

یەکێکە لەو پەرییانەی کەوا "ئەلفیوسن" عاشقیان بوو، بەڵام ئارتمیس ئەو پەرییەی گۆڕی و کردی بە کانی و ئەلفیوس کە خوای رووبار بوو خۆی گەیاندێ.

٨ – ئارس

لە میتالۆژیای یۆنان دا بە خوای شەڕ بەناوبانگە، کوڕی هیرا و زەیۆس بوو، هەروەها مێردی ئەفرودێت بوو، لە شەڕە بەناوبانگەکەی تەروادەدا لایەنگیری خەڵکی تەروادە بوو.

٩ – ئەرتمیس *Artmis*

یەکێکە لە کەڵە خواکانی ئەفسانەکانی یۆنان، کچە زەیۆس و خوشکی ئەپۆلۆنە، بەخوایراووشکار بەناوبانگ بوو. خۆی و کەنیزەکەکانی هەموو کچ بوون، واتە شوویان نەدەکرد.

١٠ – ئاریان *Arian*

کچی مینۆس وپاسیفە و خوشکی فیدەر Fhedre ، دێوێک دیل ودەست بەسەری کردبوون لەناو ئەشکەوتێك دا، بەیارمەتی (تزە) توانی لەو ئەشکەوتە رزگاری بێت وتزە لە دوورگەی " تاکسۆس" بەرەڵلای کرد.

١١ – ئاریستیۆس *Aristee*

کوڕی ئەپۆلۆن و سیرن، خوای کشتوکاڵ بوو، خەڵکی فێری ڕواندنی دارمێو کرد لەگەڵ بەخێوکردنی مێش هەنگ دا.

١٢ – ئەشیل *Achille*

نموونە دلێری و ئازایی و کوڕی تەتیس و پلە بوو، یەکێکە لە قارەمانانی بەناوبانگی ئەفسانەکانی یۆنان؛ ئەم قارەمانە (روبین تەن) واتا کەس نەکوشتوو بوو تەنیا لە باژنەی پێیەوە نەبێت نەدەمرد. ئەوەبوو تیرێکە ژەهراوی پاژنەی پێی ئەنگاوت و کوژرا.

١٣ – ئاژاکس *Ajix*

ئازایەکی بەناوبانگی شاری تەروادە بوو رۆژێکی تەواو لەگەڵ هیکتۆردا بە یەك دا هاتن و شەڕیان کرد.

دوای کوشتنی ئەشیل، لەسەر شیرەکەی ئەشیل لەگەڵ "ئۆلیس" بەشەرهاتن، بەڵام دەرەقەتی ئۆلیس نەهات و سەرنەکەوت، ئەوجا لە داخا خۆی کوشت.

Scanned with CamScanner

١٤ – ئاژى

یەكێك بوو لە دێوەكان، هەرچی ئاو هەبوو هەڵیلووشی و بەسەر لوتكەی چیایەكەوە دانیشتن.. ئەندرا پەلاماری دا و بەشەڕهاتن، لەئاكام دا بەدەستی ئەندرا كوژرا، هەرچی ئاویش لە زگیدا هەبوو دەریهێنایە دەرەوە.

١٥ – ئاكەلۆوس *Achelous*

خوایەك بوو لە خوایەكانی ڕووباران.

١٦ – ئاگامەمنوون *Agamemnon*

كوڕی ئەترە *Attree* و برای مەنیلاوس *Menelas* بوو كلتینەستری *ClytenNestie* خوشكی (هیلین)ی مارەكرد لەبەر ئەوەیش كە كوڕێكی خۆی (ئیفی ژن) ناوی كردە قوربانیی خوای با لەلایەن ژنەكەیەوە كوژرا.

١٧ – ئەمفیتریون *Amphtryon*

كوڕی ئالسە بوو پاشای تیرنت مێردی ئالكمن. زەیۆس توانی ئالكمن هەڵ خەڵەتێنێت و لەگەڵی دروس ببێ، لەئەنجام دا "هراكلس" هاتە دنیاوە.

١٨ – ئاسترە *Astree*

كچی زەیۆس و تمیس بوو، لەسەردەمی زێڕین دا لەناو پیاوان دا دەژیا، دوایی بەرەو ئاسمان چوو، لەناو ئەستێران دا بوو بە گوڵەگەنمێك لەوێ مایەوە.

١٩ – ئالستیس *Alceste*

ژنی ئادمت و كچی بلیاس بوو، بۆ ڕزگاركردنی مێردەكەی خۆی كردە قوربانیی هراكلس و چووە دۆزەخ تا ڕزگاری بكات.

٢٠ – ئامۆن *Amon*

خوای میسرییەكان بوو، دوای مارەكردنی خوای هەتاو ناوی "ئامۆن ڕاع" ی لەخۆی ناو لەناو شاری (كارناك)دا پەرستگایێكی هەرە گەورەیان بۆ دروست كردبوو.

٢١ – ئانتیگۆن *Antigone*

لە ئەفسانەی یۆنان دا كچەكەی ئۆدیب كە چاوساغی باوكە كوێربووەكەی بوو، لەبەر ئەوەیش پێی فەرمانی "كرێون" لەشی براكەی ئەنێژرا زیندە بە چاڵیان كرد.

Scanned with CamScanner

٢٢ – **ئامەزۆن** *Amazones*

لە ئەفسانەکانی یۆنان دا باسی ئەو کۆمەڵە ژنە دەکرێت کە دانیشتووی قەراغی دەریای ڕەش بوون و لەپێناوی خاك و وڵاتی خۆیان دا ساڵانی دوورودرێژ لەگەڵ یۆنانییەکان دا شەڕیان کردووە.

٢٣ – **ئاندرۆماك** *Andromache*

دایکی ئاستیاناکس و ژنی هیلکتۆر بوو، لە ئێلیازەدا بە نموونەی عیشق و ژن و مێردایەتی ناودەبرێت.

٢٤ – **ئانو بیس** *Anubeas*

لە ئەفسانەی کۆنی میسریدا خوای گۆڕستان و کوری ئوزیریس بووە، شێوەی روخساری لە چەقەڵ دەچوو.

٢٥ – **ئەیۆس** *Eos*

دایکی باو ئەستێران بوو، بە بەرەبەیان ناودەبرا ژنی تیتۆنۆس و خوشکی هلیۆس بوو، هەموو رۆژێك بەرەو دەریاکان بەرێدەکەوت و لە ئاسمانەوە سەری دەردەهێنا.

٢٦ – **ئایوفرۆسین** *Euphrosyne*

یەکێك بوو لە سێ خواکانی بەزەیی.

٢٧ – **ئایومەنیدس** *Eumendies*

یەکێکە لە خواکانی تۆڵەسەندنەوە لە ئەفسانەکانی یۆنان دا، خواکانی تۆڵە لە شێوەی سێ کچی باڵدارادا بوون و پرچ و کەزییان لەباتی موو مار بووە.

٢٨ – **ئەبولهەول** *Abo-Lhawl*

لە ئەفسانەکانی میسریدا ئەبولهەول درندەیەك بووە سەری مرۆڤ و لەشی شێری هەبوو، میسرییە کۆنەکان بۆ رێزلینانی ئەم فریشتەیە لە (جیزە) پەیکەرێکی زەلامیان لە بەرد تاشیوە کە درێژایی ٣٩ مەتر و بەرزییەکەی ١٧ مەترە.

Scanned with CamScanner

٢٩ – ئادۆنیس *Adonis*

یەکێك بوو لە خواکانی فینیقی، بەرازێك برینداری کرد. ئەم خوایە گەلێك جوان خاس بوو، ئافرۆدیت گۆڕیی و کردی بە گوڵاڵەیەك.

٣٠ – ئۆدیب *Oedipe*

کوڕی پاشای تیس بوو کە ناوی لایۆس بووە، دوای لەدایك بوونی ئۆدیب باوکی بردی و خستییە سەر چیای ستیرون، پاشان شوانان ئەم منداڵەیان دۆزییەوە و بردیانە لای پاشای (کرنت)، پاشاش منداڵەکەی گەورە کرد، کە گەورە بوو لە وڵاتی کرنت دەرچوو، لەڕێدا تووشی باوکی خۆی بوو بێ ئەوەی بزانێ کە باوکییەتی کوشتی. پاشان ڕێی دەکەوێتە شارەکەی باوکی و لەبەر ئەوەی پەیمان درابوو هەر کەسێك "ئەسفەتکس"ی کوشتوو بێت دەکرێت بە پاشا. ئەسفەتکسیش لەلایەن ئۆدیبەوە کوژراوە و بۆیە کرا بە شا و شاژنیشی مارەکرد کە دایکی خۆی بوو. دوای ئەوەیلە ڕاستیی گەیشت و مەسەلەکە روون بووەوە، دایکەکە خۆی هەڵواسی و خۆی کوشت و ئۆیبیش هەر دووچاوی خۆی هەڵ کۆڵی و وڵاتەکەشی بەجێهێشت.

ئاردیبیهشت

٣١ – ئاردیبیهشت

فریشتەیەکی ئەفسانەکانی ئێرانە، فریشتەی خاوێنی و پەرستن و پاسای خوای ئاهورەمزدا بوو. لەسەر زەویش ئاگرپارێز بوو.

٣٢ – ئافیۆس *Apphe*

کوڕی ئاگر پاشای تراکیەیە، داستانێکی تر دەڵێ کە گوایا کوڕی ئەپۆلۆن و کلیو بووە. یەکێك بووە لە هەرە مۆزیقازانە بەناوبانگەکان. ئاهەنگەکانی بە ئەندازەیێك دڵگیر و شیرین بوون هەتاوەکو دڕەندەش مات و جادوو لیکراو دەبوون.

لە رۆژی ژن هێنانیدا مارێك "نوربدیس"ی ژنی گەزت و کوشتی. ئەویش بۆ ئەوەی ژنەکەی لە دۆزەخ رزگار بکات بەرەو دۆزەخ کەوتەرێ، بە جادووی ئاواز و ئاهەنگی خۆش خۆشی توانی کاربەدەستانی دۆزەخ رازی بکات و ژنەکەی بدەنەوە بە مەرجێك تا لە دۆزەخ دەردەچێت لانەکاتەوە بنوارێتە ژنەکەی، خەریك بوو لە دۆزەخ دەردەچوو بۆ ئەوەی بزانێت ژنەکەی بە دوایەوەتی یان نا ئاوڕێکی دایەوە، ئەمە بوو بە هۆی بەدی نەهاتنی مەرجەکە و ئەویش سەری تێدا چوو.

ئارۆس

٣٣ – ئارۆس *Eros* یا "کیوپیو"

خوای عیشقی یۆنانییەکانە بەشێوەی لاوێکی باڵدار نیشان دەدا، لە ئەفسانەکانی رۆمان دا بە شێوەی منداڵێکی تیر و کەوان بەدەست.

Scanned with CamScanner

٣٤ – ئۆزیریس *Osiris*

یەکێکە لە خواکانی میسریکۆن پارێزەری مردووانە و مێردی ئیزیس و باوکی هوروس بووە.

٣٥ – ئەژدیها *Dragon*

جانەوەرێکی ئەفسانەیی زۆر زل و زەلامە تەنانەت توانیویەتی هەڵ فرێت و لە زۆر شت تێکەڵ بووە دەست و چرنووکی شێر، کلکی مار، ئاگر لە دەمییەوە دەهاتە دەرێ، ئەم جانەوەرە ئەفسانەییە لە زۆر ئەفسانەکانی میللەتانی کۆن دا هەبووە، هەتاوەکو لای بابلییەکانیش. ئەم جانەوەرە "ئارمی" واتا دروشمی ئیمپراتۆری چین بووە و دەشیان پەرست. هەروەها دروشمی ولاتی وێلزیشە لە دورگەکانی بریتانیا. کوشتنی ئەژدیها لە ئەفسانەکانی دا تەنیا بەدەستی پاڵەوانە بەناوبانگەکان دەکرا و هەموو کەس توانای ئەژدیها کوشتنی نەبوو.

٣٦ – ئیژە *Egee*

کوڕی پاندیون پاشای ئەثینا بوو، لەبەر ئەوەی وای دەزانی کوڕەکەی (تزە) لەلایەن نەرە گەورێکەوە قووت دراوە لەداخا لە دەریایەك دا خۆی خنکاند و ئەو دەریایەش تاکو ئێستا هەر بەناوی ئەوەوە ناونراوە دەریای ئیجە.

٣٧ – ئاژیست *Egisthe*

یەکێك بوو لە خواکانی یۆنان بە داوێن پیسی و هەوەس بازی و مرۆڤ کوژی بەناوبانگ بوو، کوڕی تیستەس و دایکی ناوی پلوپیا بوو.

٣٨ – ئەسیندارمز

فریشتەی نێوان دروست بووەکان و دروست کراوەکانە، نوێنەری ئاهورامزد و نموونەی سەبر و سازگارییە.

ئەسیندارمز

٣٩- ئەسفندیار

یەکێکە لە پاڵەوانە ئەفسانەییکانی ئێران، کوڕی گشتاسپی پاشای کیانییە، بەدەستی زەردەشت روبین تەن کرا کە کەس ناتوانێت بیکوژێت. بەلام خاڵی لاوازی بەدەنی هەر دوو چاوەکانی بوو. ئەوەبوو رۆستەم تیرێکی دووفلیقانەی هاوێشتە هەر دووچاوی و کوشتی.

Scanned with CamScanner

٤٠ – ئەسکلیپیۆس

کوڕی ئەپۆلۆن و خوای پزیشکیی یۆنانییەکان بووە، هەتاوەکو مردووشی زیندوو دەکردەوە، لەبەر ئەوەی مردوویێکی زۆری زیندووکردەوە "هادس"ی خوای دۆزەخ لای زەیۆسی خوای خوایان سکاڵای لەدەست کرد. زەیۆس گەلێك لە کرداری ئەسکلیپیۆس تووڕە بوو، بۆیە بە هەورە تریشقە کوشتی.

٤١ – ئشتاد

فریشتەیێکی مێگینە بووە لە دینی زەردەشت دا.

٤٢ – ئەتلەس *Atlas*

کوڕی کلیمن و ژاپە بوو، سێ کوڕی هەبووە بەناوی هیادس، پلیادس و هسپرید. قارەمانێکی ئێجگار بە توانا و زەلام بوو لەگەڵ زەیۆس دا بەشەڕهات و زۆری لیکرا کە دنیا بە کۆڵەوە بگرێت.

٤٣ – ئەکۆ *Echo*

پەرییەك بوو هیرای ژنی زەیۆسی سەرگەرم دەکرد تا لە عیشقبازییەکانی زەیۆس بێ ئاگای بکات.

٤٤ – ئایریس *Iris*

خواوەنــدی هەســوونە زەرینــە (پەلکــە زێڕینــە) و پــەیك و نامەبــەری خواکــان و چــارەکەری گیــانی دۆزەخییان بوو.

٤٥ – ئایندرا *Indra*

خوای ئاسمان و تۆفان و لێمشت.

٤٦ – بەعل *Baal*

خوای میللەت سامییەکان بوو بەتایبەتی لە وڵاتی سووریا و فەلەستین دا بە (بعل فغو) یان (بعل زیوب) بەناوبانگ بوود، بۆ ستایشی ئەم خوایە هەمیشە مرۆڤیان بۆ کردۆتە قوربانی.

٤٧ – بلەروفۆن *Pellerophon*

کوڕی یوزیدوونە، یەکێکە لە قارەمانانی ئەفسانکانی یۆنان، بە ناچاری براکەی خۆی کوشت و پەنای بردە بەر شازادەیێك.. ژنی ئەم شازادەیە بوختانی بۆ هەڵبەست ئەویش وڵاتی بەجێهێشت.

٤٨ – باکانت *Bacchantes*

لە ئەفسانەکانی یۆنان دا بەو ژنانە دەڵێن وا خەریکی پەرستنی باکووس بوون، شێوەی پەرستنەکەشیان هەمیشە تێکەڵ بە رابواردن و مۆزیقا بووە.

Scanned with CamScanner

پرسیەیووس .

٤٩ – باکووس *Bacchus*

خوای خواردنەوە و شەراب و ئاووس بوون.

٥٠ – بەس *Bes*

یەکێکە لە خواکانی میسری کۆن، پارێزەری سەما و مۆزیقا و رابواردن بوو، کوڵە باڵا و پان و پۆڕ بووە.

٥١ – پرسەیووس *Perseus*

کوڕی (زەیۆس)ە، پاشای ئەرگوس لەوە دەترسا کە پرسەیووس گەورەبێت بیکوژێت، چونکە فاڵ گیرەوەکان وایان پێ گوتبوو، بۆیە پرسەیووسی خستە ناو سندووقێکەوە و بە دەریای دادا، پاشای دورگەی سریفۆس رزگاری کرد و بەخێوی کرد، دوای ماوەیێك داوایان لە پرسەیووس کرد دەبێت میدۆسا بکوژێت و سەر بهێنێتەوە، ئەویش توانی میدۆسا بکوژێت و سەری ببڕێت.

٥٢ – پروزوپین *Proserpine*

شاژنی خوای دۆزەخ بووە لە ئەفسانەکەی یۆنان دا.

٥٣ – پرۆمیثوس *Promethees*

یەکێکە لە قارەمانەکانی یۆنانی کۆن، لەبەرئەوەی دەسکێ گڕەناگری لە مەڵبەندی خواکان دا دزی و دایە مرۆڤان و چۆنییەتی کەڵك لێ وەرگرتنی فێرکردن، زەیۆسی خوای خوایان لە تاوانی ئەم کارەدا لە کەژێکی بەرزی وڵاتی قەفقازیادا بە زنجیر بەستییەوە و فەرمانی دا هەموو رۆژێك هەڵۆیەك جەگری دەربهێنێت و بیخوات، بەشەو دووبارە جەرگی دەهاتە جێی خۆی. ئەم ئێش و ئازارە هەروا بەردەوام بوو تا لەدواییدا پرومیتوس رزگاری بوو.

لە ئەدەبیاتی دنیادا پرومیتوس بە دۆست و لایەنگیری مرۆڤ ناسراوە و بەرهەمێکی زۆر بەناوی ئەوەوە ناونراوە، ناودارانی وەکو ئاشیل، گوتە، بایرون، شیللی، ریلیپف و پیتهۆڤن بەرهەمیان بەناوی ئەوە ناوناوە.

٥٤ – پلوتۆن *Pluton*

لای رۆمانەکان خوای دۆزەخ بووە، بەلای یۆنانەکانیشەوە (هادس)ی ناوبووە.

٥٥ – پۆزەئیدۆن *Poseidon*

کوڕی کرونوس و رئا بوو خوای دەریا و ئۆقیانووسان.

٥٦ – دان *Dan*

ناوی پاشا ئەفسانەییکانی دانیمارك و بە باپیرە گەورەی تەواوی میللەتی دانیمارك دەژمێردرێت.

Scanned with CamScanner

٥٧ – دانائوس *Danaus*

له ئەفسانەکانی یۆنان دا دانائوس له پێشا پاشای میسر بووه، دوایی بووه بـه پاشـای ئـەرگوس. ئـەم زاتـه پەنجا کچی هەبووه، براکەشی پەنجا کوڕی هەبووه هەر پەنجا کچەکەی دا بە برازاکانی بەڵام کچەکانی هـان دا مێردەکانی خۆیان بکوژن. هەموویان بە گوێی باوکیان کرد تەنیا کچێکیان نـەبێت بـەناوی "هوپرمنـستر" کـه کێردەکـەی خـۆی نەکوشـت و لـه ئـەنجام دا هـەر ئـەو تـەنیا زاوا تـوانی تۆڵـەی چلونۆ براکـەی لـه خـەزووری بکاتەوه و بیکوژێت.

٥٨ – دیانا *Diana*

خوایێکه لـه خواکانی میتولۆژیـای رۆمـەکان، کچی ژۆپیتێـره دایکی نـاوی (لاتـون)ه، خوای مانگ و دار و درەخت و ئاژەڵ بووه، رۆمانەکان بە نیشانەی کچێکی شوونەکردووەوه ناسیویانه، بۆ ئەم مەبەستەش لەشاری رۆما پەرستگایان بۆ کردووه.

٥٩ – دیۆمیدس *Diomedes*

پاشای تراکیه بووه، بەدڵ رەق و خوێن رێژ بەناوبانگ بـووه، ئەسپەکانی خـۆی فێـری خـواردنی گۆشـتی مـرۆڤ کردبـوو هـەر بـه گۆشـتی مـرۆڤ بـەخێویانی دەکـرد. دیۆمیدس بە دەستی هەرکول "هرقل" کوژرا.

٦٠ – رۆستەم

گەورەترین پاڵەوانی ئەفسانەی ئێران کوڕی زاڵ و رودابـه بـووه، دەورانـی ژیـانی لە سەردەمی مەنوچهرەوه دەست پێ دەکات تا دەورانی بەهمـەن، دێوەسـپیی کوشـت و کەیکاوسـی رزگـار کـرد.. ئەفـسانەکانی (شـانامه) دەربـارەی ئـەم پاڵەوانـه دەڵێـت: دە دایەن شیری دەدایه کە ساوا بوو. کە گەورەش بوو کاتێك بـەرێوە دەرۆیـشت هـەر دوو پێی بە زەوی دا چەقی، بە ئەندازەی دە کەس نانی دەخـوارد، ئەسـپەکەی (رەخـش)ی ناوبوو ئەسفەندیار و سوهرابی کـوڕی بـە دەسـتی خـۆی کـوژران، لەلایـەن براکەیـەوه (شغاد) بە فێڵ کەوتە ناو چاڵێکی پڕ لە نیزەی دا چێنراوی ناوچاڵەکە.

٦١ – زەیۆس *Zeus*

لە ئاینی یۆنانی کۆن دا خوای خواکانە و کوڕی کرونوس و (رئا)یـه مێـردی هێرای خوشکی خـۆی بـووه. بروسکە و هـەورە تریـشقە و بـارانی لـەژێر فـەرمان دا بـووه، زەیـۆس نزیکـەی حـەوت سـەد نـاوی هـەبووه و ئەفرودێت، ئارتمیس، هێرمس کچ و کوڕی ئەون.

٦٢ – زالی کوفە

ئەو پیرەژنەیە کـه دەڵـێن تۆفـانی نـووح سـەرەتا لـەناو تەنوورەکـەی ئـەوەوه دەستی پێ کردووه.

٦٣ – ژۆپیتر *Jupiter*

کوڕی سـاتورن و (رئـا) بـووه لـه میتۆلۆژیـای رۆمانـەکان دا لـه ئەفـسانەکانی یۆنانیش دا یەکێك بووه وەك زەیۆس.

Scanned with CamScanner

٦٤ – ژونوو *Junon*

خوای رووناکی و ئاسمان و ژن و مێردایەتی بووە لە ئەفسانەکانی رۆمانـەکان دا، ژنـی ژۆپـیتر لـە هەمان کاتیشدا خوشکی بووە، بێ گومان لە ئەفسانەکانی رۆمان دا ژونوو وەکو هیرای یۆنان وا بووە.

٦٥ – ساتی *Sati*

فریشتەیەکە هیندییەکان باوەڕیان پێی هەبووە و مێردی (شیوا) بووە. لەبەر ئەوەی باوکی شیوا بە کەم ڕێزی و چاوی سووك لە سـاتی دەنواڕی خۆی سووتاند.

٦٦ – ساتیر *Satyre*

خوایێکی یۆنانە، بە دڵ ڕەق بەناوبانگ بووە، هەمیشە خەریکی نەی لێدان بووە.

٦٧ – ساردا ناپال *Sardanapale*

بەپێی ئەفسانەکانی یۆنان پاشای ئاشوور بووە و زۆر حەزی لە رابواردن کردووە، مادەکان دەوری شارەکە دەگرن و لەناکام دا کۆشك و تالارەکەی خۆی دەسووتێنێت.

٦٨ – سامسۆن *Samson*

پاڵەوانێکی مێژووی کۆن بووە، زۆر بە هێز و توانا بووە تەواوی هێـز و توانـای لـە پـرچ و قژیـدا بووە.. ژنێك بەناوی دەلیلە لەخەودا پرچی هەڵپاچی، ئنجا لایەن دوژمنانییەوە بەردەست کرا.

٦٩ – سراپیس *Sarapis*

یەکێکە لە خواکانی میسری کۆن، پەرستگایێکی گەلێك مەزنی بۆ دروست کراوە.

٧٠ – شیڤا *Civa*

خوایەکە لە خواکانی هیندستان، نیشانەی رووخانـدن و هـەر لـەو دەمـیش دا وەچـەنانەوە و زاتـە. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هیندییەکان لە باوەڕێك دا بوون کە دروست کردن و تێك دان شان بە شانی یەك هاتوون و دەچن، گونـاحی لـەدایك بـوون دەبـێ بـە مـردن وەڵام بدرێتـەوە، لەهـەمان کـات دا لـە دایـك بـوونێکی تر ناکامییەکە بۆ مردن، ئیتر هەر بەم جۆرە وەکو تەرازوویەکی دەق بەدەق وەهایە. شیڤا پەرستن لە هیندستان دا ئاینێکی گەلێك کۆنە و تا ئێستاش پەیڕەوانێکی زۆریشی هەن.

٧١ – زوحاك "ئاژی دهاك"

پاشایەکی ئەفسانەییە دوای جەمشید لە ئێران دا فـەرمانڕەوایی کـرد کـوڕی (مـرداس) بـوو، ئەهریمەن خـۆی گـۆڕی و لـە ڕواڵـەتی گـەنجێك دا بـوو بـە چێـشت کـەری زوحـاك، وردە وردە فێـری گۆشـتی هـەموو چوارپێیەکی کرد، کەم کەم خووری درندەیی و خوێن ڕێژی لە بیر و دەروونیدا بەهێزکرد. ڕۆژێك ئەهریمەن هەردوو شانی زوحاك ماچ کرد و گوم کرد دەست بە جێ دوو مار لەسـەر هـەردوو شـانی زوحـاك پەیدابوون. هەرچی پزیـشك هـەبوو نـەیانتوانی دەردەکـەی دەرمـان بکـەن تـا دیـسان شـەیتان خـۆی خـستەوە بـەرگی

Scanned with CamScanner

پزیشکێکەوە و هاتەوە بۆ لای و ڕایگەیاند تەنیا چارەی ئەو ئەوەیە هەموو ڕۆژێك دەبێت مێشکی دوو لاو بدرێتە ئەو مارانە.. ئەم جۆرە تیمارکردنە بوو بە هۆی زوڵم و زۆرێکی زۆر لەناو گەڵ دا، لە دوایيدا زوحاك كوژرا و گەل ڕزگار بوو.

٧٢ – عوززا

یەکێك لە دوو پتە بەناوبانگەکەی هۆزی قورەیش بووە.

٧٣- لات

یەکێك لە دوو پتە بەناوبانگەکەی هۆزی قورەیش بووە.

٧٤ – مێرکور *Marcure*

کوڕی ژۆپیترە و خوای گەڕان و بازرگانی و ڕەوانبێژی و قسەپاراوی و ئارامی گیانی مردووان بووە، لەلایەن زەیۆسەوە بەناونیشانی پەیك هەڵبژێردراوە، لایەنگیر و پارێزەری وەرزش کاران بووە و لە دەرگای شوێن وەرزش دا "ئۆلیپیاد" بۆ ڕێزی ئەو پەیکەرێکی گەورە و زەلامیان بۆ دروست کردبوو، شێوە و ڕوخسارێکی جوانکیلە لەگەڵ بەدەنێکی ڕێك و پێك و هاوسەنگی هەبوو، دوو پێڵاوی باڵداریشی لەپێدا بووە و تێڵایەکی باڵداریشی بە دەستەوە بووە کە دوو ماری پێدا ئاڵاوە.

٧٥ – ڤینۆس "ئەفرۆدیت" *Venus*

خوای دڵداری و جوانی و نموونەی ڕێکی و هاوسەنگیی لەش و لار و بەدەنی ژنانە، پەیکەرێکی ئەم خوایە دۆزرایەوە کە چەند سەدە پێش زایین لە بەرد دروست کرابوو ئێستاش ئەو پەیکەرە لە مۆزەخانەی لۆڤەرە لە فەرانسە.

٧٦ – ڤولگان *Vulcan*

خوای ئاگر و مێردی ئەفرۆدیت بووە، لەهەمان کاتیش دا کوڕی زەیۆس و هیرا بووە.. خوایەکی ناشرین و شەل بووە. کاتێکی هاتە دنیاوە دایکی زۆری لاناخۆش بوو کە ئەوەندە ناشرینە بۆیە فڕێیدایە ناو دەریا تا بخنکێت بەڵام پەرییەکانی دەریا ڕزگاریان کرد. هەر لەو کاتیش دا ڤولگان خوای ئاسن و مس و برونز بوو هەمیشە خەریکی ئاگر و ئاسنگەری بوو، لەم ڕووەوە هونەرمەنێکی شایان بوو.

Scanned with CamScanner

٧٧ – هێرا *Hera*

شاژنی ئاسمان خوای ژنانی گێتی و ژن هێنان و ژن و مێردی بووە، هەروەها پارێزەری بێوەژنان بووە.. هەمیشە کراسێکی شۆڕی لەبەردەکرد و تاجێکی گەوهەرداری لەنەخشی توێڵی دادەنا و داردەستێکی مرواری ڕێژی بەدەستەوە بووە گۆپکەکەی چۆلەکەیێکی بەسەرەوە بوو کە لە جەواهیر دروست کرابوو.

٧٨ – هەرکول *Heracles*

ئەم پاڵەوانە بەناوبانگە لە هەر دوو میتۆلۆژیای یۆنان و رۆمان دا هەیە. لای یۆنانەکان ناوی "هێراکلیس"ە ولای رۆمانەکان "هەرکولە"، ئەم قارەمانە لەهەر دوو ئەفسانەدا گەلێك بەناوبانگە و قارەمانێتییە بەو دوانزدە کردەوە ناسراوە:

- سەربڕینی شێری نیمە *Neeme*
- سەربڕینی ماری حەوت سەر *Cerynie*
- کوشتنی بەرازی ئاریمانت *Erymanthe*
- کوشت و بڕینی باڵدارەکانی ستیمفال *Stymphale*
- پاك کردنەوەی گەوڕ (پشتیر)ەکانی ئووگیاس *Augias*
- گرتنی ئاسکی سرینی *Cerynie*
- گرتنی گا و وەحشی مینۆس *Minos*
- سەربڕینی ئەسپی دیۆمە *Diomede*
- بەدەس هێنانی پشتێنی ئامازۆن هیپۆلیت *Amazone-Hyppilyte*
- سەربڕینی کریۆن *Ceryon*
- سێوکردنەوە لە باغی هسپرید *Hesperides*
- سەفەر بۆ دۆزەخ

٧٩ – هیلین *Helen*

ژنی منیلاوسی پاشای شاری ئەسپارتە بووە، بووە هۆی هەڵگیرساندنی ئاگری کوشتاری درێژخایەنی ترواده، زۆر کەس حەزی لێ دەکرد بەڵام ئەو مێردەکەی خۆی خۆش دەویست کوڕی پاشای ترواده ڕێی کەوتە دەربارەی تەلاری پاشای ئەسپارتە و هیلین دڵدار و عاشقی بوو ڕەدووی کەوت و هەڕای کرد، چوونەوە شاری ترواده منیلاوس داوای یاریدەی لە پاڵەوانەکانی یۆنان و نیوە خواکان کرد. ئەوجا بە پشتگیری ئەوان پەلاماری شاری ترواده‌ی دا و بە درێژایی دە ساڵ شەڕ بەردەوام بوو، تا دوای دە ساڵ بە فێڵ توانییان لە دەرکەی ترواده بچنە ژووری و دەرگاکانی شار بکەنەوە و شار بگرن و بەسەر یەك دا بڕووخێنن، پاشان (هیلین)یان لەگەڵ خۆ بردەوە.

Scanned with CamScanner

ئابووری

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئابووری چییە؟

ئابووری ڕشتەیێکی زانیاریی کۆمەڵایەتییە، بەپێی یاسا و پێوەندییەکی ئابووری خەڵکی لەگەڵ یەك دا سەودا دەکەن بە پێی کات و شوێن لە پێناوی بەختیاریی تاکەکەس و کۆمەڵ دا.

قوتابخانە ئابوورییەکان

١- ڕێبازی سەربەستیی ئابووری:

بیرورا لەسەر ئەوەیە کە دەوڵەت و دەزگاکانی دەوڵەت بەهیچ جۆر دەست لە کاروباری ئابووری وەرنەدەن، چونکە ئەم قوتابخانەیە لە باوەڕێك دایە کە سوودی تاکەکەسی خۆی و داهێنانی چاکترین هاندەرە بۆ پێش کەوتنی ئابووریی وڵات. دانا ناسراوەکانی ئەم ڕێبازەش ئەمانەن: مارشال، سینیرو، پولیت، ماك کولیچ. لەم ڕووەوە ئادەم سمیث لە هەموویان بەناوبانگترە کە دەڵێ: بەرژەوەند و سوودی ئەو کەسە هاندەری جووڵانەوەی ئابوورییە، سەربەستیی ئابووریش لە هەموو یاسا و بڕیارێك چاکترە چونکە ئەو سەربەستییە سوودی کۆمەڵیش جێبەجێ دەکات.

٢- ئابووریی نگاران:

(مۆر) زانای ئابووری زانی ئەو قوتابخانەیە، ئەم قوتابخانەیە لەباوەڕێك دایە ئابووری دەبێت بەپێی لێکدانەوەیێکی بیرکاری (ریاضیات) لێك بدرێتەوە.

٣- ئابووریی نەتوایەتی:

لەم قوتابخانەدا ئابووری لە ڕوانگەیەکی نەتەوایەتییەوە لێك دەدرێتەوە بۆ پێگەیشتنی پیشەسازی. دانەری ئەم بیروڕایە "لیست"ی زانای ئەڵمانییە کە کتێبێکی لەم ڕووەوە نووسیوە، ناوی "ڕێبازی ئابووریی نەتەوایەتی"یە.

٤- دابەش کردنەکان

ئادەم سمیث لە باوەڕێك دایە کاروبار ئەگەر جوان دابەش بکرێت بەسەر ئیش کەران دا (واتا نان بۆ نانەوا و گۆشت بۆ قەساب) بێگومان بەرهەم گەلێك زۆرتر دەبێت. سمیث بۆ نموونە دەبێژێ: دە کرێکار دەتوانن لە کارگەیێکی دروست کردنی دەرزی دلیوان دا بەرهەم لە دوو سەد دانەوە بگەیننە ٤٨٠٠ دانە، ئەو لە باوەڕێك دابوو زانین و چالاکی و کات بەفیڕۆ نەدات بڕبڕاگەی بەرهەم دانە.

٥- سەوداگەری

لەم قوتابخانەیە بیرورا لەسەر ئەوەیە سەرمایەی ڕاستەقینە واتە گلێر و گردکردنەوەی زێڕو زیوو شتی گران بایی، لە دوادوایی سەدەی پانزدەدا وڵاتانی وەکو ئیسپانیا و فرانسە و ئینگلتەرە نەیان هێشت زێڕ و زیو و شتی بایبدار لە وڵاتەکەی خۆیان بچێتە دەرەوە و لە ڕێگای پیشەسازی و دەریاوانی و بازرگانییەوە کەوتنە گردکردنەوەی زێڕ و زیو.

Scanned with CamScanner

٦- سوسیالیسم:

لەم قوتابخانەیەدا جیاوازیی چینایەتی پەسند ناکرێت و ئابووری دەبێت بەپێی دادپەروەرییەکی کۆمەڵایەتی بێت، کەسایەتیی کۆمەڵایەتی لەگەڵ کەسایەتیی کەس دا جیاوازە و سوودی تێکڕایی لە سوودی تاکە کەس گرنگترە. ئەم قوتابخانەیەش سێ بەشە:

أ – سۆسیالیسمی دەوڵەت
ب – سۆسیالیسمی زەوی و زار
ج – سۆسیالیسمی زانستی

أ – سۆسیالیسمی دەوڵەت:

ئـەم قوتابخانەیـە بـیروڕای لەسـەر ئەوەیـە کـە ئـابووری بەشـێوەیێکی تێکڕایـی دەبێت لەژێر سەرپەرستی دەوڵەت دا بێت. فردیناند لاسال و رۆبەرت توس دوو زانای بەناوبانگی ئەم قوتابخانەیەن.

ب – سۆسیالیسمی زەوی و زار:

جان ستیوارت میل بیروڕای لەسەر ئەوەبوو کە دەست بەسەر بەرهەمەکانی زەوی و زار بکێشرێت لە پێناوی کۆمەڵ و تێکڕای خەڵك دا. زۆر لە چاوساغی ئەم قوتابخانەیـە ڕایـان لەسـەر دابـەش کردنی زەوی و زارە.

ج – سۆسیالیسمی زانستی (مارکسیزم):

دانەر و داهێنەری ئەم قوتابخانەیە کارل مارکس خاوەن کتێبی بەناوبانگ "سەرمایە"یە. مارکس لە باوەڕێك دا بوو: ڕژێمی سـەرمایەداری دەبێتـە هـۆی لەناوچوونی چـینی ناوەڕاست و چینی کرێکار لەکاتێك دا ئەگەر سەرمایە بەدەست چەند کەسێکەوە بسوورێتەوە و بچەرخێت، بێ گومـان ڕەوشتێکی ئابووریی وەها دەبێتە هۆی شێرازە تێـك چـوون و بـەرەڵلای ئـابووری و لـە ئاکـام دا شۆڕشـی کرێکاران دێتە کایەوە.

٧- فیزیۆکرات:

دانــەری ئــەم قوتابخانەیــە دکتــۆر کنــە بــوو، لــەم ڕووەوە کتێبێکــی بــەناوی "دێـراوی ئـابووری" نووســیوە، فیزیۆکراتــەکان لــەباوەڕێك دان کــە زەوی چــاوگەی بنــەڕەتی ســەرمایەیە و جوتیـاریش سەرمایەسازە. دەبێ ئەوەش بزانین کە پیادەکردنی بیروڕای ئەم قوتابخانەیان خستۆتە چوارچێوەیێکی ئاینییەوە.

٨- کۆمەڵەی کلاسیك:

دانەر و داهێنەری ئەم قوتابخانەیە ئادەم سمیثە لەم ڕووەوە کتێبێکی بـەناوی (سامانی نەتەوان) نووسیوە کە تێیدا دەبێژێت:

کاروباری ئابووری نابێت بچووکترین پێوەندی بە ئاینەوە هەبێت چونکە زۆر لـە یەکەوە دوورن. هەروەها لە باوەڕێك دایە کە یاساکانی ئابووری وەکو یاسا نەگۆڕاوەکان سروشت ناگۆڕێن و گشتین.

Scanned with CamScanner

٩- یاریدە خوازان

دانــەری ئــەم قوتابخانەیــە (سـیموندی) ناوێــك بــوو کتێبێکــی لــەم ڕووەوە نووســیوە بــەناوی (بنچینەکانی زانستی ئابووری) کـە تێیـدا دەڵێ: بـۆ پاراسـتنی مـان و حەسـانەوەی کرێکـاران پێویـستە دەوڵەت چاودێری چینی کرێکار بکات و ئاگای لییان بێت.

١٠- قوتابخانەی مێژوو:

دانەری ئەم بیروڕایە زانایێکی ئەڵمانیاییە بە ناوی (روش) کە دەڵێ: پێویستە ئـابووری زانـان بـۆ دۆزینەوەی یاسا پەسندەکان ئابووری لە رابردوو ڕووداوەکانی مێژوو کەڵك وەربگرن.

١١- قوتابخانەی بیرکاریانەی ئابووری:

(کورنوی) ئابووری زانی بەناوبانگ فەڕانسەیی لە باوەڕێك دایە کە زانیاریی ئابووری واتا زانیـاریی ئاڵوگۆر و گۆڕینەوە لەم ڕووەوە بـەپێی سوود وەرگـرتن لـە باسـەکانی بیرکـاری (ریاضـیات) چۆنیەتیی ئاڵوگۆڕ و گۆڕینەوەی روون کردۆتەوە.

Scanned with CamScanner

بازاره بنەڕەتییەکانی جیهان

١ ـ بازاڕی ئاوریشم :

شار	وڵات
شانگهای	چین
کانتون	چین
لیۆن	فرانسە
جینوا	ئیتالیا

٢ ـ بازاڕی خوری:

شار	وڵات
سدنی	ئوسترالیا
ملبۆرن	ئوسترالیا
ئاوکلاند	زیلاندی نوێ
ولنکتۆن	زیلاندی نوێ

٣ـ بازاڕی لۆکە :

شار	وڵات
ئورلیانی نوێ	ئەمریکا
بۆمبای	هیندستان
ئەسکەندەرییە	میسر

٤ـ بازاڕی تووتن :

شار	وڵات
ئەمەریکا	لویزوفیل
سویل	ئیسپانیا
تولۆز	فرانسە
ئەزمیر	تورکیا
سامسۆن	تورکیا
ئەسکەندەرییە	میسر

٥ـ بازاڕی چای :

شار	وڵات
کلکتا	هیندستان
کولبۆ	سیلان
هنگ کۆنگ	هنگ کۆنگ
کانتون	چین
شانگهای	چین

Scanned with CamScanner

٦- بازاڕی دار و تەختە

شار	وڵات
ئوتاوا	کەنەدا
بیرگن	نەرویج
ریگا	لیتوانیا
ئەرخانگل	یەکیەتیی سۆڤیەت
رانگۆن	بورما
پێرث	ئوستڕالیا

٧- بازاڕی خەڵە

شار	وڵات
فینی پك	کەنەدا
شیکاگۆ	ئەمریکا
بوخالو	ئەمریکا
نیویۆرك	ئەمریکا
مونرال	کەنەدا
فیلادلفیا	ئەمریکا
پۆستون	ئەمریکا
پالتیمور	ئەمریکا
ئادسا	یەکیەتیی سۆڤیەت
ملبۆن	ئوستڕالیا
کراچی	پاکستان

٨- بازاڕی شەکر:

شار	وڵات
هامبورگ	ئەڵمانیا
ئانور	بەلچیکا
جۆرج تاون	گویانا
باتاویا	جاوە
ئەسکەندەرییە	میسر

٩- بازاڕی قاوە

شار	وڵات
ریدوجانیرۆ	برازیل
مدەرەسی	هیندستان
باتاوە	جاوە
صەنعا	یەمەن

Scanned with CamScanner

١٠ـ بازاڕی گۆشت

شار	وڵات
سدنی	ئوسترالیا
ملبۆرن	ئوسترالیا
نیویۆك	ئەمریکا

١١ـ بازاڕی ماسی

تەواوی بەندەرگاکانی دەریای (باکوور) و قەراغەکانی وڵاتی ئەمریکا.

١٢ـ بازاڕی نەوت:

شار	وڵات
نیویۆرك	ئەمریکا
فیلادلفیا	ئەمریکا
پوستۆن	ئەمریکا
پالتیمور	ئەمریکا
باکو	ئەذەربێجان
دانکون	بورما
بەندەرگاکانی	مەکسیك

١٣ـ بازاڕی ئەڵماسە نەتاشراو: کیمپرلی

بازاڕی ئەڵماسی تاشراو: ئەمستردام

Scanned with CamScanner

ئابووری زانانی بەناوبانگ

١ـ ئارهارد *Erhard*

لەساڵی ١٨٩٧ لەشاری فۆرت نزیکی نۆرمبۆرگی ئەڵمانیا لەدایك بووە، کوڕی پیاوێکی جوتیار بووە، لەسەرەتاوە دەستی دایە بازرگانیی قوماش وتێیدا سەرکەوت، لە بیست ساڵیدا لە شەڕی یەکەمی جیهان دا بریندار کرا و گەڕایەوە و چووە زانکۆی فرانکفۆرتەوە، لەبەشی ئابووریدا باوڕنامەی دکتۆریی وەرگرت.

دوای دەست پێکردنی شەڕی دووەمی جیهان نازییەکان زۆر هەوڵیان لەگەڵ دا بۆ ئەوەی بەلای خۆیانەوە بیچەرخێنن بەڵام بێسوود بوو.. دوای دەرکردنی ئەڵمان لەشاری ستالینگراد ئارهاد بۆی دەرکەوت تەمەنی دام و دەزگای هیتلەر هێندە ناخەیەنێت و کورتە.. جا کەوتە نووسین و تێکۆشان بۆ چارەسەرکردنی ئابووریی ئەڵمانیای دوای شەڕ و لە تەقەلاکەیدا دا سەرکەوت و بوو بە دانەری دامەزراندنی پایە و بنەڕەتی ئابووریی ئێستای ئەڵمانیا.

٢ـ نیستیورات میل (١٨٠٦ – ١٨٧٣ز) *Stuart Mill*

لەباوەڕێك دابوو کە بۆ ئاسایش و بەختیاریی مرۆڤ دەبێت بەرهەم بە شێوەیێکی پڕ لە داد بەش بکرێن.

٣ـ ئۆین (١٧٧١ –١٨٥٨ ز) *Owen*

کوڕە جوتیارێکی خەڵکی وڵاتی ئینگلتەرە بووە، زۆرترین بەشی ژیانی ئیشی بۆ سەرمایەدارەکان کردووە توانی تا ئەندازەیێکی زۆر چۆنییەتی ئابووریی وڵاتەکەی بگۆڕێت بە پێی ئەو بیروڕایانەی کە دەری دەخست.

٤ـ باستیا (فردیك) (١٨٠١ – ١٨٥٠) *Bistia*

یەکێکە لەزاناکانی وڵاتی فەڕانسا، نووسراوە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

أ – بەندوباوی ئابووری شێوەکان

ب – هاو ئاهەنگیی ئابووری

باستیا دەڵێ: ئابووری دەبێت بەتەواوی سەربەخۆ بێت و هیچ جۆرە چوارچێوەیێکی بۆ دروست نەکرێت.

٥ـ بلان (١٨١١ – ١٨٨٢ ز) *Blan*

لەباوەڕێك دابوو کە: هەر کەسێك دەبێت بە پێی توانا و هۆش و چالاکی و بە ئەندازەی نیاز پێی بدرێت.

٦ـ بودن (جان) *Bodin*

زانایێکی فەڕانساییە (١٥٣٠ – ١٥٩٦ ز)

Scanned with CamScanner

٧- پارتۆ (١٨٤٨ –١٩٢٣ ز) *Pareto*

زانایێکی ئیتالییە لەو باوەڕەدا بوو کە: یاسای ئابووریی سەربەست و یاسای ئابووریی سۆسیالیسم هەردووکیان لەگەڵ سروشتی مرۆڤ دا ناگونجێن.

٨- پرودۆن (١٨٠٩ – ١٨٦٥ ز) *Proudhon*

دەڵێ: مرۆڤ کە پارەی داهێناوە کارێکی بەجێی کردووە و داهێنانێکی بەسوود بووە بۆ مرۆڤ هەر لەو کاتەش دا نیشانەی بەدبەختی هەژارییە. لەم ڕووەوە کتێبێکی بەناوی "فەلسەفەی هەژاری" نووسیوە.

٩- دورکیم (ئامیل) (١٨٥٨ – ١٩١٧ ز)

ئابووری زانێکی فەرانسابیە دەڵێ: نرخ و بایی مرۆڤ بە ڕەوشتیا ئەندازەگیری دەکرێت. کتێبێکی نووسیوە بەناوی "دابەش کردنی ئیشی کۆمەڵایەتی".

١٠- راکفلەر (١٨٣٩ – ١٩٣٧ز) *Rachefeller*

پیشەسازێکی بەناوبانگی ئەمریکایی و خاوەن کۆمپانیای "ستاندارد ئۆیل" و زۆر دامودەزگای تری ئابوورییە.

١١- گید (١٨٤٧ – ١٩٣٢ ز) *Gide*

خەڵکی وڵاتی فەرانسایە، زانایێکی ناوداری کاروباری ئابووری و لایەنگیری ڕێبازی "کۆمپانیای هەرەوەزی" بوو.

Jean-Baptiste Say

١٢- سای "ژان پاتیست" (١٧٤٧ – ١٨٣٢ ز) *Say. J. B*

خەڵکی شاری لیۆنی فەرانسایە. دەڵێ:"پایەی ڕێبازی پیشەسازی دەبێت لە هەرچی ڕێبازێکی دیکە هەیە بەرز و باڵاتربێت.

١٣- فۆرد "هێنری" (١٨٦٣ - ١٩٤٧ ز) *Fourd. H*

باوکی فۆرد پینە دۆزێکی خەڵکی ئیرلەندە بوو، کۆچی کردبوو بۆ ئەمریکا. هێنری بەشی "میکانیک"ی لە یەکێك لە زانکۆکان دا تەواو کرد و لەئاکام دا توانی مەکینەیێك دروست بکات کە بە ئاو سارد بێتەوە.

١٤- کلارك "جان مۆریس" (١٨٨٤ – ١٩٥٨ ز) *Clark. J. M*

یەکێکە لە زانا ئابوورییەکانی ئەمریکا و مامۆستای زانکۆی کۆلۆمبیا.

١٥- کینس "جان مانیاد" (١٨٨٣ – ١٩٤٦ ز) *Keynes . J. M*

Scanned with CamScanner

خەڵکی ئینگلتەرە بوو لە ژێر چاودێریی زانای ناسراوی ئابووری "مارشال"دا بیروڕاکانی لە زانکۆی کەمبریدج پەروەردە بووە، یەکەمین کتێبێك کە دای ناوە بەناوی "ئابووریە هیندستان" بووە، لە دواییش دا بووە بە مامۆستای زانکۆی کەمبریدج.

١٦- لوپلە "فردریك" (١٨٠٦ – ١٨٨٢ ز) *Leplay . F*

ئەندازیارێکی کان ناس بووە لە باوەڕێك دا بوو: کە دەبێت ڕەوشت لەگەڵ گەشە کردنی ژیانی ئابووری دا شان بە شانی یەك پێکەوە لەگەشە دابن.

١٧- لیست "فردریك" (١٧٨٩ – ١٨٤٦ ز)

ئابووری زانێکی ئەڵمانی بووە و خاوەن کتێبێکە بەناوی "ڕێبازی ئابووریی نەتەوایەتی". پوختەی ئەوەیە کە گەلان دەبێ ئەم قۆناغانە ببرن بۆ ئەوەی بگەنە پلەی گەشەی ئابووریی نەتەوایەتی:

أ – بەرەڵلایی ب – شوانی ج – کشتوکاڵ د – پیشەسازی

١٨- ژرمن مارتن "لویی" (١٨٧٢ – ١٩٤٨ ز) *Cermain Martin. L*

زانای وڵاتی فرانسا و مامۆستای زانکۆی دیژون و پاریس بووە.

ژرمن

١٩- مارشال "ئەلفرێد" (١٨٤٢ – ١٩٢٤ ز) *Marchall - A*

چەند کتێبێکی نووسیوە بەو ناوانە:

أ – بنچینەکانی ئابووری زانی.

ب – کامەرانیی مرۆڤایەتی

بیروڕاکانی دەربارەی (نرخ) زۆر سەرنج ڕاکێشن.

٢٠ – مالتوس "تۆماس رۆبەرت" (١٧٦٦ – ١٨٣٤ ز) *Malthus. T*

یەکێکە لە زانا کلاسیکییەکانی دنیای ئابووری. لە باوەڕێك دا بوو کە: خواردن لە ئایندەدا بەشی خەڵکی سەر زەوی ناکات چونکە مرۆڤ زۆر دەبن.

٢١- وایت "دوین" *White*

لە باوەڕێك دا بوو کە: ئەگەرچی مرۆڤ بوونەوەرێکی شایان ڕێز گرتنە بەڵام، بۆ بەختیاری ئاسایشی مرۆڤە کە دەبێ دەوڵەت ئاگاداری ئەم بەختیاری و ئاسایشە بێت.

٢٢- وبلن (١٨٨٧ – ١٩٤٣ ز) *Veblen*

ئابووری ناسێکی خەڵکی ئەمریکایە، دەڵێ: کەسێك ئابووری ناس بێت نابێ بیروڕای کەسیی خۆی تێکەڵ کاروباری ئابووری بکات.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ناوی پارەی وڵاتان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ناوی پارەی وڵاتان

وڵات	ناوی دراو	
ئەرجەنتین	بیزو	
ئەلبانیا	لەك	
ئەڵمانیا	مارکی ئەڵمانی	
ئەمریکا	دۆلار	
ئەندونیسیا	روپیە	
ئەردون	دیناری ئەردونی	
ئەسکوتلەند	لیره	
ئەفریقیای خواروو	راند	
ئەفریقیای ناوەندی	ئەفغانی	
ئەفغانستانی	ئەفغانی	
ئەکوادۆر	سوکر	
ئینگلتەرە	پاوەند	
ئۆرگوای	پزو	
ئۆغەندە	شیلنگ	
ئێران	ریاڵ	
ئیرلەندا	پاوەند	
ئیتالیا	لیره	
ئیسلەند	کرۆنا	
برازیل	کروزیرو	
بورما	کیات	
بەلجیکا	فرانك	
بلغاریا	لو	
بولیڤیا	پزو	
پاراچوای	گورانی	
پاکستان	روپیە	
پاناما	بالبوا	
پورتەغال	ئەسکودو	
پیرو	سول	
تەنجانیقا	شیلنگ	
تانزانیا	شیلنگ	
تایلەند	باهت نات	
تورکیا	لیرەی تورك	
چیکۆسلۆڤاکیا		کورونا
توگو	فرانك	
چینی میللی	یونان	
چینی فەرموزا	دۆلاری تایوان	
دانیمارك	کورن	
دۆمنیکان	پیزو	
رۆدیسیا	لیره	
رۆمانیا	لی	
زامبیا	لیره	
زیلاندی نوێ		لیره
زنجبار	شیلنگ	
ژاپۆن (یابان)		یەن

Scanned with CamScanner

سلڤادۆر	کولون
سوێد	کورونا
سووریا	لیره
سویسرا	فرانك
سیلان	روپیه
شیلی	ئەسکودو
عیراق	دینار
سعودیه	ریال
فرانسا	فرانك
فنلاند	مارکا
فلیپین	پیزو
قیبروس	پاوند
کۆریای ژووروو	هوان
کەنەدا	دۆلاری کەنەدا
کۆریای خوارووی	هوان
کۆستاریکا	کولون
کۆلۆمبیا	پیزو
کووبا	پیزو
کوومیت	دینار
گابۆن	فرانك
گرین لاند	کورون
گواتیمالا	کەتزال
لوبنان	لیره
لوکزامبورگ	فرانك
مالیزیا	دۆلار
مەجەر	فورنیت
مەڕاکیش	درهەم
میسر	قرش "جونێه"
مەکسیك	پیزو
مۆناکۆ	فرانك
نیپال	روپیه
نەرویج	کۆرن
نیجریا	پاوەند
نیکاراگوا	کوردونا
ڤاتیکان	لیره
ڤۆڵتای سەرەوە	فرانك
ڤەنزویلا	بولیوار
ڤێتنام	دونك
هائیتی	گورد
هۆڵەندە	کیلدەر
هیندستان	روپیه
هەندۆراس	لیپرا
یەمەن	ریاڵ
یۆگۆسلاڤیا	دینار
یۆنان	دراخما
یەکیەتی سۆڤیەت	رۆبڵ

Scanned with CamScanner

ناوی

بەستەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ناوی بەستەکانی جیهان

ناو	وڵات	بەرزی بەپێ	ئەندازەی ئاوگرتنی بە پێ سێجا	ساڵی سوود لێ وەرگرتن
ئادامنیانی	ئوستراليا	٢٩٠	٢٥٠٠,٠٠٠	١٩٥٩
ئەسوان	میسر	٤٥ م	٧٠٠ ملیۆن م^{٣}	–
ئالبەگر	ئیتاليا	١٧٨م	–	١٩٤٤
ئالدر	ئەمریکا	٣٣٠	٣٣٢٠٠٠	١٩٥٢
ئان سیبا	ئیتاليا	٢٤٨	٢٤٢٦٠٠	١٩١٥
ئەرووروك	ئەمریکا	٣٥٠	٢٨٦٠٠٠	١٩٢٦
ئێکس چەکر	ئەمریکا	٣٢٦	٢٨١٣٠٠	١٩٤٨
ئال پالمیتو	مەکسیک	٣٠٢	٣٢٦٣٢٧٠٠	١٩١٦
ئەلفنت بوت	مەکسیک	٣٠١	٢١٨٥٤٠٠	١٩٦١
ئەمیر کبیر	ئێران	١٨٣م	٢٥٠٠٠٠٠٠٠م^{٣}	١٩٥٠
ئەندرسون ریخ	ئەمریکا	٤٥٦	٤٩٣٢٠٠	١٩٥٣
ئاویرار	سویسرا	٣٤٠	–	١٩٣٦
ئاوشانسی	ئەمریکا	٤٣٠	٣٦٠٣٦٠	١٩٦٠
ئینگوری	یەکیەتی سۆڤییێت	٣٠١	–	١٩٥٧
براتسك	یەکیەتی سۆڤییێت	–	١٤٩٠٠٠٠٠م^{٣}	١٩٥٩
برون لی	ئەمریکا	٣٩٥	١٤٧٠٠٠٠	١٩٦٠
بما کر	هیندستان	٧٤٠	٧٤٠٠٠٠٠	١٩١٠
پولدەر	ئەمریکا	٢٢٠م	٤٥٠٠ ملیۆن م^{٣}	–
بها کرا	هیندستان	٢٢٦م	–	١٩٦٢
بیکر	ئەمریکا	٣٠١	٢٩٨٠٠٠	١٩٥٩
بەینەل عوێدین	مەراکش	٤٤٠	١٢٠٠٠٠٠	١٩٥٤
پارکر	ئەمریکا	٣٢٠	٧١٦٠٠٠	١٩٣٨
پاین فیلت	ئەمریکا	٤٣٠	١٠٠٠٠٠٠	١٩٥٤
پردی	ئەمریکا	٣٥٨	٢٢٢٠٠٠	١٩٢٩
پورت	فەرانسا	١٣٠م	٤٠٠ ملیۆن م^{٣}	–
تاکی یین	تایوان	٧٨٠	–	١٩٦١
تریزێ	ئەمریکا	٥٣٧	٢٥٠٠٠٠٠	١٩٦٠
تیملیانسك	یەکیەتی سوڤییێت	–	٢٣٩٠٠٠٠٠م^{٣}	١٩٥٢
تینی	فەرانسا	١٨١م	–	١٩٥٢
چری وولی	ئەمریکا	٣٣٠	٦٦٨٢٠٠	١٩٥٢
دارێۆش	ئێران	٥٨٥ م	–	–
دوکان	عیراق	٣٠٨	٥,٥٠٩,٦٥٠	١٩٦٢
دیابلو	ئەمریکا	٣٨٩	٦٠٠٠,٠٠٠	١٩٣٠
دوروشاك	ئەمریکا	٢٠٤ م^{٣}	–	–
ریاس	ئەمریکا	٥٤٠	١٤٠٥٠٠٠	١٩٤٩
رەزاشا	ئێران	١٩٥م	–	–
رەنی سیات	فەرانسا	٣٤٥	٤٠٠٠٠٠	١٩٤٨
ساریار	تورکیا	٤٦٠	١٥٤٠٠٠٠	١٩٥٢
سیسکچوان	کەنەدا	–	٢٠٦٠٠٠٠٠م^{٣}	–
سفید روو	ئێران	١٠٥ م	١٦٨٨ ملیۆن م^{٣}	–

Scanned with CamScanner

سوتی	فرانسا	٣٩٤	١٠٦٠٠٠	١٩٥٣
ساستا	ئەمریکا	١٨٣م	٤٥٠٠٠٠٠	١٩٥٤
فەرەح	ئێران	١٠٥م	١٦٨ ملیۆن^{٣}	–
فۆرت بیك	ئەمریکا	٧٤م	٢٠٠ ملیۆن^{٣}	١٩٤٠
ڤۆلگاگراد	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٢٥,٥ ملیۆن^{٣}	١٩٦٢
فورت رندل	ئەمریکا	–	٢٨٤ ملیۆن^{٣}	١٩٤٥
کاخوفکا	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٢٥٦ ملیۆن^{٣}	١٩٤٥
فورت رندل	ئەمریکا	–	٢٨٤ ملیۆن م^{٣}	١٩٥٦
کاخوفکا	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٢٥٦ ملیۆن م^{٣}	١٩٤٥
کاریبا	رۆدیسیا	٤٢٠	١٣٠ ملیۆن م^{٣}	–
کیبان	تورکیا	٢٠٥م	–	–
کەرج	ئێران	١٨٠م	٢٠٥ ملیۆن م^{٣}	١٩٦١
کرمنچۆك	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٢٧٥ ملیۆن م^{٣}	١٩٥٩
کیمەر	تورکیا	٣٦٠	–	١٩٥٩
کورویە	یابان	١٨٦م	–	–
کونتزا	سویسرا	٢٣٥	–	–
کویپیشف	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٣٣٩ ملیۆن م^{٣}	–
کییف	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٤٥ ملیۆن م^{٣}	–
کینکزلی	ئەمریکا	–	٨٤,٥ ملیۆن م^{٣}	١٩٤٢
گاتون	پەنەما	–	١٧ر٦ ملیۆن م^{٣}	١٩١٢
گاستلودو	–	–	–	–
بودە	پورتەغال	٣٧٧	٨٩٣,٢٠٠	١٩٥١
گراس	ئەمریکا	٣٤٠	٤٢٠٠٠	١٩٥٥
گراندیکسانس	سویسرا	٢٨٤م	–	١٩٦٢
گراندکولی	ئەمریکا	١٦٨	٩٤٠٢٠٠٠	١٩٤٢
گریسن	ئەمریکا	–	٥٠,٦ ملیۆن م^{٣}	١٩٥٤
گریمل	سویسرا	٣٧٣	٨١,٠٠٠	١٩٥٤
گۆرکی	یەکیەتی سۆڤییێت	–	٤٤,٣ ملیۆن م^{٣}	١٩٥٥
لوزون	سویسرا	٢٠٨	–	١٩٦٤
لیم بیرگ	نەمسا	٣٩٤	٦٦٥٠٠	١٩٥١
لیەین	سویسرا	٥٢٥	–	١٩٥٦
مانگلا	پاکستان	٣٦٥	٢٥٠٠٠٠٠	–
مانیکواکان	کەنەدا	٢٢٦	–	١٩٦٣
متوور	هیندستان	٧٣م	٣٢٠ ملیۆن م^{٣}	–
ناواجوو	مەکسیك	٢٨٣	١٠٧٢٠٠٠	–
نورك	سۆڤییێت	٣٠٠	٤٥٠ ملیۆن م^{٣}	١٩٦٠
واراگامبا	ئوسترالیا	٤٥٠	١٤١١٦٩٢	١٩٤٩
وایونت	ئیتالیا	٢٦٢م	–	١٩٦٠
ڤۆلکاگراد	سۆڤییێت	–	–	–
هوم	ئوسترالیا	٦٠م	٣٠٠ ملیۆن م^{٣}	١٩٥٣
هیراکود	هیندستان	–	٢٠,٦ ملیۆن م^{٣}	١٩٦٣

Scanned with CamScanner

رامیاری

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

رامیاری

رامیاری یان سیاسەت؛ وشەی سیاسەت لە عەرەبیدا لەکاری (ساس یسوس)ەوە هاتووە بەمانا رام کردنی ئەسپ و چاوەرپیە. هەر بۆیە رامیارییش لە رام کردنەوە وەرگیراوە. لە ئینگلیزیدا (پۆلیسی) و لە فەرانسەییدا پولیتیك *Politque* لە واژەی (پۆلیس)ی یۆنانی بەمانا لە (شار)ەوە وەرگیراوە و واژەی لاتینی لەگەڵ تێکەڵ کراوە و بووە بە پولیتیکۆس *Politicus* واتا رشتەیەك یان رێبازێك کە پەیوەندی هەیە لەگەڵ فەرمانڕەوایی و میللەت و دەوڵەت دا.

سیاسەت و رابردووی دوور

ئەفلاتون وسیاسەت:

لە ئەکادیمیاکەی ئەفلاتون دا زۆرتر دەربارەی چۆنیەتی رەوشت و سیاسەت دەدوان کە هەردووکیان لەیەکەوە نزیکن. ئەفلاتون دەربارەی سیاسەت بەسەریەکەوە سێ نووسراوی نووسیوە:

١- بیروڕای سیاسەتی ئەو لە ناوەڕاستی تەمەنیدا لە کتێبی "کۆماری" (الجمهورية) دا روون کردۆتەوە.

٢- پاشان نەختێك بە شێوەیێکی وردتر نووسراوێکی دی نووسیوە بەناوی رامیار (السياسي).

٣- لەدوادوای ژیانیشیدا کتێبێکی دوور و درێژی بەناوی "یاساکان" نووسی، ئەم کتێبە لەبەر ئەوەی لە زۆر شت و رەوشت و کاروباری کۆمەڵایەتیی فراوان دواوە، بووە بە رێبازی ژیانی یاساگەری "هیلینستی" و لە دواییدا ئەفلاتون بە یەکەمین دانەری ئەم قوتابخانەیە ناسراوە.

کۆمارە خەیاڵ کردەکەی ئەفلاتون کە بە ناونیشانی نموونەیێکی هەڵبژێراو داینابوو کۆمارێکی گەلێك بچووك بوو، هەتاوەکو لە شاری ئەثیناش بچووکتر بووە. دانیشتوانی وڵاتە هەڵبژاردەکەی (ئەفلاتون) کراون بە سێ بەشەوە:-

١. فەرماندەکان

٢- سەربازان

٣- پاسەوان و تێکرای میللەت کە دەکەنە ٨٠٪ی خەڵك.

لەو کۆمارەدا ئەم سێ چینەی بە سێ گیان لەیەك بەدەن دا چواندووە کە، بێ یەك لەش نەتوانێت بژین، هەروەها فەرماندەکانی تەشبیە کردووە بە شوان کە ئاگایان لە ژیانی تێکڕای میللەت بێت.

ئەرستۆ و سیاسەت

دەڵێن گوایا کتێبە بەناوبانگەکەی "رامیار"ی ئەرستۆ لە ڕووی گیانلەبەر ناسییەوە نووسیویەتی. هەر لەو کتێبەدا دەربارەی چۆنییەتی فەرمانڕەوایی دەدوێت، زۆر لە گیانلەبەرانی کۆڵیوەتەوە، رەوشت و سروشتیانی شی کردۆتەوە و لەسەر ئەو لێکۆڵینەوەیەش کۆمەڵ و کۆمەڵایەتی و فەرمانڕەوایی لێك داوەتەوە کە، چۆن هەر کەسێك لە کۆمەڵ دا کارێکی پێسپێردراوە وەکو کشتوکاڵ و پیشەسازی و سەربازی یا ئەندامەتیی رێکخراوەکان — ئەرستۆ یەکەمین کەسە توانیویەتی لەش و قەوارەی مرۆڤ بە چوارچێوەکانی سیاسەت بچووێنێ (واتا تەشبیە بکات) هەروەکو بەپێی زانیاری سروشتی.

ئەرستۆ دەڵێ: سروشت دەوڵەتی دروست کردووە مرۆڤیش گیانلەبەرێکی سیاسییە. لەم رووەوە بەسەریەکەوە هەشت کتێبی هەیە.

Scanned with CamScanner

چۆن سیاسەت لێك دراوەتەوە؟

١- لیترە *Littre*

زمان زانێکە فڕانساییە، دەڵێ:

سیاسەت زانستە، هەر دەوڵەتێکیش دەبێت ئەم زانستە بزانێت.

٢- رۆبەرت *Robert*

زانایەکی رامیاری ناسە دەڵێ:

هونەر و دەسەڵاتی رامیاری بێگومان بەر لە دەوڵەت هەبووە لە هەموو کۆمەڵ وبرو دەستە و هۆزێك دا زانستی رامیاری هەبووە، لە هەموو کۆمەڵێك دا فەرمانـدە و فەرمانبەر هەبووە، تەنانەت لە هۆزە سەرەتایەکانیش دا.. بەدی هاتنی دەوڵەت واتە پێگەیشتنی ژیانی کۆمەڵایەتی.

٣- ژان ژاك شوڤالی:

مامۆستایێکی زانکۆی پاریسە دەڵێ:

لەبەر ئەوەی واژەی پولیتیك *Politique* لە واژەی "پولیس"ی یۆنانییەوە وەرگیراوە بەمانا شار، ئەمەش وا دەگەیێنێ زانستی رامیاری لە سەردەمی شارنشینییەوە گەشەی کردووە و بووە بە زانستێکی ناسراو.

٤- پرۆفیسۆر منو دەڵێ:

سیاسەت زانستێکە پێوەندیی بە هۆیەکانی فەرمانڕەوایی و ئەنگێزەکانییەوە هەیە.

٥- مارسیل پرلۆ:

مامۆستا لە زانکۆی پاریس دەڵێ:

سیاسەت واتا چۆنیەتی زانین و ناسینی دەوڵەتێك دەربارەی دەوروبەری خۆی.

٦- موریس دورۆژە:

دەڵێ: سیاسەت: واتا ناسین و ئاگاداری لە کاروبارێك دا کە پێوەندیی بە زانین و هونەر و ئاگایی دەوڵەتەوە هەیە چ دەربارەی وڵاتەکەی خۆی و چ دەربارەی دەرەوەی وڵاتەکەی خۆی.

٧- ژان دابن:

دەڵێ: سیاسەت زانستی دەوڵەتە.

٨- ماکس وییەر:

دەڵێ: سیاسەت پلەیێکە بۆ مرۆڤ دانراوە، ئاگادارانی ئەم رێگەیە دەتوانن بەسەر ئەو پلەیەدا سەربکەون چ بۆ بەشداربوون لە دەوڵەت دا یان دەوڵەتێك لەناو دەوڵەتان دا.

٩- جۆرج شلنیك:

دەڵێ سیاسەت کۆمەڵە زانستێکە پەیوەندیی بە کۆمەڵەوە هەیە.

Scanned with CamScanner

١٠ ـ جۆرج ڤودل:

سەرۆكی زانكۆی حقوقی پاریس دەڵێ:

ئەگەر بێتو بە كورتی باسی سیاسەت بكەین دەبێ بڵێین "سیاسەت واتا زانستی دەسەڵات".

چەشنەكانی فەرمانڕەوایی:

١ـ ئابسۆلۆتیزم: *Absoluitisme*

واتا حوكمڕانیی بێ‌لێدان و بەرەڵا، دەسەڵاتێكی بێ‌سنوور بەدەست فەرمانڕەواوە دەبێت "ئیمپراتۆ بێت یان شا یان قەیسەر یان هەرچی دی".

٢ـ ئوتۆكراسی:

سیستەمێكی فەرمانڕەواییە كە تەواوی دەسەڵات و هێز و كاروباری بەدەست یەك كەسەوە بێت، جیاوازی ئەم شێوەیە لە "ئۆتوریتایانیسم" ئەوەیە كە لە ئۆتۆكراسیدا هێز و دەسەڵات بەدەست تاكێكەوەیە بەڵام ئۆتۆریتایانیسم مەرج نییە زۆر دەسەڵات تەنیا بەدەست كەسێكەوە بێت.

ڕێبازەكانی وەك: أ- ئۆلیگارشی ب - ئابسۆلۆتیسم ج – ئۆتۆریتاریانیسم لەم باوەرە وەكو یەك وان.

٣ـ ئەریستۆكراسی:

واتە دەوڵەتی شازادەكان، تەواوی كاروباری دەوڵەتیش بەپێی بیروڕای چینێكی دەوڵەمەند بەڕێوە بچێت و نرخ و ڕێزی سیاسیی ئەو كەسانەش بەپێی توانا و دەسەڵاتی ئابووریانە یان دەسەڵاتی سەربازی یان ئاینی هەر كێ بەپێی ئەندازەی دەست ڕۆیشتنی.

٤ـ ئیستعمار:

حوكمڕانیی دەوڵەتێك بەسەر وڵاتێكی تردا بەزۆر ئیستعمار لەسەدەی پانزدە و شانزدەوە بە بۆنەی زۆربوونی سەرمایەوە لە چەند وڵاتێكی ڕۆژاوادا پێك هات و لەدایك بوو، بەتایبەتی دوای دۆزینەوەی زۆر جێگا و شوێن لەلایەن ئەوروپاییەكانەوە. لەسەرتاوە وڵاتە داگیركراوەكان وەكو كۆگا و عەماری وڵاتە داگیركەرەكان وا بوون. بەڵام لە دواییدا نەختێك توندوتیژی و خوێن ڕێژییەكەی كەم بووەوە و چەند كراسێكی تری لەبەركرد، لە شێوە ڕوخسارێكی دیدا خۆی بۆ گەلانی ژێر دەستە دەرخست و ناوی تری لە خۆی نا و شێوەی فەرمانڕەوایی خۆی گۆڕی. ئێستاش بە شێوەیێكی دیكە خۆی دەنوێنێ وەكو: یارمەتی دان و هاوكاریكردن لەگەڵ دەوڵەتان دا، پاراستنی ئاسایشی گەلان، پەیمان و پەیمانكاری.

٥ـ بەلشەفیسم:

بەشێكە لە قوتابخانەی ماركسیسم كە لەلایەن كۆمەڵێك شۆڕشگێری ڕووسەوە پێك هاتووە. ئەم ڕێبازە لەباوەڕێك دایە كە: دەبێت چینی كرێكار (پرولیتاریا) لەڕێگەی پێك هێنانی ڕێكخراوی ناوچەكانەوە كە لەژێر فەرمانی لیژنەی ناوەندیدا هێز و دەسەڵات بەدەست بهێنن و نابێت چاوەڕوانی ئەوەبن كەی سەرمایەداری لەخۆیەوە بێ هێز دەبێت وەكو ماركس گوتوویەتی و ئەو كاتە دەسەڵات بگرنە دەستەوە.

حزبی بەلشەفیك لە ساڵی ١٩١٧دا ڕژێمی (كرنیسكی) ڕووخاند و دەوڵەتی سۆڤیەتی پێك هێنا، ئەم حیزبە لەساڵی ١٩١٨دا ناوی خۆی گۆڕی و ناوی "حزبی كۆمۆنیستی" لە خۆی نا، تاكو ئێستاش تاكە حزبی یەكیەتی سۆڤیێتە.

Scanned with CamScanner

٦- پارلمانتاریم:

واتە سیستەمی پەرلەمانی، واتا دەوڵەت هەر کارێك بکات دەبێت لە پارلەمان دا لێی بکۆڵدرێتەوە و لە کردەوەکانی دا بەشێوەیێکی راستەوخۆ بەرامبەر پارلەمان بەرپرسیارە.

٧- سۆسیالیسم:

لەسەرەتاوە قوتابخانەی سۆسیالیسم هەر بە خەیاڵ و ونارەزوو دانراو دەگوترا تا پەرەسەندنی یاسای سەرمایەداری کە ئەو کاتە بوو بە قوتابخانەیێکی زانستی.

سۆسیالیسم دەڵێ: ئەگەر بڕوانیت دەبینی یاساکانی کۆیلەداری و موڵك داری و سەرمایەداری میراتگری یەکتری بوون و ئەمەش بەپێی هەلکەوت نەبووە؛ سۆسیالیسم یاسایێکی کۆمەڵایەتی و ئابوورییە دەبێتە جێنشینی یاسای سەرمایەداری، لەیاسای سۆسیالیسم دا چەوسانەوەی مرۆڤ لەلایەن مرۆڤەوە بەرچاو ناکەوێت و بەرهەم بۆ خەڵکی تێکرایە.

٨- فاشیسم:

ئەم رێبازە لە شەڕی یەکەمی جیهان دا پەرەی سەند و لە زۆر بیروڕای جۆراوجۆر تێکەڵە: بیروڕای ناسیونالیسمی لە رێبازی هیگڵەوە وەرگرتووە، سۆسیالیسم لە مارکسەوە و زەبروزۆر لە مکیافیلی و رەگەز پەرستی لە تۆماس کارلایلەوە. ناودارانی ئەم رێبازە:

١- مۆسۆلینی لە ئیتالیا.
٢- هیتلەر لە ئەڵمانیا

بەرنامەی فاشیسمیان لە دە خاڵ روون کردۆتەوە:

١- دیکتاتۆری.
٢- دژی پەرلەمان.
٣- رێگەی تاکە حزبی.
٤- هاوبەستەکی حزب لەناو یەك دا.
٥- کوشت وبڕینی دوژمنانی سیاسی.
٦- سەلماندنی رۆشنبیری و بیروڕای فاشیسم بە میللەت.
٧- ژیانی کۆمەڵایەتی دەبێ لەژێر چاودێری دەوڵەت دا بێت.
٨- چوارچێوە دانان بۆ ئایدۆلۆژیی حزبایەتی.
٩- جێ بەجێ کردنی فەرمانی حزب بەبێ لێ دوان.
١٠- دابەش کردنی گەل و وڵاتانی دنیا بە دوو بەش: أ - فەرمان دەر ب – ژێر دەستە و فەرمانبەر

٩- فیودالیم "دەرەبەگی"

یاسایەکی ئابووری کۆمەڵایەتی سیاسییە، لەم رێگەیەدا خاوەن زەوی و زارە گەورەکان خاوەنی تەواوی بەرهەمن، جووتیاریش لەم یاسایەدا بچووکترین مافی بۆ تەرخان نەکراوە. فیودال (واتا دەرەبەگ) لە دام و دەزگای دەوڵەت دا دەست رۆیشتووە. ئەم شێوە یاسایە لەزۆر وڵاتی دنیادا لە کۆنەوە تاکو ئێستا هەبووە، ئێستاش بە شێوەی جۆراوجۆر لە زۆر وڵات دا بەرچاو دەکەوێت.

١٠- کۆمۆنیسم:

بەشێوەی دەوڵەتێك دەگوترێت کە لەسەر بنەڕەتی بیروباوەڕی مارکس و ئینگلس دامەزراوبێت، لەساڵی

Scanned with CamScanner

۱۸٤۸از دا كۆمۆنيستەكانی دنيا دوای كۆبوونەوەيان بۆ ئەم مەرامە هەول و تەقەلالايێكی فراوانيان دا بۆ ميللی كردنی سەرمايە و كارخانە و هەموو داراييەكانی دی.
ماركس دەڵێ: دەوڵەتی كرێكاركرد و پرۆليتاری دەبێ جێگری هەموو جۆرە شێوەيێكی فەرمانڕەوايی بێت.

۱۱- نازيسم:

وشەی (نازی) لە كورتەی ناوی حزبی (ناسيوناليسم سوسياليستی كرێكاری ئەڵمان)ەوە وەرگيراوە. ئەم حزبە هی سەردەمی فەرمانڕەوايی هيتلەرە و بيروڕاكانی هيتلەر خۆی لە كتێبەكەيدا "خەباتی من" روون كراوەتەوە. ڕەگی بيروڕای نازيسم لەسەر دوو تەماڵ داكوتراوە:

أ – شێوەی فاشيسمی ئيتاليا.

ب – بيروڕای ڕەگەز پەرستيی ئەڵمان.

نازيسم لە باوەڕێك دابوو كە ڕەگەزی جەرمەن لە هەرچی ڕەگەزەكانی كە هەيە پاك و خاوێن ترە، ميللەتی ئەڵمانيش لە هەرچی ميللەتانی جيهان بەرزتر وەيا بڵندتر.

نازيسم دەڵێ: دەوڵەت ڕێكخراوێكی ڕەگەزايەتييە نەك ئابووری، بۆ ئەوەش دەسەڵاتی هەبێت و بە گوێ بكرێت، دەبێ پڕ چەك و بە توانا بێت. شەڕ و شۆڕيش دەبێتە هۆی پێش كەوتنی شارستانەتی و پاك كردنەوەی ڕەگەزە ناپاكژەكان، وەكو ڕەگەزی جوولەكە و سلافەكان پێويستييەكی مرۆڤە، دەبێ لەناو ببردرێن.

Scanned with CamScanner

١- ئەباضە پاشا:

خاوەن دەسەڵاتێکی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی بووە کە بە دەستی سوڵتان مرادی چوارەم کوژراوە.

٢- ئاتا تورك:

مصطەفا کەمال ئاتا تورك (١٨٨١ – ١٩٣٨ز) یەکەمین سەرۆك کۆماری تورکیایە و رابەری ئازادی ویستەکانی تورکیا بووە لە شەڕی یەکەمی جیهان دا. لەیاسای بنەڕەتی تورکیادا تەواوی دەسەڵات و توانای خستە ژێر دەستی سەرکۆمارەوە، پەیڕەوی سیستەمی یەك حزبی و دکتاتۆری بووە، هەروەها ئاینی لە سیاسەتەوە جودا کردەوە و چوار جار بوو بە سەرکۆمار، پایتەختی گوێزایەوە بۆ (ئەنکارە) و لە ئەستەمبول دا مردووە.

٣- ئاتیلا (٤٥٣ ز مردووە)

لەساڵی ٤٣٤ز دا بووە بە شای بەربەرەکان. لەپێش دا لەگەڵ براکەیدا تەنیا پێکەوە فەرمانڕەواییان دەکرد بەڵام بۆ ئەوەی لە حوکم دا تەنیا بمێنێتەوە برایەکەی خۆی کوشت. هەشت ساڵ فەرمانڕەوایی کرد و هەمیشە لە شەڕ و شۆڕدا بوو. لەشکرەکەی لە ٧٥ هەزار شەڕکەر زیاتر بوو لە مێژوودا بە ئازا و خوێن ڕێژ و دڵ ڕەق ناو دەبرێت.

٤- ئادیناور (١٨٧٦ز لەدایك بووە) *Adenaver*

بە یەکەمین سەرکۆماری ئەڵمانیای رۆژاوادا دەژمێردرێت.

٥- ئاراکچیف (١٧٦٩ – ١٨٣٤ ز) *Arakcheyev*

وەزیری شەڕی زەمانی ئەلەکساندەری یەکەمی رووسیای سپی بووە.

٦- ئارتیکاس . جۆزێ (١٧٦٤ – ١٨٥٠ز) *Artigas. J*

قارەمانی گەلی ئۆرگوای و لەپێناوی سەربەستیی وڵاتەکەیدا هەمیشە لەخەبات دابووە.

٧- ئاشوور بانیبال:

پاشای وڵاتی ئاشوور بووە. لەساڵی ٦٦٩ ی پ. ز بووە بە شا، شۆڕشی وڵاتی میسری کوژاندەوە، پاشای عیلامییەکانی کوشت زۆر حەزی لە شارستانەتی و کتێب و نووسین کردووە، گەورەترین کتێبخانەی داناوە.

٨- ئەلفرێدی گەورە (٨٤٨ – ٩٠٠ ز) *Alfred*

تەمەنی بیست و سێ ساڵ بوو کە بوو بە پاشای ئینگلتەرە، کردارە بەناوبانگەکانی ئەلفرێد ئەمانەن:

أ – دوورخستنەوەی هێرش بەرەکانی وڵاتی دانیمارك لە وڵاتی ئینگلیز.

ب – دانانی سپا و لەشکرێکی دامەزراو.

ج – دانانی هێزێکی دەریایی.

د – بڵاوکردنەوەی زانین و خوێندن.

Scanned with CamScanner

هـ – نەهێشتنی زوڵم و زۆر.
لە ئاکام دا لەلایەن گەلەوە بە (یاریدەری زۆرلێکراوان) ناونرا.

٩- ئامهرست (١٧١٧ – ١٧٩٧ز)

مارشاڵێکی ئینگلیز بوو، وڵاتی کەنەدای داگیرکرد، لەدواییدا بوو بە فەرمانـدەی هێـزی تێکڕای وڵاتی ئینگلیز.

١٠- ئانی بال (٢٤٧ – ١٨٣ پ. ز) ***Annibal***

سەردار و سەرکردەی بەناوبانگی کارتاژ "قرطاج" کوڕی ئامیلکار بارکایە. باوکی لە نۆ ساڵی دا سوێندی دا کە تا دەمێنێت دەبێ دژومنی ڕۆمانەکان بێت.

لەرێگەی ئیسپانیاوە لەچیاکانی (پیرنێ)وە بەسەد هەزار شەڕکەرەوە پەلاماری وڵاتی ڕۆمـەکانی دا، دوای زەحمەتێکی زۆر بە بیست و چوار هـەزار شـەڕکەرەوە گەیـشتە وڵاتـی ئیتالیـا، لـە دووسـێ شـەڕدا ڕۆمانـەکانی شکاند و لە شەڕێك دا چاوێکی کوێر بوو، لەبەر ئەوەی لە قرطاجەوە هیمدادی پێ نەگەیشت لە شەڕدا سەرنەکەوت و خۆی کوشت.

١١- ئیبراهیم پاشا (١٤٩٣ – ١٥٣٦ز)

یـەکێك لـە سـەروەزیرانی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانی بـووە لەسـەردەمی سـوڵتان سـلێمان دا. لـە بنـچینەدا کۆیلەیەکی گاور بووە. پاشان بە فەرمانی سوڵتان کوژراوە.

١٢- ئەبو سەلەمە (**ئەل خەللال**)

وەزیری ئەبو عەبباسی سەفاح بووە، یەکەمین کەسێك بووە کە لە دنیای ئیسلام دا بە وەزیـر نـاوبراوە و بەناوی (وزیر آل محمد) بەناوبانگ بووە، دوژمنی سەرسەختی بنەماڵەی ئەمەوییەکان بووە. لە ١٣٢ك لەلایـەن ئەبو عەبباسی سەففاحەوە کوژراوە.

١٣- ئەبوو عوبێدە (**لە ١٣ی ك مردووە**)

بـاوکی (مختـار الثقفـي) بـووە، سـەرکردەیێکی سـپای ئیـسلام بـوو، لـە شـەڕی (واقعـة الجـسر) لەلایـەن ئێرانییەکانەوە کوژراوە.

١٤- ئەسکەندەر (٥٣٦) ***Alexander***

لەتەمـەنی بیـست سـاڵان دا بـووە بەشـای مەکـەدۆنیا، گـەلێك زیـرەك و ئاگـاداری زانیاریی سەردەمی خۆی بووە، لە بەهاری ساڵی ٣٣٤ی پ. زدا بە چل هەزار شـەڕکەرەوە پـەلاماری وڵاتـی ئێرانـی دا و لـە ناوچـەی "گۆگامـل" نزیکـی شـاری هـەولێر داریۆشـی سـێیەمی بەزانـد. ئـەوجا تـوانی وڵاتـی ئێـران داگیربکا. ئـەوە بـوو گەیـشتە پایتـەختی وڵاتەکەیان و سووتاندی. زیاد لە شەست شاری بەناوی خۆیەوە لەچوار گۆشەی دنیادا دروست کرد.

Scanned with CamScanner

١٥- ئەلیزابیثي یەکەم (١٥٥٢ -١٦٠٣) *Elisabeth*

کچی هێنری سێیەم و شاژنە ئان پۆلین بووە، ساڵی ١٥٥٨ بووە بە شا، لەبەر ئەوەیش کە لایەنگری ئاینی پرۆتستان بووە هیچ پەیرەوییێکی لە پاپای فاتیکان نەکرد. چل و پێنج ساڵ شایی کرد و شووی نەکرد. شکسبیر لە زەمانی ئەودا ژیاوە.

١٦- باتیستا : *Batista*

سەرکۆماری وڵاتی کووبا بوو، لەساڵی ١٩٥٩ز دا دوای سەرکەوتنی شۆڕشی میللیی کووبا بە سەرۆکایەتی فیدل کاسترۆ لە کووبا رای کرد و کووبای بەجێ هێشت.

١٧- باروودی "مەحموود سامی" (١٢٥٥ – ١٣٢٢ک)

ناودارێکی گەلی میصرە، بیست و حەوت ساڵ لە میصر دوور خراوەتەوە و شاعیرێکی گەورەش بووە.

١٨- باندرانایکا (١٩٠٧ – ١٩٥٩) *Bandaranaike*

سیاسەت کارێکی وڵات سیلان بووە، لەپێش دا مەسیحی بووە، پاشان بووە بە بوودایی، سەرەك وەزیرانی سیلان بوو لەلایەن دوژمنانییەوە کوژرا. لەبەر ئەوەیش خۆشەویست بوو ژنەکەی جێگەی گرتەوە.

١٩- بایار "جەلال" *Bayar. G*

یەکێکە لە ناسراوانی وڵاتی تورکیا، لە ناوچەی (بوسای)ی تورکیا لەدایك بووە، ساڵی ١٩٥٧ بووە بە جێگیری سەرەك وەزیران و بووە بە سەرەك وەزیران لە جێگەی ئینۆنۆ دا، ساڵی ١٩٥٤یش بوو بە سەرکۆمار.

٢٠- برێژنێف "لیونید ئیلیڤیچ" *Breghner. Ly*

یەکێك بووە لە رابەرانی وڵاتی سۆڤیەت. لە زانکۆدا بەشی ئاسن تواندنەوەی تەواو کردووە لە ساڵی ١٩٤١ – ١٩٤٦ بووە ئەفسەی بەشی رامیاریی سپای سوور، بووە بە سکرتێری یەکەمی حزبی کۆمۆنیستی ناوچەی (ئاپورژی)، بووە بە ئەندامی سیاسیی لیژنەی ئۆکراین، لە ساڵی ١٩٥٠دا بووە بە سکرتێری لیژنەی ناوەندیی ناوچەی موڵدافیا، لە ساڵی ١٩٥٢دا بووە بە ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی هەموو یەکێتی سۆڤیەت سکرتێری یەکەمی حزبەکە. لەساڵی ١٩٨٤یشدا بوو بە سکرتێری یەکەمی حزبەکە.

٢١- بەرمەکی "جەعفەر کوڕی یەحیا" (١٤٩ – ١٨٧ ك)

یەکێك بووە لە وەزیرەکانی هاروونە ڕەشید، بە فەرمانی هاروونە ڕەشید کوژراوە لەگەڵ تێکرای بنەماڵەکەیدا.

Scanned with CamScanner

٢٢- بیریا "لاڤرنتی باڤلوڤیچ" (١٩ - ١٩٥٣ ز) *Beria*

سەرەکی پۆلیسی نهێنی سەردەمی ستالیف و لەهەمان کات دا ئەندامی لیژنەی ناوەندیی حزبی کۆمۆنیستی یەکێتی سۆڤیەت بوو، پاش مردنی ستالین بە فەرمانی لیژنەی ناوەندیی حزبەکە گوللە باران کرا و کوژرا.

٢٣- بۆناپەرت. ناپلیۆن (١٧٦٩ - ١٨٢١ ز) *Bonapart. N*

لە قوتابخانەی سەربازی دا خوێندوویەتی و لەشەڕی (تۆلۆن) دا خۆی پێشان داوە و بووە بە فارەمانێکی نەتەوەیی و لە سالی ١٧٩٧دا بووە بە سەر لەشکری سپایێکی گەورە، کە بۆ داگیرکردنی میصر و ڕێگا دۆزینەوە بۆ وڵاتی هیندستان بەرێ کرا. هێزی دەریایی ئینگلیز بە فەرماندەیی نێڵسن ناپلیۆنی بەزاند. لەساڵی ١٧٩٩دا بوو بە کۆنسولی یەکەم لە فڕانسادا و دەسەڵاتی گرتە دەست تا لە ساڵی ١٨٠٤ بوو بە ئیمپراتۆری فڕانسە. لەبەر نەزۆکی جۆزەفینی ژنی تەلاق دا، ماری لوییزی کچی شای نەمسای مارەکرد. هێرشی بردە سەر ڕووسیا لە شەڕەکان دا سەرکەوت بەڵام ساردیی زستانی وڵاتی ڕووسیا تۆڵەی لێ کردەوە بەدەست بەتاڵی گەڕایەوە وڵاتی خۆی.

لەساڵی ١٨١٣دا هاوپەیمانەکان - برووسیا و نەمسا و ڕووسیا، لەناوچەی لایبزیك دا بە سەریدا زاڵ بوون و لە ئیمپراتۆری دەریان کرد و لە دوورگەی ئەلپ بەندیان کرد. بەڵام دووبارە گەڕایەوە فڕانسە.. ئەم جارەش لە شەڕی واترلۆدا دیسان بەسەریدا زاڵ بوونەوە و بە دەستەسەری بۆ دورگەی سانت هێلانە دووریان خستەوە و هەر لەوێ دا مرد.

٢٤- بۆرقیبە "حەبیب کوڕی عەلی" (١٩٠٣ز -)

لەساڵی ١٩٥٠دا بووە بە سەرەوەزیرانی توونس و لە ساڵی ١٩٥٧دا بووە بە سەرکۆمار لەلایەن دەوڵەتەوە بە (المجاهد الاکبر) نا دەبرێت.

٢٥- بوو میدیەن "هەواری" (١٩٢٧ز -)

دوای سەربەخۆیی ئەلجەزایر لەدەست فڕانسا لەساڵی ١٩٦٢دا کرا بە وەزیری بەرگری، لەساڵی ١٩٦٥دا سەرکۆرماری وڵات (بن بیللا)ی دەرکرد و خۆی بوو بە سەرکۆمار.

٢٦- بسمارك (١٨١٥ - ١٨٩٨ز) *Bismarek*

بە تەقەللای ئەو ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیا پێك هات. لە بنەماڵەیەکی خانەدانە و زانکۆی سەربازی تەواوکردووە. ساڵی ١٨٥٩ بووە بە سەفیری ئەڵمانیا لە ڕووسیا، ساڵی ١٨٩٠ بووە بە سەرەوەزیرانی ئەڵمانیا، لە شەڕدا بەسەر دانیمارك دا سەرکەوت. بیسمارك یەکیەتیی ئەڵمانیای بەشەڕ دەست هێنا و ئاشتی چەسپاندی.

٢٧- باسکوڤیچ (١٧٨٢ - ١٨٥٦) *Basklevltch*

سەر لەشکرێکی سپای ڕووس بووە، لە شەڕەکانی ١٨٥٦دا لەگەڵ ئێران دا فەرماندە بووە و بەسەر ئێران دا زاڵ بووە.

Scanned with CamScanner

۲۸ـ پۆمپێ *Pompee*

فەرماندەیێکی لەشکری رۆم بووە لەساڵی ۸۸ی پێش زایین دا بە دەستی سەربازەکانی خۆی کوژراوە.

۲۹ـ پۆمپیدۆ. جۆرج. *Pompidou*

لە دەوڵەتی جەنراڵ دیگۆل دا بەشدار بوو، دوای میشێل دوبرێ بووە بە سەرەك وەزیران و لەئاکام دا بووە بە سەرکۆماری فرانسا.

۳۰ـ تالیران "پریکۆر" (۱۷٥٤ – ۱۸۳۸ز) *Tolleyrand. P*

لەبەشی ئایین دا دەرسی خوێندووە، زۆر توند و خوو رەفتاری ناشیرین بووە، بووە بە قەشەی شاری ئوتون، لەساڵی ۱۷۸۹دا بووە بە نوێنەری قەشەکان لە شۆرشی فرانسادا. لە ساڵی ۱۷۹٤دا دیسانەوە گەڕایەوە فرانسا دوای لەناوچوونی پاشایی ڕایکردە ئینگلتەرە، لە ساڵی ۱۷۹۹دا لەسەر دەمی فەمانرەوایی لویسی هەژدەمین دا بوو بە وەزیری دەرەوەی وڵات. سیاسەت زانێکی ناودار و فێڵباز بوو.

۳۱ـ ترۆتسکی "لیۆن" *Trotesky. L*

یەکێکە لە دامەزرێنەرانی یەکیەتی سۆڤیەت. لە ساڵی ۱۸۹٤دا چووەتە جەرگەی خەباتی گەلی رووسیاوە لە ساڵی ۱۹۰۰دا بۆ سیبریا دوور خراوەتەوە بەڵام لە ساڵی ۱۹۰۲دا توانیویەتی ڕابکات و خۆی بگەیەنێتەوە خەباتگێڕان. یار و یاوەری "لینین" بوو. لەرێك خستنی سپای سووردا دەستێکی باڵای هەبووە. دوای مردنی "لینین" لەگەڵ "ستالین"دا تێك چوو، لە حزب و لە یەکیەتی سۆڤیەت دا دەریان کرد. زۆر لە وڵاتان پەنایان نەدا تا تورکیا گرتییە خۆی لەدواییدا بە پلانی دام و دەزگای ستالین لەلایەن کابرایێکەوە کە خەڵکی بلژیکا بوو بە تەور کوژرا.

۳۲ـ تیتۆ "یوسف برۆز" (۱۸۹۲ – ۱۹۸۰) *Tito*

کوڕە ئاسنگەرێکی هەژار بوو، لەبەر دەست کورتی بوو بە کۆمۆنیست. لە ژیانیدا بەند و ئازاری زۆر دیوە. بووە بە رابەری پارتیزانەکان کە بە جەرگانە دژی نەڵمانی نازی شەڕیان کرد. حزبێکی دانا بەناوی "بەرەی ئازادی میللەت". لە هەڵبژاردنی تێکراییدا، بەسەر پاشادا – بطرسي دووەم – سەرکەوت و لە پاشایی خست و بوو بە سەروەزیرانی یۆگۆسلافیا. زۆر مل کەچی یەکیەتی شۆڤیێت نەبووە. بووە بەسەر کۆماری یۆگۆسلافیا تا مردن.

۳۳ـ جەناح "محمد علی" (۱۸۷٦ – ۱۹٤۸) *Jannah. M*

رابەری میللەتی پاکستان بووە، لە بەریتانیا لە بەشی (یاسا)دا زانکۆی تەواوکردووە. لە بنەماڵەیێکی دەوڵەمەند بووە، سەرەتا باوەڕی وابوو کە دوو میللەتی هیند و پاکستان دەتوانن پێکەوە لەژێر سێبەیر یەك ڕژیم دا بژین. بەڵام لە دواییدا جیابوونەوەی پەسندکرد. بوو بە سەرۆکی حزبی "مسلم لیك" لە ئەنجام دا بوو بە سەرۆکی ڕەسمی وڵاتی پاکستان.

Scanned with CamScanner

٣٤- چیرچڵ "وینستون" (١٨٧٤ – ١٩٦٤) *Churchill*

سیاسەت زانێکی بەناوبانگی وڵاتی ئینگلیزە لەساڵی ١٩٠٠ بووە بە ئەندامی پەرلەمانی ئینگلیز، ساڵی ١٩١١ بووە بە وەزیرە دەریاداری، لە ساڵی ١٩٤٠دا بووە بە سەرەك وەزیرانی وڵاتی ئینگلیز. نووسەرێکی ناسراو بووە و دەربارەی شەڕی دووەمی جیهان زۆری نووسیوە لەساڵی ١٩٥٣دا پاداشتی ئەدەبیی (نۆبل)ی پێ براوە.

٣٥- چەمبێرلین "ئوستن" (١٨٦٣ – ١٩٣٧) *Chamberlain*

لەساڵی ١٨٩٢دا بووە بە ئەندامی پەرلەمانی بەریتانیا، ئنجا بووە بە وەزیری دارایی. لە ساڵی ١٩٢٣دا بووە بە وەزیری دەرەوە. لە ساڵی ١٩٢٦دا پاداشتی نۆبلی وەرگرتووە.

٣٦- جەنگیز "تیمۆجین یوسای" (٥٤٩ – ٦٢٤ ك)

باوکە جەنگیز سەرکۆماری هۆزی "قیات" بوو، باجی داوە بە ئیمپراتۆری چین، توانی هۆزەکانی دەوروبەری خۆی لە خۆ کۆبکاتەوە و پەیمانیان لەگەڵ ببەستێت.. ئەوەبوو پەلاماری سوپای ئیمپراتۆری دا و بەزاندی و بنچینەی حوکمڕانی بۆ خۆی دانا.

لە ساڵی (٦٠٠ ك) دا (نایمان)ە بەسەر یەك دا شکاند و لەساڵی ٦٠٣دا هۆزەکانی قەرقیزیای خستە ژێر فەرمانی خۆیەوە و شاری پەگینی بگرێت. لەساڵی ٥١٦دا بە لەشکرێکی دووسەد هەزار کەسییەوە پەلامارە وڵاتی ئێرانی دا و کوشتارێکی زۆری لەخەڵك کرد.

جەنگیز جیهانگیرێکی دڕ و خوێن خوار و زیرەك و باوەڕ بە خۆ و کارساز بووە.

٣٧- جوئن لای: (١٨٩٨ -) *Chov-en-lai*

شۆڕشگێرێکی وڵاتی چینە، لە فەرانسا زانکۆی تەواوکردووە، یەکەمین سەرەك وەزیری چینی کۆمۆنیستە.

٣٨- جۆمبە "موسی" *Ischombe. M*

خەڵکی کاتانگا بووە لە ئەفریقا. ماشەی دەستی داگیرکەری بلژیك بووە. بە ئازارەوە ڕابەری ئازادیخوازانی کاتانگای کوشت کە ناوی لۆمبۆمبا بوو.

٣٩- چان کای چیك: (١٨٨٢ -) *Chan Kal Chek*

مارشالێکی وڵاتی چین بوو لە ژاپۆن زانکۆی تەواوکردووە، ساڵی ١٩٢٨ بووە بە فەرماندەی هێز و سپای چین، دوای شەڕی دووەمی جیهان و شەڕی ناوخۆی وڵاتی چین کۆمۆنیستەکانی چین لە وڵات دەریان کرد. بەڵام توانی لە دورگەی فەرمۆزەدا دەوڵەتی چینی نیشتمانی دا بمەزرێنێت.

Scanned with CamScanner

٤٠ـ خرۆشچەڤ: (١٨٩٤ -) *Khrucheher*

دوای مالینکۆڤ بووە بە سکرتێری یەکەمی حزب لە وڵاتی یەکیەتی سۆڤیەت دا. بەشی کرێکارانی زانکۆی (خاکۆڤ)ی تەواوکردووە. پێنج ساڵ لەناوچەی نۆکراین خەباتی کردووە، لە شەڕی جیهانیدا بەشدار بووە. کە بوو بە فەرمانڕەوا تا ئەندازەیەك لەناو وڵاتی سۆڤیەت دا سەربەستیی بڵاوکردەوە و پەیڕەوی سیاسەتی ئاشتی خوازانە بوو لەگەڵ رۆژاوادا.

٤١ـ حەججاج کوڕی یوسف (٤١ –٩٥ ك):

لەلایەن خەلیفەوە فەرمانی پێدرا هێرش بباتە سەر عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر لە مەککە. لەو شەڕەدا مەنجەنیقی بەکارهێنا و کەعبەش مەنجەنیقی بەرکەوت. کە مەککەی گرت عەبدوڵڵای کوشت و سەری بە دیاری ناردە شام لەشەکەشی بە داردا هەڵواسی. دڕ و سەخت بووە. کراوە بە فەرمانڕەوای عیراق، لە بیست ساڵ زیاتر لە کووفە و بەصرەدا حوکمڕانی کردووە، شاری (واسط)ی دروست کردووە. لە زەمانی وەلید کوڕی عەبدولمەلیك دا لە پەنجا و چوار ساڵی دا بە نەخۆش مردووە.

٤٢-حەموورابی: (ل١٩١٣ پ.ز مردووە):

لە ساڵی ١٩٤٥ ی پێش زاییندا بووە بە شا، پاشایەکی هەرە بەناوبانگی بابلییەکان بوە لە یاسا بەناوبانگەکانی هێشتا هەر ستایشی لیدەکری، یاسای حەموورابی بریتی بووە لە پاراستنی ئەم خاڵانە: بەدرۆ سوێند خواردن، بوختان، بەرتیل دان بە قازی، شایەت سەندن، نارەوایی، دەست درێژکردن بۆ دارایی خەڵك، پێوەندی لەنێوان گەورەو بچووکیدا، مافی خێزان و زۆر شتی دی.

٤٣ـ دی گۆل (١٨٩٠ -) *De Gaulle*

یەکەمین سەرکۆماری جمهورییەتی پێنجەمی وڵاتی فرانسا بوو، لەشەڕی یەکەمی جیهان دا بەشداری کردووە، لەشەڕی دووەمی جیهانیشدا لەسەرەتاوە رایکرد بۆ ئینگلتەرە و لەوێوە سپای ئازادی فرانسای پێك هێناو دژی ئەڵمانیای داگیرکەری وڵات کەوتە تێکۆشان. لەساڵی ١٩٤٥دا بوو بە سەرکۆماری جمهورییەتی چوارەم. دوای شوڕشی گەلی (ئەلجەزایر) دژی فرانسا کە داگیری کردبوو بوو بە سەرەك وەزیران و لە ساڵی ١٩٤٩دا بوو بە سەرکۆماری جمهورییەتی پێنجەمی وڵاتی فرانسا. لەسەردەمی ئەودا ئەلجەزایر و چەند وڵاتێکی تری ژێردەستە سەربەخۆییان وەرگرت، هەروەها فرانسا توانی لە رێبازی (ئەتۆمی)دا پلەیێکی شایان بەدەست بهێنی. چینی میللیشی بە رەسمی بە دەوڵەت ناسی.

٤٤ ـ راسپۆتین (١٨٧٢ – ١٩١٠ز) *Raspouitin*

پیاوێکی بەناوبانگی کۆشکی نیکۆلای دووەمی قەیسەری رووسیا بوو. راسپۆتین دەیگوت خۆشبەختی مرۆڤ و رووحیی مرۆڤ بە جووڵانەوەی ئاینی تێکەڵ بە رابواردنی توخم بازی (جنس) بەدەست دێت. لەوڵاتی بولسك دا لە رووسیا لەدایك بووە و بە خاوەن توانای رووحی بێ وێنە ناوی دەرکرد. تا دوو جار کوڕەکەی قەیسەری لە نەخۆشیی (هیموفیلی) چارەکرد، ئەم چارەکردنە بووە هۆی پەرەسەندنی نرخ و رێزی

Scanned with CamScanner

لای قەیسەر و ژنەکەی. لەکاتێك دا وڵاتی رووسیا لە هەرا و دەردەسەری ماوەی پێش شەڕی یەکەمی جیهان دا بوو، کۆشك و دەربـاری قەیـسەری رووسـیا کـەوتبووە ژێـر فـەرمان هـەوەس بـازیی راسـپۆتین. چـەند گەورەپیاوێکی رووسیا درەمان خواردیان کرد بەڵام ژەهر کاری تێنەکرد، تا لەدواییدا بە گوللە کوشتیان کرد و لاشەکەیان فڕێدایە رووباری "توا"دوە.

٤٥ ـ رۆبسبێر (١٧٥٧ – ١٧٩٤ز) *Robesbierre*

یەکێکـە لـە پیـاوە ناودارەکـانی شۆڕشـی فڕانـسا، زانکـۆی "یاسـا"ی لـە پـاریس تەواوکردووە و بووە بە پارێزەر، لایەنگری بیروڕای ژان ژاك ڕوسۆ بـووە و بـەپێی بیروڕای تایبەتی خۆی باوەڕی بـە دیـن هـەبووە. لـە ئەنجامـدا لەلایـەن شوڕشـگێڕانەوە لـە گیـوتین (مقصلە) کوژراوە.

٤٦ ـ رۆمیل (١٨٩١ – ١٩٤٤ز)

فیلد مارشالی ئەڵمانییە، لە شەڕی یەکەم و دووەمی جیهانیدا بەشداربووە، لـە سـاڵی ١٩٣٢دا بووە بە پارێزەری تایبەتی هیتلەر، لە ١٩٤١ دا بووە بە فەرمانـدەی سپای ئـەڵمان لـە ئەفریقیا لە ساڵی ١٩٤٢دا بووە بە فەرماندەی سوپای ئەڵمان لە فڕانـسا و بـە بەشـداربوون لە کوشتنی هیتلەردا تاوانبار کرا، بۆیە زۆریان لێ کـرد کـە خـۆی دەرمـان خـوارد بکـات و خۆی بکوژێت. رۆمیل لە شەڕدا بە (ڕێوی بیابان) ناوبانگی دەرکرد.

٤٧ ـ رۆبنترۆپ (١٨٩٣ – ١٩٤٦ز)

وەزیری دەرەوەی سەردەمی هیتلەر بوو، لە دادگای نۆرینبورگ دا بڕیاری مردنی درا.

٤٨ ـ زاباتا "ئەملیانۆ" (١٨٧٩ – ١٩١٩ز) *Zapata*

لە ١٩٠١ز لەژێر دروشمی (زەوی و سەربەستی) بۆ شۆرش دەستی دایە چەك، لەساڵی ١٩١٤ تا ١٩١٥ سێ جار شاری مەکسیکۆی داگیرکرد. لەلایەن دەوڵەتەوە بە فێڵ کوژرا بە قارەمانێکی میللەتی مەکسیك ناسراوە.

٤٩ ـ زەغلوول "سعد" (١٨٥٠ – ١٩٢٧ز)

رابەری ئازادیخوازانی میللەتی میصر دژی ئینگلیزی داگیرکەر بوو، زۆر جـار لـە میـصر دوورخراوەتـەوە، سەرۆکی حزبی (الوفد) بوو. ساڵی ١٩٣٤ بوو بە سەرەك وەزیران ئەمەش دوای هەڵبژاردنی پەرلەمان. تا مـردن لە پێناوی ئازادیی میصردا هەر لە خەبات دا بوو.

٥٠ ـ ژاندارك (١٤١٢ – ١٤٣١ز) *Janndare*

لە (دومری) لەدایك بووە، قارەمانی میللەتی فڕانسا و زۆر بەدین بووە. لە ساڵی ١٤٢٩ز دا جل و بەرگی پیاوانەی لەبەرکرد لە پێناوی سەربەستیی فڕانسادا کەوتـە تێکۆشـانەوە و شـاری ئۆرلیـانی گـەمارۆدا، لای ئینگلیزەکـان بـە کـچی ئورلیـان بەناوبانگـە. لـە شـەڕێك دا بریندار کرا و لە رووداوی دا بە فێڵ لەلایـەن دەسـتەی (بورجنیـون)ەوە دەسـتگیرکرا و بـە ئینگلیزە داگیرکەرەکانی فڕانسایان فرۆشت. ئینگلیزەکانیش بەپێی بڕیاری کڵێسای بریتانیا لە گۆرەپانی بۆمارشێدا سووتاندیان.

Scanned with CamScanner

٥١ ـ سون یات سەن (١٨٦٦ – ١٩٢٥ز) *Sun Yat Sen*
سیاسەت زانێکە بەناوبانگی میللەتی چینە لەساڵی ١٩١٧ز دا بووە بە سەرکۆماری وڵاتی چین.

٥٢ ـ سپارتاکۆس *Spartacus*
لە ساڵی ٧١ی پێش زایین کوژراوە، سەرکردەی کیلە شۆڕشگێڕەکانی سەردەمی دەسەڵاتی رۆما بووە، لە سەری سرویل دا بە دەستی کراسوس کوژراوە.

٥٣ـ ستالین "یوسف ڤیسارونوڤچ" (١٨٧٩ – ١٩٥٣ز) *Stalina*
دوای ئەوەی چووە جەرگەی شۆڕشگێرانەوە ناوی خۆی نا ستالین وا پۆڵایین. لە سەرەتاوە لە قوتابخانەی ئایینی تفلیس خوێندی بەڵام دەرکرا، دوایی بۆو بە ئەندامی حزبی سوسیال دیموکراتی قەفقاسیا، پاشان حزبەکەی خۆی لەناو بەلشەفیك دا تواندەوە و بوو بە یەکێك لە باوەڕپێکراوانی لینین. لە ساڵی ١٩٢٢دا بوو بە سکرتێری حزبی کۆمۆنیست دوای مردنی لینین لەگەڵ کامنین و زینوبوف دا دەزگای رابەریان گرتە دەستەوە. لە ساڵی ١٩٢٧دا دوو دوژمنی هەرە گەورەی خۆی لەناوبرد یەکەمیان ترۆتسکی و دووەمیان زینوبوف. ئیتر بوو بە سەرۆکی بێپرسیاری سۆڤیەت. لە کۆبوونەوە بەناوبانگەکانی تاران یالتا، بوتسدام دا بەشداربووە. گەلێك توند و تیژ و دڵڕەق ناوبراوە. بە خوێن پژانی مێشك مردووە.

٥٤ ـ شیشەکلی
لە ١٩٠٠ لەدایك بووە، سیاسەت زانێکی خەڵکی سووریا بوو لە رێگەی هەڵگێرانەوەی سپاییدا ساڵی ١٩٥٣ بوو بە سەرکۆماری سووریا.

٥٥ـ طارق کوڕی زیاد
سەرلەشکری ئیسلام بوو وڵاتی ئیسپانیای داگیرکرد دوای ئەوەی لە دەریا پەڕییەوە چیایێکی داگیرکرد کە تاکو ئێستا هەر بەناوی ئەوەوەیە. ساڵی (١٠٢ك)مرد.

٥٦ـ عەبدوڵڵای کوڕی زوبێر
یەکێك لەو پێنج کەسانە کە بەیعەتی لە (یەزید) نەکرد. ساڵی (٧٣ك) لەلایەن حەججاجەوە کوژرا.

٥٧ـ عەبوڵڵای کوڕی زیاد (٢٨ – ٦٧ك)
سەرکردەیێکی سەردەمی یەزید بوو، کرا بە فەرمانڕەوای کووفە و عیراق. رووداوی بەناوبانگی کەربەلا و شەهیدبوونی ئیمام (حسێن) (ع) بە پیلانی ئەو ئەنجام دراوە. لەلایەن ئیبراهیمی کوڕی مالکی ئەشتەرەوە کوژراوە.

٥٨ ـ عرابی پاشا : (١٨٤٠ – ١٩١١ز)
ئەحمەد عرابی ئازادیخوازی میللەتی میصرە، لەم ڕووەوە هەر لە تێکۆشان دا بووە. ئینگلیزەکان بۆ دورگەی سیلان دووریان خستۆتەوە و لە ساڵی ١٩٠١ ز دا ئازادکراوە.

Scanned with CamScanner

٥٩- عەمری کوڕی عاص

فەرماندەی بەناوبانگی ئیسلام لە سەردەمی خەلیفایەتیی حەزرەتی عومەردا لەگەڵ ڕۆمییەکان دا لە شام شەڕی کردووە و وڵاتی میصری ئازادکردووە.

٦٠- فرانکۆ (١٨٢٢ -) *Franco*

ژەنراڵی بەناوبانگی ئیسپانیا، دەوڵەتێکی دکتاتۆریی (مطلق)ی پێك هێنا دوای ئەوەی ڕژێمی کۆماری ڕووخاند. بڕیاری دا تا مردن دەسەڵات بە دەستییەوە بێت، دوای مردنیشی دەسەڵات بگەڕێتەوە بۆ شا.

٦١- فردریکی گەورە (١٧١٢ز لەدایك بووە)

لەساڵی ١٧٤٠ز دا بووە بە شای برووسیا، وڵاتی نەمسای داگیرکرد، تێ کۆشاوە ڕۆشنبیری و زانین و هونەر و کشتوکاڵ و پیشەسازی لە وڵاتەکەیدا بڵاو ببێتەوە.

٦٢- فووشە "جۆزیف" (١٧٥٩ - ١٨٢٠ز) *Fooche. J*

سیاسەت ناسی ناسراوی وڵاتی فەرانسا لە سەردەمی ناپلیۆن دا بووە بە وەزیری پۆلیس. لە گەڕانەوەی سەد ڕۆژەی ناپلیۆن دا خیانەتی لێ کرد. دوای گەڕانەوەی بنەماڵەی بورون دیسان کرایەوە بە وەزیر.

٦٣- قوبیلای قائان (١٢١٢ - ١٢٩٤ز)

کوڕەزای جەنگیزخان بوو، دە ساڵ لەگەڵ باپیریدا لە شەڕەکانیدا بەشداری کردووە، دوای مردنی باپیری لەگەڵ براکەی دا لەسەر شایەتی تێك چوو، بەڵام بەسەریدا زاڵ بوو، پەکینی کردە پایتەخت. مارکۆ پۆلۆی زۆر خۆش دەویست.

٦٤- کاترینی گەورە (١٧٢٩ - ١٧٩٦ز)

لەتەمەنی پانزدە ساڵیدا بووە بە دەزگیرانی (پترۆس)ی ڕووسیا و بە درێژایی پانزدە ساڵیش لەگەڵیدا بە ئازار و ناڕێکی ژیاوە، لەدواییدا دەسەڵات و هێزی لە چنگ دەرهێنا و بۆ ماوەی سی و چوار ساڵ خۆی فەرمانڕەوایی وڵاتی ڕووسیای کرد، دڵداری کاترین لەگەڵ بۆ تەمکین و زۆر لە ئەفسەرەکانی بەناوبانگە. لەدواییدا دڵی وەستاوە و مردووە.

٦٥- کراسوس (١١٥ - ٥٣ پ. ز) *Carsus*

دەسەڵاتدار و فەرماندەیێکی ناسراوی ڕۆمانی بوو بە سەرکردەیی ئەو شۆڕشەکەی سپارتاکۆس کوژێندرایەوە.

Scanned with CamScanner

٦٦ـ کله مانسو (جۆرج) *Clemenceau*

سیاسەت زانی ولاتی فڕانسا لە ۱۹۰٦دا بوو بەسەرك وەزیران، لە ساڵی ۱۹۱۹دا کۆنفرانسی ئاشتی ڤرسای پێك هێنا.

٦٧ـ گاریبالدی "جۆزێ" *Garibaldi*

لەشاری (دنیس)ی ئیتالیا لەدایك بووە، لەساڵی ۱۸٤۹دا چووەتە ریزی شۆڕشگێرانەوە و توانی سپای فڕانسا بەرەو دوا بگەڕێنێتەوە. لەئەنجام دا دەستگیرکراو بۆ نیویۆرك دوور خرایەوە. لەساڵی ۱۸٥۳ دا گەڕاوەتەوە ئیتالیا.

٦٨ـ گاندی "مهاتما"

لەزانکۆکانی ئینگلیز دەرسی خوێندووە، لە سەرەتادا کە دەستی بە سیاسەت بازی کرد لە شاری (بۆمبای) و لە ئەفریقای خوارووداَ، دەربارەی مافی ئەو هیندیيانەی لەوێدا دەژیان تێکۆشا.

گاندی بە دیمەنی ئازادیی میللەتی هیندوستان دەژمێردرێت رێگەی تایبەتی بەربەرەکانێ و خەباتی گاندی لە پێناو ئازا دیدا بەناوبانگە، کە باوەڕی بە بەکارهێنانی زۆر و چەك و تەقەمەنی نەبوو، خواردنی تەنیا شیری ئەو بزنە بوو کە خۆی بەخێوی دەکرد. ساڵی ۱۹۲۲ ئینگلیزەکان بە شەش ساڵ بەندیخانە حوکمیان دا، بەلاَم دوو ساڵ تێ پەڕاند و ئازادکرا. لەئەنجامی خەباتی گەلی هیندستان دا بەرامبەریی گاندی و بەو شێوە تایبەتییەی کە باس کرا بەریتانیا ناچار بوو دان بە سەربەخۆیی هیندستان دا بنێ. لەساڵی ۱۹٤۸دا لەلایەن هاونیشتمانێکی خۆیەوە کوژرا.

٦۹ـ لافاییێت (۱۷٥۷ – ۱۸٤٤ز) *Lafayeitte*

لە شازادەکانی فڕانسا بوو، ویستی یارمەتیی گەلی ئەمریکا بدا دژی ئیستعماری ئینگلیز، بەلاَم لویسی شانزدەمین پلانەکەی بەدڵ نەبوو. لەگەڵ سیانزدە کەس بەرەو ئەمریکا کەوتە رێ و گەیشتە ڕووباری واشنگتۆن. دیسان گەڕایەوە فڕانسا و ئەم جارە خەلکێکی زۆری لەگەڵ خۆیدا بردە ئەمریکا بۆ پشتگیری شەڕکەرانی دژی ئینگلیز. لەدواییدا گەڕایەوە پاریس و لەوێدا مرد.

۷۰ـ لینین "ڤردمیر ئیلیچ" *Lenine*

دانەری گەورەترین شۆڕشی دنیای ئەمڕۆی مرۆڤە. کوڕی مامۆستاییێکی بێ ناوی خەلکی ڕووسیا بوو، لەکاتێك دا لە زانکۆی شاری (قازان) دەیخوێند، گیرا و بۆ سیبریا دوورخرایەوە. تەواوی نووسینەکانی کارل مارکسی بەلاوە گرنگ و بەرێز بوو کتێبێکی نووسی بەناوی (سەرمایەداری لە ڕووسیادا). ڕۆژنامەیێکی شۆڕشگێرانەی دەرهێنا و بە یارمەتیی بەلشەفیەکان توانی دەسەلاَت لە دەستی (کرنسکی) دەربهێنێ و لە ۱۹۱۷دا بوو بە یەکەم سەرۆکی دەوڵەتێکی سۆشیالیست لە دنیادا. لەساڵی ۱۹۱۸دا لەلایەن دوژمنانییەوە بریندار کراو لە ساڵی ۱۹۲٤دا مرد و لەشەکەی لە تەلاری (کرملین) پارێزراوە.

Scanned with CamScanner

٧١- لیوشاوچی (١٨٩٨ -) *Lin - Shaochi*

مارشاڵی سپای چین بوو، لەزانکۆی مۆسکۆدا خوێندوویەتی، لەساڵی ١٩٢١ز دا بووە ئەندامی حزبی کۆمۆنیست لە ڕێڕەوتە بەناوبانگەکەی چین دا بەشدار بووە لە ساڵی ١٩٥٩دا بووە بە سەرکۆماری چین. لە ساڵی ١٩٦٦دا لەلایەن ماوتسی تۆنگەوە لە چالاکیی خراوە.

٧٢- ماکاریوس (١٩١٥ -) *Makarios*

لە زانکۆی ئەثینا و بۆستنی ئەمریکا لەبەشی ئایین دا خوێندوویەتی و بووە بە قەشە. لە ساڵی ١٩٥٠دا بووە بە گەورەی قەشەکانی قیبرص "ئەسقوف" لەساڵی ١٩٥٩دا بووە بە سەرەك کۆماری قیبرص.

٧٣- مەترنیخ (١٧٧٥ – ١٨٥٩ز) *Metternich*

لە بیست و هەشت ساڵیدا بووە بە وەزیری فەرانساوی یەکەمی پاشای نەمسا. لە شۆڕشی ١٨٤٨ز دا چووەتە بەریتانیا لە ساڵی ١٨١٥ز دا خۆی لە کاروباری سیاسەت زوور خستۆتەوە و لەشاری ڤیەننا دا مردووە.

٧٤- محەمەد عەلی پاشا (١٧٦٩ – ١٨٤٩)

فەرماندەیێکی عوثماني بوو خەڵکی وڵاتی ئەلبانیا. لەساڵی ١٧٩٩دا لەگەڵ ناپلیۆن بەشەڕهات و لەلایەن ریش سپییکانی شاری قاهیرەوە بوو بە پاشای میصر، دەسەڵاتدارایی لە میصردا کردە میراتی بۆ کوڕ و نەوەکانی کە تا ساڵی ١٩٥٣ فەرمانڕەوای میصر بوون.

٧٥- میرابۆ

شۆڕشگێڕ و قسەبێژی شۆڕشی فرانسا بوو، لەبەر ئەوەیش بە منداڵی جوان بەخێو نەکرابوو، ڕەوشتی سەرسەریانە و نارێك بوو زۆر جار لە بەندیخانەدا گیراوە کە ماوەی ناو بەندیخانەکانی هانی داوە بخوێنەیتەوە و ببێتە خوێندەوارێکی چاك.

شای فرانسا بۆ ئەوەی بێ دەنگی بکات و لە ترسی زمانی ئەو هەرچی قەرزی هەبووە بژاردوویەتی، بەڵام میرابۆ قسەی خۆی هەر کردووە و میللەتی هان داوە بۆ ئازادی.

٧٦- ناصر "جمال عبدالناصر" (١٩١٨ -)

زانکۆی سەربازی تەواو کردووە و لەساڵی ١٩٨٤دا لە شەڕەکانی فەلەستین دا بەشداری کردووە، کاتێك کە لە پلەی سەربازی دا سەرهەنگ (عقید) بووە لەگەڵ ئەفسەرە شۆڕشگێڕەکانی میصردا یاسای پاشایەتیی (فاروق) یان لە ساڵی ١٩٥٣دا هەرووژاند و بووە بە سەرکۆماری میصر.

٧٧- نیرۆن (٣٧ – ٦٨ز) *Neron*

کلۆردیۆس کردییە کوڕی خۆی، ئیتر دوای مردنی لوو بە ئیمپراتۆری ڕۆم. لە سەرەتاوە ڕەفتاری نارێك نەبوو. ژنە دۆستەکەی هانیدا دایکی خۆی کوشت. پاش ماوەیێك شاری ڕۆمای سووتاند و شارێکی کەی هەر لەو جێیەدا دروست کردەوە. زوڵم و زۆرێکی زۆری لێ ڕوودا. لە دواییدا (گالبا) بوو بە ئیمپراتۆر، ئەویش لە داخا خۆی کوشت.

Scanned with CamScanner

٧٨ـ نەهرۆ (١٨٨٩ – ١٩٦٤ز) *Nehru*

لەشاری ئەڵلائابادی هیندستان لەدایك بووە، زانکۆی (هارۆ)ی بەریتانیای تەواو کردووە. دژی داگیرکەرانی ئینگلیز لەگەڵ پەیڕەوانی گاندی کەوتە تێ کۆشینەوە و شان بەشانی گاندی شۆڕشەکانی گەلانی هیندیان بەڕێوە دەبرد.

لە دە جار زیاتر بەندکراوە، بەسەریەکەوە ماوەی سیانزدە ساڵی لە بەندیخانە بەسەر بردووە. لە ساڵی ١٩٣٦دا کتێبێکی بەناوی (ژیانی من) نووسیوە کە لە تەواوی ئەورووپادا بلاوکراوەتەوە. لەدواییدا بوو بە سەرۆك وەزیرانی هیندستان.

٧٩ـ هۆشی مینە (١٨٩٠ –) *Hochi Minh*

سیاسەت زانی وڵاتی ڤێتنام، لە بیست ساڵیدا بووە بە مامۆستای قوتابخانە لە خوارووی ڤێتنام دا، پاشان لە کەشتییەك دا بووەتە یاریدەری چێشت کەر.. زۆر جێگای گەڕاوە، لەوانە شاری مارسی و نیویۆرك. چەند جار لەگەڵ لینین دانیشتووە و زۆر لە ترۆتسکی نزیك بووە. لە ئاکام دا بووە بە شۆڕشگێرێکی بەناوبانگ. ڕابەریی خەباتی گەلی ڤێتنامی کردووە دژی ئیستعماری فەڕانسا و ئیمپریالستی ئەمریکا.

٨٠ـ هیتلەر "ئەدۆلف" (١٨٨٩ – ١٩٤٥ز) *Hitler. A.*

لەشاری برنوی نەمسا لەدایك بووە، دوای ماوەیەك دەربەدەری لە شاری مونیخ جێگیربووە، لەشەڕی یەکەمی جیهان دا بەشداری کردووە لەساڵی ١٩٢٠دا لەگەڵ چەند کەسێك حزبی (نازی)یان دروست کرد. دوای کودتای سەرنەکەوتووی (بیرە فرۆشی) ساڵی ١٩٢٣ ز خرایە بەندیخانەوە و لەو ماوەیەدا کتێبی "خەباتی من"ی نووسی لەساڵی (١٩٢٥)ەوە تا ساڵی ١٩٣٣ی ز حزبی نازی پەرەی سەند ئەویش بوو بە فەرمانڕەوای بێ پرسی ئەو حزبە. دوای مردنی هەندنبرگ دەستی کردە (جوو) کوشتن و دامەزراندنی ئابووریی ئەڵمانیا و پرچەك کردنی سپا و لەشکرداری. تا لەساڵی ١٩٣٨دا نەمسای داگیرکرد، لەساڵی ١٩٣٩دا شەڕی دووەمی جیهانی هەڵ گیرساند و لەدوایی دا بە مەرگەموش خۆی لەگەڵ ژنە دۆشتەکەی دا خۆیان کوشت و فەرمانی دابوو کە دوای مردن لەشەکانیان بسوتێنن.

Scanned with CamScanner

پەیمانە بەناوبانگەکانی جیهان

١- ئاخن: ئینگلیز، فەرانسا، ئەڵمانیا، ئیسپانیا
٢- ئانزوس: ئوسترالیا، زیلاندی نوێ، ئەمریکا.
٣- آرنە الروم: ئێران و عوثماني.
٤- بالکان: یۆنان، تورکیا، یۆگسلاڤیا.
٥- پرسف لیتوڤیسك: ئەڵمانیا، رووسیا.
٦- پرسپورك: نەمسا، فەرەنسا.
٧- تورکمانجای: ئیران ، رووسیا.
٨- تیلیست: فەرانسا و رووسیا "ئەسکەندەری یەکەم و ناپلیۆن".
٩- سەعد ئاباد: ئیران، عیراق، تورکیا، ئەفغانستان.
١٠- سان ئەستیڤانۆ: رووسیا و عوثماني.
١١- سەنتۆ: ئیران، پاکستان، تورکیا، بەریتانیا.
١٢- سوور: فەرانسا، عوثماني، ئینگلیز.
١٣- سیتۆ: ئوسترالیا، فەرانسا، ئینگلیز، ئەمریکا، پاکستان.
١٤- سان ژەرمەن: نەمسا و هاوپەیمانەکان.
١٥- گوڵستان: ئیران، رووسیا.
١٦- فونتن بلو: دەوڵەتانی سەرکەوتوو – فەرانسا (ناپلیۆن).
١٧- کامبو فورمیو: نەمسا، فەرانسا.
١٨- کاتاکامیرزی: فەرانسا و ئیسپانیا.
١٩- وارشۆ: وڵاتی سۆشیالیست.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بیرکاری

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

ئەندازەگیری کێشانەکان

١- دەسیگرام = ١/١٠ گرام
٢- سانتی گرام = ١/١٠ گرام
٣- میلی گرام = ١/١٠٠ گرام
٤- دێکاگرام = ١/١٠٠٠ گرام
٥- هێکتۆ گرام = ١٠٠ گرام
٦- کیلۆگرام = ١٠٠٠ گرام
٧- تەن = ١٠٠٠ کیلۆگرام
٨- پاوند = ٤٥٣,٥٩ گرام
٩- پووت = ١٦٣٣٢ گرام
١٠- ئۆنسی ئینگلیزی = ١/٦ پاوند

ئەندازەگیری درێژایی

١- دێکامەتر = ١٠ مەتر
٢- هکتۆمەتر = ١٠٠ مەتر
٣- کیلۆمەتر = ١٠٠٠ مەتر
٤- دیسیمەتر = ١/١٠ مەتر
٥- سانتەمەتر = ١/١٠٠ مەتر
٦- ملیمەتر = ١/١٠٠ مەتر
٧- میل = ١٦٠٩,٤٤٧ مەتر = ١٧٦٠ یاردە
٨- یارد = ٣ پا

ئەندازەگیری رووپێو

١- مەتری چوارگۆشە (M^2)
٢- دیسیمەتری چوارگۆشە (DM^2)
٣- سانتیمەمەتری چوارگۆشە (CM^2)
٤- یەك سانتیمەمەتری چوارگۆشە = ١٠٠ میلیمەتری چوارگۆشە
٥- یەك دیسیمەتری چوارگۆشە = ١٠٠ سانتیمەتری چوارگۆشە
٦- یەك مەتری چوارگۆشە = ١٠٠٠٠ سانتیمەتری چوارگۆشە
٧- یەك ئینجی چوارگۆشە = ١٠٠ هکتاری چوارگۆشە
٨- یەك ئینجی چوارگۆشە = ٦,٤٥١ سانتیمەتری چوارگۆشە
٩- یەك یاردەی چوارگۆشە = ٠,٨٣٦١٣١ مەتری چوارگۆشە

زاراوەی ژمارەکردن

١- تەختە: بۆ دەوار (رەشماڵ) وقاڵی بەکار دەهێنرێت
٢- بەرگ: بۆ کتێب و کاغەز

٤- تیر: بۆ فیشەك

٥- حەلْقە: بۆ شتی خڕ

٦- دانە: بۆ گوێز و ئەوانەی بە ئاسانی دەژمێردرێت

٧- دەست: بۆ نوینی خەوتن، مۆبیلیا، جل و بەرگ

٨- دەزگا: بۆ تەلەفزیۆن و رادیۆ

٩- سەر: مەڕ و مالاّت.

١٠- ڕێز: بۆ مرواری و زەنگیانە و شتی ورد

بیرکاری زانانی بەناوبانگ

١- ئەبورەیحانی بیروونی: (٣٦٢ – ٤٤٠ك).

٢- ئیبل: (١٨٠٢ – ١٨٢٩ز) – *Abec* خەلْکی نەمسا بووە.

٣- ئالامبەر: (١٧١٧ – ١٧٨٣ز) – *Alambert* خەلْکی فەرەنسا بووە.

٤- ئاپۆلۆنیوس: سەدەی سێیەمی پێش زایین *Apolonius*

٥- ئەبو نەصری عراق: سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی مانگی، خەلْکە عیراق بووە.



ئەرشمیدس

٦- ئەرشمیدس: (٢١٢ – ٢٨٧ پ. ز) یۆنانی بووە. *Archimede*

٧- ئەقلیدس: (٢٨٣ – ٢٨٦ پ. ز) یۆنانی بووە. *Euclide*

٨- ئوولەر "لیۆنارد": (١٧٠٧ – ١٧٨٣ز). خەلْکی سویسرا بووە *Euler*

٩- برتران "جوزێف": (١٨٢٢ – ١٩٠٠ز) فەرانساوییە.

١٠- بوقرات: (سەدەی پێنجەمی پێش زایین) *Hippocrates* یۆنانی بووە.

١١- بیلترامی "ئوجۆن": (١٨٣٥ – ١٩٠٠ز) *Beltrami* ئیتالیایی بووە.

١٢- بۆرەل: (١٨١٧ – ١٩٥٦ز) *Borel* فەرانساوی بووە.

١٣- باسکال "بلز": (١٦٢٣ – ١٦٦٢ز) *Poscal*.

١٤- پلنوە "پل": (١٨٦٣ – ١٩٣٣ز) فەرانساوی بووە *Palnleve*.

ئەقلیدس

١٥- پوانکارە "هەنری": (١٨٤٠ – ١٩٣٤ز) فەرانساوی بووە *Polncare-H*.

١٦- پیکارد "ئەمیل": (١٨٥٦ – ١٩٤١ز) *Picard* فەرانساوی بووە.

١٧- خەییام: لە ٥٣٦ ك مردووە؛ ئیسلامە.

١٨- دزارك "ژرار": (١٥٩٣ – ١٦٦٢ز) *Desark* خەلْکی فەرانسایە.

١٩- دومۆرگان "ئوگاستس" *Demorgan* بریتانیاییە.

٢٠- دیوجانس: (٣٢٣ – ٤١٣ پ. ز) *Diogenes* یۆنانی بووە.

٢١- روبرڤال: (١٤٠٢ – ١٤٧٥ز) *Roberval* فەرانساوی بووە.

٢٢- ریمان "برتهار": (١٨٢٦ – ١٨٦٦ز) *Riemamn* ئینگلیز بووە.

باسکال

٢٣- ژوردوان "کامی": (١٨٣٨ – ١٩٢٢ز) *Jordan* فەرانساوی بووە.

٢٤- غلام حسین "چونبوری" خەلْکی هیندستان و لە ١٢٧٠ك دا مردووە.

٢٥- خزاری "محمد کوڕی ئیبراهیم" لەساڵی ١٨٣ك دا ژیاوە.

٢٦- فیرما "پیردو" (١٦٠١ – ١٦٦٥ز) *Fermmat* خەلْکی فەرانسا بووە.

٢٧- فیتنز جیرالد "جۆرج" (١٨٠٩ – ١٨٨٣ز) *Fitz Gerald* خەلْکی ئیرلەندە بووە.

٢٨- کارنۆ "سادی" (١٧٩٦ – ١٨٣٢ز) فەرانساوی بووە.

Scanned with CamScanner

پوانکاره

٢٩- کانتۆر "جۆرج" (١٨٤٥ - ١٩١٨ز) *Cantor* دانیمارکییه.
٣٠- کیلرو "ئەلەکسی" (١٧١٣ - ١٧٦٥ز) فرانساوییه.
٣١- کرونکەر "لیوپۆلد" (١٨٢٣ - ١٨٩١ز) *Kronecker*.
٣٢- کوشی "ئوگوستن" (١٧٨٩ - ١٨٥٨ز).
٣٣- کوشیار "ابو الحسن بن لبان" لە سەدەی چوارەمی کۆچیدا ژیاوە.

دومۆرگان

٣٤- کومەر "ئەدوارد" (١٨١٠ - ١٨٩٣ز) *Kommer. A* ئەڵمانیاییە.
٣٥- کەنت "ئۆگست" (١٧٩٨ - ١٨٥٧ز) *Conte. A*
٣٦- گاساندی: (١٥٩٣ - ١٦٥٥ز) *Gassandi* فرانساوییە.
٣٧- گالوا "ئاواریست" لە ساڵی ١٨٣٢ز دا مردووە *Galois. E.* خەڵکی فرانسایە.
٣٨- گراسمان "هەرمان" (١٨٠٩ - ١٨٧٧ز) *Grasman* خەڵکی ئەڵمانیاییە.
٣٩- گائوس " شارل فردریك" *Gauss. F* خەڵکی ئەڵمانیا بووە.
٤٠- لفلەر "میتال
٤١- لاگرانژ "جوزێف": (١٧٣٦ - ١٨١٣ز) *Lagrange* فرانساوییە

بوقرات

٤٢- ": (١٨٤٦ - ١٩٢٧ز) خەڵکی سوێد بووە.
٤٣- لوباجفسکی "نیکۆلا ئیڤانوڤیچ" *Lobachevski* خەڵکی رووسیا بووە.
٤٤- لویس کارل: (١٨٣٢ - ١٨٩٣ ز) خەڵکی بریتانیا بووە.
٤٥- مارسن "مارن": (١٥٨٨ - ١٦٤٨ز) *Marsnne* فرەنساوییە.
٤٦- ماکس وێل "جێمز": (١٨٣١ - ١٨٧٩) *Maxwell. T.C* خەڵکی سکۆتلەندیە.
٤٧- مۆنژ "کاسبار": (١٧٤٦ - ١٨٧٩ز) *Monge* فرانساوییە.
٤٨- مینکۆفسکی "هەرمان": (١٨٦٣ ت ١٩٠٩ز) خەڵکی لیتوانیای روسیا بووە.

هویگنس

٤٩- وایرشتراس "شارل": (١٨٠٥ - ١٨٩٧ز) خەڵکی ئەڵمانیا بووە.
٥٠- ڤریت "فرانسوا" *Viete.F* لە سەدەی شانزدە ژیاوە و خەڵکی فرانسا بووە.
٥١- هالفن: (١٨٤٤ - ١٨٨٩ ز) *Halphen* ئەڵمانیایی بووە.
٥٢- هاملتۆن "ولیام" (١٨٠٥ - ١٨٦٥ز) *Hamilton* خەڵکی سکۆتلەندە بووە.
٥٣- هەرمیت "شارل" *Hermet. Ch* لە سویسرا لە ١٨٢٢ لەدایك بووە.
٥٤- هویگنس: (١٦٢٩ - ١٦٩٥ز) *Hoygens* هۆڵەندییە.
٥٥- هیپاتێ" (٤١٥ - ٣٧٠ پ. ز) *Hypatie* خەڵکی شاری ئەسکەندەرییە
٥٦- بووە و کچێکی گەلێك روخسار شرین و شۆخ و شەنگ بووە.

Scanned with CamScanner

حیسابی ئه بجەر

ئەم حیسابە جاران بۆ ژمارە بەکاریان دەهێنا و پێشی دەڵێن حیسابی جەمەل. هەر پیتێك نوێنەری ژمارەیەکە، بە کۆکردنەوەی ئەم پیتانە ژمارەیەك دێتە دی. بێ گومان پیتەکانیش پیتی زمانی عەرەبین وەکو ئەمانە:

أ	ب	ج	د	ه	و	ز	ح	ط	ي
١	٢	٣	٤	٥	٦	٧	٨	٩	١٠

ك	ل	م	ن	س	ع	ف	ص	ق
٢٠	٣٠	٤٠	٥٠	٦٠	٧٠	٨٠	٩٠	١٠٠

ر	ش	ت	ث	خ	ذ	ض	ظ	غ
٢٠٠	٣٠٠	٤٠٠	٥٠٠	٦٠٠	٧٠٠	٨٠٠	٩٠٠	١٠٠٠

Scanned with CamScanner

فيزيا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ژمارەی نەگۆڕی قورسایی تایبەتی هەندێك ڕەگەز

١- ئەلکول "کحول" ١٥ C	٠,٧٩
٢- ئەلەمنیۆمی خاوێن	٢,٧٠
٣- لۆکە	١,٥٠ — ١,٤٧
٤- بانزین لە گەرمی ١٥ C	٠,٦٨ — ٠,٧٠
٥- کۆنکریت	١,٨٠ — ٢,٤٥
٦- برونز	٧,٤٠ — ٨,٩٠
٧- کەرێ	٠,٨٤٣
٨- سولوئید	١,٢٨
٩- سەهۆڵ لەگەرمیی ٥ C	٠,٨٨ — ٠,٩٢
١٠- ئاسنی خاوێن	٧,٨٨
١١- خۆڵی وشك	١,٦٠ — ١,٩٠
١٢- شووشە	٢,٤٥ — ٢,٧٢
١٣- زێری خاوین	١٩,٣٣
١٤- گرافیت	١,٩٠ — ٢,٣٠
١٥- لاستیکی وشراو	١,١٥
١٦- دار بەڕوو	٠,٦٦ — ٠,٨٣
١٧- زوخاڵی (ڕەژوو)	٠,٢
١٨- چەرمی وشك	٠,٨٦
١٩- مەمەڕ	٢,٥٢ — ٢,٨٢
٢٠- نیکڵ	٨,٣٥
٢١- پاراڤین	٠,٧٤ — ٠,٩١
٢٢- نەوت	٠,٨٧ — ٠,٨٢
٢٣- زێری سپی	٢١,١٥
٢٤- چینی	٢,٢٠ — ٢,٥٠
٢٥- جیوە	١٣,٥٩
٢٦- زیو	١٠,٤٢ — ١٠,٥٣
٢٧- پۆڵا	٧,٨٥ — ٧,٨٧
٢٨- بەردی زوخاڵ	١,٢٠ — ١,٥٠
٢٩- ئاو لە ٤ C	٠/١٠٠
٣٠- چیمەنتۆ	٠,٨٢ — ١,٩٠
٣١- قەڵایی	٧,٢٠ — ٧,٥٠

Scanned with CamScanner

قورسایی تایبەتی هەندێك لە گاز و هەڵمەكان
لە سفر پلەی گەرمیدا و لە پەستانی ٧٦سم دا

١- هایدرۆجین	٠,٠٦٩٢٧
٢- ئۆكسیدی كاربۆن	٠,٩٩٧٣
٣- ئازۆت	٠,٩٤٧
٤- ئۆكسجین	١,١٠٥٤
٥- ئەسید كلۆردریك	١,٢٦١٢
٦- گاز كاربنیك	١,٥٢٩١
٧- هەڵمی ئاو	٠,٦٢٢٣
٨- ئامۆنیاك	٠,٥٩٢
٩- ئەستیلین	٠,٩١
١٠- بای وشك	١
١١- ئەسید سولفەریك	١,١٧٥
١٢- گازی سولفەر	٢,٢٥٠
١٣- ئەسید فلۆریدیك	٢,٣٧
١٤- كلۆر	٢,٤٢٢
١٥- سلفۆر كاربن	٢,٦٤٤
١٦- هەڵمی گۆگرد	٦,٦١٧
١٧- هەڵمی جیوە	٦,٩٤
١٨- هەڵمی ئەلكول (كحوول)	١,٦٠١

Scanned with CamScanner

خاڵی کوڵان و تاواندنەوەی هەندێك رەگەز لە مەرجێکی سروشتیی "پەستانی هەوادا"

ژ	ناو	خاڵی کوڵان لە چ پلەیەك دا	خاڵی تواندنەوە لە چ پلەیەك دا
١	هیدرۆجین	-٢٥٩	-٢٥٢,٥
٢	ئۆکسجین	-٢٢٧	-١٠٢,٥
٣	ئازۆت	-٢١٠	-١٩٣
٤	ئەسید کلۆرودریك	-١١٠	-٨٥
٥	ئەسید کاربۆنیك	-٧٩	-٧٨
٦	ئامۆنیاك	-٧٨	-٣٨,٥
٧	کلۆر	-١٠٢	-٣٣,٤
٨	ئەسید سولفۆرو	-٧٣	-١٠
٩	سولفۆر کاربۆن	-١١٣	٤٦,٢
١٠	کلۆرۆفۆرم	-٦٤	٦١
١١	ئەلکول "کحوول"	-١١٨	٧٨,٣
١٢	ئەسید ئازۆتیك	-٤١,٣	٨٦
١٣	ئاو	٠	١٠٠
١٤	نەفتالین	-٨٠	٢١٨
١٥	فسفۆر	٤٤	٢٩٩
١٦	گلیسرین	-١٩	٢٩٠,٤
١٧	پارافین	٥٤	٣٠٠
١٨	ئەسید سولفەریك	١٠,٤٩	٣٣٨
١٩	جیوە	-٣٩	٣٣٨
٢٠	گۆگرد	١١٣	٤٤٤١٦
٢١	قەڵایی	٢٣١,٨	٢٢٧٠

Scanned with CamScanner

زانا بەناوبانگەکانی فیزیا لە جیهان دا

ئامپێر

هێرتز

ئیفل

ئینشتاین

١- ئابە "ئەرنست": (١٨٤٠ – ١٩٠٥ز) *Abbe* خەڵکی ئەڵمانیایە.

٢- ئات وود "جۆرج": (١٧٤٦ – ١٨٠٧ز) *Atwood* خەڵکی بریتانیایە.

٣- ئادیر: (١٨٤١ – ١٩٢٥ز) *Adeer* خەڵکی فڕانسە بووە.

٤- ئارسنڤال "ئاسن": (١٨٥١ – ١٩٤٠ز) *Arsonval* خەڵکی فڕانسە بووە.

٥- ئاراك رایت "ریچارد": (١٧٣٢ – ١٧٩٢ز) *Arkwright*.

٦- ئاندرسۆن "کارل": (١٩٩١_ ١٩٠٥ز) لەدایك بووە *Anderson* خەڵکی ئەمریکا بووە.

٧- ئاندریوز "تۆماس": (١٨١٣ – ١٨٨٦ز) *Andrews. T.* خەڵکی بەریتانیا بووە.

٨- ئەنگستڕۆم "ئەندرس": (١٨١٤ – ١٨٧٤ز) *Angstrom* خەڵکی وڵاتی سویسرایە.

٩- ئامپێر "ئەندرێ": (١٧٧٥ – ١٨٤٦ز) *Ampere* خەڵکی فڕانسایە.

١٠- ئادیسۆن "تۆماس": (١٨٤٧ – ١٩٣١ز) *Edison* خەڵکی ئەمریکا بووە.

١١- ئاپلتۆن "ئەدوارد": (١٨٩٢ز بووە) *Appleton* خەڵکی بریتانیا بووە.

١٢- ئۆپنهایمەر "ڕۆبەرت": (لە ١٩٠٤ لەدایك بووە) *Oppenhaimer* خەڵکی ئەمریکایە.

١٣- ئۆهیم "زیمون": (١٧٨٧ – ١٨٥٤ز) *Ohm* خەڵکی ئەڵمانیایە.

١٤- ئیفل: (١٨٣٢ – ١٩٢٣ز) *Eiffel* فڕانساییە.

١٥- ئینشتاین "ئەلبەرت": (١٨٧٩ – ١٩٥٥ز) *Enstein* ئەڵمانییە.

١٦- براگ: (١٨٦٢ – ١٩٤٢ز) *Bragg* خەڵکی بەریتانیا بووە.

١٧- براون "فون": خەڵکی ئەڵمانیا بووە و لەساڵی ١٩١٢ لەدایك بووە.

١٨- بروگلی "مۆرێ": (١٨٧٥ – ١٩٦٠ز) *Broglie* فڕانساییە.

١٩- بکرل "هانری": (١٨٥٢ – ١٩٠٨ ز) *Bccquerel*.

٢٠- بیلّ "گراهام": (١٨٤٢ – ١٩٢٩ز) *Bell* خەڵکی ئەمریکا بووە.

٢١- بنز "کارل" : (١٨٤٤ – ١٩٢٩ز) *Benz* خەڵکی ئەڵمانیا بووە.

٢٢- بۆرن "ماکس": (١٨٨٢ – ١٩٥٤ز) خەڵکی ئەڵمانیا بووە.

٢٣- پۆیل "ڕۆبەرت": (١٦٢٧ – ١٦٩١ز) *Poyle* خەڵکی بەریتانیا بووە.

٢٤- بێرد "جان" : (١٨٨٨ – ١٩٤٦ز) *Baird* خەڵکی ئوسکوتلەندە بووە.

٢٥- پاوڵ "سیسیل" (لەساڵی ١٩٠٣ لە دایك بووە *Powell* خەڵکی بەریتانیا بووە.

٢٦- تالبۆت "فوکس": (١٨٠٠ – ١٨٧٧ز) *Talbot* خەڵکی ئێرلەندە بووە.

٢٧- تۆمسۆن "ولیام": (١٨٢٤ – ١٩٠٧ز) *Thomson* خەڵکی ئێرلەندە بووە.

٢٨- چادویك "جێمز": (١٨٩١ -) *Chadwick* خەڵکی بەریتانیایە.

٢٩- دالتۆن "جان": (١٧٦٦ – ١٨٤٤ز) *Dalton* خەڵکی بەریتانیا بووە.

٣٠- دوبردی "برنس": لە ساڵی ١٨٩٢ لەدایك بووە *Dn. Broglie* خەڵکی فڕانسایە.

٣١- دۆپلەر "کریستیان": (١٨٠٣ – ١٨٥٣ز) *Doppler* خەڵکی سویسرا بووە.

٣٢- ڕامان "سێر چاندرا سکارا ونکاتا" لەساڵی ١٨٨٨دا لەدایك بووە *Raman* خەڵکی هیندستانە.

Scanned with CamScanner

٣٣- ريوموور "رانێ": (١٦٨٣ – ١٧٥٧ز) *Reaumur* فڕانسايی بووه.

٣٤- رايت "ئۆرێل": (١٨٧١ – ١٩٤٧ز) *Wright* خەڵكی ئەمريكا بووه.

٣٥- رۆنكتون "وليام": (١٨٤٥ – ١٩٢٣ز) *Rongton* خەڵكی ئەڵمانيا بووه.

٣٦- ريتر "جان": (١٧٧٦ – ١٨١٠ز) *Ritter* خەڵكی ئەڵمانيا بووه.

٣٧- زپيلن "فردينانفن": (١٨٣٨ – ١٩١٧ز) *Zeppelin*.

٣٨- ژانسن "جۆل": (١٨٢٤ – ١٩٠٧ز) *Janssen* فڕانسايی بووه.

٣٩- سێكچی "ئانژلو": (١٨١٨ – ١٨٧٨ ز) *Secchi A.* خەڵكی ئيتاليا بووه.

٤٠- فابری "شارل": (١٨٦٨ – ١٩٤٥ز) *Fabry ch.* خەڵكی فڕانسا بووه.

نۆهيم

٤١- فارنهايت "گابرێل": (١٦٨٤ – ١٧٣٤ز) *Fahrenheit G.* خەڵكی ئەڵمانيا بووه.

٤٢- فرمی "ئەنريكۆ": (١٩٠١ – ١٩٥٤ز) *Fremily* ئيتاليايی بووه.

٤٣- كووری "ماری ئەسكلو دوسكا": (١٨٦٢ – ١٩٣٤ز) *Curie* پۆلۆنی بووه.

٤٤- گرام "زنووب": (١٨٢٦ – ١٩٠١ز) *Gramme* خەڵكی بلژيكا بووه.

٤٥- گوتەنبێرگ "يۆهان" *Gutenberg* خەڵكی ئەڵمانيا بووه.

٤٦- لاوڕانس "ئەرنست نورلاند" *Lawrence* خەڵكی ئەمريكايە و لە ١٩٠١ دا لەدايك بووه.

٤٧- ماخ "ئەرنست": (١٨٣٨ – ١٩١٦ز) *Mach* خەڵكی نەمسا بووه.

٤٨- ماركۆنی: (١٨٧٤ – ١٩٣٧ز) *Marconi* خەڵكی فڕانسا بووه.

ئاندرسۆن

٤٩- نيوتۆن "ئيسحاق": (١٦٤٢ – ١٧٢٧ز) *Newton* خەڵكی بەريتانيا بووه.

٥٠- وات "جێمس" (١٧٣٦ – ١٨١٩ز). *Wait J.* خەڵكی بەريتانيا بووه.

٥١- ويلسۆن "چارلز" *Wilson* خەڵكی بەريتانيا بووه لە ساڵی ١٨٩٤ز دا لەدايك بووه.

٥٢- هێرتز "هێنری": (١٨٥٧ – ١٨٩٤ز) *Hertiz* خەڵكی ئەڵمانيا بووه.

٥٣- هێنری "جوزێف": (١٧٩٩ – ١٨٧٩ز) *Henry* ئەمريكايی بووه.

٥٤- هوك "رابرت": (١٦٣٥ – ١٦٨٢ز) *Hook* خەڵكی بەريتانيا بووه.

٥٥- يوكاوا "هيدكسی" خەڵكی ژاپۆنە "يابان" لە ١٩٠٧دا لەدايك بووه.



ئاديسۆن

برۆگلی

لاورانس

Scanned with CamScanner

رئومور

گوتنبرگ

نیوتن

Scanned with CamScanner

داهێنان و خەڵاتی نۆبل و دەستکردە بەناوبانگەکان

Scanned with CamScanner

داهێنان و دەستکردە بەناوبانگەکان

ژ	دروست کراو	ساڵی دروست کردن	ناوی داهێنەر	وڵات
١	نافتومات	١٩٠٤	وستینهاوس	ئەمەریکا
٢	ئەلەمنیۆم (دەرهێنانی بە کارەبا)	١٨٨٦	هۆل	ئەمەریکا
٣	ئەتۆم "تیووریی تەڤینەوە"	١٩١٩	رترفورد	بەریتانیا
٤	ئەتۆم و ئەلەکترۆن "تیوزری"	١٨٠٣	دالتۆن	بەریتانیا
٥	ئەنتین "ئەریەل"	١٧٩٥	پوپوف	رووسیا
٦	باسی کارەبایی	١٨٨٤	واندیل	ئەمریکا
٧	ئۆتۆمبیلی گازوێل	١٨٨٧	دایملەر	ئەڵمانیا
٨	ئۆتۆمبیلی کارەبایی	١٨٩٢	مۆرین	ئەمریکا
٩	ئۆتۆمبیلی بەهێزی هەڵم	١٨٨٩	رۆبەر	ئەمریکا
١٠	ستارت ئەسانسۆر (مصعد)	١٩٢٦	لارمون	ئەمریکا
١١	تیشکی X	١٨٨٥	رونتگن	ئەڵمانیا
١٢	شەپۆلی ئەلەکتریکی "تیوری"	١٨٨٨	هێرتز	ئەڵمانیا
١٣	باڵۆن	١٧٨٢	موتگولفیمە	فرانسا
١٤	بیستۆك "سماعە"	١٩٢٤	رایس کلۆك	ئەمریکا
١٥	پەروانە کەشتی	١٨٠٤	استیونسن	ئەمریکا
١٦	پردی ڕاوەستام (جسر معلق)	١٧٩٦	فینلی	ئەمریکا
١٧	پیانۆ	١٧٠٩	کریستوفوری	ئیتالیا
١٨	تانك "دبابە"	١٩١٤	رۆنبتن	بەریتانیا
١٩	تراکتۆر	١٩٠٠	هالت	ئەمریکا
٢٠	برێکی ئەسانسۆر "مصعد"	١٨٥٢	ئوتیس	ئەمریکا
٢١	تفەنگی دووربین دار	١٨٩١	فیسك	ئەمریکا
٢٢	تەلسکۆب	١٦٠٩	گالیلۆ	ئیتالیا
٢٣	تەلیفۆنی بێ تەل	١٨٩٩	کالنس	ئەمریکا
٢٤	تەلیفۆن	١٨٧٦	گراهام بێل	ئەمریکا
٢٥	تەلەفزیۆن	١٩٢٦	بێرد	سکۆتلەندە
٢٦	تەلگراف	١٧٣٢	مورس	ئەمریکا
٢٧	جۆشکاری کارەبایی (ولدن)	١٨٧٧	تامسون	ئەمریکا
٢٨	چاپ	١٤٠٦	گۆتەنبێرگ	ئەڵمانیا
٢٩	مەکینەی دوورمان	١٨٢٩	پارتلمی تیمۆنی	فرانسا
٣٠	پایسکل "دووچەرخە"	١٨٤٢	مەك میلان	سکۆتلەندە
٣١	دووربینی سینەما	١٨٩٣	ئەدیسۆن	ئەمریکا
٣٢	دفرانسیالی ئۆتۆمبیل	١٨٩٥	بینن	ئەڵمانیا
٣٣	قازانی هەڵم "مەنجەڵی هەڵم بەست)	١٧٠٥	نیکمەن	بەریتانیا
٣٤	دینامۆ	١٨٦٩	زنووب گرام	بلژیك
٣٥	رادار	١٩٢٢	تیلورویونگ	ئەمریکا

Scanned with CamScanner

٣٦	رادیۆ	١٨٩٥	ماركۆنی	ئیتالیا
٣٧	رادیۆم	١٨٩٧	پێیر و مەدام كوری	فرانسا
٣٨	زیبلن	١٩٠٠	زیبلن	ئەڵمانیا
٣٩	سەعات "كاتژمێر"	١٠٠ پ. ز	ئەندرۆنیكۆس	یۆنان
٤٠	شیری وشك	١٨٥٦	بردن	ئەمریكا
٤١	ئەندازەی نێوان زەوی و خۆر	پێش زایین	هیبارك	یۆنان
٤٢	فۆتۆگراف	١٨٥٦	سكۆت	ئەڵمانیا
٤٣	كاغەز لەدار دروست كردن	١٨٨٤	راڵ	ئەڵمانیا
٤٤	كەشتی هەڵم گێر	١٧٨٣	ژیوفیرۆ	فرانسا
٤٥	كۆمباین	١٨٤٨	ولاسنكور	رووسیا
٤٦	كوورەی تاواندنەوەی ئاسن	١٨٦١	زیمنس	ئەڵمانیا
٤٧	گرامافۆن	١٨٨٦	برلێز	ئەمریكا
٤٨	سەماعەی دكتۆر	١٨١٩	لانە	فرانسا
٤٩	تایەی لاستیك "چەرخی چووپ دار"	١٨٨٩	دانلوب	ئێرلەندە
٥٠	لاستیكی دەستكرد	١٩٣١	هیل	بەریتانیا
٥١	گلۆپ "چرای كارەبا"	١٨٧٩	ئەدیسۆن	ئەمریكا
٥٢	قەتار "شەمەندەفەر"	١٨٠١	تروتیك	ئەمریكا
٥٣	چاپی دەست (طابعة)	١٨٦٤	هورمز	نەمسا
٥٤	رەشاش "مەتریلۆز"	١٨٦١	كاتلنیك	ئەمریكا
٥٥	مێشكی ئەلەكتریكی	١٩٤٢	موچلی واكرت	ئیتالیا
٥٦	موتورسكیلت	١٨٨٥	رایملەر	ئەڵمانیا
٥٧	گەمی پێو	١٥٩٣	گالیلۆ	ئیتالیا
٥٨	گەرمی پێوی پلەی فەهرەنهایت	١٧١٤	فەهرەنهایت	ئەڵمانیا
٥٩	میكرۆسكۆب (مركب)	١٥٦٠	جانسون	هۆڵەندە
٦٠	ئەندازەگیری با (بارومەتر)	١٦٤٣	توریچەللی	ئیتالیا
٦١	میكرۆفۆن	١٨٧٧	برلیز	ئەمریكا
٦٢	نسبیە "تیوری"	١٩٠٥	ئەنیشتاین	ئەڵمانیا
٦٣	نتوین "تیوری"	١٩٣٢	چاودیك	بەریتانیا
٦٤	دەمانچەی بروانینگ "چواردەخۆر"	١٩١٦	لانگسلی	ئەمریكا
٦٥	دەمانچەی بەكرە	١٩٣٣	كیلت	ئەمریكا
٦٦	هلیكۆپتەر	١٩٣٩	سیكۆرسكی	ئەمریكا
٦٧	فرۆكە	١٨٦٩	جووتە برا رایت	بەریتانیا
٦٨	فرۆكەی جێت	١٩٣٠	وتیل	ئەمریكا
٦٩	بەفرگری كارەبا (ثلاجة)	١٨٦٨	دیڤید	ئەمریكا

Scanned with CamScanner

پاداشتی نۆبل بۆ زانایانی فیزیا

ساڵ	ناوی زانا	وڵات	دەربارەی
١٩٠١	ویلهلم کۆنراد	ئەڵمانیا	دۆزینەوەی تیشکێك کە بەناوی خۆیەوە ناونرا
١٩٠٢	١- هێنریك ئەنتوان	هۆڵەندە	چۆنیەتی موغناتیس لەگەڵ تیشکدا.
	٢- پیتەر زیمان	هۆڵەندە	
١٩٠٣	١- ئەنتوان هانری بێکرل	فڕانسا	ڕادیۆ ئەکتیف
	٢- پییر کوری	فڕانسا	
	٣- ماری کوری	فڕانسا	
١٩٠٤	لورد جان ولیام سترایت رایلی	بەریتانیا	دۆزینەوە "ئارگۆن"
١٩٠٥	فیلیپ ئەدوارد	ئەڵمانیا	تیشکە "کاتود"
	ئەنتوان خۆن لەنارد		
١٩٠٦	جوزێف جان تامسون	بەریتانیا	ڕێ نیشان دانی کارەبا بە بۆنەی گازەوە.
١٩٠٧	ئەلبەرد ئەبرهام میکسون	ئەمریکا	دروست کردنی چەند دەزگا و نامێری ورد و ناسك بۆ چاو.
١٩٠٨	گابرێل لیپمان	فڕانسا	دۆزینەوەی ڕەنگەکان لە هونەری وێنەگەریدا.
١٩٠٩	١- گوگیلمو مارکۆنی	ئیتالیا	بێتەل
	٢- کارل فردیناند.	ئەڵمانیا	
١٩١٠	یۆهانس دیدیرك واندز والس	هۆڵەندە	چۆنیەتی تەرازووبوونی نێوان گاز و تواوەکان.
١٩١١	ویلهلم وین	ئەڵمانیا	یاساکانی تیشکە گەرمەکان
١٩١٢	نیلس گۆستاف دالن	سوێد	دروست کردنی (گولاتو)ی خۆکار.
١٩١٣	هایکە کامێرلینك ئاونس	هۆڵەندە	کەسایەتیی ماددە لەگەرمای کەم دا.
١٩١٤	ماکس فۆن لوید	ئەڵمانیا	دۆزینەوەی شکاندنەوەی تیشك لە ڕێگای کریستاڵەوە.
١٩١٥	١. سێر ولیام هێنری براگ	بەریتانیا	لێك کردنەوەی هاوبەستەکی (بلوور) بەتیشکە نەناسراوەکان.
	٢. ولیام لاورانس براگ	بەریتانیا	ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهان.
١٩١٦	بۆ ساڵی داهاتوو هەڵگیرا.		
١٩١٧	گلاوێر بارکلا چارلز	بەریتانیا	دۆزینەوەی تیشکی (کۆنتا).
١٩١٨	ماکس کارل ئەرنست	ئەڵمانیا	دۆزینەوەی (دوپلر) لە تیشکی (کانالی)دا.
١٩١٩	یۆهانس ستارك	ئەڵمانیا	دەربارەی ئەندازەگیری لە فیزیادا.
١٩٢٠	ئەدوارد شارڵ گیوم	فڕانسا	تیووریی نسبیە
١٩٢١	ئەلبەرت ئەنیشتاین	ئەڵمانیا	دەربارەی تیشکەکانی ئەتۆم
١٩٢٢	نیلسن بووهەر	دانیمارك	چارج کردنی کارەبا
١٩٢٣	راپرت ئەندروز میلکان	ئەمریکا	تیشکی ئیکس
١٩٢٤	کارل مان جۆرج زیگباهن	سوێد	دەربارەی ناسۆی تیشك
١٩٢٥	١. جێمس فرانك	ئەڵمانیا	
	٢. گۆستاف هێرتز	ئەڵمانیا	کاری (ڕۆڵی) ئەلەکترون بەرامبەر بە ئەتۆم
١٩٢٦	ژان برن	فڕانسا	دەربارەی (تناسب) و (تعادل)
١٩٢٧	١. ئەرتۆ هەلی گومیتون	ئەمریکا	بەبۆنەی هەڵمەوە بتوانرێت وردیلەکانی کارەبا ببینرێت.
	٢. چارلز تامسون ریس ویلسێن	بریتانیا	دەربارەی یاسایەك کە بە ناوی خۆیەوە ناونرا.
١٩٢٨	١. ئاورن ولیانس ریچاردسون	بەریتانیا	

Scanned with CamScanner

۱۹۲۹	برنس لویس ڤیکتور دوبری	فرانسا	چـۆنیەتیی ئەلەکترۆنـەکان دەربـارەی تیـشکێک کە
۱۹۳۰	سێر چاندرا سخارا نکاتا رامان	هیندستان	بەناوی خۆیەوە ناونرا.
			دۆزینەوەی (کوانتام)
۱۹۳۱	بە کەس نەدرا		
۱۹۳۲	ورنەر هایسنبورگ	ئەڵمانیا	لەبارەی تیووریی (ئەتۆمی)یەوە.
۱۹۳۳	۱ـ ئەدوین شرودینکەر	ئەمسا	
	۲ـ پۆل ئەدرین مۆریس دیراك	بەریتانیا	
۱۹۳٤	بۆ ساڵی هاتوو هەلگیرا		دۆزینەوەی نیترۆن
۱۹۳٥	سێر جیمز چێدۆویك	بەریتانیا	دۆزینەوە پۆزیترۆن
۱۹۳٦	۱ـ ڤیکتۆر فرانتر هێس	ئەمریکا	تیشکە ئاسمانییەکان
	۲ـ کارل دیوید ئەندرسن	ئەمریکا	
۱۹۳۷	۱ـ کلینتۆن جوزێف دیفنسون	ئەمریکا	شکاندنەوەی ئەلەکترۆن بەهۆی کریستالەوە.
	۲ـ جۆرج پاکیت تامسون	بریتانیا	رادیۆ ئەکتیف
۱۹۳۸	ئێنریکۆ فێرمی	ئیتالیا	دەربارەی رەگەزە دروست کراوەکانی رادیۆ ئەکتیف
۱۹۳۹	ئارنست ئورلاندو لاورانس	ئەمریکا	
۱۹٤۰	بۆ ساڵی داهاتوو هەڵ گیرا		
۱۹٤۱	بۆ ساڵی داهاتوو هەڵ گیرا		
۱۹٤۲	بۆ ساڵی داهاتوو هەڵ گیرا		دەربارەی موغناتیس لە رزاندنەوەی دەنگ لە ئەتۆم دا
۱۹٤۳	ئۆتۆ ئێسترن	ئەمریکا	
۱۹٤٤	ئیزاك دۆرا رابی	ئەمریکا	بەناوی (پاولی) بەناوبانگە
۱۹٤٥	ولفگانگ پاولی	ئەمسا	دەزگایەك توانا و هێزێکی زۆری هەبووە
۱۹٤٦	ولیامز بریجمەن	ئەمریکا	دەربارەی پەستانی بەرز کە بەناوی خۆیەوە ناونراوە
۱۹٤۷	سێر ئەدوارد ڤیکتۆر پلێتون	بەریتانیا	دەربارەی فیزیای ئەتۆمی
۱۹٤۸	پاتریك مینارد ستیوراپ پلاکێت	بەریتانیا	دەرباەی ئەتۆم
۱۹٤۹	هێرکی یوکاوا	ژاپۆن	چۆنیەتی وێنەگرتنی کاروباری ئەتۆمی
۱۹٥۰	سیسیل فرانگ پول	بەریتانیا	دەربارەی گۆڕینی شێوە ئەتۆم
۱۹٥۱	سێرجان دۆگلاس کۆك روفت	بەریتانیا	دەرباەی ئەندازەگیری بە هۆی موغناتیسی
۱۹٥۲	۱ـ فلیکس بلۆك	ئەمریکا	ئەتۆمییەوە
	۲ـ ئەدوارد میلز پیرسل	ئەمریکا	دەربارەی میکرۆسکۆب
۱۹٥۳	فرتیز زرنیك	هۆڵەندە	دەربارەی چۆنیەتی شەپۆلەکان
۱۹٤٥	۱ـ ماکس بۆرن	بەریتانیا	
	۲ـ والتەر بۆتە	ئەڵمانیا	ئاسۆی هیدرۆجین
۱۹٥٥	۱ـ ویلسن بوچین لم	ئەمریکا	زانینی ساتی موغناتیسی ئەلەکترۆنی
	۲ـ پۆلیکارب کوش	ئەمریکا	دەربارەی ترانزستور
۱۹٥٦	۱ـ ولیام شاکلی	ئەمریکا	
	۲ـ ولتەر هاوز براتین	ئەمریکا	
	۳ـ جان براتین	ئەمریکا	
۱۹٥۷	۱ـ چین نین یانگ	چین	دەربارەی یاسای بەرابەری
	۲ـ تسونگ داهولی	چین	
۱۹٥۸	۱ـ باڤل ئەلکسویج چونکوڤ	سۆڤیەت	بەناوی چونکۆڤەوە ناونرا
	۲ـ ئیلیا مینا یلویج فران	سۆڤیەت	
	۳ـ ئیگۆر بنکڤیج تام	سۆڤیەت	
۱۹٥۹	۱ـ ئامیلو جینو سکره	ئەمریکا	دەربارەی دژی پرۆتۆن

Scanned with CamScanner

	٢. ئۆن چەمبرلن	ئەمریکا	زووری شووشە
١٩٦٠	دونالد گلاسەر	ئەمریکا	بڵاوکردنەوەی کارەبای ئەتۆمی بەناوی خۆیەوە
١٩٦١	١. د. رابرت هۆفستایر	ئەمریکا	ناونراوە
	٢. د. رۆدولف موسیایی	ئەڵمانیا	دەربارەی هیلیۆمی تاوێنراوە
١٩٦٢	لیڤ داویدوویچ لاندوا	سۆڤیەت	دەربارەی چونیەتیی توێکڵی "ئەتۆمی"
١٩٦٣	١. ماریا جیوپیرت میر	ئەمریکا	
	٢. هانس نیسن	ئەڵمانیا	
	٣. یووگن پۆل ویگنەر	ئەمریکا	

درێژەی خەڵاتەکانی ساڵانی دواتر
لە بەرگەکانی تردا هاتووە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەستێرە ناسی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەستێرەکانی دەوروبەری خۆر

ئەستێرەناسی

ئەستێرەناسی یەکێکە لەو زانیارییانەی وا مرۆڤ بە درێژایی مێژوو بەدوای دا گەڕاوە ولێی ورد بووەتەوە و کەیفی پێ هاتووە. ئەم زانیارییە زۆر بەربلاوو فراوانە و بەئاسانی جارێك مرۆڤ توانای ئەوەی نییە پەنجە لە قووڵاییەکەی بدات. هەروەکو خەیاڵ و ئەندێشەی مرۆڤیش توانایی فڕینی هەیە بەرەو ئاسمانی حەوت تەبەق و قووڵاییەکەی، بەڵام بەربلاوی و هەراویی ئاسمان و گەردوون بە ئەندازەیەکە هەتا وەکو بیر و خەیاڵی مرۆڤ توانای گرتنە خۆی ئەندازەی دووری و فراوانی ئەم ئاسمانە شینەی تییە و بەلایەوە جێگای سەرسووڕمانە. بەڵام رۆژ بە رۆژ زانستی مرۆڤ لە هەڵکشان دا ژوورتر هەڵ دەکشێ.

بنەماڵەی خۆر (هەتاو)

پێشی دەڵێن رێکخراوی خۆر واتا (المنظومة الشمسية) *Solar System* ، ئەستێرەکانی ئەم رێکخراوە لە کات و زەمانێك و دوورایییەکی تایبەتی خۆیان دا بەدەوری هەتاو دا دەخولێنەوە. هەندێکیان بە تیشکێکی زۆر و هەندێکیشیان کەم تیشك تر هەر لە تروسکە دان، ئەگەر زەوییە کۆنە ساڵەکەی لای خۆمانیش "أرض" بە ژمارە بهێنین تێکڕا دەبن بە ئەستێرە کە بە دەوری هەتاودا دەگەڕێن و بە میلۆنان ساڵە مووچە خۆری پرشنگی هەتاون. جگە لە "عەتارید" و "زوهرە" زەویی ئێمی لەوانی دیکە لە خۆر نزیکترە.
بە شێوەیێکی تێکرایی ئەستێرەکانی بنەماڵەی هەتاو دوو بەشن. أ- عەتارید، زوهرە، زەوی، مەریخ. ئەم چوار دانەیە لەچاو ئەوانی دیدا بچووکتر و نزیکترن لە هەتاو. چەند ئەستێرەیێکی بچووکیش هەن بەناوی ئەستێرەکانی "ئەستروئید". ب – ئەستێرەی زل و زەلامەکان وەکو: مشتەری، زوحەل، ئۆرانۆس، نبتۆن و پلۆتۆ بۆ خۆی ئەستێرەیێکی هەیە کە گەلێك بچووکە.

عەتارید

بە یەکەمین ئەستێرەی دەوری هەتاو دەژمێردرێت کە ٥٨،٨٥ ملیۆن کیلۆمەتر لە هەتاوەوە دوورە، خێراییەکەی لە چرکە (ثانية)یەك دا ٣٨،٦ کیلۆمەترە و بە ٨٧،٩٧ رۆژ خولێك تەواو دەکات، تیرەکەی ٢/٤١٥ کیلۆمەترە.

زوهرە *Venus*

بە دووەمین ئەستێرەی دەوری هەتاو دەژمێردرێت، ١٠٨/١٠ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە، پرشنگ و تیشکی لە زەوییەوە بە جوانی دەردەکەوێت و بە ئەستێرەی بەرەبەیان بەناوبانگە. لە ٢٢٤،٧٠ رۆژدا دەخولێتەوە و خێراییەکەی ٣٥،٤ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا تیرەکەی ٦٠٥٠ کیلۆمەترە.

زەوی *Terre*

سێیەمین ئەستێرەی دەوری هەتاوە لە هەتاوەوە بە ئەندازەی ١٤٩،٥٠ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە. تیرەکەی ٦٣٧١ کیلۆمەترە، چێوەکەی "محيطي" لە هێڵی ئیستیوادا ٤٠٠٧٥٧٢١ مەترە تێکرا رووی زەوی ١٠^{٢} × ٥١٠٠٦٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە قورساییە تایبەتییەکەی ٥،٥ گرامە.
پلەی گەرمایی لە خەتی ئیستیوادا ٦٠ پلەیە. زەوی لە ماوەی ٣٦٥ رۆژ و بیستوپێنج دەقیقەدا یەك جار بەدەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. خێرایی زەوی ٢٩،٨ کیلۆمەترە لەیەك چرکەدا لەماوەی ٢٤ سەعات دا بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. یەك پێوەند (تابع)ی هەیە کە مانگە.

Scanned with CamScanner

مانگ *Lune*

دوای هەتا و مانگ جوانترین چاوگە تیشکە لە ئاسمان دا. بە ڕێچکەیەکی هێلکەیی بە دەوری زەویدا دەخولێتەوە ٣٥٠٦٨٠ کم لە زەوییەوە دوورە، تاکە مانگ و پێوەندی زەوییە تیرەی مانگ ١٧٧٣٦ کیلۆمەترە. لەماوەی ٢٧ ڕۆژ و ٧ سەعات و ٤٣ دەقیقە و ١١,٥ چرکەدا جارێك بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە.

ئەستێرە بچکۆلەکان

کەوتوونەتە نێوان مەریخ و مشترییەوە و لەو نێوانەدا دەسووڕێنەوە ئەندازەی ٤١٨,٨٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورن.

مشتەری *Jupiter*

بە پێنجەمین ئەستێرەی دەوری هەتاو دەژمێردرێت و ٧٧٧,٦ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە. پانزدە مانگە گەورە و بچووك بە دەوریدا دەسووڕێتەوە، دووان لەو مانگانە هەریەکەیان چێوەکەی ٤٨٢٧ کیلۆمەترە. مشتەری تۆزکاڵێك ڕەنگی بەلای زەردەوە دەنوارێت. جووڵانەوەی هاتوچۆی مشتەری ١١ ساڵ و ٣١٤,٨٤ ڕۆژە و لە ماوەی ٩ سەعات و ٥٠ دەقیقەدا بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، تیرەکەی ٦٩٠٢٩ کیلۆمەترە. خێراییەکەی ١٢,٩ کیلۆمەترە لە دەقیقەیەك.

مەریخ *Mars*

بە چوارەمین ئەستیرەی دەوری خۆر دەژمێردرێت و ٢٢٧,٧٢ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە تیرەکەی ٣,٣٩٥ کیلۆمەترە. جووڵانەوەی هاتوچۆی ساڵێك ٣٢١ ڕۆژ و ٧٣ دەقیقەیە. لە ماوەی ٢٤ سەعات و ٣٧ دەقیقەدا بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە. دوو مانگی هەیە خێراییەکەی ٢٥,٤ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا.

زوحەل *Saturne*

بە شەشەمین ئەستێرەی دەوری هەتاو ناودەبرێت. لە خۆرەوە ١٤٢٥,٦ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە. دەورێکی تیشکی زەرد ڕەنگ بە شێوەیێکی بازنەیی ئابلۆقەی داوە.

جووڵانەوەی هاتوچۆی بەدەوری هەتاودا ٢٩ ساڵ و ١٦٦,٩٨ ڕۆژە. لەماوەی ١٠ سەعات و ١٤ دەقیقەدا بەدەوری خویدا خولێك تەواو دەکات. تیرەکەی ٥٩٨٠٠ کیلۆمەترە، خێرایی ١٠,٥ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا، (١٠) مانگی هەیە بەدەوریدا دەسووڕێنەوە.

Scanned with CamScanner

ئۆرانۆس *Uranus*

به حەوتەمین ئەستێرەی دەوری هەتاو دەژمێردرێت کەوا ٢٨٦٨,١ ملیۆن کیلۆمەتر لە هەتاوەوە دوورە، چوار مانگ بە دەوریدا دەسووڕێتەوە کە ئەمانەن: ا – ئاریل ب – ئامیریل ج – تیتانیا د – ئابرون ئەم ئەستێرەیە لە ١٣ مایسی ١٧٨١ لەلایەن (هەرشل)ی ئەستێرەناسەوە دۆزراوەتەوە. بەچاو بە ئەستەم دەبینرێت.

جوولانەوەی بە دەوری هەتاودا لە ٨٤ ساڵ و ٧,٤٥ ڕۆژدا یەك خول تەواو دەکات، لە ١٠ سەعات و ٤٢ دەقیقەدا بە دەوری خۆیدا دەخولێتەوە، تیرەی ٢٤,٨٤٠ کیلۆمەترە. خێراییەکەی ٦,٥ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا.

نەپتون *Neptune*

هەشتەمین ئەستێرەی دەوری هەتاوە، لە هەتاوەوە ٤٤٩٤,١٠ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە. لە ساڵی ١٨٤٦ز دا دۆزراوەتەوە. لە ماوەی ١٦٤ ساڵ و ٢٨٠,٣ ڕۆژدا جارێك بە دەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە. تیرەکەی ٢٥,٥٥٠ کیلۆمەترە و خێراییەکەی ٥,٦ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا. تاکە یەك مانگ بە دەوری دا دەسووڕێتەوە.

پلوتۆن *Pluton*

لە ساڵی ١٩٣٠دا دۆزراوەتەوە. لەماوەی ٢٤٦ ساڵ و ٢٤٩ ڕۆژدا بەدەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە. لە هەتاوەوە ٥٩٢٠,٨ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە، تیرەکەی ١٦٠٩ کیلۆمەترە. خێراییەکەی ٤,٨ کیلۆمەترە لە چرکەیەدا.

هەتاو (خۆر)

ئەوسا بیروڕا لەسەر ئەوە بوو کە لە خۆرهەڵاتەوە خۆر هەڵ دێت و لە خۆراواشەوە دەنیشێت، بەڵام لە ڕاستی دا وانییە بەڵکو خۆر لە جێگەی خۆی دایە و دەسووڕێتەوە، زەوییەکە لە خولانەوەدایە بە دەوری دا. کۆرپەنیکۆس زانای بەناوبانگ یەکەمین کەس کە بوو ئەمەی زانی. قەوارەی خۆر ٣٠٠٠٠٠ ئەوەندەی قەوارەی زەوی دەبێت ز باراستاییەکەشی ٣٣٤٠٠ ئەوەندەی بارستایی زەوی دەبێت. خۆر وەك هەر لەشێکی تر لە ئاسمان دا بەدەوری تەوەری خۆیدا دەسووڕێتەوە. خۆی و ئەستێرەکانی بنەماڵەکەشی بە خێرایی ٢٥٠ کیلۆمەتر لە چرکەیەك دا بە دەوری مەجەڕی ڕێێ کاکێشان دەسووڕێنەوە.

تیرەی خۆر ١٠٨,٥٦ ئەوەندەی تیرەی زەوییە و پلەی گەرمای ڕووی هەتاو ١١٠٠٠ پلەی فەهرانهایتە، بەڵام گەرمای ناوەندەکەی ٧٠ ملیۆن پلەی فەهرانهایتە.

ماوەی سووڕانەوەی خۆر بە دەوری خۆیدا ٢٥ ڕۆژە، ئەگەر مانگ بکەوێتە نێوان زەوی و خۆرەوە پێی دەگوترێ خۆرگیران.

Scanned with CamScanner

زانا بەناوبانگەکانی ئەستێرەناسی

١ـ ئاراگۆ *Arogo* (١٧٨٦ – ١٨٥٣ز)

خەڵکی فەرەنسایە و زانایيشی لە فیزیا و ئەستێرەناسیدا بووە.

٢ـ ئادامس "جان" *Adams. J* (١٧١٩ – ١٨٢٢ ز)

ئەستێرەیێکی دۆزیوەتەوە و خەڵکی بەریتانیا بووە.

بوده

٣ـ ئاگلاندەر *Argelander* (١٧٩٩ – ١٨٧٥ز)

توانی کەتەلۆکێکی ئاسمانی دروست بکات. خەڵکی ئەڵمانیا بووە.

٤ـ ئانکە *Ancke* (١٧٩١ – ١٨٦٥ز)

توانی ئەستێرەیێکی کلکدار بدۆزێتەوە کە هەرسێ ساڵ جارێك دەردەکەوێت.

٥ـ ئەدینگتون *Eddington* (١٨٨٢ – ١٩٤٤ ز)

خەڵکی بەریتانیا بووە، تیوورییەکەی زانیاری دەربارەی ئەستێران داناوە.

٦ـ ئاراتۆستن *Eratosthene* (٢٨٢ – ١٩٢ پ. ز)

یەکەمین زانا بووە کە کەمەری زەوی پێوارە بە ٢٩٣٧٥ کیلۆمەتری داناوە.

بتلیموس

٧ـ ئەرستەرخس *Aristaraqu* (٣١٠ – ٢٣٠ پ. ز)

یەکەم کەس بوو گوتی: زەوی بە دەوری خۆیدا دەسوورێتەوە هەر لەو کاتەشدا بەدەوری مانگ دا دەسوورێتەوە، گوناهباریان کرد و گوتیان ئاسایشی خواکان بەم بیروڕایە تێك دەدات.

٨ـ برادلی *Bradly* (١٦٩٣ – ١٧٦٢ ز)

خەڵکی بەریتانیا بووە، ساڵی ١٧٢٧ توانی یاسای پێنج کردنەوەی تیشك دابنێ.

بۆند

٩ـ بتلیموس *Ptolemep* (١٦٨ – ٢٩٠ز)

کتێبێکی دەربارەی ئاسمان نووسیوە بەناوی خۆیەوە بەناوبانگە.

١٠ـ بودە "جان" *Bode*

لە شاری هابورگی ئەڵمانیادا لەدایك بووە یاسایەکی بۆ پێوانی ماوەی نێوان ئەستێران داناوە.

١١ـ بۆند "ولیام" *Bond* (١٧٨٩ – ١٨٥٩ ز)

Scanned with CamScanner

خەڵكی ئەمریكا بووە، بۆ یەكەم جار توانی وێنەی ئەستێرەی (نسر) بگرێت.

١٢ـ ثابت ئبن قوڕڕە (٢١١ – ٢٨٧ز)

زانای ئەستێرە ناسی سەردەمی عەباسییەكانی زەمانی موعتەضید بووە، ئەم دوو كتێبەی نووسیوە:

أ – مأخوذات أرشمیدس – لێ وەرگیراوەكانە ئەرشمیدس.

ب – الكرة المتحركة – گۆی بزێو.

١٣ـ داروین *Darwn* (١٨٤٥ – ١٩١٢ز)

كوڕی سروشت زانی بەناوبانگی ئینگلیز شارڵ داروینە، دەربارەی مانگ كۆششی زۆری كردووە و یاسای نیشتاو بەرزاو (المد والجزر)ی دەریای دۆزیوەتەوە.

١٤ـ شیپلی (هارلۆ) *Shapley* (١٨٨٥ **لە دایك بووە**)

دەڵێت: ئاسمان ٦٠ ملیارد ئەستێرەی هاتیا.

١٥ـ كۆپەرنیك "نیكۆلا" *Copernic* (١٤٧٣ – ١٥٤٣ ز)

خەڵكی پۆلەندە بووە لە ساڵی ١٥٠٣ ز دا هەڵی دا و گوتی زەوی لە ماوە (٢٤) سەعات دا یەك جار بە دەوری خۆیدا دەسووڕێتەوە، هەتاویش لە خولگەی خۆی دەرناچێت، ساڵی جارێكیش زەوی بە دەوری هەتاودا دەخولێتەوە.

١٦ـ گالیو گالیلی *Galilee*

خەڵكی وڵاتی ئیتالیا بووە، بەلاوی بووەتە مامۆستای زانكۆ (پاودا). زۆر شتی دروست كردووە وەك: أ – پاندول ب – مەكینەی هایدرۆلیك ج – تەرازووی تایبەتی.

لەساڵی ١٦٠٩ دا دووربینێكی دروست كرد بۆ بینینی ئاسمان و ئەستێرەكان.

لە ئەستێرە ناسیدا سێ بیروڕای دۆزیوەتەوە:

١. چۆنیەتی سووڕ خواردنی ئەستێرەی زوهرە.

٢. لێدوان دەربارەی دەوروبەری ئەستێرەی زوحەل.

٣. قووڵ بوونەوەیك دەربارەی هەتاو.

لەبەر بیروڕا و زانیارییەكانی، كلێسە خەریك بوو بی كوژێت.

١٧ـ لا پلاس *Laplace* (١٧٤٦ – ١٨٢٧)

ئەستێرەناسی بەناوبانگی خەڵكی وڵاتی فەرانسا بوو كتێبێكی بەناوی (میكانیكیی ئاسمان) نووسیوە. دوا وتەی پێش مردنی بەناوبانگە كە: ئەوەی كە دەیزانم زۆر كەمە، ئەوەی كە نازانم گەلێك زۆر فراوانە..

١٨ـ لیڤرێ *Leverrier* (١٨١١ – ١٨٧٧ز)

فەرەنساوی بووە بە پێی بیروڕای ئەو ئەستێرەی (ئەپتون) دۆزرایەوە.

Scanned with CamScanner

١٩- هالی "ئەدموند" *Hally* (١٦٥٦ – ١٧٤٢ ز)

ئەستێرەناسێکی بەناوبانگی بەریتانیاییە، ئەستێرەیێکی کلکداری دۆزییەوە کە هەر ٧٦ ساڵ جارێك لە زەوییەوە دەبینرێت. ئەم ئەستێرە کلکدارە بە ناوی ئەوەوە ناونرا – هالی -.

٢٠- هرشەل "ولیم" *Hershel* (١٧٣٨ – ١٨٢٢ز)

خەڵکە بەریتانیا بووە، لەلایەن ئەوەوە ئورانوس دۆزراوەتەوە.

٢١- هەندریك "ئونورت" *Handerk*

خەڵکی سوێد بووە، ئەم زانایە دەڵێ: ئاسمان و ڕێگای کاکێشان بە دەوری خویدا دەسووڕێتەوە، درێژەدانی یەك خول ٢٠٠ ملیۆن ساڵە، گەورەیی کاکێشانیش ١٦٥ ملیار جار لە گەورەیی خۆر گەورەترە.

Scanned with CamScanner

زەوی بەئاسمانەوە



هالی

Scanned with CamScanner

ناوی قارەمانانی بۆشایی ئاسمان کە لە چوارچێوەی زەوی دەرچوون

ژ	ناو	وولات	ماوە فڕین	ناوی کەشتیی ئاسمان	مێژووی فڕین	چەندیی خولانەوە بەدەوری زەویی
١	گاگارین "یوری"	سۆڤیەت	١ سەعات و ٤٨ دەقیقە	ڤۆستۆك ١	١٩٦١/٤/١٢	
٢	تیتۆن	سۆڤیەت	٢٥ سەعات و ١٨ دەقیقە	ڤۆستۆك ٢	١٩٦١/٨/١٦	
٣	گلین (جان)	ئەمریکا	٤ سەعات و ٥٥ دەقیقە	دۆستی ٧	١٩٦٢/٢/٤	٢ جار
٤	کارپنتەر	ئەمریکا	٤ سەعات و ٢٢ دەقیقە	خەڵات ٧	١٩٦٢/٥/٢٤	٢ جار
٥	نیکۆلاییف "ئەندریان"	سۆڤیەت	٩ سەعات و ٢٢ دەقیقە	ڤۆستۆك ٣	١٩٦٢/٨/١١	
٦	بۆبۆڤیچ	سۆڤیەت	٧٥ سەعات و ٥٠ دەقیقە	ڤۆستۆك ٤	١٩٦٢/١٠/١٢	
٧	شیرا (والتەر)	ئەمریکا	٩ سەعات و ٥٧ دەقیقە	سیگما ٧	١٩٦٢/١٠/٣	٦ جار
٨	کوپەر (گۆردن)	ئەمریکا	٣٤ سەعات و ٢٠ دەقیقە	ئیمان ٧	١٩٦٣/٥/١٥	٢٢ جار
٩	پیکۆڤسکی (ڤالیری)	سۆڤیەت	١١٩ سەعات و ٥٦ دەقیقە	ڤۆستۆك ٥	١٩٦٣/٦/١٤	
١٠	ڤالنتینا تریشکۆڤا	سۆڤیەت	٧٠ سەعات و ٥٠ دەقیقە	ڤۆستۆك ٤	١٩٦٣/٦/١٦	
١١	ڤیۆکستوف	سۆڤیەت	٧٠ سەعات و ٥٠ دەقیقە	ڤۆستۆك ٦	١٩٦٣/٦/١٦	
١٢	کۆمارۆڤ	سۆڤیەت	٧٠ سەعات و ٥٠ دەقیقە	وسخود ١	١٩٦٤/١٠/١٢	
١٣	یەگۆروف	سۆڤیەت	٧٠ سەعات و ٥٠ دەقیقە	وسخود ١	١٩٦٤/١٠/١٢	
١٤	بلیانوف	سۆڤیەت	٢٦ سەعات و ٢ دەقیقە	وسخود ٢	١٩٦٥/٣/١٨	
١٥	لیونیف	سۆڤیەت	٢٤ سەعات و ٢ دەقیقە	وسخود ٢	١٩٦٥/٣/١٨	
١٦	گریام (برجیل)	ئەمریکا	٤ سەعات و ٥٣ دەقیقە	جمنی ٣	١٩٦٥/٣/٢٢	٣ جار
١٧	یۆنگ	ئەمریکا	٤ سەعات و ٥٣ دەقیقە	جمنی ٣	١٩٦٥/٣/٢٣	٣ جار
١٨	ماك دویت (جێمس)	ئەمریکا	٩٧ سەعات و ٤٨ دەقیقە	جمنی ٤	١٩٦٥/٦/٣	٦٢ جار

Scanned with CamScanner

مێژوو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

مێژوو

١ـ ئارژەنتین

لەسەرەتای سەدەی شانزدەمینەوە لەلایەن ئیمپریالیستی ئیسپانیاوە داگیرکرا, لە ساڵی ١٨١٦از دا دروشمی ئازادییان هەڵ کرد و لە ساڵی ١٨٢٥از دا کۆماری وڵاتی (ئارژەنتین)یان دامەزراند. لەم وڵاتەدا دەوڵەت بە هۆی وەرگێرانی سپا و شۆڕشەوە هەر لە گۆڕان دا بووە.

سەرکۆمارە بەناوبانگەکانی ئارژەنتین:

١. ئاورگیزا	١٨٦٢
٢. گودرگی	١٨٦٨
٣. میترە	١٨٧٤
٤. رۆکا	١٩٠٤
٥. چوستو	١٩٣٨
٦. کاستیلو	١٩٤٣
٧. فارل	١٩٤٦
٨. پیرون	١٩٥٥
٩. ئارامبور	١٩٥٨
١٠. فرۆندیزی	١٩٦٢
١١. گیرو	١٩٦٣
١٢. ئارتوئیلیا	١٩٦٣

٢ـ ئەفریقیای باشوور

لەساڵی ١٦٥٢دا دەوڵەتی هۆڵەندە داگیری کرد, پاشان لەلایەن (بەشگەی هیندی رۆژهەڵات)ەوە دەوڵەتێکی لێ پێك هات. لەساڵی ١٩٠٢دا بەریتانیا داگیری کرد و دەوڵەتێکی تێدا پێك هێنا بەناوی (یەکیەتی ئەفریقیای باشوور). ئەم رژێمە تاکو ئێستاش پەیرەوی بیروباوەڕێکی رەگەز پەرستانەیە و بێزاری وڵاتە ئازادی خوازەکانی جیهانە. رابەرانی ئەفریقیا ئەمانە بوون:

١. سماتس – رابەری حزبی یەکیەتی
٢. میلان – رابەری حزبی میللەت
٣. سترایدۆم
٤. هندریك فرۆرد – سەرەك وەزیران

٣ـ ئەلبانیا *Albania*

وڵاتێکە کەوتوەتە خوارووی رۆژهەڵاتی ئەوروپاوە, زۆر جار لەلایەن مەکەدۆنیا, رۆما, بیزانس, عوثماني, ناپۆلی ڤینیسیاوە داگیر کراوە. لەساڵی ١٩١٢دا دەوڵەتی عوثماني داوی خۆگرتنێکی زۆر حوکمی (خۆرێبەری) دایە و یاسای کۆمارییانی دامەزراند, بەڵام بە زۆریی وڵاتی ئیتالیا لەساڵی ١٩١٣دا ویلهلم تسووید کرا بە مەلیکی ئەلبانیا.

لە شەڕی یەکەمی جیهاندا پاشا وڵاتی بەجێهێشت, بەڵام (مۆسۆلینی)ی دکتاتۆری ئیتالیا ئەلبانیای داگیر کرد. لە شەڕی دووەمی جیهانی دا ئەلبانیا دژی ئیتالیا و ئەڵمانیا کەوتە شەڕەوە دوای تەواوبوونی شەڕ

Scanned with CamScanner

لەلایەن ئەنوەر خۆجەوە رژێمی سۆشیالیستی لە ئەلبانیا دامەزرا و، لەبیروڕای کۆمەنیستی دا ئەم وڵاتە
بە چین بوو نەك مۆسکۆ.

پیاوە مێژووییەکانی ئەم وڵاتە:

١- ئەسکەندەر بێگ، قارەمانی نەتەوایەتی.
٢- ئەسعەد پاشا.
٣- ویلهلم تسووید.
٤- ئەحمەد زوغو
٥- ئەنوەر خۆجە.

٤- ئەڵمانیا

بەپێی پەیمانی (وردون لویی) یەکەمین دەوڵەتی ئەڵمانی دروست کرا لەساڵی ٨٤٣ز دا لەلایەن جەرمەنەکانەوە کە تا ساڵی ١٠٢٤ز بەردەوام بوو، دوای ئەوەی ولیهلمی یەکەم توانی وڵاتی ئەڵمان بکا بە یەک و ناوی (رایشی دووەمی)ی لێ نا شەڕی یەکەمی جیهان دەستی پێکرد و شەڕەکەش بە بەزینی ئەڵمانیا دوایی هات.

کە هیتلەر بوو بە حوکمران دیسان ئەڵمانیا دەسەڵاتیی بەدەست هێناوە و رایشی سێیەم پێك هات. لەساڵی ١٩٣٩دا شەڕی دووەمی جیهانیان دەست پێ کرد و لە ساڵی ١٩٤٥دا شەڕ تەواوبوو دوای داگیرکردنی ئەڵمانیا کرا بە دوو بەشەوە، ئەڵمانیای رۆژهەڵات کە رژێمێکی سۆشیالیستی هەیە و ئەڵمانیای رۆژاوا کە سەر بە دەوڵەتانی رۆژاوایە.

ناودارانی ئەم وڵاتە:

١- فردریکی یەکەم، مەلیکی بروسیا – ١٧٠١ز.
٢- فردریك ویلهلم، مەلیکی بروسیا – ١٧٤٠ ز.
٣- فردریکی گەورە، مەلیکی بروسیا – ١٧٨٦ز.
٤- شارلمانی – ١٧٦٨ ز.
٥- فردریك ویلهلمی دووەم – مەلیکی بروسیا – ١٧٩٦ ز.
٦- ئیمپراتۆرەکانی رۆمی مقدس – ٨٠٦ ز.
٧- یەکیەتیی راین – ١٨١٣ز.
٨- یەکیەتیی ژەرمەن – ١٨١٥ز.
٩- فردریك ویلهلمی سێیەم – مەلیکی بروسیا – ١٨٤٠ز.
١٠- لوئیلی یەکەم – ١٨٤٠ز.
١١- لۆتەری یەکەم – ١٨٤٣ز.
١٢- فریدریك ویلهلمی چوارەم – ١٨٧١ز.
١٣- یەکیەتیی ژەرمەنی سەرەوە – ١٨٧١ز.
١٤- ویلهلمی یەکەم ئیمپراتۆری ئەڵمان – ١٨٧١ز.
١٥- لوئیی دووەم – ١٨٧٧ ز.
١٦- شارلی دووەم – ١٨٧٧ز.
١٧- فریدریکی سێیەم – ١٨٨٨ز.
١٨- ویلهلمی دووەم – ١٨٨٨ز.

Scanned with CamScanner

١٩- فریدریك ئابرت، رایش - ١٩١٩.
٢٠- پول فون هیندنبورگ، رایش ١٩٢٥.
٢١- ئەدۆلف هیتلەر - رایش ١٩٣٤.

٥- ئەردون

دوای شەڕی یەکەمی جیهان عەبدوڵلای کوڕی حسێنی هاشمی بوو بە ئەمیری بەشێك لەسەرزەمینی فەلەستین، لەساڵی ١٩٢٨دا بەریتانیا دەستی بەسەداگرت و لە ساڵی ١٩٤٦از دا (رسمیا) ئەردون ئازادی خۆی بڕیاردا ئەگەرچی زۆربەری کاروباریش هەر بەدەست بەریتانیاوە بوو.

لە ساڵە ١٩٥١از مەلیك عەبدوڵلا کوژرا، طەلالی کوڕی جێی گرتەوە لەبەر نەخۆشی دەمار دەریان کرد و حسێنی کوڕیان لە جێگەی دا کردە مەلیکی ئەردون. مەلیکەکانی ئەردون:

١- عەبدوڵلا کوڕی حسێن / ١٩٢٣ - ١٩٥١از
٢- طەلال کوڕی عەبدوڵلا / ١٩٥١ - ١٩٥٢از
٣- مەلیك حسێن کوڕی طەلال / لەساڵی ١٩٥٢ەوە تا ئەمڕۆ.

٦- ئیسپانیا

یەکەمین هۆزێك کە لەم وڵاتەدا ژیاون هۆزی (باسك) بوون، دوای ئەوان هۆزی ئیبەریان لە ژوورەوە سەلتەکان و لە رۆژهەڵاتیشەوە یۆنانییەکان ئیسپانیایان داگیرکردووە. لەسەدەی هەشتەمیش دا موسڵمانەکان داگیریان کرد و ئەمەوییەکانی ئەندەلوس ٢٥٠ ساڵ زیاتر لەم وڵاتەدا فەرمانڕەواییان کرد. بەڵام هەرگیز نەیانتوانیوە بەشی سەردەمی ئیسپانیا داگیر بکەن. لەساڵی ١٨٠٨از دا (جوزێف بۆنابەرت) برای ناپلیۆن کرا بە مەلیکی ئیسپانیا.

<u>فەرمانڕەوایانی ئەمەوی لە ئەندەلوس</u>

١- عەبدولڕەحمانی یەکەم (داخیل) ١٣٨ك.
٢- هیشام کوڕی عەبدولڕەحمان ١٧٢ ك.
٣- حەکەم کوڕی هیشام ١٨٠ك.
٤- عەبدولڕەحمان کوڕی حەکەم ٢٠٦ك.
٥- محەممەد کوڕی عەبدولڕەحمان ٢٣٨ك.
٦- مونذر کوڕی محەممەد ٢٧٣ك.
٧- عەبدوڵلا کوڕی محەممەد ٢٧٥ك.
٨- عەبدولڕەحمان کوڕی محەممەد ٣٠٠ك.
٩- حەکەم کوڕی عەبدولڕەحمان ٣٥٠ك.
١٠- هیشام کوڕی حەکەم ٣٦٦ك.
١١- سلێمان کوڕی حەکەم ٤٠٠ك.
١٢- عەبدولڕەحمان کوڕی محەممەد ٤٠٨ك.
١٣- عەبدولڕەحمان کوڕی هیشام ٤١٤ك.
١٤- محەممەد کوڕی عەبدولڕەحمان ٤١٤ك.
١٥- هیشام کوڕی محەممەد ٤١٨ك.

Scanned with CamScanner

١٦- ئومەییە کوڕی عەبدولڕەحمان ٤٢٢ك.

لەم مێژووەی سەرەوە دەسەڵاتی ئەمەوییەکان بەش کراوە بەم شێوەیەی خوارەوە بوو بە میرنشین:

١- بەنی مەحموود لەناوچەی مالعة ٤٠٧ – ٤٤٩ك.
٢- بەنی عەبباد لە ئشبیلیە ٤١٤ – ٤٨٤ك.
٣- بەنی زیری لە غەرناتە ٤٠٣ – ٤٨٣ك.
٤- بەنی جەهوەر لە قورتوبە ٤٢٢- ٤٦١ك.
٥- بەنی ذالنون لە طلیطلە ٤٢٧ – ٤٧٨ك.
٦- بەنی عامر لە بالنسیە ٤١٢ – ٤٧٨ك.
٧- بەنی تەجیبب و بەنی هوود لە سەرقسطە ٤١٠ – ٥٣٦ك.

ئەم میرنشینە عەرەبانە هەمیشە لەگەڵ یەك یەکا لە شەڕدا بوون، تا لەلایەن دەسەڵاتدارانی مەسیحییەوە لەناوچوون.

<u>پاشاکانی ئیسپانیا</u>

١- شاکانی گووثي ٧١٨ – ١٠٢٧ ز.
٢- شاکانی لیوونی ٨٧٣ – ١٥١٢ ز.
٣- شاکانی ناوار ١٠٣٥ – ١٥٠٤ ز.
٤- شاکانی لیوون و کاسنل ١٠٣٥ – ١٠٤٩ ز.
٥- شاکانی ئاراگون ١٠٣٨ – ١٤٧٩ ز.
٦- فرناندۆی دووەم ١٥٠٤ ز.
٧- فیلیبی یەکەم ١٥٠٦ز .
٨- فرناندۆی پێنجەم ١٥١٦ ز.

<u>زنجیرەی هابسبورگ</u>

١- کارلۆسی یەکەم ١٥١٦ – ١٥٥٦ ز.
٢- فیلیبی دووەم ١٥٩٨ ز.
٣- فیلیبی سێیەم ١٦٢١ ز.
٤- فیلیبی چوارەم ١٦٦٥ ز.
٥- کارلۆسی دووەم ١٧٠٠ ز.
٦- فیلیبی پێنجەم ١٧٠٠ – ١٧٢٤ ز.
٧- لویز ١٧٢٤ ز.
٨- فیلیبی پێنجەم (دووبارە) ١٧٤٦ ز.
٩- فرناندۆی شەشەم ١٧٥٩ ز.
١٠- کارلۆسی سێیەم ١٧٨٨ ز.
١١- کارلۆسی چوارەم ١٨٠٨ ز.
١٢- فرنانۆدی حەوتەم ١٨٠٨ ز.
١٣- جوزێف بۆناپەرت ١٨١٣ ز.

Scanned with CamScanner

١٤- فرناندۆی حەوتەم ١٨١٤ – ١٨٣٣ز.
١٥- ئیزابیلای دووەم ١٨٦٨ ز.
١٦- ئامادئو ١٧٠ – ١٨٧٤ ز.

کۆماری

١- ئەمیلۆ کاستلاری ریپول ١٨٧٤ – ١٨٨٥ز.
٢- سەر زنجیرەی بوربون ئەلفونسۆی دوازدەهەم ١٨٧٤ – ١٨٨٥ ز.
٣- ئەلفونسۆی سیانزدەهەم ١٨٨٦ – ١٩٣١ ز.

کۆماری دووبارە

١- نیستو ئەلکازا ئەمورای تودرس ١٩٣١ – ١٩٣٦ ز.
٢- مانوئیل ئازانا ١٩٣٦ – ١٩٣٩.
٣- فرانسیس فرانکۆ (دکتاتۆر) ١٩٣٩ – ١٩.

پاشایەتی (دووبارە)

١- مەلیك خوان کارلۆس ١٩.

٧- ئوسترالیا

ولاتی ئوسترالیا هەزاران ساڵ لە شارستانەتی ژیاوە و نەناسراو بوو تا لە سەدەی شانزدەهەم دا بۆ یەکەم جار ئیسپانییەکان تێیدا دابەزین، بەدوای ئەوان دا هۆڵەندییەکان، سەرەنجام بەریتانیا لە سەرکردایەتیی جێمز کوك داگیری کرد و دانیشتوانی کرد بە یەك پارچە ئینگلیز.

فەرمانڕەوایانی ئوسترالیا دوای خۆڕێبەری (حکم ذاتي):

١- هەرب ١٩٠١ – ١٩٠٢ ز.
٢- تنیسون ١٩٠٤ ز.
٣- نۆرث کوت ١٩٠٨ ز.
٤- ویلیام هامبل وارد ١٩١١ ز.
٥- دەنمن ١٩١٤ ز.
٦- مونرو – فەرگسون ١٩٢٠ز.
٧- فۆرستەر ١٩٢٥ ز.
٨- بێرد ١٩٣٠ ز.
٩- ئیزاك ١٩٣٤ ز.
١٠- هوود – زانون ١٩٤٥ ز.
١١- ئەلبەرت ١٩٤٧ ز.
١٢- سك کل ١٩٤٧ ز.
١٣- دولێل ١٩٦٢ ز.

سەرەك وەزیرانی ئوسترالیا

١- بارتن ١٩٠١ – ١٩٠٣ ز.

Scanned with CamScanner

٢- دیكین ١٩٠٤ ز.
٣- واتن ١٩٠٤ ز.
٤- رید ١٩٠٥ ز.
٥- دیكین ١٩٠٨ ز.
٦- فیشەر ١٩٠٩ ز.
٧- دیكین ١٩١٠ ز.
٨- فیشەر ١٩١٣ ز.
٩- كوك ١٩١٤ ز.
١٠- فیشەر ١٩١٥ ز.
١١- هافت ١٩٢٣ ز.
١٢- بروث ١٩٢٩ ز.
١٣- سكولین ١٩٣١ ز.
١٤- لیونس ١٩٣٢ز.
١٥- مەنزیس ١٩٤١ ز.
١٦- فادن ١٩٤١ ز.
١٧- كورتین ١٩٤٥ ز.
١٨- روبەرت گوردن ١٩٢٦ ز.

٨- ئەفغانستان

پێش زایین بەشێك بووە لە ولاتانی ژێر دەسەلاتی ئێران ئەسكەندەر داگیری كرد. لە سەدەی دووەم و سێیەمی زایین دا فەرمانڕەوایانی (كوشتان) لە ئەفغانستان دا حوكمیان كردووە لە سالی ٤٨٤ز دا دەولەتی هەفتالییەكانی تێدا دامەزراوە. لە سەردەمی ئیسلام دا طاهیري، صەفاری، سامانی لە ئەفغانستان دا فەرمانڕەواییان كردووە، لە سەردەمی مەحموودی غەزنەوی دا ناوبانگی غەنەزی پێتەخت و ئەفغانستان زۆر بووە، دوای غەزنەوییەكانیش میرانی غورو، خوارزەم شایەكان دەسەلاتیان تێدا بووە تا لە ئاكام دا كەوتە دستی مەغۆلەوە. ئێلخانییەكان كە مەغۆل بون سەردەمێكی زۆر فەرمانڕەواییان تێدا كردووە.. دوای ئەوان تەیموور لەنگ و ئنجا تەیمووریيەكانی هیندستان نزیكەی دوو سەد سال ئەفغانستانیان بەدەستەوە بووە.

<u>پاشاكانی ئەفغانستان</u>

١- ئەحمەد شاه ئەبدالی ١١٦٠ ك.
٢- تەیمور كوڕی ئەحمەد شاه ١١٨٧ ك.
٣- زەمان شاه كوڕی تەیمور ١٢٠٧ ك.
٤- شاه شوجاع كوڕی تەیموور ١٢١٦ ك.
٥- مەحموود شاه كوڕی تەیمور ١٢١٦ ك.
٦- شاه شوجاع (دووبارە) ١٢١٨ ك.
٧- مەحمود شاه (دووبارە) ١٢٢٤ ك.
٨- عەلی شاه كوڕی تەیموور ١٢٣٣ ك.
٩- ئەییوب شاه كوڕی تەیموور ١٢٣٣ ك.

Scanned with CamScanner

١٠- كامران كوڕی مەحموود ١٢٤٥ ك.
١١- دۆست مەحموود خان ١٢٤٢ ك.
١٢- شێر عەلی خان كوڕی دۆست محەممەد ١٢٨٠ ك.
١٣- یەعقوب كوڕی شێر عەلی ١٢٩٦ ك.
١٤- عەبدولڕەحمان خان ١٢٩٦ ك.
١٥- حبیب الله خان ١٣١٩ ك.
١٦- آمان الله خان ١٣٣٧ ك.
١٧- محمد ظاهر شاه

٩- ئوندونوزی "ئەندەنووسیا" *Andonesie*

تا ساڵی ١٩٤٢ ژێر دەستەی هۆڵەندە بوو, لەو ساوە تا ساڵی ١٩٤٥ كەوتە ژێـر دەسـتی یابـان (ژاپـۆن)ەوە. لـە ساڵی ١٩٤٥دا بە رابەریی دكتۆر ئەحمەد سوكارنۆ و دكتۆر (حەتا) كۆماری ئەندەنوسیا دامەزرا. لە سـاڵی ١٩٤٩دا ئەحمەد سوكارنۆ بوو بە سەركۆماری ئەندەنوسیا, تا چەند ئەفسەرێك بـە سـەرۆكایەتیی سـوهارتۆ كودەتایـان پێك هێنا و سوكارنۆیان دوور خستەوە و سوهارتۆ بوو بە سەركۆمار.

١٠- بەریتانیای گەورە *Grande Bretaqne*

بەریتانیای گەورە لە ئینگلتەرە و سكوتلەندە و ئیرلەندە پێـك هـاتووە لـە سـەدەی پێنجـەم دا ڕۆمانـەكان بەریتانیایان بەجێ هێشت و بۆ ماوەی دوو ساڵ هۆزەكانی جەرمەن لەم وڵاتەدا لە تاڵان و كوشتن دا بوون. بـۆ یەكەم جار لە سـاڵی ٨٩٢ز دا "ئالبـەرت" بـوو بـە شـا, مـاوەی ٢٤ سـاڵ كەوتـە ژێـر دەسـتی وڵاتـی دانیماركـەوە, نۆرمانەكانی بەریتانیای ڕزگار كرد.. تا ساڵی ١٠٦٦ فەرمانڕەواییان كرد. فەرمانڕەوایی كەوتە دەست بنەماڵەی (پلانتژنە), لەساڵی ١٣٣٧ ز دا شەڕی سەد ساڵەی نێوان بەریتانیا و فەڕەنسا دەستی پێكرد.

دەوری بنەماڵـەی شـایەتیی (تیـۆدۆر) لـە بـەریتانیا بـە سـەردەمێكی روونـاك دەژمێردرێـت, لـە دەوری بنەماڵەی "ستیوارت" دا شۆڕشێكی گشتی دەستی پێكرد, بوو بە هۆی خنكاندنی "چارلسی یەكـەم" یەكـەمین سەرەك وەزیر سێر رابرت والپول بـووە لەسـەدەی نـۆزدەدا حزبـی ئـازادان (لیبرالـەكان) و حزبـی كۆنـەخوازان (محافظین) و لە ساڵی ١٩٠٠یش دا حزبی كرێكاران هاتنە كایەوە.

بەریتانیا لەشەڕی گەورەی یەكەم و دووەمی جیهان دا بەشداربووە. لەسـاڵی ١٩٥٤ دا یەكـەمین كارخانـەی ئەتۆم لە بەریتانیا كرایەوە.

<u>ئیمپراتۆرەكانی بەریتانیای گەورە</u>

١- جێمزی یەكەم ١٦٠٣ – ١٦٢٥ ز.
٢- چارلسی یەكەم ١٦٢٥ – ١٦٤٩ ز.
٣- چارلسی دووەم ١٦٦٦ – ١٦٨٥ ز.
٤- جێمزی دووەم ١٦٨٥ – ١٦٨٨ ز.
٥- ولیامی سێیەم ١٦٨٨ – ١٧٠٢ ز.
٦- ئان ستیوارت ١٧٠٢ – ١٧١٤ ز.
٧- جۆرجی یەكەم ١٧١٤ – ١٧٢٧ ز.
٨- جۆرجی دووەم ١٧٢٧ – ١٧٦٠ ز.

Scanned with CamScanner

٩- جۆرجی سێیەم ١٧٦٠ – ١٨٢٠ ز.
١٠- جۆرجی چوارەم ١٨٢٠ – ١٨٣٠ ز.
١١- ولیامی چوارەم ١٨٣٠ – ١٨٣٧ ز.
١٢- ڤیکتۆریا ١٨٣٧ – ١٩٠١ ز.
١٣- ئەدواردی حەوتەم ١٩٠١ – ١٩١٠ ز.
١٤- جۆرجی پێنجەم ١٩١٠ – ١٩٣٦ ز.
١٥- ئەدواردی هەشتەم ١٩٣٦ -
١٦- جۆرجی شەشەم ١٩٣٦ – ١٩٥٢ ز.
١٧- ئەلیزابیثی دووەم ١٩٥٢ –

١١- ئەروگوای

سەردەمێك ژێردەستەی ئیسپانیا بوو, سەردەمێکی تریش بەشێك لە وڵاتی برازیل, لە ساڵی ١٨٢٥ ز دا ئەم وڵاتە ئازادیی خۆی بەدەست هێنا. ئەم وڵاتە پەیڕەوی یاسای کۆمارییە کە هەر چوار ساڵ جارێك بە هەڵبژاردن سەرکۆمار فەرمانڕەوایی بە دەستەوە دەگرێت.

١٢- ئەمریکا

دوای دۆزینەوەی ئەمریکا لەسەدەی پانزدە و شانزەدا شەپۆلی کۆچی گەلانی ئەوروپا بەرەو ئەم وڵاتە کەوتە ڕێ زۆرتری ئەم کۆچ کەرانەش بەرهەڵست و چەوسێنراوەکانی ئەوروپا بوون, کوڕ و نەوەی ئەم چینە کۆچ کردوانەی لە ئەمریکا لەدایك بوون ئەمریکایان بە وڵاتی خۆ دانا لە ساڵی ١٧٥٤ز دا یەکەمین کۆنگرەی ئەمریکا پێك هات و یەکەمین و یەکەمین دەوڵەتی فیدرالی ئەمریکایان پێك هێنا. لەشەڕی سەربەخۆیی ئەم وڵاتەدا دژی بەریتانیا گەورە پیاوانی وەکو جۆرج واشنگتۆن, تۆم بێن, جیفریۆن و فرانکلین لە دنیادا ناوبانگیان دەرچوو و وڵاتی ئەمریکایان گەیاندە کەناری سەربەخۆیی.

لە هەردوو شەڕی گەورەی دنیادا بەشداریی کردووە, لەشەڕی دووە دا یەکەم جار لە دنیادا بۆمبای ئەتۆمی تاقی کردەوە, بۆمبایەکی بە شاری هیرۆشیما و یەکێکیشی بە شاری ناگازاکی دادا لە ژاپۆن و بەتەواوی کاولی کردن لە شەڕی فەرمۆزا, کۆریا و ڤێتنام دا بەشداری کردووە.

سەرکۆمارەکانی وڵاتی ئەمریکا

١- جۆرج واشنگتون	١٧٨٩ – ١٧٩٧ ز
٢- تۆماس ئادامس	١٧٩٧
٣- جیمز جیفرسۆن	١٨٠١
٤- جان مەدیسون	١٨٠٩
٥- جیمی مۆنرۆ	١٨١٧ – ١٨٢٥ ز
٦- جان ئادامس	١٨٢٥ – ١٨٢٩ ز
٧- ئەنریو جاکسون	١٨٢٩ ز
٨- وان بۆرن	١٨٣٧ ز
٩- هاریسون	١٨٤١ ز
١٠- تایلور (جان)	١٨٤١ ز
١١- پوك	١٨٤٩ ز
١٢- تایلور (زاخاری)	١٨٤٩ ز

Scanned with CamScanner

١٣- فیلیمور	١٨٥٠ ز
١٤- پیرس	١٨٥٣ ز
١٥- بوکانان	١٨٥٧ ز
١٦- لینکۆلن "ئەبراهام"	١٨٦١ ز
١٧- جانسون "ئەندریو"	١٨٦٥ ز
١٨- گرانت	١٨٦٩ ز
١٩- هایز	١٨٧٧ ز
٢٠- گارفیلد	١٨٨١ ز
٢١- ئارتور	١٨٨١ ز
٢٢- کلیولند (گروڤر)	١٨٨٥ ز
٢٣- هاریسون	١٨٨٩ ز
٢٤- کلیولند	١٨٩٣ ز
٢٥- ماك کینلی	١٨٩٧ ز
٢٦- رۆزفلّت (تیودۆر)	١٩٠١ ز
٢٧- تافت (ولیام)	١٩٠٩ ز
٢٨- ویلسون	١٩١٣ ز
٢٩- هاردتیك	١٩٢١ ز
٣٠- کولیج کولوین	١٩٢٣ ز
٣١- هوڤەر	١٩٢٩ ز
٣٢- رۆزفلّت (فرانکلین)	١٩٣٣ ز
٣٣- ترومەن (هاری)	١٩٤٥ ز
٣٤- ئەزنهاوەر (دوایت)	١٩٥٣ ز
٣٥- کەنەدی (جان)	١٩٦١ ز
٣٦ – جانسون (لیندون)	١٩٦١ ز
٣٧- نیکسون	١٩٦٦ ز

١٣- ئیتالیا

مێژووی نوێی ئیتالیا لەدوای ساڵی ١٨٥٩ ەوە دەست پێ دەکات. دوای شەڕی یەکەمی جیهان جووڵانەوەی فاشیسم بە رابەریی مۆسۆلینی پەرەی سەند (دژی کۆمرنیسم و سۆسیالیسم) لە ساڵی ١٩٢٢دا فاشستەکان هاتنە سەر کار و ئیتالیا هێرشی بردە سەر حەبەشە و لە شەڕی ناوخۆی ئیسپانیادا یاریدەری فرانکۆی دا دژ بە جەمهوری خوازەکان. لەدوا دوای شەڕە گەورەی دووەم دا مۆسۆلینی لەلایەن پارتیزانە ئیتالیاییەکانەوە گیرا و کوژرا و لە هەڵبژاردنێکی گشتیدا رژێمی پاشایەتی پێچرایەوە و ئیتالیا بوو بە جەمهورییەت. ئەنریکۆ دو نیکولا بوو بە یەکەمین سەرۆکۆماری ئیتالیا لە ئەنجامی هەڵبژاردن دا.

١٤- ئیرلەندە Irland

نزیکەی پێنج سەدە بە دەست بەریتانیاوە بوو ئینگلیزەکان یەکسەر سەرپەرشتی حوکمرانییان دەکرد لەو وڵاتەدا. لە ساڵی ١٩٣٧دا سەربەخۆییەکی رووکەشی پێدرا، بەڵام زووری ئیرلەندە تاکو ئێستاش هەر بە دەستی ئینگلیزەوەیە. پایتەختی ئیرلەندەی باشوور شاری (دبلن)ە.

Scanned with CamScanner

١٥- ئیسلەندە

وڵاتی ئیسلەندە و نەرویج هەردووکیان ژێر دەستەی دانیمارك بوون. لە ساڵی ١٨١٤دا نەرویج لە دانیمارك جودا بووەوە، بەڵام ئیسلەندە هەر لەژێر چەپۆکی دانیمارك دا مایەوە تا ساڵی ١٩١٨ز. لە ئەنجام دا ساڵی ١٩٤٤ بوو بە کۆمارێکی سەربەخۆ.

١٦- برازیل

مێژووی نوێی وڵاتی برازیل لە ساڵی (١٨٨٩)ز ەوە دەست پێ دەکات. (نورکاس) کرا بە یەکەمین سەرکۆماری ئەم وڵاتە، ماوەی سەرکۆماری لە برازیل دا پێنج ساڵە.

ناودارانی برازیل

١- پیتئون: بۆ یەکەم جار بەشی سەرەوەی وڵاتی برازیلی دۆزییەوە.
٢- گابرال
٣- پیدرۆی یەکەم: (١٨٢٢ – ١٨٣١ز) بوو بە یەکەمین ئیمپراتۆر.
٤- پیدرۆی دووەم: (١٨٣١ – ١٨٨٩ز)
٥- ژتولیۆ وارکاس: (١٨٨٩ – ١٩٣٠ ز)
٦- ئەمپەرتۆ کاستیلو بارانکۆ: ١٩٦٤ز

١٧- بورما "بورمانیا"

خەڵکی وڵاتی بورما لە بنەڕەت لە سەدەی حەوتەمی زایین دا لە وڵاتی چینەوە چوونەتە ئەم وڵاتە. لە سەدەی سیانزدەهەم دا لە لایەن (قوبلای قائان)ەوە داگیرکراوە. لە چەرخی تازەدا بە دەست بەریتانیاوە بوو تا لە ساڵی ١٩٤٨ دا سەربەخۆیی وەرگرت و ڕژێمی کۆماری تێدا دامەزرا.

١٨- بولگاریا

گەلی بولگاری لە ڕەگەزی سلاڤ، ئەم وڵاتە لە ساڵی ١٣٩٣دا لەلایەن عوثمانی‌یەکانەوە داگیرکرا و لە ساڵی ١٨٧٨دا سەربەخۆیی وەدەست هێنا، سیزار فردیناندی یەکەم بوو بە شاه لە شەڕی دووەمی گەورەدا بەشدار بوو، لە ساڵی ١٩٤٦دا ڕژێمی پاشایەتی پێچرایەوە و بوو بە دەوڵەتێکی سۆشیالیستی بەسرۆکایەتیی "دیمترۆف".

ناودارانی بولگاریا

١- ئەلەکساندەر	١٨٧٩ – ١٨٨٦ز
٢- فردیناند	١٨٨٧ – ١٩١٨ ز
٣- بۆریسی سێیەم	١٩٤٣ ز
٤- سیمۆنی یەکەم	١٩٤٦ ز
٥- کولازوف	١٩٤٦ – ١٩٦٤ ز
٦- تریکو	١٩٦٤ ز

Scanned with CamScanner

١٩- بەلجیكا

دوای لەناوچوونی ناپلیۆن لە ساڵی ١٨١٥ز دا كەوتە دەستی هۆڵەندەوە, لە ساڵی ١٨٣٠ دا سەبەخۆیی بەدەست هێنا و لیۆپۆڵد ساكس كوبورك كرا بە شای وڵات.

شاهەكانی بەلجیكا

١. لیۆپۆڵدی یەكەم	١٨٣١ — ١٨٦٥ ز
٢. لیۆپۆڵدی دووەم	١٩٠٩ ز
٣. ئەلبەرتی یەكەم	١٩٣٤ ز
٤. لیۆپۆڵدی سێیەم	١٩٥١ ز
٥. بۆدوانی یەكەم	لە (١٩٥١ ز)ەوە

٢٠- بۆلیڤیا

وڵاتێكە لە وڵاتەكانی ئەمریكای لاتین واتا ئەمریكای باشوور. ساڵانی دوور و درێژ ژێر دەستەی ئیسپانیا بوو, لە ساڵی ١٨٢٥ز دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا و یاسای كۆماری تێیدا دامەزرا.

٢١- پارەگوای

ماوەیەكی زۆر ژێردەستەی ئیسپانیا بوو, لە ١٨١١دا سەربەخۆیی بەدەست هێنا و بە یەكەمین كۆماری ئەمریكای لاتین دادەندرێت كە سەربەخۆیی وەرگرتبێ.

ناودارانی ئەم وڵاتە:

١. فرانسیا
٢. ك. آ . لوپس
٣. ئەلفەردۆ ئاسترۆسز

٢٢- پاكستان

لە ساڵی ١٩٤٧دا دەوڵەتی پاكستان پێك هات, بەلام لەسەر ناوچەی كشمیر لەگەڵ هیندستان دا هەمیشە ناكۆك و لە كێشەدان.. بەو پێیە كە ناوچەی كشمیر زۆربەی ئیسلامن. لە ساڵی ١٩٧٤دا محەممەد عەلی جەناح بوو بە رابەری وڵاتی پاكستان, دوای ئەو لیاقەت عەلی خان, پاشان غولام محەممەد تا بە هۆی كودەتایەكی سەربازییەوە محەممەد ئەییوب خان بوو بە سەركۆمار.

٢٣- پورتوگال

پورتوگال لەسەدەی دوانزدەوە سەربەخۆ بووە, هەتا ساڵی ١٩١٠ ی ز لەم وڵاتەدا رژێمی پاشایەتی بەرێوە چووە.

ئەو بنەماڵانەی پاشایەتیی پورتوگالیان كردووە:

١. بروگوندی: كە تێكڕا شەش شایان هەبووە.
٢. نورا ناویز: تێكرا هەشت شایان هەبووە.
٣. براكانزا. تا ساڵی ١٨٥٣ز فەرمانڕەواییان كردووە و تێكڕا (١١) پاشا بوون.
٤. براكازا كوبورك: تێكڕا (٥) شایان هەبووە.

Scanned with CamScanner

۲٤ - تایلەند

لە ساڵی ۱۹۳۲ز دا دەوڵەتی سەربەخۆی تێدا دامەزراوە ناوی شاکانی ئەو وڵاتە بە (راما) بەناوبانگ بوون:

۱- رامای یەکەم	۱۷۸۲ — ۱۸۰۹ ز
۲- رامای دووەم	۱۸۰۹ — ۱۸۲٤ ز
۳- رامای سێیەم	۱۸۲٤ — ۱۸۵۱ ز
٤- رامای چوارەم	۱۸۵۱ — ۱۸٦۸ ز
۵- رامای پێنجەم	۱۸٦۸ — ۱۹۱۰ ز
٦- رامای شەشەم	۱۹۱۰ — ۱۹۲۵ ز
۷- رامای حەوتەم	۱۹۲۵ — ۱۹۳۵ ز
۸- رامای هەشتەم	۱۹۳۵ — ۱۹٤٦ ز
۹- رامای نۆیەم	۱۹٤٦ ز

۲۵- تورکیا

دوای شەڕی یەکەمی جیهان و بەپێی پەیمانی (سور) ئیمپراتۆریەتی عوثمانی بەسەر دەوڵەتە سەرکەوتووەکانی ئەم شەڕەدا دابەش کرا. لە ساڵی ۱۹۲۳دا دوای سەدان ساڵ رژێمی سوڵتانی و ئەمپراتۆری کۆماری تورکیای تازە بە سەرۆکایەتیی "مصطەفا کەمال ئاتاتورك" دامەزرا. سوڵتانەکانی عوثمانی لە ساڵی ۱۳٤۲ تا ۱۹۲۳ تێکڕا (۳۸) سوڵتان بوون بەناوبانگترینیان سوڵتان محەممەدی دووەم (فاتح) و سوڵتان سولێمانی قانوونییە.

سەرکۆمارانی تورکیا جەمهوورییەت

۱- مصطەفا کەمال ئاتاتورك	۱۹۲۳ — ۱۹۳۸ ز
۲- عیصمەت ئینونۆ	۱۹۳۸ — ۱۹۵۰ ز
۳- جەلال بایار	۱۹۵۰ — ۱۹٦۱ ز
٤- جەمال گورسێل	۱۹٦۱ — ۱۹٦٦ ز
۵- جەودەت سۆنای	۱۹٦٦ ز

۲٦- توونس

لەساڵی ۱۹۵۷ز دا رژێمی پاشایەتی لە توونس دا هەڵ گیرا و کرا بە جەمهوورییەت, یەکەمین سەرکۆمار (حەبیب بۆرقێبە)یە کە تاکو ئێستاش هەر سەرکۆمارە.

توونس یەکێکە لەو وڵاتانەی کە لە مێژوودا زۆر ناوی هاتووە و گەلێك رووداوی مێژوویی تێدا رووی داوە. توونیس گوزەرگای فینیقی بووە پێش زایین و شاری (کارتاج) مەڵبەندێکی گرنگیان بووە, دوای لەناوچوونی هانیبالی سەرکردەی بەناوبانگی شاری کارتاج رۆمانەکان دەستیان بەسەر وڵاتەکەدا گرت و تا هاتنی ئیسلام مانەوە.

۲۷- چیکۆسلۆڤاکیا

لە کۆن دا بەشێك بووە لە فەرمانڕەوایی ئیمپراتۆریەتی رۆما لە ساڵی ۱٤۷۱ز دا شاهەکان مەجرستان داگیریان کردووە و دوای ئەوان گەوتووەتە دەست نەمساوە هەر لە ساڵی ۱۵۲٦ز وە تا ۱۹۱۸ز. میللەتی چیك لە

Scanned with CamScanner

پێناوی ئازادیدا زۆر تێ کۆشاوه بەڵام سەرنەدەکەوت ئازادی بەدەست بهێنێ. لە شەڕی یەکەمی جیهان دا دژی نەمسا بە سەرۆکایەتیی (مازاریک) بە شەڕ هاتن و توانییان کۆماری چیکۆسلۆڤاکیا دابمەزرێنن. بەڵام لەبەر ناپاکی (خیانەتی) چەند رابەرێکیان لە ساڵی ١٩٣٨ ز دا دابەش کرا و بوو بە یەکێك لە هۆیەکانی هەڵ گیرساندنی شەڕی دووەمی گەورەی دنیا. لەکاتی شەڕدا لەلایەن ئەڵمانیا و یەکیەتی سۆڤیەتەوە داگیرکرا بەڵام سەرەنجام لە ساڵی ١٩٥٦دا وڵاتەکە بوو بە وڵاتێکی سۆشیالیست. چیکۆسلۆڤاکیا ئەندامی پەیمانی وارشۆیە.

٢٧- چین

وڵاتێکی کۆن و ئەفسانەیی مەڵبەندی شارستانەتیی کۆنی مرۆڤە. لە چوار هەزار ساڵ پێش زایینەوە خەریکی کشتوکاڵ بوون ئێستاش ٨٠٪ی گەلی چین خەریکی کشتوکاڵە.

کاتێك بنەماڵەی شاکانی "شانگ" بوون بە خاوەن دەسەلات لە وڵاتی چین دا نووسین رەواجی پەیدا کرد. دووەمین بنەماڵەی فەرمانڕەوایی چین "چوو"ەکان بوون کە کۆنفۆشیۆس و مۆنکیوس و لائوستە لە سەردەمی ئەوان دا بیروڕای خۆیان بڵاو کرۆدتەوە. سێیەمین بنەماڵەی پاشایەتیی ناوی "چین" بووە. لەسەردەمی شایەکی ئەم بنەماڵەدا دیواری گەورەی بەناوبانگی چین دروست کراوە. لەسەردەمی بنەماڵەی "هان"دا ئاینی بوودا لە چین بڵاوبۆتەوە. نوئان یان جوانتر مەغۆلەکان بوونە هۆی یەك پارچەیی وڵاتی چین هەروەها بۆ ئەوەی بەرەو رۆژاوای ناوەڕاست بەڕێ بکەون.

تەقەلاو تێکۆشانی رۆشنبیرەکانی وڵاتی چین بە رابەریی سون یان سن لە ئاکام دا لە ساڵی ١٩١٢ز دا کۆماری دیموکراتیی لە چین دامەزراند. دوای مردنی ئەم رابەرە لەنێوان سەرۆکەکان دا ناکۆکی دەستی پیکرد. چان کای شیك لەگەڵ کۆمۆنیستەکان بوو بە هەرایان و شەڕی ناوخۆ دەستی پێکرد. سەرکردایەتیی کۆمۆنیستەکان بەدەست ماوتیسۆنگەوە بوو دوای هێرشی یابان بۆ سەر وڵاتی چین لە ساڵی ١٩٣١ ز دا چان کای شیك لە باشووری چین دا خۆی شاردەوە. دوای شەڕی دووەمی جیهان ماوتسی تونگ هەموو ولاتی چینی گرتە دەست و چان کای شیك لە دورگەی فەرمۆزەدا بەناوی چینی نیشتمانییەوە حوکمی دەگێڕا.

٢٨- حەبەشە "ئەثیوبیا"

یەکێکە لەسەرزەمینە کۆنەکانی مێژوو. پێش دوو هەزار ساڵ پێش زایین شارستانەتی تێدا هەبووە تا رادەیەکیش دیموکراتیەت. موسڵمانەکانی سەردەمی پێغەمبەر کە لە ترسی قورەیش کۆچیان کرد بۆ ئەوێ ئەگەر چی گەلی حەبەشە مەسیحیش بوون. لەگەڵ ئەوەش دا زۆر ریزیان لێ گرتن.

لە سەدەی سیانزدەدا شایەتی لە حەبەشەدا دامەزرا کە خۆیان بە توخماتی سلێمان و بەلقیس دادەنێن.

لە ساڵی ١٩٣٥ز دا ئیتالیای فاشیسم هێرشی بردە سەر وڵاتی حەبەشە و پایتەختی هیلاسیلاسیی ئیمپراتۆریان گرت. بەڵام بە هاوکاریی بەریتانیا حەبەشییەکان توانییان ئیتالیا بشکێنن.

زمانی حەبەشە ناوی "ئاماهارا"یە. لەم دواییەدا رژێمی پاشایەتی لەلایەن شۆرشگێڕانەوە هەڵ گیرا و بوو بە کۆماری و تا ئەندازەیەك سەر بە چەپە.

٣٠- دانیمارك

گەلی دانیمارك رەگەزیان جەرمەنە. سەر بە رێبازی پرۆتستانن. رژێمەکەیان پاشایەتییە.

٣١- رۆمانیا

فەرمانڕەوا و پاشا ناسراوەکانی رۆمانیا

١- میخائیلی ئازا لە ١٦٠١ز دا مردووە

Scanned with CamScanner

٢- ئەلەكساندەر كۆزا ١٨٥٩ — ١٨٦٦ ز
٣- كارلى يەكەم ١٨٦٦ — ١٩١٤ ز
٤- فردیناند وال ١٩١٤ — ١٩٢٧ ز
٥- كارلى دووەم —
٦- میخائیل ١٩٣٠ ز
٧- كارلى دووەم (دووبارە) ١٩٤٠ ز
٨- یۆن ئانتۆنیسكۆ —

كۆماری سۆشیالیست
١- گیۆرگ گیۆرگی ١٩٤٧ ز
٢- شاوشیسكۆ

٣٢- ژاپۆن "یابان"

بەپێی ئەفسانەكانی ئەم وڵاتە لە ساڵی ٦٦٠ ی پێش زایین دا ئیمپراتۆریەتی تێدا دروست كراوە و "جیمۆتۆنۆ" فەرمانڕەوایی كردووە. مێژووی ژاپۆن لە سەدەی چوارەمی زایین دا دەست پێ دەكا و لە سەدەی شەش تا هەشت پەیڕەوی شارستانیەت و فەرهەنگی وڵاتی چین بوون, لە سەدەی دوانزدەدا شەڕی ناوخۆ لە ژاپۆن دا دەستی پێكردووە "بۆریتیمو" توانی فەرمانڕەواییەكی دكتاتۆری لە ژاپۆن دابمەزرێنێت. لە ساڵی ١٩٠٤ — ١٩٠٥ ز لە شەڕی نێوان وڵاتی ژاپۆن وورووسیادا ژاپۆنەكان بەسەر رووسەكان دا زاڵ بوون و دورگەی (ساخالین)یان داگیركرد. لە ١٩١٠ ز دا كۆریایان داگیر كرد. لە ساڵی ١٩٣١ دا مەنچووریای چینیان داگیر كرد. لە ساڵی ١٩٣٢ ز دا هێرشیان بردە سەر وڵاتی چین و پەكین و شانگەهایان گرت.

دەوڵەتی ژاپۆن لە شەڕی دووەمی جیهان دا بەشداری كرد و لە ١٩٤١ دا هێرشی بردە سەر (بێرل هابر) كە بنكەیێكی گەورەی دەریایی ئەمریكا بوو لە زەریای هێمن دا. لە ساڵی ١٩٤٥ دوای تەقینەوەی دوو بۆمبای ئەتۆمی بەسەر دوو شاری هیرۆشیما و ناكازاگیدا, ژاپۆن ناچار بوو شەڕ رابگرێت و تەسلیمی ئەمریكا بوو.

٣٣- سوێد

هۆزی سوئار یەكێكە لەو هۆزانەی لە سەرەتاوە لە وڵاتی سوێد دا ژیاون. ئەم هۆزە لە سەدەی شەشەمی زایین دا لەگەڵ هۆزەكانی گوتار و ڤایكینگ و نورمانەكان دا یەكیەتییان پێك هێنا و هەمیشە پەلاماری وڵاتانی هاوسایەیان دەدا.

لەوڵاتی سوێد دا رژێمی حوكمڕانی پاشایەتی بووە تاكو ئێستاش هەر بەردەوامە, ئەم رژێمە پاشایەتییە لە ساڵی ١١٣٠ز دا دەستی پێكردووە و تێكڕا پەنجا شا لە سێ بنەماڵەی جیاوازدا كاریان گێڕاوە.

٣٤- سویسرا

ئەم وڵاتە ئەوسا ناوی "هلوسیا" بووە و لە ساڵی ٥٨ ی پێش زایین دا لە ژێر دەسەڵاتی رۆمانەكان دا بووە. وڵاتی سویسرا لە هیچ جۆرە پەیمانێك بەشداری نەكردووە و لە شەڕە گەورە بەناوبانگەكان بێلایەن بووە.

٣٥- شیلی

لە ساڵی ١٥٣٦ز دا دۆزراوەتەوە لەلایەن والدبویا كە فەرمانڕەوایێكی ئیسپانیاییە داگیر كراوە. هەر ئەویش لە ساڵە ١٥٦١ز دا شاری (سانتیاگۆ)ی دروست كردووە و لە ساڵی ١٨١٨ز دا سەربەخۆیی بەدەست هێناوە.

Scanned with CamScanner

٣٦- فرانسه

له ساڵی ١٧٨٩ – ١٧٩٣ز دا شۆڕشی گەورەی فەڕانسە ڕووی دا و ڕژێمی پاشایەتی لەلایەن شۆڕشگێڕانەوە لابرا و بوو بە جەمهورییەت. بەپێی مێژووی فرانسە چەند بنەماڵەیێکی شاهانە لەو وڵاتەدا فەرمانڕەواییان کردووە:

١. شاکانی بنەماڵەی مرووشری:

تێکڕا دە پاشا بوون، لە ساڵی ٤٢٨ز تا ٧٥١ ز

٢. بنەماڵەی کارولنژی:

تێکڕا پانزدە پاشا بوون، لە ساڵی ٧٥١ – ٩٨٧ز دا فەرمانڕەواییان کردووە.

٣. بنەماڵەی کاپاسن:

هەشت پاشا بوون لە ساڵی ٩٨٧ – ١٢٢٦ ز دا فەرمانڕەواییان کردووە.

٤. بنەماڵەی بۆربۆن:

تێکڕا شەش پاشا بوون، لە ساڵی ١٥٨٩ – ١٧٩٥ ز دا فەرمانڕەواییان کردووە و دوا مەلیکیان لویسی شانزدەمین بووە کە ئیعدام کرا.

٥. کۆماری فرانسە

لە ساڵی ١٧٩٢ز تا ١٨٠٣ ز

٦. ناپلیۆن بۆنابارت

١٨٠٣ – ١٨٠٤ ز

٧. گەڕانەوەی پاشایەتی

١٨١٤ - ١٨٤٨ ز

٨. کۆماری دووەم

١٨٤٨ – ١٨٥٢ ز

٩. گەڕانەوەی پاشایەتی

١٨٥٢ – ١٨٧٠ ز

١٠. کۆماری سێیەم

١٨٧١ – ١٨٨٧ ز

١١. ماری فرانسوا سادی کارنو

١٨٨٧ - ١٩٤٠ ز

١٢. دەوڵەتی ڤیشی

Scanned with CamScanner

۱۹٤۰ – ۱۹٤٤ ز

۱۳. دەوڵەتی (موەقەتی) فرانسە
۱۹٤٤ – ۱۹٤٦ز

۱٤. کۆماری چوارەم
لەساڵی ۱۹٤۷ەوە دەستی پێکردووە تاکو ئێستا کە ساڵی (۱۹۸۷) و فرانسوا میتران سەرکۆمارە.

۳۷- فلیپین

لەساڵی ۱۵۲۱ز دا لەلایەن ماجەلانەوە بە دنیا ناسرا و لە ساڵی ۱۵٦۵ز دا ئیسپانیا داگیری کرد, لە ساڵی ۱۹٤۲ دا لەلایەن ژاپۆنەوە داگیکرا, لە ساڵی ۱۹٤٦دا سەربەخۆیی وەرگرت و کۆمارە فلیپینی لێ پێك هات.

۳۸- کووبا

لەلایەن کریستۆفر کۆلۆمپسەوە دۆزراوەتەوە, لەساڵی ۱٤۹۲ەوە تا ساڵی ۱۸۹۸ز ئەو وڵاتە ژێر دەستی ئیسپانیا بووە, لەساڵی ۱۹٤۸ز دا دکتۆر پریوسوکاراس کراوە بە سەرکۆمار بۆ یەکەم جار لە مێژووی ئەم وڵاتەدا لە ساڵی ۱۹۵۲ز دا پاتێستا بوو بە دکتاتۆری کووبا و فیدل کاسترۆ دژ بە رژێمی پاتێستا شەری پارتیزانی دەست پێ کرد و لە ساڵی ۱۹۵۹ز دا رژێمەکەی رووخاند و بوو بە سەرەك وەزیر, ئێستاش سەرکۆمار و پەیرەوی رژێمی سۆشیالیستە.

۳۹- مەجەر "هەنگاریا"

لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (ستیڤن)ی یەکەم دا (۹۷۷ – ۱۰۳۸)ز ئاینی مەسیحیەتی تێدا بلاو بووەتەوە لەساڵی ۱۵۲٦ز دا لەلایەن عوثمانییەکانەوە داگیر کراوە, دوای شیری گەورەی یەکەم رژێمی کۆماری تێدا دامەزراوە, لەساڵی ۱۹٤۵ز دا لەلایەن سۆڤیەتەوە داگیرکرا و لەساڵی ۱۹٤٦دا کۆماری تێدا دامەزرا و لە ساڵی ۱۹٤۷ز دا بوو بە رژێمێکی سۆشیالیستی.

٤۰- مۆناکۆ

لە سەردەمی شۆرشی گەورەی گەلی فرانسەدا بوو بە بەشێك لە فرانسە و لە ساڵی ۱۸٤٦ز دا لەلایەن ساردینیاوە داگیرکرا و لە ساڵی ۱۸٦۱ زدا لەلایەن ئیتالیاوە بە فرانسە فرۆشرا. ئێستاش میرنشینە.

٤۱ – نەرویج

رژێمی ئەم وڵاتە پاشایەتییە, لەساڵی ۱۳۸۱ز دا تا ساڵی ۱۸۱٤ز لەگەڵ وڵاتی دانیمارك دا یەکیەتییەکیان پێك هێنابوو لەساڵی (۱۸۱٤)ەوە تا ساڵی ۱۹۰۵ ز لەگەڵ سویددا بوونە یەك و لە ساڵی ۱۹۰۵ز لێك جیا بوونەوە.

٤۲- هۆڵەندە

Scanned with CamScanner

له سەردەمێکی دوورەوە ئەم ولاتە پەیڕەوی ڕژێمی پاشایەتییە, لە ساڵی (١٥٧٩)ەوە کە پاشایەتی دەستی پێکردووە تاکوئێستاش هەر بەردەوامە.

٤٣- هیندستان

لە وڵاتی هیندستان دا پێش چوار هەزار ساڵ شارستانەتی تێدا بووە لە ساڵی ٣٢٧ی پێش زایین دا لەلایەن ئەسکەندەری مەکەدۆنییەوە بەشێکی گەورەی لێ داگیر کرا. هەزار ساڵ پێش زایین بوودا لەم وڵاتەدا ئایینی خۆی بڵاوکردۆتەوە. لە ساڵی ٧١٢ی ز بەشێکە لەلایەن (محەممەدی بن قاسم)ی ئیسلامەوە داگیرکرا. یەکەمین دەوڵەتێك کە پەیڕەوی ئاینی ئیسلام بووە لە هیندستان دا دامەزراوە ساڵی ١١٩٢ ز لەلایەن (شەهابەددین محەممەد ئەل غوری)یەوە بووە. لەساڵی ١٥٢٠از دا "بابی" کە لە نەوەکانی تەیموور بووە فەرمانڕەواییەکی پان و پۆری لێ داناوە. ساڵی ١٧٣٨ یش نادرشای ئێران هێرشی بردۆتە سەر ئەم وڵاتە. لە ١٧٥٧از دا بووە بە ولاتێکی ژێر دەستەی بەریتانیا, دوای شەڕی گەورەی یەکەم بەریتانیا ناچار کرا تا ڕادەیەك ماق ئەم میللەتە ئەوەندە پێشێل نەکات سەرەنجام بە پێشەوایی (گاندی)ی مەزنەوە ئەم وڵاتە گەیشتە سەربەخۆیی خۆی.

٤٤- یۆنان

یەکێکە لە ولاتە کۆنەکان و سەرچاوەی شارستانەتیی مرۆڤ لە زەمانی کۆن دا. پێنج سەد ساڵ پێش زایین بە هێز و دەسەڵات ترین فەرمانڕەوایی تێدا هەبووە, لەساڵی ٤٦ ی پێش زایین دا لەلایەن رۆمانەکانەوە داگیرکرا و لەلایەن عوثمانییەکانیشەوە لە ساڵی ١٨٣٠از دا داگیرکرا. گەلی یۆنان لە ئەنجامی شۆرش و یارمەتیی فرانسە و بەریتانیا و رووسیادا توانی سەربەخۆیی بەدەست بهێنێت.

لەساڵی ١٩٢٥از ڕژێمی کۆماری تێدا دامەزرا و لە ساڵی ١٩٣٥دا دیسان بووەوە بە پاشایەتی دوای کودەتاییێکی سوپایی پاشایەتی نەما و ئەمڕۆ ڕژێمی کۆمارییە.

٤٥- یەکیەتی سۆڤیەتی

(سکوت)ەکان حەوت سەد پێش زایین کەناری دەریای رەشیان بەدەستەوە بوو, دوای ئەوان بە چوار سەد ساڵ هۆزەکانی "سرمت" جێگەی ئەوانیان گرتەوە, دوای ئەوان چەند میللەتێکی دیکە وەکو گوتیەکان, هوونەکان و خەزەرەکان لە روسیادا ژیاون.

یەکەمین دەوڵەت لەلایەن خەزەرکانەوە لە باشووری رووسیادا دامەزراوە. بولگارەکان بۆ یەکەمین جار لە دەوروبەری ڤۆلگادا فەرمانڕەواییەکیان پێك هێنا و باکووری ئۆکراین بوو بە جووڵانگایان. هۆزەکانی وارگ لە سەدەی نۆیەمی زایین دا زۆر لە ناوچەکانی رووسیایان داگیرکرد و لەوە دەچێت ناوی رووسیا ناوی یەکێك لە فەرمانڕەواکانی وارگ بووبێت.

تا ساڵی ١٩٦٩دا پێتەختی روسیا شاری کێیف بووە و لە زەمانی فەرمانڕەوایی ڤلادمیری یەکەم روسیا ڕێبازی ئاینی ئەرثەدوکسی وەرگرت. دوای ڤلادمیر دەوڵەتی کێیف دابەش کرا و هەر بەشێکی لەلایەن سەردارێکەوە کە لە بنەماڵەی رودیك بوون فەرمانڕەوایی کراوە.

لەسەدەی سیانزدەمین دا پاتوخانی تاتار وڵاتی رووسیای داگیرکرد و لەساڵی ١٣٨٠از دا توانیان دوای شەڕێکی خوێناوی تاتارەکان لەوڵاتی خۆیان دەرکەون دەوڵەتی دوکی مۆسکۆ دابمەزرێنن.

Scanned with CamScanner

ئیڤانی ترسێنەر یەکێکە لەم بنەماڵە بەدەستەڵاتە خۆی ناونا (تزار) (قەیسەر) بەڵام جێگیرەکانی ئیڤان نەیانتوانی ئەو دەسەڵاتە رابگرن تا لەئەنجام دا بنەماڵەی رۆمانۆڤ هاتنە سەر کار لە رووسیادا و تا ساڵی ١٩٠٧ز فەرمانڕەواییان کردووە.

پەتروسی گەورە یەکێکە لە گەورەترین ئیمپراتۆرەکانی روسیا و نیکۆلای دووەم دوا تزاری روسیا بووە. لەساڵی ١٩٢١ز داله روسیادا یەکەمین دەوڵەتی سۆشیالیستی لەلایەن (لینین)ەوە دامەزرا.

رابەر و ئیمپراتۆرەکانی روسیا:

١- رۆدریك	سەدەی نۆیەمی زایین
٢- ئولگەك	جێگری رۆدریك
٣- ئیگوزر	جێگری ئولگەك
٤- سپاتڤسلاڤ	٩٧٢ ز
٥- ڤلادیمیری یەکەم	جێگری سپاتڤسلاڤ
٦- یارو سلاڤ	دوك نشین
٧- ئیڤانی یەکەم	
٨- ڤاسیلی	
٩- ئیڤانی گەورە	١٤٦٢ – ١٥٠٥ ز
١٠- ئیڤانی ترسێنەر	١٥٣٣ – ١٥٨٤ ز
١١- ڤیدۆری یەکەم	کوڕی ئیڤان
١٢- گادەنۆڤ	سەردەمی بەرەڵلایی
١٣- ڤیدۆری دووەم	١٦٠٥ ز
١٤- دیمتری	١٦٠٥ – ١٦٠٦ ز
١٥- رومانۆڤ میخائیل	یەکەمین تزاری بنەماڵەی رۆمانۆڤ
١٦- ئەلیکسی میخاییلوڤچ	١٦٤٥ – ١٦٧٤ ز
١٧- ڤیدوری سێیەم	١٦٧٦ – ١٦٨٢ ز
١٨- ئیڤانی پێنجەم	١٦٨٢ – ١٦٩٦ ز
١٩- پەتروسی گەورە	١٦٨٢ – ١٧٢٥ ز
٢٠- کاترینی یەکەم	١٧٢٥ – ١٧٢٧ ز
٢١- پەتروسی دووەم	١٧٢٧ – ١٧٣٠ ز
٢٢- ئانا ئیڤانۆڤا	١٧٣٠ – ١٧٤٠ ز
٢٣- ئیڤانی شەشەم	١٧٤٠ – ١٧٤١ ز
٢٤- ئەلیزابێت	١٧٤١ – ١٧٦٢ ز
٢٥- پەتروسی سێیەم	١٧٦٢ ز
٢٦- کاترینی دووەم (گەورە)	١٧٢٩ – ١٧٩٦ ز
٢٧- پاڤلی یەکەم	١٧٩٦ – ١٨٠١ ز
٢٨- ئەلەکسەندەری یەکەم	١٨٠١- ١٨٢٥ ز
٢٩- نیکۆلای یەکەم	١٨٢٥ – ١٨٥٥ ز
٣٠- ئەلەکسەندەری دووەم	١٨٥٥ – ١٨٩٤ ز

Scanned with CamScanner

٣١- ئەلەکسەندەری سێیەم ١٨٨١ – ١٨٩٤ ز
٣٢- نیکۆلای دووەم ١٨٩٤ – ١٩١٧ ز

رابەرانی دوای شۆڕشی سۆڤیەتی

١- ئەلەکسەندەر کرینسکی	حکوومەتی مووەقەت ١٩١٧ ز
٢- ڤلادیمیر لینین	١٩١٧ – ١٩٢٤ ز
٣- ئەلەکسی ئیڤانوڤچ ریکو	١٩٣٠ ز
٤- مۆلۆتۆف	١٩٤١ ز
٥- ستالین	١٩٥٣ ز
٦- مالنکۆڤ	١٩٥٥ ز
٧- خرۆشێڤ	١٩٦٤ ز
٨- کۆسەگین	
٩- برژنیف	

****



Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئارمی هەندێك لە وڵاتان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەڵمانیای رۆژئاوا

کووبا

بەرازیل

کەنەدا

فنلەندە

چیکۆسلۆڤاکیا

ڤیتنامی باکووری

پەنەما

زیلاندی نوێ

پارگوای

هائیتی

نەمسا

تۆگۆ


ژاپۆن

پاکستان

سرالئون

ئەندەنووسیا

تایلاند

پۆڵندە

مکسیک

هۆڵندە

فلپین

یەکیەتی سۆڤیەتی

لیبیریا

هندستان

Scanned with CamScanner

کرنۆلۆژی مێژووی جیهان

Scanned with CamScanner

تـوت

Scanned with CamScanner

کرنۆلۆژی مێژووی جیهان

١) ٢٩٠٠ — ٢٧٠٠ پ. ز زنجیرەی یەکەم و دووەمی فەرمانڕەوایانی میصر "پایتەختی تینس".

٢) ٢٧٠٠ — ٢٢٠٠ پ. زسەردەمی فەرمانڕەوایی زنجیرەی سێیەمی تا شەشەمی میصر "پایتەختی مەمفیس".

٣) ٢٣٠٠ — ٢١٠٠ پ. ز دەورەی فەرمانڕەوایی زنجیرەی حەوتەم تا دەیەمین.

٤) ٢١٠٠ — ١٧٨٨ پ. ز فەرمانڕەوایی زنجیرەی پانزدومین "٢١٠٠ — ٢٠٠٠ پایتەختی تیبە" و زنجیرەی بنەماڵە دوانزدەمین "٢٠٠٠ — ١٧٨٨" لەم دەورەدا شارستانەتی لە میصردا ڕێگایەکی زۆری پێ دراوە.

٥) ١٧٨٨ — ١٥٨٠ پ. ز سەردەمی فەرمانڕەوایی بیانی (بێگانە) لە میصردا.

٦) ١٥٨٠ — ١٠٩٠ پ. ز دەورانی ئیمپراتۆریەتی کۆنی میصر کە بە سەردەمی نوی ناسراوە.

٧) ١٥٨٠ — ١٣٥٠ پ. ز فەرمانڕەوایی بنەماڵەی هەژدەمین "پایتەختی تیبە" پاشا ناسراوەکانی ئەم بنەماڵەیە:

١- ئینوفیسی یەکەم

٢- نوتمسی یەکەم

٣- توتمسی سێیەم

٤- ئەمونوفیسی چوارەم "ئەخناتون" یەك تاکە پەرستی لە میصردا بردو پێدا.

٨) ١٣٥٠ — ١٢٠٠ پ. ز فەرمانڕەوایی سی و یەکەم "پایتەختی تیبە" پاشا ناسراوەکانی ئەم سەردەمە:

١- هارم هاب

٢- وستوسی یەکەم

٣- رامسیسی دووەم

٤- مەرتپتان

٩) ١٢٠٠ — ١٠٩٠ پ. ز "پایتەخت تیبە" فیرعۆنە ناسراوەکانی ئەم دەورە:

١- رامسیسی سێیەم

٢- رامسیسی چوارەم

لەم خولەدا زێوانی پەرستگاکان پەرەی سەندووە.

رامسیس

Scanned with CamScanner

١٠) ١٠٩٠ – ٩٥٠ پ. ز پاشایەتی زنجیرەی بیست و یەکەم دەژمێردرێت, فیرعۆنەکانی ئەم بنەماڵەیە کارێکی شایان و دیاریان نەکردووە.

١١) ٩٤٠ – ٨٤٥ پ. ز
فەرمانڕەوایی زنجیرەی بیست و دوو و بیست و سی شەڕی ناوخۆ و هەرا و بەزم لە وڵاتی میصردا بڵاو بووەوە.

١٢) ٧١٣ – ٦٦٣ پ. ز
پاشایەتیی زنجیرەی بیست و پێنجەم کە لەلایەن کەسێکەوە دامەزرا خەڵکی وڵاتی حەبەشە بووە و وڵاتی میصر لەلایەن (ئاشوور بانیبال)ەوە هێرشی براوەتە سەر.

١٣) ٨٠٠ پ. ز
دەسەڵاتی کارتاج پێك دێت.

داریوش

١٤) ٧٩٠ پ. ز
حەبەشە میصر داگیر دەکات.

١٥) ٧٩٠ پ. ز
یەکەمین ئولومپیاد

١٦) ٧٥٣ پ. ز
رۆما دروست کراوە

١٧) ٧٤٥ پ. ز
تکلات پلیسەری سێیەمی بابلی داگیرکرد و ئیمپراتۆریەتی نوێی بابلی دامەزراند.

١٨) ٧٣٥ پ. ز
یۆنانییەکان دەگەنە دورگەی سیسیل.

١٩) ٧٢٢ پ. ز
سورگون ئاشورییەکان بە چەکی ئاسن چەکدار دەکات.

٢٠) ٧٢١ پ. ز
جوولەکە کۆچیان پێ دەکرێ.

٢١) ٧٠١ پ. ز
لەشکری سەنحاریب بۆ سەر میصر تووسی بەڵای خوایی دەبێت و لەناو دەچێت.

٢٢) ٦٨٠ پ. ز
تیبە لەلایەن ئەسەر حەدونەوە داگیر دەکرێت و دەسەڵاتی حەبەشییەان لەناو دەچێت.

٢٣) ٦٦٧ پ. ز
ساردانا پالوس دەبێ بە پاشا.

٢٤) ٦٠٦ پ. ز
داگیر کردنی نەینەوا لەلایەن نابوپ, لاساری پاشای کلدانییەکانەوە دامەزراندنی دەسەڵاتی کلدانی.

٢٥) ٥٨٦ پ. ز
بەختولنەصر "نەبوخوذ نەسسر" جوولەکەکان بۆ بابل کۆچ پێ دەکات. زۆریشیان بەرەو میصر هەڵدێن.

٢٦) ٥٥٠ پ. ز

Scanned with CamScanner

کۆرش جێگەی سیاگزار دەگرێتەوە دامەزراندنی زنجیرەی هەخامەنشی "ئەخمینی" ببودا و کۆنفوشیۆس و لائوتسە لەم سەردەمەدا ژیاون.

نیرۆن

٢٧) ٥٣٩ پ. ز
کۆرش بابل داگیر دەکات.
٢٨) ٥٢٧ پ. ز
بیزیسی ترانوسی پاشای یۆنان دەمرێت.
٢٩) ٥٢٥ پ. ز
کمبوجیە میصر داگیر دەکات.
٣٠) ٥٢١ پ. ز
داریۆش هێرش دەباتە سەر ولاتی "سەکها".
٣١) ٤٩٠ پ. ز
شەڕی ماراتۆن
٣٢) ٤٨٤ پ. ز
هیرۆدۆت لەدایك دەبێت. ئاشیل بۆ یەکەم ترازیدی گرەو دەباتەوە و پاداشت وەردەگرێت.
٣٣) ٤٨٠ پ. ز
شەڕی ترمپیل و سالامیس.
٣٤) ٤٧٩ پ. ز
شەڕی پلاتە
٣٥) ٤٦٦ پ. ز
بریکلیس لە یۆنان دا بووە بە شا و سردەدەمی زێرینی ولاتی یۆنان.

کوشتنی فیلیپ باوکی ئەسکەندەر

٣٦) ٤٦٥ پ. ز
کوژرانی خشابار شاه .
٣٧) ٤٣١ پ. ز
دەست پێ کردنی شەڕی پلوپونەر لەنێوان ئیسپارتە و یۆنان دا.
٣٨) ٤٢٨ پ. ز
مردنی هیرۆدۆتس و بەریکلیس.
٣٩) ٤٢٧ پ. ز
ئەفلاتون لەدایك دەبێت.
٤٠) ٤٠١ پ. ز
گەڕانەوەی دە هەزار سەربازی یۆنانی لە ئێرانەوە بۆ یۆنان. برت نووس شاری رۆما تالان دەکات.
٤١) ٣٥٩ پ. ز

Scanned with CamScanner

فیلیپ دەبێ بە شای مەکەدۆنیا.

لەناوچونی دەسەڵاتی کارتاژ

٤٢) ٣٣٤ پ. ز
کوشتنی فیلیب لەشکرکێشیی یۆنان بۆ ئاسیا.

٤٣) ٣٣٤ پ. ز
شەڕی کرا نیکوس.
٤٤) ٣٣٣ پ. ز
شەڕی ئیسۆس.

٤٥) ٣٣٢ پ. ز
ئەسکەندەر گەیشتە میصر.

٤٦) ٣٣١ پ. ز
شەڕی ئەبلا.
٤٧) ٣٣٠ پ. ز
کوشتنی داریۆشی سێیەم.
٤٨) ٣٢٣ پ. ز
مردنی ئەسکەندەری مەکەدۆنی.
٤٩) ٣٢١ پ. ز
چندراگوباتا لە وڵاتی پەنجاب دا بووە بە شا.
٥٠) ٣٠٣ پ. ز
جندرا گوبتا سلووکییەکان ناچار بە کشانەوە دەکات.
٥١) ٢٨١ پ. ز
پیرهە هێرش دەباتە سەر ئیتالیا.
٥٢) ٢٨٠ پ. ز
شەڕی هراکلیا.
٥٣) ٢٦٤ پ. ز
شەڕی پۆنیک و سەرەتای پاشایەتی (ئاشوکا) لە هیندستان دا و نیشان دانی یاریی کلادیاتورەکان لە ڕۆما بۆ یەکەم جار لە مێژوودا.
٥٤) ٢٤١ پ. ز
دوایی شەڕی پۆنیکی یەکەم.
٥٥) ٢٢٥ پ. ز
شەڕی تلامون، سپای ڕۆما دەڕواتە شاری ئیلیریاوە.
٥٦) شەڕی دووەمی پۆنیك.
٥٧) دەست پێ کردنی دیواری بەناوبانگی وڵاتی چین.
٥٨) ٢١٠ پ. ز

ئەسکەندەر گەیشتە وڵاتی مصر

Scanned with CamScanner

مردنی تسن شی هوانگ نی.

٥٩) ٢٠٢ پ. ز

شەڕی ناما.

٦٠) ٢٠١ پ. ز

کۆتایی شەڕی پۆنیك.

٦١) ١٩٧ – ٢٠٠ پ. ز

شەڕی رۆمان و مەکەدۆنییەکان.

٦٢) ١٩٢ پ. ز

شەڕی سلووکییەکان.

٦٣) ١٩٠ پ. ز

شەڕی ماگنسیا.

٦٤) ١٤٩ پ. ز

شەڕی چوارەمی مەکەدۆنییەکان و بەزینیان.

٦٥) ١٤٩ پ. ز

شەڕی سێیەمی پۆنیك

٦٦) ١٤٩ پ. ز

لەناوچوونی دەسەڵاتی (کارتاج) ـ قرتاجە

٦٧) ١٣٢ پ. ز

شەڕی یەکەمی کۆیلەکان لە سیسیل بە سەرکردەیی ئوتوس و سەرنەکەوتنیان.

٦٨) ١٠٣ – ٩٠ پ. ز

شەڕی دووەمی کۆیلەکان بە سەرکردەیی تریفون و سەرنەکەوتنیان.

٦٩) ١٠٢ پ. ز

ماریۆس بەرگری لە هۆزی ئەڵمانەکان دەکات.

٧٠) ٨٨ پ. ز

مردنە ماریۆس.

٧١) ٧٣ پ. ز

شۆڕشی کۆیلەکان بە سەرۆکایەتیی سپارتاکۆس.

٧٢) ٧١ پ. ز

لەناوچوونی شۆڕشی سپارتاکۆس.

٧٣) ٦٦ پ. ز

لەشکرکێشیی پەمبێ بۆ دەریای خەزەر

٧٤) ٦٦ پ. ز

مردنی میتریداتس پونتس.

٧٥) ٥٣ پ. ز

کوشتنی کراسۆس لە کارهەدا.

٧٦) ٤٨ پ. ز

Scanned with CamScanner

شکانی پەمبێی لەلایەن ژۆل سیزارەوە لە فارسالوس دا.
٧٧) ٤٤ پ. ز
کوژرانی ژۆل سیزار.
٧٨) ٣٤ پ. ز
شەڕی ئەکتیۆم
یەکەمی زایین لەدایك بوونی حەزرەتی عیسای مەسیح.

لەدایك بوونی حەزرەتی عیسا- (لە کارە هونەرییەکانی مایکل ئەنجیلۆ)

تێ‌شکانی کۆیلەکان لەلایەن سوپای رۆماوە

٧٩) ١٤ ز
مردنی ئەگۆستوس و بوونی تیبریوس بە شا.
٨٠) ٣٣ ز
لە چوارمێخەدانی حەزرەتی عیسا.
٨١) ٣٧ ز
گالیوکۆلا بوو بە شا.
٨٢) ٤١ ز
کلۆدیۆس بوو بە شا.
٨٣) ٥٤ ز
سەرەتای پاشایەتیی نیرۆن.
٨٤) ٦١ ز
کوشتنی رۆمانەکان لە بەریتانیادا لەلایەن شاژن بۆدیکاوە.
٨٥) ٦٨ ز
خۆ کوشتنی نیرۆن.
٨٦) ٦٩ ز
ڤسپاسیان زنجیرەی فلاوینی دامەزراند.
٨٧) ٧٩ ز

Scanned with CamScanner

تیتۆس بوو بە شا دوای ڤیپاسیان.
٨٨) ٨١ ز
دۆمیسیان بوو بە شا
٨٩) ٨٤ ز
سەرەوەی وڵاتی بەریتانیا بوو بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتی رۆما.
٩٠) ٩٦ — ٩٧ز
ئیمپراتۆریەتی مارکۆس کۆك سیلوس نێروا
٩١) ٩٨ ز
تیراژان بوو بە جێگری نێروا.
٩٢) ١٠٢ ز
هێرشی سەکا بۆ سەر وڵاتی هیندستان.
٩٣) ١١٧ ز
هادریان لە جێی تیراژان دا بوو بە ئیمپراتۆر و دەست پی کردنی سەردەمی دەسەڵاتی رۆما.
٩٤) ١٣٨ ز
ئەنتۆنینۆس پایس بووە بە شا دوای هادریان.
٩٥) ١٥٠ ز
لەم سەردەمەدا زنجیرەی پاشاکانی کانیشکا لە کاشغەر و خوتەن دا فەرمانڕەواییان کردووە.
٩٦) ١٦٠ ز
پاشایەتیی ئاورل.
٩٧) ١٦٤ ز
بڵاوبوونەوەی تاعوون و مردنی ئاورل بە نەخۆشیی تاعوون.
٩٨) ١٨٠ ز
بە مردنی ئاورل ماوەی سەد ساڵ نا ئارامی و شەڕ و شۆری ناوخۆ لە ئیمپراتۆرییەتی رۆمادا بەردەوام بوو.

لەناو چوونی ئەشکانیەکان

٩٩) ٢٢٠ ز
لەناوچوونی بنەماڵەی هان.
١٠٠) ٢٢٧ ز
لەناوبردنی دەسەڵاتی ئەشکانییەکان لەلایەن ئەردەشێری یەکەمی پاشای ساسانییەوە.
١٠١) ٢٤٢ ز
(مانی) ڕێبازی ئاینەکەی بڵاوکردەوە.
١٠٢) ٢٤٧ ز
گووتەکان لە دانووب پەڕینەوە.
١٠٣) ٢٥١ ز
سەرکەوتنی گووتەکان و کوژرانی ئیمپراتۆر دیسیۆس.
١٠٤) ٢٦٠ ز
شاپووری یەکەم ئەنتاکیای داگیرکرد و ئیمپراتۆر (ڤالەرین)ی بەدیل گرت.

شاپووری یەکەم

Scanned with CamScanner

مانی

١٠٥) ٢٦٩ ز
کلۆدیوس گووتەکانی شکاند و لە نیش دا بەسەریان دا زاڵ بوو.
١٠٦) ٢٧٠ ز
ئورەلین بوو بە ئیمپراتۆر.
١٠٧) ٢٧٢ ز
شاژنە زەنووبیا بە دیلی دەبرێت بۆ رۆما. لەناوچوونی ناوبانگی پالمیرا.
١٠٨) ٢٧٥ ز
پرۆبس جێگای ئورەلین دەگرێتەوە و دەبێتە ئیمپراتۆر.
١٠٩) ٢٢٨ ز
کوشتنی مانی لە ئێران دا.
١١٠) ٢٨٤ ز
دیۆکلیسیان بوو بە ئیمپراتۆر
١١١) ٣٠٣ ز
دیۆکلیسیان ئازادی مەسیحییەکان دەدات.
١١٢) ٣١١ ز
گالیرۆس کۆتایی بە ئازاردانی مەسیحییەکان دەهێنێت.
١١٣) ٣١٢ ز
قوستەنتین دەبێتە ئیمپراتۆر.

ئورەلین بووە بەئیمپراتۆر

١١٤) ٣١٣ ز
بڕیاری بەرابەری تەواوی ئاینەکان لەلایەن قوستەنتینەوە دەدرێت و سامانە تالأن کراوەکانی مەسیحییەکانیش دەدرێتەوە.
١١٥) ٣٢١ ز
پەلاماری تازەی گووتەکان بەردەگیرێت.
١١٦) ٣٢٣ ز
پێك هێنانی شوورای ئاینی بە سەرۆکایەتیی قوستەنتین.
بۆ لابردنی جیاوازیی نێوان دەستە مەسیحییەکان, ئەوەبوو دەستەی قەشە ئاریۆس دەیان گوت کە حەزرەتی مەسیح بەشێك نەبووە لە خودا, دەستەی ئەلەکساندەر دەیان گوت: نەخێر حەزرەتی عیسا بەشێك بوو لە زاتی خواوەند.
١١٧) ٣٥٤ ز
لەدایك بوونی قەشەی گەورە (ئەگوستین).
١١٨) ٣٦١ ز
تەقەلای (ژۆلیان) ئیمپراتۆری رۆما بۆ لابردنی ئاینی مەسیحیەت.
١١٩) ٣٦٥ ز
مردنی ژۆلیان.
١٢٠) ڤایگوتەکان بە سەرۆکایەتیی ئالاریك شاری رۆمایان داگیرکرد.
١٢١) ٤٣٩ ز
ڤاندالەکان کارتاج داگیر دەکەن.

Scanned with CamScanner

۱۲۲) ٤٨٨ ز
برسیکۆس و ئاتیلا یەکتری دەبینن.
۱۲۳) ٤٥١ ز
هێرشی ئەتیلا بۆ سەر گال و شکانی لەلایەن رۆمانەکان و ئەڵمانەکانەوە.
۱۲٤) ٤٥٣ ز
مردنی ئەتیلا.
۱۲٥) ٤٥٥ ز
رۆما لەلایەن ڤاندالەکانەوە تالآن کرا.
۱۲٦) ٥٢٩ ز
بە ئەمری (ژۆستینیان)ی ئیمپراتۆری رۆما ڤوتابخانەکانی یۆنان داخران دوای هەزار ساڵ کۆشش.
۱۲۷) ٥٣١ ز
خسرەوی یەکەم بوو بە شای ئێران.
۱۲۸) ٥٤٣ ز
نەخۆشیی تاعوون لە شاری ڤوستەنتینیە خەڵکێکی زۆری کوشت.
۱۲۹) ٥٥٦ ز
مردنی شۆستنیانی ئیمپراتۆری ڕۆما.
۱۳۰) ٥٧١ ز
لەدایك بوونی پێغەمبەری خوا محەممەد کوڕی عەبدوڵلا (ص).
۱۳۱) ٥٧٩ ز
مردنی خسرەوی یەکەم "ئەنۆشیروان".
۱۳۲) ٥٩٠ ز
بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعوون لە رۆما. سەرەتای پاشایەتیی خسرەوی دووەمی بە خسرەوی پەرویز بەناوبانگە.
۱۳۳) ٥٨٩ ز
لەدایك بوونی حەزرەتی عەلی.
۱۳٤) ٦١٠ ز
سەرەتای فەرمانڕەوایی هیراکلیوس ئیمپراتۆری رۆم.

۱۳٥) ٦١٩ ز
لەشکرکێشیی خسرەوی پەرویز بۆ سەر میصر و ئۆرشەلیم و دیمەشق و داگیرکردنیان. سەرەتای فەرمانڕەوایی بنەماڵەی تانگ لە چین دا.
۱۳٦) ٦٢١ ز
کۆچی پێغەمبەری خوا (ص) بۆ مەدینە. سەرەتای ساڵی کۆچی.
۱۳۷) ٦٢٣ ز
شەڕی (بەدر).
۱۳۸) ٦٢٦ ز
شکانی سپای ئێران لەلایەن هیراکلیسەوە لە نەینەوا.
۱۳۹) ٦٢٨ ز

Scanned with CamScanner

کوشتنی خسرەو پەروێز لەلایەن (قوبادی دووەمەوە، پاشایەتیی قوباد).

مردنی هیراکلیوس

١٤٠) ٦٢٩ ز
ئازادی کردنی مەکە لەلایەن ئیسلامەوە.
١٤١) ٦٣٢ ز
مردنی پێغەمبەری ئیسلام و خەلیفایەتی ئەبوو بەکر.
١٤٢) ٦٣٤ ز
شەڕی یەرمووك و ئازاد کردنی سووریا. خەلیفایەتیی عومەر.
١٤٣) ٦٣٧ ز
ئازادکردنی ئۆرشەلیم لەلایەن ئیسلامەکانەوە.
١٤٤) ٦٤٢ ز
مردنی هیراکلیۆس.
١٤٥) ٦٣٢ ز
عوثماني کوڕی عەففان بوو بە خەلیفە.

شەڕی زات الصواری

١٤٦) ٦٥٥ ز
تێك شکانی هێزی دەریایی بیزانتە لەلایەن موسڵمانەکانەوە.
١٤٧) ٦٥٤ ز
کوشتنی عوثمان لە مەدینە و خەلیفایەتی عەلیی کوڕی ئەبوتالب.
١٤٨) ٦٦١ ز
شەهید کردنی عەلی.
١٤٩) ٦٦٢ ز
سەرەتای خەلیفایەتیی معاویە کوڕی ئەبوسوفیان.
١٥٠) ٦٧٥ ز
هێرشی دەریایی ماعویە بۆ سەر شاری قوستەنتینیە.
١٥١) ٧١١ ز
هێرشی موسڵمانەکان بۆ سەر ئیسپانیا لە ژووری ئەفریقاوە.
١٥٢) ٧١٥ ز
بەربلاوی دەسەڵاتی دەوڵەتی ئەمەوی لە زەمانی وەلیددا.
١٥٣) ٧١٧ ز
سلێمان کوڕی وەلید نەیتوانی شاری قوستەنتینیە داگیر بکات.
١٥٤) ٧٣٢ ز
شارل مارتل لە نزیك (بواتێ)دا موسڵمانەکانی شکاند.
١٥٥) ٧٤٩ ز
ڕووخانی دەوڵەتی ئەمەوی، ئەبو عەباسی سیففاح بووە یەکەمین خەلیفەی عەباسی. وڵاتی ئیسپانیا هەر بەدەست ئەمەوییەکانەوە مایەوە.
١٥٦) ٧٥١ ز
پیپن بوو بە شای فرانسە.

١٥٧) ٧٧١ ز

شارلمان بوو به شای فرانسه.

ئوتوى ئيمبراتۆرى سلكسون

١٥٨) شارلمان دهست بهسهر لومپاردی دا دهگرێت.

١٥٩) ٧٨٤ ز

هاروونه رهشید بوو به خهلیفهی عهباسی له بهغدا.

١٦٠) ٨١٢ ز

مردنی شارلمان و به پاشابوونی لویسی له خواترس.

١٦١) ٨٤٣ ز

مردنی لویسی له خواترس و لهناوچوونی ئیمپراتۆرییهتی کارولنژی.

١٦٢) ٨٥٢ ز

بۆریس یهکهمین شای مهسیحی له بولگاریادا بوو به شاه.

١٦٣) ٨٥٦ ز

هێزی دهریایی رووسهکان پهلاماری قوستهنتینیهیان دا.

نۆتۆ

١٦٤) ٩٦٢ ز

نۆتۆی یهکهم یهکهمین ئیمپراتۆری ساکسون له ولاتی ئهڵمانیادا تاجی لهسهر دهنرێت.

١٦٥) ٩٦٩ ز

دامهزراندنی خهلافهتی جیاوای فاتمییهکان له میصردا.

١٦٦) ١٠١٦ ز

کنیوك دهبێت بهشای بهریتانیا و دانیمارك و نهرویج.

١٦٧) ١٠٦٦ ز

ولیامی ئهمیری نۆرماندی بهریتانیا داگیر دهکات.

١٦٨) ١٠٧١ ز

دهسهڵاتی سلجوقیهکان.

١٦٩) ١١٨٧ ز

صهلاحهددینی ئهیوبی بوو به سوڵتانی میصر.

١٧٠) ١١٨٩ ز

شهڕی سێیهمی خاجییهکان (صلیبی).

١٧١) ١١٩٨ ز

مردنی ئیبن روشدی قورتوبهیی.

١٧٢) ١٢٠٢ ز

شهڕی چوارهمی خاجییهکان.

١٧٣) ١٢٠٤ ز

لاتینهکان قوستهنتهنییه داگیر دهکهن.

١٧٤) ١٢١٤ ز

Scanned with CamScanner

جەنگیزخان پەکین داگیر دەکا.

١٧٥) ١٢١٨ ز

هێرشی جەنگیزخان بۆ سەر ولاتی خەوارەزم.

قوبلای قائان

١٧٦) ١٢٢١ ز

سـەرنەکەوتنی لەشـکری مەسـیحی لـە شـەڕی پێنجـەمی صـەلیبیدا و کشانەوەیان.

١٧٧) ١٢٢٧ ز

مردنی جەنگیزخان.

١٧٨) ١٢٢٨ ز

(فردریك)ی دووەم رابەری شەڕی شەشەمی صەلیبی دەکات و ئۆرشەلیم داگیر دەکات.

١٧٩) ١٢٣٤ ز

مەغۆلەکان بە یارمەتی ئیمپراتۆریەتی سونگ، ئیمپراتۆریـەتی کین دەخەنـە ژێر دەستی خۆیانەوە.

١٨٠) ١٢٤٠ ز

مەغۆلەکان شاری کێیف وێران دەکەن.

١٨١) ١٢٤٤ ز

سولتانی میصر ئۆرشەلیم ئازاد دەکات و شەڕی صەلیبی دەست پێ دەکات.

لەناوچوونی ئیمبراتۆریەتی چین

١٨٢) ١٢٥١ ز

مەنگو قائان دەبێت بە خانی هەرە گەورە.

١٨٣) ١٢٥٨ ز

شاری بەغدا لەلایەن هۆلاکۆوە داگیر دەکرێ.

١٨٤) ١٢٦١ ز

یۆنانییەکان قوستەنتنییە لە دەستی لاتینەکان دەردەهێنن.

١٨٥) ١٢٧١ ز

مارکۆپۆلۆ گەشتەکەی دەست پێ دەکات.

١٨٦) ١٢٨٠ ز

قوبلای قائان زنجیرەی یووان لە چین دادەمەزرێنێت.

١٨٧) ١٢٩٢ ز

مردنی قوبلای قائان.

تەیموور لەنگ

١٨٨) ١٣٤٧ ز

بڵاوبوونەوەی نەخۆشیی تاعوون بە شێوەیێکی تێکڕایی.

١٨٩) ١٣٦٠ ز

لەناوچوونی دەسەڵاتی بنەماڵەی یووان لە چین دا. دامەزراندنی زنجیرەی مینگ.

١٩٠) ١٣٦٧ ز

تەیموور لەنگ دەبێت بە خان.

١٩١) ١٣٨١ ز

Scanned with CamScanner

شۆرشی جوتیاران له بەریتانیادا.

١٩٢) ١٤٥٥ ز

مردنی تەیموور لەنگ

١٩٣) ١٤٥٣ ز

عوثمانییەکان بە رابەریی سولتان محەممەدی شاری قوستەنتنییە داگیر دەکەن.

١٩٤) ١٤٨١ ز

دوای مردنی سولتان محەممەدی فاتح بایەزیدە دەبێت بە سولتانی عوثماني.

سولتان سەلیم

١٩٥) ١٤٩٢ ز

کریستۆف کۆلۆمپس ئەتلانتیك دەبڕێت و ولاتی ئەمریکا دەدۆزێتەوە.

١٩٦) ١٤٩٢ ز

ماکزیمیلن دەبێت بە ئیمپراتۆر.

١٩٧) ١٤٩٣ ز

ڤاسکۆ دی گاما دەگاتە هیندستان لە دەریاوە.

١٩٨) ١٤٩٩ ز

سویسرا جەمهورییەتێکی سەربەخۆی تێدا دامەزرا.

١٩٩) ١٥٠٠ ز

شارلی پێنجەم لەدایك بووە.

٢٠٠) ١٥٠٩ ز

هانریی هەشتەم بوو بە شای بەریتانیا.

٢٠١) ١٥١٢ ز

سولتان سەلیم بوو بە سولتانی عوثماني.

٢٠٢) ١٥١٧ ز

سولتان سەلیم ولاتی میصر داگیر دەکات و دەیکات بە بەشێك لە ئیمپراتۆریەتەکەی.

بیری لوثەر بلاودەبێتەوە.

٢٠٣) ١٥١٩ ز

مردنی لیۆناردۆ دافنشی.

ماجەلان گەشتە بەناوبانگەکەی دەست پێدەکات.

٢٠٤) ١٥٢٥ ز

سولتان سلێمان دەبێت بە سولتانی عوثماني.

٢٠٥) ١٥٢٥ ز

بابر لە شەڕی پانیپات دا سەردەکەوێت و شاری دەلهی داگیر دەکات.

٢٠٦) ١٥٢٧ ز

لەشکری ئەلمان بە سەرکردەیی کونستابل بۆربۆن شاری رۆما تالان دەکا.

٢٠٧) ١٥٢٩ ز

سولتان سلێمان شاری ڤیەنا گەمارۆ دەدات.

Scanned with CamScanner

۲۰۸) ۱۵۳۰ ز
بیزارو وڵاتی پیرۆ داگیر دەکات.
شارلی پێنجەم لەلایەن پاپاوە تاجی لەسەر دەنرێت.
هانری شەشەم ناکۆکیی خۆی لەگەڵ پاپادا دەست پێ دەکات.
۲۰۹) ۱۵٤۲ ز
مردنی کۆپەر نیکۆس.
۲۱۰) ۱٥٤٠ ز
مردنی مارتن لۆثەری زانای ئایینی.
۲۱۱) ۱۵۷٤ ز
ئیڤانی چوارە "ئیڤانی ترسێنەر" دەبێتە تزار (چار)ی رووسیا.
فرانسیسی یەکەم دەمرێت.
۲۱۲) ۱۵٤۹ ز
یەکەمین کۆمەڵەی ئاینی مەسیحیەت دەگاتە وڵاتی ئەمریکا.
۲۱۳) شارلی پێنجەم لە شایەتی کەنار دەگرێت.
۲۱٤) ۱۵۵۸ ز
مردنی شارلی پێنجەم.
۲۱۵) ۱۵٦۲ ز
مردنی سوڵتان سلێمان عوثماني.
۲۱٦) ۱۵٦٤ ز
لەدایك بوونی گالیلۆ.
۲۱۷) ۱۵٦۷ ز
شۆرشی هۆڵەندە.
۲۱۸) ۱٦۰۳ ز
جێمسی یەکەم دەبێتە شای ئینگلتەرە و سکۆتلەندە.
۲۱۹) ۱٦۰۹ ز
هوڵەندە ئازاد دەبێت.
۲۲۰) ۱٦۲۰ ز
شا جیهان دەبێت بە ئیمپراتۆری هیندستان.

شاجیهان

۲۲۱) ۱٦۳۲ ز
گشتاوس ئادولفس لە شەڕی لۆتزن دا دەکوژرێت.
۲۲۲) ۱٦۳۸ ز
گەلی ژاپۆن دەرگای وڵاتەکەی لە خەڵکی ئەوروپا داخست و تا ساڵی ۱۸٦۵ ز هاتوچۆی ئەوانی قەدەغەکرد.
۲۲۳) ۱٦٤۰ ز
شارلی یەکەم پارلەمانی دانا.
۲۲٤) ۱٦٤۲ ز
مردنی گالیلۆی زانای بەناوبانگ.
۲۲۵) ۱٦٤۳ ز

لویسی چواردەمین پاشایەتیی حەفتاو دوو ساڵی خۆی دەست پێکرد.

٢٢٦) ١٦٤٨ ز

پەیمانی ڤیستفالیا.

٢٢٧) ١٦٤٩ ز

خنکاندنی شارلی یەکەم شای بەریتانیا.

٢٢٨) ١٦٧٤ ز

شارێك کە هۆڵەندییەکان بەناوی (نیو ئەمستردام) لە ئەمریکادا دروستیان کردبوو ناوی گۆڕا و کرا بە نیویۆرك.

٢٢٩) ١٦٨٣ ز

دوا هێرشی عوثمانیيەکان بۆ سەر شاری ڤیەنا و سەرنەکەوتنیان.

٢٣٠) ١٦٨٨ ز

شۆڕشی بەریتانیا و ڕاکردنی جێمسی دووەم. بە پاشابوونی. ولیام و ماری.

٢٣١) ١٦٨٩ ز

پەتروسی گەورە بوو بە پاشا.

٢٣٢) ١٦٩٤ ز

ڤۆلتێر لەدایك بوو.

٢٣٣) ١٧٠١ ز

فردریکی یەکەم بووە بە پاشای برووسیا.

(لویس)ی 13

(لویس)ی 14

(لویس)ی 15

(لویس)ی 16

شارلی یەکەم

Scanned with CamScanner

ئورینگ زیب

٢٣٤) ١٧٠٧ ز
مردنـی ئیمپراتـۆری مـەغۆل لـە هیندسـتان ئـورینگ زیـب و لەناوچـوونی ئیمپراتۆرییەتەکەی.
٢٣٥) ١٧١٥ ز
لویسی پانزدەمین بوو بە پاشا.
٢٣٦) ١٧٢٧ ز
مردنی (نیوتن)ی زانای بەناوبانگ.
٢٣٧) ١٧٣٦ ز
نادر شا هێرشی بردە سەر هیندستان.
٢٣٨) ١٧٦١ ز
ئەلیزابێت بوو بە شاژنی رووسیا.

ناپلون

٢٣٩) ١٧٥٥ ز
شەڕی بەریتانیا و فڕانسە لەسەر داگیرکردنی ئەمریکا و هیندستان.
٢٤٠) ١٧٥٧ ز
سـەرکەوتنی ئینگلیزەکـان لـە شـەڕی بـەنگال دا لەگـەڵ سـراج الدولـە و ئیـستعمار کردنی هیندستان لەلایەن ئینگلیزەوە لەو ساڵەوە دەستی پێکرد.
٢٤١) ١٧٦٠ ز
مردنی شاژنە ئەلیزابێتی رووسیا و کوشتنی تزار (پۆل). لەدواییدا بوونی کاترینی گەورە بە شاژنی رووسیا.
٢٤٢) ١٧٦٣ ز
پەیمانی ئاشتیی پاریس و وڵاتی کەنەدا درا بە بەریتانیا.
٢٤٣) ١٧٤٩ ز
لەدایك بوونی ناپلیۆن بۆنابەرت.
٢٤٤) ١٧٧٦ ز
ئازادیی وڵاتی ئەمریکا.

شاژن ئێلیزابێتی روسیا

٢٤٥) ١٧٧٨ ز
مردنی ژان ژاك رۆسۆی فەیلەسووف..
٢٤٦) ١٧٨٩ ز
هێرش بردنە سەر بەندیخانەی پاستیل لەلایەن شۆرشگێرانەوە.
٢٤٧) ١٧٩١ ز
شۆڕشی یەعقوبییەکان (ژاکوپینەکان) و ڕاکردنی لویسی شانزدەمین.

٢٤٨) ١٧٩٢ ز
فڕانسه بڕیاری شەڕیدا لەگەڵ نەمسا, برووسیا لایەنگیری نەمسای کرد لە شەڕی (فالەی)دا.
فڕانسه بوو به جەمهووری.
٢٤٩) ١٧٩٣ ز
خنکاندنی لویسی شانزدەمین.
٢٥٠) ١٧٩٤ ز
کوشتنی رۆبسبیر.
٢٥١) ١٧٩٩ ز
سپای ناپلیۆن بۆنابەرت گەیشتە وڵاتی به کونسۆل.
٢٥٢) ١٧٩٩ ز
گەڕانەوەی ناپیلۆن بۆ فڕانسه و هەڵبژاردنی بە کونسل.
٢٥٣) ١٨٠٠ ز
شەڕی ناپیلۆن لەگەڵ نەمسادا.
٢٥٤) ١٨٠٤ ز
ناپیلۆن کرا به ئیمپراتۆر.
٢٥٥) ١٨٠٥ ز
شەڕی ترافلکار, شەڕی ئاولم و شەڕی ئاسترلیز.
٢٥٦) ١٨٠٨ ز
ناپلیۆن, جوزێفی برای کردە مەلیکی ئیسپانیا.
٢٥٧) ١٨١٢ ز
ناپلیۆن هێرش دەباته سەر رووسیا.
٢٥٨) ١٨١٤ ز
کەنارگرتنی ناپلیۆن و لویسی هەژدەمین بوو به شا.
٢٥٩) ١٨١٥ ز
شەڕی واترلۆ.
٢٦٠) ١٨٢٩ ز
وڵاتی یۆنان ئازادی بەدەست دەهێنێت.
٢٦١) ١٨٧٥ ز
بۆ یەکەمین جار وشەی سۆسیالیسم بەکاردەهێنرێت.
٢٦٢) ١٨٧٧ ز
سەرەتا فەرمانڕەوایی شاژنە ڤیکتۆریا لە بەریتانیا.

شاژنی ڤیکتۆریا

٢٦٣) ١٨٤٨ ز
ساڵی شۆرشە جۆراوجۆرەکانی وڵاتانی فڕانسه و ئیتالیا و ئەڵمانیا.
٢٦٤) ١٨٥٢ ز
ناپلیۆنی سێیەم دەبێت به ئیمپراتۆر.
٢٦٥) ١٨٥٤ ز
شەڕی "کریمە".

Scanned with CamScanner

٢٦٦) ١٨٥٩ ز
ئەبرەهام لینکۆڵن دەبێت بە سەرکۆماری ئەمریکا. دەست پێکردنی شەڕی ناوخۆی ئەمریکا.

٢٦٧) ١٨٦٠ ز
ژاپۆن دەرگای وڵاتەکەی دەکاتەوە لە بەردەم بیانییەکان دا.
٢٦٨) ١٨٧٧ ز
شەڕی رووس لەگەڵ سان ستیڤانۆ و پەیمانی ئاشتیی سان ستیڤانۆ..
٢٦٩) ١٨٨٣ ز
داگیر کردنی وڵاتی میصر لەلایەن بەریتانیاوە.
٢٧٠) ١٨٩٠ ز
دەرکردنی بسمارك لەسەر شانۆی سیاسەت.
٢٧١) ١٨٤٤ ز
شەڕی ژاپۆن و چین.
٢٧٢) شەڕی ئیتالیا و عوثماني و داگیرکردنی لیبیا لەلایەن ئیتالیاوە.
٢٧٣) ١٩١٤ ز
سەرەتای شەڕی گەورەی یەکەمی جیهان.

Scanned with CamScanner

گەورەترین
یاترینە جۆراوجۆرەکان

Scanned with CamScanner

گەورەترین یا ترینە جۆرا و جۆرەکان

١- گەورەترین دراوی زێڕ لەولاتی لیدی دا ٧٠٠ ساڵ پ. ز بەکار هاتووە.
٢- گەورەترین بورکانی زیندوو (گەرم) لە ناوچەی ئیستیوا دایە بەناوی کولاتر.
٣- گەورەترین ئۆقیانووس (زەریا) لە دنیادا ئۆقیانووسی هێمنە کە ١٧١٥١٨٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
٤- گەورەترین بینایێکی کۆنی مێژوو لە ولاتی مەکسیك دایە بە ناوی هەرەمی شولولا کە ١٨,٩٨ هێکتار زەویی گرتوەتەوە.
٥- گەورەترین نەخۆشخانە لە شاری نیویۆرك دایە کە ٣٤٥١ ژووری تێدایە.
٦- گەورەترین شێتخانە دیسان لە شاری نیویۆرك دایە کە ١٤٠٢١ ژوورە.
٧- گەورەترین تەختەنیگار بەناوی (شەڕی ئەتلانتا)وەیە کەسێ هونەرمەندی ئەڵمانی کردوویانە و ١٢,٩٠ مەتر درێژە ١٥,٤٤٠ مەتر بەرزە و هەشت تەن قورسە.
٨- گەورەترین هێلکە ١٨ × ١٢ سم هێلکەی نەعامەیە (حوشتر مر).
٩- گەورەترین توونێلی ژێر زەوی لە شاری نیویۆرك دایە کە درێژایی ٢٩,٢ کیلۆمەترە.
١٠- گەورەترین دورگە دورگەی گرینلاندە.
١١- گەورەترین گیانلەبەری گۆشت خۆری دەریایی (بالن)ە کە قورسایی لە ١٥٠ تەن زیاترە.
١٢- گەورەترین دڕندەیەکی گۆشت خۆری سەر زەوی ورچی قاوەییە کە لە ئالاسکادا دەژی و قورساییەکەی ٧٢٥ کیلۆغرامە.
١٣- گەورەترین دەریاچە دەریاچەی قەزوینە کە ١٤٣٥٥٠ میلی چوار گۆشەیە.
١٤- دیواری چین درێژترین و گەورەترین دیوارە لەدنیادا لە سەردەمی تسەهوانك سی لە پێش زایین دا دروست کراوە, درێژیی ٢٧١٠ کیلۆمەترە و بەرزیی ٤,٥٠ تا ١١,٨٠ مەترە و پانیشی ٩,٧٥ مەترە.
١٥- گەورەترین کاتژمێر لە ئەمریکا دایە کۆمپانیی پالالیف لە جەرسی ستیدا دایمەزراندوە, تیرەکەی ١٥,٢٤ مەترە, سەعات ژمێرەکەی ٥,٤٩ مەتر درێژە, دەقیقە ژمێرەکەی ٨,٧٠ مەتر درێژە.
١٦- بەرزترین ئاوبەست (سەد)ێك لەلایەن بەرزییەوە لە ئیتالیا دایە کە ٢٦٥,٨٠م بەرزە و ناوی (واژونت)ە.
١٧- گەورەترین شاری ئاسیا شاری تۆکیۆیە لە ژاپۆن دا گەورەترین شاری ئەوروپا شاری لەندەنە پایتەختی بەریتانیا گەورەترین شاری ئەمریکا شاری نیویۆرکە.
١٨- گەورەترین گوێچکە ماسی لە مۆزەی سروشتی ئەمریکادایە لە شاری نیویۆرك کە ١٠٩ سم درێژە و ٢٦٢,٦ کغم قورسە.
١٩- گەورەترین دەهۆڵی دنیا لە زانکۆی (تکزاس) دایە تیرەکەی ٧,٦٣ مەترە.
٢٠- گەورەترین قاڵی لە دنیادا ٨١٧٥ مەتر چوار گۆشەیە و لەشاری نیویۆرك دایە.
٢١- گەورەترین (نەهاتی) لە ساڵی ١٨٧٧ ز دا لە ولاتی چین دا رووی دا کەبووە هۆی مردنی ٩,٧ ملیۆن کەس.
٢٢- بەرزترین لوتکەی کێوی دنیا لە چیای هیمالایا دایە بەناوی بەرزایی ئەڤرست کە ٨٨٨٠ م لە رووی دەریاوە بەرزە.
٢٣- گەورەترین کتێبێك کە تا ئێستا لە چاپ درابێت ناوی "مێژووی باشوور"ە کە هەر دانەیەکی ٢٢٥ کیلۆغرام قورسە.
٢٤- گەورەترین کڵێسای دونیا لە واتیکان دایە بەناوی سان پیێرکە ١٥١٥٠ م^{2} رووبەرەکەیەتی.
٢٥- گەورەترین گۆڕستان لە شاری پاریس دایە کە لەساڵی ١٨٠٤ ز دا دروست کراوە ٤٣,٧ هێکتار زەویی گرتوەتەوە.

Scanned with CamScanner

٢٦- گەورەترین پەیکەر لە وڵاتی ئەفغانستان دایە کە لە ساڵی ٦٣٠ ز دروست کراوە لە "بودا" کە بەرزییەکەی ٥٢,٧٠ مەترە.

٢٧- گەورەترین مرواریی سمراو ٧,٢٢ گرام قورسە و نەسمراویش ١١٦ ملغم قورسە.

٢٨- گەورەترین مزگەوتی دنیا لە شاری دەلهی دایە کە ٨٤٠٠ مەتری چوارگۆشەیە.

٢٩- گەورەترین و قووڵترین کانگای زێر لە ئەفریقای باشوور دایە کە ٤٥٪ی زێری دنیای تێدایە.

٣٠- گەورەترین هوتێل لە شاری شیکاگۆدا لە ئەمریکا کەوا ٣٠٠٠ ژووری تێدایە.

٣١- درێژترین سمێڵی دنیا هی کابرایێکی خەڵکی هیندستانە کە ٢٥٥,٥ سم درێژە.

٣٢- درێژترین ئافرەتی دنیا لە ساڵی ١٨٦٦ ز دا و ٢,٥٥ م بەرز بوو.

٣٣- شاری تۆکیۆ ساڵی ١٩٦٢ بە تەنیا دە ملیۆن کەسی تێدا دەژیا.

٣٤- خێراترین درندە جۆرە پڵنگێکە پێی دەڵێن "شینا" کە لە سەعاتێك دا ١٣٥ کم دەبڕێت.

٣٥- قەڵەوترین پیاوی دینا "روبەرت نال" بووە کە ٤٨٤,٩ کیلۆغرام قورس بووە.

٣٦- گەورەترین زەنگی کڵێسا لەشاری مۆسکۆدایە پێی دەڵێن تزار کلوکل ١٩٣ تەن قورسە.

٣٧- لە ساڵی ١٩٥٩ ز دا گەورەترین تەرزەیەك کە باریوە لە وڵاتی ئیسپانیادا بووە کە هەر دانەیێکی دوو کیلۆغرام قورس بووە.

٣٨- بەهێزترین بوومەلەرزەیەك کە تاکو ئێستا رووی داوە بە هێزی ٨,٦ پلە تۆمارکراوە لەناو دەریادا لە نزیکی کالیفۆرنیادا بووە.

٣٩- درێژترین نامەی نووسراو نامەی ژنێك بووە بۆ سەربازێك کە درێژایی ٩٧٥,٤ مەتر بووە.

٤٠- قووڵترین دەریاچەی دنیا لە یەکیەتی سۆڤیەت دایە ناوی دەریاچەی پایگالە.

٤١- کۆنترین پیانۆ لە ساڵی ١٧٢٠ لە شاری فلۆرەنسا دروست کراوە و هێشتا هەر ماوە.

٤٢- کۆنترین کاتژمێر لە کڵێسای سالسبوری بەریتانیا دایە.

٤٣- کۆنترین سینەمای دنیا لە شاری (لویس نینگلس)ی ئەمریکا دایە.

٤٤- کورت ترین وەسیەتنامە سێ وشە بوو کە لە ساڵی ١٩٠٦ز دا لە زانکۆی بەریتانیا دا نووسراوە هەمووی بۆ دایکم.

٤٥- بچووکترین کڵێسای دنیا لە فەرانسە دایە بەناوی هۆت ساوا کە تەنیا جێی دە کەسی تێدا دەبێتەوە.

٤٦- بچووکترین ماسیی دنیا لە وڵاتی فلپین دایە درێژیی ٩ ملیمەتر و قورساییشی ٦ میللی گرامە.

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

حەوت دەگمەنەکەی دونیا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دەگمەنەکان

١- هەرەم

بەناوبانگترین فیرعۆنەکانی میصر سێ پاشای بەرەبابی چوارەمن بەناوی "خنویس" خفرن، میکرفیوس، ئەمانە ٢٨٠٠ ساڵ پێش زایین دەژیان. بەو هەرەمانەی دروستیان کردووە، دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی ئەوانمان بۆ دەردەکەوێ. ئەوەی کە لە هەمووان گەورەترە گۆڕی "خنویس"ە بەرزیی ١٣٧ گەزە هەر پەلێك (ضلع) ٢٢٧ گەزە، بە گەورەترین و بە شکۆترین ساختمانی بەردین دەژمێردرێت هەرەمی خفرن ١٣٦ گەز بەرزە و هەرەمی میکرنیوس ٦٦ گەزە بەرزە.

٢- پەیکەری ژووپیتەر

پەیکەرتاشی بەناوبانگی مێژووی کۆنی یۆنان "فیدیاس" پێنج سەدە پێش زایین دروستی کردووە، ماوەی نۆ ساڵ کاری تێدا کردووە لەلایەن عوثمانییەکانەوە تێك دراوە.

٣- چراگای بەندەری ئەسکەندەرییە

لەساڵی ٢٧٩ پ. ز بەتلیمۆس دروستی کرد و بەرزییەکەی ١٥٠ مەتر بووە.

٤- پەیکەری ئە پۆلۆن

لە میتۆلۆژیای یۆنان دا ئەپۆلۆن خوای هونەر و مۆسیقا بووە، ئەم پەیکەرە لە بەندەری رۆدس دروست کراوە، ساروس دولیندوس بە دوانزدە ساڵ لە ساڵی ٣٠٠ – ٢٨٨ پ. ز درێژەی کێشاوە و بەرزییەکەی ٦٠ مەتر بووە. بەداخەوە بوومەلەرزە لەناوی بردووە.

Scanned with CamScanner



٥- باخە هەڵواسراوەکانی بابل

لەلایەن نەبوخذنەسرەوە بەیادی ژنەکەیەوە لە شاری بابلی ئەوسادا دروستی کردووە.

٦- پەرستگای دیانە:

ساختمانێکی گەورە و تەماشاکار بووە، درێژایی ١٢٨ م و ١٢٧ ستوونی هەبووە، بە فەرمانی گرزوسی شای لیدییەکان دروست کراە، هۆزی ویزیکتەکان لەماوەی یەك ساڵدا توانیای بیرووخێنن.

٧- گۆرستانی مۆزووڵد:

ئەم گۆڕستانە بەیادی مێردەکەی ئارتیمس لە هالیکارناس دا دروست کراوە ٤٢ م بەرز بووە لە ساڵی ٣٩٢ پ.ز دروست کراوە.

Scanned with CamScanner

بینا بەرزەکانی جیهان

Scanned with CamScanner



ئەمپایراستیت

Scanned with CamScanner

بینا بەرزەکانی جیهان

ناوی بینا	شار و ولات	بەرزی بە مەتر
١- إمپاریر ستیت بیلدنگ	نیویۆرك ـ ئەمریكا	٤٤٨
٢- قوللەی شیبابارك	تۆكیۆ ـ ژاپۆن	٣٣٣
٣- كرایسلەر بیلدنگ	نیویۆرك ـ ئەمریكا	٣١٩
٤- قوللەی ئیفل	پاریس ـ فەرانسە	٣٠٠
٥- بانكی مانهاتن	نیویۆرك ـ ئەمریكا	٢٨٣
٦- بینای ئلر. سی. ئای	نیویۆرك ـ ئەمریكا	٢٥٩
٧- زانكۆی لومونوسوڤ	مۆسكۆ ـ سۆڤیەت	٢٠٨
٨- هوتێل دورگو میلۆسكی	مۆسكۆ ـ سۆڤیەت	١٧٥
٩- والدرۆڤ استوریا	نیویۆرك ـ ئەمریكا	١٦٩
١٠- قوللەی واشتنتۆن	واشنتۆن ـ ئەمریكا	١٦٧
١١- شارەوانیی فیلادلفیا	فیلادلفیا ـ ئەمریكا	١٦٣
١٢- كلێسای كۆلۆن	كۆلۆن ـ ئەڵمانیا	١٦٠
١٣- كلێسای رۆیین	رۆیین ـ فەرانسە	١٥١
١٤- كلێسای ستراسبورگ	ستراسبورگ ـ فەرانسە	١٤٣

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چەند بینایەکی
مێژوویی بەناوبانگ

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چەند بینایەکی مێژوویی بەناوبانگ

١- ئەل حەمرا:

پاشماوەی دەسەڵاتی موسڵمانەکانە لەبارەی ئاواکارییەوە لە وڵاتی ئیسپانیادا، ئەم کۆشك و تەلارە بەناوبانگە تەنیا تاقەکانی دەرەوە شێرەکانی ١٢٤ پایەی تێدایە، لەم کۆشکەدا هونەری ئیسلامی بە شێوەیێکی پڕ لە وردەکاری خۆی دەرخستووە، لە (مقرنصة)وە تێیدایە تا کاشی کاری و سیرامیك و ئاونما و گەچ کاری.

٢- مەزاری ئەکبەر:

لەشاری ئەگرەی هیندستانەوە حەوت کیلۆمەتر دوورە، شێوەیێکی ئاواکاری (معماری) هونەری هیندوویی تێکەڵ بە سەلیقەو ئاواکاریی ئیسلامییە.

٣- ئەبولهەول:

ئەم پەیکەرە زەلامە کە رووبەرووی هەرەمی (خفرن) پاڵ کەوتووە لە ساڵانی ٢٨٠٠ پ. ز دروست کراوە، درێژایی ئەم پەیکەرە ٢٤٠ پێیەو بەرزییەکەشی ٦٦ پێیە.

٤- مزگەوتی ئەزهەر:

مزگەوتی بەناوبانگی قاهیرەیە و یەکەمین مزگەوتیشە لەو شارەدا، لەلایەن (جەوهەر)ی سەرکردەی (معز الدولة)وە دروست کراوە. لە ساڵی ٣٥٩ ك دا دەستی پێ کردووە و لەساڵی ٣٦١ ك دا تەواوی کردووە. بێ گومان ئێستا هەر ئەو بینایە نییە کە جەوهەر دروستی کردووە ساڵە و ساڵ گەورە و گەورەتر بووە.



Scanned with CamScanner

٥- ئەیا سۆفیا :

مزگەوتێکی بەناوبانگە لە شاری ئەستانبول، لە سەرەتاوە کڵێسا بووە و لـە ساڵی (٥٣٢ ـ ٥٣٧ز) دا لەلایەن (ئەنتیمۆس ترالی و ئیزید ورملیطي)یەوە دروست کراوە لەسەر ڕاسپاردەی (یۆستینیا توس). لەساڵی ٨٥٧ ك دا لەلایەن محەممەدی فاتیحەوە کرا بە مزگەوت.



٦- باستیل :

قەڵایـەك بـووە لـە پـاریس لەسەردەمی شارڵی پێنجەم دا لە ساڵی ١٣٧٠ ـ ١٣٨٢ز لەلایـەن (هـوگ ئوبریـۆ) ناوێکـەوە دروسـت کـراوە، سـەرەتا قـەڵایێکی سـەربازی بـووە لـە دوایـیـدا کـراوە بـە بەندیخانـەیێکی قـایمی دەوڵـەتی. لـە ١٤ی تـەمووزی ١٧٨٩ز شۆڕشـگێڕانی خـەڵکی پـاریس رووخاندیان.

٧- قوللەی ئیڤل :

ئـەم قوللەیـە نیـشانەی شـاری پاریـسە، لەسـاڵی ١٨٨٩ز دا گۆستاف ئیڤلی ئەندازیار دروسـتی کـرد بـە بەرزیی ٨٨٤ پێ.

٨- قوللە لارەکەی بیزا :

لەسەدەی دوانزدەی زایـین لـە ئیتالیـا دا دروسـت کـراوە بەرزییەکـەی ١٧٩ پێ دەبێ. ناوبانگەکەی زیاتر لەبەر ئەوەیە کە دەمێکە لاربوەتەوە.

Scanned with CamScanner



٩- تاج محەل:

مەزارێکە لە هیندستان لەساڵی ١٠٤٠ك دا لەلایەن شاه جیهانەوە بۆ یادی نورجیهانی ژنی دروست کراوە و گۆڕی پاشا و ژنە پاشای تێدایە.

١٠- بودگایا:

شوێنی لەدایك بوونی بوودایە و هەر لەوێ دا بوودا راستیی ژیانی بۆ دەرکەوت، لەو پەرستگایەدا پەیکەرێکی زێری نایابیان بۆ دروست کردووە.

١١- قەڵای هاملێت:

ئەم قەڵایە لە هلسنکوی دانیمارك بە شێوەی ئاواکاریی دەمی راپەڕین (رەنیسانسی) هۆڵەندی دروست کراوە، ئێستاش کراوە بە موزەی گیانلەبەرانی دەریا.

١٢- کۆشکی ئەلیزە:

لەساڵی ١٧١٨ ز دا لە پاریس و لەسەردەمی لویسی پانزدەهەم دا دروست کراوە تاکو ئێستاش بنکەی دەوڵەتی فرانسە هەر لەوێدایە.

١٣- کرملین:

کۆشکی کرملین یەکێکە لەو کۆشکانەی تزارەکانی رووسیا تێدا دەژیان و کۆشکێکی بەناوبانگە لە جیهاندا، ئەمڕۆش بارەگای دەوڵەتە لە یەکیەتی سۆڤیەتدا.

Scanned with CamScanner

١٤- کەعبە :

ماڵی خودایە، بەتایەبتی لە دەوروبەریدا مزگەوتێکی تەماشاکاریان دروست کردووە.

١٥- گوالیور:

سارێکە لە هیندستان، جێگای شانازیی هیندوکەکانە و دەستکردی دەسەڵاتی ئەوسای راچپوتەکانی تێدایە، ئەم شارە زۆر جار لەلایەن بێگانانەوە پەلامار دراوە.

١٦- گۆڕی تەیموورلەنگ :

لەو بینایەدا لاشەی دنیاگیری بەناوبانگ تەیموورلەنگی تێدایە.

١٧- پەرستگای زێرین :

یەکێکە لەو جێگایانەی کە لە هیندستان دا بەناوبانگی زۆرە زیارەتگای ئایینی سیکەکانە، بەشی سەرەوەی ئەم پەرستگایە سەرتاسەر زێرە.

جوغرافيا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

وشەی جوغرافیا *Geography* وشەیێکی یۆنانییە لەدوو وشە پێك هاتووە (جیۆ) واتە زەوی (گراف) لێك دانەوە، زانیاریی جوغرافیا بە شێوەیێکی تێکڕایی دوو بەشە؛ جوغرافیای سروشتی و جوغرافیای مرۆڤانە.

أ - جوغرافیای سروشتی :

ئەو شتانەیە کە مرۆڤ دەستکاری تێدا نەکردووە بەڵکو بەپێی سروشت و بە ملیۆنان ساڵ پێك هاتوون وەکو گۆڕانی ئاو هەوا و چوار وەرزی ساڵ و سووڕاندنەوەی زەوی و چیاو دۆڵ و رووبارە و دەریاکان.

ب – جوغرافیای مرۆڤانە :

واتە نیازی مرۆڤ دروستی کردووە بۆ ئاسایش و حەسانەوەی مرۆڤان. ئەم جۆرە جوغرافیایەش دیسان دەبێت بە دوو بەشەوە:

١- جوغرافیای سیاسی:

کە دەربارەی خەڵك و رەگە و ئاین و و چۆنیەتی یاسای فەرمانڕەوایی و چۆنیەتی رۆشنبیری و سیاسیی وڵاتەکان دەدوێت.

٢- جوغرافیای ئابووری:

دەربارەی کشتوکاڵ، ئاژەڵ بەخێوکردن، پیشەسازی و بازرگانیی گەلان دەدوێت.

ئیشکانییەکانی جیهان

١- ئیشکانیی ئاسیا

گەورەترین ئیشکانیی (قارە)ی دنیایە رووبەرەکەی ٤٤,٢٠٠,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئاو و هەواکەی دەم دەمە، لە زستان دا سارد و لە هاوین دا گەرمە.

رەگەزەکانی ئەم ئیشکانییە:

أ- زەرد: تورك، تورکمان، قەرقیز، سامويد، یاکووت، تونگوز، مادشوس، مەغۆل، چین، ژاپۆن، تیبت، پیرمانیم، ئانامی، سیامی.

ب- سپی: عەرەب، کورد، ئێرانی، ئەرمەنی، هند و ئەوروپا، جوو. ج. ماله: دراوید، ئائینوس، بەنگال.

دانیشتوانی ئەم قارەیە تا ساڵی ١٩٦٣از ١,٦٧٩,٠٠٠,٠٠٠ کەس بووە.

ئاینەکانی ئەم ئیشکانییە:

موسڵمان، مەسیحی، کۆنفوشیۆس، شینتوئی، جوولەکە، براهمە.

وڵاتەکانی قارەی ئاسیا:

ئەردون، ئەفغانستان، ئێران ئەندنوسیا، بەحرین بەنگلادش، تایلاند، تورکیا، چینی نیشتمانی، چینی کۆمۆنیست، پاکستان، بورما، سعوودیا، سووریا، سیلان، ژاپۆن، کووەیت، کامبۆج، کوریای باکوور، کۆریای باشوور، لاووس، لوبنان، مالاییزیا، مەنغۆلیا، میرنشینی یەکگرتووی عەرەب، عیراق، عومان، فلیپین، فەلەستین، قیبرس، یەمەنی ژووروو، یەمەنی خواروو، یەکیەتی سۆڤیەت، نیپال، ڤێتنام.

Scanned with CamScanner

٢- ئیشکانیی ئەوروپا:

رووبەری ئەم قارەیە ١٠,٠٠٠,٠٠٠ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە، ناو و هەوای بەشی سەرەوەی سارد و وشکە، بەشی ناوەراست و رۆژهەلاتی لە گۆڕان دایە و بەشی رۆژاوای بەهۆی هەلّ کردنی بای زەریایی (ئۆقیانووس)ی ئەتلەسەوە نەختێك شێ دارە. بەشی خوارووی ئەوروپاش ناو و هەواکەی میدەتریانەیە (ناو و هەوای دەریای ناوەڕاستە تا ساڵی ١٩٦٣ز دا دانیشتوانی ٥٧٣,٣٥٣,٠٠٠ ملیۆن کەس بووە.

ولاتەکانی ئەوروپا

ئیسپانیا، پورتەغال، سوێد، نەرویج، بەریتانیا، دانیمارك، هۆڵەندە، بەلجیکا، فرانسە، سویسرا، ئێرلەندە، پۆلۆنیا، سۆڤیەت، فنلاندە، چیکۆسلۆڤاکیا، نەمسا، یۆگۆسلاڤیا، مەجەر، رۆمانیا، بولگاریا، ئەلبانیا، تورکیا، لەگەلّ سێ میرنشین کە ئەمانەن:

١- مۆناکۆ

٢- لیختن شتاین

٣- لۆکسەمبورگ

لەگەلّ دەولّەتی ئاینی فاتیکان لە ناوەند ئیتالیادا.

٣- ئیشکانیی ئەفریقیا:

سەر زەویی ئەفریقیا تێکڕا ٢٩,٨٥٧,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە. ئاو هەواکەی چوار بەشە.

١- ناوچەکانی ئیستیوا: کە زۆر گەورم و باراناوییە و هەمیشە بارانە.

٢- ناوچەی خۆلگەیی: واتا سەروو خواری هێڵی ئیستیوا ئەمەش زۆر گەرم و کەم بارانە.

٣- ناوچەی بیابانەکان: گەلێك گەرم و بێ باران و وشك و قاقرە.

٤- ناوچەکانی کەناری دەریای ناوەڕاست کە نە گەرم و نەساردن.

خەلك و رەگەز و ئاینی ئەفریقیا

تا ساڵی (١٩٦٣) ٢٣٣,٧١٩,٩٠٠ ملیۆن کەسی تێدا دەژیا. رەگەزی دانیشتوانیش دەکرێن بەدوو بەشەوە: رەش و سپی سپێکانیش دوو رەگەزن: سامی و حامی ئەم دوو رەگەز لەگەلّ بەشێك لە رەشەکان دا موسڵمانن.. بەشێکیش لە سپییەکان ئەوانەن کە لە ولاتانی ئەوروپاوە هاتوون و مەسیحین.. هەروەها بەشێکیش لە رەشەکان مەسیحین. بەشەکەی تری رەشەکان هێشتا هەر بت پەرستن.

ولاتانی ئەفریقیا:

مۆریتانیا، مەغریب، ئەل جەزایر، توونس، لیبیا، میصر، حەبەشە، سوودان، سۆماڵ، چاد، کینیا، ئەفریقیای ناوەڕاست، داهۆمی، بینین، بۆرندی، رواندا، زامبیا، ئۆگەندە، ساحل عاج، سەنگال، سیرالیون، غانا، کامیرۆن، کۆنگۆ، گابۆن، لیبەریا، مالەگاشی، مالی، نیجەریا، ڤۆلتای ژوورو، تەنجانیکا، گامبیا، ئەنگۆلا، مۆزامبیك، زەمبابۆی.

٤- ئەمریکای باکوور و ناوەند:

Scanned with CamScanner

ڕووبەری ئەم قارەیە ٢٤,٣٧٩,٠٠٠ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە، ٢٥١,٥٤,٠٠٠ ملیۆن کەسی تێدا دەژی (بەپێی سەرژمێری ساڵی ١٩٦٣).

ئاو و هەوا: لە کالیفۆرنیادا ئاو و هەوای دەریای ناوەڕاستە.

لە کەناری دەریاکان دا شێدارە.

لە باشووری ڕۆژهەڵات دا ئیستیوائییە.

لەناوەڕاست جۆرا و جۆرە.

ولاتەکانی ئەمریکا:

ئالاسکا، کەنەدا، وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، پەنەما، سلفادۆر، کۆستاریکا، کووبا، گواتیمالا، مەکسیك، نیکاراگوا، هاییتی، هاندۆراس، هاوای، باهاما، بەرمۆدا، جامایکا و دۆمەنیکان.

٥- ئەمریکای باشوور:

ڕووبەری زەوی ١٧,٩٤٢,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ١٣٧,٣٤٧,٠٠٠ ملیۆن کەسی تێدا دەژی (لەساڵی ١٩٦٣دا).

ئاو و هەوا جۆراو جۆرە بە پێی جێگەکانی کەوتووە: گەرمی وشك، گەرمی شێدار و باراناوی، خولگەیی، بیابانی.

وڵاتەکانی ئەمریکای باشوور:

کۆلۆمبیا، بۆلیڤیا، فنزویلا، ئەرجەنتین، برازیل، شیلی، ئۆرەگوای، ئەکوادۆر، پارەگوای، گۆیانە.

٦- ئۆقیانۆسیە :

ڕووبەرەکەی ١١,٠٠٠,٠٠٠ ملیۆن کیلۆمەتری پانە و ژمارەی دانیشتوانیشی لە ساڵی ١٩٦٣دا ١٠٥,٧٨٠,٠٠٠ ملیۆن کەس بووە.

وڵاتەکانی:

دورگەکانی مالیزی، مەلانتری، میکرنزی، پولنزی، ئوسترالیا، زیلاندی نوێ.

ئاو و هەوا جۆراو جۆرە؛ گەرمی وشك، گەرمی شێدار و باران و بیابانی.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

چیا بڵندەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

ئەفرێست

Scanned with CamScanner

چیا بڵندەکانی جیهان

چیاکانی ئاسیا

١- ئەفرێست	هەمالایا	نیپال (هیندستان)	٨٨٤٠
٢- گودوین ئەڤیستن	قەراقورم	کشمیر	٨٦١١
٣- ماکالو	هەمەلایا	نیپال — تیبەت	٨٤٧٢
٤- تریغ پیکو	هیندوکیش	ئەفغانستان	٧٧٥٠
٥- کوتکور	پامیر	تیبەت	٧٦٦٥
٦- پوبیدا	تیان شان	تورکستان	٧٤٣٩
٧- خان تینگری	تیان شان	تورکستان	٦٩٩٥
٨- دەماوەند	ئەلبورز	ئێران	٥٦٧١
٩- دنا	دنیار	ئێران	٥٢٠٠
١٠- ئارارات	ئەرمنستان	تورکیا	٥١٦٥
١١- کلیوجیوسکی	کامچاتکا	سیبریای رۆژاوا	٤٩١٦
١٢- بیلۆخا	ئەلتایی	سیبریای باشوور	٤٥٤٠
١٣- فۆجی یاما	ژاپۆن	ژاپۆن	٣٧٧٥
١٤- کێوی سەمەر	ئەندنوزی	ئەندەنوسیا	٣٦٧٥
١٥- بین گوڵ	تۆرۆس	تورکیا	٣٦٥٠

چیاکانی ئەمریکای باکوور و ناوەند

١- مەك کینلی	ئالاسکا	ئەمریکا	٦١٩٠
٢- لونگان	کاسکاداس	کەنەدا	٥٩٦٥
٣-	کاسکاداس	ئالاسکا	٥٤٨٨
٤- پویەکاتوبل	سیرامادرە	مەکسیك	٥٤٥٠
٥- ئەلبەرتا	راکی	کەنەدە	٤٤١٥
٦- رینە	راکی	ئەمریکا	٤٣٩١
٧- بلانکا	راکی	ئەمریکا	٤٣٨٦
٨- شاستا	سیرانیڤادا	ئەمریکا	٤٣٧٤
٩- ویلسون	راکی	ئەمریکا	٤٣٤٤
١٠- کلیما	سیرامادرە	مەکسیك	٤٣٤٠
١١- هوگر	راکی	کەنەدە	٤٣٢٦
١٢- ئاواتس	راکی	ئەمریکا	٤٣٠٠
١٣- تاپومولکر	سیرامادرە	گواتیمالا	٤٢٠٠
١٤- یوننتا	راکی	ئەمریك	٤٠٩٢

چیاکانی ئەورووپا

١- من پلان	ئەلب	فرانسە	٤٨٠٧
٢- ئانتو	پیرنە	ئیسپانیا	٣٤٠٤
٣- ئانتو	ژورا	فرانسە	٣١٢٥
٤- ئانتو	وژ	فرانسە	١٧٠٠
٥- بێن نۆیس	وژ	بەریتانیا	١٣٤١
٦- بێن نۆیس	جەنگەلی رەش	ئەڵمانیا	١٥١٢
٧- بێن نۆیس	هارتز	ئەڵمانیا	١٤٣٢

Scanned with CamScanner

٨- بێن نۆیس	ئاپنین	ئیتالیا	١٦٨٣

چیاکانی ئوسترالیا

١- ویلهمینا	سوکارنۆ	گینای نوێ	٤٧٥٠
٢- مۆناکی	رۆژهەلاتی هاوای	هاوای	٤٢١٥
٣- کینی بالو	برنیۆ	برنیۆ	٤١٧٥
٤- موتالوا	هاوای	هاوای	٤١٦٨
٥- فکتۆریا	ئۆن ستانلی	گینای نوێ	٤٠٠٥
٦- کوك	ئەلپ نیوزیلاند	نیوزیلاند	٣٧٦٤
٧- کرنیتی	باریزان	سۆمەترە	٣٦٧٥
٨- سەمەر	جاوە	جاوە	٣٦٧٥
٩- دمپو	باریزان	سۆمەترە	٣١٥٩

چیاکانی ئەفریقیا

١- کلیمانجارۆ	کلیمانجارۆ	تانجانیکل	٥٩٣٠
٢- کنیا	کنیا	کنیا	٥١٩٦
٣- رەئس داشان	ئەثیوبی	حەبەشە	٤٦٢٠
٤- ئەلگونی	کنیا	کنیا	٤٣١١
٥- تۆبکال	ئەتلەس	مەراکش (مەغریب)	٤١٦٥
٦- فۆکۆ	کامیرۆن	کامیرۆن	٤٠٧٠
٧- تیبستی	تیبستی	چاد	٣٤٠٣
٨- ئاها گار	ئەتلەس	ئەلجەزایر	٣٠٠٠

چیاکانی ئەمریکای باشوور

تێبینی: گشتیان لە زنجیرەی (ئەند)ن

١- ئاکونگاکوا	ئەرژەنتین	٦٩٦٠
٢- تونیگاتو	ئەرژەنتین	٦٨٠٠
٣- پیسیس	ئەرژەنتین	٦٧٨٠
٤- هواسکاران	پیرۆ	٦٧٤٨
٥- تۆکرپوری	بۆلیڤیا	٦٧٥٦
٦- تولای یاکو	شیلی	٦٧٥٠
٧- مرسیداریو	ئەرژەنتین	٦٦٧٠
٨- کوردیونا	پیرۆ	٥٦١٣
٩- سایاما	بۆلیڤیا	٦٥٠٠
١٠- ئیلامپو	بۆلیڤیا	٦٤٨٥
١١- ئایلیمانی	بۆلیڤیا	٦٤٥٠
١٢- ئەسپانو	پیرۆ	٦٣٠٠
١٣- شیمپوزارۆ	ئەکواردۆر	٦٢٧٢
١٤- پایاکاتا	شیلی	٦٢٣٠
١٥- کوتوپاکسی	ئەکوادۆر	٥٩٨٦
١٦- میستی	پیرۆ	٥٨٤٢

Scanned with CamScanner

دورگە گەورەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

دورگە گەورەکانی جیهان

١- **ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور**

أ – دورگەکانی کەنەدا

١. ئەکسیل هیبرگ
٢- بافین
٣- نبکس
٤- دیون
٥- ئەلسمیر
٦- ملۆیل
٧- سامرسیت
٨- ڤیکتۆریا

ب – دورگەکانی سۆڤیەت

١- فرانتس جوزلەند
٢- نوایا زیمیلیا
٣- ورانگل

ج- دورگەکانی نەرویج

١- ئەسوالیارد
٢- ناردوست لاندث
٣- ئەسپتیسبرگن

٢- **ئۆقیانووسی ئەتڵەسی**

دورگەکانی بەریتانیا

١- وڵاتی بەریتانیا
٢- دورگەکانی چانیل
٣- گۆرنسی
٤- جێرسی
٥- سارك

٣- **دەریای باڵتیك**

١- ئەلندز "فنلاند"
٢- بۆرن هۆرلم "دانیمارك"
٣- گووت لاند "سوێد"

٤- **دەریای کاریبی**

١- ئاتنتی گوا
٢- ئاروبا
٣- باربادۆس
٤- کووبا
٥- پانیز
٦- کورا کانو
٧- دومنیکا

Scanned with CamScanner

٨- كوادالوب
٩- هسپا نیۆلا
١٠- جامایکا
١١- ماتینگ
١٢- پۆرتریکۆ
١٣- توباگۆ
١٤- ترینیداد
١٥- فیرجینز

٥- **دوورگەکانی ئۆقیانووسی هیندستان**

١- ئاندامان
٢- سیلان
٣- ماداگاشکەر
٤- موریتیوسی
٥- پەمبا
٦- ریۆنیون
٧- سیکلس
٨- زنجبار

٦- **کەنداوی عەرەبی**

١- بەحرین

٧- **دەریای سپی ناوەراست**

١- بالیریك
٢- کورفو
٣- تورسیکا
٤- کریتز
٥- قیبرس
٦- ئەلبا
٧- مالتە
٨- رۆدس
٩- ساردینیا
١٠- سیسیل

Scanned with CamScanner

٨- **ئۆقیانووسی هێمن**

١- ئالوتیانس
٢- ئارداك
٣- ئەمچتیکا
٤- ئانو
٥- کاتاگا
٦- کیسکا
٧- تاناکا
٨- ئۆمناك
٩- یونولاسکا
١٠- کارۆلین
١١- دیومدی بچووك
١٢- دیومدی گەورە
١٣- ئایستر
١٤- فەرمۆزا
١٥- کالاپاکو
١٦- گودال کانال
١٧- هاینان
١٨- هاوایی
١٩- ئاواهو
٢٠- هۆنك کۆنگ
٢١- ئەیوچیما
٢٢- هوکائیدۆ
٢٣- هونشو
٢٤- کیشو
٢٥- شیکوکو
٢٦- کودیاك
٢٧- ماریانس
٢٨- مارکیز
٢٩- مارشالز
٣٠- کالیدونیا
٣١- گینای نوێ
٣٢- هیبرید
٣٣- چاتامز
٣٤- زلاندو
٣٥- ستوارت
٣٦- ئاکیناوا
٣٧- فیلیپین
٣٨- لیت
٣٩- لوتوسۆن
٤٠- میندورو
٤١- میندا نا نو
٤٢- نگروز
٤٣- پالاوان
٤٤- پانی
٤٥- سامار
٤٦- کونموی
٤٧- تاسمانیا
٤٨- تونکاس
٤٩- واتگورو
٥٠- وانوالوی
٥١- وتیرلوو

دورگەکانی ئەندونیسیا و ئوسترالیا

کەوتوونەتە ئۆقیانووسی هێمنەوە:

١- بالی
٢- برنیۆ
٣- سلبس
٤- جاوە
٥- مادورا
٦- مالوکاس
٧- بریتانیای نوێ
٨- ئێرلەندی نوێ
٩- سۆمەترە
١٠- تەیموور
١١- هیپرید
١٢- ئایرلند
١٣- مسن
١٤- ئارکنیز
١٥- سیلی
١٦- شتلن
١٧- ئەسکی
١٨- وایت

Scanned with CamScanner

دورگەکانی دیکەی ئۆقیانووسی ئەتلەسی

١- ئەنتی کۆستی
٢- ئاسانسیون
٣- ئاتسۆرس
٤- سانومیکوئیل
٥- بەرمۆدا
٦- بلوك
٧- کاناری
٨- باهاما
٩- فۆرتونتورا
١٠- گران کاناریا
١١- تزیف
١٢- کیب برتیون
١٣- کیب ورد
١٤- فیرۆیس
١٥- فاکلەند
١٦- فرناندۆ
١٧- گرین لاند
١٨- ئایسلەند
١٩- لانگ ئایلەند
٢٠- مادیراس
٢١- ماراژۆ
٢٢- مارتۆزواین
٢٣- مۆنت دسیرت
٢٤- نانتوکت
٢٥- نیوفاند لاند
٢٦- برنس ئەدوارد
٢٧- سەنت هێلانە
٢٨- تیرادل فونگو
٢٩- تریستان

نیوە دورگەکانی جیهان

شوێن	رووبەرەکەی بە کیلۆمەتری چوارگۆشە
١- عەرەبی سعوودی	٢,٧٣٠,٠٠٠
٢- هیندستان	٢,٠٨٨,٠٠٠
٣- هندوچین	٢,٠٥٠,٠٠٠
٤- ئەمریکای باکوور	١,٣٠٠,٠٠٠
٥- ئەسکندناڤیا	٨٠٠,٠٠٠
٦- ئاسیای بچووك (تورکیا)	٥٠٦,٠٠٠
٧- بالکان	٤٦٨,٠٠٠
٨- ژوتلەند	٤٠,٠٠٠
٩- یوکاتان	١٦٩,٠٠٠
١٠- کۆریا	١٥٢,٠٠٠
١١- کالیفۆرنیا	١٤٣,٠٠٠
١٢- ئیتالیا	١٣٨,٠٠٠
١٣- فلۆریدا	١١٠,٠٠٠
١٤- شانتونگ	٣٩,٠٠٠
١٥- کرێمە	٣٦,٠٠٠
١٦- پلۆپونز	٢٢,٠٠٠

Scanned with CamScanner

بیابانە گەورەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بیابانە گەورەکانی جیهان

١- ئاتاکاما – سەرووی وڵاتی شیلی.
٢- بلك راك – سەرەوەی رۆژاوای نیڤادا – ئەمریکا.
٣- کەلەڕادۆ – خوارووی رۆژاوای کالیفۆرنیا – ئەمریکا.
٤- دشتی کویر - خوارەوەی رۆژاوای دەریای خەزەر – ئێران.
٥- کویر لووت – رۆهەڵاتی سەرەوەی کومان – ئێران.
٦- دۆڵی مەرگ – کالیفۆرنیای سەرەوە – ئەمریکا.
٧- عەرەبی گەورە – سعوودی – عەرەبی سعوودی.
٨- ئەلحەمەم – سووریا.
٩- ربع الخالی – عەرەبی سعوودی.
١٠- ئوسترالیای گەورە – رۆژاوای ئوسترالیا.
١١- کاهوی – باشووری ئەفریقیا.
١٢- قەرەقوم – خوارەوەی ئۆرال – تورکستان.
١٣- قزل قوم – تورکستانی ناوەندی – رۆژهەڵاتی گۆمی ئۆرال.
١٤- لیبی – رۆژاوای رووباری نیل – لیبیا.
١٥- مۆهیو – سەرەوەی کەلەڕادۆ – ئەمریکا.
١٦- نووبی – لە دەریای سوورەوە تا پێچکەی رووباری نیل – میصر.
١٧- بیابانی رازاوە – سەرەوەی خۆراوای ئەریزۆنا – ئەمریکا.
١٨- سەحرای گەورەی ئەفریقیا – ئەفریقیا.
١٩- تار – راچپوتانا – هیندستان.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەشکەوتەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئەشکەوتەکانی جیهان

١- ئەشکەوتی ئاگ تکەك:

لە ولاتی مەجەردایە، درێژایی پێنج کیلۆمەترە.

٢- ئالتامیرا:

نزیکی شاری ساندانترە، بەو نیگارانەوە بەناوبانگە کە مرۆڤە سەرەتاییەکان لەسەر دیوارەکانی ناوەوەی کێشاویانە.

٣- ئانتی پاروس:

کەوتوەتە یەکێك لە دورگەکانی ولاتی یۆنانەوە.

٤- بلوگروتوو:

کەوتوەتە دورگەی (کابری) دوە لە ئیتالیا، بە شینایی ناوەکەیەوە بەناوباگە.

٥- کارلسیاد:

لەولاتی مەکسیك، گەورەترین ڕێرەوێکی ژێر زەمینە کە تاکو ئێستا دۆزرابێتەوە.

٦- فینگال:

لە دورگەی ستانایە لە ولاتی سکوتلەندەدا. دوو سەد پێ قووچە و کۆڵەکە (ستوونی) بازڵتی جوانی تێدایە.

٧ - ئەشکەوتی سەهۆڵی:

لەبەر زۆر سپێتیی ڕەنگەکەی بەم ناوە ناونراوە. لە جیکۆسلۆڤاکیا دایە.

٨- ئەشکەوتی ژنولان:

لە ئوسترالیا دایە و کەژی شین بەناوبانگە.

٩- کەنت:

کەوتوەتە ولاتی بەریتانیا دەربارەی لێکدانەوەی ئەوسای مرۆڤی زۆر شتی دەرخستووە و زۆر بیروڕای دەربارەی مرۆڤ کۆن ڕۆشن کردۆتەوە.

١٠- لورای:

نزیکی ناوچەی ڤیرجینیای ئەمریکایە بە بۆنەی ڕەنگ ئامێزیی پایە سروشتییەکانییەوە بەناوبانگە.

١١- ئەشکەوتی ماموت:

لەناوچەی کوتناکی ئەمریکای ناوەندییە و گەلێك ساردە.

١٢- کونە شەیتان

کەوتوەتە ناوچەی (دەربی شیر)ی بەریتانیاوە نزیکەی ٢٢٥٠ پێ درێژە.

١٣- ئەشکەوتی گۆرانی بێژ:

کەوتوەتە ولاتی ئیسلەندەوە، ئەم ئەشکەوتە بە دەنگدانەوەی هەموو دەنگێك تێدا بەناوبانگە.

١٤- ئەشکەوتی با:

لەناوچەی داکوتای ئەمریکادایە، پایەی بلووریی زۆری تێدایە.

١٥- ونیا دوت:

لەناوچەی ئیندیانای ئەمریکا دایە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاوی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاوی جیهان

ئاوی جیهان دەکرێت بە پێنج بەشەوە، هەر بەشێکی بە ئوقیانووس ناو دەبرێت کە ئەمانەن:

١. ئۆقیانووسی هێمن "گەورە":
بە گەورەترین ئۆقیانووسی جیهان دەژمێردرێت، رووبەری ئەم زەریایە ١٨٠ ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەیە.

٢. ئۆقیانووسی ئەتڵەسی:
لەبەر ئەوەی نزیکی چیاکانی ئەتڵەسی ئەفریقیایە بەم ناوە ناو نراوە، رووبەرەکەی ١٠٦ ملیۆن کم٢ ە.

٣. ئۆقیانووسی هیند:
رووبەرەکەی ٧٥ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

٤. ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باشوور:
دەوران دەوری قوتب (واتا جەمسەری زەوی)ی گرتووە.

٥. ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور:
بە ساردترین زەریای جیهان داندراوە.

دەریا ناسراوەکانی جیهان

١- دەریای ئیرلەند – رۆژاوای بەریتانیا و رۆژهەڵاتی ئیرلەندە.
٢- ئەدریاتیک – رۆژهەڵاتی ئیتالیا و رۆژاوای یۆکسلاڤیا.
٣- ئیجە – رۆژاوای تورکیا و رۆژهەڵاتی یۆنان.
٤- ئازۆف – سەرەوەی دەریای رەش.
٥- ئاندامان – سەرەوەی سۆمەترە و رۆژاوای مالاکا.
٦- ئەسکۆتیا – خوارەوەی رۆهەلاتی ئەرجەنتین.
٧- ئەختیسک – سەرەوەی رۆژهەڵاتی سیبریا.
٨- ئارافۆرا – سەرەوەی ئوستراليا.
٩- بلینگ شورن – ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باشوور.
١٠- یوفۆرت – سەرەوەی رۆژاوای کەنەدا.
١١- بهرینگ – سەرەوەی دەریای ئەختیسک.
١٢- باڵتیك – سەرەوەی پۆڵەندە و خوارەوەی سوێد.
١٣- بارنتس – سەرەوەی سۆڤیەت.
١٤- تیرنین – رۆژاوای ئیتاليا و سەرەوەی دورگەی سیسیل.

Scanned with CamScanner

١٥- تەیموور – سەردوەی رۆژهەلاتی ئوسترالیا.
١٦- تاسمانی – رۆژاوای زیلاندی نوی و خواروەی رۆژهەلاتی ئوسترالیا.
١٧- جاوە – سەردوەی دورگەی جاوە لە ئەندەنووسیادا.
١٨- دەریای چینی باشوور – خوارەوەی چین.
١٩- چینی رۆژهەلات – خوارەوەی دەریای زەرد.
٢٠- زەرد – رۆژهەلاتی چین و رۆژاوای کۆریا.
٢١- ژاپۆن – رۆژاوای ژاپۆن و رۆژهەلاتی کۆریا.
٢٢- دەریای رەش – سەرەوەی تورکیا و خوارەوەی سۆڤیەت.
٢٣- دەریای سوور – رۆژاوای سعوودی و رۆهەلاتی ئەفریقیا.
٢٤- دەریای باکوور – رۆژهەلاتی بەریتانیا و باکووری هۆلەندە.
٢٥- دەریای عومان – باشووری ئێران.
٢٦- دەریای عەرەب – رۆژاوای هیندستان.
٢٧- فلور – رۆژهەلاتی دەریای جاوە.
٢٨- دەریای کیرز – باشووری دەریای ئیجە.
٢٩- کورال – باکووری رۆژهەلاتی ئوسترالیا.
٣٠- کاریبی – رۆژهەلاتی ئەمریکای ناوەند.
٣١- گرینلاند – رۆژهەلاتی دورگەی گرینلاند.
٣٢- لیگۆریا – باکووری رۆژاوای ئیتالیا و باکووری دورگەی کریس.
٣٣- دەریای سپیی ناوەڕاست سەرەوەی ئەفریقیا و خوارەوەی ئەورووپا.
٣٤- مەرمەرە – نێوان تورکیا و یۆنان.
٣٥- دەریای یۆنان – رۆژاوای یۆنان و خوارەوەی رۆژهەلاتی ئیتالیا.

Scanned with CamScanner

گۆمە بەناوبانگەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

گۆمە بەناوبانگەکانی جیهان

١. ئیشکانیی ئەوروپا

١- لادوکا	سۆڤیەت
٢- ئەدنکا	سۆڤیەت
٣- زوریخ	سویسرا
٤- توشاتل	سویسرا
٥- ژنو	سویسرا
٦- کاترکانتون	سویسرا
٧- کومۆر	ئیتالیا
٨- ماجیور	ئیتالیا
٩- لوگانو	ئیتالیا
١٠- ئیتایو	ئیتالیا
١١- پیوەپۆس	یۆنان
١٢- ئەسکوتاری	ئەلبانیا
١٣- کنستانتین	ئەمسا
١٤- لاتومرکا	فنلاندە
١٥- تورکل	تورکیا
١٦- وترن	سوید
١٧- ملار	سوید
١٨- ئیلمن	سۆڤیەت
١٩- بالاتن	مەجەر
٢٠- مۆرینس	ئەڵمانیای رۆژهەلات

٢. ئاسیا:

١- ئارال	سۆڤیەت
٢- خەزەر	سۆڤیەت — ئێران
٣- بالخاش	سۆڤیەت
٤- مانکل	سۆڤیەت
٥- تینس	سۆڤیەت
٦- کراستنو	سۆڤیەت
٧- وان	تورکیا
٨- بایکال	سۆڤیەت
٩- کوکونور	چین
١٠- رەضایي (ورمێ) ئێران	
١١- حەببانیە	عیراق

٣. ئەفریقیا

١- تانگانیکا	کۆنگۆ — تانگانیکا
٢- رۆدەڵف	کینیا
٣- نیاسا	مۆزامبیك
٤- ئەلیزابت	(زامبیا) رۆدیسیای باکوور
٥- ئەلبەرت	ئۆگاندە
٦- تانا	حەبەشە
٧- ئەدوارد	کۆنگۆ
٨- چاد	چاد — نیجریە
٩- ڤیکتۆریا	تانگانیکا — ئۆرگاندا - کینیا

Scanned with CamScanner

١٠- كيوو بێچوانا

٤- ئەمریکای باکوور و ناوەند

أ – گۆمەکانی کەنەدا:

١- بردەی گەورە
٢- ورچی گەورە
٣- ویتی پك
٤- ئاتاباك
٥- دوبانت
٦- ریندر
٧- ماك کای
٨- مانی توبا
٩- میستانستی
١٠- ولاستو
١١- مینتو
١٢- ئەلکنیك
١٣- ئوپەرسییان
١٤- پاین
١٥- نی پیگون
١٦- لۆنل
١٧- تروت
١٨- گلدن
١٩- پسلی
٢٠- رژینا
٢١-

ب – گۆمەکانی ئەمریکا (ولاتە یەکگرتووەکان)

٢٢- سالت
٢٣- لیج
٢٤- رەڤ
٢٥- پیرامبو
٢٦- سوپەریور
٢٧- هۆرن
٢٨- مێشیگان
٢٩- ئەنتاریۆ

ج – گۆمەکانی مەکسیك و نیکاراگو

٣٠- ئەریێ مەکسیك
٣١- چاپان مەکسیك
٣٢- نیکاراگو نیکاراگو

٥- ئەمریکای باشوور

١- تیتی کاکا پیرۆ – بۆلیڤیا
٢- پرێر بۆلیڤیا
٣- ناهول هوای ئەرجەنتین
٤- جیمیتا ئەرجەنتین
٥- باراکیو برازیل
٦- مارکیبو ئەمریکای خوارەوە

٦- ئوسترالیا "قارەی ئۆقیانووسیە"

١- کرونیر
٢- بارلی
٣- موئا
٤- تۆرن
٥- ئێر
٦- ئەدوار
٧- گێردنەر

Scanned with CamScanner

رووباره بەناوبانگەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

روباری ئەمەزۆن

Scanned with CamScanner

ڕووبارە بەناوبانگەکانی جیهان

١ـ ڕووبارەکانی ئاسیا

ناوی ڕووبار	سەرچاوەکەی	ڕێژگەی	درێژیی بە کم
ئابی	چیاکانی ئەڵتای	سیبریا	٥٥٠٠
ینی سێ	چیاکانی سایان	سیبریا	٥٥٠٠
یانگ تسەکیانگ	چیاکانی کوئن لسن	دەریای چینی ڕۆژهەڵات	٥٠٠٠
مکونگ	کائیك کونری	دەریای چینی باشوور	٤٥٠٠
لینا	کێوەکانی بایکال	سیبریا	٤٤٠٠
سەند	هەمالایای خۆراوا	دەریای عومان (پاکستان)	٣١٨٩
گەنگ	هەمالایا	کەنداوی بەنگال (هیندستان)	٣٠٠٠
شط العرب (فورات)	تورکیا	کەنداوی عەرەبی	٢٧٨٠
سەیحوون	چیاکانی ئالائی	گۆمی ئۆرال	٢٥٣٠
جەیحوون	ئالائیی ڕۆژاوا	گۆمی ئۆرال	٢٥٠٠

٢ـ ڕووبارەکانی ئەورپا :

ناوی ڕووبار	سەرچاوەکەی	ڕێژگەی	درێژیی بە کم
ڤۆلگا	باکووری ڕۆژاوای سۆڤیەت	دەریای خەزەر	٣٤٠٠
دانووب	چیاکانی ئەلپ	دەریای ڕەش	٢٧٥٠
ئۆرال	چیاکانی ئۆرال	دەریای خەزەر	٢٣٩٦
دنیێپەر	باکووری سۆڤیەت	دەریای ڕەش	٢٠٠٠
دن	دەشتی ناوەندی	دەریای ئازوف	١٩٦٠
بیچوورا	ئارال	ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور	١٥٨٠
دنیێستەر	کارەپات	دەریای ڕەش	١٤١١
راین	چیاکانی ئەلپ	دەریای باکوور	١٣٨٠
ئالب	چیاکانی چیکۆسلۆڤاکیا	دەریای باکوور	١١١٠
لووار	ناوەڕاستی فرانسە	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	١٠٠٠
ویستول	چیاکانی بیسکیدوس	دەریای باڵتیك	١٠٧٠
ئایر	چیاکانی کانتابریسکا	دەریای سپیی ناوەڕاست	٩٢٥
ئادر	چیاکانی سلوایوهم	دەریاە باڵتیك	٩٠٣
بو	ئەلبی ناوەندی	دەریای ئەدریاتیك	٦٥٠

٣ـ ڕووبارەکانی ئەفریقیا :

ناوی ڕووبار	سەرچاوەکەی	ڕێژگەی	درێژیی بە کم
نیل	گۆمی ڤیکتۆریا	دەریای سپیی ناوەڕاست	٦٥٠٠
کۆنگۆ	کاتانگا	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	٤٥٠٠
نیجەر	فوتا – چالون	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	٤١٦٠
زامبیر	کاتانگا	ئۆقیانووسی هیند	٢٦٦٠
ئاراتژ	چیاکانی دراکنسبورگ	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	١٨٦٠
لیم پۆپۆ	پێچوانا	ئۆقیانووسی هیند	١٦٠٠
سەنگال	فوڵتا - چالون	ئۆقیانووسی هیند	١٢٠٠

Scanned with CamScanner

٤- ڕووبارەكانی ئەمریكای باكوور و ناوەند:

ناوی ڕووبار	سەرچاوەكەی	ڕێژگەی	درێژیی بە كم
مسیسپی	چیاكانی راكی	كەنداوی مەكسیك	٦٧٣٠
ماكنزی	چیاكانی راكی	دەریای بیوفوت (كەنەدا)	٤٦٠٠
یوگن	چیاكانی كادنا كوسترا	ئالاسكا	٣٢٨٠
كۆلۆمبیا	چیاكانی راكی	ئۆقیانووسی هێمن	٣٠٠٠
كەلەرادۆ	چیاكانی راكی	كەنداوی كالیفۆرنیا	٢٨٠٠
ریو گراند	چیاكانی راكی	مەكسیك	٢٨٠٠
نیلسون ساساچوان	چیاكانی راكی	هۆدسن	٢٤٤٠

٥- ڕووبارەكانی ئەمریكای باشوور

ناوی ڕووبار	سەرچاوەكەی	ڕێژگەی	درێژیی بە كم
ئامازۆن	چیاكانی ئاند	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	٦٨٠٠
پارانا	چیا ناوەندییەكانی ئەرجەنتین	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	٤٠٠٠
سانفراسسكۆ	چیا ناوەندییەكانی بەرازیل	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	٣٠٠٠
ئۆریتۆكۆ	چیا ناوەندییەكانی ڤەنزوێلا	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی	١٨٠٠
ماكدۆنا	چیاكانی ئاند	دەریای كاریبی	١٢٠٠

٦- ڕووبارەكانی ئۆقیانووسیە

ناوی ڕووبار	سەرچاوەكەی	ڕێژگەی	درێژیی بە كم
مورای دارلینگ	ئەلپی ئوستralیا	ئۆقیانووسی هین	٢٨٠٠
فینك	زنجیرەی ماكدونەل	گۆمی ئێر	_
فیلندرز	چیاكانی دۆیدینگ	كەنداوی كاتیز	_

ڕوباری كەلەرادۆ

Scanned with CamScanner

تاڤگە گرنگەکانی جیهان

١ـ ئەفریقیا

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
دۆگ براگانکا	ئەنگۆلا	١٠٢
رواکانا	ئەنگۆلا	١٢٢
پاراتیرا	حەبەشە	١٣٧,٥
فینجا	حەبەشە	١٥٢,٥
چیرومبو	زامبیا	٢٦٤
فکتۆریا	زیمبابۆی	١٠٦,٥
کۆلۆمبۆ	تەنجانیکا	٢١١,٥
مالتسونیان	ئەفریقیای باشوور	١٨٩
مەلیك جۆرج	ئەفریقیای باشوور	١٣٥
هویك	ئەفریقیای باشوور	١٠٩,٥
توگیلا	ئەفریقیای باشوور	٩٣٣

٢ـ ئاسیا:

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
کوڤوری	هیندستان	٨٩,٥
گروسوپا	هیندستان	٢٤٩
کیگون	ژاپۆن	٩٩
پوداکی	ژاپۆن	١٠٠,٥

٣ـ ئوسترالیا

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
ونت ورث	ئوسترالیا	١٥٥
ولومومبی	ئوسترالیا	٣٣٠
کۆمۆرا	ئوسترالیا	٦٣
توولی	ئوسترالیا	١٦٥
باون	زیلاندی نوێ	١٦٢
هیلنا	زیلاندی نوێ	٢٦٧
ستەرلینگ	زیلاندی نوێ	١٥١,٥
ساترلەند	زیلاندی نوێ	٥٧١

Scanned with CamScanner

٤ـ ئەوروپا:

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
کاستینی سەرەوە	نەمسا	٦٢
کاستینی خوارەوە	نەمسا	٨٤
گولینگ	نەمسا	٦٠
کریمل	نەمسا	٣٧٥
گاوارنیە	فەرانسە	٤١٥,٥
پیستیل ریادر	بەریتانیا	٧٢
کلوماغ	سکۆتلەندە	٨١
توسا	ئیتالیا	١٤١
کلیفوسن	نەرویج	٧٨٠
ماردولاری ڕۆژهەڵات	نەرویج	٥٠٩
ماردولاری خۆراوا	نەرویج	٤٦٠,٥
اسیکدال	نەرویج	١٥٧,٥
اسکیکی	نەرویج	٢٤٦
ویتس	نەرویج	٢٦٤
ورینگ	نەرویج	١٧٩
هاندوال	سوید	١٠٢,٥
هار سیرانك	سوید	٧٣,٥
کاسکا دوزیترونس	سویسرا	٤٩٢
دیسباخ	سویسرا	٢٩٣,٥
گیساخ	سویسرا	١١٨
هاندگ	سویسرا	٤٥
نیفی ژن	سویسرا	١١٨
بیسواخ	سویسرا	٦٤
ریجنباخ	سویسرا	١٩٧
سیمن	سویسرا	١٧٣
اشتوبر	سویسرا	١٧٧
اشتوباخ	سویسرا	٢٩٥
تروملباخ	سویسرا	٢٩٣,٥

٥ـ ئەمریکای باکوور

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
تاکاکاو	کەنەدا	٤٩٦
پانتر	کەنەدا	١٨٠
گراند	کەنەدا	٧٥,٥
ڤیرجینیا	کەنەدا	٩٧,٥
مۆنت مۆرس	کەنەدا	٨٢
نیگارا	کەنەدا — ئەمریکا	٥٠
موونی	ئەمریکا	٦٦

Scanned with CamScanner

ئیل لوویت	ئەمریکا	
فیدر	ئەمریکا	١١١
نیڤادا	ئەمریکا	١٩٢
ریبن	ئەمریکا	١٧٨
سیلورستراند	ئەمریکا	٤٨٣,٥
فرنال	ئەمریکا	٣٥١,٥
یوسمیت	ئەمریکا	٩٥
سۆن	ئەمریکا	٧٢٦,٥
تالوولا	ئەمریکا	٨٠
شوشون	ئەمریکا	٧٥
توگانوك	ئەمریکا	٥٨,٥
مالتنوما	ئەمریکا	٦٣,٥
فال کریك	ئەمریکا	١٨٦
فیری فالز	ئەمریکا	٨٦
نارادا	ئەمریکا	٢١٠
اسلوبسین	ئەمریکا	٥٠,٥
استوکوالی	ئەمریکا	٩٠
مانیتو	ئەمریکا	٨١
پلۆستونی سەروو	ئەمریکا	٤٩,٥
پلۆستونی خواروو	ئەمریکا	٣٢,٥
		٩٢,٥

٦ـ ئەمریکای خواروو

ناو	وڵات	بەرزی بە مەتر
ئیکواتسو	ئەرجەنتین – برازیل	٧١
گلاس	برازیل	٢٩٧,٥
هروال	برازیل	١٢٠
پائولوئافنو	برازیل	٧٢,٥
پاتوس مارینیدو	برازیل	٣٤,٥
نوروبو مەپونکا	برازیل	٢١٠
گوئیرا	برازیل – پارەگوای	٣٠
کاریتور	گینا	١٣٢
ئەدواردی هەشتەم	گینا	٢٥٢
جۆرجی شەشەم	گینا	٤٨٠
مارینا	گینا	١٥٠
تکوئوندا	کۆلۆمبیا	١٢٨
ئەگویان	ئەکوادۆر	٦٠
ئانژل	فەنزوێلا	٩٦٣,٥ گەورەترین تاڤگەی جیهانە
کۆکوئنان	فەنزوێلا	٦٠٠

Scanned with CamScanner

تەنگەبەرە ئاوییەکانی جیهان

١- ئاسیا:

ناوی ئەنگەبەر (دەربەند)	لەنێوان
کەنالی سوێس	دەریای سوو – دەریای سپی ناوەڕاست
بسفۆر	دەریای رەش – دەریای مەرمەرە
داردەنیل	دەریای مەرمەڕە – دەریای ئیجه
کرچ	دەریای ئازووف – دەریای رەش
بابولمەندەب	دەریای سوور – دەریای عەرەب
هورمز	کەنداوی عەرەب – دەریای عەرەب (عومان)
مالاکا	دەریای جاوە – دەریای ئەندامان
ماکاسار	دەریای سەلیس – دەریای جاوە
بالین تانگ	دەریای فلیپین – دەریای چینی باشوور
هاینان	دەریای باشووری چین – کەنداوی تۆنکن
گوریل	دەریای ئەخنسك – ئۆقیانووسی هێمن
کارا	دەریای کارا – دەریای بارانتس
لنگ	دەریای سیبریای رۆژهەڵات – ئۆقیانووسی هێمن
تایوان	دەریای رۆهەڵاتی چین – رۆژاوای چین

٢ـ ئەمریکای باکوور و ناوەند

ناوی ئەنگەبەر (دەربەند)	لەنێوان
دیویس	دەریای یافین – ئۆقیانووسی ئەتڵەسی
لانکاستەر	میل ویل سوند – دەریای باڤین
مەك کیلەر	دەریای بۆفۆرت – میل ویل سوند
بهرینگ	دەریای بهرینگ – ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور
هۆدسن	کەنداوی هودسن – ئۆقیانووسی ئەتڵەسی
فلۆریدا	کەنداوی مەکسیك – ئۆقیانووسی ئەتڵەسی
یوکاتان	دەریای کاریبی – کەنداوی مەکسیك
پاناما	ئۆقیانووسی هێمن – دەریای کاریبی
ماجیلان	ئۆقیانووسی ئەتڵەسی – ئۆقیانووسی هێمن
شارلون	لەنێوان بدوو بەشی ئۆقیانووسی هێمن دا.

٣- ئەفریقیا:

ناوی ئەنگەبەر (دەربەند)	لەنێوان

Scanned with CamScanner

کەناڵی مۆزامبیك	مداگاشکر – مۆزامبیك
تەنگەی جەبەل تارق	مەغریب - ئیسپانیا (واتا) دەریای سپیی ناوەڕاست – ئەتڵەسی
کەناڵی سوێس	دەریای سوور – دەریای سپیی ناوەڕاست

٤- ئوسترالیا

ناوی ئەنگەبەر (دەربەند)	لەنێوان
باس	دەریای تاسمانی - ئۆقیانووسی هیند
کوك	ئۆقیانووسی هیند – دەریای تاسمانی

٥- ئەورووپا

ناوی ئەنگەبەر (دەربەند)	لەنێوان
دانیمارك	ئۆقیانووسی بەستەڵەکی باکوور
ئەترانتۆ	دەریای ئەدریاتیك – دەریای ئایۆنی
مسین	دەریای ئایۆنی – دەریای تیرنی
پادوکالە	دەریای باکوور – دەریای مانش
مانش	دەریای مانش – ئۆقیانووسی ئەتڵەسی
کارا	دەریای کارا – دەریای پارانتیز

ئەو وڵاتانەی وا دوو ناویان هەیە

ئاسیای بچووك	ئەناتۆلی
ئەڵمانیا	برووسیا
ئانام	ڤیتنام
ئاثیوبیا	حەبەشە
ئیسپانیا	ئیبەریا
ئێران	پێرشیا
بۆرما	بێرمانی
بلورووسیا	رووسیای سپی
بهارات	هیندستان
بین النهرین	عیراق
تانزانیا	تابخانیکا و زەنجبار
تایلەند	سیام
تورکستانی سۆڤیەتی	ماوراء النهر
تورکیا	عوثماني
تریبۆلی	تەرابلوس
چین	گاتا – خەتا
زامبیا	رۆدیسیای باکوور

Scanned with CamScanner

زی بانکو	ژاپۆن – یابان
ساحل الذهب	گانا
سەراندیب	سیلان (سیریلانکا)
سووریا	شامات
صربستان	یۆگۆسلاڤیا
عەرەبی سعوودی	حجاز – نەجد
فرانسە	گال
لیبیا	تەرابلوس
گریس	یۆنان
مادەگاسکر	مالاشی
مەجەر	هەنگاریا
نەدرلەند	هۆڵەندە
نیپون	ژاپۆن – یابان
هیندی هۆڵەندی	ئەندنووسیا
هلووسیا	سویسرا
یەنکی دونیا (دونیای تازە)	ئەمریکا
نەمسا	نوستریا

نا و ناتۆرەی هەندێك لە وڵاتان

ئەفریقیای باشوور	وڵاتی ئەڵماس
ئەڵمانیا	وڵاتی کەلەشێری لاری
ئەمریکا	دونیای تازە
ئیسپانیا	خاکی گابازەکان
ئوستڕالیا	سەوزەویی مەڕ
نەمسا	وڵاتی دانووبی شین
ئەندەنووسیا	وڵاتی هەزار دورگە
بەریتانیا	سەرزەویی ئەولای دەریاکان
ئیتالیا	وڵاتی ئیمپراتۆرن
ئیسلەند	وڵاتی سەهۆڵ
برازیل	سەرزەویی ئامەزۆن
تایلەند	وڵاتی هەزار پەرستگا
تیبەت	سەربازی جیهان
چین	وڵاتی ئاسمان
سۆڤیەت	پشت پەردەی ئاسن
ژاپۆن	وڵاتی هەتاو
سویسرا	بەهەشتی ئەوروپا
سیبریا	سەر زەویی بەستەڵەك (ڕچاو)
سیلان	عەماری چای جیهان
عیراق	وڵاتی ڕووبارەکان
فڕانسە	وڵاتی شەراب
فنلەندە	وڵاتی هەزار گوڵ
کشمیر	سویسرای ئاسیا
لیبەریا	وڵاتی کوێلەکان

Scanned with CamScanner

میصر	سەرزەویی فیرعۆنەکان
مۆنت کارلۆ	سەرزەویی قومار
یۆنان	سەرزەویی فەیلەسووفان
هاوای	بەهەشتی ئۆقیانووسی

ئەم ولأتانە بەمانەوە بەناوبانگن

ئەسپ ی	مەجەر
کەر ی	قیبرس
لۆکە ی	میصر
پەنیر ی	هۆڵەند
سەعات ی	سویسرا
شەراب ی	فرانسە
بەهارات ی	هیندستان
شرێس ی	سعوودی
دەوری ی	چین
شەکری	بەلجیکا
کەرێ ی	دانیمارك
پشیلەی	ئێران
گوڵ ی	هۆڵەندە
مەڕی	ئوسترالیا

Scanned with CamScanner

کەری قبرص



ئەسپی مەجەری

سەعاتی سویسرا



پشیلەی ئێران

Scanned with CamScanner

پایتەختی وڵاتان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پایتەختی ولاتان

ناوی پایتەخت	ناوی وڵاتەکە
ئەبیدجان	ساحل العاج
ئەثینا	یۆنان
ئەدیس ئەبابا	حەبەشە
ئەسۆنسۆن	پارەگوای
ئەکرا	گانا
ئامستردام	هۆڵەندە
ئانکارا	تورکیا
ستۆکهۆڵم	سوێد
ئەسلو	نەرویج
ئەل جەزایر	ئەل جەزایر
ئۆتاوا	کەنەدا
ئوگادۆگۆ	فۆڵتای باکوور
بانکۆك	تایلەند
بوخاریست	رۆمانیا
برازافیل	کۆنگۆی ناوەڕاست
بەرلینی رۆژهەلات	ئەڵمانیای رۆژهەڵات
برن	سویسرا
بروکسل	بەلجیکا
برونویی	برونویی
برویج تاون	باربادۆس
بەغداد	عیراق
بلفاست	ئێرلەندەی باکوور
بەلگراد	یۆگۆسلاڤیا
بۆن	ئەڵمانیای رۆژاوا
بەنغازی	لیبیا
بوێنس ئایرس	ئەرجەنتین
بۆداپست	مەجەر
بۆگۆتا	کۆلۆمبیا
بێرووت	لوبنان
پائوندە	کامیرۆن
پاریس	فرانسە
پانامە	پانامە
پراگ	چیکۆسلۆڤاکیا
پەکین	چین
پۆرتۆبرنس	هاییتی
پۆرث	ترینیداد

Scanned with CamScanner

پۆرتۆنوڤە
بیونگ یانگ
تەناناریف
تایبە
تیگوسیگالبا
تۆکیۆ
تەهران
تیرانا
جاکارتا
جۆرج تاون
جیبووتی
خەرتووم
دار و سەلام
داکا
داکار
دیمەشق
دوبلن
دەلهی
دۆحە
رانگون
راولبەرندی
رەباط
رۆما
ریاض
ریکافیك
زنجبار
سالسبوری
سانتیاگۆ
سان ژوان
سان سلڤادۆر
سان دۆمنیکۆ
سیئول
سەنگاپۆر
صەنعاء
سدنی
عەممان
فریتاون
پنۆم بن (فنۆم بنە)
قاهیرە
کابل

داهومی
کۆریای باکوور
ماداگاشکر
تایوان
هەندۆراس
ژاپۆن
ئێران
ئەلبانیا
ئەندنووسیا
گۆیانا
جیبووتی
سوودان
تەنزانیا
بەنگلادیش
سەنیگال
سووریا
ئیرلەندە
هیندستان
قەتەر
بۆرما
پاکستان
مەغریب
ئیتالیا
سعوودی
ئاسلەندە
زنجبار
رۆدیسیان
شیلی
پۆرتریکۆ
سلڤادۆر
دۆمنیکان
کۆریای باشوور
سەنگاپۆر
یەمەنی سەروو
ئوسترالیا
ئەردون
سیرالیون
کامپۆچ (کامبودیا)
میصر
ئەفغانستان

Scanned with CamScanner

کاتماندۆ	نیپال
کاراکاس	فنزویلا
کۆبنهاگن	دانیمارک
کوالالامپور	مالایا
کۆلۆمبۆ	سیلان
کۆناکری	گینیا
کەمپالا	ئۆگەندە
کووەیت	کووەیت
کینگستون	جامایکا
گیتو	ئەکوادۆر
گواتیمالا	گواتیمالا
کانبێرا	ئوستڕالیا
لاپاز	بۆلیڤیا
لیۆپولدفیل	کۆنگۆ
لەندەن	بەریتانیا
لواندا	ئەنگۆلا
لۆزاکا	زامبیا
لۆکزامبورگ	لوکزامبورگ
لیبروێل	گابۆن
لیشبۆنە	پورتەگال
لیما	پیرۆ
مەدرید	ئیسپانیا
ماناگوا	نیکاراگوا
مۆناکۆ	مۆناکۆ
مۆسکۆ	یەکیەتی سۆڤیەت
مەقادیشۆ	سۆمال
مۆنروفیا	لیبریا
میل	مالدییف
مانێلا	فلیپین
مەکسیکۆستی	مەکسیک
مونتیڤدۆ	ئۆرگوای
ناسائو	باهاما
نایرۆبی	کینیا
نیامی	نێجیریا
نیکۆسیا	قیبرس
نواکشوت	موریتانیا
فاتیکان	فاتیکان
واشنگتون	ئەکریکا
وارشۆ	پۆلەندە
ولینگتون	زیلاندی نوێ

Scanned with CamScanner

فیەننا	ئەمسا
هامیلتون	بەرمۆدا
هانوێ	ڤێتنام
هاڤانا	کووبا
هەلسینکی	فنلاندە

ئەو شارانەی دوو ناویان هەیە

ئاخن	ئێکس لاشاپل
ئادنە	سیحان
ئاستراخان	هەشتەر خان
ئستالین ئاباد	دوو شەنبە
ئیشبیلیە	سیوبل
ئاندەلوس	ئەندولوزیا
ئەنکارە	ئانقورە
ئەزمیر	ئەسمیرنا
ئەستانبول	قوستەنتەنییە
ئۆسلۆ	کریستیانا
ئەکبو	حەلەب
باتاویا	جەکارتا
بانکۆك	کرنوك تیب
بەغداد	دار السلام, زوراء
پالمیرا	تەدمر
پەکین	خان بالغ
تاشکەند	چاچ
تبلیس	تفلیس
پەتروسبورگ	لینینگراد
حاج طرخان	هەشتەرخان، ئەستراخان
دار البیضاء	کازابلانکا
دیمەشق	شام
زاغرب	ئەگرام
صەنعاء	عەسیر
غەرناتە	گراناد
قرطاجنە	کارتاژ . کارتاج
قەندەهار	نادر ئاباد
لاهوور	لوهاور
مەدینەی منەووەرە	یەثریب
مونشن	مونیخ
نیو ئەمستردام	نیویۆرك
ورسلاو	برسلو

Scanned with CamScanner

گڕکان و بوومەلەرزەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner



بوركان

Scanned with CamScanner

گرکان و بوومەلەرزەکانی جیهان

١. لە ساڵی ٧٩ی زایین دا چیای ڤیزۆ تەقییەوە، بوو بە هۆی وێران کردنی دوو شاری بەناوبانگی ئەو دەمەی ئیتالیا پەمپای و هرکولانیوم و هەزارەها مریفیش بوو بە ژێر شەپۆلی ئاگرەوە.

٢. لە ساڵی ١٧٥٥ ز دا رۆژی یەکەمی نۆڤەمبەر بوومەلەرزەیەك لە شاری لیشبۆنە روویدا بوو بە هۆی کوشتنی دە هەزار کەس.

٣. لە ساڵی ١٨٨٣ ز دا چیای کارا کاتوا تەقییەوە. کە بە هۆیەوە دورگەکە ژێر ئاو کەوت و لە ٣٦ هەزار کەس زیاتر سووتان و نوقم بوون.

٤. لە ساڵی ١٩٠٢ ز دا چیای مارتین تەقییەوە شاری "سن پیێر" کەوتە ژێر شەپۆلی ئاگر و زیاد لە ٤٠ هەزار کەس کوژرا.

٥. لە ساڵی ١٩٠٦از دا بوومەلەرزەیەك لە شاری "مسین"ی ئیتالیا دا روویدا بووە هۆی وێران بوونی شارەکە و کوشتنی ٨٥ هەزار کەس.

٦. لە ساڵی ١٩٢٣ ز دا بوومەلەرزەیەك لە ژاپۆن روویدا ٩٠ هەزار کەسی لە شاری تۆکیۆ و یۆکۆهامادا کوشت.

٧. لە ساڵی ١٩٣٥ ز دا بوومەلەرزەیەك لە (گوتیا)دا رووی دا ٥٠ هەرزار کەسی کوشت.

٨. لە ساڵی ١٩٣٩از دا لە تورکیا بوومەلەرزەیەك روویدا بوو بە هۆی کوشتنی ١٠٠ هەزار کەس.

٩. ساڵی ١٩٤٩ ز بوومەلەرزەی ئەکوادۆر ٦٠ هەزار کەسی کوشت.

١٠. ساڵی ١٩٥٠ ز بوومەلەرزەیەك لە ناوچەی ئاسامی هیندستان دا رووی دا ٢٠ هەرزار کەسی کوشت.

١١. ١٩٥١ ز چیای لامینگتون تەقییەوە ٣ هەزار کەسی سووتاند.

١٢. ساڵی ١٩٥٤ ز بوومەلەرزەی ئەل جەزایر ١٥٠٠ کەسی کوشت.

١٣. ساڵی ١٩٦٠ بوومەلەرزەی مەکسیك ٦٠ هەزار کەسی کوشت.

١٤. ساڵی ١٩٦٨ بوومەلەرزەی خوراسانی ئێران ١٢ هەزار کەسی کوشت.

هەندێك گەڕیدە و جوغرافیازانی بەناوبانگی جیهان

١) **ئەگریکۆلا**

لەسەرەتای سەدەی یەکەمی زایین دا ژیاوە، رۆمایی بووە، وڵاتی سکۆتلەندە گەڕاوە.

٢) **ئەکبورك:** (١٤٥٣ – ١٥١٥ ز)

دەریاوانێکی پورتەگالی بووە، توانای دەسەڵاتی پورتەگالییەکانی لە وڵاتی هیندستان دا چەسپاند.

٣) **ئەلماگرو:** (١٤٧٥ – ١٥٣٨ ز)

خەڵکی وڵاتی ئیسپانیا بوو، وڵاتی شیلیی ناساندووە.

٤) **ئامۆندسن**

لە ساڵی ١٩١١از گەیشتە جەمسەری خوارووی زەوی (قوتب).

٥) **ئیبن بەطوطە:** (١٣٥٢ – ١٣٢٤)

لە شاری تەنجەی مەراکش دا لەدایك بووە، گەورەترین گەریدەی عەرەبانە، ئەم وڵاتانە گەڕاوە: سەرووی ئەفریقیا، سووریا، عیراق، ئێران، سعوودی، بوخارا، ئەفغانستان، دەلهی، سیلان، قوستەنتەنییە.

Scanned with CamScanner

٦) نيبن حەوقەل (أبو القاسم محمد)
لە ساڵی ٣٥٩ی کوچیدا زیندوو بووە. خاوەنی کتێبی (المسالك و الممالك)ە ماوەی ٢٨ ساڵ لە گەشت و گەڕان دا بووە.

٧) ئیدریسی: (أبو عبدالله بن محمد) ٣٩٣ – ٤٦٠ ك
خەڵکی مەراکش بووە، جوغرافیازانێکی بەدەسەڵات بووە و ئەم کتێبانەی نووسیوە:
١- نزهة المشتاق
٢- روضة الأنس
٣- نزهة النفس

٨) ئەریکە سوور
لە ساڵی ٩٨٢ز دا دورگەی گرینلاندی بەدنیا ناسان و ڕێگای بۆ ئەو وڵاتەوە کردەوە. خەڵکی نەرویج بووە.

٩) تیانگور: (١٣٣٩ – ١٤٢٥ ز)
دورگەکانی (کەناری)ی دۆزییەوە.

١٠) برازا (١٨٥٢ – ١٩٠٥ ز)
جوغرافیازانێکی خەڵکی ئیتالیا بوو شاری برازافیلی ئێستای لە ئەفریقیادا دروست کردووە.

١١) بەتلیمۆس سەدەی دووەمی زایین
لە میصردا لەدایك بووە، دەربارەی جوغرافیای شاران ئاگادار بووە.

١٢) مارکۆ پۆلۆ
بەناوبانگترین گەریدەی کۆنە، ساڵی ١٢٥٤ز لە ڤینیسای ئیتالیا لە دایك بووە و ساڵی ١٣٢٤ مردووە.

١٣) ژان ژاردان (١٦٤٣ – ١٧١٣ ز)
زۆر لە نووسەرانی بەناوبانگی وەکو ژان چاك رۆسۆ، مۆنتیکسۆ سوودیان لە تاقی کردنەوەکانی ئەم جیهان گەشتە وەرگرتووە.

١٤) ژانی کارتیه : (١٤٩١ – ١٥٥٧ ز)
بۆ یەکەمین جار وڵاتی کەنەدا لەلایەن ئەوەوە ناونراوە کەنەدا، زۆربەی گەشتەکانی لە ڕێگای دەریاوە بووە.

١٥) روی گنشالش کلاو نجو:
لە ساڵی ١٤٠٦ ز دا مردووە، یەکێك لە ئەمیرزادەکانی ئیسپانیا بووە پەیامبەری پاشای ئیسپانیا بووە بۆ لای تەیموور لەنگ، هەرچیشی لە ڕێگەدا دیوە نووسیویەتی.

١٦) کریستۆف کۆلەمب: (١٤١٥ – ١٥٠٦ ز)

Scanned with CamScanner

له سەرەتای یەکێك لە دورگەکانی هیندی رۆژاوای دۆزییەوە ناوی نا سان سلڤادۆر. خەڵکی جنەوە بووە.

١٧) **فاسكۆ دی گاما (لە ساڵی ١٥٢٥ ز مردووە)** خەڵکی وڵاتی پۆرتەگال بووە لە رێگای دەریاوە بۆ یەکەم جار توانی بگاتە وڵاتی زنجبار.

Scanned with CamScanner

شاعیرو نووسەرە
بەناوبانگەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

شاعیر و نووسەرانی بەناوبانگی جیهان

١) ئەپۆلۆنێر "گیوم" (١٨٨٠ – ١٩١٦ ز)

خەلکی فرانسە بووە، زمانی ئینگلیزی، ئیتالی و رووسیی چاك زانیوە، یەکەمین دیوانێك کە نووسیویەتی بەناوی (ئەلکول) "مسکرات" زۆر ناوبانگی دەرکردووە. یەکێك بووە لە دۆستەکانی بیکاسۆی هونەرمەند. لە شەڕی گەورەی یەکە دا بریندار بووە هەر بەو برینە شەوە مردووە.

٢) ئادن (لە ١٩٠٧ لە دایك بووە)

شاعیرێکی بەناوبانگی بەریتانیە، لە زانکۆی ئەکسفۆردا خوێندوویەتی. پەیڕەوی قوتابخانەی ریالیسمە. بەرهەمەکانی ئەمانەن:

١. گفتوگۆ کەران.
٢. لای مەرزەوە.
٣. رۆژانی دی.
٤. سەگێك لە ژێر پێستەدا.

٣) ئاراگۆن "لویس" (١٨٩٨ – ١٩)

خەلکی ولاتی فرانسەیە، لە سەرەتاوە لایەنگری قوتابخانەی سوریالیسم بووە، بەلام لەم دواییەدا توانای خۆی خستە سەر چارەسەرکردنی گیر و گرفتەکانی کۆمەلایەتی. لە کاتی ژێر دەستەیی فرانسەدا لەلایەن ئەلمانیاوە لە شەڕی گەورەی دووەم دا هەست و دەریای هەلبەستەکانی گڕی سەندووە و لەم رووەوە هەلبەستی جوانی وتوە. ئەمانەش هەندێك لە چاپ کراوەکانی ناوبراون:

١. دلتەنگی ١٩٤١ ز.
٢. چاوەکانی لیزا ١٩٤٢ز.
٣. دلتەنگییە تازەکان ١٩٤٨ ز.

٤) ئەکۆتاکاوا (١٨٨٢ – ١٩٢٧ ز)

لەشاری تۆکیۆی ژاپۆن دا لەدایك بووە، کوڕی پیاوێکی شیرفرۆش بووە. دایکی بە دەردی شێتی مردووە. لە سالی ١٩١٥ ز دا زانکۆی تەواو کردووە هەر لەو سالەش دا داستانی بەناوبانگی (راشۆمۆن)ی نووسیوە. ئەمانەشی زۆر بەناوبانگن:

١. شەهید ٢-ئەژدیها

٥) ئەلفیری (١٧٤٩ – ١٨٠٣)

خەلکی ولاتی ئیتالیا بووە، لە ئەدەبیاتی ئیتالیادا بە شاعیری تراژیدی نووس بەناوبانگە، نووسینە ناودارەکانی ئەم شاعیرە ئەمانەن:

١. پاشا و و ئەدەب
٢. فیلیپی دووەم
٣. ئاگا مەمنوون
٤. مێژووی ژیانی من
٥. فیرجینیا

Scanned with CamScanner

٦) ئەدگار ئالان پۆ (١٨٠٩ – ١٨٤٩ ز)

لە شاری (بۆستون)ی ئەمریکا لە دایك بووە، ژیانی پڕ بووە لە دەرد و بێ چارەیی و غەم و تەم. ئاخری ئەم غەم و تەمە لە تەمەنی ٤٠ ساڵیدا جوانە مەرگیان کرد.

لە سەرەتاوە ویستی قوتابخانەی ئەفسەری تەواو بکات بەڵام زۆری نەخایاند لەو قوتابخانەیە دەریان کرد. بەرەو شاری نیویۆرك کەوتە ڕێ و لەو شارەدا دەستی کردە بڵاوکردنەوەی شیعرەکان بەڵام هەر بێ ناو بوو، کچەمامی خۆی هێنا بەڵام هێندەی پێ نەچوو ژنەکەی مرد و تەنیا مایەوە و پەنای بردە بەر خواردنەوەی مەی. هەر لەم قۆناغەدا توانی دنیای نائومێدی و بەدبەختی لە بۆتەیێکی ئەفسانەییدا برازێنێتەوە.

لە ١٦ی ئەکتۆبەری ١٨٤٩ز دا لە مەیخانەیێك دا بەسەر مێزی مەی خواردنەوە دا گیانی دەرچوو.

٧) ئەندرسن "شرۆید" (١٨٧٦ – ١٩٤١ ز)

لە ناوچەی ئۆهایۆی ئەمریکادا لە دایك بووە، لە شەڕەکانی نێوان ئەمریکا و ئیسپانیادا بەشداری کردووە، کتێبە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- ژن هێنانی زۆر.

٢- ئەسپەکان، پیاوەکان.

٣- ئەمریکای سەرسام.

٨) ئەندرسن "هانس کرستیان" (١٨٠٥ – ١٨٧٥ ز)

کوڕی ئافرەتێکی جل شۆر بووە و ڕوو و ڕوخساری زۆر ناشرین بووە و منداڵان گاڵتەیان پێ کردووە. لە وڵاتی دانیمارك دا هاتوەتە دنیاوە. نووسەرێکی بەناوبانگی لێ دەرچوو کە پەخشانەکانی بەلای خەڵکی ئەو سەردەمەوە پەسند بووە لە ئەدەبی منداڵان دا ناوبانگێکی زۆری هەیە، ئەم کتێبانەش هی ناوبراون. جووجکە ناشیرینەکەی سۆنە، سەربازە ئازاکەی صربیا، جلە تازەکانی ئیمپراتۆر، پەری دەریایی.

٩) ئەبوو ئەندروڤیچ

لەشاری بوسنەی یۆگۆسلاڤیا لە ساڵی ١٨٦٢ دا هاتۆتە دنیاوە و ڕۆڵەی خێزانێکی زێڕنگەر بووە. لە پیلانی کوشتی (ئەرشیدۆك)دا بەشدار بووە کە بووە هۆی هەڵ گیرسانی شەڕی یەکەمی جیهان، لەم ڕووەوە بەندکراوە، نووسەرێکی بەناوبانگە و لە ساڵی ١٩٦١ز دا پاداشتی ئەدەبیاتی نۆبلی پێ خەڵات کرا. داستانە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- پردێك بەسەر ڕووباری دریناداا.

٢- کچە خانمەکە.

٣- ڕووداوەکانی تراوتیك.

٤- حەسارە بینراوەکە.

Scanned with CamScanner

١٠) ئەلیوت (توماس سترنر)

لە ساڵی ١٨٨٨ ز دا لەشاری سەنت لویزی ئەمریکا لەدایك بووە. زانکۆی هارفاردی تەواو کردووە. هەر لە سەفەردا بووە، لە ساڵی ١٩٢٢دا کە هەڵبەستی زەویی کاولگەی بڵاوکردەوە خێرا ناوبانگی دەرکرد و کەم کەم بیروڕای خۆی گۆڕی و پەنای بردە بەر بیر و باوەڕی مەسیحیەتی و لە ساڵی ١٩٤٨دا خەڵاتی نۆبلی وەرگرت. بەرهەمەکانی ئەلیوت بەناوبانگن لەمانە:

١. تاوانی کوشتنێك لە کلێسادا
٢. کۆکتێل پارتی
٣. کێڵگە
٤. جوار کوار تێت

١١) بیرل باك

لەساڵی ١٨٩٢ دا لە شاری هیلزبرووی ڤیرجینیای ئەمریکا لەدایك بووە، باوك و دایکی بیرل کاریان بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی بووە لەبەر ئەم مەبەستە چوون بۆ وڵاتی چین دوای چەند ساڵێك گەڕاوەتەوە ئەمریکا و زانکۆی (راندلف میکن)ی تەواو کردوو، وشووی بە کابرایێکی جان لاستیك باك ناو کردووە و پاشان لێك جویّ بوونەتەوە. دوای بڵاوکردنەوەی رۆمانی (خاکی چاك) ناوی دەرچوو لە ساڵی ١٩٣٢ ز دا خەڵاتی پولیتزەری ئەدەبی وەرگرت و لە ساڵی ١٩٣٨ دا خەڵاتی نۆبل. رۆمانە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١. کوران ٢- دایك ٣- نیشتمان پەروەر ٤- فریشتەی شەڕ هەڵگرسێن ٥- خۆشەویستەکەم وەرە ٦- رۆڵەی ئەژدیها ٧- ئەم دڵە لە خۆباییەم ٨- ئەمڕۆ هەمیشە.

١٢) بالزاك "ئەنۆریّ" ١٧٩٩ – ١٨٥٠

لە شاری توور لەدایك بووە، لای یەکێك لە پارێزەرە ناسراوەکانی پاریس سیّ ساڵ خەریکی ئیش کردن بوو، پێشنیازیان بۆ کردووە کە کاری پارێزەری بکا بە پیشە بەلام نەی کرد. دەستی کردە بە داستان نووسی و لە ماوەی چوار ساڵ دا پەنجا داستانی نووسی بەلام نەبوو بە خاوەنی پارەیێکی وا بتوانێت قەرزەکانی بداتەوە دوای تەقەلایێکی فراوان کتێبی "کومیدیای مرۆڤانە"ی نووسی کە تاکو ئێستاش بە شاکاریکی ئەدەبی جیهانی دەژمێردرێت وا دانراوە کە بالزاك لایەنگیری قوتابخانەی رۆمانتیکەکانە بەلام لە راستیدا نووسەرێکی ریالیستە.

بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١. کچێکی چاو زێڕ
٢. سەرهەنگ شابر
٣. خۆفرۆشان
٤. ئارەزووە بابردووەکان
٥. ژنی سی ساڵە
٦. جووزتیاران و گوپسکیی سوود خۆر

Scanned with CamScanner

١٣) باون "ئەليزابيث"

لەسالّی ١٨٩٩ز دا لە شاری دوبلنی پایتەختی ئیرلەندە لەدایك بووە، نووسەرێکی زەحمەت کێش و پڕکار و هەمیشە خەریکی داستان و چیرۆك نووسین بووە.

(گەرمای رۆژ) کە رۆمانێکی ئەو ئافرەتە نووسەرەیە لە وڵاتـانی رۆژاوادا بـەرۆمانی ساڵ هەڵبژێردراوە.

ئەم رۆمانانەش هی ئەم نووسەرەن:

١- دوا سبتمبر
٢- دنیای ئەڤین
٣- لە کۆشکی باون دا

١٤) بایرۆن "جۆرج" ١٧٨٨ – ١٨٢٦ ز

شاعیری ناسراوی بەریتانیا لە تەمەنی ٣٦ ساڵیدا لە شەڕدا کوژراوە. ئەم شاعیرە لە بنـەڕەت دا فەرانسەیی بووە و لە نۆزدە ساڵیدا یەکەمین بەرهەمی شیعری خۆی بڵاوکردوەتەوە بەناوی "سەعاتی بێ ئیشی" کە زۆر پـایکۆت کـرا.. بـەڵام کـۆڵی نـەدا تـا بەرهـەمی بـەناوبانگی "گـۆرانی بێـژە ئینگلیزەکـان و لـێ کۆڵـەرەوە سکوتلەندییەکان"ی بلاوکردەوە و بە شاعیرێکی خاوەن بەهرەی بەتوانا ناسـرا. ئـەم بەرهەمانـەی خوارەوەش بەرهەمی ناسراوی شاعیرن:

١- دەزگیرانی ئاپیرۆس
٢- رێ گر
٣- دۆن جوان

لەشەڕی رزگاریخوازیی یۆنان دا دژ بە عوثماني کوژرا.

١٥) بریتۆن "ئەندرێ" ١٨٩٢ – ١٩٦٦

شـاعیرێکی فرانـسایی بـە توانـا و سوریالـستی بـووە، یەکـەمین دیـوانی بـەناوی فـەضـاي موغنـاتیس بڵاوکردوەتەوە کتێبێکی دی بەناوی "هەلکەوتە و پێوەندییەکانی" بەناوبانگە.

١٦) برۆنتێ

سێ خوشکی داستان نووسی ئینگلیز لە بەریتانیا کە ناویان شارلۆت و ئەمیلی و ئان بوو بە هۆی کێشەی ناوخێزانیانەوە لەبەر توندەخوویی باوکی قەشایان و برا هەمیشە سەرخۆشەکەیان ملیـان لـە خوێندنـەوە نا، یەکەم جار پێکەوە لە ساڵی ١٨٤٦ز دا دیوانە هەڵبەستێکیان بە ناوی خوشکانی "یل"ەوە چاپ کـرد، لـە دوایيدا هەریەکە سەربەخۆ دەستی بە نووسین کرد و رۆمانی (جـین ئـیر) لەلایـەن شـارلۆتەوە بڵاوکرایـەوە، هەر لەو کاتیش دا ئەمیلی کتـێبی (بەرزاییيـەکانی ویـذەرینـگ)ی نووسـی و (ئـان)یـش (ئەکنـەس گـری) بڵاو کردەوە. سەیر ئەوەیە هەر سێ خوشکەکە تەمەنیان درێژ نەبووە.

١- شارلۆت ١٨٥٥ – ١٨١٦
٢- ئەمیلی ١٨٤٨ – ١٨١٨
٣- ئان ١٨٥١ – ١٨٢٢

Scanned with CamScanner

١٧) بۆدلێر ١٨٢١ – ١٨٦٧ ز

بە گەورەترین شاعیری دوا دوایی سەردەمی رۆمانتیسمی فەرانسە دەژمێردرێت. ناوبانگی ئەم شاعیرە دوای مردنی زۆرتر بووە. ژیانێکی پڕ پەژارە و دەرد و غەمی رابواردووە، هەر خەریکی تلّیاک کێشان بووە. نووسراوە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١. گوڵەکانی خراپەکاری
٢. تابلۆکانی پاریس
٣. شەراب
٤. یاخی بوونی مردن

١٨) بنوا "پییێر"

لە ساڵی ١٨٨٦ز دا لە "ئالبی" خوارووی فەرانسە لە دایک بووە، رۆمان نووسێکی بە توانا بووە، رۆمانە ناودارەکانی ئەمانەن:

١. کونگیسمارك
٢. ئەتلانتید

١٩) پارکر "دورووثي"

نووسەرێکی ناسراوی ئەمریکایە لە ساڵی ١٨٩٣دا لە دایك بووە لە ساڵی ١٩٢٩دا خەلاتی ئەدەبیی (نۆ هێنری) لە ئەمریکادا وەرگرتووە. ئەمانەش هەندێ لە کتێبەکانی ئەم ئافرەتە نووسەرەن:

١. مەرگ و مالیات
٢. تا بۆ قووڵی چاڵ
٣. ماتەمی بۆ ژیان
٤. دوای ئاوا خۆشبەختییەك

٢٠) بۆریس باسترناك ١٨٩٠ – ١٩٦٢

نووسەر و شاعیری رووسی، ساڵی ١٩٥٨ خەڵاتی نۆبلی پێ درا بەڵام ئەم وەری نەگرت. بەرهەمەکانی ئەمانەن:

١. دکتۆر زیفاگۆ	٢. بەسەر پەرژینەکانەوە
٣. ڕابەری بێ ئازار	٤. هەڵبەستی هەڵبژێراو

٢١) پوشکین ١٧٩٩ – ١٨٣٧ ز

ئەلەکساندەر پوشکین لە شاری مۆسکۆ هاتۆتە دنیاوە باوك و مامەی خەریکی شیعر و خوێندەواری بوون. دوای قوتابخانە تەواوکردن زمانی فەرانسایی زانیوە لە وەزارەتی دەرەوەدا کاری کردووە. ساڵی ١٨٢٠ ز یەکەمین دیوانی بەناوی "روسلان فلودیمیلا" بلاوکردەوە گەلێك سەرکەوتوو بوو. پێوەندی بەرێکخراوە نهێنییەکانی دژ بە قەیسەر هەبووە، لە ساڵی ١٨٢٠ دا دوور خراوەتەوە بۆ (ئۆدێسا) هەر لەم دوور خستنەوەدا توانیویەتی "بەندکراوی قەفقاسیا" و "باخچەی سەرا" بنووسێت و بلاوبکاتەوە.
لە شاری ئۆدیساش لەسەر داوای کاربەدەستی شارەکە بۆ لادێیەك دوورخراوەتەوە..

Scanned with CamScanner

دوای دوو ساڵ ئنجا گەڕایەوە مۆسکۆ و پەیوەندی لەگەڵ دەرباری قەیسەردا پەیدا کرد. ژنەکەی گەلێك جوان و بەناز و خۆشە پەیکەر بوو لەسەر قسەی خەڵکی کە گوایا پێوەندی هەیە لەگەڵ کابرایێکی فرانسەییدا بەناوی (بارۆن ئەنتێ) بۆیە لەسەر عادەتی ئەوسا مەیدانداریی داواکرد و بە دەمانچە لە یەکیان دا. لەم مەیداندارییەدا بۆشکین بریندار بوو، دوای دوو ڕۆژ بەو زامەوە مرد. دانراوە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- بۆریس گۆدەنوڤ
٢- پولتاوا.
٣- مێژووی یاخی بوونی بۆگاچێف.
٤- تابووت ساز.
٥- لێدوانێکی ئاگرین.
٦- دوبرۆڤسکی.
٧- تەڵەی ڕەش.
٨- بیبی پیك.
٩- قەرەجەکان.
١٠- تۆفان.

٢٢) تاگوور (ڕابندارانات) ١٨٦١ – ١٩٤١ ز

شاعیر و نووسەری گەورەی هیندستان لە شاری کەلکەتە لە خێزانێکی دەست ڕۆیشتوو و ناسراو لەدایك بووە، لە ساڵی ١٨٧٧ ز دا بەدوای زانیین دا چووەتە بەریتانیا و لە ١٩٠١ دا گەڕاتەوە بۆ هیندستان. جێگایەکی بۆ زانیاری تەرخان کردووە ناوی (خانووی ئاشتی) لێ ناوە. لە ساڵی ١٩١٣دا گرەوی ئەدەبیی نۆبلی وەرگرتووە. بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

باغەوان، میوەچن، وڵات و جیهان، ڕاکردوو، مانگی نوێ، ڕەوشتی مرۆڤ، گەشتی هەرووژاو، نامە بۆ دۆستان، چیترا، گرێ کراوەکان، بنکەی شارستانێتی هیندستان، گۆرا، دیمەنەکانی بەنگال، گیتا نجالی.

٢٣) تۆلستۆی

لە ساڵی ١٨٢٨ ز دا لە ناوچەی (تولا)ی ڕووسیادا لە بنەماڵەیێکی ناوەندیدا لە دایك بووە و ڕۆڵەی چوارەمینی خێزانەکەی بووە لە ساڵی ١٨٤٤دا چووتە زانکۆی (کازان) بەڵام دوای دوو ساڵ بێ ئەوەی خوێندن تەواو بکات لە زانکۆ دەرچوو و دەستی بە خوێندنەوە کرد. لە ساڵی ١٨٥١ز دا چووە ریزی سپاوە لە ساڵی ١٨٥١دا یەکەمین کتێبی گەیشتە دەستی خوێندەواران بە ناوی "منداڵی" لە ساڵی ١٨٥٢دا یەکەمین چیرۆکی نووسی بەناوی "قەرەج" و لە ساڵی ١٨٥٧دا لە سپا هاتە دەرەوە، سەرێکی لە ئەوروپا دا بەڵام وڵاتی ڕۆژاوای پێ باش نەبوو، کە گەڕایەوە ڕووسیا لە مۆڵکەکانی خۆیدا جێ گیر بوو، لە تەمەنی ٣٤ ساڵیدا ژنی هێنا و بوو بە خاوەنی ١٣ منداڵ.. لەگەڵ ژنەکەیدا ناڕێك بوو لەسەر بیروڕای دابەش کردنی زەوی و زارەکانی بەسەر جوتیاران دا کە ژنەکەی دژی ئەم بیروڕایە بوو، لە دوایی دا بە دزییەوە لەگەڵ کچە بچکۆڵەکەدا لە ماڵ دێتە دەرەوە و لە ئیستگەی شەمەندەفەڕدا دەمرێت. نووسینە ناسراوەکانی تۆلستۆی ئەمانەن:

١- ڕووداوەکانی سپاستپول

٢- دیلی قەفقاسیا
٣- باوە سەرکەیی
٤- هونەر چییە؟
٥- هێزی نەخوێندەواری
٦- پاشا و خواناس
٧- حاجی موراد
٨- چاپخانەی سووران
٩- وڵاتی دۆزەخ
١٠- باوەڕم بەچییە؟
١١- ژیانی دووبارە (زیندوو بوونەوە)
١٢- شەیتان
١٣- شەڕ و ئاشتی و هی دی

٢٥) چیخۆف (ئەنتوان) ١٨٦٠ – ١٩٠٤ ز

لە شاری (تاگا ترك)ی رووسیا لە دایك بووە، لە ساڵی ١٨٧٩دا چووەتە مۆسکۆ و لە زانکۆی مۆسکۆدا لە بەشی پزیشکیدا خوێندوویەتی.. هەر لەو ساڵیش دا کە چووەتە زانکۆوە دەستی بە نووسین کردووە و یەکەمین بەرهەمی بەناوی "ستراکوزا" بڵاو کردوەتەوە لە ماوەی حەوت ساڵیدا کۆلێجی پزیشکی دا لە چوار سەد نووسین پتری بڵاوکردوەتەوە و پاشان تووشی نەخۆشیی سیل هاتووە، لە ساڵی ١٨٨٧دا بە خوارووی رووسیادا گەڕایەوە و نیشانەی ئەم گەشتەی لە کتێبێك دا بەناوی "استیپ" دەرکەوتووە لە ساڵی ١٨٨٨ دا لەگەڵ برادەرانیدا چوونەتە ناوچەی (کەریمە) و چیرۆکی "استپ رۆشنایەکان" و "وجەژنی ساڵانە"، و شانۆییەك بەناوی "ورج"ی نووسیوە، و هەروەها لە ساڵی١٨٩٠ دا گەشتێکی بۆ سیبەریا کرد و لە گەڕانەوەی دا داستانی "شەیتانەکان" و "سەراسەری سیبریا" و "گوسیڤ" ی نووسیوە دوای ئەم گەشتە بێ وەستان هەر خەریکی نووسین بووە، لە ساڵی ١٨٩١ دا داستانی "راکردووەکانی ساخالین" و "دوئل" و "ژنان"ی نووسیوە و لە ساڵی ١٩٠٤ دا لە شاری بادنویلری ئەڵمانیا بە نەخۆشیی سیل مردووە. ئەمڕۆ بە یەکێك لە لوتکەکانی کورتە چیرۆك لە جیهان دا دانراوە. ئەمانەش ناوی داستانە ناسراوەکانی چیخۆفن:

١- دکتۆری بێ نەخۆش.
٢- پیاوی رەنجاو.
٣- برای دۆستەکەم.
٤- شاهێنی دەریا.
٥- سێ ساڵ.
٦- موسیقاکان.
٧- ژیانی من.
٨- مرۆڤ لە بەرگ دا.
٩- مێرد.
١٠- ژنە و سەگە جونکیلەکەی.
١١- ژووری ژمارە شەش.
١٢- نەورەس.

Scanned with CamScanner

٢٦) دانتی (١٢٦٥ – ١٣٢١ ز)

له شاری فلۆرەنسە لە دایك بووە، باوکی مردووە باوەژنی هەبووە، زانکۆی فلۆرەنسەی تەواو کردووە، زۆر حەزی لە زانیاری و ئەدەبیات کردووە، حەزی لە کچێك کردووە ناوی (بیاتریس) بووە، ئەم دڵداری بووەتە هەوێنی زۆر لە هەڵبەستەکانی و هەر ئەم دڵداریەش بووەتە هۆی بەرهەمی هەمیشە زیندووی بەناوبانگی (کۆمیدیای خوایی).

بیاتریس لە ساڵی ١٢٩٠ز دا مردووە و دانتی لە بنەماڵی دوناتی کچێکی خواست بەناوی "ژما" پێش ئەوەی لە شاری فلۆرەنسە دوور بخرێتەوە خاوەن ڕێبازێکی تایبەتی خۆی بووە لە هەڵبەستەکانی دا لە گیروگرفتی سیاسی دا بە شداربووە. بووە بە ئەندامی "شووورای سەد کەسە" لە ساڵی ١٣٠٠ ز بووە بە یەکێك لەو شەش کەسەی کە فەرمانڕەوایی فلۆرەنسەیان بە دەستەوە بووە. پاش داگیر کردنی شاری فلۆرەنسە لەلایەن پاشای فڕانسەوە دانتی لە شار کرد و خۆی شاردەوە چونکە بڕیاری مردن و سووتاندنی بۆ دەرچوو، بۆیە تا مردن هەر ئاوارە و دەربەدەر بوو.

٢٧) دوبۆڤوار "سیمۆن"

لە ساڵی ١٩٠٨ دا لە پاریس لەدایك بووە، دۆستی نزیکی ژان پۆل سارتر بووە. پەیڕەوی ڕێبازی و جودییەت "ئەگزستاناسیالیسم بووە. ئەمانە چەند بەرهەمێکی ئەون:

١- مانگران.

٢- میوان.

٣- یادداشتەکانی کچێکی پتەو.

٢٨) دستەیۆڤسکی (تیودۆر) : (١٨٢١ – ١٨٨١ ز)

لە مۆسکۆ لە دایك بووە، باوکی دوکتۆر سوپاییی بووە، دایکی نەخۆش بووە و هەر بەو نەخۆشییەوە مردووە، تەمەنی هەژدە ساڵ بووە کە زانی باوکی لەلایەن چەند جووتیارێکەوە کوژراوە. لە تەمنی ٢١ ساڵیدا بووە بە ئەندازیار، بەلام هەر دەست نەرۆیشتوو بووە. یەکەم داستانی بەناوی (خەڵکی هەژار) نووسیوە. دوا بەدوای ئەمەدا داستانی ژنەی خاوەن خانوو، شەوە سپییەکان، نیتوچکای نووسیوە ناوبانگی بڵاوبوەتەوە. لە ساڵی ١٨٤٩ ز دا لەبەر ئەوەی لە بیروباوەڕدا بەرهەڵستی قەیسەر و کڵێسا بوو بڕیاری خنکاندنی دەدرێت، بەڵام پێش خنکاندنی بە چەند دەقیقەیەك بڕیارەکە لەلایەن قەیسەرەوە دەگرێت بە چوار ساڵ و دوور خستنەوە بۆ سیبریا. بێوەژنێکی هەژاری مارە کرد بە شێوەیێکی توند لایەنگری قوتابخانەی ریالیستی بوو لە ئەدەب دا. بیروڕای خۆی لە رۆمانی "خانووی مردووەکان" و (یادداشتی نهێنی)دا دەرخستووە. جگە لە دەست کورتی یاریی قوماریش سەربارەی ژیانی بووە. کتێبە بەناوبانگەکانی ئەمانەن: ١- قومارباز ٢- تەلیسم کراو ٣- جووتە برا کارامازۆف ٤- تاوان وسزا ٥- گێل ٦- هەمیشە مێرد ٧- بوبوك و نازەنین.

٢٩) دۆماس (ئەلەکسەندەر) (١٨٠٣ – ١٨٧٠)

رۆمان نووسێکی باناوبانگی وڵاتی فڕانسەیە لە ساڵی ١٨٠٣دا لە شاری ویلرکوترت لە دایك بووە، کوری ژەنراڵێك بووە. لەبەر خەت خۆشی لای ناسراوێك بۆ کارکردن دامەزراوە. لە رۆمانەکانی دا توانیویەتی گۆشە و کەناری زۆر رووداوی شۆرشی فڕانسە

دەربخات، بە شێوازێکی شەنگ و جوان. هەر لە رێگای داستان نووسی و بەری پێنووسەوە، ژیاوە و ژیانێکی دەست رۆیشتوانەش، ئەمانەی خوارەوە هەندێك لە بەرهەمەکانی ئەم رۆمان نووسەن:

١- سێ تفەنگ دار.
٢- ملوانکەی مۆنسۆرخانم.
٣- شاژنە مارکۆ.
٤- جوزێف پالسامۆ.
٥- ئاموری.
٦- گوڵاڵەی رەش.
٧- چاڵی دۆزەخ.
٨- دوورخراوەکان.
٩- خوا بەڵگە دەدۆزێتەوە.
١٠- ئاسکانیو.
١١- قەڵای گەچین.
١٢- کۆنت مۆنت کرستۆ.

٣٠) دۆماسی کور (١٨٢٤ – ١٨٩٥ ز)

بەری رابواردنی دۆماسی گەورەی باوکە و لەبەر ئەوەیش کە لە سەرەتاوە بە شێوەیێکی یاسایی ژن و مێردایەتی ئەو سەردەمە باوکی دانی پێ دانەناوە، سەردەمی منداڵێتی ئەم نووسەرە پڕ لە مەینەت و دەرد و ئازار بووە. باوك و دایکی لەسەر ژینی ئەم منداڵە بوویان بە هەرا و کێشەی دادگا شاکاری ئەم نووسەرە رۆمانی "لادام ئۆ کامیلیا"یە کە لە ساڵی ١٨٨٤دا نووسیویەتی. لەتەمەنی ٢٠ ساڵی دا گەڕایەوە لای باوکی و پێکەوە ژیان بۆ سەردەمێك عاشقی ئافرەتێك بوو بەناوی مادام کامیلیا کە ئافرەتێکی دەست و دڵ کراوە و زۆریش حەزی لە گوڵی کامیلیا دەکرد، پێش ئەوەی بمرێت دۆماس وازی لێ هێنا بەڵام باسی ئەم ژنەی بەناوی (مارگریت گۆتیەوە) لە داستانێکی دا کردووە و زۆری لێ دواوە. دۆماس رۆمان نووس و شانۆیی نووس بوو. ئەمانەش چەند کتێبێکی دۆماسی کوڕن:

١- رووداوی پارە.
٢- کوڕی ناشەرعی.
٣- ژنە هاوڕێ.
٤- دنیس.

٣١) دویل (ئەرتور) ١٨٥٩ – ١٩٣٠ ز

بە یەکەم رۆمان نووسی رووداوی پۆلیسیی وڵاتی بەریتانیا دەژمێردرێت. سەرەتا ویستی ببێ بە پزیشك بەڵام خەیاڵی دا بە نووسینی چیرۆك و وتار. ناوبانگی ئەم نووسەرە زیاتر دەگەڕێتەوە سەر دوو قارەمانی چیرۆکەکانی کە ناویان یەکەم شەرلۆك هۆلمزە و دووەمیان دکتۆر واتسۆنە. ئەم دوو پاڵەوانە خەیاڵ کردەی نووسەر ئەوەندە بەناوبانگ بوون بە جارێ دەنگی ناوباوی نووسەریان لە جیهان دا زرنگاندەوە، ئەمەش ناوی چەند رۆمانێکی ئەم نووسەرەیە:

Scanned with CamScanner

١-یادداشتەکانی شەرلۆك هوڵمزە. ٢- سەگی ڕاوی باسکرویل.
٣-گەڕانەوەی شەرلۆك هوڵمزە. ٤- ژیانی شەرلۆك هوڵمزە.
٥- میکا کلارك. ٦- سیفەری گەورە.

٣٢) دیکنز "چارلز" ١٨١٢ – ١٨٧٠ ز

لە شاری (لندپرت)ی ناوچەی پەرتسمۆثي بەریتانیا لە دایك بووە باوکی مووچە خۆرێکی هێزی دەریایی بەریتانیا بووە و لەبەر قەرزاری خراوەتە بەندیخانەوە. چرلزیش لەبەر هەژاری نەیتوانیوە خوێندنی زانکۆ تەواو بکات. بوومتە کرێکار لە کارخانەیەکی بۆیاخ دروست کردن دا.

لە سەرەتاوە هاوکاری لەگەڵ گۆڤاری مۆرنینگ هیراڵد دا دەکرد تا لە ساڵی ١٩٣٥ دا یەکەمین کتێبی نووسی و ژنی هێنا کە ناوی کاترین هەگارت بوو.

کەشتێکی بۆ ئەمریکا کرد و بیروڕای دەربارەی کۆیلەیی و دزی و دەغەڵی لە ڕۆمانێك دا بەناوی "یادگارەکانی ئەمریکا" دەربڕی ئەمانەش هەندێك لە نووسینەکانی ئەم نووسەرەن:

دیڤید کوپرفیڵد، ئۆلیڤەر تویست، چیرۆکی دووشار، سوورد کریسماس، زەنگوڵەکان، سەردەمی کوێرەوەری، مارتین جوزیل ویت، دووریتی بچکۆڵە.

٣٣) رایت "ریتشارد" ١٩٠٨ – ١٩٦١ ز

ئەم نووسەرە بەناوبانگە قولەرەشێکی خەڵکی وڵاتی ئەمریکایەوە لە خێزانێکی هەژار و دەست نەڕۆیشتووەوە هاتۆتە دنیا، باوکی لە تاو هەژاری دا وێڵیانی کردووە و خۆی شاردۆتەوە، دایکیان تەقەلایەکی زۆری کردووە بۆ ژیانی منداڵەکانی تا لە ئەنجام دا خۆی و براکەی خستۆتە هەتیوخانەوە.

ئەم نووسەرە رەش پێستە زۆربەی داستانەکانی هەر لە چۆنیەتیی جیاوازی و ڕەگە پەرستی و هەژاری دەدوێن ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ئەوە:

منداڵەکانی مام تۆم.

کوڕە ڕەشەکە.

ناوسکی ماسی.

هەشت پیاو.

٣٤) رۆلان "رۆما" ١٨٦٦ – ١٩٤٤ ز

یەکێکە لە نووسەرە بەناوبانگەکانی فرانسە بەتایبەتی دەربارەی بیۆگرافی و چۆنیەتیی ژیان. زانکۆی تەواو کردووە (بەشی مێژوو). لە پێشەوە بە شانۆیی نووسین دەستی پێ کرد بەڵام سەرنەکەوت. دوایی پەنای بردە بەر بیۆگرافی (ژیننامە)ی ناوداران،. لە ساڵی ١٩٠٣ زدا ژیننامەی پێتهۆڤنی نووسی ساڵی ١٩٠٥یش ژیننامەی میکائیل ئینجیلۆی نووسی کە هەردووکیان بەلای خەڵکەوە پەسندبوون و رۆلان ناوبانگی بەرز بوومەوە. لە ساڵی ١٩٦١ز دا خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبلی وەرگرتووە، بەناوبانگترین بەرهەمەکانی ئەمانەن:

بیتهۆڤن، جان کریستۆف، گاندی، میکائیل ئینجیلۆ، تۆلستۆی.

Scanned with CamScanner

٢٥) زۆلا "ئەمیل" ١٨٤٠ – ١٩٠٢ ز

لە شاری پاریس لە دایك بووە، نەیتوانی زانکۆ تەواو بکات، ماوەیێك لە رۆژنامە و گۆڤاران دا دەینووسی. زۆلا یەکێکە لە پەیڕەوانی قوتابخانەی ئەدەبی (ناتوراليسم) - واتە سروشت کردی. بەرهەمە ناسراوەکانی ئەمانەن:

نان، خەیاڵ، هەوەس، رووداوی، ئاسیای، سەوز، مرۆڤی، درِندە، دارستانەکانی، نینۆن، جەنابی نوژون، رۆکۆن، می کوت، ئارەزووی پیاوێك، رۆما، پاریس، راستەقینە.

٢٦) جید "ئەندرێ" ١٨٦٩ – ١٩٥١

نووسەری ناوبانگی فرانسە لە شاری پاریس لەدایك بووە نەیتوانیوە زانکۆ تەواو بکات. دژی ئاین و دیانەت بووە، لە سەرەتاوە هەڵبەستی دادەنا و گۆشەگیربوو ئەوەندە تێکەڵی خەڵك نەدەبوو. ئامانۆیلی کچی خاڵی خۆی هێنا. لەگەڵ مالارمێی شاعیری ناسراوی ئەو سەردەمەدا بووە بە هاورێ، تووشی نەخۆشیی سیل هاتووە. لە ساڵی ١٩٤٧دا خەڵاتی ئەدەبیاتی نۆبلی پێ دراوە.

بەرهەمە ناسراوەکانی ئەمانەن:

١. سکەساز.
٢. برۆمیتەی زنجیر شل.
٣. ئاهەنگی لادێیی.
٤. پەروەردەی ژنان.
٥. گەڕانەوە لە رووسیا.
٦. ئیزابێل.
٧. وڵاتی فاتیکان.
٨. دستەیۆفسکی.
٩. ئۆدیب.
١٠. دەفتەری ڕەش.
١١. دەفتەر سپی.

٢٧) سافۆ

ژنە شاعیرێکی بەناوبانگی مێژووی مرۆڤانە لە سەدەی شەشەمی پێش زایین دا لە دورگەی ئەسیوس دا لەدایك بووە، لەبەر کۆدەتایێك لەو وڵاتەدا روویدا دورگەکەی بەجێهێشت بەڵام لەدواییدا گەڕاوەتەوە وڵات.

سافۆ نۆ کتێبی هەڵبەستی هەبووە، بەڵام بەداخەوە جگە لە دوو پارچە هەڵبەستی درێژ و چەند پارچە هەڵبەستێکی کورت هیچی ترمان بەدەستەوە نەماوە.

٢٨) ساگان "فرانسوا"

لە ساڵی ١٩٣٩دا لە پاریس لە دایك بووە، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا کتێبێکی نووسی بەناوی "مەرحەبا ئەی غەم" بوو بە هۆی دەنگدانەوەی ناو و دەنگی و بە هەموو زمانانی زیندووی دنیا تەرجەمەکرا. ئەمانەش چەند بەرهەمێکی خاتوو ساگانن:

ئایا برامست خۆش دەوێ؟ ، لێ دانی تەپڵ.

Scanned with CamScanner

٣٩) **سپنسەر "ئەدمۆن"** ١٥٥٢ – ١٥٩٩ ز

نووسەری سەدەی پانزدەی بەریتانیایە و لە لەندەن لە دایك بووە. زانكۆی "كامبریدج"ی تەواو كردووە.

رۆمانە بەناوبانگەكانی ئەمانەن:

١- رۆژنامەی شوان.

٢- ئامورتی.

٣- شاژنی پەریان.

٤٠) **شتاین بێك "جۆن"**

لە ساڵی ١٩٠٢ز دا لە ناوچەی سالیناسی كالیفۆرنیای لە دایك بووە. باوكی ژمێریار "محاسب" و دایكیشی "دەرس بێژ" بووە. لە ساڵی ١٩١٩دا لە زانكۆ وەرگیرا لەگەڵ خوێندن دا كاریشی دەكرد .. بۆ ئەوەی بتوانێ بخوێنێ ئەم كارانەی كردووە: قاپییەوانی، بەننایی، بۆیاخ چێتی، رۆژنامەنووسی. بەڵام دوای چل ساڵ هەر نەیتوانی زانكۆكەی تەواو بكات.

ناوباوی شتاین بێك بە چیرۆكی (هێشووەكانی تووڕەیی) بە هەر چوارلادا بڵاوبووەوە، لە ساڵی ١٩٦٢ دا پاداشتی ئەدەبیی نۆبلی وەرگرت. نووسینە بەناوبانگەكانی ئەمانەن:

فنجانی زێرین، بەو خوایەی وا نەناسراوە، لە شەڕی گومان دا، بارگیری كوێت، مشكان و پیاوان، مرواری، ئاگری درەخشان، لادێی لە بیرچوو.

٤١) **شاتۆبریان** ١٧٦٨ – ١٨٤٨ ز

لە شاری سان مالوی وڵاتی فەرەنسە لی دایك بووە و ناوی راستەقینەی خۆی (فرانسوارنە)یە لە ریزی سپادا كاری كردووە، لە هەرا و خوێن رژانەكانی ناوخۆدا چووەتە ئەمریكا دوایی چووەتە كەنەدا و لەوێ ساڵێك ماوەتەوە. گەڕاوەتەوە وڵات، ئەم جارە بۆ بەریتانیا كۆچی كردووە. دوای ئەوەی بۆناپەرت بووە بە خاوەن دەسەڵات گەڕاوەتەوە فەرەنسە و لەگەڵ دەوڵەت دا هاوكاریی كردووە.. هێندەی پێ نەچوو لە دەوڵەت زویر بووە و گەشتێكی كردووە بۆ قودس، رۆما، یۆنان، شام، میسر، توونس، ئیسپانیا. دوای ئەوەی بنەماڵەی بۆربۆنەكان دەسەڵاتیان گرتەوە دەست دیسان گەڕاوەتەوە فەرەنسە و بووە بە وەزیری دەرەوە. ئەمانەش هەندێ ناوی بەرهەمەكانی شاتۆبریانە: ئاتالا، رنە، شەهیدەكان، شكۆی مەسیحیەت.

٤٢) **شیللی "پرسی"** (١٧٩٣ – ١٨٢٢)

یەكێكە لەو شاعیرە هەست ناسكانەی كە لە وڵاتی بەریتانیادا لەدایك بووە، ئەگەرچی لە تەمەنی سی ساڵیدا جوانەمەرگ بوو بەڵام بەهۆی هەڵبەستەكانییەوە ناوبانگێكی زۆری پەیداكرد. شیللی هەمیش لایەنگری دڵداری و سەفا و ئازادی بوو، سەراسەر ژیانی دژ بە زۆردار و ناڕەوایی تێپەڕاندووە.

بەرهەمە بەناوبانگەكانی:

یاخی بوونی ئیسلام.

گیانی تەنیا.

پرومیتۆسی ئازاد.

بای رۆژاوا.

ئونائیس.

Scanned with CamScanner

٤٢) شۆلۆخۆف "میخاییل"

لە ناوچەی رستۆفی سۆڤیەت دا لەدایك بووە، دایکی قۆزاقی و باوکی جوتیار بووە. لە شەڕەکانی ناوخۆی سۆڤیەت دا بەشدار بووە. یەکەمین نووسینی لە ساڵی ١٩٢٣ دا لە رۆژنامەی کومسەمۆل دا بڵاو کردوەتەوە. لە ساڵی ١٩٢٦دا رۆمانێکی نووسی بەناوی "دۆنی مەند" کە بە مایەی بڵاوبوونەوەی ناوبانگی. لە ساڵی ١٩٦٥دا خەڵاتی ئەدەبیی نۆبلی پی درا. ئەمەش ناوی هەندێك بەرهەمی بەناوبانگی ئەون:

١- دۆنی مەند (یان ئارام).
٢- چارەنووسی مرۆڤێك.
٣- داستانەکانی دۆن.
٤- زەویی زیندووکراوە.
٥- ئەوانەی بۆ نیشتمان شەڕدەکەن.

٤٤) فاکنەر "ولیام" (١٨٩٧ – ١٩٦٢)

لە شاری نیوئەلبانی هەرێمی میسسیپی لە دایك بووە. باپیری نووسەرێکی ناسراو بووە، لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا فاکنەر لە هێزی ئاسمانیدا بەشداری شەڕی کردووە، دوایی چووەتە شاری نیونۆرلیان و لە رۆژنامەیێکی ئەم شارەدا دەستی بە نووسین کردووە. لە ساڵی ١٩٢٦ ز دا یەکەمین رۆمانی بەناوی "پاداشتی سەرباز" بڵاو کردەوە، چەند ساڵێکیشی خایاند تا کۆمەڵی چیرۆك و رۆمانی نایابی بڵاو کردەوە. لە ساڵی ١٩٤٩ ز خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە. بەرهەمەکانی فاکنەر ئەمانەن:

١- میحراب
٢- هەرگیز ناگیرێت
٣- هاملێت
٤- ورج
٥- پەناگا
٦- چڵە سەوزەکان
٧- تولە
٨- گوڵی سپی.

٤٥) فلۆبێر "گۆستاڤ" (١٨٢١ – ١٨٨٠)

لە شاری (روان)ی فرانسە لە دایك بووە، باوکی پزیشکێکی دەوڵەمەندی ناوچەی نۆرماندی بووە، زانکۆی تەواو کردووە (بەشی یاسا) دوای مردنی باوکی بوو بە خاوەن پووڵ و پارەیێکی زۆر. ئەگەرچی ئەم نووسەرە نووسینی زۆری نییە ئەڵام ئەو چەند رۆمانەی ك هەیەتی بە شاکار دەژمێردرێن ئەمانە چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرەن:

١- مادام بۆڤاری
٢- سالامبۆ
٣- سەرگوزەشتەی سان جۆلین

Scanned with CamScanner

٤- میوان نەواز
٥- عیشقی بێ نارایش

٤٦) فرانس "ئەناتۆل" (١٨٤٤ – ١٩٢٤ ز)

لە شاری پاریس لە دایک بووە یەکەمین بەرهەمی لە گۆڤارێکی حەفتانەدا بلاوکردەوە، بەڵام لە ساڵی ١٨٧٩ ز دا توانی بەرهەمێک بنووسێ بە ناوی "ژاکیت و پشیلەی لەڕ" کە بووە هۆی ناوبانگی زۆری لەناو فرانسەدا. هەروەها کتێبی "تاوانی سیلوستر بونارد" شۆرەتی گەلێک زۆر بوو.
لە ساڵی ١٨٩٠ بوو بە ئەندامی ئەکادیمیی فرانسە، لەبەر ئەوەیش زۆربەی بەرهەمەکانی شێوەی گاڵتە پێ کردن و لاقرتێی تێدا بوو کاربەدەستانی کڵێسا زۆر لێی رازی نەبوون. لە ساڵی ١٩٢١ز دا خەلاتی ئەدەبیی نۆبلی پێ برا. لە زۆربەی نووسینەکانیدا رەخنەی لە ئاین و سیاسەت و ژیانی کۆمەلایەتی گرتووە. ئەمانەش ناوی چەند بەرهەمێکی فرانسە.

١- بالتازار
٢- ریکە
٣- بیروباوەڕی جیرم کوانیا
٤- بەسەر بەردی سپییەوە
٥- دورگەی پنگوینەکان
٦- رووداوی پێکەنین
٧- یاخی بوونی فریشتان
٨- خوا تینووەکان
٩- عیشق و یاخی بوون
١٠- کچەکەی کلیمانتین
١١- ژیانی ژاندارک

٤٧) کافکا "فرانش" (١٨٨٣ – ١٩٢٦ ز)

خەڵکی ولاتی چیکۆسلۆڤاکیایە و زانکۆی تەواو کردووە لە بەشی یاسادا دکتۆرای وەرگرتووە. زۆر تێکەڵی خەڵك نەبووە. ژنی نەهێناوە. کاتێك کە مرد وەسیەتی کرد هەرچی نووسیوەیەتی بیستووتێنن تا هیچ کەس ئەمی بیر نەکەوێتەوە ئەمەش چەند بەرهەمێکی کافکایە.

١- عاجباتی
٢- دیواری چین
٣- کۆمەڵە بەرزەکان
٤- پزیشکی لادێ
٥- ئاتەشگا

Scanned with CamScanner

٤٨) كۆكتۆ "جان"

ئەم هونەرمەندە فەڕانساییە لە زۆر هونەردا شارەزا بووە جگە لە نووسەری، نیگارکێش، هونەرکار، شانۆگەر، دەرهێنەر بووە. لە نووسینیش دا دەستێکی باڵای هەبووە، ئەمانەش ناوی چەند بەرهەمێکی ئەون:

١. ئورفە و ئەنتیگۆن
٢. رۆمیۆ و جوولێت

٤٩) کۆلیت "مادام فرانس" (١٨٧٣ – ١٩٥٤ ز)

نووسەرێکی ژنی ناوداری وڵاتی فرانسەیە، لە شاری (یورگیسنون) لەدایك بووە، باوکیجەنراڵێکی ماوەی ناپلیۆن بووە. شووی بە رۆژنامەنووسێك کرد، لەبەر ئەوەی مێردەکەی دەیویست رۆمانەکانی لێ بدزێت و بەناوی خۆی بڵاوی بکاتەوە لێی جیا بووەوە. بە درێژایی ژیانی زیاد لە ٧٥ کتێبی بڵاو کرۆدتەوە.
فیلمێکی سینەمایی زۆریش لەسەر بناخەی چیرۆکەکانی ئەو دەرچووە.

٥٠) گۆتێە (١٨١١ – ١٨٨٢)

لە شاری شارپ لە دایك بووە، شاعیرێکی ناودار و خاوەنی بیروڕای خۆی بووە، ناوبانگی بە شاعیری ناو و رەنگ دەرچووە، چونکە لە هەمان کات دا نیگارکێشێکی بەتواناش بووە. یەکەمین بەرهەمی لەساڵی ١٨٣٠ز دا بڵاو کرایەوە. بەناوبانگترین هەڵبەستەکانی ئەمانەن:

١-ئەلبەرتۆس. ٢-کۆمیدیی مەرگ. ٣- ئیسپانیا. ٤-پای مۆمیایی. ٥-کاپتن کراکاس. ٦- مێژووی هونەری دراماتیك. ٧-مێژووی رۆمانتیسم.

گۆتێە لە باوەڕێك دا بوو کە دەبێت: "هونەر لە پێناوی هونەردا بێت". دەیگوت: هونەرمەند جگە لە هونەرەکەی خۆی نابێت پابەندی هیچ بەند و بارێکی کۆمەڵایەت یان ئەخلاقی بێت. هونەر و بەس.. ئەویش بۆ هونەر.

٥١) گۆرکی "ماکسیم (١٨٦٩ – ١٩٣٦ز)

لە شاری گۆرکیگرادی سۆڤیەتی لەدایك بووە، پێنج ساڵان بووە باوکی مردووە، دایکی دووبارە شووی کردەوە و بەسەر باپیری دادا، چەند ساڵێك بەسەر باپیریەوە بوو بەڵام بۆی دەرکەوت باپیرەی توانای بەخێوکردنی خۆی نییە تا بە ئەودا بگات.. جا بەجێی هێشت بەرەو شاری ئۆدیسا کەوتەڕێ و لەوی بوو بە کوڵ هەڵگر، ئیتر شاران گەڕا و زۆر کاری جۆراوجۆری وەکو شاگرد نانەوا، پاسەوان، مووچەخۆری رێگەی ئاسن. لەم ماوانەش دا خەریکی خوێندنەوە بوو. بۆ یەکەم جار چیرۆکێکی لە رۆژنامەیێکی قەفقاسیادا بڵاو کردەوە کەم کەم ناوبانگی دەرکرد بەرەو ئەوروپا کەوتە رێ و لەوی مایەوە، تا شۆڕشی ئەکتۆبەری ١٩١٧ ئەوجا گەڕایەوە بۆ وڵاتی سۆڤیەتی.

بەرهەمە ناودارەکانی ئەمانەن:

١- خوێرییەکان. ٢- ئەوانەی ئەوسا مرۆڤ بوون
٣-زانکۆکانی من. ٤-لێمشت
٥-سێ هاورێ. ٦- نۆیەمی ژانۆیە

Scanned with CamScanner

٧- هاوسەفەر. ٨-بووران
٩-یەکەمین عیشقی من. ١٠- مامۆستاکانی ژیان
١١- پاسەوان بووم. ١٢-وردە برجوازی
١٣- ڤاسکا. ١٤-بەند کراوەکان. ١٥- دایك

٥٢) گۆگۆل "نیکۆلای" (١٨٠٩ – ١٨٥٢ ز)

له بۆلتاڤیای ناوچەی ئۆکرانیای سۆڤیەتی له دایك بووە، لە بنەماڵەیێکی ناسراوی ناوچەکەیە. کە باوکی لە ساڵی ١٨٢٥ ز دا مرد لەگەڵ دایکی بەرەو شاری پەتروسبورگ چوون و لەوێش گیرسانەوە. بۆ ماوەیەك بووە مامۆستای مێژوو لە قوتابخانەیێکی کچانەدا. یەکەم بەرهەمی لە ساڵی ١٨٣١ زدا بەناوی "شەو نشینییەکانی کێڵگەی دیگانا" بڵاو کردەوە. دوای نووسینی رۆمانی بەناوبانگی (تاراس بۆلبا) ئاوازەی ناوبانگی لە هەموو جێیەك دا دەنگی دایەوە. گەشتی کردووە بۆ ئەڵمانیا، سویسرا، فڕانسە، ئیتالیا. ساڵی ١٨٤٨ گەڕاوەتەوە بۆ شاری مۆسکۆ.

ئەمانەش ناوی چەند بەرهەمێکی ناسراوی ئەم نووسەرەن:

١- تاراس بۆلبا
٢- گیانە مردووەکان
٣- پشکنەری گشتی
٤- شەنەڵ
٥- ئارابسك
٦- لووت
٧- نووسینەکانی شێتێك
٨- ئەفسانەکان
٩- دیمەنەکانی نوسکی
١٠- تەختەنیگار
١١- شایی

٥٣) لامارتین "ئەلفۆنس" (١٧٩٠ – ١٨٦٠ز)

لە شاری ماکون لە فڕانسەدا لەدایك بووە، دایکی زۆری خۆش دەویست، بۆ ئەوەیش زمانی لاتینی فێرببێت لای قەشەیەکیان داناوە بەڵام نەی توانیوە چ فێرببێت. لە جیاتی ئەوە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی بەرهەمی نووسەران و شاعیرانی وەکو دانتی، بتراك، میلتۆن، شاتوبریان.

لە بیست ساڵیدا چووەتە ئیتالیا و لە شاری ناپۆلی حەزی لە کچێك کردووە بەناوی گرازیلا کە بووە بە مایەی ئیلهامی زۆر لە هەڵبەستەکانی.

لەتەمەنی شەست ساڵیدا قەرزدار دەبێت بۆیە پارلەمانی فڕانسە مووچەی بۆ دەبڕێتەوە. ئەمانەش ناوی هەڵبەستە ناسراوەکانیەتی:

١- مردنی سوقرات
٢- بیروڕای نوی

Scanned with CamScanner

٣- گەشتی رۆژهەلات
٤- ژۆسلین
٥- گرازیلا
٦- رازی نوێ
٧- گۆم

٥٤) لەندن "جاك" (١٨٧١ – ١٩١٦ ز)

لە شاری سانفرانسیسکۆی ئەمریکا لە دایك بووە، باوکی راوچییەك بووە لە راوچییەکانی کالیفۆرنیای ئەمریکا. سەردەمێك ئاوارە و دەربەدەر بووە بۆ ئەوەی بنێردرێتە قوتابخانە قوتابخانە فێری خوێندنەوەیان کردووە، هەمیشە گاڵتەی بە هاوتەمەنەکانی خۆی دەکرد. لە دوانزدە ساڵیدا لەگەڵ باوك و دایکیدا چوونە شاری ئۆکلاند و لەوێ ماوەیێك چووە قوتابخانە، ماوەیێکیش هەر خەریکی خواردنەوە بوو. سەردەمێك رۆژنامەفرۆشی کردووە بۆ ماوەیەك بۆ راوی مرواری و نەهەنگ لەگەڵ راوچیاندا بەرەو دورگەکانی ژاپۆن کەوتە رێ ماوەیەکیش بەدوای زێڕ دۆزینەوەدا گەشت و گەڕانی کردووە..

لەتەمەنی نۆزدە ساڵیدا رێگەی دەکەوێتە کتێبخانەیێك و چیرۆکی (روبنسۆن کرۆزۆ) دەخوێنێتەوە و ئیتر ئەوە دەکا بە پیشە. گەڕایەوە قوتابخانە و بە گورجی کاری چوار ساڵی بڕی و رۆیشتە زانکۆوە.

جاك هەمیشە هەر خەریکی نووسین بوو، ئەمانەش ناوی چەند چیرۆك و رۆمانێکی ئەم نووسەرەن:

١- لوورەی دڕندە
٢- پاژنەی ئاسنین
٣- دانە سپییەکان
٤- سەگی سێرك
٥- بێ دەنگیی سپی
٦- مارتین ئایدن
٧- تای زێڕ
٨- دورگەی ترس
٩- چیرۆکەکانی دەریای باکوور
١٠- گورگی دەریا
١١- کەشتیی شکاو
١٢- کچی بەفر
١٣- کوڕی هەتاو
١٤- لە پێناوی ئاگردا
١٥- جیری لە دورگەدا
١٦- دزەکانی کەنداو
١٧- سەر گوزەشتەی کەشتیی ستارك

٥٥) مەترلینگ "مۆریس" (١٨٦٢ – ١٩٤٩ ز)

لە شاری گان لە دایك بووە، خەڵکی وڵاتی بلجیکایە، نووسەر و شاعیر و فەیلەسووف و دراما نووس بووە. زانکۆی تەواو کردووە (بەشی یاسا)، کاری نووسینی لە ساڵی ١٨٨٩ ز دا دەست پێ کردووە چونکە لە پێش دا هەر لە شانۆ نووس ناوبانگی دەرکردووە بۆیە زیاتر بە شانۆیی نووس ناسراوە، دەنا بەرهەمی ئەدەبیی

Scanned with CamScanner

جۆراوجۆری زۆره. له ساڵی ١٩١١ دا خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە. لەدوا دوای تەمەنیدا تووشی دەردی شێتی بووە و له پاشاندا دڵی وەستاوە. بەرهەمە ناسراوەکانی ئەم بلیمەتە ئەمانەن:

١- **له شانۆ**

درامای ماری کاگدولین

مۆنوانا

باڵندەی شین

مردنی تن تاژیل

ئاریان و بڕیار

٢- **جۆراوجۆر**

پەرستگای نێژراو، زیرەکیی گوڵان، گەنجینەی بێ نرخ، خاوەن خووی نەناسراو، یاسای گەورە، سێبەری باڵەکان، جاڵجاڵۆکەی شووشەیی، رازی گەورە، مۆریانە مێشەنگ، مێرووڵەکان، هۆش و سەرنووێشت، جادەکانی کەژوکێو، سەعاتی بەردین، دیوانی هەڵبەست.

٥٦) موپاسان "هانری گی دو" (١٨٥٠ – ١٨٩٣ ز)

شاعیر و نووسەری بەناوبانگی فرانسەیە، باوکی دەوڵەمەند بووە مووچە خۆری وەزارەتی دەریاداری فرانسە بووە، یەکەم جار دیوانە هەڵبەستێکی بڵاو کردوەتەوە بەناوی "خواوەند تەعالا" دوای ئەم دیوانە چیرۆکێکی نووسیوە بەناوی گوللە تۆپ لەگەڵ (تۆرجنێف)ی نووسەری رووس زۆر هاوڕێ بووە.

ئەمانەش هەندێك بەرهەمی ئەم نووسەرەن کە کۆڵەکەی کورتە چیرۆك نووسینی هەموو جیهان دادەندرێ:

١-یەك ژیان. ٢- بەهێز هەروەکو مردن. ٣-پیرو ژان

٤- ئاشتی له ماڵ دا. ٥-بزەی بەخت. ٦-هولار.

٧-جوانکیلە کوڕ

٥٧) مورێه (دافنی)

له ساڵی ١٩٠٧ دا له شاری لەندەن لەدایك بووە. بۆ خوێندن چووەتە پاریس و لەوێ دەستی بە چیرۆك نووسین کردووە. له ساڵی ١٩١٣دا یەکەمین چیرۆکی بڵاوکردوەتەوە.. بەڵام بڵاوکردنەوەی "رێگا" دەنگی داوەتەوە. خاتوو دافنی شووی به جەنراڵێکی هێزی ئاسمانیی بەریتانیا کردووە کە ناوی (فردریك بروننگ) بووە و دوو کچ و کوڕێکی لێ بووە.

ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرەیە:

١- من هەرگیز گەنج نابمەوە

٢- نەناسراو دیسان ماچم کە

٣- کچی مامە راشیل

٤- سێبەری بەڵا

٥- باڵندەکان

٦- بێ هۆ

Scanned with CamScanner

٥٨) **مۆم "سامرسێت"** (١٨٧٤ – ١٩٦٥ ز)

لە شاری پاریس لەدایك بووە، دە ساڵان بووە باوکی مردووە و هەتیو کەوتووە، بەبەر کەم دەستی گەڕاوەتەوە لای مامی لە بەریتانیا. پاشان لە ئەڵمانیا بەشی پزیشکی لە زانکۆی هایدلبورگ تەواو کردووە. یەکەم بەرهەمی خۆی بەناوی (لێدی فردریك) لە پاریس بڵاوکردەوە. لە شەڕی یەکەمی گەورەدا لە پێشا لە تیپی "خاچی سوور"دا کاری کردووە پاشان چووەتە دەزگای هەواڵ زانیی بەریتانیاوە (استخبارات). تووشی نەخۆشیی سیل هاتووە، ئەمانەش ناوی هەندێك لە بەرهەمەکانی سامەرسێت مۆمن:

١. تیژیی تیغ
٢. ڕاگوزەری پڕمەترسی
٣. ئەڵقە و نامە
٤. حەوتەمین نامە
٥. ژنەی هەڵ خلیسکاو
٦. پەردەی ڕەنگین
٧. ناکامی ئەمەن
٨. دە داستانی گەورە
٩. خاتوو کردوك

٥٩) **جۆل فێرن** (١٨٢٨ – ١٩٠٥ ز)

لە شاری نانتی لە فەرانسە دا لەدایك بووە، چووەتە پاریس و لە بەشی یاسای زانکۆی پاریس دا دەستی کرۆدتە خوێندن بەڵام تەواوی ناکات. دەس دەداتە چیرۆك نووسین بەڵام سەرناکەوێ. لە شانۆیەك دا کارێکی پێ دەسپێردرێت و لە پاڵ ئەمەش دا دەست دەکا بە خوێندنەوە. دۆستایەتیی لەگەڵ ئەلەکسەندەر دۆماس دا دەبەستێ و یەکەمین چیرۆکی خەیاڵی زانیاریی بەناوی "پێنج حەفتە لە باڵۆن دا" دەبێتە ناوبانگی جۆل فێرن و نیتر بەر ڕێچکە نەدەبییەوە ناسرا. لە ساڵی ١٨٨٦ دا کابرایێکی شێت تەقەی لێ دەکات و بریندارى دەکات.
بەرهەمە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١. بیست هەزار فەرسەنگ لەژێر دەریادا
٢. دەوری جیهان لە هەشتا ڕۆژدا
٣. گەشتێك بۆ ناو جەرگەی زەوی
٤. دورگەی پڕنهێنی
٥. لە زەوییەوە تا مانگ
٦. ڕووداوەکانی کاپتەن هاتراس

٦٠) **هێرمان هسسە** (١٨٧٧ – ١٩٦٢ز)

لە شاری کلۆ خوارووی ئەڵمانیادا لە دایك بووە، دایکی خەڵکی سویسرا بووە. شاعیر و نووسەرێکی قابیل و بەناوبانگە لە ساڵی (١٨٩٩ ز) دا یەکەمین بەرهەمی شیعری بڵاوکردەوە. بۆ ماوەیێکی زۆر لە هیندستان دا ژیاوە لە زۆربەی نووسینەکانی دا باسی جۆنیەتیی ژیانی بوودابییەکانی کردووە، لە ساڵی ١٩١٢ دا چووەتە سویسرا و هەر لەوێش

Scanned with CamScanner

ماوەتەوە تا مردنی. لە ساڵی ١٩٤٥ ز دا خەڵاتی ئەدەبیی نۆبلی وەرگرتووە. ئەمەش ناوی هەندێ بەرهەمی بەناوبانگی نووسەرن:

١- گورگی بیابان
٢- گرترۆود
٣- سیژارتا
٤- گەشتی رۆژهەڵات
٥- شادیی نیگار کێشان

٦١) همنگوای (ئەرنست) (١٨٩٨ – ١٩٦١ز)

لە شاری ئیلی نویزی ئەمریکا هاتووەتە دنیاوە، باوك ودایكی لەگەڵ یەك دا نارێك بوون، ئەم نارێكییەش لە ژیانی دا رەنگی داوەتەوە، باوکی حەزی دەکرد کورەکەی فێری راوەماسی ببێت، دایکی پێی خۆش بوو خەریکی رشتەی ئاین بێت. لە دە ساڵیدا تفەنگی ناسی. لە ساڵی ١٩١٧ دا کاتێك ئەمریکا چووە شەڕەوە، هەمنگوای چووی ریزی سپاوە و بوو بە لێخوڕی ئوتومبیلی بریندااران، لە شەڕدا بریندار بوو و مەدالیای ئازایەتیی وڵاتی ئیتالیای پێشکەش کرا.

پاشان لەگەڵ نووسەرە ناسراوەکان دا ئاشنایەتیی پەیدا کردووە لە ساڵی ١٩٢١دا لەگەڵ ژنەکەی دا بە ناونیشانی رۆژنامەنووسی سەربازی چوونە بەرەی شەڕی تورکیا و یۆنان. پاشان لە ژنەکەی جیا بووەوە. دووبارە لەگەڵ ئافرەتێکی ناو پۆلین دا رێك کەوت و کردییە هاوسەری خۆی. هەمنگوای راوچییەکی کارامە و زیرەك بوو هەمیشە دەچووە ئەفریقیا راوی درندە گەورەکانی دەکرد. لەشەڕی ئازادیخوازانەی گەلی ئیسپانیادا لەگەڵ چەند رۆشنبیرێك دا بەشداری کرد و هەر لەو کاتەدا چیرۆکی فرە ناوداری "زەنگوڵەی بۆکێ دەزرگێنەوە؟ "ە نووسی لە تەواوی دنیادا دەنگی دایەوە. ژنی سێیەمی هێنا دوای جیابوونەوە لە ژنی دووەمی.. لەویش جیابووەوە، چوارەمی هێنا، لە ساڵی ١٩٥٤دا خەڵاتی نۆبلی وەرگرت. لە ساڵی ١٩٦١دا بە تفەنگی راو خۆی کوشت. ئەمانەش ناوی هەندێك لە بەرهەمەکانی ئەون:

١-پیاو کوژان. ٢-ماڵاوایی لە چەك. ٣-رەهێڵەی بەهار.
٤-هەتاو هەر هەڵاتوو دەبێت. ٥-ئەو بەری رووبا لەناو دروخت دا.
٦- پیرەمێرد و دەریا. ٧-بوون و نەبوون. ٨-لە زەمانی ئێمەدا.
٩-ژیانی خۆی وکورتی فرانسیس. ١٠-رەنلی پێنجەم.
١١-چەرداخەکەی سوورەکان. ١٢- خەڵك لە شەڕدا .
١٣-بەفرەکانی کلیمانجارۆ. ١٤-مردن دوای نیوەرۆ.

٦٢) هۆگۆ "ڤیکتۆر" (١٨٠٢ – ١٨٨٥ز)

لە شاری "بزانسۆن" لە وڵاتی فەرانسەدا لە دایك بووە کۆنت هۆگۆی باوکی ژەنراڵی سوپای فەرانسە بووە، سەردەمی منداڵیی هۆگۆ کەوتووەتەوە سەردەمی ناپلیۆنەوە و خێزانی هۆگۆ لەگەڵ براکەی ناپلیۆن دا کە کرابوو بە پاشای ئیسپانیا دەچنە ئەوێ و دوای سێ ساڵ گەڕاونەتەوە فەرانسە.

لە ساڵی ١٨٢٢دا دیوانە هەڵبەستێکی بڵاوکردەوە کە ستایشی بەنەماڵەی بوربونی

Scanned with CamScanner

تێدا کردبوو. دوای مردنی هۆگۆ لە گۆرستانی (پانتائون) نێژرا کە شوێنی نێژرانی گەورە پیاوانی فرانسەیە، پەنجا هەزار فرانکی لە پاش بەجێ ما لەسەر وەسیەتی خۆی بەسەر هەژاران دا دابەش کرا. ئەمانەش ناوی هەندێك بەرهەمی هۆگۆن:

١- دوا رۆژی بڕیاردراوێکی مەرگ
٢- قەمبووری نۆتردام
٣- کلۆدی خوێری
٤- هەژاران
٥- ناپلۆنی بچکۆلە
٦- بەدبەختەکان
٧- کرێکارانی دەریا
٨- پیاوێك کە پێدەکەنێ
٩- مێژووی تاوانێك
١٠- رەفتار و کردارەکان
١١- نەوەدرسێ
١٢- شانۆی ئازار کراو
١٣- ناکامی شەیتان
١٤- لە گەشت دا
١٥- فرەنسە و بەلجیکا

٦٣) **هۆمێر**

دەربارەی ئەم شاعیرە کوێرە بەناوبانگەی یۆنان هێندەمان بەدەستەوە نییە. هیرۆدۆت دەڵێ: هومێر لە ساڵی ٥٨٠ی پێش زایین دا ژیاوە. بەڵام نزیکەی حەوت شاری ئێستای یۆنان بە خەڵکی شاری خۆیانی دەزانن، وەکو: ئەثینا، سالامیس، کۆلۆفن، رۆدس، ئەلکورس، کیوس، سمیرنا. ئەم هونەرمەندە جگە لە هەڵبەست دانان گەلێك جوان مۆسیقای "جنگ"ی لیداوە. ئەلیادە و ئۆدیسە کە بەرهەمی ئەو بەناوبانگن، دەڵێن یەکێك بەناوی "بیسی شراتوس" گلێری کردوەتەوە. ئەم دوو شاکارە باسی ژیان وچۆنیەتیی خواکانی یۆنانی دەکات لەگەڵ چیرۆکی دڵداری هێلین و شەڕی تەروادە.

٦٤) **یەسنین** (١٨٩٥ – ١٩٢٥ ز)

شاعیری هەڵبەستی شێوەگۆرانیی بەناوبانگی رووسیایە. لەتەمەنی سی سالیدا لە شاری لینینگراد خۆی کوشت. ماکسیم گۆرکی دەربارەی ئەم شاعیرە گوتوویەتی: دوای بوشکین بە یەکەمین شاعیری گۆرانی سازی رووس دەژمێردرێت.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

شارە
بەناوبانگەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

شاکارە بەناوبانگەکانی ئەدەبیاتی جیهان

ناوی شاکار	ناوی نووسەر	ناوی وڵات
ئاوابوونێك	ئەمیل لودویل	فڕانسە
ئەفسانەیەك	فاگنەر	ئەمریکا
ئاسیاو	پیرلامور	فڕانسە
ئەڤین ئاوازێکی کۆنە	ولیام سارۆیان	ئەمریکا
ئەڤین و یەك درۆ	مارگریت وست	فرشانسە
ئەڤین هەرگیز نامرێت	ئەمیلی برونتێ	بەریتانیا
ئەڤینی ژووروووم کوانیار	ئەناتۆلی فرانس	فڕانسە
ئەشکەوت نشینەکان	ولیام سارۆیان	ئەمریکا
ئەڤین لەناو یونجەدا	لۆژنس	بەریتانیا
ئەڤین و یاخی بوون	ئەناتۆل فرانس	فڕانسە
ئەڤین و داوێن پاکی	شاتوبریان	فڕانسە
ئازایی	ئەفلاتون	یۆنان
ئەفسانەی خەیاڵ	ئەدگار ئالان پۆ	ئەمریکا
ئاسۆی گوم بوو	جیمس هلتون	بەریتانیا
ئاوابوونی خواکان	نیتشە	ئەڵمانیا
ئەمیل	ژان ژاك رۆسۆ	فڕانسە
ئیلیاد	هومێر	یۆنان
ئاهەنگی لادێیی	ئەندرێ جید	فڕانسە
ئاهەنگە شاعیرییەکان	لامارتین	فڕانسە
ئایندەی مرۆڤ	برتراند راسل	بەریتانیا
ئیڤانهۆ	والتەر سکۆت	بەریتانیا
ئەتنیك	سپینوزا	هۆڵەندە
ئودێسە	هومێر	یۆنان
ئروستورات	سارتر	فڕانسە
ئەسپی سوور	جۆن شتاین بیك	ئەمریکا
ئاوە بەهارییەکان	ئیڤان تۆرگینڤ	سۆڤیەت
ئاتالا	شاتوبەریان	فڕانسە
ئاگری درەخشان	جۆن شتاین بیك	ئەمریکا
ئارتامۆنۆفەکان	مەکسیم گۆرکی	سۆڤیەت
ئارەزووە گەورەکان	چارلز دیکنز	بەریتانیا
ئارەزووە لەدەست چووەکان	ئەنوری دی بالزاك	فڕانسە
ئارنوین	ئەلفۆنس دودێ	فڕانسە
ئاسواگش	ئالن پوزاند	فڕانسە
ئاسیە و یەکەمین عیشق	ئیڤان تورگنیف	سۆڤیەت
ئانا کارنینا	تۆلستۆی	سۆڤیەت
ئەو کاتە خەوەکانی گەنجی دێنەوە	تۆماس فادل	ئەمریکا
بیر و بڕیار	نیتشە	ئەڵمانیا
باباگوریو	بالزاك	فڕانسە
باوکی لنگ درێژ	جین وستەر	ئەمریکا
بابك	ڤۆلتێر	فڕانسە
بە خوێن ساردییەوە	کاپون	فڕانسا
بای رۆژهەڵات بای رۆژاوا	بێرل باك	ئەمریکا

Scanned with CamScanner

باراباس	یارلا گرکویست	سوید
باران	سومەرسێت مۆم	بەریتانیا
باخی ئەپیکور	ئەناتول فرانس	فرانسە
بالنازار	ئەناتول فرانس	فرانسە
بەو خوای نەناسراو	جان شتاین بیك	ئەمریکا
براکانی کارامازۆڤ	دستەیوفسکی	سۆڤیەت
بابردوو	مارگریت میشیل	ئەمریکا
بەسەر بەردی سپییەوە	ئەناتول فرانس	فرانسە
بەفرەکانی کلیمانجارۆ	هەمنگوای	ئەمریکا
بەرەو ئەصفەهان	پیرلۆتی	فرانسە
بن هور	لیو والاس	بەریتانیا
بوبوك و نازەنین	دستەیۆڤسکی	سۆڤیەت
بیبی بێك	پوشکین	سۆڤیەت
بێ چارەکان	دەستەیۆڤسکی	سۆڤیەت
بست هەزار فەرسەنگ لەژێر دەریادا	جۆل ڤێرن	فرانسە
بیست و پێنج رۆبل	چێخۆف	سۆڤیەت
بێگانە	ئەلبیر کامو	فرانسە
بێگانەیەك لە شارا	مارك تواین	ئەمریکا
بیلی باد	هرمان ملۆین	ئەمریکا
بتی شر	ئەلفونس دودێ	فرانسە
باوکەکان و کوڕەکان	تورگنیف	سۆڤیەت
باڵندەکان	دافنە دومۆری	بەریتانیا
بیروڕای تەنیایی	ژان ژاك رۆسۆ	فرانسە
بێ دەنگیی دەریا	وورکور	فرانسە
بێ دەنگیی سپی	جاك لندن	ئەمریکا
بوون و نەبوون	هەمنگوای	ئەمریکا
بەندکراوەکان	گۆرکی	سۆڤیەت
بەندیخانەی زندا	ئەنتۆنی هۆپ	بەریتانیا
بەرەبەیان	نیتشە	ئەڵمانیا
بووك	چیخۆف	سۆڤیەت
برسی	کنوت هامون	نەرویج
بووم و پاسەوان	گۆرکی	سۆڤیەت
چەند نامە بۆ شاعیرێکی گەنج	رایتر ماریاریللکە	ئەڵمانیا
چی بکەین ؟	تۆلستۆی	سۆڤیەت
چیترا	تاگور	هیندستان
چیرۆکی دوو شاران	چارلز دیکنز	بەریتانیا
چڵە ناڵتوونییەکان	ئوهلنت گر	دانیمارك
چاوە قووڵە	ئەلبێر کامۆ	فرانسە
چیرۆکی لاوك	جوناثان سویفت	ئیرلەندە
چیرۆکەکانی دووشەممە	ئەلفونس دودێ	فرانسە
چاپخانەی سورات	بەرناردۆ سن پیر	فرانسە
پڵنگ	یوسب دی لامپە دۆزا	ئیسپانیا
پیاوێك کە دورگەکانی خۆش دەویست	لۆرنس	بەریتانیا
پیاوێك کە پێ دەکەنێت	هۆگۆ	فرانسە
پیرەمێرد و دەریا	هەمنگوای	ئەمریکا
پیاوانی بێ ژن	هەمنگوای	ئەمریکا

Scanned with CamScanner

پیاوێك كه مردبوو	لۆرنس	بەریتانیا
پیاوی سەرباز	فاكنەر	ئەمریكا
پەیڕەو	پول پۆرجێه	فرانسە
پەیمانە كۆمەڵایەتییەكان	ژان ژاك رۆسۆ	فرانسە
پاشایەتی	ئەلكگسەندەر دۆما	فرانسە
پیاو چاكان	جۆل رۆمن	فرانسە
پیسەی غەم	بالزاك	فرانسە
پیاو كوژەكانی كۆڵانی گەورە	ئەدگار ئالان پۆ	ئەمریكا
پاسی سەرگەردان	جۆن شتاین بیك	ئەمریكا
پاژنەی ئاسنین	جاك لندن	ئەمریكا
پەڕ	ماتیس	بەریتانیا
پەریی روویانی ناكام	پیرلۆتی	فرانسە
پردێك بەسەر رووباری درینادا	ئیڤا ئەندەرویچ	یۆگۆسلاڤیا
پیرە كچ	بالزاك	فرانسە
پشیلەی رەش	ئەدگار ئالان پۆ	ئەمریكا
پەڵكی گیا	والت ویتمن	ئەمریكا
تائیس	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
تام جۆنز	فیلدتیك	بەریتانیا
تاراس بۆلبا	گۆگۆل	سۆڤیەت
تورتیلانت	جۆن شتاین بیك	ئەمریكا
توورەیی و هەرا	فاكنەر	ئەمریكا
ترس	تسوایك	نەمسا
ترس لە گیان	پومالاپارته	ئیتالیا
ترس لە ژیان	هانری بردۆ	فرانسە
تریستان وایزون	جوزێف بده	فرانسە
تزە	ئەندریێ جید	فرانسە
تۆم ساوێر	مارك تواین	ئەڵمانیا
تۆنیو كروگر	تۆماس مان	ئەڵمانیا
تیفۆس	چیخۆف	سۆڤیەت
تاوانی سیلڤستەر بورنارد	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
تاوانبار	چیخۆف	سۆڤیەت
تەڵەی مرۆڤ	لوئیس	ئەمریكا
تەڵە سەوزەكان	فاكنەر	ئەمریكا
تۆڵەی سەگ	بیراندیللۆ	ئیتالیا
توانایی نەخوێندەواری	تۆلستۆی	سۆڤیەت
تۆڵە	تۆلستۆی	سۆڤیەت
جادەی تووتن	كلدۆیل	ئەمریكا
جێی پای هەتاو	جاك لندن	ئەمریكا
جەمهورییەت	ئەفلاتون	یۆنان
جەمیلە	هانری بردۆ	فرانسە
جین ئیر	شارلۆت برونتێ	فرانسە
جلگاش	ماكسیم گۆركی	سۆڤیەت
جوتیاری شیكاگۆ	مارك تواین	ئەمریكا
جێگای ڕاو	چیخۆف	سۆڤیەت
جوتیاران	چیخۆف	سۆڤیەت
جیوە دۆڵ	بالزاك	فرانسە

Scanned with CamScanner

جیوەی سوور	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
جێگایەك لە شاردا	هوارد فاست	ئەمریکا
جۆرێك لە بزەکەنین	فرانسوا ساگان	فرانسە
حاجی مراد	تۆلستۆی	سۆڤیەت
حەوتەمین تاوان	سومەرسێت مۆم	بەریتانیا
حەربا	چیخۆف	سۆڤیەت
خویرییەکان	ماکسیم گۆرکی	سۆڤیەت
خەلکی لە شەڕدا	هەمنگوای	ئەمریکا
خانە خۆیی نەناسراو	مەتر لینگ	بەلجیکا
خەیاڵ	ئەمیل زۆلا	فرانسە
خوا حافیزی	بالزاك	فرانسە
خواکان تێنوویانە	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
خەوالوو	چیخۆف	سۆڤیەت
خوێن و لم	جیاکو مولاوارندا	ئیتالیا
خاکی چاك	بیرل باك	ئەمریکا
خێزانی تیبو	مارتن دوکار	فرانسە
دوا رۆژەکانی بریاری مەرگ دراوێك	هۆگۆ	فرانسە
دورگەی پڕ لە نهێنی	جۆل فێرن	فرانسە
دورگەی پنگوینەکان	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
دورگەی گەنج	روبرت لوئیز ستیڤنسن	بەریتانیا
دورگەی ترس	جاك لندن	ئەمریکا
دەرمانی خۆشەویستی	ئۆهینری	ئەمریکا
داخی بێ ئابروویی	هاثورن	ئەمریکا
دافنیس و گلوئە	لوتگوس	یۆنان
دەروازەی گەورە	مەترلینگ	بەلجیکا
دزیرە	ماری سلینکو	فرانسە
داهۆل	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
دوژمنان	چیخۆڤ	سۆڤیەت
دکامیرون	بۆکا چیۆ	ئیتالیا
دکتۆر ژیڤاگو	بۆریس باسترناك	سۆڤیەت
دکتۆر جیکل و مستەر هاید	روبەرت لوئیز ستیڤنسن	بەریتانیا
دمیان	هیرمان هسسە	ئەلمانیا
دونی مەند	شۆلۆخۆف	سۆڤیەت
دنیای ئیشارەت	دیڤید کاسکوین	بەریتانیا
دوبروفسکی	پوشکین	سۆڤیەت
دووریتی بچکۆلە	چارلز دیکنز	بەریتانیا
دووژن	ئەلبەرتۆ مۆرافیا	ئیتالیا
دۆزەخ	سارتر	فرانسا
دووەمین شانس	گیورگیۆ	رۆمانیا
دۆن کیشۆت	سەرڤانتس	ئیسپانیا
دیوار	سارتر	فرانسە
دیواری چین	کافکا	چیکۆسلۆڤاکیا
دیپلومات	کامیون	فرانسە
دڤید کابرفیلد	جارلز دیکنز	بەریتانیا
دێوی خۆپەرست	ئۆسکار وایلد	بەریتانیا
دەرکراو	ئەلار کرین	سۆڤیەت

Scanned with CamScanner

دلی هەمالایا	له کونت دولێل	فرانسه
دادگای سوقرات	ئەفلاتون	یۆنان
دەزگیرانی	لازوس ژیلاهی	مەجەر
دیلی قەفقاسیا	تولستوی	سۆڤیەت
دیلی مرۆڤ	سومەرسێت مۆم	بەریتانیا
رووداوێکی بچکۆله	چیخۆف	سۆڤیەت
رووداوەکانی پاشایەتیی شارلی نۆیەم	مریمێ	فرانسه
ردچەلەك	ئادام میتسکیوفج	پۆلەندە
رووداوی ئاسیای سەوز	ئەمیل زۆلا	فرانسه
راستگۆ	ڤۆلتێر	فرانسه
راشۆمون	ئاگو ئاکاوا	ژاپۆن
ریکه	ئەناتۆل فرانس	فرانسه
ربەکا	دافنه دی مۆرێ	بەریتانیا
ردگی بچکۆله	گی دی موپاسان	فەرەنسە
رەنج و سەربەستی	ئیروتینگ ستون	ئەمریکا
رنێ	شاتوبریان	فرانسه
رۆبنسن کروزۆ	دانێیل دۆفه	بەریتانیا
روحی یاساکان	مونسکیۆ	فرانسه
روحی مرۆڤ	هوگۆ	فرانسه
رودن	تورگنیف	سۆڤیەت
روسلان و لودیمیلا	بوشکین	سۆڤیەت
رۆشنایی له مانی ئاوتا	فاگنەر	ئەمریکا
رۆمیۆ و جولێت له دێ دا	گود فرید کلەر	ئەڵمانیا
رازی گەوره	مەترلینگ	بەلجیکا
رشانەوه	سارتر	فرانسه
زەردەست وای وت	نیتشه	ئەڵمانیا
زانکۆکانی من	ماکسیم گۆرکی	سۆڤیەت
زیندووی ئاگادار	ابن الطفیل	عرب
زەردەخەنەی بەخت	گی دی موپاسان	فرانسه
زەردەخەنەی جۆکۆند	ئەلدوس هەکسلی	بەریتانیا
ژیانێك	گی دی موپاسان	فرانسه
ژنێکی ترسێنەر	تۆماس فارل	ئەمریکا
ژنانی هونەرمەندان	ئەلفونس دودێ	فرانسه
ژووری ژماره شەش	چیخۆف	سۆڤیەت
ژیانی پیاوه ناسراوەکان	بلوتارك	یۆنان
ژیانی من	چیخۆف	سۆڤیەت
ژیانی میکالانژ	رومن رۆلان	فرانسه
ژنی سێ ساڵه	بالزاك	فرانسه
ژنێك که ڕای کرد	هربرت لۆرنس	بەریتانیا
ژنی خۆپەرست	تاگری	بەریتانیا
ژنی خاوەن خۆی	دستەیۆفسکی	سۆڤیەت
ژن و یارییەکان	لوئیس	فرانسه
ژاندارك	مەترلینگ	بەلجیکا
ژان کریستف	رومن رۆلان	فرانسه
ژان ماریو	ئەناتۆل فرانس	فرانسه
ژان و کۆلن	ڤۆلتێر	فرانسه

Scanned with CamScanner

ژوزێف پالسامو	ئەلکساندەر دۆما	فرانسه
ژوزێف فوشه	ستیڤن تسوایك	نەمسا
ژیل پلاس	ئەلەن رنێ لۆساژ	فرانسه
سبەینێ دەگریم	لیلیان روت	ئەمریکا
سیاسەت	ئەرستۆ	یۆنان
سیمان	گلاد کوف	سۆڤیەت
سیزارتا	هیرمان هسسه	ئەڵمانیا
سوور و رەش	ستاندال	فرانسه
سەر زەوی وێران	ئەلیوت	بەریتانیا
سەر گوزەشتەی کرمی دار	ماری کرلی	بەریتانیا
سروودی کریسمس	چارلز دیکنز	بەریتانیا
سزار پیروتو	بالزاك	فرانسه
سەفەردکانی من	هۆگۆ	فرانسه
سەفەرنامەی گالیور	جۆناتان سویفت	ئیرلەندە
سککە لێدەرەکان	ئەندرێ جید	فرانسه
سڵاو لە غەم	فرانسوا ساگان	فرانسه
سواری ئەسپی شێ	تیودور شتورم	ئەڵمانیا
سێ تفەنگ دار	ئەلەکسەندەر دۆما	فرانسه
سادە دڵ	ڤۆلتێر	فرانسه
سالامبو	گۆستاف فلوبیر	فرانسه
سێبەری بەڵا	دافنەدی مۆرێ	بەریتانیا
سپی دان	جاك لندن	ئەمریکا
سەردەمی منداڵی	ماکسیم گۆرکی	سۆڤیەت
سەردەمی نابلۆوقە	فادییف	سۆڤیەت
سامانی روگنەکان	ئەمیل زۆلا	فرانسه
سەرکەوتنی ئایندەی دیموکراتی	تۆماس مان	ئەڵمانیا
شتی مرۆڤایەتی گەلێك مرۆڤایەتی	نیتشه	ئەڵمانیا
شەری ئاینده	ولز	بەریتانیا
شارلی دوازدەهەم	ڤۆلتێر	فرانسه
شاعیر لە نیویۆرك	لۆرکا	ئیسپانیا
شازادە خانم بابل	ڤۆلتێر	فرانسا
شازادە و سوالکەر	مارك تواین	ئەمریکا
شەوێکی خەیاڵی	ستیڤن تسوایك	نەمسا
شەو دانیشتنەکانی تست	پل والری	فرانسه
شەوە سپییەکان	دستەیوفسکی	سۆڤیەت
شەرابی شیراز	تورگنیف	سۆڤیەت
شنل	گۆگۆل	سۆڤیەت
شەیتان	لیرمەنتۆف	سۆڤیەت
شەیتان	تۆلستۆی	سۆڤیەت
شێرە گەنجەکان	ئیروین شاو	ئەمریکا
شاپلیتەی هەڵگیرساو	مەك نیس	ئیرلەندە
عاشقی لێدی چاترلی	لورەنس	بەریتانیا
عاشقی داهۆڵ	هستیتگز	بەریتانیا
عەنبەر	کاتلین و ینسور	ئەمریکا
فشەبازی	ئۆهێنری	ئەمریکا
فلیس	دوسگور	فرانسه

Scanned with CamScanner

فكتۆریا	كتوت هامسون	نەرویج
فۆلگا دەرژێتە خەزەرەوە	پیلنیاك	سۆڤیەت
قۆزاقەكان	تۆلستۆی	سۆڤیەت
قومار باز	دستەیۆفسكی	سۆڤیەت
قوربانەكانی كالاوراس	مارك تواین	ئەمریكا
قارەمانی سەردەمی ئێمە	لیرمەنتۆف	سۆڤیەت
قەمبووری نۆتردام	هۆگۆ	فرانسە
كەنگاوری ئارام	تورگنیف	سۆڤیەت
كتێبی هاورێیەكەم	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
كەشتیی شكاو	تاگوور	هیندستان
كۆلیتەكەی مامەتۆم	پیچراسیوو	ئەمریكا
كۆلێتی هیندی	دۆسن پیر	فرانسە
كلۆد و خوێری	هۆگۆ	فرانسە
كلیما	ئەندرێ مۆرا	فرانسە
كۆمیدیای خوایی	دانتی	ئیتالیا
كۆمیدیای مرۆڤایەتی	سارۆیان	ئەمریكا
كۆنت مونت كریستۆ	ئەلەكسەندەر دۆما	فرانسە
كیسكی سوود خۆر	بالزاك	فرانسە
كۆشك	كافكا	چیكۆسلۆڤاكیا
كاپتانی ئاگادار	كۆنت روبەرت	فرانسە
كار لە كار ترازاوە	سارتر	فرانسە
كرێكارانی دەریا	هۆگۆ	فرانسە
كارمن	پروسپە مریمە	فرانسە
كازانۆڤا	ستیڤن تسوایك	ئەمسا
كاكائی	چێخۆف	سۆڤیەت
كەوا	لوید دۆگلاس	ئەمریكا
كچە بەفر	جاك لندن	ئەمریكا
كچە لادێیی	بوشكین	سۆڤیەت
كچەی چاو زێڕین	بالزاك	فرانسە
كچی سەروان	بوشكین	سۆڤیەت
كچی مامە بت	بالزاك	فرانسە
كچی مام راشیل	دافنە دی مۆرێ	بەریتانیا
كچە رەشەكە بەدوای خوادا	بەرناردشۆ	بەریتانیا
كچی كلمانتین	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
كوڕی هەتاو	جاك لندن	ئەمریكا
كوڕە رەشەكە	رایت	ئەمریكا
كچە شاكلو	مادام دی لاڤایێت	فرانسە
گردە سەر سەوزەكانی ئەفریقیا	هەمنگوای	ئەمریكا
گیانە مردووەكان	گۆگۆل	سۆڤیەت
گورگی بیابان	هێرمان هسسە	ئەڵمانیا
گورگی دەریا	جاك لندن	ئەمریكا
گولی سپی	ویلیام فاكنەر	ئەمریكا
گوم بووەكان	چیخۆف	سۆڤیەت
گوڵاڵەی رەش	ئەلەكسەندەر دۆما	فرانسە
گرتروود	هێرمان هسسە	ئەڵمانیا
گرتا	كلدویل	ئەمریكا

Scanned with CamScanner

گردوی دوو ملیاردەر	مارك تواين	ئەمریكا
گیرفان پڕ	تسوایك	ئەمسا
گەڕانەوە	ئەریش ماریا مارك	ئەڵمانیا
گەڕانەوە لە سۆڤیەت	ئەندرێ جید	فرانسە
گێڵ	دستەیۆڤسكی	سۆڤیەت
گەوجی ئەلماییر	كونراد	بەریتانیا
لوورەی درندە	جاك لندن	ئەمریكا
لێ بوردنی ژنان	جاك لندن	ئەمریكا
لە زەوییەوە تا مانگ	جۆل فێرن	فرانسە
لە دایك بوونی تراژیدی	نیتشە	ئەڵمانیا
لەوەرگاكانی ئاسمان	جۆن شتاین بێك	ئەمریكا
لە ئازادی دا	ستوارت میل	بەریتانیا
لە قووڵاییدا	ئۆسكار وایڵد	بەریتانیا
لە قووڵایی كۆمەڵ دا	ماكسیم گۆركی	سۆڤیەت
لە پێناوی نان دا	ماكسیم گۆركی	سۆڤیەت
لە دەربەندددا	ئەندرێ جید	فرانسە
لە رۆژاوای هیچ باسێك نییە	ماریا مارك	ئەڵمانیا
لە وڵاتێكی دووردا	جاك لندن	ئەمریكا
لەولای خێر و شەڕەوە	نیتشە	ئەڵمانیا
لەناو چاڵ دا	ئەنتوان چیخۆف	سۆڤیەت
لە شەرێكی گومان داردا	جۆن شتاین بیك	ئەمریكا
لەمانگێك دا لە ساڵێك دا	فرانسوا ساگان	فرانسە
لارون ماركو	ئەلەكسەندەر دۆما	فرانسە
لایم لایت	چارلی چاپلن	بەریتانیا
لوەند	ستیڤن تسوایك	ئەمسا
لیدا	ئەلبەرتۆ مۆراڤیا	ئیتالیا
لیزیماك	مونتسكیۆ	فرانسە
لی چیا	ئەدگار ئالان پۆ	ئەمریكا
لەژێر دار زیزەفۆنەكان دا	ئەلفونس كار	فرانسە
مرۆڤی زیادە	ئیڤان تورگنیف	سۆڤیەت
مار لە مشتا	هیرو بازن	فرانسە
مرۆڤی سەرەتایی	ئەمیل زۆلا	فرانسە
منداڵە ورتكەی ئەم سەردەمە	روشفور	فرانسە
مرۆڤ چییە؟	مارك تواین	ئەمریكا
ماڵێك لە چیاكان دا	كالدویل	ئەمریكا
مێشە كەرانە	لیلیان وینیچ	بەریتانیا
مێش هەنگ	مۆریس مەترلینگ	بەلجیكا
مادام بۆڤاری	گۆستاڤ فلۆبیر	فرانسە
مادمۆزێل لینا	ئەمانتس	هۆڵەندە
مارتن جوزیل ویت	چارلز دیكنز	بەریتانیا
مارتین ئیدن	جاك لندن	ئەمریكا
ماری پەردار	لۆرەنس	بەریتانیا
ماري ستیوارت	شیللەر	ئەڵمانیا
مالون ئەمرێت	سامائول پیكت	ئیرلەندە
مانن لیسكۆ	پرەوو	فرانسە
ماسی گری ئیسلەندە	پیرلۆتی	فرانسە

Scanned with CamScanner

مانگ شاردرایەوە	جۆن شتاین بیک	ئەمریکا
مانفرد	لۆرد بایرون	بەریتانیا
مشکان و پیاوان	جۆن شتاین بیک	ئەمریکا
مومو	تورگنیف	سۆڤیەت
مرواری	جۆن شتاین بیک	ئەمریکا
مسیۆ توماس	ئەناتۆل فرانس	فرانسە
میرات	ماکسیم گۆرکی	سۆڤیەت
میکرومیکاوس	ڤۆلتێر	فرانسە
موریناى سەوزەپۆش	ماتیسن	بەریتانیا
مۆریانە	مەترلینگ	بەلجیکا
مەیخانەى جامائیك	دافنەدی مۆرێ	بەریتانیا
میوانی	ئەفلاتون	یۆنان
مردنی دواى نیوەڕۆ	هەمنگواى	ئەمریکا
مەولەوى	پیکت	ئیرلەندە
میشێل ستروگوف	جۆل ڤێرن	فرانسە
موئیرا	جۆلین گرین	فرانسە
مۆمیاییەك	ئونێل گۆتیە	فرانسە
ماڵاوایی لەچەك	هەمنگواى	ئەمریکا
نووسینەکانی پەنهانی	دستەیۆفسکی	سۆڤیەت
نووسینەکانی ئینگلیزی	ناتانیل هاثورن	ئەمریکا
نۆیەمی ژانۆیە	گۆرکی	سۆڤیەت
نەهنگی سپی	هرمان ملۆیل	ئەمریکا
نەوەتوسێ	هۆگۆ	فرانسە
نیتۆچکا	دستەیۆفسکی	سۆڤیەت
نیورنزی جوانکیلە	ئەلفۆنس دودێ	فرانسە
نەناسراو ماچم بکە	دافنەدی مۆرێ	بەریتانیا
نامەى ژنەکان	مارسێل پرەوو	فرانسە
نامەیەك لە ئیسلەندەوە	مەك تیس	ئیرلەندە
نوێنەرە گەورەکان	ئەندرێ مالرۆ	فرانسە
نیگاری دۆریان گرای	ئۆسکار وایلد	بەریتانیا
نیگاری هونەرمەندێك	جۆیس	ئیرلەندە
هەژاردکان	هۆگۆ	فرانسە
هەڵقەى حەوتەم	ستیڤن گورگە	ئەڵمانیا
هەتاو هەروا گەرمە	هەمنگواى	ئەمریکا
هێشووە ترێی تووڕەیی	جۆن شتاین بیک	ئەمریکا
هەرا لە تاریکیدا	سنیتسلەر	نەمسا
هێز و توانا	گراهام گرین	بەریتانیا
هەسونە زێڕینە	هەربەرت لۆرەنس	بەریتانیا
هاکل بریفین	مارك تواین	ئەمریکا
هلوئیزی نوێ	جان جاك رۆسۆ	فرانسە
هاونیشتمان تۆم پێن	هوارد فاست	ئەمریکا
هەمیشە مێرد	دستەیۆفسکی	سۆڤیەت
هەوەس	ئەمیل زۆلا	فرانسە
هەوەسەکانی ئیمپڕاتۆر	سینکویچ	پۆڵەندە
ویلسونی گێل	مارك تواین	ئەمریکا
وەزارەتی ترس	گراهام گرین	بەریتانیا

Scanned with CamScanner

واسکا	گۆرکی	سۆڤیەت
واژە	سارتر	فەڕانسە
یەکەمین خوێن	جاك شیفەر	ئەڵمانیا
یادی مامۆستایەك	چیخۆف	سۆڤیەت
یەکەمین ئەڤین	تۆرگینیف	سۆڤیەت
یەکەمینی ئەڤینی من	گۆرکی	سۆڤیەت
یەك بنگۆس لە خولی خوا	کالدویل	ئەمریکا

Scanned with CamScanner

خەڵات و پاداشتە ئەدەبیەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

خەڵات وپاداشتە ئەدەبییەکانی جیهان

ئەدەبیات لە کۆنی کۆنەوە یەکێك لە حەوت هونەرە ناسراوەکان ژمێردراوە. لەناو گەلان دا هەمیشە بە چاوی رێز و قەدرزانییەوە سەیر کراوە. ئەوانەی خاوەن بیری رۆشن و پێنووسی رەوان و شرین بوون بەلای رۆشنبیرانی تەواوی دونیاوە چ ئەوسا و چ ئێستاش لە گلینەی چاودا دانراون. پێم وایە نەتوانین باسی پاداشتە کۆنەکان بکەین ئەوانەی بە خاوەن بیر و خاوەن پێنووسان دراوە. بەڵام لە دنیای ئەمرۆدا چەند پاداشتێکی بەناوبانگ لە دنیادا دیاری کراوە بۆ بلیمەتەکان و بە پێی یاسایەك و چەند مەرجێك پێش کێش دەکرێت.. یەکێك لەو پاداشتە گرنگانە خەڵاتی نۆبلە. بابزانین نۆبل کێیە ؟

ئەلفرێد بەرنهارد نۆبل:

لە ساڵی ١٩٣٣ دا لە شاری سکۆئەی وڵاتی سویددا لە دایك بووە. ئەم مرۆڤە زۆر لەر و لاواز و رێوەلە بوو, لە ساڵێك دا هاتۆتە دنیاوە کە باوکی ناسراو و زانای تووشی تی شکانێکی سەخت و زۆر دەبێت و دەبێتە هۆی کۆچ کردنی بەرەو شاری پیترسبورگی رووسیا, لەوێ کارگایەکی ئەندازیاری پێك دەهێنێت. دەوڵەتی رووسیا فەرمانی پێ دەدا کە خەریکی دروست کردنی کەشتی و ژێردەریایی بێت و لەو کارەدا سەرکەوتنێکی شایانی بەدەست هێنا, بەڵام لەبەر ئەوەی کاروبارەکانی پەخش و بڵاوبوون دوای شەڕی "کرێمە" دیسانەوە کەوتەوە سەر ساجی عەلی. ئەلفرێد نۆبل تا شانزدە ساڵان هەر بە شێوەیێکی تایبەتی دەرسی خوێندنەوە و دەرسی دراوەتێ. لە تەمەنی بیست ساڵیدا کیمیاگەری چاك فێربوو لەگەڵ زمانانی ئەڵمانی, فەرانسی, رووسی, سویدی و لە ئەنجامی هەوڵ و تاقیکردنەوەدا نۆبل دۆزییەوە ئەگەر سوود لە کەرەستەکانی تەقینەوەی نترۆگلیسرین تێکەڵ بە کەرەستەیەکی وەکو (گلیسلکوهر) بکرێت ئاسان و بێ زیان تر دەبێت. ئەم دۆزینەوەیە لە ساڵی ١٨٦٧دا بەناوی (دینامێت) بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد لەدوایدا نترۆگلسرینی لەگەڵ بارووددا تێکەڵ کرد جەلاتینی تەقینەوەی بەدەست هێنا و لە ساڵی ١٨٧٥ دا ئەمەش بەناوی خۆیەوە تۆمار کرد.

بە دروست کردنی دینامیت و کەرستەی تەقینەوە و بەدەست هێنانی نەوتی باکۆ و کانگاکان بوو بە خاوەن سامانێکی گەورە. لە هەمان کات دا دینامیت بوو بە هۆی گۆڕینی چۆنیەتیی دروست کردنی رێگە و تونێل و بیناسازی لە تەواوی دنیادا.

نۆبل لە ساڵی ١٨٩٦دا مرد, بەڵام ساڵێك پێش مردنی وەسیەت نامەیەکی نووسی و بە پێی ئەو وەسیەت نامەیە دەبێ سامانەکەی کە ٣١ ملیۆن کرۆنی سویدی بوو بکرێت بە پارەی رووت و پاش وەبەرهێنانی, قازانجەکەی بۆ ئەو بلیمەتانەی کاری شایان و بە کەڵك دەکەن بۆ مرۆڤ بە خەڵات پێش کەش بکرێت. کاردکانیش کە نۆبل بۆ پاداشتەکە دیاری کردوون ئەمانەن:

١. کیمیا
٢. پزیشکی
٣. ئەدەبیات
٤. ئاشتی

Scanned with CamScanner

پاداشتی نۆبل ناوی ئەدەبیاتی پاداشت وەرگر
پاداشتی ئەدەبیاتی نۆبل

سالّ	ناوی پاداش گر	وڵات
١٩٠١	سوللی پرودۆم	فرانسه
١٩٠٢	کریستیان ماتیاس تیۆدۆر مۆمسن	ئەڵمانیا
١٩٠٣	مارتیتۆس بیورنسون	نەرویج
١٩٠٤	فردریك میسترال	فرانسه
	رۆزه ئیزاگیره	ئیسپانیا
١٩٠٥	هینریك سینکویچ	پۆلەندە
١٩٠٦	گیوسۆ ئەکاردوچی	ئیتالیا
١٩٠٧	رودیار کیپلینگ	بەریتانیا
١٩٠٨	رودلف کریستۆف یوگن	ئەڵمانیا
١٩٠٩	سلما لاگرلف	سوێد
١٩١٠	لودڤیك هایسه	ئەڵمانیا
١٩١١	مۆریس مەترلینگ	بەلجیکا
١٩١٢	گرهارت یۆهان روبرت هوپێمان	ئەڵمانیا
١٩١٣	رابندرانات تاگور	هیندستان
١٩١٤	بۆ سالّی داهاتوو داندرا	
١٩١٥	رۆمان رۆلان	فرانسه
١٩١٦	کارل گۆستاڤ و ورنر فۆن هایدنستام	ئەڵمانیا
١٩١٧	کارل گیلروب	دانیمارك
١٩١٨	بۆ سالّی داهاتوو هەلگیرا	
١٩١٩	پاداشتی سالّی پێشوو خرایه خەزنەوە و پاداشتی ئەم ساڵەش دانرا بۆ سالّی داهاتوو	
١٩٢٠	١- کارل فردریك شپیلەر (پاداشتی سالّی ١٩١٩)	سویسرا
	٢- کنۆت هامسۆن (پاداشتی سالّی ١٩٢٠)	نەرویج
١٩٢١	ئەناتۆل فرانس	فرانسه
١٩٢٢	جاسینتو بناو	ئیسپانیا
١٩٢٣	ویلیام باتلر ییتز	ئیرلەندە
١٩٢٤	ڤلادیلاڤ ستانیلا رایمونت	پۆلەندە
١٩٢٥	دانراو بۆ سالّی داهاتوو	
١٩٢٦	جۆرج بەرناردشۆ (پاداشتی سالّی پێشوو) پاداشتی ئەم ساڵەش دانرا بۆ سالّی داهاتوو	بەریتانیا
١٩٢٧	هی سالّی ١٩٢٦ درا بە: گراتسیا دلّدا	ئیتالیا
١٩٢٨	هانزی برگسون (هی سالّی پێشوو)	فرانسه
	زیگرید ئوندەست (هی ئەم سالّ)	نەرویج
١٩٢٩	تۆماس مان	ئەڵمانیا

	سینکلیر لویس	ئەمریکا
۱۹۳۰	ئەریك كارلثلث	سوێد
۱۹۳۱	جان كالزورثي	بریتانیا
۱۹۳۲	ئیڤان بوتیڤ	سۆڤیەت
۱۹۳۳	لویجی پیراندللۆ	ئیتالیا
۱۹۳٤	دانرا بۆ ساڵی ئاینده	
۱۹۳٥	گەڕاوەتەوە خەزینە و هی ساڵی پێشووش دراوە بە یوجین ئونیل	
۱۹۳٦		ئەمریکا
۱۹۳۷	مارتن دوكار	فرانسە
۱۹۳۸	بیرل باك	ئەمریكا
۱۹۳۹	ئیمیل سیلانپێ	فرانسە
۱۹٤۰	سێیەکی پاداشتەکە خراوەتە سندووقی ئاشتییەوە	
۱۹٤۱	هی ئەم ساڵەش نەدرا لەبەر شەڕی جیهانی	
۱۹٤۲	نەدرا	
۱۹٤۳	نەدرا	
۱۹٤٤	یۆهانس ویلهلم یەنسن	دانیمارك
۱۹٤٥	گابریێلا میسترال	شیلی
۱۹٤٦	هێرمان هسسە	ئەڵمانیا
۱۹٤۷	ئەندرێ جید	فرانسە
۱۹٤۸	تۆماس ئەلیۆت	بریتانیا
۱۹٤۹	دانرا بۆ ساڵی داهاتوو	
۱۹٥۰	ولیام فۆكنەر (پاداشتی ۱۹٤۹)	ئەمریكا
	برتراند راسل (پاداشتی ۱۹٥۰)	بریتانیا
۱۹٥۱	پارلاگر گویست	سوێد
۱۹٥۲	فرانسوا مۆریاك	فرانسە
۱۹٥۳	وینستۆن چرچل	بریتانیا
۱۹٥٤	ئەرنست هەمنگوای	ئەمریكا
۱۹٥٥	هالدور لاكنس	ئایسلەندە
۱۹٥٦	خوان رامون خیمینز	ئیسپانیا
۱۹٥۷	ئەلبێر كامۆ	فرانسە
۱۹٥۸	بۆریس باسترناك "بەڵام وەرینەگرت"	سۆڤیەت
۱۹٥۹	سالڤاتۆره كوازیمۆدۆ	ئیتالیا
۱۹٦۰	سان جان پێرس	فرانسە
۱۹٦۱	ئیڤان ئەندرویچ	یۆگۆسلاڤیا
۱۹٦۲	جۆن شتاین بێك	ئەمریكا
۱۹٦۳	جۆرج سفریس	یۆنان
۱۹٦٤	جان پۆل سارتر "پاداشتەکەی وەرنەگرت"	فرانسە
۱۹٦٥	میخائیل شۆلۆخۆف	سۆڤیەت
۱۹٦٦	نیلی ساش _ سامۆئیل ئاگنۆن	سوێد _ فەلەستین

Scanned with CamScanner

درێژەی خەڵاتەکانی ساڵانی دواتر
لە بەرگەکانی تردا هاتووە

کاموس

سوللی پرودۆم

پێرسێ

میسترال

رولاند

Scanned with CamScanner

پاداشتەکانی بریتانیا

١- پاداشتی ئەدەبی یادگاری جێمس تیت بلاك لە ساڵی ١٩٥٠ز دا دەستی پێ کردووە.
٢- پاداشتی رۆژماری کراش: دەربارەی ئەدەبیات لە ساڵی ١٩١٤ ز دا دەستی پێکردووە.
٣- پاداشتی رۆیال: لە ساڵی ١٩٥٤ز دا دەستی پێکردووە.
٣- پاداشتی یادی داف کووپەر لە ساڵی ١٩٥٧ ز دا دەستی پێکردووە.
٤- پاداشتی هەڵبەست هی ولیام فویل: لە ساڵی ١٩٥٠ ز دا دەستی پێ کردووە.
٥- پاداشتی هاثورندن: لە ساڵی ١٩٢٢ ز دا دەستی پێکردووە.
٦- مەدالیاکانیش کە لە پاداشتدا دەدرێن ئەمانەن:
أ- مەدالیای کارنکی. لە ساڵی ١٩٤٠ ز دانراوە.
ب- مەدالیای کیت گرینوی. لە ساڵی ١٩٥٨ ز دا داویانەی بە خەڵك.
٧- پاداشتی سومەرسێت مۆم. لە ساڵی ١٩٤٦ز دا دەستی پێ کردووە.
٨- پاداشتی سێر رۆجەر نیودیکیت: تەنیا بۆ میللەتی ئینگلیزە و لە ساڵی ١٩٣٨دا دەستی پێکردووە.
٩- پاداشتی یادی جان لولین رایس: لە ساڵی ١٩٤٢ز دانراوە.
١٠- پاداشتی ئەنجومەنی ئەدەبیاتی شاهانە. لە ساڵی ١٩٤٧ز دانراوە.
١١- پاداشتی ئەدەبیی و. هـ سمیث و کورەکەی. لە ساڵی ١٩٥٩ دانراوە.

پاداشتەکانی فرانسە :

١- پاداشتی ئەکادیمیی ئەدەبیاتی فرانسە زۆرە، بەڵام دوو پاداشتە ناسراوەکانی ئەم دوانەن:
أ- پاداشتی گەورەی ئەدەبیات. لە ساڵی ١٩١٢ز دا بڕیار دراوە.
ب- پاداشتی رۆمان. لە ساڵی ١٩١٥ ز دا دراوە.
٢- پاداشتی وەرگێرانی دنیس کلرویین. لە ساڵی ١٩٤٦ ز دا دانراوە.
٣- پاداشتی فەمینا. لە ساڵی ١٩٠٤ زدا داندراوە.
٤- پاداشتی گۆنگور. لە ساڵی ١٩١٦ ز دا دانراوە.
٥- پاداشتی ئەنترالیە. لە ساڵی ١٩٣٠ زدا دانراوە.
٦- پاداشتی پیرکنێت دونوی. لە ساڵی ١٩٥٤ داندراوە.
٧- پاداشتی تیو فراست رەنوود. لە ساڵی ١٩٢٦ز دانراوە.

پاداشتەکانی ئەمەریکا

لە وڵاتی ئەمریکادا یەك رێکخراوی پاداشت هەیە کە وەك (نۆبل) وابێت، بەڵام بچکۆلەترە ئەم خەڵاتە لەلایەن رۆژنامە نیگارێکەوە دانراوە بەناوی پولیتزەر *Pulitzer* بە سەرپەرشتی زانکۆی کۆلۆمبیا هەموو ساڵێك دراوە بە چاکترین: رۆژنامەنووس، مۆسیقازان، نووسەر، لێکۆڵەر. ئەمەش لە ساڵی (١٩١٧)ەوە دەستی پێکردووە.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سروشت زانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

١ـ مێژووی سروشت زانی لە کۆنەوە:

بە پێی چەند نووسراوێکی (گڵین) کە دۆزراوەتەوە، بابلییەکان ئاشنایێکی زۆریان لەگەڵ ناسینی زۆر گیا و زۆر گیانلەبەردا هەبووە. "فادر شیل" کە زۆربەی نووسینەکانی سەردەمی فەرمانڕەوایی زنجیرەی (لارسا)ی خوێندوەتەوە نووسراوێکی بەدەست هێناوە کە ناوی ئەو جۆرە ماسییانەی تێدایە کە لە بازاڕی لارسادا ڕۆژانە فرۆشراون، جۆرەکان لە ٢٠ زۆرترە و دوانزدە جۆرە ماسی بە دانە فرۆشران و ئەوانی دی بە کێشان یان بە زەمبیلە، بایی جۆری یەکەم بە ئاسانی ڕوون ناکرێتەوە بەڵام بەشی دووەم نرخەکانی دیارە.. ئەمە دەری دەخات کە چاك جۆرەکانی ماسییان ناسیوە. گەلێك نووسراوی سۆمەری و ئەکەدی ناوی زۆر گیانلەبەر و ناوی زۆر گیا دەرمانیان تێدایە، کەوا گیایەکان لە ٢٥٠ جۆر زۆرترە و زاناکانی ئاشووری بە تەواوی ئەیان زانیوە ئەو ناوەی کە هی چ جۆرێك گیایەکە بە زمانی سۆمەری زانیویانە بەرامبەرەکەی بە زمانی ئەکەدی چییە. تاکو ئێستاش هەندێك لەو ناوانە ئێمە یان ڕێك وەکو ئەوسا بەکاریان دەبەین یان لەو ناوە کۆنانەوە وەرگیراون.

٢ـ تیورییەکانی پەیدابوون:

١. پەیدا بوونی ژیانی ئاسمانی:

بەپێی ئەم بیروڕایە ژیان لە سەرەتاوە لە ئەستێرەکانی دیکەی ئاسمان دا هەبووە و دوایی گوێزراوەتەوە بۆ زەوی. ئەو بیروڕایە لە ساڵی ١٨٢١ لەلایەن زانایێکی فرانسەییەوە کە ناوی "مۆنت لیفو"یە گوتراوە. لە ساڵی ١٨٦٥یش دا (یختر)ی زانای ئەڵمانی دانی پێدانا و سەلماندی.

٢- تیوریی گیانلەبەرەوە ئاگرینەکان:

بە پێی ئەم ڕایە گوایا زەوی کە لە هەتاو جیابووەتەوە وەکو گرێکی ئاگری تەواوە وابووە، بەڵام بە پێی تێپەربوونی ملیۆنان ساڵ کەم کەم ئەو گڕ و گەرمایە نەماوە و، توێژی گرتووە و ، ئارام گژوگیای سەوز بووە و گیانلەبەر تێیدا خولقاوە. کە توانایەکی زۆریا هەبووە، بەرامبەر بە گروگەرمای زۆرجار بەپێی زەمان گیا و دار و سەوزی و گیانلەبەرانی ئەمڕۆی زەوی جێگەی ئەوانیان گرتوەتەوە.

٣- هەروەهایی "فیکسیسم"

بە پێی ئەم بیروڕایە لە سەرەتای پەیدابوونی گیانلەبەری سەرزەوی دا تاکو ئێستا هیچ جۆرە گۆڕانێکی لێ ڕوونەداوە، چۆن خولقاوە لە سەرەتاوە تاکو ئەمڕۆ هەروەها بووە وبێ گۆڕان و گەورە بوون یان بچووك بوونەوە ئەم بیروڕایە زانایەکی فڕانسەیی بەناوی "کوویە" خاوەنیی کردووە.

٤- کاسترۆفیسم

بەپێی ئەم بیروڕایە لە سەرەتای زەوییەوە تاکو ئێستا زۆر ڕووداوی بنەڕەتی تێدا ڕووی داوە، کە بە جۆرێکی وا بووە هەر جارەی هیچ جۆرە گیانلەبەرێکی تێدا نەماوە و پاش ئەم ڕووداوە دووبارە ژیانی تێدا پەیدا بووەتەوە کە هیچ پێوەندییەکی بە پێش خۆیەوە نەبووە.

٥- لامارکیسم

Scanned with CamScanner

کۆمەڵە بیروڕایەکی لایەنگرانی لامارکی زانای بەناوبانگە دەربارەی گیانلەبەران دەڵێن: تەواوی گیانلەبەرانی ئەمڕۆ هەتاوەکو گیا و داریش ئاکامی پێگەیشتنی گیانلەبەرەکانی پێش ملیۆنان ساڵن، کە بە هۆی تێپەڕبوونی ساڵانی زۆر بوون بەوەی کە ئێستا دەبینرێن.. چونکە گۆڕانی دەوروبەری گیانلەبەر بەپێی ملیۆنان ساڵ لەش و و ڕەوشت و بەدەنی تووشی گۆڕان کردووە، وە ئەو بەشەی لەشی کە پێویستی زۆرتر پێی هەیە بە هێزتر بووە، ئەوەشی کە نیازی پێی نەماوە لاواز بووە یان هەر لەناو چووە.

٦- داروینیسم

شەڕی ژیان لە سروشت دا تەواو نابێت ئەم شەڕەش بۆ مانەوەی ژیان ساتێك نەوەستاوە و بێ گومان ئەوانەی کە لە ئەنجام دا دەمێننەوە بە هێز و شیاون و لەگەڵ سەختییەکانی سروشت دا دەگونجێن و ژینی خۆیان دەبەنەسەر. هەر لەو کاتیشدا بەپێی تێپەڕبوونی زەمان ئەندام و بەدەنی گیانلەبەران بەرەو خۆ گونجاندن لەگەڵ سەختییەکانی دەوروبەردا لە گۆڕانن تا سنووری نیاز و بەیەك خواردن لەگەڵ سروشت دا.

مرۆڤ و مەیموون کە نموونەی رێکی ئەم گیانلەبەرانەن ڕۆڵەی یەك باپیرن. ئەم بیروڕایە زانای بەناوبانگ (داروین) خستوویەتییە ڕوو بەتایبەتی لە کتێبی "بنچینەی جۆرەکان"دا.

٧- میچورینسم

ئەگەر گیانلەبەرێك بهێنین و بیخەینە جێگایێکی جوێ لەوەی تێدا ژیاوە و بەتەواوی و بە هەموو جۆرێك دەوروبەرەکەی رگۆڕین ئەوسا یان ئەوەتا گیانلەبەرەکە لەگەڵ سەختییەکانی دەوروبەرە تازەکیدا بەرەبەرەکانێ دەکات و ناگونجێت و هەروەکو جارانی خۆی دەمێنێتەوە لە ئاکام دا دەمرێت، یان ئەوسا لەگەڵ ژینگەی تازەکەیدا دەسازێ و بەپێی زەمان گیانلەبەرێکی دیکەی لێ دەردەچێت.

Scanned with CamScanner

زەوی ناسی



زەوی لـــە دەرەوە تـــا نـــاخ و قولاییەکەی لـە چینانە پێـك هاتووە:

١. چینی هەوا (با).
٢. چینی ئاو.
٣. چینی وشکە توێژ (سیال).
٤. چینی گڕە توێژ (سیما).
٥. چینی گۆی قورسە هەناوی زەوی (نیفە).

١- چینی هەوا : ***Atmosphere***

غازە توێژێکە هەموو لایێکی زەویی گۆتوەتە خۆ بەم ئەندازەیەش غازەکانی ڕادەیەکیان ڕاگرتووە:

٧٥،٧٪ ئازۆت "نتروجین"

٢٣،٠١٪ ئۆکسجین

١،٢٨٪ کاربۆن و گازە نایابەکانی دی.

٢- ئاوە بەرگ ***Hydrospher***

لە پێنج بەش چواری زەوی ئاو دایپۆشیوە کە دەکاتە یەك ملیار و سێصەد و حەفتا کیلۆمەتری سێ جا.

٣- وشکە توێژ ***Lithoshere***

چینێکە بە قوولایی ٥٠ تا ١٠٠ کم کەوا زۆر بەشی سیلسێم و ئالنیۆمە.

٤- گڕە توێژ (الغلاف الملتهب) ***Pyrosphere***

ئەستوورایی ئەم چینە ٢٠٠٠ کیلۆمەترە و وەکو ئاگرێکی تەواوە وایە و زۆربەی ئەم چینە سیلیس و مەنیزیۆمە.

٥- گۆی قورسە هەناو (الكرة اباطنية الثقيلة) ***Baryiosphere***

ناوەرۆکی زەوی یان گۆی فلزە جۆراوجۆرەکانە. لەبەر ئەوەش زۆربەی لە ئاسن و نیکل بریتییە، پێشی دەگوترێ "نیفە"، ئەستوورایی ئەم تۆپە یان تیرەکەی ٥٠٠٠ کیلۆمەترە.

Scanned with CamScanner

ڤیتامین

مـادەیێکی تایبەتییـە کـە لـە خـواردنی زینـدووەکان پێـك دێـت و هـەر یـەکێك لـە ڤیتامینـەکانیش لە خواردنێکی تایبەتیدا هەیە نەبوونی هەر یەکێکیشیان دەبێتـە هۆی نەخۆشـییەك لـە لـەش دا لەبـەر ئـەوەش لەش توانای دروست کردنی ڤیتـامینی نییـە بـۆ خـۆی – جگـە لـە ڤیتـامین D کـە پێـستی مـرۆڤ دەتوانێ لە تیشکی هەتاو دروستی بکات – دەبێ مرۆڤ لـە خـواردن دا دەسـتگیریان بکـات. ڤیتـامین چـەند جۆرێکی هەیە ئەمەش ناوی ڤیتامینە گرنگەکانە: A،B، C، D، E، K

کاری ڤیتامینەکان:

١- **ڤیتامین A**

بوونی ئەم ڤیتامینە لە لەشدا چاو بەهێز دەکات و نەخۆشییەکانی چاو کـەمتر کاریگـەر دەبـن، هـەروەها وزەی تێکڕایی لەش و بەربەرەکانی بەرامبەر بە نەخۆشییەکان کەمتر دەبێت.

٢- **ڤیتامین B**

نەبوونی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی لاوازیی دڵ، ئیفلیج بوون، نەخۆشیی پێست و لاوازییەکی تێکڕایی.

٣- **ڤیتامین C**

نەبوونی ئەم ڤیتامینە لە لەشدا دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشییانە:

کەم خوێنی، پووکاندنەوەی پووك و ددان کەوتن، نەخۆشیی گەدە و ریخۆڵە و سەرمابوون.

٤- **ڤیتامین D**

نەبوونی ئەم ڤیتامینە لە لەشدا دەبێتە هۆی ئەم نەخۆشییانە:

ئێسك نەرمی، کزیی بەربەرەکانێی لەش بەرامبەر بە سەرمابوون.

٥- **ڤیتامین E**

نەبوونی ئەم ڤیتامینە دەبێتە هۆی نەزۆکی و وجاغ کوێری، هەروەها بێ هێزیی توانای ژن و پیاوی.

٦- **ڤیتامین K**

بۆ خوێن چاکە. نەبوونی دەبێتە هۆی درەنگ وەستانەوەی خوێن بڕان.

کاری ڤیتامینەکان

هەر سەد گرام لەم خواردنانە چەند تاووزە (سعرە)ی تێدایە؟

١٠٠ گرام پەنیر	٢٨٠ کالری
١٠٠ گرام هێلکە	١٧٠ کالری
١٠٠ گرام گۆشتی گا	٢٩٠ کالری
١٠٠ گرام گۆشتی مەڕ	٣٢٠ کالری
١٠٠ گرام گۆشتی گوێرەکە	١٢٥ کالری

Scanned with CamScanner

١٠٠ گرام گۆشتی بەراز ٣٧٥ کالری
١٠٠ گرام ماسیی دەریا ٨٠ کالری
١٠٠ گرام ماسی روبار ٢٤٥ کالری
١٠٠ گرام کەرێ ٧٦٠ کالری
١٠٠ گرام رۆنی نەباتی ٧٥٠ کالری
١٠٠ گرام دانەوێڵە ٢٥٥ کالری
١٠٠ گرام ئاردە گەنم ٣٣٠ کالری
١٠٠ گرام ئاردە جۆ ٣١٥ کالری
١٠٠ گرام برنج ٣٤٠ کالری
١٠٠ گرام نانی سپی ٢٤٥ کالری
١٠٠ گرام نانی بۆر رەش ٢١٠ کالری
١٠٠ گرام پەتاتە ٨٥ کالری
١٠٠ گرام گێزەر ٣٨ کالری
١٠٠ گرام کەلەرمی سەوز ٦٠ کالری
١٠٠ گرام سپێناخ ١٧ کالری
١٠٠ گرام کاهوو (خاس) ١٧ کالری
١٠٠ گرام سێو و هەرمێ ٥٠ کالری
١٠٠ گرام تەماتە ٢٢ کالری
١٠٠ گرام چکلێت ٤٨٠ کالری
١٠٠ گرام شەکر ٤٠٠ کالری
١٠٠ گرام گوێز ٥٥٠ کالری
١٠٠ گرام شیری دایک ٦٩ کالری
١٠٠ گرام شیری مانگا ٦٦ کالری
١٠٠ گرام شیری بزن ٧٣ کالری

رۆژانەئەندازەی ڤیتامینی پێویست بۆ هەرکەسێك بە پێی تەمەن

هەر کەسە و پێی تەمەن	تاووزە (کالری)	پرۆتین	کالسیۆم	ئاسن	A	B	C	D	E
پیاوێك (بە جووڵانەوەی رۆژانە نەکەم و نە زۆر)	٣٠٠٠	٧٠	١	١٢	٥٠٠٠	١,٥	١,٨	٧٥	–
ژنێك (بەجووڵانەوەی رۆژانە نەکەم و نەزۆر)	٢٤٠٠	٦٠	١	١٢	٥٠٠٠	١,٢	١,٥	٧٠	–
ژنی دوو گیان (زك پڕ)	٢٤٠٠	٨٥	١,٥	١٥	٦٠٠٠	١,٥	٢,٥	١٠٠	٤٠٠
منداڵی ١-٢ ساڵان	١٦٠٠	٥٠	١	٨	٢٥٠٠	٠,٨	١,٢	٥٠	٤٠٠
منداڵی ٤-٦ ساڵان	٢٠٠٠	٦٠	١	١٠	٢٥٠٠	١	١,٥	٦٠	٤٠٠
منداڵی ٧-٩ ساڵان	٢٥٠٠	٧٠	١,٢	١٢	٤٥٠٠	١,٢	١,٨	٧٥	٤٠٠
کچی ١٣-١٥ ساڵان	٢٦٠٠	٨٠	١,٣	١٥	٥٠٠٠	١,٣	٢	٨٠	٤٠٠
کچی ١٦-٢٠ ساڵان	٢٤٠٠	٧٥	١	١٥	٥٠٠٠	١,٢	١,٨	٨٠	٤٠٠
کوڕی ١٣-١٥ ساڵان	٣٢٠٠	٨٥	١,٤	١٥	٥٠٠٠	١,٥	٢	٩٠	٤٠٠
کوڕی ١٦-٢٠ ساڵان	٣٨٠٠	١٠٠	١,٤	١٥	٦٠٠٠	١,٧	٢,٥	١٠٠	٤٠٠
ژنی شیردار (منداڵ لەبەر)	٣٠٠٠	١٠٠	٢	١٥	٨٠٠٠	١,٥	٢	١٥٠	٤٠٠

Scanned with CamScanner

گیان لەبەران

ئەم گیانلەبەرانە وا ناسراون

١- ئاسك	نیشانەی ئازادی و بێ گوناحی
٢- ئەسپ	نیشانەی ئازایی و هۆشیاری و نەجیبی
٣- باز	نیشانەی پەلامار و فەرمانڕەوایی
٤- بەبر	نیشانەی ئێش و ئازار و بێ دەسەڵات کوژی
٥- بەرخ	نیشانەی بێ ئازار و بێ گوناحی
٦- بلبل	نیشانەی شەیدایی و دەنگ خۆشی
٧- پەڕەسێلکە	نیشانەی بەهار و خۆشی
٨- پەپوولە	نیشانەی شەیدایی و دڵداری
٩- پڵنگ	نیشانەی مل هوڕی و ئازایی و خۆ بەزل زان
١٠- پشیلە	نیشانەی کاسەلێسی و بێ وەفایی
١١- پەپووسلێمانە	نیشانەی موژدە و هەواڵ
١٢- تووتی	نیشانەی لاسایی و بێبیری
١٣- تاووس	نیشانەی جوانی
١٤- چەقەڵ	نیشانەی زەغەڵی
١٥- حوشتر	نیشانەی قین و سەرسەختی و تامووڵ
١٦- داڵ	نیشانەی خۆپەسندی
١٧- ڕێوی	نیشانەی فێڵ و کاسە لێسی
١٨- کار	نیشانەی جەمووشی
١٩- کەر	نیشانەیگێلی و گەوجی
٢٠- کەورێشك	نیشانەی بێ ئاگایی و بێ خەبەری
٢١- کەڵەشێر	نیشانەی هۆشیار و حەز و ئارەزوو
٢٢- کەو	نیشانەی لەنجە و لار و بێ هۆشیاری
٢٣- کۆتر	نیشانەی ئاشتی و برایەتی
٢٤- کیسەڵ	نیشانەی لەسەرخۆیی
٢٥- گورگ	نیشانەی دڕندەیی و زۆرداری
٢٦- لەق لەق	نیشانەی شادی
٢٧- مێروو	نیشانەی سەرسەختی و قەناعەت
٢٨- مەیموون	نیشانەی لاسکایی و لەچاوکردنەوە
٢٩- مشك	نیشانەی ئازاری بێ نرخ گەیاندن لە دەوروبەر
٣٠- سەگ	نیشانەی وەفاداری

Scanned with CamScanner

٣١- سیمرخ	نیشانەی جنگ له هەر کوتان و خەیاڵ پلاوی
٣٢- شێر	نیشانەی ئازایی و رەوشت بەرزی
٣٣- شابو (کوندەبو)	نیشانەی وێرانه و نەگبەتی
٣٤- قەلەرەش	هاتوهوت و تیوتی و نەگبەتی
٣٥- عەلەشیش	نیشانەی دوو رەنگی و بی باری
٣٦- ورچ	نیشانەی فرە خۆریو گێلی
٣٧- هەڵۆ	نیشانەی فیز و لووت بەرزی

ئاسك

حوشتر

Scanned with CamScanner

ناوی ئەو گیانلەبەرانە کە لە مێژوودا ناوبراون

١- ئەژدیها	بەبۆنەی حەزرەتی مووساوە
٢- کەر	کەرەکەی مەلا نەصرەدین
٣- کەر	کەری دەجال
٤- کەر	کەرەکەی حەزرەتی عیسا
٥- رۆکو	ئەو کەروێشکەی بۆ بۆشایی ئاسمان ناردرا
٦- فیل	هێرشی ئەبرەهە بە فیلەوە بۆ سەر مەککە
٧- قەلەرەش	قابیل
٨- گا	ئاپیس
٩- گورگ	باروموس و رومولوس (شاری رۆمایان ئاواکرد)
١٠- ئەسپ	دوانزدە سوارەی مەریوان
١١- گورگ	حەزرەتی یوسف
١٢- لایکا	سەگێك کە سۆڤیەت ناردی بۆ بۆشایی ئاسمان
١٣- مار	مارەکانی سەر شانی زوحاك
١٤- مار	بەبۆنەی دایکە حەواوە
١٥- مارانگوا	ناوی ئەسپەکانی ناپلیۆن
١٦- نەهەنگ	حەزرەتی یونس
١٧- حوشتر	حوشتری پێغەمبەر (ص)
١٨- نانوا	مەیموونێك کە بۆ بۆشایی ئاسمان ناردرا
١٩- پەپووسلێمانە	حەزرەتی سلێمان
٢٠- دوبرا	لە ئەفسانەکانی یۆنان دا هەموو رۆژێك (دوبرا) جەرگی پرۆمیثوسي مرۆڤ دۆستی دەرهێناوە و خواردوویەتی و دیسان لە سبەینێ جەرگی هاتووەتە جێگەی خۆی.

ناوی چەند جۆرە ماسی

١- **هەرەماسی:** *Poisson Scie*

بەشێکە لە خێزانیی سفرە ماسی و زۆربەی ئێسکەکانی کرتێنەییە واتا "غضروفي"یە.

٢- **تیر ماسی** *Torpille*

تا ئەندازەیەك پان و پۆرە و لەشی جۆرێك کارەبای تێدایە ئەم جۆرە ماسییانە زۆرتر لە کەناری ئۆقیانووسی ئەتلەسیدا دەژین.

٣- **پەپوولە ماسی** *Heros Facetus*

Scanned with CamScanner

درێژیی تا شانزده سانتیمەتر دەبێت و رەنگەکەشی سەوز و قاوەیی و نەختێك زەردە لەگەڵ میلی رەش

د). ئەم ماسییانە زۆرتر لە رووبار و گۆمەکانی ئەمریکای باشووردا دەژین.



٤- **پۆلا ماسی** *Borbus Pulatinai*

زۆرتر لە دەریای خەزەردا زۆرە.

٥- **تاسە ماسی** *Esturgeon*

تا ئەندازەیەك زل و بە سەنگ، جار جار دەگاتە شەش مەتر درێژی و پێنجسەد کیلۆگرام قورسی. پێشی دەگوترێ ماسی (خاوپار).

٦- **چلچلە ماسی** *Polycanthe*

درێژییەکەی دەگاتە شەش سانتیمەتر، زۆرتر لە مەلی پەرەسێلکە دەچێت و لە گۆمەکانی وڵاتی چین و مالیزیدا زۆرە. ئەم جۆرە ماسییانە، نێرە تۆپێکی هەوایی لە دەمییەوە دروست دەکات و مێنگینە هێلکەی تێدا دەکات و دوای شەش سەعات دەبن بە ماسی. ئەم چەشنە ماسییانە زۆرتر گۆشت خۆرن.

٧- **سفرە ماسی** *Paie*

جۆرە ماسییەکی خێرا و چالاکە و زۆرتر لە بنی دەریادا دەنوێت.

٨- **سەگ ماسی** *Requins*

جۆرێك ماسیی زۆر زل و زەلام و گۆشت خۆرە.

٩- **شا ماسی** *Rouget*

ئەم جۆرە ماسییە دوو ریشی لە کاکیلەی خوارەوە بەرداوەتەوە، زۆرتر رەنگەکانیان بەلای سوور دایە و لەگەڵ خاڵ خاڵی رەش.

١٠- **شمشێر ماسی** *Espadon*

درێژی ئەم جۆرە دەگاتە پێنج مەتر و لەبەشی سەرەوە سلکەکەی بە درێژدا وەکو شمشێرێکی نێسك دەرکەوتووە و بۆیە بەو ناوە ناسراوە.

١١- **شێر ماسی** *Caillev Tassart*

زۆرتر لە کەنداوی عەرەب دا هەیە.

١٢- **گاماسی** *Gobie*

زۆرتر لە رووبارەکان دا دەژین.

Scanned with CamScanner

١٣- ماسی ئازاد *Saumon*

زۆرتر لە دەریای سارد و دەریای ناوەڕاست دا دەژین و درێژیی ئەم جۆرە ماسیانە دەگاتە دوومەتر.

١٤- ماسی کارەبایی *Gymnote*

زۆرتر لە ماسی دەچێت، درێژییەکەی دەگاتە دوو مەتر و چوار لە پێنجی مەتردا ئەم جۆرە ماسییە ٨٠٠ ڤۆلت کارەبای تێدایە "واتە بە ئەندازە هەشت گڵۆپی سەد نمرەیی".

١٥- ماسیی باڵدار *Exocetipoison Volant*

ئەم جۆرە ماسییانە لە دەریا گەرمەکان دا دەژین و تا بەرزیی پێنج مەتر لەرووی دەریا بەرزدەبێتەوە و زۆرتر لە سەد مەتر هەڵ دەفڕێت بە ئاسمانەوە، بەم شێوە خۆی لە دوژمنەکانی دەپارێزێت.

١٦- ماسیی شەڕ *Betta Pugnax*

درێژایی دەگاتە هەشت سانتیمەتر و رەنگاورەنگە و لە وڵاتانی وەك سۆمەترە، جاوە، بونوای و هیندستان دا دەژیت. ئەم جۆرە ماسییە – چۆن لە وڵاتی کوردەواریی خۆمان دا شەڕە کەڵەشێر و شەڕە بەران و شەڕە گا دەکرا و مەرج و گرەویان لەسەر دەکرد – لەو وڵاتانەدا بۆ شەڕ ماسی بەخێو دەکرێن.

١٧- ماسیی گۆم *Garassin*

رەنگەکانیان سوور و زێڕین و سپییە، درێژییان تا بیست سانتیمەتر دەبێت.

١٨- ماسیی جۆگەلە *Able*

زۆرتر لە جۆگەلەدا دەژین و پوولەکەکانیان مادەیەك دروست دەکات پێی دەڵێن "ئاسانس" کە مرواریی لیدروست دەکرێت – واتە مرواریی دەستکرد.

١٩- ماسییە سپی *Ahlettede Mer*

درێژیی ئەم ماسییە تا پەنجا سانتیمەتر دەبێت و گۆشتی زۆر خۆشە.

٢٠- ماسیی (قزل ئالا) *Truite*

زۆرتر لە ئاوی شیرین دا دەژیت، درێژی تا چل سانتیمەتر دەبێت، زەیتوون رەنگە و دەمی چەند ددانێکی تێدایە.

٢١- ماسیی کەبور *Carpe*

درێژیی سێ سانتیمەترە لە ئاوی وەستاودا دەژیت و رەنگی قاوەییە.

٢٢- ماسیی کەفال *Muge*

لە زۆربەری دەریاکان دا دەبینرێت، درێژی تا پەنجا سانتیمەترە.

٢٣- ماسیی کۆسە *Carcharias*

جانەوەرێکی دڕندە و خوێن خۆرە، درێژیی دەگاتە سیانزدە مەتر. لەدەمەیدا چەند ریزە ددانی تیژی هەرە شێوەی هەیە و دوژمنی زۆربەی گیانلەبەرانی ناو دەریایە.

Scanned with CamScanner

هەندێك

زانیاری پزیشكیی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پزیشکه ناسراوەکانی ئیسلام

١- **ئیبن ئەبی صادق (ئەبولقاسم)** به بووقراتی دووەم ناودار بووەوە لە سەدەی پێنجەمی کۆچیدا ژیاوە. دوو کتێبی بە عەرەبی نووسیوە بەناوی:

١. شرح فصول بو قراط.

٢. شرح مسائل الجنین.

٢- **ئیبن سینا** (٣٧٠ – ٤٢٨ ك)

لە بەشەکانی فەلسەفە و هونەردا باس کراوە.

٣- **ئەبو زەکەریا ئیبن ئەلماسەوەیی**

لە ساڵی ٢٤٣ك دا مردووە و لە دەورانی مەئموون و موعتەسەمی خەلیفەی عەباسیدا لە بەغدا ژیاوە. لە پزیشکی دا ناوباوی زۆر بووە و قوتابیی (جبرائیل بەختیشوع) بووە، ئەمانەش ناوی چەند کتێبێکی ئەم پزیشکەیە:

١- دغل العین

٢- النوادر الطبیة.

٤- **ئەبولسەهل ئەلمەسیحی**

لە ساڵی ٤٠٣ی ك دا مردووە و پزیشکی دەربارەی عەباسییەکان بووە و کتێبێکی نووسیوە بەناوی: (المائة في الصناعة الطبیة).

٥- **ئەبو سەعید عەبدوڵڵا**

لە ساڵی ٤٥٠ ی ك دا مردووە، لە بەغدا ژیاوە. جگە لە پزیشکی دەرمانیشی دروست کردووە، ئەمەش ناوی چەند کتێبێکی ئەم پزیشکەیە:

١- الروضة الطبیعیة.

٢- لغة الحیوان و منافعه.

٣- طبایع الحیوان و خواصه و منافع اعضائه.

٦- **حونێن ئیبن ئیسحاق** (١٤٩ – ٢٦٣ ك)

ئەم پزیشکە ناسراوە جگە لە رشتەی پزیشکی زۆر کتێبی لە یۆنانی و سریانییەوە کردووە بە عەرەبی.

٧- **ئیبن ئەبی نوصێبعە** (٦٠٠ – ٦٦٨ ك)

Scanned with CamScanner

پزیشکی چاو بوو، هونەری پزیشکی لە باوکییەوە بۆ ماوەتەوە، کتێبێکی نووسیوە بەناوی: (عیون الأنباء في طبقات الاطباء).

٨- ئەبو عەلائەدین ئیبن زەهر

لە ساڵی ٥٢٥ ك دا مردووە، ئەم پزیشکە هەتاوەکو لە وڵاتە رۆژاواییەکانیش دا زۆر ناسراوە و کتێبێکی نووسیوە بەناوی (كتاب التيسير في المداواة). لە وڵاتی ئەندەلوس دا ژیاوە.

٩- عەلی ئیبن عیسا (سەدەی سێیەم)

پزیشکی تایبەتی موعتەمەدی خەلیفەی عەباسی بووە. کتێبێکی نووسیوە بە ناوی "منافع الحيوان".

١٠- ئەبو بەکر محەممەد بن زەکریا یەحیا ئەلرازی (٢٥١ – ٣١٣ ك)

بە جالینۆسی عەرەب ناوداربووە و لە زۆر رشتەی دیکەدا دەستی هەبووە وەکو فەلسەفە و ریاضیات، ئەستێرەناسی، ئەدەبیات.

ئەمەش ناوی چەند کتێبێکی ئەوە:

١. الحاوي.
٢. الطب المنصوري.
٣. من لايحضره الطبيب.
٤. الفاخر في الطب.
٥. دفع مضار الأغدية.
٦. المدخل الصغير.

Scanned with CamScanner

پزیشکە ناسراوەکانی جیهان

١- **ئابرث (کارل)** *Eberth* (١٨٣٥ – ١٩٢٦ ز)
خەڵکی ئەڵمانیایەو بووە بە مامۆستای زانکۆی زوریخ. زۆرتر دەربارەی ئێسکی نەرمە تەقەڵای داوە.

٢- **ئەلن "فرانسو"**
لە ساڵی ١٨٩٢ ز دا لە شاری پاریس لە دایك بووە، مامۆستای زانکۆی پاریس بووە و بۆ یەکەمین جار کونی دڵی (عەملیات) کردووە.

٣- **ئارلیخ "پاول"** *Ehrlich* (١٨٥٤ – ١٩١٥ ز)
خەڵکی ئەڵمانیایە و خەڵاتی پزیشکیی نۆبلی وەرگرتووە، زۆرتر دەربارەی نەخۆشی "سفلس" کاری کردووە.

٤- **ئەندرس "جان فرانکلین"** *Enders . J . F*
لە ساڵی ١٨٩٧ ز لە خێزانێکی ناسراو و دەوڵەمەند هاتوەتە دنیاوە، ساڵی ١٩٥٤ دەربارەی نەخۆشیی سووریژە خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە.

٥- **بووقرات** *Hipocrate* ٤٦٠ – ٣٧٧ پ. ز
گەورەترین و بەناوبانگترین پزیشکی مێژووی کۆنی مرۆڤە، بە باوکی پزیشکی بەناوبانگە. لە شاری کۆس هاتوەتە دنیاوە لە سەردەمی پریکلس دا قوتابخانەی پزیشکی داناوە، تاکو ئێستاش زۆر بیروڕای ئەم پزیشکە شایانی ڕێزە و پەیڕەوی لێ دەکرێت ئەگەرچی زیاتر لە دوو هەزار ساڵ پێش ئەمرۆ ژیاوە.. سوێندنامەکەشی کە پزیشکەکان زانکۆی تەواو دەکەن سوێندی پێ دەخۆن نیشانەی بیروڕای بەرزی ئەم بلیمەتەیە.

٦- **جالینوس** *Galien . C*
لە ساڵی ١٣١ ز دا لەدایك بووە و بڕوای بە مەسیحیەت نەهێناوە و لە ساڵی ٢٠١ز دا لە شاری ڕۆما مردووە.

٧- **شاناق** *Chanaky*
"سەدەی سێیەم و چوارەمی کۆچی"
خەڵکی وڵاتی هیندستان بووە و وەزیری (چندراکیتیا) و زانایەکی ناسراو بووە بەتایبەتی دەربارەی ژەهرە جۆراوجۆرکان.

٨- **کۆخ "ڕۆبەرت"** *Koch. R.* (١٨٤٣ – ١٩١٠ ز)

Scanned with CamScanner

له شاری هارتز لـه دایـك بـووه و لەشاری گوتنکن دا زانکۆی تـواو کـردووه، لـه سـەرەتاوه دەربـارەی نەخۆشییەکانی ئـاژەڵ لـه تەقـەلادابووه، سـەرەنجام میکرۆبـی سـیلی دۆزیوەتـەوه و تـوانی میکرۆبـی کـۆلیرا جیابکاتەوه. لەدواییشدا هەر بەو میکرۆبە مرد کە خۆی دۆزییەوە، واتا بە نەخۆشیی سیل.

دۆزراوەکانی پزیشکی

دۆزراوه	ناوی زانا	ساڵ	وڵات
ناوڵه	جنر	١٧٩٨	بریتانیا
ئەسپرین	جیرارد	١٨٥٣	ئەڵمانیا
ئەسپرین (خاسیەتەکەی)	رادزسر	١٨٩٩	ئەڵمانیا
ئاتر (بۆبی هۆشی)	لانگ	١٨٤٢	ئەمریکا
سترو پتیومایسین	واکس مەن	١٩٤٥	کەنەدا
تیشکه ئێکس	رۆنتکن	١٨٩٥	ئەڵمانیا
ئەنسولین	پنتینگ و بست	١٩٢١	بریتانیا
سولفامید	دماك	١٩٣٤	ئەڵمانیا
رەشەزام (ئاگرە)	پاستور	١٨٨٠	فرانسه
ئیفلیجی	سالك	١٩٥٣	ئەمریکا
میکرۆب	پاستور	١٨٦٠	فرانسه
میکرۆبی گولی (جذام)	هانس رۆبرت	١٨٧٤	نەرویج
میکرۆبی سوورێژە	ئەبرت	١٨٨٠	ئەڵمانیا
میکرۆبی دیفیتری	لوفلر فردریك	١٨٨٠	ئەڵمانیا
مکرۆبی سیل	روبەرت کوخ	١٨٨٣	ئەڵمانیا
میکرۆبی رەشەزام	داون	١٨٤٠	فرانسه
میکرۆبی تاعوون	برسن ئەلەکساندەر	١٨٤٤	فرانسه
میکرۆبی وەبا	روبەرت کۆخ	١٨٨٣	ئەڵمانیا
میکرۆبی هاری	پاستور	١٨٧٥	فرانسه
میکرۆبی گەزاز	نیکولاید	١١٨٤	ئەڵمانیا

Scanned with CamScanner

ناوی ئەوانەی پاداشتی نۆبلیان وەرگرتووە
لە پزیشکی دا

ژ	ناو	ساڵ	وڵات	بۆنە و هۆ
١	ئەمیل ئەدۆلف فۆن	١٩٠١	ئەڵمانیا	سیرەی نەخۆشیی دیفیتر
٢	سێر رۆنالد، روس	١٩٠٢	بریتانیا	مالاریا و چۆنیەتی لەناوبردنی
٣	نیلسون ریبرك ڤینسان	١٩٠٣	دانیمارك	دەربارەی نەخۆشیی (فیونس) و فلكاریس
٤	ئیڤان پترۆڤیج پاڤلۆڤ	١٩٠٤	سۆڤیەت	دەربارەی دەزگای گەدە و ریخۆڵە
٥	رۆبەرت كۆخ	١٩٠٥	ئەڵمانیا	دەربارەی سیل
٦	گولگی	١٩٠٦	ئیتالیا	دەربارەی دەمار (أعصاب)
	ئیگاگال	١٩٠٦	ئیسپانیا	دەربارەی دەمار (أعصاب)
٧	لاوران	١٩٠٧	فڕانسە	دەربـارەی پروتـۆزار کـە چـۆن نەخۆشیی دەخولقێنێت.
٨	بل ئەرلیخ	١٩٠٨	ئەڵمانیا	دەربارەی بەرگریی (مناعە)ی لەش
	ئیلیا مەچینكوف	١٩٠٨	سۆڤیەت	
٩	ئەمیل كوخر	١٩٠٩	سویسرا	دەربارەی تیرۆئید
١٠	ئەلبەرت كۆسل	١٩١٠	ئەڵمانیا	دەربارەی پرۆتین
١١	ئەلوار گولستراند	١٩١١	سوێد	دەربارەی چاو
١٢	ئەلیكسی كارل	١٩١٢	ئەمریكا	دەربارەی کارکردن و جێبەجێ کردنی رەگی لەش
١٣	شارل رۆبەریشە	١٩١٣	فڕانسە	دەربارەی ئانافیلاكسی.
١٤	رۆبەرت بارانی	١٩١٤	مەجەر	دەربارەی پەلوپۆی لەش.
١٥	بۆ ساڵی داهاتوو دانرا			
١٦	خرایە سندووقەوە			
١٧	دانرا بۆ ساڵی داهاتوو			بەهۆی شەڕی یەکەمی جیهانەوە
١٨	دابەش نەکرا			
١٩	دابەش نەکرا			
٢٠	پاداشـتی سـاڵی پێـشوو لـە ساڵەدا درا:			
	جۆل بوردە	١٩١٩	بەلجیكا	دەربارەی بەرگریی لەش
	استین كروك	١٩٢٠	دانیمارك	دەربارەی رەگە وردەكانی لەش

Scanned with CamScanner

	دانرا بۆ ساڵی داهاتوو			
٢١	لەم ساڵەدا هی (٢١) خرایە			
٢٢	سنووقەوە. هی ساڵی ١٩٢٢ دانرا بۆ ساڵی هاتوو			
٢٣	پاداشتی ساڵی پێشوو لەم ساڵەدا درا بە:			
	أ – هیل	١٩٢٣	بریتانیا	دەربارەی گرو وزەی ماسولکەکان.
	ب – مایر هۆف	–	ئەڵمانیا	دەربارەی پێویستیی بە ئۆکسجین و چۆنیەتیی لەگەڵ خواردن دا.
٢٤	پاداشتی ساڵی ١٩٢٣ ز درا بە:			
	أ – فردریك پاتینك		کەنەدا	دەربارەی ئەنسۆلین.
	ب – جان ماکلئود		کەنەدا	
	ویلهلم ئاینتهون	١٩٢٤	هۆڵەندە	دەربارەی لیدانی دڵ بەهۆی کارەبا.
٢٥	دانرا بۆ ساڵی داهاتوو			
٢٦	خرایە سندووقەوە. هی ساڵی پێشوو و هی ساڵی (٢٦) دانرا بۆ ساڵی داهاتوو.			
٢٧	پاداشتی ساڵی ٢٦ کە نەدرا بوو لەم ساڵەدا درا:			
	أ – یۆهانس فیبی گر	١٩٢٦	دانیمارك	دەربارەی سپیروپتیرا.
	ب – جۆلیۆس واگنەر ژورك	١٩٢٧	نەمسا	دەربامری ئیفلیجی و شێتی.
٢٨	شارل نیکۆل	١٩٢٨	فرانسە	دەربارەی تیفۆس.
٢٩	أ- کریستیان ئیکمان	١٩٢٩	هۆڵەندە	دەربارەی ڤیتامین، دەرباەی دەمار.
	ب – فردریك هۆپکنس		بریتانیا	دەربارەی ڤیتامینی چالاکی بەخش.
٣٠	لاند ستاینر	١٩٣٠	نەمسا	جۆراو جۆر بوونی خوێنی مرۆڤ.
٣١	واربورك	١٩٣١	ئەڵمانیا	دەربارەی ئانزیمی هەناسە.
٣٢	أ- شرینگتون	١٩٣٢	بریتانیا	دەربارەی دەمار.
	ب – ئادریان	١٩٣٢		
٣٣	تۆماس مۆرگان	١٩٣٣	ئەمریکا	دەربارەی کرۆمۆزۆم لە ڕەگەزدا.
٣٤	أ- جۆرج ویپل	١٩٣٤	ئەڵمانیا	دەربارەی جەرگ و کەم خوێنی.
	ب – جۆرج زماینور			
	ج – ولیام مورمن			
٣٥	هانز اسپمان	١٩٣٥		دەربارەی نەتەوە
٣٦	أ- هێنری دبل	١٩٣٦	بریتانیا	دەربارەی دەمار
	ب- ئوتو لوئی		نەمسا	دەربارەی ڤیتامین C .
٣٧	ناگیر	١٩٣٧	مەجەر	دەربارەی ئەسیدوفورمالیك.
٣٨	داندرا بۆ ساڵی داهاتوو			

Scanned with CamScanner

٣٩	هی ساڵی پێشوو درا بە:	١٩٢٨	بەلجیکا	دەربارەی ئائورتیك و سینوس.
	جان هیمان			
	هی ساڵی ١٩٣٩ درا بە:	١٩٣٩	ئەڵمانیا	دەربارەی دژی باکتریا.
	گرهارد دوماك			شەڕی دووەمی جیهان.
٤٠	دابەش نەکرا.			
٤١	دابەش نەکرا.			
٤٢	دابەش نەکرا.			
٤٣	دانرا بۆ ساڵی داهاتوو.			
٤٤	پاداشتی ساڵی پێشوو لەم			
	ساڵەدا دراوە بە:			
	أ – هێنری کارل پیتردام	١٩٤٣	دانیمارك	دەربارەی ڤیتامین K.
	ب- ئەدوارد دویزی	١٩٤٣	ئەمریکا	دەربارەی ڤیتامین D .
٤٥	پاداشتی ساڵی ١٩٤٤ دراوە بە			
	سێ کەس:			
	ا- جۆزێف ئەرلانکر			
	ب- ئەرنیست چین	١٩٤٤	بریتانیا	دۆزینەوەی پەنسلین.
	ج- فلوری			
٤٦	هێرمان مولەر	١٩٤٦	ئەمریکا	دەربارەی تیشکی جۆراوجۆر.
٤٧	أ- کارل کوری		ئەمریکا	دەربارەی کلیوکوجین.
	ب- جرتی کوری	١٩٤٧	ئەمریکا	
	ج- برنارد هوسی		ئەرجەنتین	دەربارەی شەکر و هۆرمۆن
٤٨	پل مۆلەر	١٩٤٨	سویسرا	دەربارەی د. د. تی
٤٩	أ- والتەر هیس	١٩٤٩	سویسرا	دەربارەی مێشك و لەش.
	ب – ئەنتۆنیۆ فریداگاس		پرتەغال	دەربارەی دەرمان و مێشك.
٥٠	أ- ئەدوارد کندال	١٩٥٠	ئەمریکا	
	ب- تادیوس رایخستان		سویسرا	دەربارەی هۆرمۆن
	ج- فیلیب شوالتزهنج		ئەمریکا	
٥١	ماکس تیلەر	١٩٥١	ئەمریکا	دەربارەی تای زەرد.
٥٢	وایزمن	١٩٥٢	ئەمریکا	دەربارەی ئەنتی بیۆتیك.
٥٣	أ- هانس کری	١٩٥٣	بریتانیا	دەربارەی ئەسید ستریك.
	ب- ئەلبەرت لیپمان		ئەمریکا	دەربارەی ئانزیم.
٥٤	ا- جان فرانکلین ئەندرسن	١٩٥٤	ئەمریکا	
	ت- تۆماس فولەر		ئەمریکا	دەربارەی ئیفلیج بوونی منداڵ
	ج- رابینس		ئەمریکا	
٥٥	تئورل	١٩٥٥	سوێد	دەربارەی ئەکسید ئەسیۆن
٥٦	ا- ئەندرێ کورنالد	١٩٥٦	ئەڵمانیا	
	ب- ورنەر فورسمان		ئەڵمانیا	دەربارەی دڵ و دەزگای خوێن.
	ج- ریشارد جونیور		ئەمریکا	

Scanned with CamScanner

دانیل پوت	١٩٥٧	ئیتالیا	
ا- جۆرج بیدل		ئەمریکا	دەربارەی ماسولکە و ئێسك بەندی
ب- ئەدوارد تاتوم	١٩٥٨	ئەمریکا	دەربارەی ژین بەهۆی دەرمانەوە.
ج- لیدر بێرك		ئەمریکا	
ا- سوروا ئەکوا	١٩٥٩	ئەمریکا	دەربارەی تێکەڵ بوونی ژینی لەش
ب- ئەرتور گۆرتبرك		ئەمریکا	دەربارەی ئەسید ریبونو. کلینیك و ئەسید دیوکسید.
ا- فرانك بورنت	١٩٦٠	ئوستراليا	دەربارەی بەرگریی.
ب- پیتەر مداوار		بریتانیا	دەستکەوتووی لەش.
جۆرج فون بکزی	١٩٦١	ئەمریکا	دەربارەی گوێ.
ا- جێمس واتسۆن	١٩٦٢	بریتانیا	دەربارەی ئەسید نوکلینك.
ب- فرانسیس کریك		بریتانیا	
ا- ئەلن هوچکین	١٩٦٣	بریتانیا	دەربارەی دەمار
ب- ئەندرێ هاکسل		بریتانیا	
ج- سێرجان کاروا کلس		ئوستراليا	

درێژەی خەڵاتەکانی ساڵانی دواتر لە بەرگەکانی تردا هاتووە

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئاین و پێغەمبەران

و ناودارانی ئاین

Scanned with CamScanner

باوە ئادەم و دایە حەوا

Scanned with CamScanner

١ـ ئاین لە یۆنانی کۆن دا

یۆنانییەکان هێزی گەورە و ناسراو یان نەناسرا و هەر کاروبارێکی ڕۆژانەیان بەو خوایانە بەستوەتەوە کە لە وڵاتی یۆنان دا بیروڕا لەسەر بوونیان هەبووە و تەواوی ئەندێشەیان لە سنووری یەکێك لە خواکان دا نەچوەتە دەرەوە، لەم رووەشەوە خواکانیان کردوەتە حەوت کۆمەڵەوە یان حەوت بەشەوە؛

١- خواکانی ئاسمانی
٢- خواکانی سەر زەوی
٣- خواکانی پیت و کشتوکاڵ
٤- خواکانی چوارپێ و دڕەندەکان
٥- خواکانی ژێر زەوی
٦- خواکانی پێشوو
٧- خواکانی ئۆلیپۆس

خوای خواکانی یۆنان هەروەکو خوای هیندییەکانی کۆن هەر ئەو خوا گەورە و مەزنەیە کە لە ئاسمان دایە و کەم کەم گۆڕاوە و لە مرۆڤەوە زۆر نزیك بوەتەوە و سەر ئەنجام بووە بە "ئورانۆس" فەرمانڕەوای هەور و باران و بریسکە و ئاسمان.

ترسێنەرترین خواکانی لە ژێر زەویدا دەژیان و بەشێکیان لە ئەشکەوت و شەق و درزی کێوەکان دا حیا یۆنانییەکان بەرۆژ زۆر کەم تەرخەم بوون بەرامبەر خواکانی ژێر زەوی و بە پێچەوانەشەوە شەوان پەنایان دەبردەوە بەریان و دەیان پەرستن.

یۆنانییەکان دەربارەی ژیانەوەی مرۆڤ و روح هێندە خۆیان پێوە ماندوو نەکردووە، بۆیە لەم رووەوە شتێکی وا ڕاستەوخۆ بە دەستەوە نییە کە بیروباوەڕیانی دەرخستبێت.

زۆربەی خواکانی یۆنان لە مرۆڤەوە زۆر نزیك بوون و لە شێوەی مرۆڤ دا بوون بەڵام باش نەیان توانیوە روحی ئاینی و فەلسەفیی پەیڕەوانیان ئارام و خۆش بەخت و رازی بکەن.

٢ـ ئاین لە رۆمی کۆن دا :

سەر زەویی ئیتالیاش هەروەکو وڵاتی یۆنان لە کۆن دا قۆناغی شارستانەتییان بڕیوە و بە پێی بیروڕایەك ژیاون ئەگەر بێتۆ لەگەڵ دنیای ئەو ساکەدا بەراوردی بکەیت سەروگەردنێك لە کۆمەڵی مرۆڤی ئەو سەردەمە بەرزتر بوون.

لەسەرەتاوە گەلی رۆمان هەموو شتێکیان لە ڕوانگەی خوادا دەبینی و باوەڕیان بە هێز و توانایەکی نەبینراو هەبووە بەڵام کەم کەم بیروڕای رۆمانەکان لەگەڵ بیروڕای یۆنانییەکان لەلایێکەوە و بیروڕای میللەتانی رۆژهەڵاتیش لەلایێکی ترەوە تێکەڵ بووە , بەڵام بەپێی تێپەڕبوونی زەمان فەرمانڕەوایانی رۆمان شێوە و کاراکتەرێکی خواییان لە خۆ ناوە و بەڵکو زۆربەیان بەخوا زانیوە و لەگەڵ پەیدا بوونی ئاینی مەسیحیدا ئەو بیروڕا ئاینییەش سەری تێدا چوو.

٣ـ ئاینی هیندوئیسم :

بە شێوەیێکی تێکڕایی ئاینی هیندوئیسم کە ئاینێکی کۆنی هیندستان بووە دەتوانین بەم شێوەیە باسی ئەو قۆناغە بکەین کە لە وڵاتی هیندستان دا بڕیویەتی؛

Scanned with CamScanner

ا- **سەردەمی سەرەتایی:**
یان سەردەمی پێش مێژوو, لەم رووەوە هیچیان بە دەستەوە نییە.

ب – سەردەمی شارستانەتیی دۆڵی سەند:
دەربارەی ئەم سەردەمەش دیسان شتێکی وامان بە دەستەوە نییە بەڵام بەپێی هەڵ کەندن و پشکنینێکی زۆر لەم دۆڵەدا دەرکەوتووە کە بت و پەیکەری زۆر دۆزراوەتەوە و ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە بت پەرست بووبن.

ج – سەردەمی ڤیدالی:
ئەم سەردەمە لە سەرکەوتنی گەلی شیمالییەکانەوە دەست پێ دەکات کە لە سەرووی هیندستان دا ژیاون تا ٨٠٠ ساڵ پێش زایین.

د- سەردەمی براهمنی:
لەم سەردەمەدا دام و دەزگای ئاینی پێك هاتووە و لەوە دەچێت دوای "برهمن"ەکان ئوپانیشادەکان پێك هاتوون.

ه – سەردەمی زیندووکردنەوەی هیندوئیسم و باوەڕ بەبوونی نیشانەکانی خواوەند.

کتێبە ئاینییەکانی هیندوئیسم:

بە کتابی ئاینی هیندوئیسم دەڵێن ڤیدا *Veda* , تێکڕای ڤیداش بریتییە لە چوار کتێب:

١- ریگ ڤیدا *Rig-Veda* : کە زۆربەی سروودەکانە.
٢- یاجوور ڤیدا *Yajur-Veda* دەربارەی چۆنیەتی قوربانی کردنە.
٣- ساما ڤیدا *Sama-Veda* دەربارەی مۆسیقایە.
٤- ئەتهرڤا ڤیدا *Atharva-Veda* کە زۆربەی دەربارەی جادوو و ئەفسانەکانە.

هەریەکێکیش لەم بەشانە بریتییە لە چوار بەش:

١- سەنهیتا *Sanhita* : سروود – دوعا – نوێژ ویرد بۆ قوربانی.
٢- برهمن: دەربارەی کرداری ڤیداکانە.
٣- ئارینك: دەربارەی رەفتاری پیرەکانە.
٤- ئوپانیشاد: دەربارەی فەلسەفەی پیرەکانە. ژمارەی پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە ٣١٠ ملیۆن کەس زیاترە.

خوا ناسراوەکانی هیندو:

١- ئاگنی: خوای ئاگر.
٢- ئاندەر: خوای باران.
٣- ئاشنی گۆمار: خوای پزیشکی.
٤- برەهما: فریشتەی خواوەندگار.
٥- برن: سەرپەرشتی ئاو.

Scanned with CamScanner

پرجانت: خوای پێك هێنان.

٦- دیۆس: خوای ئاسمان.

٧- سورج: خوای هەتاو.

٨- شیوا: خوای لەناو بردن.

٩- گیان ئاندری: خوای بیر و ئەندێشە.

١٠- مروت: فریشتەی با.

١١- میتر: سەرپەرشتی هەتاو.

١٢- مریتو: سەرپەرشتی مەرگ.

١٣- ماترسوا: سەرپەرشتی با.

١٤- ویشنو: خوای لەناو بردن.

١٥-

٤- ئاینی بوودایی:

ئاینی بوودا لەپێش هەموو شتێك دا تێ دەكۆشێت بۆ ئەوەی مرۆڤ لەگەڵ دەروونی خۆی دا بگاتە ئامانجێكی رەوا و پەسەند كە دوور بێت لە خۆپەرستی و خۆپەسندی.

ئەم ئاینە لە ساڵی ٦٠٠ پ. ز دا رووی داوە و بوودا دانەری ئەم ئاینە شازادەیێكی وڵاتی هیندستان بووە بەناوی "هرتها گوتامابوودا" كتێبی ئاینی ناوی (تری پیتاكا)یە بە مانای سێ سەبەتە زانیاری و سێ بەشە:

١- بەشی عیرفان و حیكمەت.

٢- بەشی رەوشتی پێشەوای ئاینن.

٣- بەشی روون كردنەوەی ئاین.

ئاینی بوودا سێ جۆر پەیرەوانی جۆراوجۆری تێدایە كە لە جێگای جیاوازدا دەژین:

١- هانایانا *Hinayana*

ئەم بەشە زۆرتر لە باشووری رۆژهەڵاتی ئاسیا دا دەژین.

٢- ماهایانا *Mahayana*

لە سەرەوەی وڵاتی چین دا دەژین.

٣- لامائیسم *Lamaisme*

ئاین دارانی بوودا ٣٨٠ ملیۆن كەسە.

٥- ئاینی كونفۆشیۆس:

ئەم ئاینە ٦٠٠ ساڵ پ. ز پەیدا بووە بە رابەریی (چیوگونگ), كتێبی ئاینەكە ناوی "ئەنالكتنر"ە زۆرتر دەربارەی رەوشتی مرۆڤە. كاكڵی فەرمانەكانی ئەم فەیلەسووفە ئەمەیە كە "هەرچی بۆ خۆتی بە چاك نازانیت بۆ خەڵك بە رەوای دامەنێ". پەیرەوانی ئەم ئاینە ٣٠٠ تا ٤٠٠ ملیۆن كەسە.

٦- ئاینی تائوئیسم:

لەلایەن فەیلەسووفێكی وڵاتی چینەوە داهاتووە بە ناوی "الاوتسو" پێش ٥٢٤ ساڵ پێش زایین پەیرەوانی ئەم ئاینە ٥٠ ملیۆن كەسە.

٧- ئاینی زەردەشت:

Scanned with CamScanner

ئەم ئاینەش ٦٠٠ ساڵ پێش زایین لە ئێران دا پەیدا بووە لەلایەن کەسێکەوە بەناوی (زەردەشت) و کتێبی ئەم ئاینە ناوی ئاڤێستایە. پەیڕەوانی ئەم ئاینە ئێستا ١٢٥٠٠٠ کەسێکە.

٨- ئاینی جوو:

لەسەدەی سیانزدەی پێش زایین دا حەزرەتی (موسا) بووە بە پێغەمبەری خوا و ئاینی (یەهوودی) بۆ کردەوە کتێبی ئاینی یەوودی ناوی (تەورات)ە. تێکڕای پەیڕەوانی ئەم ئاینە (١٥) ملیۆن کەس دەبێت.

٩- ئاینی مەسیحی:

ئەم ئاینە سەرەتا لە وڵاتی فەلەستین دا پەیدا بوو، کە حەزرەتی عیسا بووە بە پێغەمبەری خوا، ئاینی مەسیحی لەدوای ئەودا بە دنیا بڵاو بوەتەوە. پەیڕەوانی ئەم ئاینە نزیکەی ٧٠٠ ملیۆن کەس دەبێت.

١٠- ئاینی ئیسلام:

پەیامبەری ئەم ئاینە حەزرەتی (محمد)ە (ص) کە لە ساڵی ٦١٢ی زایین لە شاری مەکە بڵاوی کردەوە، کتێبی ئەم ئاینە قورئانی پیرۆزە کە بە زمانی عەرەبییە و پەیڕەوانی ئەم ئاینە لە ٤٢٠ ملیۆن کەس زیاترە.

پێغەمبەران و ناودارانی ئایین لە مێژووی مرۆڤ دا

١- حەزرەتی ئیبراهیم:

بە (خلیل الله) واتا دۆستی خوا بەناوبانگە و پێغەمبەری خودا بووە، لە ساڵی ١٩٩٤ی پێش زایین دا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی بابلییەکان دا بە ناوی (نی تیاس) کوڕی شاژنە ئەفسانەییەك بەناوی (سمیر امیس) هاتوەتە دنیاوە، لەبەر ئەوەی باوەڕی بە یەکایەتیی خوا هەبووە و دژی بت و ئاینی بابلییەکان بووە، لە شار دەریان کردووە لە وڵاتی کەنعان دا گیرساوەتەوە.

٢- حەزرەتی ئیسماعیل:

کوڕی حەزرەتی ئیبراهیم و برای ئیسحاق بووە لە باوکەوە حەزرەتی ئیسماعیل لەگەڵ باوکی دا خانووی کەعبەیان دروست کردووە و ڕەگەزی تیرەی قورەیش دەگەڕێتەوە سەر حەزرەتی ئیسماعیل. لە ساڵی ١٨٩٩ پ. ز لە تەمەنی سەد و سی حەوت ساڵی دا مردووە.

٣- ئەندریاس:

برای بەتروس بووە، پێش ئەوەی باوەڕ بە حەزرەتی عیسا بهێنێ ماسی گر بووە، لە ئاکام دا بووە بە یەکێك لە نزیکانی عیسا پێغەمبەر، بۆ برەو پێدانی ئاینی مەسیحی بەرەو کەنارەکانی دەریای ڕەش و رووسیا بەڕێ کەوتووە و لە ئاسیای بچووك و یۆنانیش دا لە بلاوکردنەوەی ئاینەکە بەردەوام بووە. لە ئەنجام دا لە یۆنان گیراوە و چوار پەلیان داکوتاوە و بە داردا هەڵیان واسیوە.

Scanned with CamScanner

٤- برتلما "تولماوس":

بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینی مەسیحی چووەتە حیجاز و هیندستان و ئێران و ئەرمینیا. لە وڵاتی ئەرمینیادا گیراوە و بە زیندوویی پێستیان کەنووە.

٥- بوودا "گوتاما":

لە ساڵی ٥٦٣ی پ. ز دا لە دایك بووە, کچێکی ئامۆزای خۆی هێناوە بەناوی یادسودهارا لەتەمەنی نۆزدە ساڵی دا و کوڕێکی بووە ناوی ناوە "راهولا" بوودا بۆ ماوەی شەش ساڵ هەر لە بیرکردنەوە و رامان بوو دوو لە خەڵك تا بۆی دەرکەوت کەوا راستەقینەی دۆزیوەتەوە, جا دەستی لە ماڵ و منداڵ و کەس و کاری شازادەیی هەڵ گرتووە و بیروڕاکانی لەناو خەڵك دا بڵاوکردوەتەوە لە ساڵی ٤٨٣ پ. زدا مردووە.

٦- تۆما:

لەشاری جەلیل لە دایك بووە, مرۆڤێکی سەخت کوش بووە. درەنگ باوەڕی پەیدا دەکرد تا نەیدیبا بە ئاسانی دانی بە هیچ دانەدەنا. یەکێك بووە لە نزیکانی حەزرەتی عیسا ئەویش وەکو زۆربەی شاگردانی مەسیح بۆ بڵاوکردنەوەی ئاینەکەی بەرەو وڵاتان ڕۆیشتووە و لە وڵاتی هیندستان دا بەنیزە کوژراوە.

٧- جەرجیس:

هەندێك مێژوونوس لایان وایە کە لە شاگردەکانی مەسیح بووە, هەندێکیش دەڵێن گوایا خۆی پێغەمبەر بووە. زۆر دەوڵەمەند بووە بە ئەندازەیێکی وا کە نەیان توانیوە سامانی بژمێرن.

٨- جەعفەر کوڕی محەممەد:

بە (صادق) بەناوبانگە ئیمامی شەشەمی ڕێبای شیعەکانە و تەنانەت بەناوی ئەویشەوە ناونراوە شیعەی جەعفەری.

٩- حسێن کوڕی عەلی (ع):

ئیمام حسێن کوڕی ئیمام عەلی سێیەمین پێشەوای ڕێبازی شیعەی ئیمامییە. لە شاری مەدینەوە چووەتەوە مەککە, لەو شارەش دا دەستوپێوەندی یەزیدی کوڕی معاویە دژ بەو هەر خەریکی پیلان گێران و خەڵك هان دان بوون. تا لە عیراقەوە بە تایبەتی لە شاری کووفەوە خەڵکێکی زۆر داوایان لیکرد بەرەو ئەوێ بڕوات, بۆ ئەوەی فرمانەکانی جێبەجێ بکەن, بەڵام دەسەڵاتی ئەمەوییەکان بە سەرۆکایەتیی عوبیدیللای کوڕی زیاد تەواوی لایەنگیرانی تەفروتونا کرد و حەزرەتی حسێن بە تەنیا لە دەشتی کەربەرلادا مایەوە و لە ئەنجام دا کوژرا. ئەم کوشتارە دوور لە مەردایەتییە لە ڕۆژی دەی مانگی موحەڕەمی ساڵی ٦١ی کۆچیدا ڕووی دا.

١٠- حزقیل:

چوارەمین پێغەمبەری جوولەکانە کوڕی "بوری کاهی" لە شاری "یهودیە" لە دایك بووە, لە ساڵی ٥٩٨ی پێش زایین دا لەلایەن نەبوخذ نەسرەوە بە دیلی بردراوە بۆ شاری بابل.

١١- خضر:

پێغەمبەری خوایە و ئاوی ئیندوویی خواردەوەتەوە لای کورد بە خدری زیندە ناسراوە.

Scanned with CamScanner

١٢- دانیال:

لە سەردەمی دەست بە سەربی جوولەکەکان دا لە بابل ژیاوە لەبەر ئەوەی داهاتووی لێک داوەتەوە لە پاشای بابلەوە نزیک بوەتەوە. تا سەردەمی ئەسکەندەری (ذولقەرنین) ژیاوە.

١٣- داود:

حەزرەتی داود لە ساڵی ١٠٣٣ پ. ز دا لە شاری بێت لەحم لەدایک بووە و لە تەمەنی ٧١ ساڵیدا مردووە. حەزرەتی داود بەرخەوان بووە، ئەگەر چی لەش و ئەندامی زل و زەلام نەبووە بەڵام ئازا و نەترس بووە، کاتێک کە نانی هێناوە بۆ براکانی کە لە شەڕدا بوون پاڵەوانێکی زۆر زەلامی بەهێزی (جالووت) ناو داوای مەیدانداری و بەرامبەرکێ دەکات داودیش بەو ئەندام بچووکییەوە بەرامبەری دەوەستێت و بە بەردەقانی دەی کوژێت. فەرمانڕەوایی حەزرەتی داود ٤٠ ساڵ بووە.

١٤- زەردەشت:

لە ساڵی ٦٤٠ ی پێش زایین دا لە شاری ئورمیە لە دایک بووە، لە سەردەمی فەرمانڕەوایی زنجیرەی ساسانی دا ئاینی زەردەشت بووە بە ئاینی تێکرایی ئێران. لە ساڵی ٥٨٣ پ. ز دا لەلایەن کابرایەکی تورکەوە بە ناوی براتورک رەش لە شاری بەیداخ کوژراوە.

١٥- سلێمان:

کوڕی حەزرەتی داود و سێیەمین پاشای جوولەکانە. لە ساڵی ١٠٠٦ی پێش زایین دا بووە بە شا و لەسەر پاشایەتیی (عدون)ی برای خۆی لەناو بردووە و لە ساڵی ٩٢٦ پ. ز دا مردووە.

١٦- شیت:

دەڵێن کە قابیل هابیلی کوشتووە، حەزرەتی ئادەم بۆی نارەحەت بووە و هەمیشە لەگریان و زاری دا بووە تا خوا کوڕێکی جوان و ئێسک سووکی پێ داوە بەناوی شیت.

١٧- صالح:

دوای لەناوچوونی نەتەوەی عاد، میللەتی ئەموود جێی ئەوانیان گرتەوە و دیسان دەستیان بە بت پەرستی کردەوە. صالح سەریان و داوای لێ کردن واز لە بت پەرستی بهێنن و ڕوو لە خوا بکەن. صالح ١٥٠ ساڵ تەمەنی کردووە.

١٨- عەلی (ع):

حەزرەتی عەلی کوڕی ئەبوتالب لە ڕۆژی سیانزدەی ڕەجەبی ساڵی ٢٣ی پێش کۆچی دا هاتوەتە دونیاوە و لەتەمەنی شەست و سێ ساڵیدا لە مزگەوتی کووفەدا لەلایەن کابرایێکەوە بەناوی عەبدوڕڕەحمان کوڕی مەلجەم کوژرا. حەزرەتی عەلی چوارەمین خەلیفەی ئیسلام بووە.

Scanned with CamScanner

١٩- فاطمە:

کچی پێغەمبەری خوا (محمد)ە (ص) ژنی حەزرەتی عەلی و دایکی حەسەنو حسێن بووە، لە ساڵی دووەمی پەیامی پێغەمبەرێتیدا لەدایك بووە و حەفتا ڕۆژ دوای مردنی پێغەمبەر (ص) لە دنیادا دەرچووە.

٢٠- کالۆن (جان):

لەساڵی ١٥٠٩ ز لە دایك بووە، یەکێکە لە پێشەوا ڕۆشنبیرەکانی ئاینی مەسیحی لە ئەوروپادا، کۆمەڵەکەی زۆرتر لە پرۆتستانەکانەوە نزیکترن. بیروڕای کالۆن دژی ڕەفتاری کاثولیکەکان و چۆنیەتی ئەنجام دانی ڕا و ڕەسمە ئاینییەکانیان بووە، لایەنگرانی ئەم بیروڕایە زۆرتر لە فڕانسە و هۆڵەندە و سویسرەدان کالۆن لە ساڵی ١٥٦٤ ز مردووە.

٢١- کۆنفۆشیۆس:

لە ساڵی ٥٥٠ پ. ز لە دایك بووە، قوتابخانەیێکی بیروڕای نوێی بۆ گەنجەکان پێك هێنا تا کاربەدەستان تا کاربەدەستان چاو لە ڕەفتاریان بکەن و هەنگاوی جوان بنێن و فەرمانڕەواییەکان پەسەند بکرێت لەتەمەنی چل و حەوت ساڵیدا کارێکی دەوڵەتییان پێ سپارد، ئەو لەو ڕێگەیەوە توانی بیروڕای خۆی بە خەڵکێکی زۆر بسەلمێنێت و ئەم سەرکەوتنە بوو بە هۆی ئەوەی پیلانی بۆ ڕێك بخەن و بۆ ماوەی سیانزدە ساڵ لە وڵات دووری بخەنەوە. دوای گەڕانەوەی هەر خەریکی نووسین و باسی فەلسەفی بوو تا مردنی.

٢٢- لۆپەر "مارتین":

لە ساڵی ١٤٨٣ ز دا لە شاری ئیزل بن لە دایك بووە باوکی کرێکاری کانگا بووە، دوای تەواو کردنی خوێندن لە (دار الفنون)ی شاری ئارفۆرت دا لە ساڵی ١٥٠٥ ز دەچێتە کلێساوە و دەبێ بە قەشە. لە دواییدا بەرهەڵستی هەندێك کردەوەی دەربارەی کۆشکی پاپای کرد و بەزمی کڕینی بەهەشت و فرشتنی گوناحەکانی ڕەت کردەوە. ویستیان بە زیندوویی بی سووتێنن بەڵام خۆی شاردەوە، لەو کاتەدا ئینجلیی وەرگێرایە سەر زمانی ئەڵمانی. لە ساڵی ١٥٤٦ز دا مرد.

٢٢- محمّد پێغەمبەری خوا (ص):

محمد کوڕی عەبدوڵلا لە بەرەبەیانی ڕۆژی هەینی دوازدەی مانگی (ڕەبیعول ئەوەل)ی ساڵی فیل دا کە دەکاتە ساڵی ٥٧١ی زایین لە مەککە هاتوەتە دنیاوە. لە سکی دایکیدا بووە باوکی مردووە. تەمەنی شەش ساڵان بووە دایکی مردووە. لە دوانزدە ساڵیدا لەگەڵ ئەبو تاڵبی مامیدا ڕۆیشتووە بۆ شام لە بیست و پێنج ساڵیدا (خەدیجە)ی گەورەی مارەکردووە و لە چل ساڵیدا قورئانی بۆ هاتوەتە خوارەوە. لەبەر ئازار و دەردەسەریی قورەیش ناچار کۆچی کردووە بۆ شاری (مەدینە) و لەو شارەدا ئاینی پیرۆزی ئیسلام بەهێز بووە و لەمانگی ڕەمەزانی ساڵی هەشتەمی کۆچیدا لەگەڵ موسڵمانان دا گەڕاوەتەوە مەککە و ڕۆژ بە ڕۆژ ئیسلام پەرەی سەندووە. دوازدەی مانگی ڕەبیعول ئەوەلی ساڵی یازدەهەمی کۆچیدا لە دنیا دەرچووە.

مەسیح:

عیسای مەسیح پێغەمبەری خوایە و دایکی ناوی مریەمە و بە فەرمانی خوا سکی پڕبووە بۆیە زۆربەی پەیڕەوەکانی حەزرەتی عیسا لە باوەڕێك دان کە کوڕی خوایە. لە قودس گیراوە و چوار مێخە کێشراوە و بە داردا هەڵواسراوە.

Scanned with CamScanner

مووسا:

حەزرەتی مووسا لە سەردەمی فەرمانڕەوایی رامسیسی دووەم دا لە شاری مەنفیس لەدایك بووە کە دەکاتە ساڵی ١٥٧١ی پێش زایین.

لەبەر ئەوەی فیرعون منداڵی کوڕی جوولەکەکان دەکوشت, دایکی حەزرەتی مووسا, مووسای خستە ناو زەمبیلێکەوە و بە ڕووباری نیلی دادا, وا ڕێکەوت کچەکەی فیرعۆن هەڵی بگرێتەوە و لە کۆشکی فرعۆن دا گەورەی بکات. تا ڕۆژێك کابرایێکە میصری جوولەکەیێکی ئازار دا مووسا کابرای میصری کوشت.. لە ئەنجام دا لە شار دەرچوو و لە بیابانی کەناری دەریای سووردا بوو بە شوان. پاشان بوو بە پێغەمبەر و بە یاریدەی هاروونی برای جوولەکەکانی لە میصر دەرهێنا و بردنی بۆ سینا.

نووح:

وەکو گوتراوە, هەزار و حەوت سەد و دوو ساڵ دوای مردنی حەزرەتی ئادەم هاتوەتە دنیاوە و لە پەنجا ساڵیدا بووە بە پێغەمبەری خوا, هەرچی هەوڵی داوە نەتەوەکەی خوا بناسن بێ سوود بووە, خوا فەرمانی دا کە کەشتییەك دروست بکات. دوای تەواو بوونی کەشتییەکە نووح لەگەڵ سێ کوڕەکەی – سام, یافپ, حام و ژنەکانیان و جووتێك لە هەموو زیندەوەران دا سواری بوون ئەوجا چل ڕۆژ باران باری بە شێوەیێکی وا کە خاڵێك لە زەویدا بەرچاو نەدەکەوت, سەد و پەنجا ڕۆژ زەوی لەژێر ئاودا مایەوە و هەرچی گیان لەبەر هەبوو لەناو چوو, دوای ئەوەی کەم کەم ئاو نیشتەوە لوتکەی چیاکان دەرکەوتن و کەشتییەکە بەسەر کەژی (جودی)یەوە لەنگەری خست و دیسان سەرلەنوێ ڕەگەزی مرۆڤ زۆر بووەوە.

یەحیا:

حەزرەتی زەکەریا منداڵی نەدەبوو تا تەمەنی نەوەت ساڵی هەر وەجاخ کوێر بوو. ئەوە بوو خوا لەو تەمەنەدا کوڕێکی پێداو ناونرا یەحیا و بوو پێغەمبەر.

حەزرەتی یەحیا بیستی کە پاشای فەلەستین بەناوی (هێروود) عاشقی کچە براکەی خۆی بووە, ئەم دڵدارییە ناڵەبارە بەلای یەحیاوە گەلێك ناپەسند بووە و لە ڕوویان وەستاوە. بەڵام کچەکە داوای لە پاشا کرد کە سەری یەحیای بۆ بنێرێت, ئەویش فەرمان دەدا و سەری دەبڕن و لەسەر لەنگەرییەکەی زێڕ بە دیاری بۆ کچەی دەبەن.

یوسف:

کوڕی حەزرەتی یەعقوب کوڕی حەزرەتی ئیسحاق کوڕی حەزرەتی ئیبراهیمە, لە ساڵی ١٧٤٥ پ. ز لە دۆڵی رافیدەین لە دایك بووە و لە ساڵی ١٦٣٥ ی پ. ز لە میصر مردووە.

لەبەر ئەوەی باوکی بە تایبەتی ئەوی خۆش ویستووە براکانی ڕقی لێ هەڵ دەگرن و پیلانی کوشتنی دادەنێنەوە. ڕۆژێك دەیخەنە ناو بیرێکەوە و کراسەکەشیان بۆ حەزرەتی یەعقوب هێناوە کە گوایا گورگ خواردوویەتی. کاروانێك یوسف لە بیر دەردەهێنن و لە وڵاتی میصردا بە کاربەدەستێکی دەفرۆشن, ژنی ئەم کاربەدەستە عاشق و شەیدای یوسف دەبێت بەڵام یوسف مل بەو هەوەسە نادا و لە ئاکام دا ئەو ژنە کە ناوی زولێخا بووە کارێکی وادەکا دەخرێتە بەندیخانەوە و چەند ساڵێك لە بەندیخانەدا دەمێنێتەوە و لەبەر ئەوەی

Scanned with CamScanner

خەونی بۆ بەندیەکان لێک دەدایەوە و راست دەردەچوون، هەواڵی ئەم پێش بینییە گەیشتە دەربارەی کۆشکی فیرعون. ئەویش ناردی بەدوای دا بۆ لێک دانەوەی خەونێک کە دیتبووی، حەزرەتی یوسف بە جوانی خەونەکەی بۆ لێک دایەوە و کرا بە وەزیری دەستەڕاستی فیرعون و لە ئاکام دا براکانیشتی هێنایە لای خۆی لە میصر.

ناوی چەند هاوڕێیەکی پێغەمبەری خوا

١- **ئەبو بەکر:**

کوڕی ئەبو قوحافەیە لە ساڵی ١٣ی کۆچی دا لە دنیا دەرچووە، باوکی حەزرەتی عایشەی ژنی پێغەمبەر (ص) و یەکەمین خەلیفەی ئیسلامە.

٢- **ئەبوو ئەیووب ئەلئەنصاری:**

یەکێک بووە لە هاوڕێیانی پێغەمبەر (ص)، لە شەڕەکانی بەدر، ئوحد و خەندەق دا بەشداری کردووە. لەساڵی ٥٢ی کۆچیدا لە ڕێگای قوستەنتەنییەدا نەخۆش کەوتووە و مردووە.

٣- **ئەبوو ذەڕڕی غەفاری:**

جوندوب کوڕی جنادە. گەلێک لە خواترس و ئاگاداری ڕێبازەکانی دنیای ئیسلام بووە. دەربارەی مافی ئیسلام هەمیشە لەگەڵ کاربەدەستان دا لە هەرا دابووە، لە شام و مەدینە دەرکراوە و لە بیابان دا مردووە.

٤- **ئەرقەم:**

لەساڵی ٥٥ی کۆچیدا مردووە و یەکێک بووە لە هاوڕێیەکانی پێغەمبەری خوا.

٥- **جابر کوڕی عەبدوڵلای ئەنصاری:**

کاتێک وەفاتی کردووە تەمەنی نەوەت و چوار ساڵ بووە و بە یەکێک لەوانە دەژمێردرێت کە وتەکانی پێغەمبەری گێڕاوەتەوە.

٦- **حذێفە کوڕی یەمان:**

لە ساڵی ٣٦ی کۆچی دا لە شاری مەدائن مردووە.

Scanned with CamScanner

٧- **خالید کوڕی وەلید:**

یەکێك بووە لە سەردارانی سوپای ئیسلام لە ساڵی شەشەمی کۆچیدا موسڵمان بووە و لە شاری حیمص دا لە دنیا دەرچووە.

٨- **زوبێر کوڕی عەووام:**

هاوڕێی پێغەمبەرە (ص) و کوڕی پوورییەتی. لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵیدا موسڵمان بووە لە شەڕی (جەمەل) دا کوژراوە.

٩- **زەید کوڕی حاریثە کوڕی شورحەبیل:**

کۆیلەیەك بووە کە حەزرەتی خەدیجە کڕیویەتی و بە دیاری دراوە بە پێغەمبەر. لە شەڕی تەبووك دا ئاڵا هەڵگری لەشکری موسڵمانان بووە.

١٠- **سەعد کوڕی ئەبو وەقاص:**

یەکێکە لە موسڵمانە پێشینەکان و سەردارێکی گەورەی ئیسلامە و شەڕی قادسیەی بەناوبانگ لە ژێر فەرماندەیی ئەودا بە ئەنجام دراوە. لە تەمەنی نەوەت ساڵیدا مردووە.

١١- **سەلمانی فارسی:**

یەکێکە لە موسڵمانە یەکەمینەکان و خەڵکی دەوروبەری ئەصفەهان بووە, لە سەرەتاوە بووە بە مەسیحی و لە ئاکام دا موسڵمان بووە دوای ئەوەی لە کۆیلەیی ئازاد کراوە. هەڵ کەندنی چاڵ لە شەڕی خەندەق دا لەسەر بیروڕای ئەو ئەنجام دراوە. بوو بە فەرمانداری مەدائن و لەوێش لە ساڵی ٣٧ی کۆچی دا مردووە.

١٢- **صهێب کوڕی سنان کوڕی مالك:**

لە ساڵی ٣٢ی کۆچیدا مردووە, یەکێك بووە لە تیرهاوێژە بەناوبانگەکانی ئیسلام و باوکی یەکێك بووە لە ناودارانی سەردەمی گومرایی (جاهلی).

١٣- **تەلحە کوڕی عەبدوڵا:**

کوڕی مامی ئەبو بەکری صدیق بووە, لە تەمەنی ٣٢ ساڵیدا موسڵمان بووە. لە شەڕی جەمەل دا کوژراوە.

١٤- **عەبدوڕڕەحمان کوڕی عەوف:**

یەکێکە لە دە مزگێنی پێدراوانی بەهەشت, دەڵێن هەشتەمین کەس بوو کە باوەڕی بە ئیسلامی پیرۆز هێناوە. بیستویەك جار برینداربووە.

١٥- **عوثمان کوڕی عەففان (رض):**

لە ساڵی ٣٢ ك دا لە تەمەنی هەشتا و یەك ساڵیدا شەهید کراوە, زاوای پێغەمبەر بووە کەوا مێردی روقەییە و ئوم کەلثوومی کچانی پێغەمبەر بووە یەك لە دوای یەك بە سێیەمین خەلیفەی موسڵمانان هەڵبژێردراوە.

Scanned with CamScanner

١٦- عەممار کوڕی یاسر:
لە ساڵی ٣٧ کۆچیدا لە شەڕی صفین دا کوژراوە و یەکێك بووە لە یارانی پێغەمبەر دەژمێردرێت.

١٧- عومەری کوڕی خەتتاب (رض):
بە دووەمین خەلیفەی ئیسلام هەڵبـژێردراوە و لە سـەردەمی خەلیفایـەتی ئـەوا ئیسلام زۆر شوێنی لە کوفر و تارێکی رزگار کردووە. شاری کووفە و بەصرە لە سەردەمی ئەو مەزنەدا دروست کراوە و لە ساڵی ٢٣ی کۆچیدا بەدەستی (فەیروز) ناوێکەوە شەهید کراوە.

١٨- عەمر کوڕی عاص:
یەکێك بووە لە هاوالآنی محمد (ص)، نووسەر و سەردار و ئاگادار و زیرەك بووە، لەتەمەنی نەوەد ساڵیدا مردووە، لەسەر دەستی ئەو میصر ئازاد کراوە.

Scanned with CamScanner

ناوی چەند ئیمامێکی ڕێبازی ئاینی ئسلام

١- ئەبوو حەنیفە (٨٠ — ١٥٠ ك):

ئەبوو حەنیفە نوعمان کوڕی ثابتە , لە شاری (کووفە) لە دایك بووە, ئیمامی مەزهەبی (حەنەفی)یە لە ئیسلام دا زانایەکی گەورە و ئاگادار بووە, خەلیفەی عەباسی بەندی کردووە و لە بەندیخانەدا مردووە.

٢- مالك کوڕی ئەنەس (٩٥ — ١٧٩ ك):

لە شاری مەدینە لە دایك بووە, زانایێکی ناودار و خاوەن مەزهەبی مالکییە. لە مەدینەش مردووە لە گۆڕستانی (ئەلبەقیع) نێژراوە.

٣- شافعی (١٥٥ — ٢٠٤ ك):

محەممەد کوڕی ئیدریس لە مەککە دەرسی خوێندووە و چووەتە مەدینە لای مالك کوڕی ئەنەس خوێندوویەتی و ساڵی ١٩٥ هاتوەتە بەغدا. مەزهەبی (شافیعی) لە ئاینی ئیسلام دا پەیڕەوی بیروڕاکانی ئەم زانا گەورەیەیە.

٤- ئەحمەد کوڕی محەممەد کوڕی حەنبەل

لە بەغدادا لە دایك بووە, بە دوا زانیاریدا کووفە و بەصرە و مەککە و مەدینە و شام گەڕاوە, لە سەرەتادا لە خزمەت ئیمامی شافیعی خوێندوویەتی دژی ڕێبازی (موعتەزیلە) بووە و بیووڕای ئەوانی بە (بیدعەت) داناوە, لە سەرەتاوە دەوڵەت ئازاری داوە بە تایبەتی لە سەردەمی مەئموون و موعتەصەم دا, بەڵام (متەوەکیل) ڕێزی لێ گرتووە.

Scanned with CamScanner

هونەرە جوانەکان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هونەرە جوانەکان

بەرهەمی جوان بە دوو شێوە هەستی پێ دەکرێت، واتە بینین و بیستن، جا لەسەر ئەم بنەڕەتە هونەرە جوانەکان دەکرێن بە سێ بەشەوە:

١- هونەرە بەرچاوەکان، واتا ئەوانەی بە چاو دەبینرێن.

٢- هونەرە گوێ بیستەکان.

٣- ئەو هونەرانەی دەبینرێن و دەبیسترین.

١- هونەری بەرچاو:

تەجەسومی و تەشکیلیشی پێ دەڵێن و بریتییە لە ڕەنگ و شێوە کە سروشت بە جوانی دەردەخات بە زمانێکی پڕ لە وردەکارییەوە بێ ورتە داستانێکی شیرین یا ڕاستەقینە دەگێڕێتەوە بە جۆرێکی کە هەموو کەس بە گوێرەی خۆی لێی تێ دەگات، کەموکورتیی ئەم هونەرە ئەوەیە کە بێ جووڵانەوەیە، واتە هەر یەك ڕووی ژیان یان تەنیا گۆشەیەك لە گۆشەکانی ژیان دەردەخات ئەمەش وەکو چوارچێوەیەك وایە ئەم جۆرە هونەرە پێوەند دەکات وەکو هونەرە بیستراوەکان بێ سنوور نییە و لە ڕاستیدا شێوەییێکە لە پێشان دانی (مادە) و ناتوانێت وەکو هونەرە بیستراوەکان پەنجە لە مەعنەویات بکوتێت و جوان جوان بیخاتە خەلسەی روح ووژانەوە. لە ڕاستیدا ئەم جۆرە هونەرانە هەستێکی دوو مەودایی "دووری" هەیە وەکو نیگار و ڕەسم، وە بە دروست کردنی سێبەر و رووناکی یان دوورنما مەودای سییەمی تێدا دەردەکەوێت.

هونەرە بینراوەکانیش بریتین لەمانە:

١- نیگار کێشان

٢- وێنەگری

٣- پەیکەرسازی

٤- میعماری "ئاواکاری"

٢- هونەری بیستراو

لە هونەرەدا جوانی بە شێوەی وشە ئاواز و ئاهەنگ خۆی پێشان دەدات.. ئەم هونەرەش چوارچێوەی نییە و پابەندی جێگەش نابێت و مەبەستەکانی خۆی تا ئەندازەی توانا نیشان دەدات بە شێوەیێکی وا کە ئەو جوانییە هەستە ناسکەکانی بیر و حەز بهێنێتە جووڵاندنەوە ئەم هونەرانەش ئەمانەن:

١- مۆسیقا

٢- ئەدەبیات

٣- وتار و تووێژ

٣- هونەری بینرا و بیستراو

واتا (سەمعی) و (بەصەری).

Scanned with CamScanner

لەم شێوە هونەرەدا جوانی شێوەی ناهەنگ و وشە لەلایێکەوە رەنگ و شێوە لە لایێکی ترەوە دەردەکەوێت و راستەقینەکانی سروشت دەردەخات و لە هەردوو جۆرە هونەرەکەی پێشوو پایە بەرزترە.

هونەرەکانی بینراو و بیسترا و بریتین لە مانە:

١. سەما و هەڵپەرکێ.
٢. مۆسیقا.
٣. شانۆیی.
٤. سینەما.

زاراوەکانی نیگارکێشی

١- **ئەکسپرسیۆنیسم** *Expressionisme*

شێوەییێکە لە هونەری نیگار، پەیکەرسازی، ئەدەبیات و سینەما، مەبەست لە دەرخستنی هەستەکانی هونەرمەندە لەگەڵ چۆنیەتی بەیانەکەی بۆ دەور و بەری.

٢- **ئمپرسیۆنیسم** *Impressionisme*

شێوەییێکە لە نیگارکێشان کە لە چاودا زۆرتر خۆی دەردەخات.. ئەم شێوەکاری نیگار کێشانە زۆر لە بلیمەتە ناسراوەکانی جیهان نیگار دایان ناوە و پەیڕەویان لێ کردووە وەکو: مونێ، رێنوار، مانی سیسلە، سیزان، دیگا، گیومن و موریزو.

٣- **پالت**

ئەو تەختەیەیە کە نیگارکێش رەنگەکانی بەسەرەوە ئامادە دەکات بۆ رەنگ لێکدان و ئیش کردن.

٤- **پرسپکێف**

واتا دوورنمای هونەری رەسم کردن بە پێی بینین.

٥- **پۆرترە (پۆرترێت)**

واتا نیگارکێشانی رواڵەت.

٦- **تابلۆ**

واتا ئەو پەردەیە کە نیگاری لەسەر کێشراوە.

٧- **ریالیسم** *Realisme*

واتا نیگارکێشان لە ڕاستەقینەیەك کە لە گلینەدا هەیە، چ توندوتیژی و زبری بێت یان ناسك و زەریفی.

٨- **رۆکۆکۆ** *Rococo*

شێوەییێکە لە شێوەکانی میعماری (ناواکاری) کە لە بنەڕەت دا شێوەی باروك سوودی وەرگرتووە بەڵام ناسکتر لەو، ئەم هونەرەش زیاتر لاسایی هونەری وڵاتی چین دەکاتەوە.

Scanned with CamScanner

٩- رۆمانتیسم *Romantisme*

شێوەیێکە لە شێوەکانی نیگارکێشان کە تێ دەکۆشێت هێندە پابەندی چوار چیوە ناسراوەکانی هونەری کلاسیك نەبێت بەڵکو زۆرتر گۆیایی هەستەکانی مرۆڤە بەڵام بە زمانێکی سادە و ئاسان.

١٠- سورامپرسیۆن *Surimpression*

شێوەیێکە لە شێوەکانی نیگارکێشان کە پەیرەوانی قوتابخانەی ئەمپرسیۆنیسم دایان هێناوە.

١١- سوریالیسم *Surealisme*

شێوەیێکی نیگارکێشییە کە بیروڕای دەروونی نیگارکێشی تێدا دەردەکەوێت.

١٢- سیلویت *Silhouette*

١٣- فرسەنگ

نیگارکێشان بە رەنگی تەڕ.

١٤- فورتوریسم

شێوەیێکە لە شێوەکانی نیگارکێشی کە زۆرتر ئایندەی مرۆڤی بەلاوە گرنگە, دانەری ئەم شێوەیە (ماریتنی)یە.

١٥- فۆیسم

شێوەی بێ دەربەستی و بێ بەند و باری نیگار کێشان دایە, رابەری ئەم رێبازە نیگارکێشی بەناوبانگی فرانسە (گۆگان) بووە.

١٦- کاریکاتۆر

جۆرێکە لە نیگارکێشان کە نیگارکێش هەوڵ دەدا ئەو شتانەی وا زۆرتر لە رواڵەتی ئەو کەسەدا دەرکەوتووە بە شێوەیێکی گاڵتە و پێکەنیناوی رەسم بکات.

١٧- کاریکاتۆریست

واتا نیگارکێشی شێوەی کاریکاتۆری.

١٨- کلاسیسم *Classisme*

شێوەیێکی نیگارکێشانە کە روخسا رو چۆنیەتیی کەسە ئایینییەکان لەگەڵ خەڵکی تردا جیاواز پیشان بدرێت.

١٩- کوبیسم *Cubisme* "تەکعیبی"

Scanned with CamScanner

شێوەیێکە لە نیگارکێشان کە تا ئەندازەیەك هەوڵ دەدات باوەڕ بە سەردەمی ژیانی دەوروبەر دەربڕێت. ئەم شێوە زۆرتر گۆشە و کەناری تایبەتی بیر و زانیارییەکان دەردەخات.

٢٠- **مۆدیل**

ئەو کەسەیە کە نیگاری لی دەکێشرێت.

٢١- **مینیا تور**

شێوەیێکە لە نیگارکێشانی ڕۆژهەڵاتییەکان.

٢٢- **مینا توریست**

ئەو کەسەیە کە بە شێوەی میناتۆر نیگار دەکێشێت.

٢٣- **ناتورالیسم** *Naturalisme*

بە واتای لاسایی کردنەوەی سروشت.

نیگارکێشە بەناوبانگەکانی جیهان

١- **ئاپیلس** *Apelles* (**سەدەی چوارەمی پێش زایین**)

خەڵکی یۆنان بووە, لە سەردەمی فیلیپی باوکی ئەسکەندەر و ئەسکەندەری مەکەدۆنیدا ژیاوە.

٢- **ئەپۆلۆ دۆروس** *Apollodorus* (**سەدەی پێنجەمی پێش زایین**)

خەڵکی وڵاتی یۆنان بووە.

٣- **ئاراگۆن "ژن"** *Aragon*

نیگارکێشێکی وڵاتی ئیتالیا و کچی فردیناند بووە (لە ژنەکەی خۆی نا) نیگاری ئەم کچە لەلایەن ڕوفائیلەوە کێشراوە و ئێستاش لە مۆزەخانەی لۆڤەری پاریس دا دانراوە.

٤- **ئارکو** *Arco* (١٦٢٥ – ١٧٠٠ ز)

خەڵکی ئیسپانیایە و بە لاڵی لە دایك بووە.

٥- **ئالبانی** (١٥١٨ – ١٦٦٠ ز)

خەڵکی وڵاتی ئیتالیا بووە.

Scanned with CamScanner

٦- ئالتدوفەر *Altdoffer . A* "ئەلبریشت"
هەم نیگارکێش بووە، هەم میعماری، بۆ یەکەم جار چیرۆکەکانی ئنجیلی بە نیگارکێشا.

٧- ئارارا *Herrera* (١٥٧٦ – ١٦٥٢ ز)
نیگارکێشێکی ئایینی خەڵکی ئیسپانیا بووە دانەری قوتابخانەی ناتۆرالیسمییە.

٨- ئسپادە *Spada* (١٥٧٤ – ١٦٢٢ز)
خەڵکی ئیتالیایە و پەیڕەوی قوتابخانەی ریالیست بووە لە نیگارکێشان دا. چەند تابلۆیەکی لە مۆزەی لۆڤەردا هەڵواسراوە.

٩- ئوستاد "ئەدرین وان" (١٦١٠ – ١٦٨٥ ز)
لە شاری ئەمستردام لە دایك بووە، چەند تابلۆیەکی لە مۆزەکانی لۆڤەر، ئەمستردام و لاهایدا هەڵواسراوە.

١٠- ئینگر (ژان) *Ingres* (١٧٨٠ – ١٨٠٧ ز)

خەڵکی وڵاتی فەرەنسە و خاوەنی ئەم نیگارە بەناوبانگانەیە:
١- شایل سکستین.
٢- لەیسی سیانزدە.
٣- پلەی خوادا بە هۆمیرۆس.
٤- گەرماوی تورکان.

١١- ئوتجەللو *Uc-ello* (١٣٩٦ -١٤٧٥ ز)
خەڵکی فلۆرانس و خاوەنی تابلۆی - شەڕی سان رۆمانۆیە.

١٢- ئورکانیا *Orcania* (١٣٠٨ – ١٣٤٨ ز)
پەیکەر ساز، نیگارکێش، میعمار، زەڕەنگەر، خەڵکی فلۆرانسە بووە. ئەمانە ناوی چەند تابلۆیەکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەن:
١- مەسیح لەنێوان تۆماس و پەتروسی خواریدا.
٢- تاج لەسەریی مریەم.
٣- سەن برنار.
٤- میحرابی مەرمەڕ

١٣- پاچو (١٤٦٩ – ١٥١٧ ز)
خەڵکی ئیتالیایە و لە فاۆرانسە لەدایك بووە بە "پاچو دو لاپورتا" بەناوبانگە.

١٤- پارتۆ لومیو *Bartolomeo* (١٤٧٢ – ١٥١٧ ز)
خەڵکی فلۆرانسەیە و دوایی بووە بە قەشە. ناوی چەند نیگارێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندە:

Scanned with CamScanner

١- مریەم لەناو سەنت ستیڤان و سەنت چان دا.
٢- ستایشی مریەمی مەجدەلانی.
٣- سەنت کاترین.
٤- سەنت مارك.
٥- پەیدابوونی حەووا.

١٥- باسانۆ *Bassano* (١٥١٠-١٥٩٢ ز)

یاکۆبۆ باسانۆ خەڵکی شاری ڤینسیای ئیتاڵیایە، ئەم نیگارانەی کێشاوە.

١- لە دایك بوونی مەسیح.
٢- دەرکردنی سوود خۆرەکان.
٣- مزگێنی بە شوانەکان.

١٦- باشلیێ "ژان ژاك" *Bachelier* (١٧٢٤ - ١٨٠٦ ز)

لە شاری پاریس لە دایك بووە، چەند تابلۆیەکی لە مۆزەی لۆڤەردا هەڵواسراوە.

١٧- باکوی زەن *Backhuyzen* (١٦٣١ - ١٧٠٨ ز)

خەڵکی هۆڵەندەیە و چەند تابلۆیەکی لە مۆزەخانەکانی لۆڤەر، ئەمستردام و لاهای هەڵواسراوە.

١٨- براك "جۆرج" *Braque*

خەڵکی فرانسەیە لە ساڵی ١٨٨١ ز دا لە دایك بووە و پەیڕەوی ڤوتابخانەی کوبیسم بووە، لە ساڵی ١٩٠٨ ز لەگەڵ پیکاسۆدا بۆ پێش خستنی کوبیسم زۆر تەقەلای کرد شێوەی کاری ئەم هونەرمەندە دۆزینەوەی هاوئاهەنگیی نێوان رەنگەکان بووە، زۆربەی کارەکانی لە رەنگی قاوەیی، زەرد سوودی وەرگرتووە.

١٩- بروگل دهاتی *Bruegel* (١٥٢٥ - ١٥٦٩ ز)

تابلۆ بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- کوشتاری بێ گوناحەکان.
٢- سەلیب هەڵگر.
٣- کوێر.
٤- هەڵپەرکێی لادێییەکان.
٥- قوللەی بابل.
٦- درووێنە کەران.

٢٠- بیکمان *Beckman* (١٨٨٤ - ١٩٥٠ ز)

خەڵکی ئەڵمانیایە، ئەم نیگارکێشە دەیگوت: من بە دوای پردێك دا دەگەرێم کە لە دنیای بینراوەوە بم نا بۆ دنیای نەبینراو. ئەمانەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناسراوی ئەم هونەرمەندەن:

١- دۆزەخی باڵندەکان.

Scanned with CamScanner

٢- گومان لێ کراو و کوێر.
٣- بەرلین بازاڕی مەکارە.

٢١- بەللی "یاکوبو" *Bellini* (١٤٠٠ – ١٤٦٢ ز)
خەڵکی ئیتالیا بووە ئەم تابلۆوانەی کێشاوە:
١- مریەمی عەزرا.
٢- لەدار کێشانی مەسیح.
٣- نیوەی روخساری مەسیح.

٢٢- بۆته چیللی "ساندرۆ" *Botticelli* (١٤٤٤ – ١٥١٠ ز)
خەڵکی فلۆرانسە بووە، ئەمەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناسراوی ئەم هونەرمەندەیە:
١- ستایشی شاکان.
٢- بەهاری ڤینۆس.
٣- بلاس و کنتاورس.
٤- مارس و ڤینۆس.
٥- لەدایك بوونی مەسیح.

٢٣- بوودن "لویس" *Beaudin* (١٨٢٤ – ١٨٩٨ ز)
خەڵکی وڵاتی فرانسە بووە، یەکێکە لە پێشڕەوانی قوتابخانەی ئەمپرسیونیسم.

٢٤- بۆس *Bos* (١٤٦٠ – ١٥١٦ ز)
یەکێك لە تابلۆ بەناوبانگەکانی (رۆژی حەشر)ە.

٢٥- پارسیل "جوزێف" *Parrcel* (١٦٤٦ – ١٧٠٤ ز)
نیگارکێشی شەڕەکانی لویسی چواردەهەم بووە.

٢٦- پارمانتیا "ژاك" (١٦٥٨ – ١٧٣٠ز)
نیگارکێشێکی مێژووی وڵاتی فرانسە بووە.

٢٧- پارمیچانو (١٥٠٣ – ١٥٤٠ ز)
خەڵکی ئیتالیایە و تابلۆی بەناوبانگی کومپیدو کەمانەکەی کێشاوە.

٢٨- پاسن "ژۆل" *Pascin* (١٨٨٥ – ١٩٣٠ ز)
خەڵکی وڵاتی فرانسە بووە و نیگارکێشی بەناوبانگی (ڕووتی)یە.

٢٩- پاگانی "گریگۆری" *Pagani* (١٥٥٨ – ١٦٠٥ ز)
لە شاری فلۆڕەنسا لە دایك بووە، تابلۆ بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

Scanned with CamScanner

١- نیایشی موغان له کڵێسای کارمین و دگر.
٢- لووط و کچەکانی.
٣- مریەم و عیسا.

٣٠- پالمارولی "دین ویسنت" *Palmaroli* (١٨٣٥ – ١٨٩٦ ز)

خەڵکی وڵاتی ئیسپانیایە و جوانترین تابلۆکانی ئەمانەن:

١- کۆترەکانی ڤینیسیا.
٢- تەرمی شەهیدەکانی ١٨٠٨ ز
٣- نیگاری ئەلفۆنسی سیانزدەهەمی پاشای ئیسپانیا.

٣١- پرۆتیاس "ئەلکسەندەر" *Protais* (١٨٢٦ – ١٨٩٠ ز)

له شاری پاریس له دایك بووە, خاوەنی ئەم نیگارانەیە:

١- شەڕی ئینگرمان.
٢- یادگاری سەنگەرەکانی قرم.
٣- خۆراوابوونی دوای شەڕ.
٤- خۆر هەڵهاتنی پێش شەڕ.

له کارەکانیدا پەیڕەوی شێوەیی ریالیسمی کردووە.

٣٢- پروودۆن "پییر" *Prudhon*

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە, کارە ناسراوەکانی ئەمانەن:

١- روخساری شاژنە جۆزفین.
٢- داد.
٣- تۆڵەی دوای تاوان.

٣٣- پرووژن *Le Prugin* (١٤٤٦ – ١٥٢٤ ز)

خەڵکی وڵاتی ئیتالیا بووە, شێوەی کارەکانی زۆرتر ئاینییە, بەڵام نیگاری لە ئاین جیاشی هەر هەیە. ئەمە ناوی هەندێ کاری ناسراویتی:

١- عەذراي پاك داوێن.
٢- عیسا و دووپەری.
٣- عیشق و پاکژی "مۆزەخانەی لۆڤەر"
٤- دەرکەوتنی عەذرای پاك داوێن بۆ بەرنار "مۆزەخانەی موینخ".

٣٤- پەنی "ژان فرانسیسکۆ" *Penni*

شاگردی روفائیل بووە و خەڵکی فلۆرانسەیە.

Scanned with CamScanner

٣٥- **پیکاسۆ "پابلۆ"** ***Picasso***

لە وڵاتی ئیسپانیا لە ساڵی ١٨٨١ دا لە دایك بووە بەڵام هەر لە فەرەنسە دا ژیاوە. یەکێکە لە دانەران و مامۆستایانی شێوەی (کوبیسم) لە جیهان دا، لە شێوەکانی تری نیگاریش دا کاری کردووە و لەم رووەوە بەرهەمی زۆرە.

نیگارەکانی ماوەی یەکەمی ژیانی ئەم هونەرمەندە زۆرتر دەربارەی چینی هەژارانە.

پیکاسۆ لە ساڵی ١٩٠٧ دا لەگەڵ (براك)ی هونەرمەند بووە بە ناشنا و پێکەوە شێوەی (کوبیسم) یان پێك هێناوە. لە ساڵی ١٩٣٠ دا پەنای بردوەتە بەر شێوەیەکی دیکەی نیگارکێشان ئەویش بە (کلاسیکیی تازە) ناوبانگی دەرکردووە. نیگارەکانی بە زۆر جۆر و زمان لێك دراونەتەوە زۆریان لەسەر نووسراوە.. بەڵام خۆی لە بارەی شیکردنەوە و لێك دانەوەیان دا دەڵێ: ئەوانەی دەیانەوێ تابلۆکان لێك بدەنەوە هەرگیز ناگەنە ئاکامێکی پەسەند چونکە نیگارکێش بۆ ڕاکردن لە غەم وپەژارە نیگار دەکێشێ.

لەم دواییەش دا هونەری (گۆزەگەری)شی دەست پێ کرد بوو.

ژیانی ئەم هونەرمەندە بلیمەتە لەڕووی هونەرەوە بەسێ بەش دابەش دەکرێت و وایش ناسراوە:

١- **ماوەی کەوەرەنگ:**

سەرەتای ناوبانگی لەم ماوەیەدا دەست پێ کردووە کە سوودی لە رەنگی شین یان کەوە وەرگرتووی و تابلۆی (ژیان) هی ئەم سەردەمەیە.

٢- **ماوەی ئاڵ:**

کە لە ساڵی ١٩٠٦ز دا دەستی پێ کردووە و ئەم تابلۆیانە شاکارەکانی ئەم ماوەیەن:

١- نووما ئەسپ.

٢- گرتوود شتاین.

٣- **ماوەی کوبیسم "تەکعیبی":**

کەوا هەڵ هەڵەی شاکارەکانی لەم سەردەمەدا بووە.

٣٦- **تریشکۆڤیچ "کونستانتین"** ***Terechkviteh***

خەڵکی وڵاتی سۆڤیەتە، تابلۆی (عەلی خان) یەکێکە لە کارە بەناوبانگەکانی.

٣٧- **توورنەر "جوزێف"** ***Turner*** (١٧٧٥ – ١٨٥١ ز)

خەڵکی وڵاتی بەریتانیایە، زۆرتر نیگاری دەربارەی کۆشکی شایە. ئەمانەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناسراوی ئەم هونەرمەندەن:

١- هسپرید.

٢- خۆر هەڵهاتن لەم تەم دا.

٣- کەشتیی نقووم بوو.

٤- پەڕینەوە لە جۆگە.

٥- هەرووژاندنی کارتاج "قرطاجنة"

٦- گوزەرگا.

Scanned with CamScanner

٣٨- **تیسین (١٤٧٧ – ١٥٧٥ ز)**

خەڵکی ڤینیسیا بووە، کارە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- مردنی سان پەتروس.

٢- ڤینۆسی خەوتوو.

٣- مەسیح لە باخ دا.

٣٩- **جوردانو "لوکا" *Giordano* (١٦٣٢ – ١٧٠٥)**

زۆر لە نیگارەکانی لە مۆزەخانەی ئەوروپادا هەڵواسراوە.

٤٠- **جیما بویە *Cimabue* (لە ساڵی ١٣٥٢ز دا مردووە)**

خەڵکی فلۆرانسە بووە، زۆر لە نیگاری کڵێساکانی کێشاوە هەروەها مۆزاییک سازییەکەشیان. توانیویەتی لە نیگاری سەر و روخساردا گۆڕینێك بەدی بهێنێ و تا ئەندازەیەك نیگارکێشان بخاتە قالێکی ترەوە.

٤١- **دالی "سلڤادۆر" *Dali. S***

لە ساڵی ١٩٠٤ ز لە ئیسپانیادا لە دایك بووە لە نیگارکێشان دا خاوەن شێوەی تایبەتی خۆیەتی و پەیڕەوی قوتابخانەی سور ریالیستە.

٤٢- **داڤید "ژان" *David***

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە، تابلۆ ناسراوەکانی ئەمانەن:

١- سویل.

٢- ترسەکان.

٣- تاج لەسەرنان.

٤٣- **دافنشی" لیۆناردۆ" *Derinci. L* (١٤٥٢ – ١٥١٩ ز)**

فەیلەسووفێکی خەڵکی ئیتالیا بووە، زۆربەی هونەرەکانی زانیوە وەکو: نیگارکێشان، پەیکەرتاشی، میعماری، نووسەری، مۆسیقا، فیزیا و داهێنان.

ئەمەش ناوی دوو تابلۆی نێجگار بەنرخ و بەناوبانگی ئەم بلیمەتەن:

١- مۆنالیزا (یان بزەی ژۆکوندە).

٢- دوا شێوەخواردن. (کە لەسەر دیواری کڵێسای سانتا ماریا کێشراوە).

Scanned with CamScanner

٤٤- **دیگا "ئیلیر ژرمان"** *Degas* (١٨٣٤ – ١٩١٧ ز)

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە، ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەن:

١- کەناری دەریا.
٢- هەڵپەرکێ کەران.
٣- دیمەنی سەمایەك.
٤- ژنان لە کاتی ئارایشت دا.
٥- خەڵکی ناو چاپخانە.
٦- گرەوی ئەسپ تاودان.

٤٥- **دیلاکروا (ئوژن)** *Delarcroix. A.* (١٧٩٧ – ١٨٦٣)

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە و خاوەن شێوەیێکی تایبەتی خۆی بووە لە نیگار کێشان دا. ئەمانەش چەند تابلۆیەکی ئەم هونەرمەندەن:

١- گەشتی دانتە.
٢- کوشتاری سیو.
٣- ئازادی لە سەنگەرەکان دا.
٤- ژنانی دورگە.
٥- داگیرکردنی قوستەنتەنییە.

٤٦- **دلونە "رابرت"** *Delaunay . R.*

خەڵکی ولاتی فرانسە بووە، بەناوبانگترین تابلۆی ئەم هونەرمەندە ناوی تابلۆی شاری پاریسە.

٤٧- **دۆر (گۆستاڤ)** *Dore. G.* (١٨٣٣ – ١٨٨٣)

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە، تابلۆی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندە ناوی کتێبی دۆزەخی دانتییە.

٤٨- **دوشان "مارسێل"**

لە ساڵی ١٨٨٧ لەدایك بووە، یەکێکە لە رابەرانی شێوەی دادایسم لە نیگارکێشان دا.

٤٩- **روفائێل** *Raphael* (١٤٨٣ – ١٥٢٠ ز)

گەورەترین نیگارکێشی سەردەمی راپەرین (رەنیسانس)ە خەڵکی وڵاتی ئیتالیایە. لە سەرەتاوە تابلۆی لە داردانی مەسیح و تاج لە سەرنانی مەریەمی کێشا، دوای ماوەیەك چەند تابلۆیەکی حەزرەتی مریەمی کێشا کە بوون بە هۆی ناوبانگی زۆر. دوایی چووە شاری رۆما. لە بارەی شێوەی کارەوە پەیرەویی میکائیل ئینجیلۆی کردووە و هەر لەسەر رێچکەی ئەو توانیویەتی ئەم تابلۆ ناودارانە بکێشێت:

١- قوتابخانەی ئەثینا.
٢- سەرکەوتنی ئاین.
٣- دەرکردنی هلیو دوروس لە پەرستگادا.

Scanned with CamScanner

٤- بەرجۆ (موعجیزە)ی بولسنا.
٥- دەرکردنی ئاتیلا لە رۆما.
٦- مەسیح لە کانی هەڵگرتنی داری سەلیب دا.
٧- رزاریی پەتروس.
٨- گالاتیا.
٩- پۆلیۆس II
١٠- پاپا لویسی پادو کاردینال.
١١- دونا لاوتا.

٥٠- رامبرانت "هارمانزون واین راین" *Rembrandt* (١٦٠٦ – ١٦٦٩ ز)

خەڵکی وڵاتی هۆڵەندەیە و کوڕی کابرایەکی ئاشەوان بووە هەر لە منداڵییەوە حەزی لە نیگارکێشان کردووە, لە ساڵی ١٦٣٢دا لە شاری ئەمستردام چەند تابلۆیەکی دروست کرد بوو بە هۆی ناوبانگ و ناوباوی. ئەو دە ساڵەی وا لە ئەمستردام بوو کلاسی فێرکردنی نیگارکێشی تەواو کردووە و هەر لەو کاتەش دا نیگاری دەکێشا, تابلۆی بەناوبانگی "تشریح"ی لەم سەردەمەدا کێشاوە.. لە ساڵی ١٦٣٤دا ژنی هێنا و خەزوورەکەی زۆر بە دەسەڵات و دەوڵەمەند بوو ژیانێکی خۆشی رابوارد.
رامبرانت روخساری ژنەکەی زۆر وێنە کردووە. لەم سەردەمەدا ئەم تابلۆوانەی کێشاوە:
١- پیرەژن.
٢- گەورە زادەی سلاڤ.
٣- ژن هێنانی ساسون.
لە ساڵی ١٦٤٢ ز دا ژنەکەی بەسەر منداڵەوە مردووە, دوای ئەوە کەم کەم ناوبانگی کەوتە مەترسییەوە و پێویستی بە پارە زۆر بوو.
کەسایەتیی ئەم هونەرمەندە لە رەوشی کاریدا بووە هیچ هونەرمەندێك وەك ئەو نەیتوانیوە بە چەند جووڵانەوەیێکی هونەریی بچووك بەسەر پەردەی تابلۆوە کەسایەتیی ئەو کەسان دەرخات کە دەیەوێ بەرجەستەیان بکات.
ئەم هونەرمەندە زۆرتر خەڵکی سادە و لە هونەر دوو خۆشیان ویستووە چونکە بە زمانی ئەوانیش زۆر قسەی کردووە و زۆری بۆ ڕوون کردوونەتەوە. وەکو دەڵێن لە ٧٠٠ تابلۆ زیاتری نەخشەکێشاوە.

٥١- رێنوار *Renoir* (١٨٤١ – ١٩١٩ ز)
پییێر ئۆگست رێنوار خەڵکی وڵاتی فەڕانسەیە و یەکێکە لە مامۆستایانی قوتابخانەی (ئەمپرسیونیسم), ئەمانەش ناوی چەند شاکارێکی ئەم هونەرمەندەن:
١- دەعوەتێ لە شەودا.
٢- ئاسیای گالت.

Scanned with CamScanner

٥٢- **رۆسۆ "تیودۆر" Rouseau. T.** (١٨١٢ – ١٨٦٧ ز)

خەڵکی فەڕانسە بووە, تەواوی کارەکانی دیمەن کێشانی سروشت بووە. تابلۆی بەناوبانگی "کاروان گەیشتەجێ" هی ئەم هونەرمەندەیە.

٥٣- **ریبێرا "خۆسە" Ribera**

خەڵکی وڵاتی ئیسپانیا بووە, پەیڕەوی قوتابخانەی ریالیسم بووە, کارە بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- پای کچ.

٢- سانت ئانتە.

٣- سانت مادلن.

٥٤- **ستین "ژان" Steen** (١٦٢٦ – ١٦٧٩)

خەڵکی هۆڵەندە بووە, زۆرتر نیگاری سەرخۆشەکانی دەکێشا, تابلۆ بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- لەدایك بوونی شازادە.

٢- خێزانی بەختیار.

٣- خێزانی نیگارکێش.

٥٥- **ستیڤنس "ئەلفرێد" Stevens** (١٨٢٨ – ١٩٠٦)

خەڵکی بەلجیکا بووە و لە پاریس دا ژیاوە, زۆربەی نیگارەکانی دەربارەی ژنانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی دووەمی وڵاتی فەڕانسەیە.

٥٦- **سیزان (پۆل) Cezann. P.** (١٨٣٩ – ١٩٠٦)

ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە خەڵکی وڵاتی فەڕانسەیە و یەکێکە لەو هونەرمەندانە کە ڕاپەڕینی هونەرییان پێك هێنا و لەو سنوور و چوارچێوە کۆنە بهێنێتە دەرەوە. زۆربەی لە دەرەوەدا نەك لەناو ژوور و کارگەدا دروست کردووە.

٥٧- **سانیدەرس (فرانس) Sanyders** (١٥٧٩ – ١٦٥٧)

خەڵکی ئیسپانیا بووە و خاوەنی ئەم شاکارانەیە:

١-گەڵەکێوی. ٢- ڕاوی ئەسپی واوی.

٣- هێرشی شێرەمێ بۆ سەر بەراز. ٤- سەگەکان لە چێشخانەدا.

٥- شێرەکان بەدوای گەڵەکێویدا. ٦- ڕاوە بەراز.

٥٨- **سورڤاژ Survage**

Scanned with CamScanner

لە ساڵی ١٨٧٩ ز لە فرانسە دا لەدایك بووە و لە بنەرەت دا خەڵکی وڵاتی رووسیایە خاوەنی شاکاری "ماسی فرۆش" ە.

٥٩- فوکیە (ژان) *Fouquet. G.*

نیگارکێش و مینیا تۆرسازی وڵاتی فرانسە بووە.

٦٠- کاراش (ئانیبال) *Carrache* (١٥٦٠ – ١٦٠٩ ز)

خەڵکی ئیتالیایە و خاوەن تابلۆ ناسراوی (کوشتاری بێ گوناحەکان)ە.

٦١- کارڤاج "میکل" *Carravage* (١٥٧٩ – ١٦٠٩ ز)

نیگارەکانی لە چاو ئەو سەردەم دا بێ پەردە و ئازایانە ناودەبرێت پەیرەوی قوتابخانەی ریالیسم بووە.

٦٢- کاندنسکی" وایلی" *Kandinsky* (١٨٦٦ – ١٩٤٤ ز)

خەڵکی روسیایە و تابلۆی "بێ بیری دوودڵ" دەستکردی ئەم هونەرمەندەیە.

٦٣- کۆل "کورتت" *Cohl. E. C.*

خەڵکی فرانسە بووە زۆربەی کارەکانی کاریکاتۆر بووە.

٦٤- گروز "باتیست" *Greuze. J. B* (١٧٢٥ – ١٨٠٥)

خەڵکی فرانسەیە, ئەم تابلۆیانە دەستکردی ئەم هونەرمەندەن:

١- دەزگیرانی لادێ.
٢- نەفرینی باوك.
٣- کوڕی تەمێ کراو.
٤- باڵندەی مردوو.
٥- خۆشەویستی کوێر.

٦٥- گرۆس "ژان ئەنتوان بارن" *Gras. J. A. B* (١٧٧١ – ١٨٣٥ ز)

خەڵکی وڵاتی فرانسەیە و یەکێکە لە گەورەترین نیگارکێشەکانی سەردەمی شەڕی ئیمپراتۆری ئەم تابلۆیانە دەستکردی ئەم هونەرمەندەن:

١- تاعوون لێ دراوەکان.
٢- مەیدانی شەڕی ئیلو

Scanned with CamScanner

٦٦- گۆگان "پۆل" *Gauguin. P*

خەڵکی فرەنسەیە و چوار ساڵە لە وڵاتی پیرو ژیاوە. لە ساڵی ١٨٤٨ ز لە دایك بووە و لە حەڤدە ساڵیدا قوتابخانەی ئاینی ئۆرلیانی تەواو کردووە و پاشان بووە بە مووچە خۆری بانك, لە ٣٥ ساڵان دا تەواوی کاتی خۆی بۆ نیگار کێشان تەرخان کردووە.

٦٧- لەرمیت "لیون" *Lhermitte. L* (١٨٤٤ – ١٩٢٥ ز)

خەڵکی فرەنسە و لە نیگارکێشان دا دیمەن ساز بووە زۆربەی تابلۆکان دەربارەی چوارپێ و میوە و دانیشتن بووە.

٦٨- لیوتار "ژان ئاتین" *Liotard* (١٧٠٢ – ١٧٩٠ ز)

خەڵکی سویسرایە و لەبەر ئەوەی تابلۆکانی دەربارەی رۆژهەڵات بووە ناویان ناوی نیگارکێشی تورك.

٦٩- ماساکیو "تۆماسۆ" *Masaccio. T. M*

خەڵکی ئیتالیایە, تابلۆی ئادەم و حەوای لەبەهەشت دەرکراو کارێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەیە.

٧٠- مانێ "ئەدوارد" *Mane. E* (١٨٣٢ – ١٨٨٣ ز)

خەڵکی فرەنسەیە و تابلۆی (منداڵ و گێلاس)ی بەناوبانگە.

٧١- میکائیل ئنجلو "میکل ئانج" *Michel-Ange* (١٤٧٥- ١٥٦٤ ز)

لەشاری کابرزی ئیتالیا لە دایك بووە, ئەم هونەرمەندە زۆربەی هونەرە جوانەکانی زانیوە وەکو شاعیری, پەیکەرتاشی, نیگارکێشان, میعماری. بەرهەمە ناسراوەکانی ئەمانەن:

١- پەیکەری مووسا.
٢- پەیکەر داود.
٣- مەسیحی لە داردراو.

لە نیگار کێشان دا:

١- رۆژی حەشر.
٢- دروست کردنی جیهان.

لە میعماریدا:

١- کۆشکی فارنەر.
٢- کتێبخانەی فلۆرانسە.

Scanned with CamScanner

۷۲- میگنار "پییر" Mignard (۱٦١٢ – ١٦٩٥ ز)
خەڵکی فرانسەیە و تابلۆی بەناوبانگی:
١- مریەم و مەسیح.
٢- بۆڵە ترێ.
دەست کردنی ئەم هونەرمەندەن.

۷۳- نیچەر "کاسپار" Netcher. C (١٦٣٩ – ١٦٨٤ ز)
خەڵکی ئەڵمانیایە و تابلۆی کچی گەنجی ئەم هونەرمەندە بەناوبانگە.

۷٤- واتیو "ئەنتوان" Watteau (١٦٨٤- ١٧٢١ ز)
خەڵکی فرانسەیە و تابلۆی (جۆپیتەر و ئەنتیوب) دەسکردی ئەوە.

۷٥- ڤالادن "سۆزان" Valaden
خەڵکی فرانسەیە و کاری ناسراوی تابلۆیێکە ناوی (ئاتریلۆ و ئەنکی).

۷٦- ڤالۆتۆن "فلیکس" Vallotton (١٨٦٥ – ١٩٢٥ ز)
خەڵکی فرانسەیە, تابلۆی ناسراوی:
١- ژنی رۆمانی.
٢- کراس سوور.
دەستکردی ئەم هونەرمەندەن.

۷۷- ڤان دەرگوس Van Der Goes (١٤٤٥- ١٤٨٢ ز)
خەڵکی هۆڵەندەیە و کاری ناسراوی "مردنی مریەمی عەذرا" یە.

۷۸- ڤان کۆخ "ڤنسان" Van Cogh. V (١٨٣٥ – ١٨٩٠ ز)
نیگارکێشێکی بەناوبانگی خەڵکی هۆڵەندەیە و لە منداڵییەوە حەزی لە نیگارکێشان کردووە, لە ساڵی ١٨٨٠ دا تووشی ئاڵۆزییەکە گەورە بووە, دوای تەقالایەکی زۆر بۆ ماوەی پێنج ساڵان تابلۆی زۆری دروست کرد لە بەلجیکا و هۆڵەندەدا. ماوەیەکیش لەگەڵ گۆگانی هونەرمەندی ناسراودا پێکەوە ژیاوەن. لە ئاکام دا کۆتایی بە تەمەنی خۆی هێنا و خۆی کوشت.

Scanned with CamScanner

٧٩- ڤلاسكوز دوسيلوا *Velasques* (١٥٩٩ – ١٦٦٠ ز)

خەڵكی فەڕانسەیە و تابلۆی بەناوبانگی (کارگەی ئاسنگەری) دەستکردی ئەم هونەرمەندەیە.

٧٩- ڤلامینك (مۆریس) *Vlaminck. M* (١٨٧٦ – ١٩٥٨ ز)

پەیڕەوی شێوە (فۆدیسم)ە و خەڵكی فەڕانسەیە. (کۆلیتی فوڕ) دەستکردی ئەم هونەرمەندە ناسراوەیە.

٨٠- ڤیگنتون "کلۆد" *Vignon. C* (١٥٩٣ – ١٦٧٠ ز)

خەڵكی وڵاتی فەڕانسەیە و بە تابلۆی "کرزوس" بەناوبانگە.

٨٢- هارپینی "هانری" *Harpinies . H* (١٨١٩ – ١٩١٦ ز)

خەڵكی وڵاتی فەڕانسەیە و زۆربەی نیگارەکانی دەربارەی دیمەنە سروشتییەکانە. ئەمانەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناوداری ئەم هونەرمەندەن.

١- دیمەنی دورگەی کابری.

٢- دیمەنی لوتکەی بالاتن.

٣- کێویی کەژی ڤیزو.

٨٣- هارت *Hart. S.* (١٨٠٦ – ١٨٨١ ز)

خەڵكی وڵاتی بەریتانیایە و لە شاری بلیموت لە دایك بووە، لە سەرەتاوە خەریکی نیگاری مینیاتور بوو بەڵام لە دواییدا دەستی دایە نەحشاندنی نیگاری شەڕە مێژووییەکان . ئەمەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناسراوی ئەم هونەرمەندەن:

١- ئانا.

٢- دایکی سامائیل.

٣- قەشەی گەورە.

٤- مەرگی خواوەند.

٨٤- هالس "فرانس" *Hals. F* (١٥٨٤ – ١٦٦٦ ز)

نیگارکێشێکی ناوداری هۆڵەندە بووە، ئەمەش ناوی چەند تابلۆیەکی ناسراوی ئەم هونرمەندەیە:

١- کچی بۆهیمی.

٢- شێت.

Scanned with CamScanner

تابلۆ ناودارەکانی جیهان

تابلۆ:

لە دنیای ئەمڕۆدا چەند تابلۆیێك هەیە بە ئەندازەیەك بەناوبانگن بوونەتە سامانی خاوەنێتی تاکە گەلێك یان نەتەوەیەك دەرچوون. ئەوەندە بە نرخن کە نایەنە کڕین و تابلۆیێك دەدزرێت ئەم دزییە هونەرییە تەواوی دام و دەزگاکانی راگەیاندن و پڕوپاگەندەی خەریك دەکات و لە ئاکامیش دا دزییەکە هەر دەردەکەوێت.

جا بۆ خوێندەوارانی ئازیز ناوی زۆرۆ لەو تابلۆ ناودارانەم گلێر کردوەتەوە بۆ ناسینیان و بکەوێتە وڵاتانی رۆژاوا بچنە مۆزەخانەکان و ببینن چۆن ئەم تابلۆیانە بە چ رێز و هەڵواسراون:

ناوی تابلۆ	ناوی نیگارکێش
ئاو	بوگرو
ئاگر لە شاردا	روفائیل
ئادەم و حەوا	تنتووره
ئادەم و حوای دەرکراو	ماساسیۆ
ئارایش	بوتار
ئازادیی رابەری خەڵك	دیلا کروا
ئاشبەزخانە	لوت
ئاشنایی لەگەڵ پەرستگادا	ڤارن
ئۆلیس لە وڵاتی عەجایب دا	شاری
ئالین شادیکو	ئوگست رینوار
ئاسنگەری	دوسیلو
ئایەتی کاثولیك	موریس دنی
ئاتیللو دزمونا	پیکر
ئۆزیب	ڤلاسکویز
ئەسپە شینە گەورەکان	مارك
ئەسپە زەردەکان	مارك
ئەسپی سك دڕیاو	پیکاسۆ
ئستراڤینسکی	پیکاسۆ
ئیسفەنج	لۆتریك
ئیلهامی شاعیر	نیکۆلای پۆسن
ئوتریلو و ئەنکی	ڤالادن
ئفصەد	راساوی
ئەستێرەی دەریایی	کالدر
ئەم جیهانە هەڵساوە	گرین
ئیڤانی ترسێنەر و کوڕەکەی	ئیلیا ڕپین

Scanned with CamScanner

بابا مرۆڤی نوێ	مایسترمان
باپیره	فینش
باخی درندان	پوش
باخەوانی جوان	روفائیل
بالأسوار	رینوار
بالزاك	پیکاسۆ
بەبر	مارك
بەسەر شاردا	شاگال
بزن	پیکاسۆ
بەرەو سەرو	پل گله
بەندەری دیب	فری نیر
بەندەری مارسی کۆن	مارکه
بویسان	پیسارۆ
بولوار ماولن	مارکه
بەهار	لیب شیتز
بەهار	بوتی چلی
بەهاری دۆڵ	وود
بێ سەبری	گۆگان
بێ سەبری	ئەرشیل گورگی
بێ بیری دوودڵ	کاندنسکی
باڵندە	هنری مۆر
ببوو	پیکاسۆ
بەندی	بل دلوو
بەلەم	براك
بەلەم لێ خورانی ڤۆلگا	ئیلیا رپین
بەلەمەکەی کیلۆپاترا	پوشان
بزەی ژۆکۆندا (مۆنالیزا)	لیۆناردۆ داڤنشی
پیاوێك له کەناری رووباردا	مایوئان
پەردەی نیگار	روفائیل
پاریس به دەستی لەشکری عەبدالقادرەوە	هوراس
پەرستنی شوانەکان	فیرانزودی
پرد	تیودور رۆسۆ
پردی ویست منستەر	درن
پەیام بەر	نولده
پیری گیوم نل	سالڤادۆر دالی
پێش رۆیشتنه سەر شانۆ	بۆمبوا
پێشکەوتوو	رنه مارگریت

Scanned with CamScanner

پیکاسۆ	گری
پەیکەری ڤینۆس	براکس تل
پەیکی رووت	گۆگان
پینسکی	لاورنس
پیرۆ	گری
پەتاتە خۆران	ڤان کۆخ
پیانۆ ژەن	سیزان
پیاو	هەمسکرك
پیاوی جگەرە بەدەم	بۆرس
پیاوی نەبینراو	دالی
تاب	رینوار
تاج لەسەر نانی مریەم	پولیولو
تەصویر	ماسون
تەنهایی	شاگال
تنیس	بومایستر
تۆپ و بووکلە	بل گلە
تولدەنوسی	بوتوچلی
تاریك و رووناکی	کاندنسکی
جادە	بیسارۆ
جادەی بازبارو	مۆنێ
جادەی گۆرستانی نۆرال	گۆگان
جومعە بازار	داڤید ئول
جەنگەل	لام
جوانییەکانی بەرەبەیان	بیلەر
جۆرجی قەدیس	روفائیل
جۆرجی قەدیس	دناتللو
چاپوك سواری گەورە	دوڤی
چەتر باز	رینوار
چاوگەی گوناحەکان	گۆژن
چایخانە لە شەودا	ڤان کۆخ
حوشتر مر (نەعامە)	پیکاسۆ
خولقاندنی جیهان	میکائیل ئنجیلۆ
خێزان	پیکاسۆ
خانووی ئانروس	ڤان کۆخ
خانووی قەنارە دراو	سیزان
خەتی سپی	پرێر
خۆشتر ژیان	ماتیس
خەو	ماتیس

خەوی شەوێکی هاوین	رایدەر
خۆ شۆردن	لوتریك
خۆ شۆردن	ئەنگر
خۆشۆرەکان	سیزان
خۆشۆرەکان	پیکاسۆ
داود	مایکل ئەنجیلۆ
دوا حیکمەت	میکائیل ئینجلۆ
دوا نان خواردن	لیۆنارد داڤنشی
دەرچوون لە قوتابخانە	نوبار
دالی و کالا	سلڤادۆر دالی
دانتی ویرژیل	دیلا کروا
درەخت لە ژووردا	گیریکۆ
دەریا	موندریان
دوعای خەیر	شاردن
دوا دوعا	جۆرج ژریو
دوو شەرکەر	خبیورجی
داگیرکردنی ئاسمان	دولافرنە
دوو کەروێشك	پلینی
دوو کچی سێرك	رینوار
دوو دۆست	پیکاسۆ
دوو ژن	ڤلادون
دوو ژن	پیکاسۆ
دوو بچکۆلە	پین ین
دەرداوی	روئو
دوسەدو چل و شەش	کاپکەر
دادگای بارین	روبنسون
دیمەن	پلوم
دیمەن	هانری روسو
دیمەن	پیسارۆ
دیمەنی پاریس	گری
دیمەن	ویلون
دابەزین لە سەلیب	لورنزنی
دانیشتووی رووت	مودیلیانی
رامبرانت و ژنی گەنج	پیکاسۆ
رامبرانت و ژنەکەی	رامبرانت
رۆژی هەینی لە دورگەی گرانژان	سورا
رۆژی حەشر	میکائیل ئنجیلۆ
رۆمەن لاکو	رینوار

Scanned with CamScanner

زەرافەی سووتاو	پیکاسۆ
زستان	رونۆ
ژمارە بیست وچوار	فلایشمەن
ژووری بەر چایی	پوتار
ژن	فۆترێە
ژن	رینولد
ژنی راکشاو	پیکاسۆ
ژنی وەستاو	پیکاسۆ
ژنی ئیتالیایی	پیکاسۆ
ژن لەگەڵ کۆتردا	لۆرانس
ژنێك بە شەبقەیەکی رەشەوە	مونێ
ژنێك بە کراسێکی سپییەوە	پیکاسۆ
ژنی رووت و قووت	براك
ژیانی خەڵکی هەژار	فینش
ژنی کڵاودار	براك
ژنی رۆمانی بە کراسی سوورەوە	ڤالوتون
ژنێك بەسەر مۆبیلیاوە	پیکاسۆ
ژنێکی گریاو	پیکاسۆ
ژن و ئاوێنە	رینوار
ژنێکی مەڕاکیشی	کارس
ژنی دانیشتوو	پیکاسۆ
ژن و سەتل	مالویچ
ژنێك لەگەڵ مادۆلین دا	براك
ژنێك لەناو دیمەن دا	ئەدگار دیگا
ژنێك خۆی دەشوات	پیکاسۆ
ژنێك سەر و قژی چاك دەکات	پیکاسۆ
ژنێك نانی هەڵگرتووە	پیکاسۆ
ژۆکۆند و کلیل	فرناند لزر
سەرەتای بەرامبەرکێ	فراگو نارد
سەلیب هەڵگر	بوش
سەمای هەڵۆ	نوگوی
سەماکەران خۆیان دەرازێننەوە	دیگا
ساختمانی باسیم	پیکاسۆ
ساڵی ژن هێنان	شاگال
سەربازی پارێزەر	ژریکو
سەربا و پایب	لەجر
سەرزەویی خۆش	مۆلنار
سەری ژن	پیکاسۆ

Scanned with CamScanner

سەری منداڵ	گروز
سەری گا	پیکاسۆ
سەری گا	بل گله
سەرگەرمی	گۆگان
سەری یۆحەننای قەدیس	دوناتلۆ
سەگ و قەرێته	گیاکوموبالا
سەنت ماولی	ریبیرا
سان جورجر ئەژدیها	روفائیل
سوارەی پۆڵەندەیی	رامبرانت
سویتی ژدیم	رامبرانت
سێ ژن لە کەناری سەرچاوەدا	پیکاسۆ
سێ جوانکیله	لاگرته
سروشتی مردوو	موراندی
سروشتی مردوو	پیکاسۆ
سروشتی مردوو	براك
سەرکەوتنی جۆلیۆس قەیسەر	مانتینا
شتەکانی ئەولای سروشت	موراندای
شت و دەوری شیر	پۆل سیزان
شەڕ	کوریه
شەڕ	دواسمت
شەڕ	پیکاسۆ
شەڕ	هانری رۆسۆ
شەڕ	پالاك
شەڕ	بین بن
شەڕی ماسییان	ماسون
شوانی بێ ئامان	بروگل
شادە خواتەوە	جوردانس
غەمی شا	ماتیس
عەرەبانەی هەتاو	لاڤوس
فوتبال	لوت
ڤینۆسی خەوتوو	تیسین
ڤینۆسی خەوتوو	پوسن
ڤینۆسی خەوتوو	رسل ولو
قوللەی ئیڤل	دلونای
قومار باز	پیکاسۆ
قوتابخانەی ئەثینا	روفائیل
قەسابی	پوشان
قەوارە	ڤیون

Scanned with CamScanner

قەراغی شارێکی شێت	سلڤادۆر دالی
موری نیگارکێش لە دوو ساڵان دا	پیکاسۆ
کوڕێك کە ئەسپێکی داوە لەبەر	پیکاسۆ
کەڵەشێر	نال کوت
کەڵەشێر	پیکاسۆ
کچی گەنج و مۆم	جۆرج دولاتور
کچی گەنج	ئەچر
کچی شین پۆش	مودیلیانی
کچی کتێب خوێن	ماتیس
کچ و گوڵدان	ئەدگار دیگا
کچێك بەرامبەر ئاوێنە	پیکاسۆ
کچێکی ئینگلیز	ماتیس
کۆگای کڵاوفرۆش	ئەدگار دیگا
کۆشکی کۆن	هانری رۆژ
کارگای نیگارکێش	جان بوی
کوشتنی بێ گوناحەکان	کاراس
کەناری دەریا	وگا
گررزوس	ویگنون
گا بازی	گویا
گاکان	پیکاسۆ
گەڕانی خێزان	پل گلە
گرونیکا	پیکاسۆ
گوڵدان و گوڵ	ڤلادیمتیگ
گیتار	پیکاسۆ
لە دەوروبەری ماسیدا	پل گلە
لە بێشەدا	مارشان
لە بەرامبەر سۆبەدا	لونارد
لە جووڵانەوەدا	ورنەر
لە خەیاتیدا	کارل سمیث
لیون	روفائیل
لە ژێر چاودێری دا	ئیلیا ڕپین
مەلەکەرەکان	پول سیزان
مەلەکەرەکان	ئۆگست رینوار
مرۆڤ و قەرەوڵ	شاگال
منداڵ و ئەسپ	پیکاسۆ
منداڵ و گێلاس	میرانلو
منداڵ ترێ دەخۆن	گوسن
مەمکان و گوڵی سوور	بالاك

Scanned with CamScanner

مێردەزمە	داڤید
میللەتی سابین	سورواج
ماسی فرۆش	لوی
مردنی ساریدن	واندرگۆ
مردنی مریەمی عەذرا	مانتینیا
مردنی مەسیح	پل گله
مردن و ئاگر	پل گله
مۆنالیزا	لیوناردۆ دافنشی
مامۆستای سەما	کیورك
میوه و ژن و گوڵ	رینوار
وەستاوی ڕووت	میرۆ
وێنەیەك لە دەریادا	پیکاسۆ
وێنەیەك لە کتێبەکانی بالزاك کە نەناسراوە	پیکاسۆ
وێنەی ژن	کوسکا
وژنیی سەگ	تربورخ
یاریی چاو کوێری	گویا
یاریی پڕمەترسی	سلڤادۆر دالی
یەك شەمە بازار	سورا
هاوئاهەنگی	ئوزانفان
هیچ لە بەرانەبوو (ڕووت)	پاسن
هیچ لەبەرا نەبوو (ڕووت)	ماکس تلیمان
هێلین و پاریس	داود

****

Scanned with CamScanner

هەندێک لە تابلۆ بەناوبانگەکانی جیهان

پۆشانوی ماقیت

«سلفادور دالی»

دیمەنی سان ریم

«فان کوگ»

مۆنالیزا-

لیوناردۆ دافنشی

فینۆسی نووستوو - جیورجونی

لەیەک دانەوەی لەشی ئافرەت
«روفائیل»

لەیەکدانەوەیەکی ئەکادیمی لەشی ئافرەتێکی راوەستاو
«ئەلەکسەندەر دانیکا»

وێنەیەکی ئەکادیمی
«مایکل ئەنجیلۆ»



«چ ئازایەتییەک، کوێرەوەرییەکانی شەر»
«گۆیا»



Scanned with CamScanner

مەرگی ئوفیلی

«دیلاكروا»

پاكیزەی سكستین-دردسن

رۆفائیلۆ

پاكیزەو منداڵ

جیوفانی بللینی

شكەنجە

«زریكۆ»

Scanned with CamScanner

دەمووچاوێکی پاک
فێرمیر



سوێندی برایانی هۆراس- دافید-

دوو منداڵ: ترێ و شەمامە ئەخۆن
مۆریللۆ

خانمانی ئەفینیۆن- بیکاسۆ-

Scanned with CamScanner

(مۆسیقا)

زاراوەو فۆرمەکانی مۆسیقا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زاراوه و فۆرمەکانی مۆسیقا

زاراوەکانی مۆسیقا

١. مۆسیقا *Musique*
واتە زانیاریی گیانی و لە وشەی Muse ەوە وەرگیراوە کە ناوی فریشتەکانی دەوروبەری ئەپۆلۆنە کە لە کەژی پارناس دا دەژین و تێکڕا نۆ فریشتەن و هەر یەکێکیان سەرپەرشتی بەشێك لە هونەرە جوانەکان دەکەن.

٢. نوت *Nunt*
واتە ئەلف و بێی تایبەتیی هونەری مۆسیقا کە بریتییە لە حەوت هەنگاو.

٣. موزیکال *Musical*
واتە لەگەڵ مۆسیقادا

٤. تۆن *Ton*
یەکەیەکی دەنگییە لەنێوان دوو (نوت) پشتی سەری یەك.

٥. مەقام یان تونالیتە *Tonalite*
هەر کاتێك پارچەیەکی مۆسیقا بە پێی نوتێکی تایبەتی ئەنجام درا دەگوترێت ئەو ئاهەنگە تونالیتەی هەیە.

٦. مۆدو لاسیۆن *Modulation*
واتا گۆڕینی مەقام یان تونالیتە.

٧. ئاکرد *Accord*
تێکەڵیی چەند دەنگ بە پێی ئاهەنگێکی تایبەتی پێی دەگوترێ ئاکرد.

٨. ئەوا یان میلۆدی
مایەی رەگەزی مۆسیقا کە عیبارەت بێت لە دەنگی هاوسەنگ و پشتی سەری یەك.

٩. پولیفۆن *Polyphone*
میلۆدییەك کە لە چەند ساز و ئاوازێك پێك هاتبێت.

١٠. ریتم *Rythme*
لە مۆسیقادا واتە رێك لێدانی ئاهەنگ و بۆ رێك خستنی ئەوای مۆسیقا بەکار دەبرێت.

Scanned with CamScanner

١١. هارمۆنی *Harmonie*
چەند فەرمان و یاسایەکە لەنێوان چەن دەنگ دا کە دەبێتە هۆی هاوئانگیی تێکڕایی دەنگەکان.

١٢. ئاریا *Aria*
بە بەشی بنەڕەتی ئۆپرا دەڵێن ئاریا.

١٣. ئەرکستر فیلارمۆنیك *Phiharmonique*
ناوی ئەو ئۆرکسترەیە کە لەگەڵ ئەنجوومەنی لایەنگیرانی مۆسیقا پەیوەستە.

١٤. فینال *Final*
واتە دوایی یان کۆتایی لە مۆسیقادا.

١٥. فانتێزی *Fantaisie*
لە پارچەیێکی مۆسیقا دەگوترێت هەست بجووڵێنێت.

١٦. کۆر *Choeur*
واتە ئاوازی تێکڕایی.

فۆرمەکانی مۆسیقا

١- ئۆپەرا *Opera*
شانۆییەکە لەگەڵ ئاوازدا بە هاوکاریی ئۆکسترای مۆسیقا ئەنجام دەدرێت. ئۆپەراش چەند جۆرو بەشێکە.

ا. ئۆپەرای سەریا *Opera- Seria*
ئەم شانۆییە زۆرتر لە داستان و ئەفسانە و ڕووداوە مێژووییەکان سوود وەردەگرێت و تێکەڵ بە ئاوازە.

ب . ئۆپەرای بوفا *Opera-Buffa*
جۆرێکە لە ئۆپەرای زۆر سادە و زۆرتر بۆ رابواردنە.

ج . کۆمیك:
جۆرێکی تری ئۆپەرایی بە شێوەی جیاواز لەو دوانە.

٢- سویت *Suite*
بە چەند سەمایەکی کلاسیك دەگوترێت کە زۆر ریتمی تێدا نییە.

Scanned with CamScanner

٣- سونات *Sonate*

بە فۆرمێك لە مۆسیقا دەڵێن کە یەك ساز یان دوو ساز ئەنجامی دەدات.

٤- سیمفۆنی *Symphonie*

فۆرمێکە کە بۆ ئۆرکسترێکی دانـراوە و سیمفۆنیا چوار بەشە و بە ئـەنجام دانـی ئـەو فۆرمـە تـەواوی ئۆرکسترەکە دەبێت بە پێی دانانی ئەو فۆرمە بەشداری بکات.

٥- مۆسیقای مەجلیسی:

ئەم جۆرە مۆسیقایە بۆ دانیشتنی بچووك تـەرخان کـراوە لـە سـەدەی هەژدەهـەم دا بـاوی هـەبووە، دەس ڕۆیشتووەکان لە کۆشکەکانیان دا سوودیان لێ وەرگرتووە و بووە بە باو.

Scanned with CamScanner

ناسراوانی مۆسیقای کلاسیکیی جیهان

١- ئالپینیس ١٨٦٠ – ١٩٠٩ ز
گەورەترین پیانۆ ژەنی ئیسپانیا بووە و بەناوبانگترین پارچە مۆسیقاکانی بەناوی (ئیبەریا) و (کاتە لۆنا)یە.

٢- ئانتیل (جۆرج) ***Antel***
لە ساڵی ١٩٠٠ ز لەدایك بووە. دوای ئەوەی ئۆپەرای ئەولای ئەتڵەسی دانا شۆرەتی بە ئەوروپادا بڵاو بووەوە. سیمفۆنی (درفا) و مۆسیقای بۆ ئەدیبۆس لە پارچە بەناوبانگەکانی ئەم هونەرمەندەن.

٣- ئاسمتانا "بدریش" ***Bedrich Smetona***
لە ساڵی ١٨٩٤ز دا لە چیکۆسلۆفاگیادا لەدایك بووە, لە بنەماڵەیەکی ناودندی لە شاری براگ خوێندوویەتی. لە ساڵی ١٨٥٦ بووە بە رابەری ئۆکستری سوید و بە یادی خۆشەویستیی وڵاتەکەیەوە پارچەیەکی ناوداری بەناوی "بیرەوەریی بۆهیم" داناوە. پاشان گەڕایەوە شاری براگ و ئۆپەرای بەناوبانگی براندنبورگی دانا, دوا بە دوای ئەودا (بووکی فرۆشراوی) دانا, هەروەها چەند سیمفۆنیایێکی ناوداری بەناوی (مۆلدافیا ولاتەکەم) داناوە. لە ساڵی ١٨٩٤ ز دا مردووە.

٤- ئوستاد عەلی ئەکبەرخان:
لە ساڵی ١٩٢٢ ز دا لە شاری جودپوری هیندستان لە دایك بووە, ئەم هونەرمەندە لە پێنج ساڵیدا دەستی کردووە بە فێربوونی مۆسیقا و خاوەنی ناوبانگێکی فراوانە. زۆرتر پەیڕەوی کلاسی مۆسیقازانی سەدەی سیانزدەهەمی سەردەمی مەغۆلەکان بووە.
بەرهەمی ناوداری ئەم هونەرمەندە (راگای رۆژ و شەو)ە.

٥- سکریابین "ئەلکساندەر" ١٨٧٣ – ١٩١٥ ز
بە منداڵی دایکی مردووە, خەڵکی روسیایە, لە کۆنسرت ڤتواری مۆسکۆدا دامەزراوە, بووە بە مامۆستای پیانۆ. ئەمانەش ناوی بەرهەمە ناسراوەکانی ئەم هونەرمەندەن.

١- سیمفۆنیی سێیەم "هۆنراوەی خوایانە"
٢- سیمفۆنیی چوارەم "هۆنراوەی شادی دەر"
٣- هۆنراوەی شەیتانی

٦- شتراوس "یۆهان" ١٨٢٥ – ١٨٩٩ ز
کوڕی پیاوێکی مۆسیقازان بووە, توانی شێوەی ڤالس بگۆڕێت و زیاد لە چوارسەد ڤالسی داناوە خەڵکی نەمسا بووە. پارچە مۆسیقا بەناوبانگەکانی ئەمانەن:

١- دانووبی شین
٢- ژن
٣- شەراب و ئاواز
٤- هەزارویەك شەو

Scanned with CamScanner

٧- ئۆفنباخ "جان" ١٨١٩ – ١٨٨١ ز

خـەڵکی وڵاتــی ئەڵمانیایــە, ئەمــەش نــاوی چــەند چارچـە مۆسـیقای ئـەم هونەرمەندەن:

١- ئورفه له دۆزەخ دا

٢- ژیانی پاریسی

٨- باخ "یۆهان" ١٦٨٥ – ١٧٥٠ ز

له شاری ئیزباخ لەدایك بووە, باوکی مۆسیقاژەن بووە, له تەمـەنی دە ساڵان دا دایك و باوکی مردوون. برا گەورەکەی بەخێوی دەکات. کچی مامی خۆی دەهێنـێ و له ساڵی ١٧٠٨ دا دەبێتە سەرپەرشتی ئۆکستری دوك ساکس لـەم سـەردەمەدا لەگـەڵ لویس مارشانی مۆسیقازانی فرانسەیی لەسەر جوان لێدان گرە و دەکەن, بەڵام پـێش رۆژێك لە گرەوەکە مارشان شار بەجێدەهێڵێت.

لەشاری (گوتن)دا دوو کونسرتی بەناوبانگ دادەنێت بەناوی

١- براندنبورگ

٢- سونیتەکانی ئۆرکستر.

له ساڵی ١٧٢٠ ژنەکەی دەمرێت, دیسان ژن دەهێنێتەوە, ئەم جارە ئانا ماگدالینای گۆرانی بێـژی سـوپرانۆ دەهێنێ کە چوارده منـداڵی دەبێت و دەکرێـت بـە رابـەری ئۆرگانیـستی کڵێـسای "سـەن تۆمـاس" و هـەر لـەو شارەدا چەند ئاوازی ئاینی بەناوبانگ دادەنێ, لەوانە:

١- بێ ئەی مەسیح

٢- موتت روح

٣- مسی گەوره

٩- بیتهۆڤن "لودڤیك ڤان" ١٧٧٠ – ١٨٢٦ ز

له شاری بۆنی ئەڵمانیادا لەدایك بووە, له رەگەزا خەڵکی هۆڵەندە بووە بـاوکی لـە کۆشکی مـیری کولـۆن دا گۆرانیبێـژ بـووە بـەڵام پیـاوێکی مەسـت و سەرسـەری, کاتێك ژنی هێنا بێوەژنێکی بەناوی "ماگدالینا" مارەکرد و سێ منداڵی لێ بـوو کـە بیتهۆڤن گەورەکەیان بوو.

بیتهـۆڤن بـاوکی فێـری پیانۆلێـدانی کـردووە, بـەڵام سـاڵی ١٧٨٧ بـە یاریـدەی ڤالدشتاین توانیویەتی بچێتە شاری ڤیەنا و بگاتـە خزمـەتی (مۆتـسارت). لـە سـاڵی ١٧٩٢ دا کاتێــك ســپای نــاپلیۆن دۆڵــی رایــنی داگیرکــردووە بیتهــۆڤن شــارەکەی بەجێهێـشتووە و دیـسان دەگەڕێتـەوە ڤیـەنا, لەبـەر ئـەوەی مامۆسـتا ئازیزەکـەی (مۆتـسارت) مردبـوو لـەلای (هایدن) خۆی خەریك کرد. بەڵام لای ئەماوە چووە لای (ئەلبرختسبرگر) و له ساڵی ١٧٩٤ دا شازادە لیخۆنسکی بردییـە کۆشـکی خۆیـەوە, لـەم کاتـەدا لەگـەڵ خێزانـی (برۆنـسوێك)دا بـووە دۆسـت و دەرسـی بـە کـچانی ئـەم بنەماڵەیە گوتووە و لەگەڵ جۆلیتا گویچیاردی کە کچێکی ئـەو بنەماڵەیـە بـووە پـەیمانی دڵداری دەبەسـتێت, بەڵام جۆلیتا شوو بە یەکێکی دی کە دەکات. کـەم کـەم گوێیـەکانی بیتهـۆڤن گـران دەبـن تـا لـە ئاکام دا کـەڕ دەبێت. له ساڵی ١٨٣٣دا گەورەترین بەرهەمی بەناوی میساسولوتیس و سیمفۆنی نۆهەم دادەنێت. دەست کردە رەنگینەکانی ئەم بلیمەتە ئەمانەن:

Scanned with CamScanner

١- سوناتی مانگەشەو
٢- سوناتی پاستورال
٣- سیمفۆنی پێنجەم
٤- وێرانەکانی ئەڤینا
٥- ئۆپەرای فیدیلۆ

١٠- براهمس (یوهانس) ١٨٣٣ – ١٨٩٧ ز

لە شاری هامبۆرگی ئەڵمانیا لە خێزانێکی دەست تەنك و هەژار لەدایك بووە، لە شەش ساڵیدا پیانۆ فێربووە. لە دە ساڵیدا چووەتە لای مدار کردووە بە مۆسیقا. لەگەڵ شۆمانی مامۆستای و هاوڕێدا ماوەیەك ژیاوە، حەزی لە ژنەکەی شۆمانی کردووە، بەڵام لەبەر ئەوەی لێی گەورەتر بووە شووی پێ نەکردووە. کارێکی ناوداری ئەم هونەرمەندە (کۆنسرتۆ پیانۆی ژمارە یەك)ە.

١١- چایکۆڤسکی (پیوتەر) ١٨٤٠ – ١٨٩٣ ز

لە شاری (ڤیتکیتك)ی روسیا لەدایك بووە و لە دە ساڵیدا رۆیشتوەتە زانکۆوە (بەشی یاسا) و لە نۆزدە ساڵیدا تەواوی کردووە، لە ساڵی ١٨٦٥ دا چووەتە کنسەرڤاتواری پەتروسبورگ و تەواوی کردووە و بووە بە مامۆستای کنسەرڤاتواری مۆسکۆ. لە ساڵی ١٨٦٨ ز دا پۆلێك هونەرمەندی فرانسە رۆیشتوون بۆ مۆسکۆ بۆ پێش کەش کردنی ئۆپەرای (ئاتیللو) لە مۆسکۆ، ئەویش حەز لە ژنی یەکێکیان دەکات و ڤالسێکی بۆ دادەنێت. لە ساڵی ١٨٧٢ دا نورتور تومان، سیمفۆنیای ژمارە ٢ و (٣) دادەنێت. بەرەو پاریس دەچێت و لەوێدا چوارچێوەی (دەریاچەی قوول) دادەنێت. ناوبانگی چایکۆڤسکی بوو بەهۆی ئەوەی ژنێکی (نادر داڤن ماك) ناوی دەوڵەمەند دەستی بگرێت و بیپارێزیت و لەناو کۆمەڵی هونەرمەندان دا دەریخات.. ئەوەش بزانە ئەم دۆستییە هەر بە نامە بووە و قەت یەکتریان نەدیوە.

لە ساڵی ١٨٧٦ ز دا رۆژێك کچێکی بیست ساڵان دەچێتە ماڵی چایکۆڤسکییەوە پێی دەڵێ دەمێکە عاشقی بووە و دەیەوێ شووی پێبکات، ئەویش بێ ئەم لا و ئەولا مارەی کردووە، بەڵام دوای یەك مانگ لێك جیابوونەتەوە.

١٢- خاچاتۆریان (ئارام)

لە ساڵی ١٩٠٤ ز لە شاری تفلیسی روسیادا لەدایك بووە و رۆڵەی خێزانێکی ئەرمەنیی کتێب فرۆشی هەژار بوو. لە ساڵی ١٩٢٣ دا چووەتە شاری مۆسکۆ و لە قوتابخانەی مۆسیقا خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٣٤ ز دا کنسرتۆیەکی بۆ بیانۆ دروست کرد و لە ساڵانی شەڕی دووەم دا (بالێت گایانە)ی دروست کردووە، زۆربەی کارەکانی (خاچا) گۆرانییە فۆلکلۆرییەکانی ئەرمەنییە.

Scanned with CamScanner

١٣- شوبەرت (فرانتس) ١٧٩٧ – ١٨٢٨

لە نزیك شاری ڤیەنا لە نەمسادا لەدایك بووە, کوڕی مامۆستایەکی هەژار و دەست نەڕۆیشتوو بوو, پێنج ساڵ لە قوتابخانەی "کنوبك" دەرسی مۆسیقای خوێندووە. لەو قوتابخانەیەدا کە باوکی مامۆستا بووە دامەزراوە و هەمیشە هەژار بووە. ڕۆژان ئاهەنگی ساز کردووە و شەوانیش لەگەڵ دۆستانیدا لە ڕابواردن دابووە و ئەوەی نەدەزانی کە ڕۆژێك لە ڕۆژان بەرهەمەکانی ناوا جیهان گیر و ناودار دەبن. زۆربەی دانراوەکانی دەربارەی دڵداری بووە ئەگەر چی قەت دڵداریشی نەکردووە تا زیندوو بوو هیچ کەس ڕێزی نە خۆی و نە هونەرەکەی نەدەگرت.

١٤- شوپان (فردریك) ١٨١٠ – ١٨٤٠ ز

لە نزیکی شاری وارشۆ لە پۆڵەندە لە دایك بووە, باوکی فرانسەیی بووە لە پۆڵەندە دا ژیاوە. لەبەردەم قەیسەری رووسیادا پیانۆی لیداوە و ئەنگوستیلەی خۆی پێ بەخشیوە. لەگەڵ (لیست)ی هونەرمەنددا دۆست بووە و حەز لە جۆرج ساندی نووسەر دەکات بەڵام بەیەك ناگەن.

١٥- شۆمان (رۆبەرت) ١٨١٠ – ١٨٥٦ ز

کوڕی کتێب فرۆشێکی خەڵکی ئەڵمانیا بوو, دوای مردنی باوکی لە ساڵی ١٧٢٨دا چووەتە زانکۆ لە شاری لایبزیك, عاشقی ژنێك بووە بەناوی کلارا و مارەی کردووە, دەیویست لە رشتەی پیانۆدا بگاتە لوتکە بەڵام پەنجەکانی نەخۆش کەوتن.. ئەگەر چی باوەڕنامەی دکتۆرای فەلسەفی وەرگرتبوو بەڵام هەر خەریکی مۆسیقا بوو, تا ساڵی ١٨٤٩ لە سی پارچە مۆسیقای نایاب زیاتری داناوە کە "دیمەنیجەنگەل" شاتەڵەکەیانە. کلاراش لە تەواوی کۆنسێرتەکانی شۆمان دا پیانۆی لیداوە.

لە شاری دوسڵدوف لە ساڵی ١٨٥٠ دا سیمفۆنیی (ڕێنان) و ئورتورەکانی "جۆل سزار" و "هێرمان" و "درتە"ی داناوە, لە دوا ژیانی دا کەم کەم نەخۆشیی دەمار کاری لی دەکات تا شەوێك لە ساڵی ١٨٥٤دا دەیەوێ خۆی بخاتە ڕووباری (راین)ەوە, بەڵام ڕزگاری دەکەن.. ئیتر تووشی شێتی و بێ دەبێت, لە ئاکام دا لە شێتخانە دەمرێت.

١٦- لیست "فرانز" ١٨١١ – ١٨٨٦ ز

کوڕی کابرایێکی پۆڵەندیی خزمەکانی شازادەیك بووە شازادەکە دەینێرێ بۆ شاری پەتروسبورگ تا فێری مۆسیقا بێت. دوای ئەمەش چووەتە ڤیەنا بۆ فێربوونی پیانۆ.. دەعوەت کراوە بۆ بریتانیا بۆ ئاهەنگی مۆسیقا و بیانۆلێدان لە

Scanned with CamScanner

بەردەم مەلیك جۆرجی چوارەم دا.

لیست عاشقی ژنێکی ناسراو دەبێت بەناوی (داگۆ) کە مێردەکەی بەجێ دەهێڵێت و لەگەڵ لیست دا دە ساڵ پێکەوە ژیان و سێ منداڵیان بوو یەکێکیان کچ بوو کە لە دواییدا بووە ژنی (ڤاگنەر).

١٧- مۆتسارت "ولفگانگ" ١٧٥٧ – ١٧٩١ ز

لە شاری سالزبورگ لە نەمسادا لە دایك بووە، کوڕی کابرایێکی مۆسیقا زان بووە. لە منداڵییەوە بەهرەی مۆسیقا و ئاواز دانانی لێ دیاری داوە. یەکەمین بەرهەمی (چوار سونات بۆ کلاوسن) بووە. لە گەشتێك دا چووە بۆ بەریتانیا لەگەڵ کچە بچووکەکەی (باخ) دا بەناوی کریستیان ئاشنا بووە، یەکەمین ئۆپەرایەکی لە شاری ڤیەنا ساز کردووە بەناوی (کچە سادەکە) کە تەمەنی دوانزدە ساڵان بووە. پاشان سیمفۆنیی ٣١ بەناوی (پاریس) ناوبانگی بڵاوکردوەتەوە، ساڵی ١٧٧٩ بە ساڵی ناوبانگی ئەم هونەرمەنـــدە دەژمێردرێـــت، یەکـــەمین ئۆپـــەرای گـــەورەی بـــەناوی (ئەیدومینـە) دانـاوە. لـە سـاڵی ١٧٧٩ دا ژنـی هێنـا. ئەمـەش نـاوی چـەند بەرهەمێکی رەنگینی مۆتسارتە:

١- زتپك شیپل
٢- دزی لە سەرایدا
٣- ژن هێنانی فیگارۆ
٤- پراگ
٥- جادوو

لەتەمەنی ٣٥ ساڵیدا مردووە، خەڵکێکی زۆر هاتووە بۆ بەڕێ کردنی تەرمەکەی، بەڵام بارانێکی زۆر باریوە گەراونەتەوە، جا کەس نازانێت لە کوێ دا نێژراوە.

١٨- ڤاگنەر "ریچارد" ١٨١٣ – ١٨٨٣ ز

لە شاری لایبزك لە دایك بووە و باوکی پێش هاتنە دنیای ئەو بە گرانەتا مردووە، بووە بە رابەری ئۆرکستری ماگدبورگ و لەگەڵ کچێکی گۆرانی بێژدا بەناوی (مینا بلان) رێك دەکەوێت و مارەی دەکا. لەبەر رووداو و کارەساتی ئەو وەختە ئەڵمانیا بەجێ دەهێڵێ و دەچێتە شاری زوریخ و لەوێ لەگەڵ ناسراوان دا دەبێ بە دۆست و تێکەڵییان دەبێت. دوای سیانزدە ساڵ دەگەڕێتەوە بۆ ئەڵمانیا و عاشقی (کوزیما)ی کچی لیست دەبێت، کچە دوای تەلاق وەرگرتن – وەکو دایکی – شوو بە ڤاگنەر دەکات. ڤاگنەر دەچێتە شاری (بایرووت) و لەو شارەدا تیاترێك بە پارەی خۆی دروست دەکات و دوای چوار ساڵ ئەم تیاترە تەواو دەبێت و لە رۆژی کردنەوەیدا شاکارێکی خۆی بەناوی حەلقەی نیبلونگ پێش کەش دەکرێت. ئەمانەش ناوی چەند شاکارێکی ئەم هونەرمەندەن:

١- ئەفسانەی زیگفرید   ٢- پاسیفال

Scanned with CamScanner

بەرهەمە ناودارەکانی مۆسیقای ئۆپەرا

ناوی ئۆپەرا	ناوی دانەرەکەی
ئارفیو	مونتوردی
تاج لەسەرنانی پوپە	مونتوردی
ئەلسیست	لولی
دیدوڤانیاس	پریسل
خزمەکاری کەیبانوو	پرکولزی
هیپۆلیت و فاریسی	رامۆ
جۆل سیزار	هاندل
قازیی خەڵەتاوە	گلوك
رولاند	پیچینی
شووکردنی نهێنی	چیما روزا
ژن هێنانی ڤیگارۆ	مۆتسارت
دۆن جوان	مۆتسارت
ڤیدیللو	بتهۆڤن
ویلهلم ئەتل	رۆسینی
کچی هەنگ	دی تستی
فرایشوتس	ویبەر
تانهویزەر	ڤاگنەر
لوهنگرین	ڤاگنەر
حەلقەی نیبلونگ	ڤاگنەر
فاوست	گۆنۆ
کارمن	بیزە
مانکن لیسکۆ	ماسنە
سامسۆن و دەلیلە	ماسنە
ریکو لنو	وردی
عایدە	وردی
ئۆجین ئونگین	چایکۆڤسکی
خانمی پێك	چایکۆڤسکی
ماکبەث	ئەرنست بلوخ
دۆن کیشۆت	ریچارد شتراوس
سێ نارنجی خۆشەویست	پروکفیف

Scanned with CamScanner

سیمفۆنییە ناودارەکانی جیهان

سیمفۆنیی ژمارە ٨٣	پەلەور	هایدن
سیمفۆنیی ژمارە ٩٢	ئۆکسفورد	هایدن
سیمفۆنیی ژمارە ٩٤	لەپڕ	هایدن
سیمفۆنیی ژمارە ١٠١	ساعەت	هایدن
سیمفۆنیی ژمارە ٣١	پاریس	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٣٥	هاخنر	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٣٦	لینز	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٣٨	براگ	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٣٩	سیمل ماجور	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٤٠	سل مینور	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٤١	جوبیتەر	مۆتسارت
سیمفۆنیی ژمارە ٣	ئەروئیکا	بیتهۆڤن
سیمفۆنیی ژمارە ٥	سیمنیور	بیتهۆڤن
سیمفۆنیی ژمارە ٦	پاستڕال	بیتهۆڤن
سیمفۆنیی ژمارە ٩	کۆرال	بیتهۆڤن
سیمفۆنیی ژمارە ٣	سکاتلندی	مەندلسون
سیمفۆنیی ژمارە ٤	ئیتالی	مەندلسون
سیمفۆنیی ژمارە ٥	دۆن کیشۆت	ریشارد شتراوس
سیمفۆنیی ژمارە ٥	فانتاسنیك	برلیوز
سیمفۆنیی فاوست	–	فرانزلیست
سیمفۆنیی شۆرشگێڕانە	–	فرانزلیست
سیمفۆنیی ژمارە ٤	رۆمانتێك	بروکنەر
سیمفۆنیی ژمارە ٧	می ماجۆر	برۆکنەر
سیمفۆنیی ژمارە ١ لە	"نوت مینور"	براهمس
سیمفۆنیی ژمارە ٢ لە	"رێ ماجور"	براهمس
سیمفۆنیی ژمارە ٤ لە	"می مینور"	براهمس
سیمفۆنیی ئیسپانیۆل	–	لالو
سیمفۆنیی لەرمینیور	–	سیزار فرانك
سیمفۆنیی عەنتەر	–	کورساکۆف
سیمفۆنیی ژمارە ٤	"چالاکی"	سکریابین
سیمفۆنیی ژمارە ٥	پرۆمیثوس	سکریابین
سیمفۆنیی (پروم)	–	ستراڤینسکی
سیمفۆنیی ژمارە ٧	لنین گراد	شۆستاکۆڤیچ

Scanned with CamScanner

مۆسیقای جاز

ئەم شێوە مۆسیقایە لە سەرەتاوە لە ساڵی ۱۹۱۲ لە ناوچەی نۆرلیانی ئەمریکادا پەیدابووە کە کەوتوەتە خوارووی وڵات .. زوو بە زوو دوای شەڕی یەکەمی جیهان بە ئەمریکا و ئەوروپادا بڵاو بوەتەوە. ئەم جۆرە مۆسیقایە مۆسیقای قولە رەشە زۆر لێ کراوەکان بووە.

دەربارەی وشەی (جاز) دوو بیرورا هەیە, یەکەم ئەوەیە کە بە نامای هەست جووڵێنەر دێت. رایەکەی دووەم ئەوەیە کە ئەم ناوی لە ناوی چەند هونەرمەندێکی ئەم جۆرە هونەرەوە وەرگیراوە وەکو: جس, جاسبو, چارلز کە ئەم هونەرمەندانە لە ساڵی ۱۸۱۲دا یەکەمین ئۆرکستری ئەم جۆرە هونەرەیان داناوە.

جۆرەکانی جاز:

۱- بلووز *Bloos*

ئەم جۆرە لە ساڵی ۱۸۷۰ دا دەستی پێکردووە, ئەمەش لە وشەیەکەوە وەرگیراوە بە مانای (غەمگین) دێت هەڵبەتە ئەو ناوەش وە نەبێت غەمگینیی ئاهەنگی بلووز بێت بەڵکو لەبەر نارەوایی کۆمەڵایەتی و چینایەتیی گەلی ئەمریکا بووە. هەروەکو ناوازی عەتابەی لای خوارووی وڵاتی خۆمان و پێش ساڵی ۱۹۵۸ کە چۆن دەرەبەگایەتی جوتیاری وڵاتی لە سێبەردا دەچەوسایەوە.

۲- جاز کلاسیك

لە سێ قوتابخانەی بنەڕەتی پێك هاتووە کە ئەمانەن:

أ – قوتابخانەی نیو ئۆرلیانی.

ب – قوتابخانەی دیکسیلەند.

ج – شیکاگۆ ستیل.

ناوی کلاسیك وەنەبێت لەبەر بڕینی قۆناغ بێت بەڵکو هەر لەبەر جیاوازیی قوتابخانەکەیە.

۳- سوئیتك:

ئەم هونەرە هەمیشە شێوەی گۆڕیوە لە ساڵی ۱۹۲۹دا هونەرمەندێك بەناوی "پۆل وایت مەن" ناوبانگی دەرکرد و بوو بە پاشای جاز و بوو بە خاوەنی ئەم شێوە جازە.

٤- کول جاز *Coal Jazz*

لە ساڵی ۱۹۵۰ دا سپییەکانیش بە لاسایی رەشەکان لەم هونەرەدا خۆیان ماندووکرد و شێوەیێکی تایبەتییان پێك هێنا و رەگەکەی زۆرتر لە مۆسیقای ئەوروپایی دەچێت.

۵- پرۆگسیو جاز *Progressive Jazz*

شێوەیێکی نوێی جازە.

٦- ئیست کاست جاز *East Coast Jazz*

ئەم جۆرە جاز بە شێوەی نیویۆرك بەناوبانگە و دانەرانی ئەم شێوە جاز ئەمانەن:

أ – کلیفۆرد

ب – بڕۆن

Scanned with CamScanner

ج – سیلور

٧- وێست کاست جاز *West Coast Jazz*
به شێوەی کالیفۆرنیا بەناوبانگە.

٨- سول *Soul*
واتە هەڵ هەڵەی غەم بە تەعبیری مۆسیقازانەکانی جاز.

ناودارانی مۆسیقای جاز

١- ئارمسترانگ "لویس" *Armstrong*
لە ساڵی ١٩٠٠ دا لە نیو ئۆرلیانی ئەمریکا لەدایك بووە گۆرانی بێژ و ترومپێت ژەنە و لە مێژووی هونەری مۆسیقای جازدا بەناوبانگترین کەسە.

٢- کید ئاری *Kid Ory*
لە ساڵی ١٨٨٦ دا لەدایك بووە.

٣- رۆی ئالدریج *Roy Eldridge*
لە ساڵی ١٩١١ دا لە دایك بووە.

٤- دویك ئەلینگتۆن *Duke Ellington*
لە ساڵی ١٨٩٩ لە دایك بووە.

٥- کینگ ئۆلیڤەر (١٨٨٥ – ١٩٢٨) *King Oliver*

٦- کریس باربر (١٩٣٠ -) *C. Barber.*

٧- کۆنت باسی (١٩٠٤ -) *Count Basie*

٨- رەی براون (١٩٢٦ -) *Ray Brown.*

٩- ساندی براون (١٩٢٩ -) *Sandy Brown*

١٠- بیگ بیل برونزی (١٨٩٣ – ١٩٥٨) *Big Bil Broonzy*

١١- سیدنی پشت (١٨٩٧ – ١٩٥٩) *S. Bechet*

١٢- جیمی بلانتن (١٩٢١ – ١٩٤٢) *Jimmy Blanton*

١٣- بیکس بیدەر بەك (١٩٠٣ – ١٩٣١) *Bix Beider Becke*

١٤- بارنی بیگارد (١٩٠٤ -) *B. Bigard*

١٥- میلدر بەیلی (١٩٠٧ – ١٩٥١) *Milder Bailey*

١٦- چارلی پارکەر (١٩٢٠ – ١٩٥٥) *C. Parker*

١٧- بەد پاول (١٩٢٤ -) *Bud Powel*

Scanned with CamScanner

پەیکەری بەناوبانگ و

میعماری بەردینی ناسراو

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

میعماری ناسراو

١- پەیکەری فیرعۆنێك كە ئێستا لە مۆزەخانەی قاهیرەدا دانـدراوە، دەڵێن دەستکردی پیاوێکی ئاینی ئـەو سەردەمە بووە.
٢- پەیکەری فیرعۆنێکی دی كە لە میصر دۆزراوەتەوە ئێستا لە مۆزەخانەی بەرلین دا داندراوە.
٣- پەیکەری "ئەبولهەول" کە بەرزیی دەموچاوی (٥) مەترە و تەنیا لووتی ١,٧٠ مـەتر و درێـژیی گوێـیەکی ١,٣٧ مەترە.
٤- پەیکەرە زەلامەکە مەمنوون بەرزیی (١٨) مەترە كە پاسەوانی دەرگای پەرستگای ئامنفیسی دووهەمە.
٥- پەیکەری فیرعۆن ئامنفیسی سێیەم بە شێوەی دانیشتن كە بە پاڵی کەژێکەوە قورساییيەکەی ٤٠٠ تەنە.
٦- لوکسور (الأقصر) بەرزیی پایە (کۆڵەکە) کانی ١٦ مەترە تەلاری دەربارەی ئامنفیس بووە لە میصری کۆن دا.
٧- پەیکەری ئەخناتوون کە لە مۆزەخانەی قاهیرە دایە.
٨- پەرستگای کارناك لە میصر.
٩- پەرستگای گەورە (ئەبوسومبل) کە چوار پەیکەری رامسیس لە بەرد تاشراون بە بڵندیی ٢٠ مەتر.
١٠- پەیکەری رامسیس لە مەمفیس دا بە بەرزیی ١٣ مەتر.
١١- پەیکەری شاژنە نەفرتیتی لە میصر.
١٢- سەری ئافرەتێك كە لە قوڕی سووردەوەکرا و دروست کراوە ئێستا لە مۆزەخانەی فاتیکان دایە.
١٣- پەرستگای جۆپیتەر لە دورگەی سیسیل.
١٤- پەرستگای "پوزیدون" کە پەرستگایەکی کۆنی یۆنانە.
١٥- پەیکەری نیوە لەشی (بریکلس) لە مۆزەخانەی بریتانیا.
١٦- مەیدانی گرەوی ئەسپ غاردان بەناوی (کلیزە)وە کە لـە شاری ئـەثینـا دایـە و تـەواوی لەبـەرد دروست کراوە.
١٧- کتێبخانەی گەورەی ئەسکەندەرییە کە ٢٠٠ هەزار کتێبە تێدا بووە.
١٨- پەرستگای ئاپۆلۆن لە بەندەری ئەزمیری تورکیای ئەمرۆدا کە بـە فرمـانی ئەسکەندەر دروست کـراوە و بەرزیی ئەو دوو مستوونە بەردینەی کە ماوەتەوە گەورەیی و شکۆی ئەو پەرستگایە دەردەخات.
١٩- پەیکەری زەلامی (بوودا) لە ئەفغانستان.
٢٠- پەیکەری بوودا بە بەرزیی ٣٥ مەتر.
٢١- پەرستگای مهابوود لە هیندستان
٢٢- پەیکەری دوو دڵدار لە دورگەی سیلان.
٢٣- گۆڕستانی بوودا لە هیندستان.
٢٤- دیواری گەورە و درێژی وڵاتی چین كە لە ساڵی ٢٩٤ پ. ز دا بە درێژایی ١٨٧٢ کیلۆمەتر دروست کراوە.
٢٥- پن دوگار کە رۆمانییەکان لە وڵاتی فرانسەدا دروستیان کردووە.
٢٦- تیاتری "مارسیلۆس" لە رۆما کە دیسان لە سەدەی (١٧) تازە کراوەتەوە.
٢٧- پەیکەرێکی برونزی کە لە ئیتالیا دایە، بیروڕا لەسەر ئەوەیە کە پەیکەری هیرکلیۆسی قەیـسەری رۆمایـە یان (ڤالانتین) ە.
٢٨- پارچەیەك لە پەیکەری "سپتیم سور" کە لە چاڵەکانی تەلاری سەنت ئانژ دا دۆزراوەتەوە.
٢٩- پەیکەری نیوەلەشی ئادرین لە نزیکی گۆڕەکەیدا دۆزراوەتەوە.

Scanned with CamScanner

٣٠- کۆڵەکە بەردینەکانی پەرستگای جوپیتەر کە تێکڕا شەش پایە و نازانرێت کام شای میصر دروستی کردووە و بە چ شێوەیەك دا تاشراوە.
٣١- پەیەکەری "بوودا" لە ولاتی چین دا بە بەرزیی ١٥ مەتر و بە شێوەی کاری یۆنانییەکان تاشراوە.
٣٢- سەری پەیکەری کنستانتین لە رۆما.
٣٣- مەیدانی تەماشای ئەستەنبوڵ.
٣٤- پەیکەری تیۆدۆر و خێزانەکەی لە لۆجی تایبەتی خۆیدا.
٣٥- مزگەوتی ئەیا سۆفیا کە ستوونی بەردینی زۆر تێدایە و دەستکردی سەردەمی (ژوستینین)ی ئیمپراتۆری رۆمی رۆژهەلات بووە.



٣٦- میحرابی "هەریوچی" کە لە ساڵی ٧٣٠ ز لە ژاپۆن دا بەسەر کۆڵەگەی رەنگ سوورەوە دروست کراوە, بەرزیی کۆڵەکە هەرە گەورەکەی (٥٠) مەترە.
٣٧- بوودای گەورە: ئەم پەیکەرە لە ژاپۆن دایە و لە ساڵانی ٧٤٢ – ٧٤٩ز دا دروست کراوە, تەنیا درێژیی گوێی پەیکەرەکە سێ مەترە. دروست کردنی ئەم پەیکەرە ٤٣٧ تەن برونزی تێ چووە و ئاوزێر کردنیشی ١٤٤ کیلۆ زێڕ.
٣٨- پەرستگای بهووانسوار, لەساڵی ١٠٠٠ی زایین دا دروست کراوە, نیشانەی میعماری چین و بیزانسی پێوە دیارە.
٣٩- پەرستگای بەردینی هاها لیپورام لە هیندستان لەسەدەی حەوتەمی زایین دا دروست کراوە.
٤٠- لێژی رووباری کونگ لە هیندستان کەسنگە بەردێکە (میل) بە بەرزیی ٩ مەتر و بە درێژیی ٢٠ مەتر کە زۆر نەخش و نیگاری لێ هەڵ کەنراوە.
٤١- نزیکەی (٢٨) پەرستگای لە ئەشکەوتەکانی حەیدەرئابادی هیندستان دا هەڵ کەندراوە.
٤٢- جێگای پەرستنی شیرا لە ئالوورا.
٤٣- پەرستگای (بوریودو) لە جاوە بە بەرزیی ٢١ مەتر.
٤٤- پەرستگای فەرزەکانی ئاین (مناسك) لە هیندستان.
٤٥- پەیکەری ئاسنی شیواو پاروانی.
٤٦- پەرستگای کزاوا لە هیندستان
٤٧- پردی لوکئو لە ولاتی چین نزیکی پەکین.
٤٨- پەرستگای ئاسمان لە چین.
٤٩- بنکەی دالاییەکان لە کەژی سووردا لە تیبەت بە درێژیی ٣٠٠ مەتر و بەرزیی ٥٠ مەتر.
٥٠- هەرەمی گەورەی پلەدار لە مەکسیك.
٥١- گەرەکی خواکان لە مەکسیك و هەرەمی هەتاو.
٥٢- دیواری پەرستگای مەتیلا لە مەکسیك.
٥٣- ئەلماچین یان هەرەمی ژووردار لە مەکسیك.
٥٤- مزگەوتی عومەر (رض) لە قودس.
٥٥- کەعبەی شەریف لە حیجاز.

Scanned with CamScanner

٥٦- نوێژخانەی سانت کاپرین.
٥٧- بەردی تەراشییەکانی کڵێسای ئارپنیرا لە تفلیس.
٥٨- پەرستگای سانت پانتلمۆن لە یۆنان.
٥٩- نوێژ خانەی سانت میشیل لە فەرانسە "رێباز و شێوەی ئاواکاریی کووتیك".
٦٠- پەرستگای سەرکەژی (کاسن) لە ئیتالیا.
٦١- پەرستگای ئالکوباسا لە ئیسپانیا.
٦٢- پەرستگای پێچکەداری خوای هەتاو لە هیندستان.
٦٣- پەیکەری گەورەی کراتمالا بە بەرزیی ١٨ مەتر کە بە شاکاری بەرد تاشینی هیندستان دادەنرێت.
٦٤- پلەکانی قەڵای لوژولاسدا لە ئیسپانیا، ئەویش بە شاکارێکی میعماری بەردین لە قەڵەم دەدرێت.
٦٥- کۆشکی (خەزرا) لە ئیسپانیا.
٦٦- کۆشکی فلکشتاین لە ئەڵمانیا.
٦٧- دوو قولله لە سیانزدە قوللەکانی سان ژیمانۆ لە تۆسکانیی ئیتالیا.
٦٨- دیواری سەر و قووللەی ملینتا لە یۆگۆسلاڤیا.
٦٩- کڵێسای کوتانس لە فەرانسە.
٧٠- کڵێسای منوستەر لە ئەڵمانیا.
٧١- هەرەمی گەورەی کاستیلو لە مەکسیك.
٧٢- پەرستگای شەرکەران لە مەکسیك.
٧٣- پەرستگایەك بەناوی کۆشکی ئیمپراتۆر لە مەکسیك.
٧٤- کۆشکە (حەمرا) لە ئیسپانیا کە ١٢٨ کۆڵەکەی مەرمەڕی سپیی هەیە و تێکڕا ٤٣١٢ کۆڵەکەی تێدایە.
٧٥- قوللەی (کڵاوفەرەنگی) یان بورجی لار لە ئیتالیا کە٢٩٤ پلەی هەیە.
٧٦- کۆشکی شامبور لە فەرانسە.
٧٧- کۆشکی کابرارۆلا لە ئیتالیا ئێستا بنکەی هاوینەی سەرکۆماری ئیتالیایە.
٧٨- کڵێسای ئاسامیۆن لە کرملین لە شاری مۆسکۆدا.
٧٩- کڵێسای سان پۆڵ لەشاری لەندەن.
٨٠- نوێژخانەی سان لۆرنزۆ لە ئیسپانیا.
٨١- کۆشکی هایدلبورگ لە ئەڵمانیا.
٨٢- کۆشکی ریونان چی لە کیوتووی ژاپۆن.
٨٣- ساترونیا لە هیندستان.
٨٤- تاج محەل.
٨٥- گول گومەد گۆڕی عادیل شای هیند لە پیجابوور.
٨٦- هەوا محەل لە هیندستان (ڕوانگەی ئاسمانی).
٨٧- فاتیور سیکری: مزگەوتێکە لە هیندستان لەلایەن ئەکبەرشاوە دروست کراوە.
٨٨- پەیکەری بوودا لە تایلەند بە دانیشتوویی.
٨٩- مزگەوتی ئەل ئەزهەر لە قاهیرە.
٩٠- پەرستگای گەورەی بوودا لە بانکۆك و رازاندنەوەی دیوی ناوەوەی ئەم پەرستگایە شاکارێکی بۆ گشت مرۆڤان.
٩١- دەوازەی "مەنسوری حەللاج" لە مەراکیش.
٩٢- کۆشکی ئیلاخی پاشاکانی سوید لە ١٦٦١ ز دروست کراوە.

Scanned with CamScanner

٩٣- كۆشكی پاشایەتیی شونبرون لە ڤیەنای نەمسا کە لە ساڵی ١٧٥٠دا دروست کراوە.

٩٤- كۆشكی پاشایەتیی مەدرید لە ئیسپانیا.

٩٥- پەرستگای پاشا لە نەمسا بەسەر رووباری دانووبەوە.

٩٦- بینای وێست منیستەر لە لەندەن کە جێگای پەرلەمانی بریتانیایە و بە گشتی پانزدە هەزار ژووی هەیە.

٩٧- كۆشكی پاشایەتیی "ویندستوور" کە لە سەردەمی جۆرجی چوارەم دا دەستی پێ کراوە و لە سەردەمی شاژن ڤیکتۆریادا تەواو بووە.

٩٨- كۆشكی بلوور یەکێکە لە شاکارەکانی میعماریی جیهان کەوتوەتە شاری لەندەنی وڵاتی بریتانیاوە.

٩٩- كۆشكی بۆشا وانشتین لە ناوچەی بایاری ئەڵمانیادا لە سەردەمی پاشایەتیی لوئی دووەمی پاشای (بایر)دا دروست کراوە.

١٠٠- كۆشكی ترۆکادیرۆ لە ساڵی ١٨٧٨ ز دروست کراوە لەلایەن میعمارێکەوە بەناوی (داود).

١٠١- کڵێسای ساگراد فامیلیا لە شاری بارسلونی ئیسپانیا کە لە ساڵی ١٨٨٤ دا دروست کراوە.

١٠٢- پردی بروٓکلین، لە ساڵی ١٨٦٩دا لە شاری نیویۆرك دروست کراوە، بە درێژایی ١٨٢٦ مەتر و پایە بەردینەکانی ٩٠ مەترە.

١٠٣- قوللەی ئیڤڵ، بەرزییەکەی ٣٠٠ مەترە و لە شاری پاریسە ئیڤلی ئەندازیار دروستی کردووە.

پەیکەری ئازادی

Scanned with CamScanner

پەیکەری بەردینی ماچ   –رۆدان–

Scanned with CamScanner

پولیکیت
پەیکەری دولیفور

Scanned with CamScanner

هونەرمەندانی ناسراوی
مۆسیقای ئیسلام

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

هونەرمەندانی ناسراوی مۆسیقای ئیسلام

١- **ئیبن سینا:**

ئەبو عەلیی سینا پزیشك و فەیلەسووفی گەورەی ئیسلام, لەبەر ئەوەی مۆسیقا ئەوسا بەشێك بوو لە فەلسەفە بۆیە لە كتێبی "شفا" دا زۆری دەربارەی مۆسیقا نووسیوە. لەم رووەشەوە لە فارابی و ئیسحاقی مووسڵی سوودی وەرگرتووە و بە پێی چوار یاسا لە مۆسیقا دواوە:

١. تردید (دووبارە كردنەوە).
٢. التمزیج و التشقیق (تیكەڵاویی و جیاكردنەوە).
٣. الترکیب والابدال (لێكدان و لەجێ دانان).
٤. التوصیل (گەیاندن).

٢. **صەفیەدین ئەل ئەرمەوی:**

مۆسیقا زانی سەردەمی موستەعصیمی عەباسیدا لە سەدەی حەوتەمی كۆچیدا ژیاوە, دەربارەی مۆسیقا كتێبێكی بەناوبانگی هەیە ناوی "الأدوار" ئەم هونەرمەندە ئاوازی بەشێوەی ژمارە و پیت نووسیوەتەوە.

٣- **زریاب:**

ئەبولحەسەن كوڕی عەلیی ناسراو بە زریاب یەكێك بووە لە قوتابیانی ئیسحاقە مووسڵی, دوای تەواوكردنی دەرسی مۆسیقا لەلای مامۆستاكەیەوە بەرەو ئەندەلوس دەكەوێتە ڕێ و لە دەرباری عەبدولرەحمانی دووەمی خەلیفەی ئەمەوییەكانی ئەندەلوس دا جێگە و ڕێزێكی زۆر بەدی دەهێنێت. زریاب ژێیەكی بۆ ئامرازی عوود زیادكردووە كە پێش ئەو هەرسێ ژێی هەبووە, كتێبێكیشی نووسیوە بەناوی "الشجرة الطبوع" دەربارەی مۆسیقا.

٤. **مەنصور ئەل زلزال:**

ژن برای مامۆستا ئیبراهیمی مووسڵی بووە و لەلای ئەو مۆسیقا فێربووە. ئەم هونەرمەندە ئەوەندە عوودی (بە ئاوازی مامۆستا ئیبراهیمەوە) شیرین لێ داوە دەربارەی عەباسییانی هێناوەتە جۆش هەر خۆیشی مامۆستای عوودی ئیسحاق بووە.

منصور زلزال — ... ئەل ئەرمەوی

Scanned with CamScanner

٥- **عەبدولقادر مەراغی:**

لە سەدەی هەشتەمی کۆچیدا ژیاوە و لە مۆسیقازانیدا دەستێکی باڵای بووە و ئەم کتێبانەشی دەربارەی مۆسیقا نووسیوە:

١- الزوائد والفوائد.

٢- مقاصد الألحان.

٣- زبدة الأدوار.

٦- **فارابی:**

ئەبو نەصری فارابی فەیلەسووفێکی گەورەی ئیسلامە و بە مامۆستای دووەم بەناوبانگ بووە جگە لە فەلسەفە لە دنیای مۆسیقادا زۆر بە توانا بووە لەم بابەتەوە کتێبێکی نووسیوە بەناوی (کتاب الموسیقی الکبیر) ئەم کتێبە تاکو ئێستا بە نرخترین کتێبە مۆسیقایە لە ڕۆژهەڵات دا.

٧- **ئیبراهیم ئەلموسلی (١٢٥ – ١٨٨ ك):**

باوکی لە شاری کووفە ژیاوە و لەوێش ژنی هێناوە و ئیبراهیم بەرهەمی ئەم ژن و مێردەیە. بە منداڵی باوکی مردووە کە گەورە بووە بۆ فێربوونی هونەری مۆسیقا چووەتە شاری مووسڵ، دوای تەواوکردنی دەرسی مۆسیقا لە مووسڵ بۆ فێربوون شار بە شار دەگەڕێ تا دەگەڕێتەوە بەغداد و لە دەربارەی خەلیفەکانی عەباسی: مەهدی و هاروونە ڕەشید دا ڕێز و جێگایەکی دیاری بەدەست دەکەوێت و بە نەخۆشی کۆڵنج دەمرێت.

٨- **ئیسحاق الموسلی (١٥٠ – ٢٣٦ ك):**

کوڕی ئیبراهیم بووە و مۆسیقا لە باوکی فێربووە خەریکی خوێندن بووە هەتاوەکو دەربارەی زانیارییەکانی یۆنانیش ئاگادار بووە، سەرباری مۆسیقای ڕۆم و یۆنانییەکان. دوای مردنی باوکی جێگای باوکی گرتەوە لە دەربارەی هاروونەڕەشید دا. لە کۆتایی تەمەنی دا بە کوێری مردووە.

ئیسحاق ئەلموسلی

عبدوالقادر مراغی

Scanned with CamScanner

٩- **یەعقووب ئەل کیندی:**

ئەبوو یووسف یەعقووبی کیندی لە سەدەی سێیەمی کۆچیدا لە بەصرە لە دایك بووە و لە ساڵی ٢٦٠ دا مـردووە. سـەرەتا لـە بەصـرە فێـری مۆسـیقا بـووە, پاشـان چـووەتە (بەغـداد) و لـە دەزگـای خەلافـەتی عەباسـی‌یەکان دا دامـەزراوە لـە سـەردەمی خەلیفـە (متـەوەکیل)دا. کتێبێکـی نووسـیوە هەوڵـی‌داوە بـیروڕای تایبەتی خۆی روون بکاتەوە.

١٠- **طووەیس (١١- ٩٢ ك):**

بە (ئەبو عەبدولنەعیم) بەناوبانگ بووە و وەکو فەرهەنگێکی زیندوو وا بووە دەربـارەی شـاری مەدینـە, هەروەها ناو ناو دەفی جوان لێدەدا. طووەیـس لـە ڕۆژی مردنـی پێغەمبـەر (ص) دا لـە دایـك بـووە, لـە ڕۆژی مردنی ئەبوو بەکردا (رض) لـە شـیر براوەتـەوە و لـە ڕۆژی کوشـتنی عومـەردا (رض) بلـووغ بـووە و لـە ڕۆژی کوشتنی عوثمان (رض) ژنی هێناوە و لە ڕۆژی کوشـتنی عـەلی (کـرم) دا بـووە بـە خـاوەن کوڕێـك تـا ڕۆژگـاری مەروانی کوڕی حەکەم ژیاوە.

Scanned with CamScanner

میعمارە ناسراوەکانی جیهان

١- ئاپولۆ دوروسی دیمەشقی
لە سەدەی یەکەم و دووەمی زایین دا ژیاوە, واتا لە سەردەمی رۆمانەکان دا.

٢- ئارنولفودو کامبیو *Arnold di Cambio*
لە سەدە سیانزدەهەم دا ژیاوە و پەیکەر تاشێکی ناودار و میعمارێکی ناسراوی ئەو سەردەمە بووە.

٣- ئەلبەرتی (پاتێستا) *Alberi. B* (١٤٠٤ – ١٤٧٤ز)
میعمار و مۆسیقازانێکی خەڵکی ئیتالیا بووە.

٤- ئانتیموس ترالسی *Anthemius of Tralles*
لە سەدەی شەشەمی زایین دا ژیاوە و خەڵکی یۆنان بووە, هەروەها یەکێکی لەو میعمارانەی کڵێسای ئەیا سۆفیای لە ئەستەنبول دروست کردووە.

٥- ئاروین دی شتینباخ *Erwin de Steinbach* (١٢٤٤- ١٣١٨ ز)
ئەو میعمارەیە کە کڵیسای (ستراسبورگ)ی دروست کردووە.

٦- سپراندیو "جاك هانری" *Sperandieu .J. H* (١٨٢٩ – ١٨٧٤ ز)
خەڵکی وڵاتی فەرانسە بووە کڵێسای نۆتردامی لە پاریس و کۆشکی لنگ شانی لە شاری مارسێدا دروست کردووە.

٧- سکۆپاس *Scopas* (٤٦٠ ی پێش زایین)
میعماری و پەیکەرتاشێکی خەڵکی یۆنان بووە. ئەو دەستکردانەی لە کەناری دەریای (ئەناتۆلی ژووروو)دا هەیە ئەم هونەرمەندە ئەنجامی داون.

٨- ئیڤل (گۆستاڤ) *Eiffel . G* (١٨٣٢ – ١٩٢٣ ز)
ئەندازیارێکی خەڵکی فەرانسەیە و قوللەی ئیڤلی لە پاریس دروست کردووە.

٩- ئایگتینوس *Igtinus*
لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین دا ژیاوە.
خەڵکی یۆنانە و پەرستگای (پارتنون) لەلایەن ئەم میعمارەوە دروست کراوە.

١٠- برامانتە *Bramante*
میعماری ە نیگارکێشی چاك زانیوە, خەڵکی ئیتالیا بووە کۆشکی "کانچلر" ئەو دروستی کردووە.

١١- بروییر "مارسل" *Breuer* (١٩٠٢ – ١٩٥٧ ز)

Scanned with CamScanner

خەڵکی مەجەرە، شێوەی کارەکانی زۆرتر ڕێبازی کۆبیسمی تێدا دیارە، بینای (بیژن کۆرف) لەلایەن ئەم هونەرمەندەوە دروست کراوە.

١٢- بڕۆس "سالمون دو" Brosse (١٥٦٥ – ١٦٢٦ ز)

خەڵکی فەرانسەیە کۆشکی لوکزامبورگ و کۆشکی راوی لویس لەلایەن ئەم میعمارەوە دروست کراوە.

١٣- برونللێسکی (فیلیپو) Brunelleschi

پەیکەرتاش بووە جگە لەوەی میعماڕێکی وردەکاریش بووە گوومەتی کڵێسای (فلۆرانس) لەلایەن ئەم هونەرمەندە ئیتالیاییەوە کراوە.

١٤- بەری (سێرچارلس) Barry. Ch (١٧٩٥ – ١٨٦٠ ز)

کۆشکی ویستمنەستەر لە شاری لەندەن لەلایەن ئەم کەسەوە دروست کراوە.

١٥- بلۆندل (نیکۆلا) Blondel. N ١٦١٧ – ١٦٨٦ز

تاقی سەرکەوتنی سانی دنی شاری پاریس لەلایەن ئەم میعمارەوە دروست کراوە.

١٦- بولفینچ (چارلز) Bulfinch (١٧٦٣ – ١٨٤٤ ز)

خەڵکی ئەمریکا بووە لە شاری (بۆستن)دا زۆر کۆشك و کاری ئەنجام داوە.

١٧- پالا لادی (ئەندرا) Palladio. A

جێ گری میکائیل ئەنجلۆ و برامانتە بووە و خەڵکی ئیتالیا بووە و زۆر کاری میعماری ئەنجام داوە، کڵێسای (سان پیر) یەکێکە لە کارەکانی.

١٨- رامی:

میعمارێکی عەرەب بووە لە ساڵی ١٤٩٨ کڵێسای "کنشتی" لە (سەرقسطە) لەلایەن ئەم هونەرمەندەوە دروست کراوە.

١٩- رایت "فرانك لوید" Wright. F. L (١٨٦٩ – ١٩٥٩ ز)

خەڵکی ئەمریکایە و (خانووی تاڤگە) یەکێکە لە کارەکانی ئەم میعمارە.

٢٠- ورن "سێرکریستوفر" Wren . C (١٦٣٢ – ١٧٢٣ ز)

کە شاری لەندەن سووتا سەرلەنوێ دروست کردن و نوێ کردنەوەی لەلایەن ئەم میعمارەوە دارێژراوە.

کارە ناودارەکانی ئەمانەن:

١- مالبرو هاوس.
٢- تیمپل بار.

٢١- رینێ (جۆن) Rennie. J (١٧٦١ – ١٨٢١ ز)

خەڵکی بریتانیا بووە کارە ناودارەکانی ئەمانەن:

Scanned with CamScanner

١- بیناى واترلو.

٢- پردى لەندەن.

٢٢- روهە (میزوان دو)

لە ساڵى ١٨٨٦ ز دا لە ئەڵمانیا لە دایك بووە، ئەندازیارێكى میعمارى ناودار و دەست ڕەنگین بووە

ئەمانەش كارە ناسراوەكانى ئەم میعمارەن:

١- بیناى نەتەوە یەكگرتووەكان لە شارى نیویۆرك.

٢- مۆزەخانەى هونەرە تازەكان.

٣- فیلیب جانسۆن.

٢٣- سارى نن (نایرو) *Saarinen. E*

لە ساڵى ١٩١٥ ز دا لە ئەمریكا لە دایك بووە، بیناى كارخانەى (جەنەراڵ مۆتۆرز)ى دروست كردووە.

٢٤- سنان (٨٩٥ – ٩٨٦ ك)

یەكێكە لەو میعمارە بە دەسەڵاتانەى سەردەمى عوثمانى، لەكاتى فەرمانڕەوایى سوڵتان سەلیم و سوڵتان سلێمانى یەكەم دا كارە دیارەكانى ئەم میعمارە لە توركیا دا ئەمانەن:

١- مزگەوتى سلێمانیە.

٢- مزگەوتى شازادە.

٣- مزگەوتى سەلیمیە.

٢٥- لسكۆت "پیر" *Lescot. P* (١٥١٥ – ١٥٧٨ ز)

لە شارى پاریس لەدایك بووە و ڕواڵەتى دەرەوەى مۆزەخانەى لۆڤەر لەلایەن ئەم میعمارەوە ئەنجام دراوە.

٢٦- لیمۆنت "پیر" *Lemuet. P*

لە پاریس لە وڵاتى فەڕەنسەدا هاتوەتە دنیاوە، كارى ناودارى ئەم میعمارە "واڵ دو كراس"ە.

٢٧- لوكورپۆزێە *Lecorbusir. E.* (١٨٨٧ – ١٩٦٤ ز)

خەڵكى وڵاتى سویسرایە، ئەمانەش هەندێك كارى بەناوبانگێتى:

١- وەزارەتى دروست كردنى كارەبا لە سۆڤیەت دا.

٢- وەزارەتى تەندورستى و ڕۆشنبیرى لە برازیل دا.

٣- خانووى پەنا هاوەرەكانى سپاى ڕزگارى.

٤- ساختمانى سویت لە مۆسكۆ.

Scanned with CamScanner

پەیکەر تاشە ناسراوەکانی جیهان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

پەیکەرتاشە ناسراوەکانی جیهان

١- ئاگاسیاس *Agasias*

لە سەدەی یەکەمی پێش زایین دا ژیاوە، یەکێك لە کارە هونەرییەکانی وا لە مۆزەخانەی ئەثینادایە.

٢- ئا. ئوتۆخیدس *Eutchides* (سەدەی چوارەمی پ. ز)

خەڵکی یۆنانە و پەیکەری "ئیقبال" لەلایەن ئەم هونەرمەندەوە دروست کراوە.

٣- ئادلینگ *Edelin* (١٦٤٩ – ١٧٠٧ ز)

لە شاری ئانورس لە دایك بووە، لەلایەنی لویسی چواردەهەمەوە دەعوەت کراوە بۆ فەرەنسە و رێزی زۆر لێ گیراوە.

٤- شوانتالرا *Schwanthaler* (١٨٠٢ – ١٨٤٨ ز)

لە شاری مۆنیخی ئەڵمانیا لە دایك بووە و زۆر دەستکردی لێ بەجێ ماوە.

٥- ئودن *Houdon* (١٧٤١ – ١٨٢٨ ز)

خەڵکی فەرەنسەیە و پەیکەرتاشێکی ناسراوە و نیگاریکێشی تابلۆی (روخساری کاترین)ە.

٦- بارتۆلد *Barthold. F. A* (١٨٣٤ – ١٩٠٤ ز)

فردریك ئۆگشت بارتۆلد خەڵکی فەرەنسەیە، ئەمەش ناوی چەند پەیکەرێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەیە:

١- شێری بلفۆر.
٢- پەیکەری ئازادیی شاری نیویۆرك.
٣- جیهانی ئەمڕۆ.

٧- بارلاخ "ئەرنست" *Barlach* (١٨٧٠ – ١٩٣٨ ز)

پەیکەرتاش و نووسەرێکی ئەڵمانیایە. ئەمەش ناوی چەند کاری پەیکەرسازی ئەم هونەرمەندەن:

١- تۆڵەستێن.
٢- خەیاڵ کەر.

٨- باری *Bary. A. L* (١٧٩٦ – ١٨٧٥ ز)

ئەنتوان لویس باری خەڵکی فەرەنسایە، کارەکانی دەربارەی درندان بووە ئەمەش چەند پەیکەرێکی ئەون:

١- شێر و مار.
٢- نیزە ومینیاتور.

Scanned with CamScanner

٣- شێری وەرکەتوو و فیلی ئەفریقیا.

٩- **بافێە "ئۆژن" *Baffier. E***

خەڵکی فەرانسایە و لە ساڵی ١٨٥١ز دا لە دایك بووە ئەمەش چەند پەیکەرێکی ناسراوی ئەون:

١- شارلۆت کورداری.

٢- لویسی نۆیەم.

١٠- **برانکوزی "کونستانتین" *Brancusi. C***

خەڵکی رۆمانیایە بەڵام لە فەرانسە دا ژیاوە و دەرسی خوێندەوە ئەمەش ناوی چەند پەیکەرێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەیە:

١- ماچ. ٢- خواوەندی خەوتوو. ٣- پەلەوەرێك لە ئاسمان دا.

١١- **بەرنینی (چیان لۆرنزۆ): *Bernini. G. L.***

خەڵکی ئیتالیایە، ئەمەش ناوی چەند پەیکەرێکی ئەم هونەرمەندەن:

١- رەواقی کڵێسای سان پییر لە شاری رۆما.

٢- بیرکردنەوەی سانت ترز.

١٢- **برودل "ئەمیل ئەنتوان" *Bourdelle. E. A***

خەڵکی وڵاتی فەرانسەیە و پەیکەرتاشێکی وردەکاری ئەمەش ناوی شاکارێکی ئەوە:

١- هەرکولی کەمان گر.

١٣- **پالمەر "ئاراستوس دو" *Palmer. E. D***

لە ساڵی ١٨١٧ز دا لە ئەمریکا لە دایك بووە، ناوی کارە ناودارەکانی ئەمانەن:

١- کچێکی گەنجی هیندی. ٢- ئەسیری بەرەبەیان. ٣- هەڵ فرینی روح.

١٤- **پراکزتیل *Praxitell***

لە ساڵی ٣٦٠ی پێش زاین دا لە یۆنان دا ژیاوە ئەمەش ناوی چەند شاکارێکی ئەم هونەرمەندەیە کە تا ئێستا ماوەتەوە:

١- سەری ئەفرۆدیت. ٢- ئاپۆلۆن. ٣- پەیکەری ڤینۆس.

١٥- **پیزانۆ "نیکۆلا" *Pisano. N***

خاوەنی شێوەیێکی تایبەتی خۆی بووە لە هونەری پەیکەرتاشی دا. ئەمانەش ناوی چەند کارێکی بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەن:

١- مینبەری کڵێسای پیزا. ٢- مینبەری کڵێسای سینا. ٣- حەوز و ئاوەبرژەی پرووجا.

١٦- **تۆرڤالسن (ئەلبرت برێل) *Thorvaldsen* (١٧٧٠ – ١٨٢٤ ز)**

خەڵکی وڵاتی دانیمارکە بە داهێنەری ئەخشی بەرجەستەی دیکۆرسازی دانراوە، شیرلوسون کارێکی ناسراوی ئەم پەیکەرتاشەیە.

Scanned with CamScanner

١٧- چلینی "بن و نیتو" Cellini. B (١٥٠٠ – ١٥٧٢ ز)

فەڕەنساوییە، ئەمەش ناوی چەند کاری بەناوبانگی ئەم هونەرمەندەیە:

١- عیسا.

٢- جۆبیتەر.

٣- پرسیوس.

١٨- دالو (جۆل) Dalou. J. (١٨٣٨ – ١٩٠٢ ز)

خەڵکی وڵاتی فەڕەنسەیە و پەیڕەوی قوتابخانەی (ناتوراليسم) بووە سەرکەوتنی کۆماری دەستکردی ئەم پەیکەرتاشەیە.

١٩- روبیا "لوکادلا"

لەسەدەی پانزدەی زایین دا لە ئیتالیا دا ژیاوە، کارە ناودارەکانی ئەم هونەرمەندە ئەمانەن:

١- تاج لەسەرنانی مریەمی عەذرا.

٢- مریەم و کوڕەکەی.

٣- بینینی ئەلیزابث لەلایەن خەڵکەوە.

٢٠- رۆدن "ئەگوست" Rodin. A. (١٨٤٠ – ١٩١٧ ز)

ئەم هونەرمەندە فەڕانساییە لەسەرەتاوە کەس هیچ نرخێکیان بۆ بەرهەمەکانی دانەنا و شێوەی کارەکانی گەلێك سادە و بێ ئارایش بووە و گوێی نەداوەتە ناسکیی لەش و پەیکەر، بەڵکی بە ئاڵۆزیی ماسولکەکانی لەش دا ویستوویەتی بیروڕای پەیکەرەکە لە روخساریا دیاربکات، ئەمەش ناوی چەند کاری ئەم هونەرمەندە بلیمەتەن:

١- بیرکەرەوە.

٢- پاسەوانی سان پیرو.

٣- برژوازییەکانی کالە.

٤- ماچ.

Scanned with CamScanner

٥- دەروازەی دۆزەخ.

٦- هۆگۆ.

مۆزەخانەی تایبەتی ئەم هونەرمەندە لە شاری پاریس بە سامانێکی نەتەوایەتیی میللەتی فەڕەنسە دەژمێردرێت.

٢١- **ریشیر (جیرمەن)** *Richler. G.* (١٩٠٤ – ١٩٥٩ ز)

خەڵکی فەڕەنسەیە و خاوەنی پەیکەری (ئادەم)ە.

٢٢- **زارسیلو**

لە سەدەی هەژدەهەم دا لە فەڕەنسا لە دایك بووە و پەیرەوی هونەرمەندێك پێش خۆی نەکردووە، بەڵکو شێوەیێکی تایبەتی خۆی هەبووە لە پەیکەرتاشین دا.

٢٣- **جولین "پیر"** (١٧٣١ – ١٨٠٤ ز)

پەیکەری (لابینوز) لەلایەن ئەم هونەرمەندەوە دروست کراوە خەڵکی فەڕەنسە بووە.

٢٤- **شادۆ** *Schadow. Z. R*

زونۆ ریدلفۆ شادۆ پەیکەرتاشێکی ناسراوی ئەڵمانیا و کوڕە گەورەی یۆهان گوترفیدە، لە شاری رۆما لە دایك بووە ئەمەش ناوی چەند شاکارێکی ئەم هونەرمەندەیە:

١- سوقرات لای تئودوتا.

٢- ئەلەکترو واریت.

٣- نەخشی بەرجەستەی رووداوی هەڵچوون.

٤- کچێك خەریکە سۆڵەکانی چاك دەکات.

٢٥- **شادۆ "یوهان گۆتفرید"** *Shadow* (١٧٦٤ – ١٨٥٠ ز)

خەڵکی ئەڵمانیایە و لە بەرلین لە دایك بووە، ئەمەش چەند پەیکەرێکی ئەم هونەرمەندەیە:

١- فردریکی دووهەم.

٢- پەیکەری بلۆخەر لە روستۆك.

٣- لۆتەر لە ویتمربورگ.

٤- دوکمیرلاند لە لەندەن.

چەند کتێبێکیشی دەربارەی هونەری پەیکەرتاشی نووسیوە.

٢٦- **شارە**

پەیکەرسازی وڵاتی یۆنان و قوتابیی لیزیب بووە، پەیکەری (رۆدس) ئەو کردوویەتی.

٢٧- **ڤالگیر** *Falguiere. A* (١٨٣١ – ١٩٠٠ ز)

خەڵکی خوارووی فەڕەنسەیە و بیناسك و خەیاڵ فراوان بووە ئەمەش چەند شاکارێکی ئەم پەیکەرتاشەیە:

١- سەرکەوتووی شەڕی کەڵەشێر.

٢- سەماکەرە.

Scanned with CamScanner

٣- ژنە تاوسەکان.
٤- سان ونسان دوبل.

٢٨- فرمێە "ئامانوئیل" *Fermiet* (١٨٢٤ – ١٩١٠ ز)

خەڵکی فەڕانسەیە و میعمارێکی نـاودار و نیگارکێش و پەیکەرتاشێکی بەناوبانگ بـووە، ئەمـەش نـاوی چەند پەیکەرێکی ئەم هونەرمەندەن:

١- جان دارك. ٢- لوئی. ٣- ئۆرلیان.

٢٩- فیدیاس

لە کاتێك دا شەڕی مارتۆن روویدا فیدیاس دە ساڵان بوو، ئەم بلیمەتە لە سەدەی پێنجەمی پێش زایـین دا لە یۆنان دا ژیاوە و لەلای (ئاژلایدوس) و (ئۆژیاس) پەیکەر سازی فێربووە، لە ساڵی ٤٥٠ی پێش زایین دا پەیکەرێکی ناسراوی بۆ شاری ئەثینا دروست کردووە. (پەرستگای پاراتنون) و (پەیکەری زەیوس) دەستکردی ئەم هونەرمەنـدەن ئەگـەر چی هـەر خـەریکی کارکردن بـووە بێ وەستان، ئەمانـەش چەند شاکارێکی ئـەم هونەرمەندەن:

١- پەیکەرە بچووکەکانی سەرکەوتن. ٢- پەیکەری ئاپۆلۆن. ٣- ئارتمیس و نیوبە.

لەدوایی ژیانیا تووشی گرفتاری هات، ئەختێك زێڕ و عاجیان لادانابوو بۆ دروست کردنی پەیکەر بـەڵام زێڕەکان لەناوچوو بوون هەروەها گومانی بێ ئاینیی ئەو سەردەمەشیان لێ دەکرد، پاشان خرایە بەندیخانـەوە و بیروڕا زۆرە دەربـارەی ئاکـامی ئـەم بلیمەتـە گوایـە لـە بەندیخانـەدا مـردووە، یـان لـە سـاڵی ٤٣٢ پ. ز دا خنکێنراوە.

٣٠- لیوکارس

پەیکەرتاشێکی یۆنـانیی سـەردەمی ئەسکەندەر بـووە و پەیکـەری ئەسکەندەر و فیلیب و ئیزوکـراتس دروست کردووە.

٣١- لیمۆت (فردریك) *Lemot* (١٧٧٣ – ١٨٢٧ ز)

خەڵکی شاری لیۆنی فەڕانسەیە و پەیکەری هانریی چوارەمی دروست کردووە.

٣٢- مارینی "مارنیو" *Marini. M*

خـەڵکی ئیتالیایـە و (ئەسـپ و سـوار) دەسـتکردی ئـەم هونەرمەندەیە.

٣٣- هنری مور

لە ساڵی ١٨٩٨ز دا لـە بریتانیـا لـە دایـك بـووە، (دایـك و منـداڵ) و (خێزان) دوو شاکاری ئەم هونەرمەندەن.



Scanned with CamScanner

ناوی سەما و
جۆرەکانی سەما لە
جیهاندا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ناوی سەما و جۆرەکانی سەما لە جیهان دا

١- ئاگۆن *Agon*

جۆرێکە لە سەمای بالێت کە دوانزدە کەس دەی کات.

٢- ئاگرێت *Aigrett*

جۆرێکە لە بالێت.

٣- بالماسکە *Balmasque*

وشەیێکی فرەنسەییە کە لە دوو واژە پێك هاتووە, (بال) واتە سەما, (ماسکە) واتا رووپۆش (دەمامك), جۆرێکە لە سەمای تێکراییی کە سەماکەران دەموچاوی خۆیان بە رووپۆشێك دادەپۆشن بۆ ئەوەی نەناسرێن جارجارێك رووپۆشەکانیان نیگاری دەم و چاوی درندەی تێدا کێشراوە یان لەسەر سەروگوێلاکی چوار پێ دارێژراوە.

٤- باله *Ballet*

ئەم جۆرە سەمایە سەمایەکی تێکراییە, بەشێك لە ژیانی میللەتەکان دیاردەکات کە لە کۆنەوە هەبووە.. لە هیندستان دا تاکو ئێستا ئەو سەمایانەی کە پێش هەزاران ساڵ و لە ئەفسانەکانیاندا هەبووە هەر پارێزگاری لێ دەکەن. بەڵام سەماکانی یۆنانی کۆن نەماون و ئەگەرچی زۆر نەخشی بەرجەستە هەیە جۆنیەتی ئەو سەمایانە وە دەردەخات. پاشاکانی سەدەکانی ناوەڕاستیش لە ئەوروپادا زۆر سەمایان لا گرنگ بووە, لویسی چواردەهەم گەلێك جوان سەمای کردووە و لە ساڵی ٦٦١ دا خانوویێکی فێربوونی سەمای دروست کرد.

باله لە راستیدا باسی رابردوو دەکا بە جووڵانەوەی ناسك و لەسەرخۆ, هەروەها لەگەڵ سەمادا جیاوازی هەیە لەوەدا کە سەما ئاکامێکی فیزیۆلوژیکە و روحی کەس لە ماوەیێکی کەم دا کەسایەتیی خۆی لەبیر دەکا و خۆی دەداتە دەست هەستێکی تێکراییی لەگەڵ مۆسیقادا.. بەڵام باله لە راستیدا جۆری مۆسیقا ئەم شێوە سەمایەی پێك هێناوە و لە سەدەی پانزدەهەم دا لە ئیتالیادا پێك هاتووە.

٥- بورە *Bourree*

سەمایەکی توند و خێرایە بە جووڵانەوەی چوار لە سەر چوار.

٦- بۆلێرۆ

جۆرێکە لە سەماکانی (رومبا) و لە سەماکانی میللەتی ئیسپانیایە دوو کەس پێکەوە لە باوەشی یەك دا لەسەر ئاوازێکی ئارام دا ئەنجامی دەدەن, زۆرتر ئەو ئاوازانە چاوگەکانی ئەفریقیایە.

٧- بەهارات ناتیام

یەکێکە لە سەما کۆنەکانی هیندستان زۆرتر لە ناوچەی تامیل دا لە سەرەتاوە ئەم سەمایە تەنیا ژنانی پەرستگاکانی خوارووی هیندستان دەیا کرد.. لە راستیدا خۆی سەمایەکی ئاینییە.

Scanned with CamScanner

٨- پاوان *Pavan*

سەمایەکی سەدەکانی ناوەڕاستە.

٩- پولگا

سەمایەکی بازنەییە لەگەڵ لێدانی ٢/٤ لە وڵاتی پۆڵەندەدا برەوی هەبووە, دەڵێن کچێك دای هێناوە.

١٠- پنیزە

جۆرێکە لە سەما کە ئسلامەکان لە کۆن لە ئیسپانیادا بلاویان کردوەتەوە.

١١- تارانتلا

سەمایەکی خۆماڵیی ئیتالیایە.

١٢- تامپورن *Tambourin*

سەمایەکی لادێییانەی سەدەکانی ناوەڕاستی ئەوروپا بووە.

١٣- تانگۆ *Tango*

سەمایەکی بە ویقاری ئیسپانیاییە لە دوادوای سەدەی نۆزدەدا بلاوبووەتەوە. لە ساڵی ١٩٢٠ دا ئەم سەما رۆمانتیکییە لە دنیادا ناوبانگی دەرکرد خەڵکی زۆری حەز لێ دەکەن و سەمایەکی رێك و ئارام و لەسەرخۆیە.

١٤- تویست

سەمایەکی نوێیە بە مۆسیقایێکی توند و خێراوە دەکرێت.

١٥- چاچا

جۆرە سەمایەکی تازەیە کە لەسەر ریتمی مۆسیقای توند و خێرا دەکرێت.

١٦- چۆپی

سەمایەکی تێکراییە لەلایەن زۆربەی میللەتەکانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستەوە دەکرێت.

١٧- رۆك ئەن رۆل

جۆرێکە لە سەما فەرەنگەکانی, لەم چەند ساڵی دواییەدا ناوبانگی دەرکردووە, وشەی رۆك ئەند رۆل بە واتا خۆبادان و لەراندنەوە دێت.

١٨- رومبا *Rumba*

یەکێکە لە سەماکانی وڵاتی ئەمریکا و بە چوار شێوە دەگوترێت:

أ – بولێرۆ

ب – شان مۆزیك

Scanned with CamScanner

ج – گوارجا
د – رومبای راستەقینە

۱۹- **رومبای راستەقینە**
سەمایەکی ولاتی ئەمریکایە بە دوو قۆڵی دەکرێت, لەبەر ئەوەی مۆسیقاکە تون و خێرایە سەماکەران دەبێت چالاك و چابك بن.

۲۰- **سامبا**
سەمایەکە لە خۆپێشان دانەکانی شەقامانەوە گەیشتوەتە یاریگا و یانەکان, خێراییەکەی بە ٤/٢ دانراوە و لە وڵاتی برازیلەوە بڵاوبوەتەوە.

۲۱- **سەمای سۆفیان**
جۆرێکە لە سەمای سۆفییەکان لەگەڵ هەندێك ویرد و ستایش دا دەکرێت لەسەر ریتمێکی رێك و تایبەتی.

۲۲- **سویتگ**
سەمای ئازادیی پێ دەگوترێت, سەمایەکی میللەتی ئەمریکایە سەرەتا هەر لاوان دەیان کرد ئێستا تێکرایە.

۲۳- **کاتاکالی**
سەمایەکی ئایینی هیندستانە, تێکەڵ بە شێوەیێکی شانۆگەرییە, ئەم سەمایە لە خوارووی هیندستان دا زۆر باوی هەیە.

۲٤- **کاتهك**
سەمایەکی کلاسیکیی وڵاتی هیندستانی بەشی سەرەوەی لەگەڵ گۆرانیدا دەبێت بە تایبەتی لە پەرستگایان دا.

۲۵- **کارول – کورانت – گاوت – گایارت**
ئەم چوار سەمایە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا لە ئەوروپا دەکران.

۲٦- **مامبۆ**
سەمایەکی شێتانەیە بەڵام خۆش و ریتمدارە کە لە رومباوە وەرگیراوە, ئەم سەمایە لە ئەمریکاوە دەرکەوتووە.

۲۷- **میاکواو دوری**
سەمایەکی وڵاتی ژاپۆنە کە ۳۲ کچۆڵەی جوانکیلە دەیگێڕن.

Scanned with CamScanner

٢٨- ڤالس

ئەم سەمایە لە سەدەی هەژدەدا برەوی پەیدا کردووە, دەڵێن لە وڵاتی نەمسا و سویسرادا – یەکەم جار – دەرکەوتووە, ئێستاش بە دوو جۆرە ڤالس ناسراوە ڤالسی کۆن و ڤالسی ئەمریکا.



Scanned with CamScanner

بەشی

هونەرە جوانەکان

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

بەشی هونەرە جوانەکان
شانۆیی نووسە ناسراوەکانی جیهان

١- نابووت "جلبرت" (١٨١١ – ١٨٤٦ ز)

لە شاری لەندەن لەدایك بووە و لە ساڵی ١٨٣٥دا ژنێکی هێناوە بەناوی "مێری نان کلۆسپ". ئەم نووسەرە زۆربەی نووسینەکانی شێوەی گاڵتە و پێکەنینی تێدایە واتا "کۆمیك"ە. بەرهەمە ناسراوەکانی ئەمانەن:

١. زەنگوڵەکان.
٢. درامای جنۆکەی پەری.
٣. هیندییە ڕاکردووەکان.

٢- ئەزبرن "جان" *J. osborne*

لە ساڵی ١٩٢٩ لە بریتانیادا لە دایك بووە, دوای خوێندن تەواوکردن, لە تەماشاخانەدا کاری کردووە, لە زۆر شاریش دا لەسەر ئەم پیشە بەردەوام بووە. ئەمانەش ناوی چەند شانۆیەکی ئەم نووسەرەن:

١. شەیتانی لە پێستی ئەودایە.
٢. نووسین لەسەر گۆڕی جۆرج دیلن.
٣. لووثەر.
٤. خوێنی بامێرگ.

٣- ئالبی "ئەدوارد" *E. Albee*

بە یەکێك لە شانۆیی نووسەرچاکەکانی ئەمریکا دەژمێردرێت – دوای یۆجین ئۆنیل -. ئەم نووسەرە لە ساڵی ١٩٢٨ز لە دایك بووە. ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی بەناوبانگی ئەم نووسەرەیە:

١. کێ لە فیرجینیا ولف دەترسێت؟
٢. خەیاڵی ئەمریکایی.

٤- ئاریستۆڤان *Aristophanes*

شانۆیی نووسێکی کۆنی یۆنانە, لە ساڵی ٤٥٠ پ. ز لە یۆنان دا ژیاوە, شێوەی نووسینەکانی گاڵتەجارییە تەنانەت گاڵتەی بە بیروڕا فەلسەفییەکانی سوقراتی کردووە. بەناوبانگترین چیرۆکی شانۆیی ئەم نووسەرە "هەورەکان"ە.

٥- ئاشیل: *Achilles*

بە یەکەمین تراژیدی نووسی مێژوو دەژمێردرێت. لە ساڵی ٥٢٥ی پێش زایین لە یۆنان دا لە دایك بووە حەفتا ساڵ ژیاوە, بە بنەڕەت دەچێتەوە سەر بنەماڵەیێکی ناسراوی شازادە. لە شەڕەکانی ماراتو و سالامین دا بەشداریی کردووە. بەسەریەکەوە نەوەت تراژیدی نووسیوە بەڵام لە هەمووان بەناوبانگتر "پرۆمیتۆس لە کۆت دا" شاکارێکی لە بیرنەچووە.

Scanned with CamScanner

٦- **ئۆنیل** (١٨٨٨ – ١٩٥٣ ز)

یۆجین گلادستۆن ئۆنیل لە شاری برۆدوایی ئەمریکا هاتۆتە دنیاوە باوکی هونەرمەندێکی شانۆیی بووە و لەبەر شانۆیی "مۆنت کۆنت کرستۆ" هەمیشە لە شارەکان دا لە سەفەر بووە. یۆجینی منداڵیش لەم سەفەرانەدا لەگەڵ باوك و دایکی لە گەشت دا بووە. لە تەمەنی حەوت ساڵی د خراوەتە قوتابخانەی ئایینی بەلام لەبەر رەوشتی توند و خووی زبری ئەو جۆرە قوتابخانانە ئەم هونەرمەندە لە منداڵییەوە خوویێکی زبر و توندی گرتووە. لە ساڵی ١٩٠٦ دا چووەتە زانکۆوە بەڵام لە زانکۆ دەرکراوە چونکە لە کۆبوونەوەیەك دا بوتڵە بیرەیێکی هاویشتووە.

چوو لەبنکەیەکی بازرگانیدا کاری کرد, کەوتە دوای زێڕ دۆزینەوە بەلام سەرنەکەوت. زۆر کاری تریشی تاقی کردەوە هەر سەرنەکەوت تا لە ساڵی ١٩١٢ دا بووە بە رۆژنامەنووس لە رۆژنامەی (نیولەندەن تەلگراف)دا, تووشی نەخۆشیی سیل بووە.

بەناوبانگترین چیرۆکی شانۆییەکانی ئۆنیل ئەمانەن:

١- لە رێگای کاردیف.
٢- تینوویەتی.
٣- لە ناوچەی شەڕاویدا.
٤- گەشتی دوور و درێژ لە وڵات دا.
٥- مانگی دورگەکانی کاریبی.
٦- ئای بیابان.
٧- رۆژە تەواو نەبووەکان.
٨- ئەلەکترا تازیە بارە.
٩- کۆلکن.
١٠- براون خوای گەورە.
١١- هەوەسی ژێرداری نارومن.
١٢- مەیموونی کولکن.
١٣- تێ پەربوونی رۆژ لە شەودا.
١٤- جۆنزی ئیمپراتۆر.

٧- **ئیپسن "هێزیك یۆهان"** (١٨٢٨ – ١٩٠٦ ز)

کوڕی بازرگانێکی خەڵکی سوێد و دایکی ئەڵمانی بووە, لە شانزدە ساڵیدا باوکی تێ دەشکێت و هەرچی هەیە و نییە لەناو دەچێت, ئەویش دەکەوێتە دنیای هەژارییەوە. شاری خۆی بەجێ دەهێڵی و دەچێتە شاری "بیرگن", لەم شارەدا لە شانۆیەك دا کار پەیدا دەکات,پاشان دەگوێزێتەوە شاری (ئوسلۆ). زۆر حەزی لەنوسینی چیرۆکی شانۆیی بووە, لەم رووەوە کەم کەم ناوبانگی پەیدا کردووە. ئەمەش ناوی چەند شانۆییەکی ناسراوی ئەم نووسەرەن:

١- کاتی لینا.
٢- پرگونت.
٣- کاتێك ئێمەی مردوو رادەپەڕین.
٤- تارماییەکان.

Scanned with CamScanner

٥- دوژمنی گەل.
٦- ئوستادی ئاواکاری.
٧- ماڵی بووکڵە.

٨- بریشت "برتۆلت" *Bretollt Breeht* (١٨٩٨ – ١٩٦٦)

لە شاری ئەکسبورگی ئەڵمانیا لە دایک بووە, لە تەمەنی ٥٨ ساڵیدا دوای تەقەلایێکی زۆر دژی شەڕ هەڵگیرسێن دنیای بەجێ هێشتووە. دژی نازیسم بووە, لە ساڵی ١٩٣٣دا ئەڵمانیای بەجێ هێشتووە لە ئەمریکا دانیشتووە. پاش کۆتایی هاتنی شەڕی دووەمی جیهانی گەڕاوەتەوە ئەڵمانیای رۆژهەلات. ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ناوداری ئەم شانۆیی نووسە گەورەن:

١- لە جەنگەڵی شارەکان دا.
٢- ژیانی گالیلۆ.
٣- ژنی دڵ چاکی شاری سچوان.
٤- مرۆڤ مرۆڤە.
٥- دایە ئازا و منداڵەکانی.

٩- پریستلی *Priestly (J. B)*

لە ساڵی ١٨٩٤ ز لە دایك بووە, ئەمەش ناوی چەند بەرهەمی ئەم نووسەرەن:

١- ئاخری بەهەشت.
٢- لە تاریکیی نەزانین دا.
٣- ڕوو خۆش.
٤- پێش ئێستا لێرە بووم.
٥- لە ماڵ دا چۆنن ؟
٦- خەڵکی سەرگەردان.
٧- دێنە شارەوە.
٨- نیشتمان سبەینێیە.

١٠- دۆرنمات (فردریك)

لە ساڵی ١٩٢١ز دا لە شاری بێرنی پایتەختی سویسرا لە دایك بووە, باپیری شاعیرێکی ناوداری وڵاتی خۆی بووە. لایەنگری قوتابخانەی "ئەکسپرسیونیسم" بووە لە دراما نووسین دا. ئەمەش ناوی چەند شاکارێکی ئەم نووسەرەن:

١- کوێر.
٢- ڕۆمۆلوسی گەورە.

Scanned with CamScanner

٣- ژن هێنانی پیاوی مەسیحی.
٤- فریشتەیەك كە دەرواتە بابلەوە.
٥- فرانكی پێنجەم.
٦- ئۆپرای بانكێكی تایبەتی.
٧- هەركول و تەویلەی ئوجیاسی.
٨- شكات لە سێبەری كەر.

١١- شەكسپیر "ویلیام" *W. Shakespear* (١٥٦٤ – ١٦١٦ ز)

لە شاری ستراتفۆردی بریتانیادا لە خێزانێكی ناوەندی دا هاتۆتە دنیاوە، باوكی ئاژەڵی بەخێو كردووە و بە بەرهەم و فرۆشتنی ئاژەڵ رۆژگاری بردوەتە سەر. لە دێیەكەی خۆیان دا قوتابخانەی سەرەتایی تەواو كردووە و زمانی لاتینی و یۆنانی تا ئەندازەیەك بەو منداڵییەوە فێربووە. لە ساڵی ١٥٧٧دا باوكی تێشكاوە و هەرچی هەبووە لە ناوچووە و پەنای بردوەتە بەر مەی خواردنەوە، شەكسپیریش بەدوا كار و كاسبیدا بۆی دەرچووە، زۆر كاری تاقە كردوەتەوە وەكو قەسابی، كرێكاری چاپخانە و عەرزوحاڵ نووسین. لە ساڵی ١٥٨٢ دا ژنی هێناوە و بووە بە خاوەنی چەند منداڵ و لە شاری لەندەن داگیرساوەتەوە و بووە بە ئاكتەر و شانۆیی نووس. لە ساڵی ١٥٩٢ دا لەم مەیدانە ناوبانگی دەركرد، هەتا بوو بە هونەرپیشەی دەربارەی شا. شەكسپیر بە دامەزرێنەری شانۆگەریی وڵاتی بریتانیا دادەنرێت. زۆربەی كەرەستەكانی شانۆیی ئەكسپیر لە مێژووی كۆنی (رۆمان) و لە كتێبی (بلورتاخ) وەرگیراوە. شێوەی نووسینیشی بە شێوەی كلاسیسم ناسراوە. ئەمەش چەند شانۆییەكەی ئەم نووسەر و شاعیرە ئەمرەیە:

١- ئەتیللۆ "عطیل".
٢- هەملێت.
٣- یۆلیۆس قەیسەر.
٤- رۆمیۆ و جولێت.
٥- گەرداو.
٦- بازرگانی ڤینیسیا.
٧- مەلیك لیر.
٨- خەونی نیوەشەوێكی هاوین.
٩- رام كردنی پڵنگەمێ.
١٠- هەرچۆنێ حەزی لێ دەكەیت.

١٢- جۆرج بەرنادشۆ *G. B. Show* ١٨٥٦ – ١٩٥٠ ز

لە شاری دبلنی ئیرلەندە لە دایك بووە، لە پانزدە ساڵیدا بووە بە شاگردە دەلاڵێك. پاشان چووەتە لەندەن نۆ ساڵ لەوێدا گوم ناو بووە، بەلام خەریكی خوێندنەوە و رۆژنامەنووسی و لێكۆڵینەوە و هەڵبەست و فەلسەفە بووە. لە ساڵی ١٨٩٣ دا ناوبانگی پەیدا كردووە و لە ساڵی ١٩٢٥ دا

Scanned with CamScanner

خەڵاتی نۆبلی وەرگرتووە. ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ناسراوی ئەم نووسەرەن:
١. کار و کاسبیی وارن خانم.
٢. مرۆڤی سەر مرۆڤ.
٣. هیچ وەختێك نەی دەگوت.
٤. ژاندارك.
٥. سەربازی قاوەیی.
٦. پیگما لیۆن.
٧. قەیسەر و کلیۆپاترا.
٨. ماجوور و باربرا.
٩. پیاو و چەك.

١٣- شیللەر "فردریك"

لە ساڵی ١٧٥٩ دا لە شاری مارباخی ناوچەی وتنبورگی ئەڵمانیا لە دایك بووە. لە منداڵییەوە حەزی لە نووسین کردووە. پەیڕەوی شێوەی کلاسیسم بووە لە نووسین دا. ناوی چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرە:
١. رێ گرەکان.
٢. پیلانی فیسکۆ.
٣. کچەکەی نورلیان.
٤. ماری ستیوارت.

١٤- کامۆ "ئەلبێر"

ساڵی ١٩١٣ز لە شارێکی جەزایردا لە دایك بووە. باوکی جووتیار بووە و کوژراوە. لە ماوەی داگیرکردنی فەرانسە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە لە شەڕی دووەمی گەورەدا هەمیشە دژی ئەڵمان لە تەقەلادا بووە. دوای بەزینی ئەڵمان و وەدەرنانیان لە فەرانسە رۆژنامەیێکی دەرکردووە بەناوی "نیرد". پاداشتی (کرتیك)ی لەبەر چیرۆکی "تاعون" وەرگرت. لە ساڵی ١٩٥٧ یش دا پاداشتی نۆبلی وەرگرت. ئەمانەش چەند بەرهەمێکی ناسراوی ئەم نووسەرە فەرانسایییەن:
١. شۆرشی ئەستوورییەکان.
٢. کالیگۆلا.
٣. فەرمانڕەوایی سەربازی.
٤. دروست کارن.
٥. نوێژ بۆ راهیبەیەك.

Scanned with CamScanner

١٥- گۆتە "یۆهان ولفگانگ فۆن" *Goethe*

له ساڵی ١٧٤٩ لـه شاری فرانكفۆرت لـه دایـك بـووه, رۆڵـەی خێزانێكی ناسراوی دەوڵەمەند بووه. سەرەتا خەریكی خوێندنی یاسا و پزیشكی بوو و گەشتوگوزارێكی زۆری كرد. به باوكی ئـەدەبیاتی ئـەڵمانیا نـاونراوە. دۆستی گـەلێك ناسـراوانی دنیـا بـووه, هـەتا وەكو چـەند جارێكیش نـابلیۆنی دیـوه لەساڵی ١٨٣٢دا مردووه.

ئەمانەش ناوی چەند بەرهەمێكی ناسراوی ئەون:

١- فاوست.
٢- رەنج و ئازاری ڤێرتەر.
٣- ئاگنت.
٤- ئیڤی ژینی و دیوانی رۆژهەڵاتی.

١٦- گیبسن "ویلیام"

له ١٩١٤ له شاری نیویۆرك له دایك بووه. خۆی و ژنی و دوو منداڵی لـه ناوچـەی ماسا چۆست دا دەژین. زۆر كاری ئەنجام داوه وەكو كاركردن لـه دەزگای پروپاگنـدە, پیانۆلێدان ئاكتـەریی لـه شـانۆدا. ئەمـەش چـەند بەرهەمێكی ئەم نووسەرەن.

١- هاوارێك له ئەكتەرەكانەوه.
٢- كرێكاری جادوباز.

١٧- مۆلێر "جان پایست" *Moliere* (١٦٢٢ – ١٦٧٣ ز)

له شاری پاریس له دایك بووه, له گەنجیدا ئاكتـەری شـانۆ بـووه. زۆر هـەژار بـووه, بـەلام لـه دواییـدا لویـسی چواردەهەم رێـزی لـێ گرتـووه و یارمـەتی داوه. بـه كۆمیـدیا بەناوبانگـه و زۆربـەی بەرهەمـەكانی لەگـەڵ فەلسەفەی ئەخلاقیدا تێكەڵه, ئەمەش ناوی هەندێكیانه:

١- مەكتەبی ژنان.
٢- دۆن جوان.
٣- سروشتی عیشق.
٤- خەڵك راونەر.
٥- رەزیل.
٦- ڕیا كار.
٧- نەخۆشی خەیاڵ.

١٧- میللەر "ئەرثور" *Miller*

له ساڵی ١٩١٥ له شاری نیویۆرك بووه, زانكۆی مەشیگانی تـەواو كـردووه. لـه سـاڵی ١٩٣٧دا پاداشـتی هـارب وود, هەر لەو ساڵەش دا پاداشتی (میشیگان)ی پێ براوه. شێوەی كاری به شـێوەیێكی تـنوریێكی نـوێ ناسـراوه, كـه ئـەم رێبـازە نووسـینه لـه دنیـای شانۆگەریدا ئێـستاش لەیـەنگرانی زۆری هەیـە. لـه سـاڵی ١٩٤٩داگـرەوی

Scanned with CamScanner

(پۆلیتزەر)ی بردۆتەوە. لە ساڵی ١٩٥٨دا ئەستێرەی هونەرپیشەی جوانکیلەی هالی وودی مارەکرد کە خوالی خۆش بوو ماریلین مۆنرۆیە.

ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرەن:

١. پیاوێك کە بە تەواوی خۆش بەخت بوو.
٢. چاو هەڵ خستنێك لە پرد.
٣. بیرەوەری لە دووشەنبە.
٤. مردنی دێوەرەیەك.

١٨- وایلد "ئۆسکار" O. Wilde

لە ساڵی ١٨٥٤ ز لە ئیرلەندە لە دایك بووە. رۆڵەی دایك و باوکێکی ئەدەب دۆست بووە. یەکەمین پارچە هەڵبەستێك کە دایناوە دەربارەی مردنی خوشکە جوانە مەرگەکەی بووە. لەساڵی ١٨٨٢دا چووتە شاری پاریس و لە کۆمەڵی ناسراوانی ئەم شارەدا دەرکەوتووە و هەر لە پاریسیش لە ساڵی ١٩٠٠ دا مردووە.

ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ئەم نووسەرەیە:

١. شازادەی بەختیار.
٢. نیگاری دۆریان گری.
٣. سالۆمی.
٤. تاوانی لۆرد نارتۆ.
٥. ژنی گوێ پێ نەدراو.
٦. گرنگیی ئەرنست.
٧. مێردی پەسندکراو.

١٩- ویلیامز "تنێسی" Williams

لە ساڵی ١٩١٦ لە شاری کلومبیای ئەمریکا لە دایك بووە خێزانەکەی ناسراو نەبووە. زانکۆی ئایوای تەواو کردووە. زۆربەی نووسینەکانی چیرۆکی شانۆیین. ئەمەش ناوی چەند بەرهەمێکی ناسراوی ئەم نووسەرەیە:

١- ئوتوبوسێك بەناوی هەوەس.
٢- پشیلەی سەر چینکۆیەکی گەرم.
٣- لەپڕ هاوین تێ پەڕی.
٤- دەروزانی ئاوڕدانەوە.
٥- خاڵی گوڵ.
٦- شەوی ئەیگوانا.

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

سینەما

زاراوەکانی سینەما

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

ئەم زاراوانەی لە سینەمادا بەکاردەهێنرێن

١- ئەکشن Action
واتە ئیش، کار. بەڵام لە سینەمادا واتا هۆی ڕوودانی ڕووداوێك.

٢- ئەکتەر Actor
واتە هونەرەکاری پیاو.

٣- ئەکترێس Actrice
هونەرکاری ژن.

٤- ئارتێست Artiste
بە هونەرمەندی ڕۆلی یەکەمی فیلم دەگوترێ.

٥- ئێکسترا Extra
بە ڕەش و بۆری سینەما واتا (سیایی لەشکر) دەڵێن.

٦- پلاتوو Plateau
بە بەشێك یان گۆشەیێکی ستۆدیۆ دەڵێن.

٧- پرۆژەکتۆوور Projecteur
واتا دوور هاوێژ.

٨- پانتو مایم Panto Mime
بە ڕوو (دەم و چاو) دەرخستنی، ئێش و ئازار، شادی و کەنین، هاوار و هەر هەستێك.

٩- تەکنی کالور:
شێوەیێکی تایبەتیی ڕەنگ تێکەڵیی فیلم دروست کردنە.

١٠- تروو کاژ Troucage
فێڵی سینەمایی.

١١- دایرەکتەر Director
دەرهێنەر . موخریج.

١٢- د کوپاژ De Coupage
هەڵ بژاردنی کادیری هونەری و گۆشەی بینین، چۆنیەتیی زەرەبین و دووربینی فیلم و چۆنیەتیی جووڵانەوە و جێ گۆڕینی هونەرەکاران.

١٣- زومینگ Zooming
جووڵانەوەی دووربینی فیلم بەخێراییەکی زۆرەوە بۆ وێنەگرتن.

١٤- ستۆدیۆ Studio
جێگای دەرهێنانی فیلم.

١٥- سیناریۆ Seenario
شانۆییەکە کە دەرهێنەر فیلمی لەسەر دەردەهێنێت.

١٦- سینە کلوب Cine Club

Scanned with CamScanner

ئەو جێگەیەیە وا پەیڕەوانی فیلمە هونەرییەکانن هەر لەوێش دا سەیری دەکەن وەکو سینەمایێکی بچووك.

ڕێبازەکانی سینەما

١- سینەما سکۆپ:

زەڕەبینێکە لەلایەن (هانری کریسین)ی پرۆفیسۆرێکی فرانسەییەوە لە ساڵی ١٩٢٧دا دروستکراوە بەڵام سوودی لێ وەرنەگیرا و لەبیر چووبووەوە تا ساڵی ١٩٥٢ بەڕێوەبەری گشتیی کۆمپانیای "فۆکسی سەدەی بیستەم"ی سینەمایی ئەو زەڕەبینەی بەکارهێنا, یەکەمین فیلمیش لەسەر ئەم شێوەیە دروست کرا فیلمی (کەوا) بوو کە فیلمێکی مێژوویی بوو.

هەر ئەم زەڕەبینە بوو بو هۆی دۆزینەوەی زۆر شێوەی دیی فیلم دروست کردن کە ئێمە ناچینە ناو کرۆکی چۆنیەتیی دروست کردنیان چونکە پڕە لە وردەکاریی هونەریی دوور و درێژ و ئاڵۆز.. بەڵکو بەتەنیا ناوی جۆرەکانیان دەهێنین:

١- سینەمای سکۆپ ٥٥ ملیمەتری.

٢- سوپەر تەکنی ڕاما.

٣- توتال سکۆب.

٤- سوپەر سکۆپ.

٥- سینە پانورامیك.

٦- کامیرا سکۆب.

٧- تەکنی راما.

٨- ویستا راما.

٩- وارنەر سکۆب.

١٠- ریگال سکۆب.

١١- پانا ڤیژن.

١٢- ویستا ڤیژن.

١٣- تادائو.

١٤- ام جی کامێرا.

١٥- مکنا سکۆب.

١٦- فۆکس گراندا سکرین.

١٧- ریلایف.

١٨- داینا میش.

١٩- سیرکوراما.

٢٠- سی چاو ئەنداز.

٢١- ١٦ ملیمەتری.

٢٢- تەکنی سکۆب.

٢٣- دیمنش ١٥٠.

٢٤- سینە راما.

Scanned with CamScanner

٢٥- وايد سكرين.

مەهرەجان یان ڤیستڤاڵە گرنگەکانی سینەمای جیهان

وشەی ڤیستیڤاڵ واتا جەژن

له ساڵی ١٩٣٢ لەسەدەی فەرمانڕەوایی مۆسۆلینیی ئیتالیادا بۆ یەکەمین جار کۆبوونەوێکی هونەری سینەمایی لە شاری ڤینیسیا پێك هات. دوای شەڕی دووەمی جیهانیش ڤیستیڤاڵێکی گەورە لە شاری (کان)ی فەرانسەدا رێك خرا.. ئەم ڤیستیڤاڵە گەورەترین کۆبوونەوەی سینەماییيە و لەلایەن دنیای هونەرییەوە رێزی لێ دەگیرێ و بڕیارەکان دەربارەی ئەو فیلمانەی کە لەوێ پیشان دەدرێن جێگەی پەسندیی هەموو لایەکە.

ئەمەش ناوی چەند مەهرەجان یان ڤیستڤالی ناسراوی دنیایە:

١- ڤیستیڤالی کان: لە فەرانسەدا ئەنجام دەدرێت.
٢- ڤیستیڤالی سینەمای ڤینیسیا: لە ئیتالیادا دەکرێت.
٣- ڤیستیڤالی کارلۆڤیڤاری: ساڵی جارێك لە چیکۆسلۆڤاکیادا ئەنجام دەدرێت.
٤- ڤیستیڤالی ئەدینبورگ: لە وڵاتی بریتانیادا دەبێت و تایبەتییە بە فیلمی کورت.
٥- ڤیستیڤالی لوکارنو: لە سویسرادا دەبێت.
٦- ڤیستیڤالی بەرلین: لە ئەڵمانیادا دەبێت.
٧- ڤیستڤالی ماردل پلاتا: لە وڵاتی ئەرجەنتین دا دەبێت.
٨- ڤیستیڤالی سان سپاستیال: لە ئیسپانیادا رێك دەخرێت.
٩- ڤیستیڤالی برۆکسل: لە بەلجیکادا رێك دەخرێت.
١٠- ڤیستیڤالی تور: لە فەرانسەدا دەگێردرێت.
١١- ڤیستیڤالی ئانیب: ئەویش لە فەرانسەدا دەبێت.
١٢- ڤیستیڤالی بەرگامو: هەموو ساڵێك لە مانگی ئەیلوولدا لە ئیتالیا رێك دەخرێت.
١٣- ڤیستیڤالی سان فرانسیسکۆ: لە کالیفۆرنیای ئەمریکادا رێك دەخرێت.
١٤- ڤیستیڤالی مۆنتریال: لەوڵاتی کەنەدەدا دەبێت.

Scanned with CamScanner

خەلاتی ئۆسکار

ئەم خەلاتە لەلایەن ئەکادیمی زانیاری و دروست کردنی سینەماوە لە ساڵی ۱۹۲۷دا بە هونەرمەندانی سینەما دراوە. لەپێش دا ناوی ئۆسکار نەبوو بەڵکو هەر پەیکەرێکی فلزی ناو زێرکراو بوو لەلایەن گیبونەری هونەرمەندەوە دارێژرابوو.. بەڵام بە رێکەوت ناوی ئۆسکار بەسەردا برا ئەمەش بەو جۆرە بوو:
ئافرەتێکی سکرتێری ئەکادیمیای سینەما کە پەیکەرەکە دەبینێت لەبەر خۆیەوە دەڵێ "مام ئۆسکارم کەوتەوە بیر" هەر لەو ژوورەش دا رۆژنامەنووسێك گوێی لەو قسەیە دەبێت سبەینێ ناوی "ئۆسکار" لە رۆژنامەکەی خۆیدا چاپ دەکات و ئیتر ناوەکە بڵاوبووەوە.

پەیکەرەکەش درێژایی دە ئینجە و سەنگی حەوت پاوەندە و لە برونز دروست کراوە و بە زێڕ رووکەش کراوە. نرخی بازاڕی تەنیا ۱۰۰ دۆلارە بەڵام نرخی مەعنەوی گەورە و جیهان گیرە.
هەموو ساڵێك (۳٦) دانە لەو پەیکەرە بەسەر ۲٦ هونەرمەندی لێهاتوودا دابەش دەکرێت. ئەمەش ناوی ئەو فیلمانەیە کە پاداشتی ئۆسکاریان پێ براوە لەگەڵ دەرهێنەر و ئەکتەر و ئەکترێس دا هەر لە ساڵی ۱۹۲۷ ەوە تا ساڵی ۱۹٦٦:

۱۹۲۷ – ۱۹۲۸ ز

چاکترین فیلم: باڵەکان، کارگەی پارامونت.
ئەکتەر: ئەمیل یانینکس لە فیلمی جادەی پڕ بەرەکەتدا.
ئەکترێس: جانێت گینۆر لە فیلمی ئاسمانی حەوتەم دا.
دەرهێنەرك فرانك بورزاخ – ئاسمانی حەوتەم.

۱۹۲۸ – ۱۹۲۹ ز

چاکترین فیلم: ئەوای برۆدوای، میترو گولدین مایەر.
ئەکتەر: وارنەر پاکستەر - ئەریزۆنای کۆن.
ئەکترێس: مێری پێکفورد – علم باز.
دەرهێنەر: فرانك لوید – رووباری ماندوو.

۱۹۲۹ – ۱۹۳۰ ز

چاکترین فیلم: لە جەبهەی رۆژاوا دا هیچی تازە نییە، یۆنیڤرسال.
ئەکتەر: جۆرج ئارلس – دیزرایلی.
ئەکترێس: نرما شەپرر – تەڵاق دراو.
دەرهێنەر: لوئی مایلستون – لە جەبهەی رۆژاوا دا هیچی تازە نییە.

۱۹۳۰ – ۱۹۳۱ز

چاکترین فیلم: سیمارون، O-K-R رادیۆ.
ئەکتەر: لیونیل پاریمور – لە فیلمی روحی ئازاد.
ئەکترێس: مێری درسلەر – مین ومبیل.
دەرهێنەر: ئەورمەن توروك – لە فیلمی فت کراو.

Scanned with CamScanner

١٩٣١ – ١٩٣٢ ز

چاكترين فيلم: گراند هيل، ميترو گولدين مايەر.
ئەكتەر: فردريك مارچ – دكتور جيكل و مستەر هايد.
ئەكترێس: هێلن هايس – گوناحی مادليل كلودە.
دەرهێنەر: فرانك بورزاخ – كچی ئاوارە.

١٩٣٢ – ١٩٣٣ ز

چاكترين فيلم: ئەسپ تاودانی بە شكۆ – فۆكسی سەدەی بيستەم.
ئەكتەر: چارلس لافاتون – ژيانی تايبەتی هەنری شەشەم.
ئەكترێس: كاترين هيپۆرن – بەرەبەيانی بەختياری.
دەرهێنەر: ئەسپ تاودانی بەشكۆ.

١٩٣٤ – ١٩٣٥ ز

چاكترين فيلم: رووداوی شەوێك، كۆلۆمبيا.
ئەكتەر: كلارك گيبل: رووداوی شەوێك.
ئەكترێس: كلۆدت گلبرت، رووداوی شەوێك.
دەرهێنەر: فرانك كابيرا، رووداوی شەوێك.

١٩٣٥ – ١٩٣٦ ز

لەم ساڵەدا ئەكتەر و ئەكترێسی دووەميش خرايە ليستەی خەڵات وەرگرتنەوە
چاكترين فيلم: زيگفيلدی گەورە – ميترۆ گۆلدين مايەر.
ئەكتەر: پل مۆنی – ژيانی لويس باستير.
ئەكترێس: لوئيز راينەر – زيگفيلدی گەورە.
ئەكتەری دووەم: والتەر بەرنان – بێ و بيگرە.
ئەكترێس دووەم: كيل سوندرگارد -- ئەنتۆنی ئەدرز.
دەرهێنەر: فران كابرا – كاك (دريدز) دەچێتە شار.

١٩٣٦ – ١٩٣٧ ز

چاكترين فيلم: سەرگوزەشتەی ئەميل زۆرلا – برايانی ڤاگنەر.
ئەكتەر: سپنسەر ترێسی – كاتينە نازاكان.
ئەكترێس: لوئيز راينەر – خاكی چاك.
ئەكتەری دووەم: جوزێف چيلدكراف – سەرگوزەشتەی ئەميل زۆلا.
ئەكترێسی دووەم: ئەليس برادی – شيكاگۆی كۆن.
دەرهێنەر: ليومك گری – راستەقينەی ترسێنەر.

Scanned with CamScanner

١٩٣٧ – ١٩٣٨ ز
چاکترین فیلم: ناتوانی لەگەڵ خۆت دا بیبەی – کۆلۆمبیا.
ئەکتەر: سپنسەر ترێسی – شاری کوێران.
ئەکترێس: بەت دویس – جزبل.
ئەکتەری دووەم: والتەر بەرنان – کەنتاکی.
ئەکترێسی دووەم: ڤی بشیتەر – جزبل.
دەرهێنەر: فرانك کابرا – ناتوانی لەگەڵ خۆت دا بیبەی.

١٩٣٨ – ١٩٣٩ ز
چاکترین فیلم: بابردوو – میترۆ گوڵدین مایەر.
ئەکتەرك روبەرت دونات – خوا حافیزی کاك چپس.
ئەکترێس: فیونان لی – بابردوو.
ئەکتەری دووەم: تۆماس میچل – عەرەبانە.
ئەکترێسی دووەم: هانی ماکدانیل – بابردوو.
دەرهێنەر: فکتور فیلیمنگ – بابردوو.

١٩٣٩ – ١٩٤٠ ز
چاکترین فیلم: ربیکا – یۆنایتد ئارتێست.
ئەکتەر: جێمس ستوارت – لە فیلمی رووداوی فیلادلفیا.
ئەکترێس: جینجر راجز – لە فیلمی کیتی فۆیل.
ئەکتەری دووەم: والتەر بێرنان – لە فیلمی خەڵکی رۆژاوا.
ئەکترێسی دووەم: جین دارول – لە فیلمی هێشووە تووڕەیی.
دەرهێنەر: جان فۆرد – لە فیلمی هێشووە تووڕەیی.

١٩٤١ – ١٩٤٢ ز
چاکترین فیلم: چەندێك دۆڵی من سەوز بوو – فۆکسی سەدەی بیستەم.
ئەکتەر: کاری کوپەر – عەریف یۆرك.
ئەکترێس: جان فونتین – گومان.
ئەکتەری دووەم: دۆناڵد گریسپ – چەندێك دۆڵی من سەوز بوو.
ئەکترێسی دووەم: مێری ئاستور – درۆی گەورە.
دەرهێنەر: جان فۆرد – چەندێك دۆڵی من سەوز بوو.

١٩٤٢ – ١٩٤٣ ز
چاکترین فیلم: مادام مینیور – میترۆ گوڵدین مایەر.
ئەکتەر: جێمس کاگنی – یانکی دودڵ دندی.
ئەکترێس: گرێرگارسن: مادام مینیور.
ئەکتەری دووەم: وان هیفلن – جانی ئیگەر.
ئەکترێسی دووەم: ترازارایت – مادام مینیور.
دەرهێنەر: ویلیام وایلەر – مادام مینیور.

Scanned with CamScanner

۱۹۴۳ – ۱۹٤٤ ز
چاکترین فیلم: به ڕێگەی خۆم دا دەڕۆم – پارامۆنت.
ئەکتەر: بنیك کرازبی – بەڕێگەی خۆم دا دەڕۆم.
ئەکتریس: ئینگرید بیرگمان – چرای غاز.
ئەکتەریدووەم: باری فیتز جرالد – به ڕێگەی خۆم دا دەڕۆم.
ئەکتریسی دووەم: ئەتل باریمور – تەنیا دڵێکی بێ کەس.
دەرهێنەر: لیویك کری – بەڕێگەی خۆم دا دەڕۆم.

۱۹٤٤ – ۱۹٤٥ ز
چاکترین فیلم: هەینی لەدەست چوو – پارامۆنت.
ئەکتەر: ری میلان - هەینی لەدەست چوو.
ئەکتریس: جۆن کرافورد, میل درد پرس.
ئەکتەری دووەم: جێمس دون – دارێك له بروکلین دا سەوز دەبێت.
ئەکتەری دووەم: ئان ریو – مەخمەلی نەتەوە.
دەرهێنەر: بیلی وایلدر - هەینیی لەدەست چوو.

۱۹٤٥ – ۱۹٤٦ ز
چاکترین فیلم: چاکترین ساڵانی ژیانی ئێمە O-K-R رادیۆ.
ئەکتەر: فردریك مارج – چاکترین ساڵانی ژیانی ئێمە.
ئەکتریس: ئەلیو یادو هایلند – هەر کەسێك بەشێك.
ئەکتەری دووەم: هارۆلد راسل – چاکترین ساڵانی ژیانی ئێمە.
ئەکتریسی دووەم: ئان پاکستەر – تیژیی چەقۆ.
دەرهێنەر: ویلیام – چاکترین ساڵانی ژیانی ئێمە.

۱۹٤٦ – ۱۹٤۷ ز
چاکترین فیلم: پەیمانی به ئابڕوو – فۆکسی سەدەی دووەم.
ئەکتەر: دۆناڵد کلمن – ژیانی دوو بەرابەر.
ئەکتریس: لرنا یانك – کچه جووتیار.
ئەکتەری دووەم: ئەدمۆند – کۆڵانی ژماره ۲۳.
ئەکتریسی دووەم: سلست هۆڵم – پەیمانی به ئابڕوو.
دەرهێنەر: ئیلیا کازان – پەیمانی به ئابڕوو.

۱۹٤۷ – ۱۹٤۸ ز
چاکترین فیلم: ئەرتور رانك – هاملیت
ئەکتەر: لارۆس ئۆلیڤەر – هاملیت.
ئەکتریس: جین وایمن – جانی بلیندا.
ئەکتەری دووەم: والتەر هستون – سامانەکانی سیرامادرا.
ئەکتریسی دووەم: کلر تور – کی لارکۆ.
دەرهێنەر: جان هستون – سامانەکانی سیرامادرا.

١٩٤٨ – ١٩٤٩ ز

چاكترین فیلم: تەواوی خزمەتكارەكانی شا – كۆلۆمبیا.

ئەكتەر: برۆدریك كرافۆرد – میرات بەر.

ئەكترێس: ئەلیوبا دو هایلند – میرات بەر.

ئەكتەری دووەم: دین جاكر – دە سەعات فڕین.

ئەكترێسی دووەم: مارسیدسی مالك كمبریج – تەواوی خزمەتكارەكانی شا.

دەرهێنەر: جوزێف مانكێ ویتس – نامەیەك بۆ سێ ژن.

١٩٤٩ – ١٩٥٠ ز

چاكترین فیلم: هەمووی دەربارەی ئێوە – فۆكسی سەدەی بیستەم.

ئەكتەر: خۆزە فیرر – سیرانۆدی برچراك.

ئەكترێس: جودی هالیدی – مندالی دوێنێ.

ئەكتەری دووەم: جۆرج ساندز – هەمووی دەرباری ئێوە.

ئەكترێسی دووەم: ژوزفین هال – لاهاروی.

دەرهێنەر: جوزێف مانكێ ویتس – هەموو دەربارەی ئێوە.

١٩٥٠ – ١٩٥١ ز

چاكترین فیلم: ئەمریكاییەك لە پاریس دا – میترۆگۆڵدین مایەر.

ئەكتەر : هەمفری بوگارك – شاژنی ئەفریقیا.

ئەكترێس: فیوریان لی – ئوتوبوسێك بەناوی هەوەس.

ئەكتەری دووەم: كاوڵ ماڵدن - ئوتوبوسێك بەناوی هەوەس.

ئەكترێسی دووەم: كیم هانتەر - ئوتوبوسێك بەناوی هەوەس.

دەرهێنەر: جۆرج ستیونس – جێگەیەك لە مانگەشەودا.

١٩٥١ – ١٩٥٢ ز

چاكترین فیلم: گەورەترین پیشان دانی رووی زەوی – پارامۆنت.

ئەكتەر: كاری كوپەر – رووداوی نیوەڕۆ.

ئەكترێس: شیرلی پێرت – شیبای بچكۆلە بگەڕێەوە.

ئەكتەری دووەم: ئەنتۆنی كوین – هەربژی ژباتا.

ئەكترێسی دووەم: گلۆریا گراهام – جوانی بەد رەوشت.

دەرهێنەر: جان فۆرد – پیاوی ئارام.

١٩٥٢ – ١٩٥٣ ز

چاكترین فیلم: لێرەوە تا هەتا هەتا – كۆلۆمبیا.

ئەكتەر: ولیام هۆڵدن – بەندی ژمارە (١٧).

ئەكترێس: ئودری هیپۆرن – شەوێك لە رۆما.

ئەكتەری دووەم: فرانك سیناترا – لێرەوە تا هەتا هەتا.

ئەكترێسی دووەم: دوناريد – لێرەوە تا هەتا هەتا.

دەرهێنەر: فردزینمان: لێرەوە تا هەتا هەتا.

Scanned with CamScanner

١٩٥٣ — ١٩٥٤ ز

چاکترین فیلم: دەربارکێش — کۆلۆمبیا.
ئەکتەر: مارلین براندو — دەربارکێش.
ئەکترێس: گرێس کلی — کچە لادێیی.
ئەکتەری دووەم: ئەدمۆند ئوبراین — شازادەی پێ پەتی.
ئەکترێسی دووەم: ئومری سنت — دەربارکێش.
دەرهێنەر: ئیلیا کازان.

١٩٥٤ — ١٩٥٥ ز

چاکترین فیلم: مارتی — یونایتید ئارتیست.
ئەکتەر: ئەرنست بورگانن — مارتی.
ئەکترێس: ئانا مانیانی — خاڵی گوول.
ئەکتەری دووەم: جاك لیمون — کاك رابرتز.
ئەکترێسی دووەم: جوان فلیت — رۆژهەڵاتی عەدن.
دەرهێنەر: دلبرت مان — مارتی.

١٩٥٥ — ١٩٥٦ ز

چاکترین فیلم: هەشت رۆژ دەوری دنیا — یونایتد ئارتێست.
ئەکتەر: پۆل براینەر — من و سوڵتان.
ئەکترێس: ئنگرید برگمان — ئەناستازیا.
ئەکتەری دووەم: ئەنتۆنی کوین — شەهوەتی ژیان.
ئەکترێسی دووەم: دورثي مالون — نووسینی بەربا.
دەرهێنەر: جۆرج ستیونس — غوول.

١٩٥٦ — ١٩٥٧ ز

چاکترین فیلم: پردێك بەسەر رووباری کوای — کۆلۆمبیا.
ئەکتەر: ئەلەك کینس — پردێك بەسەر رووباری کوای.
ئەکترێس: جوان ودوارد — سێ روخساری ئێوە.
ئەکتەری دووەم: ردبا تونر — سایۆنارا.
ئەکترێسی دووەم: موشی یومکی — سایۆنارا.
دەرهێنەر: دیڤیدلین — پردێك بەسەر رووباری کوای.

١٩٥٧ — ١٩٥٨ ز

چاکترین فیلم: ژیژی — میترۆ گۆڵدین مایەر.
ئەکتەر: دیڤید نیون — مێز جیاکانی.
ئەکترێس: سوزان هیوارد — دەمەوێت زیندوو بم.
ئەکتەری دووەم: پیرل ئایوز — وڵاتی گەورە.
ئەکترێسی دووەم: وندی هیلەر — مێزە جیاکان.
دەرهێنەر: وینسنت مینلی — ژیژی.

Scanned with CamScanner

۱۹۵۸ – ۱۹۵۹ ز
چاكترین فیلم: بن هور – میترۆ گۆڵدین مایەر.
ئەكتەر: جارلستون هستون – بن هور.
ئەكترێس: سینول سنیوە – ژوورێك لە نهۆمی سەرەوە.
ئەكتەری دووەم: هیو گریفس – بن هور.
ئەكترێسی دووەم: شیلی وینتەر – نووسینەكانی ئان فرانك.
دەرهێنەر: ویلیام وایلەر – بن هور.

۱۹۵۹ – ۱۹٦۰ ز
چاكترین فیلم: ئاپارتمان – یونایتد ئارتێست.
ئەكتەر: برت لانكستەر - ئەلمەر كنتری.
ئەكترێس: ئەلیزابێت تایلور – باترفێلد ۸.
ئەكتەری دووەم: پیتەر یوستینف – سپارتاكۆس.
ئەكترێسی دووەم: شێرلی جۆنز – ئەلمەركنتری.
دەرهێنەر: بیلی وایڵدەر – ئاپارتمان.

۱۹٦۰ – ۱۹٦۱ ز
چاكترین فیلم: چیرۆكی وێست ساید – یونایتد ئارتێست.
ئەكتەر: ماكسملیان شێل – دادگای نورمبورگ.
ئەكترێس: سۆفیا لۆرین – دوو ژن.
ئەكتەری دووەم: جۆرج جاكرین – چیرۆكی وێست ساید.
ئەكترێسی دووەم: ریتا مونورە – چیرۆكی وێست ساید.
دەرهێنەر: رابرت وایزوجروم – چیرۆكی وێست ساید.

۱۹٦۱ – ۱۹٦۲ ز
چاكترین فیلم: لۆرەنسی عەرەب – كۆلۆمبیا.
ئەكتەر: گریگۆری بێك – كوشتنی پەلەوری لاسایی كەر.
ئەكترێس: ئانی پانكرافت – بەرچۆساز.
ئەكتەری دووەم: ئەدیكلی – باڵندەی شیرینی جوانی.
ئەكترێسی دووەم: پاتی دوگ – بەر چۆساز.
دەرهێنەر: دیڤید – لۆرەنسی عەرەب.

۱۹٦۲ – ۱۹٦۳ ز
چاكترین فیلم: تام جۆنز – یونایتد ئارتێست.
ئەكتەر: سدنی پواتێ – زەمبەقی كشتوكاڵ.
ئەكترێس: پاتریشیا نیل – هاد.
ئەكتەری دووەم: ملوین داگلاس هاد.
ئەكترێسی دووەم: مارگارت راتفورد – هوتێلی گەلان.
دەرهێنەر: تۆنی ریشاردسون – تۆم جۆنز.

Scanned with CamScanner

١٩٦٣ – ١٩٦٤ ز

چاكترین فیلم: خانمی جوانكیلەی من – براكانی وارنەر.
ئەكتەر: رۆك هودسن – خانمی جوانكیلەی من.
ئەكترێس: جولی ئەندروس – مێری پاپینز.
ئەكتەری دووەم: پیتر یوستینف – تۆپكانی.
ئەكترێسی دووەم: لیلا گدروا – زۆربای یۆنان.
دەرهێنەر: جۆرج كیوگر – خانمی جوانكیلەی من.

١٩٦٤ – ١٩٦٥ ز

چاكترین فیلم: ئاوایی مۆسیقا – فۆكسی سەدەی بیستەم.
ئەكتەر: لی مارفین كیت بالو.
ئەكترێس: جولی كریستن – محبوبە.
ئەكتەری دووەم: مارتین بالزام – هەزار گاڵتە جار.
ئەكترێسی دووەم: شیلی وینتەر – لەكەیەكی شین.
دەرهێنەر: رابرت وایز – ئاوایی مۆسیقا.

١٩٦٥ – ١٩٦٦ ز

چاكترین فیلم: پیاوێك بۆ هەموو وەرزێك – بریتانیا.
ئەكتەر: پل سكافیلد – پیاوێك بۆ هەموو وەرزێك.
ئەكترێس: ئەلیزابیت تایلور – كێ لە فیرجینیا ولف دەترسێت؟
ئەكتەری دووەم: والتر ماتیو – پسكتی شانسی.
ئەكترێسی دووەم: سندی دنیس – كێ لە فرجینیا ولف دەترسێت؟
دەرهێنەر: [illegible] – پیاوێك بۆ هەموو وەرزێك.

درێژەی خەڵاتەكانی ساڵانی دواتر
لە بەرگەكانی تردا هاتووە

Scanned with CamScanner

ناوی چەند فیلمی هەڵبژاردەی مێژووی سینەما

ناوی فیلم	کارگە	ساڵ	دەرهێنەر	ئەکتەر	ئەکترێس
				تایرۆن پاوەر	ئەلیس فی
		١٩٣٦	هێنری کینگ		
١- ئوکستری رازاوەی ئەلکاندەر	فۆکس				
		١٩٤٥	لیومك گری		
٢- زەنگۆڵەکانی سان ماری	رادیۆ R.K.O			ریتشارد دیکس	ئینگرید بێرگمان
		١٩٣١	ویسلی راگلز		
٣- سیمارون	رادیۆ R.K.O			جان پاریمور	گریتا گاربو
		١٩٣٢	ئەدمۆند گلدینگ		
٤- گران هتل	گۆڵدین مایەر			فکتور فلمینگ	
		١٩٣٩	دیڤید ئۆسلزنیك		
٥- بابردوو	گۆڵدین مایەر			کلارك گیبل	
				برت لانکستەر	
		١٩٥٣	فردزینمان		
٦- لێرەوە هەتا هەتا	کۆلۆمبیا			لۆرانس ئۆلیڤی	جین سیمونز
		١٩٤٨	لۆرانس ئۆلیڤی		
٧- هاملێت	نوتورانك			ریتشارد برتون	ئەلیزابێت تایلۆر
٨- کیلۆپاترا	فۆکس			مارلۆن براندو	
٩ یولیۆس قەیسەر	گۆڵدین مایەر	١٩٥٣	جۆزێف مانکە		
١٠ زرێ پۆشی بۆتمکین	سۆڤیەت	١٩٢٥	سێرگی میخانیلو		
١١- دایك	سۆڤیەت	١٩٢٦	ڤیچ		
٠ کەشتی ئەتلانتا	فرانسە	١٩٤٣	دافژنکو		
١٣- بن هور	گۆڵدین مایەر	١٩٥٩	ژان ویکو	چارلستون	
			ویلیام وایلەر	هستون	
١٤ سپارتاکوس	یونڤرساڵ	١٩٦١	ستانلی کوبریك	کریك دوگلاس	
١٥- کڵاوی پووش					
خورمای ئیتاڵی	فرانسە	١٩٢٨	مارسیل کارنە		
١٦- ڕووداو	ئیتالیا	١٩٦٣	میکل ئە نجلو		
١٧- پردێ بەسەر	کۆلۆمبیا	١٩٥٧	دیڤید لین	ولیام هۆڵدن	
ڕووباری کوای					
١٨- سەرگێژە	پارامونت	١٩٥٨	هێتشکۆك	جیمس ستوارپ	
١٩ دوا پیاو	ئەڵمانیا	١٩٢٤	فردریکو مۆرناو		
٢٠- بیابانی گەرم	ئیتالیا	١٩٦٤	میکل ئە نجلو		مونیکاو بتی
٢١- بلیار باز	فۆکس	١٩٦١	رابرت راسن	جاکی کلیسون	
				پل نیومەن	
٢٢- ئەگرندیسمان	بریتانیا	١٩٦٦	میکل ئە نجلو	دیڤید همبتکر	وانیسارد گریو
٢٣- بەدبەختییەکانی ژاندارك	دانیمارك	١٩٢٨	کارل تیودۆرا		
٢٤ ڕاشومون	یابان	١٩٥٠	کروزاوا		
٢٥- ٨,٥	ئیتالیا	١٩٥٨	فیدریکو	ماچلو	
			فیلینی	ماسترەیای	
٢٦ ئازادی بۆ منە	فرانسە	١٩٤٢	رنەکلر		
٢٧- مایەرلینگ	ئیرۆفیلمز		ئەناتول لیتواك	شارل بوایە	

Scanned with CamScanner

شاکارە بەناوبانگەکانی شانۆ

ناوی شانۆیی	ناوی نووسەرەکەی
ژنە گۆرانی بێژی سەر بێ تووك	ئۆجین یۆنسکۆ
ئەوەی وتی نا ئەوەی وتی با	برتۆلت بریشت
ئەدواردی دووەم	کریستۆڤەر مارلۆ
ئاگامەمنوون	ئەشیلۆس
هەرورەکانی	ئەریستۆفان
ئۆپەرای سێ پووڵ	برتۆلت بریشت
ئاتیلوو (عطیل)	شەکسبیر
ئوستادی میعمار	ئیپسن
سۆنەی وەحشی	ئیپسن
ئالسست	نوری پیر
ئاندرۆماك	نوری پیر
ئەلەکترا	سۆفۆکل
ئەنتیگۆنا	سۆفۆکل
ئۆدیب شەهریار	سۆفۆکل
ئۆتۆبۆسێك بەناوی هەوەس	تینسی ولیامز
ئیفی ژنی	گۆتە
جیمز ئەلدریج	ولایەتی چل و ئۆهەم
ئای ئەیبایان	یۆجین ئۆنیل
ئەسیر	پلۆتۆس
ئاخری بەهەشت	پریستلی
ژن هێنانی پیاوی میسەسیپی	فردریك دۆرینمات
ئەمە نووسرا	فریدریك دۆرینمات
ئۆپەرای بانکێکی تایبەتی	فریدریك دۆرینمات
ئامغی تریون	پلۆتۆس
ئەوای تەپل لە دڵی شەودا	برتۆلت بریشت
ئولولاریا	پلۆتۆس
ئانا کریستی	یۆجین ئۆنیل
ئەلەکترا تەعزیەبارە	یۆجین ئۆنیل
ئەو جێگەی وا دیاری کراوە	یۆجین ئۆنیل
ئەلسید	کۆرنی
بالکون	جان جینە
بێوەژنی زانکۆ	ئەدر جۆرج
باخی درندەی شووشەیی	تنیسی ولیامز
ئاگاداری بەهار	فرانك ودکیند
لە دەرەوە لە دەم دەرا	ولفگانگ ودکنگ
مرۆڤ و سەرەوەی مرۆڤ	بەرنادشۆ
مرۆڤ مرۆڤە	برتۆلت بریشت
مەیموونە تووك درێژەکان	یۆجین ئۆنیل
دێنە شارەوە	پریسلی
براون خوای گەورە	یۆجین ئۆنیل
بە توورەییەوە ئاوڕێك	جان ئازبرین
پیرەمێرد	ماکسیم گۆرگی
باڵندەی شین	مۆریس میترلنگ

Scanned with CamScanner

پیگمالیون	بەرنادشۆ
پایەکانی کۆمەڵ	ئیپسن
باوك	ستریند بورگ
باڵداریکی بچووکی سپی	سێر جێمس مایتو
پیتەر و دەندی	سێر جێمس مایتو
پەنجەرە	فردریك دۆرینمات
تینویەتی	یۆجین ئۆنیل
تەواوی کورەکانم	ئارثور میلەر
تۆفان (گەرداو)	شکسبیر
بازرگانی ڤینیسیا	شکسبیر
تەیموور لنگ	کریستۆڤەر مارلۆ
پیلانی فیسکو	فردریك شیللەر
هاوینی چەسپاو	تینسی ولیامز
یۆلیۆس قەیسەر	شکسپیر
ژنە جادووەکانی سالم	ئارثور میلەر
جۆنزی ئیمپراتۆر	یۆجین ئۆنیل
شەڕی حەوت سوڵتان	ئەشیلۆس
دوور دیاریك لە پرد	ئارثور میلەر
کێ لە ڤیرجینیا ولف دەترسێت	ئەدوارد ئەلبی
لەسەرخۆ	ئارثور میلەر
حکوومەتی سەربازی	ئەلبێر کامۆ
خوێنی بامێرگەکان	جان ئاربۆن
خاڵی گوڵ	تنیسی ولیامز
خەڵوەتگا	سارتەر
رەزیل	مۆلێر
رووداوی دەروێشی	ئارثور میلەر
لە ماڵا چۆنن ؟	بریستلی
درۆزن	کارلۆ گولدونی
دوکانی قاوە فرۆشی	کارلۆ گولدونی
دۆن جوان	مۆلێر
لەناوچەیەکی شەڕدا	یۆجین ئۆنیل
دوژمنی میللەت	ئیپسن
دکتۆر ناستوس	کریستۆڤەر مارلۆ
دۆن کارلۆس	شیللەر
لە کۆمەڵە شارەکان دا	برتۆلت بریشت
کچی پلیاس	ئوری پید
دەورانی چاو برکێ	تینسی ولیامز
دنیای پال سنکی	جان ئازبن
دوژمنی تایبەتی	جان ئازبن
دروست کاری	ئەلبێر کامۆ
داوێن پیسی پاك	سارتەر
رێ گران	شیللەر
رۆژانی بێ کۆتایی	یۆجین ئۆنیل
رۆمیۆ و جولێت	شکسپیر
خەونی نیوەشەوێکی هاوین	شکسپیر
روسولوسی گەورە	

Scanned with CamScanner

خەیاڵەکانی سیمۆن ماشار	
	فردریک دۆرینمات
زیندوویی	برتولت بریشت
ژنی بێ نرخ	هانری تراوبا
ژنی ئیکدل سچون	ئۆسکار وایلد
زێرێن پرچ	بریشت
ژنانی عیلم باز	پریستلی
ژنەکانی تراخیس	مۆلێر
ژنانی تەروادە	سۆفۆکل
ژیانی گالیلۆ	سارتەر
ژاندارك	بریشت
سالۆمی	برناردشۆ
گەشتی دوور و درێژ بۆ وەتەن	وایلد
قەیسەر و کیلۆپاترا	یۆجین ئۆنیل
پەتاتەی سوورەکراو لەگەڵ هەمووشت دا	بەرناردشۆ
تێپەڕینی ڕۆژ لە شەودا	ئەرنولد ویسکر
مێردی پەسەند	ئۆنیل
شکۆنتلا	ئۆسکار وایلد
شەوی ئیکوانا	کالیداسا
شۆڕشی ئەستووریەکان	تنیسی ویلیامز
شەیتان و خوا	تنیسی ویلیامز
شەیتانێك لەناو پێستکدا	سارتەر
کورسیەکان	جان ئازبەرن
دڵداران	ئۆجین یۆنسکۆ
داد پەروەران	کارلۆ گولدونی
خۆر ئاوابوونی دوا ڕۆژی پایزیەکان	ئەلبێر کامۆ
شکۆ و تیاچوونی شاری مانا گۆنی	دۆرنمات
فرانسیسکا	بریشت
فاوست	فرانك ود کیند
فریشتەیەك دەروات بۆ بابل	گۆتە
قوربانی	دۆرنمات
پێش ئەمە لێرە بووم	تاگوور
کورنیلوس	پریستلی
کارمن	پریستلی
کار و کاسبی وارن خانم	پرۆسپە مریمە
گۆشەگیرەکانی ئالتونا	بەرناردشۆ
کەرکەدەن	سارتەر
پشیلەیەك بەسەر چینکۆیەکی گەرمەوە	ئۆجین یۆنکسۆ
گەنجی پڕ مەترسی	تنیسی ویلیامز
بارمتە	پریستلی
مەلیك لیر	برندن بهن
لوتەر	شکسپیر
لالو کاندیرا	جان ئازبرن
خەڵکی سەرگەردان	کارلۆ گولدونی
بینینی پیرەژنێك	پریستلی
قوتابخانەی ژیان	دوورنمات
	مۆلێر

Scanned with CamScanner

مانگه شەوی دورگەی کاریبی	نۆنیل
ماجور باربارا	برناردشۆ
تەم	نۆنیل
مردووە بێ کفن و گۆڕەکان	سارتەر
مێش	سارتەر
پیاوێك کە بە تەواوی خۆش بەخت بوو	ئارثومیلەر
مەکبەث	شکسپیر
نووسین لەسەر گۆڕی جۆرج دیلن	جان ئازبەرن
شاژنی هیندی	دایدن
نوێژ بۆ راهیبەیەك	ئەلبێر کامۆ
زەنگوڵەکان	زیلبرت ئابوت
هونەرپیشە	جان ئازبەرن
لەپڕ هاوین تێ پەڕیوە	ویلیامز
نیکرا سۆف	سارتەر
وڵات سبەینێیە	پریستلی
کاتێك ئێمەی مردوو رادەپەڕین	ئیپسن
ویلهلم تل	شیللەر
وەسیەت نامە	جێمز مایتو
هەر کول و تەویلەی ئۆجیاس	دۆرنمات
تەواوی گێلەکان	جۆرج چاپمەن
هەوەس لە ژێر داری ناروەن دا	یۆجین نۆنیل
هاملیت	شکسپیر
هیندیە راکەرەکان	ژیلبرت ئابووت
هیپولیت	ئوری پید
هیلین	ئوری پید
سەر زمانی هەنگوینی	شیلا دلینی
رووداوێکی پێ کەنین	کارلو گولدونی

چەند زاراوەیەك
کە لە شانۆیدا بەکاردەهێنرێن

١- **ئاکتەر:** هونەر پیشەی پیاو لە تیاترو سینەمادا.

٢- **ئاکسیون:** ناوەڕۆکی نووسراوەکە.

٣- **ئامفی تیاتر:** جێگەی دانیشتنی تەماشەکەران کە زۆربەی بە شێوەیێکی نیوە بازنە بەرێز لە پشتی یەکەوە کورسی داندراوە.

٤- **بنکەی شادمانی:** ئەو جێگەیە کە چەند لاسایی کەرێك جۆرێکی تایبەتی شانۆی خۆماڵی ئەنجام دەدەن بە جووڵانەوەی سەیر سەیر تا خەڵکەکە بە پێکەنین بهێنن.

٥- **پێش پەردە:** شانۆیی‌یەکی کورتە چەند ئاکتەرێك ئەنجامی دەدەن زۆرتر لەگەڵ هەڵبەست و گۆرانی و مۆسیقادا پێش کەش دەکرێ.

٦- **تیاتر:** تەماشا خانە. شانۆ.

٧- **تانتوسیم:** شانۆیی‌یەکە گفتوگۆ هەر بە جووڵانەوە و دەموچا و لەگەڵ مۆسیقادا ئەنجام دەدرێت.

٨- **تراجیدی:** جۆرێکە لە شانۆیی کە پاڵەوان یان چەند پاڵەوانێکی تێدا دەمرێت.. واتە سەر نەکەوتن و مەرگی قارەمان.

٩- **دراما:** پێشان دانی داستانێکە کە دەیەوێت باسی رووداوەکانی ناجۆر و نالەباری ژیان پێشان بدات.

Scanned with CamScanner

١٠- **دیالۆگ:** وتو وێژ و لێد دوان.
١١- **رۆڵ:** شێوەی کاری ئەکتەر.
١٢- **ریتم:** توند و خێرایی یان خاوی و لەسەر خۆ قسەکردن و رووداوی شانۆیی.
١٣- **ژست:** هونەری ئاکتەر.

ئاکتەر بە سێ شێوە هونەری خۆی دەردەخات

١- قسە کردن
٢- می میك واتە جووڵانەوە و حاڵەتی دەموچاو.
٣- جووڵانەوەی لەش.

١٤- **سن:** جێگەی یاریی شانۆیی.
١٥- **کۆمیدی:** شانۆیی پێکەنین.
١٦- **کومیك:** ئاکتەرێك کە هەمیشە رۆڵی پێکەنین بگێڕێ.
١٧- **گریم:** روخسار و گۆڕین بە رەنگ و ئارایش و شتی دی.
١٨- **گویمور:** ئەو کەسەی وا روخساری ئاکتەرەکان دەگۆڕێت و ئارایشت دەکات.
١٩- **لۆژ:** جێگای تایبەتی لە تەماشاخانەدا.
٢٠- **میلودرام:** درامایێکی تێکەڵ بە گۆشەی شادی بەخش.
٢١- **منودرام:** درامایێك تەنیا یەك کەس ئەنجامی دەدات.

Scanned with CamScanner

یوهان فۆرد

سوفیا لۆرێن

جۆنز جۆنیفێر

چارلی چاپلین

ئیلیزابێت

هێنری فۆندا

ئالفرێد هیچکۆك

ئانتۆنی کۆئین

رۆبێرتۆ رۆسۆلینی

مەك کارتی

رۆبێرت میتشام

Scanned with CamScanner

وەرزش

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

زانیاریی مرۆڤ سنووری بۆ نییە، وا بەرەو ئەستێران ملمان ناوە هەر ڕۆژێک نیشانەیەکی کەشی تەکنەلۆجیای مرۆڤ بەرەو هەلە لە پەلامار دایە، ئێستاش بۆ باشتر کردنی ژیان و حەسانەوە و زیندە بە چاڵ کردنی غەم و تەمی تێکڕایی لەناو گەلانی سەرتاسەری گێتیدا نەوەستاوە و لە تەقەلا دایە. ئەمڕۆ ئێمەی مریف دیواری دەنگمان هاڕیوە بە یەک دا بە خێرایی و چەسپانی لە جووڵانەوە داین و هەر ساتێک ئەم خێراییە زۆرتر و تیژتر دەکەین، جاد دەرکەوتووە بناغەی زیندوویی جووڵانەوەیە و وەستان و سیسی واتە مردن و لەناوچوون، واتە شۆڕکردن بۆ هێرشی جندرمەکانی کەمتەرخەمی و نەخۆشی و لە ئاکامدا بە فیڕۆ ژیان؛

ئەوڕۆ جووڵانەوەی وەرزش ڕاستەقینەیەکە پێویستی بە ڕوون کردنەوە نییە، ئەگەر هەتاو چاوگەی ژیان بێت جووڵانەوە و وەرزش گەشانەوەی ئەو چاوگەیە، جا با هەموومان نرخ و ڕێزی وەرزش بگرین، چونکە بێ گومان لەپیریدا پاداشتمان دەداتەوە و قۆڵی چەوساوەی ژێر هێزی ڕۆژگار و ساڵانمان دەگرێت و دەڵێت: چاوت لێیە جۆنم بۆت؟

ساڵانی ڕابردوو وەرزش پیشەیەک بووە بۆ ژیان، بۆ ناو ناویش بۆ دەسەڵات و پارە و زێڕ، بەڵام ئەگەر تێکرایی بنوارینە چونیەتی وەرزش لە دنیای ئەمڕۆدا گرنگی و مەزنی هەروەها بە پێویست زانی وەرزش لە ڕواڵەتی تەواوی چینەکانی گەلان دا دەردەکەوێت.

نەتەوە یەکگرتووەکان بەو هەموو توانایەوە تێ ئەکۆشێت ئەگەر بۆ جارێکیش بێت بەرەی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوا یان چەپ و ڕاست پێکەوە لەگەڵ یەکدی بڵێن نا.. یان.. نا ! بەڵام ڕێکخراوی یارییەکانی ئۆلەمپیک هەر چوار ساڵ جارێک چاکترین گەنجانی دنیا لە گۆڕەپانەکانی وەرزش دا کۆدەکاتەوە، دوور لە بیروڕای ڕامیاری، یان ڕەگەز پەرستی تێکڕا بە کۆتاییدا یەک دەم پێکەوە هاوار دەکەن بژی ژیان ! بژی ئاشتی !

کام ڕێکخراوی جیهان ئەم توانایەی هەیە؟ چ کۆنفرانسێکی جیهان ئاوها بەسەرکەوتووە؟ کەواتە ئەو گەلانەی وا لە تەقەلادان بۆ پەرەسەندنی وەرزش لە وڵاتەکەیان دا وا دەکۆشن منداڵ و گەنج و پیر بەرەو وەرزش ببەن ئەندێشەیەکی پووچ و بێ کەڵک نییە.

من لەم بەشەدا دەکۆشم باسی ئەو جۆرە وەرزشانە بکەم کە ڕێکخراوی ئۆلەمپیک دانی پێدا ناوە وەکو بە یارییەکی جیهانی و تێکڕایی ئاسیویەتی وەکو وەرزشەکانی قارەمانی، بەرامبەرکێ زستانی، وەرزشی ناو ئاو، ناو هۆڵ، میکانیکی، دیدەوانی "کشافە" جیهان گەشتی و سواری.

هەروەها وەرزشی وا هەیە بەڵام هێشتا شێوەیێکی تێکڕایی بە خی نەگرتووە و لەلایەن ڕێکخراوی (ئۆلەمپیک)ەوە جارێ دانی پێدانەنراوە وەکو وەرزشی زۆرخانە، سامۆ لە وڵاتی ژاپۆن دا، مشت لەگەڵ بەکارهێنانی پێ، چەند جۆرێکی شیر بازی. بۆیە من تێ دەکۆشم چۆنیەتیی زەواری وەرزشە ناسراوەکانی ئۆلەمپیک لە ساڵی ١٩٤٢ ز تا ١٩٦٣ کەم و زۆر بۆ خوێنەوارانی ئازیز ڕۆشن بکەمەوە.

١- یارییەکانی هەڕا و گۆڕەپان *Track and field*

ئەم جۆرە وەرزشە چەند چەشنێکە پێکەوە سەرەتا لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە کراون و ساڵانی ساڵیش لە دام و دەزگای دەسەڵاتی ڕۆمانەکانیش دا ئەنجام دراون، تا لە ساڵی ١٨٩٦ دیسانەوە زیندوو کرایەوە و لەگەڵ ئەختێک گۆڕین دا.

أ- <u>چەشنەکانی هەڕا و گۆڕەپانی پیاوان</u>

<u>هەڕاکان</u>

١٠٠ مەتر

٢٠٠ مەتر
٤٠٠ مەتر
٨٠٠ مەتر
١٥٠٠ مەتر
٥٠٠٠ مەتر
١٠٠٠٠ مەتر
هەڕای (ماراثون)یش ٤٢ کیلۆمەتر و سەد و نەوەت و پێنج مەترە

Scanned with CamScanner



Scanned with CamScanner

<u>هەراكان لەگەڵ كۆسپ دا</u>

١١٠ مەتر

٤٠٠ مەتر

٣٠٠٠ مەتر

<u>جۆرەكانی هاویشتن</u>

- هاویشتنی قورسایی
- هاویشتنی دیسك (ساپ)
- هاویشتنی ڕم
- هاویشتنی چەكوش (مارتو)

<u>چەشنەكانی بازدان</u>

١- بازی درێژ "یەك بازی"

٢- بازی بەرزی "بەرزە باز"

٣- سێ بازی

٤- چەڵاكەباز (باز بە حەیزەرانەوە)

پیادە ڕۆیشتن:

٢٠٠٠٠ مەتر

٥٠٠٠٠ مەتر

<u>٢- چەشنەكانی هەرا و گۆڕەپانی ئافرەتان</u>

١٠٠ مەتر

٢٠٠ مەتر

٤٠٠ مەتر

٨٠٠ مەتر

<u>- هەرا لەگەڵ كۆسپ دا:</u>

٨٠ مەتر

٤٠٠ مەتر و تێكەڵ

<u>- بازدان</u>

یەك بازی

بەرزە بازی



- **<u>هاویشتن:</u>**
- هاویشتنی قەرسایی
- هاویشتنی ڕم

Scanned with CamScanner

- هاوێشتنی دیسك

٢- یارییەكانی ناو ئاو

١. مەلە
٢. باز بۆ ناو ئاو
٣. كاشۆیانێی ئاو "پۆلۆی ئاو"

- بۆ پیاوان:

١. مەلەی سنگ – مەلە باسكەی ڕوو بەڕوو "كرال"
١٠٠ مەتر *Free Style*
٢. مەلەی سنگ – مەلەی باسكەی ڕوو بە ڕوو "كرال"
٤٠٠ مەتر
٣. مەلەی سنگ – مەلە باسكەی ڕوو بە ڕوو "كرال"
١٥٠٠ مەتر
٤. مەلە بۆقە ٢٠٠ مەتر *Breast Stralre*
٥. مەلەی پەپوولە ٢٠٠ مەتری *Bulter fly stralre*
٦. پشتە مەلە ٢٠٠ مەتری *Back stralre*
٧. مەلەی ٤٠٠ مەتری چوار كەسی، هەر مەلەوانێك ١٠٠ مەتر.
٨. مەلەی ٢٠٠ مەتری ئازاد كە چوار مەلەوان هەر یەكی ٢٠٠ مەتر مەلە دەكەن كە تێكڕا ٨٠٠ مەتر دەبڕن.

مەلەی ژنان:

١. ١٠٠ مەتری ئازاد *Free Style*
٢. ٤٠٠ مەتری ئازاد *Free Style*
٣. ١٠٠ مەتری پشتە مەلە *Back stralre*
٤. ٢٠٠ مەتری بۆقە مەلە *Breast Stralre*
٥. مەلەی ٤٠٠ مەتری چوار كەسی كە هەر مەلەوانێك ١٠٠ مەتر دەبڕێت.

٢- بازدان بۆ ناو ئاو

بازدەر كاتێك دەبێت بە یەكەم و قارەمان كە زۆرترین خاڵ كۆبكاتەوە لە دە بازدان دا بۆ پیاوان. لە بەرزایی دە مەتر و پێنج مەترەوە؛ شەش بازیان بەپێی مەرج و چوار بازیان مەلەوان لە چۆنیەتیی جوولانەوە و بازدان دا سەربەست دەبێت. ئەمەش ناو و چۆنیەتی جوولانەوەی چەند جۆرە بازدانی مەلەوانەكانە:

١. جووڵانەوەی ڕوو بە ئاو و سووڕ خواردن لە پێشەوە.
٢. جووڵانەوە پیشت بە ئاو سووڕ خواردن لە پشتەوە.
٣. جوڵانەوە ڕوو بە ئاو و سووڕ خواردن لە پشتەوە.
٤. بازدان لەگەڵ لوول خواردن دا.

Scanned with CamScanner

٤- کاشۆیانێی ئاو ئاو (واترپۆلۆ) Water Polo

ئەم وەرزشە کە لەناو ئاودا دەکرێت بۆ یەکەمین جار لە وڵاتی بریتانیادا لە ساڵی ١٨٧٠ ز دا بەرەوی پەیدا کرد و بوو بە یارییەکی ئۆلەمپیك. ئەم یارییە دوو تیپ هەر تیپەی ٧ کەس و لە ناوی قووڵی و درێژی و پانی دیاری کراودا دەیکەن. ماوەی یارییەکەی ٢٠ دەقیقەیە و کراوە بە دوو بەشەوە.

هەڵە گرتنەکانی ئەم یارییە ئەمانەیە:

١- بە مشت لە تۆپ دان.
٢- داری گۆڵ گرتن.
٣- ئاو کردن بە دەموچاوی یاریکەردا.
٤- گرتنی تۆپ بە هەردوو دەست.
٥- خۆخستن بەسەر یاریکەری مەلەوان دا.
٦- کات بە فیرۆ دان.

٥- قورسایی هەڵگرتن:

ئەم یارییە بە پێی قەڵافەت و گەپی و کەڵەگەتی یاریکەر حەوت بەشە:

١- کەڵەشێر لەش Bantam Weight ٥٤ کگم.
٢- پەڕە لەش Feather Weight ٦٠ کگم.
٣- سووکە لەش Light Weight ٦٧,٥ کگم.
٤- ناوە لەش Middle Weight ٧٥ کگم.
٥- سووکە قورس Light Heavy Weight ٨٢,٥ کگم.
٦- ناوە قورس Middce Heavy Weight ٩٠ کگم.
٧- هەرە قورس Heavy Weight لە ٩٠ بەرەوژوور.

٦- زۆران:

ئەمەش کەونترین وەرزشی مرۆڤە و لەگەڵیدا خولقاوە. لە سەرەتاوە نەکو هەر مرۆڤ بە تەنیا بەڵکو هەموو گیانلەبەرێك ئەم زۆرانەیان کردووە.. تاوەکو ئەمڕۆش خەڵکێکی زۆر لە ناو میللەتان دا و لە کوردستانیش دا حەزیان لە شەڕە کەڵەشێر و شەڕە بەران و شەڕەگا و شەڕە کەوە، شەرت گرەویشیان لەسەر دادەنێن. زۆران بازی بەپێی سەنگی لەشی یاریکەران بە هەشت بەش دانراوە.

١- سەنگی مێش Fly Weight ٥٢ کگم.
٢- سەنگی کەڵەشێر Bantam Weight ٥٧ کگم.
٣- پەڕەلەش Feather Weight ٦٣ کگم.
٤- سووکە لەش Light Weight ٧٠ کگم.
٥- نیوە لەش Welter Weight ٧٨ کگم.
٦- ناوە لەش Middle Weight ٨٧ کگم.
٧- سووکە قورس ٩٧ کگم Light Heavy Weight ٩٧ کگم.
٨- هەرە قورس Heavy Weight لە ٩٧ کگم بەسەرەوە.

Scanned with CamScanner

زۆران بازی دوو جۆری هەیە کە بۆ هەر یەکێکیان ڕێگا و یاسای تایبەتیان داناوە ئەوانیش زۆرانیی ئازاد و زۆرانیی فەرەنگی، جیاوازیشیان لەوە دایە کە لە زۆران بازیی فەرەنگی دا زۆرانباز مافی پێ گرتنی بەرامبەرەکەی نییە، واتە زۆرەملێ تەنیا لە کەمەرو بە بانە.

٧- تۆپی پێ" فوتباڵ"

یاریی تۆپی پێ بە جوانترین و ناسراوترین یاریی جیهانی ئەمڕۆ ناسراوە، گەورە پیاوانی دنیا بۆ تەماشاکردنی یاریی تۆپی پێی تیپی هەڵبژاردەی خۆیان، لەناو تێکڕای خەڵك دا ستادەکان دا دادەنیشن و بە دەنگی بەرز هانی تیپی دڵخوازی خۆیان دەدەن.

ئەگەر چی یارییەکی وەرزشی تێکڕای میللەتانە بەڵام لە ڕاستیدا وەکو جووڵانەوەیکی ئابووری لێ هاتووە، ئەوەتا زۆر لە یانەکانی ئەم وەرزشە لە ئەوروپا و ئەمریکای لاتین بە ملیۆنان دۆلار یاریکەر دەکڕن و دەفرۆشن، بۆ تەماشای یارییەکیش هەزاران کەس کۆ دەبنەوە. ساڵی ١٩٠٨ یاریی فوتباڵ خرایە ناو یارییەکانی ئۆلەمپیکەوە.

ئەمەش هەندێ بنکە و مەرجی ئەم یارییەیە:

١- زەویی یاری ٩٠ × ١٢٠ مەترە.

٢- تۆپی پێ تیرەی ٦٨ سم و سەنگی ٣٩٦ گرامە.

٣- تێکڕا یانزدە کەس یاری دەکەن لە هەر تیپێك دا، یەکێکیان گۆڵچییە و دەیەکانی تریش هەریەکە ناوێکی هەیە.

٤- دەبێت پێڵاوی تایبەتی و وا لە پێ بکەن کە ئاسنی تێدا نەبێت و گۆرەوی پووزەوانەی تایبەتی و دەرپێ و کراسێکی کورتی ڕەنگێکی تایبەتی لەبەر بکەن، ژمارەی یاریکەر بە پشتییەوە دیار و ئاشکرا بێت.

٥- ماوەی یاری نەوەت دەقیقەیە، کراوەتە دوو بەشی ٤٥ دەقیقەیی لەنێوان هەر بەشێك و بەشێك دا ٥ تا ١٠ دەقیقە وچان هەیە.

٦- هەر تیپێك هەوڵ دەدا تۆپەکە بخاتە ناو گۆڵی تیپەکەی ترەوە و نابێ دەست بەکاربرێت.

٧- چوارچێوەی گۆڵ ٢,٤٤ م بەرزی و ٧,٣٢ م درێژییەتی کە لەدوا هێڵی ئەم سەر و ئەو سەری هەردوو لای گۆڕەپانەکەوە دانراون.

ئەو زاراوانەی لە یاریی تۆپی پێدا بەکاردێن:

١- کیك ئەف: *Kick Off* یەکەم شەق لە تۆپ دان لە سەرەتای یارییەوە.

٢- فوڵ بەك: *Full Back* یاریکەری بەرگری (دفاع).

٣- فوڵ بارد *Full Bard* هێرش بەر (مهاجم).

٤- گۆڵ کیپەر *Goal Keeper* گوڵ چی (گۆڵ پارێز).

٥- فری کیك *Free Kick* لێدانی ئازاد (الضربة الحرة).

٦- کۆنەر کیك *Corner kick* تۆپ لێدان لە قورنەوە بۆ سەر گۆڵ.

٧- پەناڵتی *Panalty* تۆپ لێدان لە نزیك گۆڵەوە بە دووریی ١١ مەتر بۆ ناو گۆڵ کە تەنیا گۆڵچیی تێدا دەبێت.

٨- گۆڵ کیك *Gool kick* تۆپ لێدانی گۆڵچی.

٩- پاس *Pass* تۆپ دانی یاریکەران بە یەکتری.

١٠- شووت *Shot*.

Scanned with CamScanner

٨- یاریی مست (بۆکس)

بە پێی مەرجێکی تایبەتی لە وەرزشەکانی ئولەمپیک دا هەڵبژێردرێت، تا
پێش ئەوەی وەرزشی بۆکسێن
ئەندازەیەك وەرزشێکی درِ و خوێناوی بووە و زۆر لە وەرزشکاران بە هۆیە دەمرن. جاران زۆرانی و مست
بازی پێکەوە دەکران، بەتایبەتی لە گۆرەپانێکی تایبەتیدا چەند کوێلەیەکیان بەردەدا گیانی یەکتری و جار
جاریش تا مردن بوو. بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی ئەم وەرزشە قەدەغە کرا و رەوا نەبینرا، تا
ساڵی ١٧٠٠ کە دیسان وەرزشی مست بازی لە بریتانیا دا برەوی پەیداکردەوە و پەرەی سەند.
ئەم وەرزشە لە یارییەکانی ئۆلەمپیك دا بە پێی مەرجی تایبەتی بۆ تازەکاران وەرگیراوە، مست لێدەرە
وەرزش پیشەکان مافە بەشداربوونیان نکیە.

١- ئەم یارییە لە سێ سووڕدا ئەنجام دەدرێت، هەر سووڕێك ٣ دەقیقە درێژە دەکێشێت و لە نێوان هەر سووڕێك دا یەك دەقیقە وچان دەدرێت.
٢- ناك ئاوت *Knock out*
واتە مست لێدەر ئەگەر گێژکرا و خۆی بە چالاکی لەسەر پێ رابگرێت یان بکەوێتە زەوی تا ژمارەی دەی بۆ دەژمێرن و هەڵ نەستێتەوە.

هەڵەکانی یاری بۆکسین ئەمانەن:

١- مست لە کەمەر بەرەو خواردن.
٢- لێدان بە دەستی کراو.
٣- مست لە پشت مل دان.
٤- مست لە بن دەست یا سەر گورجیلە دان.
٥- لێدان لە یاریکەری کەوتوو قەدەغەیە.

هەر تیپێك لە دە مست لێ دەرنابێت زۆرتر بێت. دابەش کردنی یاریکەریش کراوەتە دە بەشەوە:

١- قورسایی یەکەم تا ٥١ کیلۆگرام.
٢- قورسایی دووەم تا ٥٤ کیلۆگرام.
٣- قورسایی سێیەم تا ٥٧ کیلۆگرام.
٤- قورسایی چوارەم تا ٦٠ کیلۆگرام.
٥- قورسایی پێنجەم تا ٦٣,٥ کیلۆگرام.
٦- قورسایی شەشەم تا ٦٧ کیلۆگرام.
٧- قورسایی حەوتەم تا ٧١ کیلۆگرام.
٨- قورسایی هەشتەم تا ٧٥ کیلۆگرام.
٩- قورسایی نۆیەم تا ٨١ کیلۆگرام.
١٠- قورسایی دەیەم تا ٨١ کیلۆگرام بەسەرەوە.

٩- یاریی تۆپی تۆڕ (ڤالیباڵ)

ئەم یارییە لە ساڵانی شەڕی یەکەمی جیهانیدا سەربازەکانی ئەمریکا لە ئاسیا و ئەورووپادا رەواجیان پێ دا و بڵاویان کردەوە، بە شێوەیێکی وا بڵاو بووەوە کە لە ئەمریکاییەکان باشتر پێش کەوتن.

١- زەویی یارییەکەی بە ئەندازەی ١٨ × ٩ مەترە.

Scanned with CamScanner

٢. تیرەی تۆپی ڤالیباڵ ٦٥ سم سەنگی ٢٥٠ گرامە.
٣. تۆڕی یاری ٩،٥ م دریژ و یەك مەتر پانە.
٤. تۆڕی یاریی پیاوان لە زەوییەوە تا سەری تۆڕەکە ٢،٤٣ مەترە و ئی ژنانیش ٢،٢٤ مەتر.
٥. هەر تیپێك لە شەش یاریکەر پێك هاتووە.

١٠- یاریی سەوەتە (بسكتباڵ)

ئەم یارییە لە بنەڕەت دا یارییەکی ئەمریکاییە. ئەگەر یەکێك لە مەرجەکانی ئەم یارییە نەزانێت چێژی لێ وەرناگرێت و هەمیشە مەرجەکانی ئەم یارییە لە گۆڕان دایە:

١. دوو تیپ یاری دەکەن هەر تیپەی پێنج کەسە.
٢. ئەندازەی زەویی ئەم یارییە ٢٦ × ١٤ مەترە.
٣. بازنەیەك بە تیرەی ٦٠ سم لە ناوەڕاستی زەوییەکەدا دەکێشرێت کە بازنەکەی دی کەی لە دەوردایە بە تیرەی ١،٨ مەتر.

٤. ئەو تەختەیەی کەمەی سەوەتەکەی پێوەیە بە ئەندازەی ١،٨٠ × ١،٢٠ مەتر.
٥. لە زەوییەوە تا بەشی خوارەوەی تەختەکە بەرزییەکەی ٢،٧٥ مەترە.
٦. تیرەی تۆپی سەوەتە ٧٥ سم و قورسایی ٦٠٠ گرامە.
٧. یاری دوو گێمە، هەر گێمێك ٢٠ دەقیقەیە.

١١- جۆدۆ

ئەم وەرزشە لە راستیدا هونەری خۆپاراستنە لە دوژمن لە هێرشی لەناکاوی دوژمن. چاوگەی جۆدۆ لە وڵاتی ژاپۆنەوە هەڵ قوڵاوە. بەتایبەتی دوای تەواوبوونی شەڕی دووەمی جیهان ئەم وەرزشە لە ئەمریکا و ئەوروپادا گەلێك برەوی پەیدا کرد.. ئێستا لە چوار قورسایی دا لە یارییەکانی ئۆلەمپیك دا دەکرێت.

یارییەکانی ئۆلەمپیك

تا ئێستا هیچ کەس بە تەواوی نازانێت یارییەکانی ئۆلەمپیك کەی و چۆن پێك هاتوون. تەنیا لە رووی هەندێك لە نووسراوە گڵینە و نەخشە بەرجەستەکانەوە نەبێت کە لە سەردەمی یۆنانییەکانەوە بەجێ ماوە جووڵانەوەی وەرزشی هەروەها پاڵەوان بازییان تێدا ئاشکرایە. بەڵام ئەمە گومانی تێدا نییە کە یۆنانییە کۆنەکان بۆ سەرنج راکێشانی خوا

Scanned with CamScanner

میتۆلۆژییەکانیان هەموو کارێکیان ئەنجام دەدا و لەوە دەچێت وەرزشەکانی ئۆلەمپیکیش تا رادەیەکی جگە لە وەرزش، رەوشتێکی ئاینی بووبێت. لە هەمان کاتیش دا لە باوەڕێك دا بوون کە لەش و ئەندامی بێ هێز لاواز سەرنجی خواکان راناکێشێت و توانای بەربەرەکانێی دوژمنانی خۆیان و ولاتەکەیان نکیە جا پەروەردەکردنی لەشێکی بەهێز و توانا پێویستییەکی نیشتمانی و ئاینی بووە.

سەیر لەوە دایە لە رۆژانی یاری کردنی ئۆلەمپیك دا شەڕ و شۆڕ رادەگیرا و ناکۆکی رادەوەستا تا دوای تەواوبوونی یارییەکان.

ژیاندنەوەی یارییەکانی ئۆلەمپیك لە ساڵی ۱۸۹٦ ز دەستی پێ کردەوە و کەم کەم پەرەی سەند تا بوو بە جووڵانەوەیێکی وەرزشی جیهان گیری تێکڕای میللەتان.

ئەمەش ریزی یارییەکانی ئۆلەمپیکی کە لە ساڵی (۱۸۹٦)ەوە تا ساڵی ۱۹٦۸ کراون:

ساڵ	شار	بەشداریی چەند میللەت	ژمارەی وەرزشکار
۱۸۹٦	ئەثینا	۱۳ میللەت	۲۸۵
۱۹۰۰	پاریس	۲۰	۱۰٦٦
۱۹۰٤	سان لوئی	۱۰	۵۳۲
۱۹۰۸	لەندەن	۲۱	۲۰۷۹
۱۹۱۲	ستۆکهۆڵم	۲۷	۲۵۳۹
۱۹۲۰	ئانورس	۲۹	۲٦۹۱
۱۹۲٤	پاریس	٤٤	۳۰۹۲
۱۹۲۸	ئەمستردام	٤٦	۳۰۱۵
۱۹۳۲	لۆس ئەنجلس	۳۸	۱٤۰۸
۱۹۳٦	بەرلین	٤۹	٤۰۵۹
۱۹٤۸	لەندەن	۵۹	٤٤٦۸
۱۹۵۲	هەلسنکی	۹٦	۵۸٦۷
۱۹۵٦	ملبۆرن	٦۷	۳۵۵۹
۱۹٦۰	رۆما	۸٤	۵۳۹٦
۱۹٦٤	تۆکیۆ	۹٤	۵۷۱۱

Scanned with CamScanner

ڕەنگاوڕەنگ

Scanned with CamScanner

ئافرەتانی بەناوبانگی مێژوو

١- ئادامس "جین" *Adams* (١٨٦٥ – ١٩٣٥ ز)

ئافرەتێکی ناسراوی مرۆڤ دۆستی ئەمریکاییە، لە ساڵی ١٩٣١ دا خەڵاتی ئاشتیی (نۆبل)ی پێ دراوە بە بۆنەی رەفتار و کرداری پڕ لە مرۆڤایەتی دەربارەی مرۆڤە لی قەوماوەکان.

٢- ئاسترید (١٩٠٥ – ١٩٣٥ز)

کچە شازادەیێکی ولاتی سوێدە، شووی بە پاشای بەلجیکا کرد، لەبەر رەفتاری ناسک و پەسندی خۆی لەگەڵ چینەکانی میللەت دا گەلێك لەلای میللەتی بەلجیکا خۆشەویست بووە. لە رووداوێك دا مردووە.

٣- ئارتمیزی دووەم (٣٥٣ی پێش زایین)

شاژن هالیکارناس مەزارێکی بۆ موزۆلوسی مێردی دروست کرد کە یەکێکە لە حەوت شتە دەگمەنەکانی جیهان.

٤- ئاگویپین (لە ساڵی ٣٣ی پ. ز دا مردووە)

شازادەیەکی رۆمی بووە و کچەزای ئەگوست، شووی بە (جەرمانیکۆس) کردووە نۆ منداڵی لێی بووە کە دوانیان زۆر ناسراون:

١- کالیگۆلا

٢- ئاگریپین

بەفەرمانی تیبریۆس دووخراوەتەوە بۆ دورگەی پاندا.

٥- ئامینە

کچی عەبدولطەلیب و پووری پێغەمبەری خوا محمد (ص).

٦- ئامینە

کچی ئەبو سوفیان بووە ژنی پێغەمبەری خوا محمد (ص).

٧- ئامینە

کچی وەهەب، ژنی عەبدوڵلای کوڕی عەبدولطەلیب و دایکی محمد پێغەمبەری خوا (ص) بوو، کاتێك پێغەمبەر نۆ ساڵان بووە ئامینە لە دنیا دەرچووە.

٨- ئامیتیس

شازادەیەکی ماد و کچەزای کەیەکسار پاشای مادەکان بووە، شووی بە (بەختولنەصری) پاشای بابل کردووە.

Scanned with CamScanner

٩- ئاپیکاریس Epictete

ژنێك بووە لە سەردەمی نیرۆن دا، دژی نیرۆن تێکۆشاوە، ویستوویەتی نیرۆن بکوژێت پێی زانراوە و گیراوە، بەلام ناوی هاودەستەکانی نەوتووە و خۆی کوشتووە.

١٠- ئاپینەی Epinay (١٧٢٦ – ١٧٨٣ ز)

ژنێکی ناوداری گەلی فەرانسەیە و یاریدەری راستەقینەی ژان ژاك رۆسۆ بووە.

١١- ئادکسی Eudoxie

لە ساڵی ٤٠٤ی زایین دا مردووە، شاژنی رۆمی رۆژهەلات و تینووی هێز و دەسەلات بووە.

١٢- ئادکسی Eudoxie (١٦٦٩ – ١٧٣١ ز)

شاژنی وڵاتی روسیا و ژنی پەتروسی گەورە بووە.

١٣- ئادیث

ناوی ژنەکەی لووط پێغەمبەرە گوایە بووە بە پەیکەرێك لە خۆی.

١٤- ئارهارد (ئەمیلیا) Earhart

یەکەمین ئافرەتێکە کە لە فرۆکەیەك دا لەگەڵ پیاوان دا ئۆقیانووسی ئەتلەسیان بڕی.

١٥- ئەسماء (ذات النطاقین)

لە ساڵی ٧٣ ی کۆچی دا مردووە، کچی ئەبو بەکر (رض) و ژنی زبێری کوڕی عەووام و دایکی عەبدوڵلای کوڕی زبێرە ژنێکی گەلێك ناودار و پەسەندی مێژووی ئیسلام بووە.

١٦- ئەسماء

کچی نوعمان کوڕی ئەبی جون ئەلکیندییە، ئافرەتێکی ناسراوی میللەتی عەرەب و شازادەی کیندە بووە.

١٧- ئەسماء

کچی یەزیدی کوڕی سەکەن ئەلسەهلی و یەکێکە بە نزیکەکانی پێغەمبەری خوا (ص).

١٨- ئەسماء ئەلعامرییە

لە بنەماڵەی (بەنی عامر) و شاعیرێکی بە توانا و ناوداری سەردەمی ئەندەلووس بووە.

١٩- ئیمامە

ئافرەتێکی ئاعیری سەردەمی پێغەمبەری خودا (ص) بووە.

٢٠- ئوم ئەلبەنین

کچی عەبدولعەزیزی کوڕی مەروان و خوشکی عومەری کوڕی عەبدولعەزیز و ژنی وەلیدی کوڕی عەبدولەلیك کوڕی مەروان بوو.. ژنێکی ناوداری سەردەمی ئەمەوییەکانە.

Scanned with CamScanner

٢١- **پارتون (كلارا) ١٨٢١ – ١٩١٢ ز**

دانەری ڕێکخراوی (سەلیبی سوور)ە لە ئەمریکادا.. لە شەڕەکانی ناوخۆدا توانی ناوی زۆر لە کوژراوەکان بدۆزێتەوە و لەسەر گۆڕەکانیان ناویان بنوسێت.. لە دواییدا بوو بە سەرۆکی ڕێکخراوی سەلیبی سووری ئەمریکا.

٢٢- **جەمالونیسا**

لە ساڵی ٦٤٠ی کۆچیدا لە بەغدا مردووە, (جمال النساء) ئافرەتێکی قسەڕەوانی زانا و بەناوبانگی سەدەی حەوتەمی کۆچییە.

٢٣- **حەبی**

ئافرەتێکی شاعیری دەربارەی سوڵتانی عوسمانی بووە, زۆر بە دەسەڵات و هاودەمی سوڵتان سەلیمی دووەم بووە.

٢٤- **حە پسە خانی نەقیب**

کچی شێخ مارف نەقیبە ساڵی ١٩٠٥ لە سلێمانی لە دایك بووە ژنی شێخ قادری برای شێخ مەحموودی نەمر بوو. خانمێکی بە دەسەڵات و زیرەك و چاکە خواز بووە, هەمیشە یارمەتیی هەژاران و داماوانی داوە. لە ساڵی ١٩٥٣ دا کۆچی دوایی کردووە و لە سەیوان نێژراوە.

٢٥- **خەنسا**

شاعیرێکی ژنی سەردەمی ئیسلام و پێش ئیسلامە لە نیوە دورگەی عەرەب دا بە شیعری شیوەن بەناوبانگە.

٢٦- **خانزاد**

میر ژنێکی کوردی میرنشینی سۆران بووە لە حەریر, پاش سلێمان بەگی برای کاروباری میرنشینەکەی گرتوەتە دەست و ئافرەتێکی کارامە و ئازا بووە.

٢٧- **ژاتولخال**

ئافرەتێکی شۆخ و شەنگی دەربای هاروونە رەشید و ناوی "خەنەث" بووە لەبەر ئەوەی خاڵێکی جوان بەسەر لێویەوە بوو وا ناونراوە.

٢٨- **راحێل**

ژنی حەزرەتی یەعقووب و دایکی حەزرەتی یووسف پێغەمبەر بووە.

٢٩- **زیبولنساء (بەگم) ١٠٨٤ – ١١١٣ ك**

کچی پاشایەکی هیندستان و خۆش نووس و شاعیر و نووسەرێکی ناوداربووە و تا مردن شووی نەکردووە, گۆڕەکەی لە شاری دەلهی دایە.

Scanned with CamScanner

٣٠- زەینەب

کچی حەزرەتی عەلییە، لە ڕووداوی خوێنێتی کەربەلادا لەگەڵ حسێنی برای دا بوو. ئافرەتێکی قسەزان بووە.

٣١- زولێخا

ژنی عەزیزی میصری و دڵداری حەزرەتی یووسف بووە.

٣٢- زەنوبیا

شاژنی شاری تەدمور بووە پێش ئیسلام و دژ بە ڕۆمانی داگیرکەر بووە.

٣٣- جۆزفین ١٧٦٣ – ١٨١٤ ز

شووی بە نابلیۆن کرد و لەساڵی ١٨٠٤ز دا بووە بە ئیمپراتۆری وڵاتی فرانسە.

٣٤- سوکەینە

لە ساڵی ١١٧ ك دا مردووە، ژنێکی زۆر جوان و ڕەزا شیرین و کچی حەزرەتی حسێن بووە، ماڵەکەی یانەی شاعیرانی سەردەمی خۆی بووە وەکو فەرەزدەق و حەریر. شووی بە میصعەبی کوڕی زبێر کرد، دوای کوشتنی میصعەب شووی بە عەبدوڵلای کوڕی حەزرەتی عوثمان کرد، دوای مردنی عەبدوڵلاش شووی بە زەیدی کوڕی حەزرەتی عومەر کرد بەڵام لەسەر داوای سلێمانی کوڕی عەبدولەلیك زەید تەڵاقی دا.

٣٥- سەمیرامیس

شاژنی ئاشوور گوایە (حدائق المعلقة) بۆ ئەم شاژنە دروست کراوە.

٣٦- عاتیکە

کچی عەبدولطەلیب ویەکێك بووە لە ژنە شاعیرەکانی هۆزی قورەیش.

٣٧- عادیلە خانم

ژنی وەسمان پاشای جاف بووە و دایکی شاعیرانی وەك خوا لێ خۆش بوو طاهیر بەگ و ئەحمەد موختار جافە.

٣٨- فاطیمە

کچە پێغەمبەری خوا (ص) و ژنی حەزرەتی عەلی و دایکی حەسەن و حسێنە، شەش مانگ دوای کۆچی پێغەمبەری خوا مردووە.

٣٩- قەدەم خێر

ئافرەتێکی شۆڕشگێری کورد بووە لە هۆزی زەند، دژ بە دەسەڵاتی قاجارەکان بەشەڕ هاتووە هەتا وەکو نامەشی بۆ شێخ مەحموودی نەمر نووسیوە لە ئاکام دا تووشی سیل هاتووە و مردووە.

Scanned with CamScanner

٤٠- کاترینی دووەم (١٧٢٩ – ١٧٩٦ ز) شاژنێکی هوشیار و زیرەك و بە دەسەڵات و ناودار بوو بە کاترینی گەورە. مێردەکەی لەسەر تەخت لابرد و خۆی بوو بە شا و لە سەردەمی ئەودا رووسیا دەسەڵاتێکی زۆری پەیدا کرد و ئەم شاژنە زۆریشی حەز لە رابواردن کردووە و لەم رووەوە بە پێی هەوەسی دڵی خۆی جووڵاوەتەوە.

٤١- مەستوورە ماە شەرەف خانمی کچی ئەبولحەسەن بەگ و لە شازادەکانی ئەردەلانە. ساڵی ١٢٢٤ ك بۆتە ژنی خوسرەو خانی والی سنە. ژنێکی شاعیر و نووسەر بووە بە کوردی و بە فارسی.

شاژنە ناودارەکانی مێژوو

ناو	سەدە	وڵات
مەلیکە ئان	١٧ ز	بریتانیا
ئەلیزابێتی یەکەم	١٦	بریتانیا
ئەلیزابێتی دووەم	٢٠	بریتانیا
ئۆژنی	١٩	فرانسە
ئیزابیلا	١٦	ئیسپانیا
بودیکا	١	بریتانیا
تیودۆرا	٦	رۆمانی کۆن
جین گری	١٦	بریتانیا
زەنوبیا	٣	تەدمور
جولیانا	٢٠	هۆڵەندە
سەمیرامیس	٢٠ پ. ز	بابل
کاترینی گەورە	١٨	روسیا
کلیۆپاترا	١ پ. ز	میصر
ماری ئەنتوانێت	١٨	فرانسا
ماری ستوارت	١٦	بریتانیا
ماری لویز	١٨	نەمسا
مسالینا	١ پ. ز	رۆمانی کۆن
نفرتیتی	١٣ پ. ز	میصر
نورجیهان	١٥	هیندستان
ڤکتۆریا	١٩	بریتانیا
ویلهل مینا	٢٠	هۆڵەندە

Scanned with CamScanner

دڵدارە ناودارەکانی مێژوو

١- ئەدواردی هەشتەم: مادام سیمپسون
٢- ئەلوار: هلوئیز
٣- ئەمیر ئەرسەلان: فەرۆخ لیقا
٤- بێژەن: مەنیجە
٥- پۆل:رویر ژینی
٦- تریستان: ئایزوت
٧- جەمیل: بثەینە
٨- داود: بتسامە
٩- رابیعە :بەکتاش
١٠- رۆمیۆ: جولێت
١١- سامسۆن: دەلیلە
١٢- سلێمان: بەلقیس
١٣- شرین: فەرهاد
١٤- طاهیر: طاهیرە
١٥- قەیس: لوبنا
١٦- کلاراویك: رۆبەرت شۆمان
١٧- کیلۆپاترە: ئەنتۆنیۆ
١٨- لێدی هاملتۆن: لۆرد نیلسۆن
١٩- لەیلا: مەجنوون (قەیس)
٢٠- مارگریت: تاوزەند
٢١- مۆسۆلینی: کلارا پیتاچی
٢٢- ناپلیۆن: جۆزفین
٢٣- نەفرتیتی: ئەخناتوون
٢٤- وامیق: عەذرا
٢٥- وەلی دێوانە: شەم
٢٦- وەیس: رامین
٢٧- هەنری هەشتەم: ئان پۆلین
٢٨- هیلین: پاریس
٢٩- مەم: زین
٣٠- هیتلەر: ئیڤا براون
٣١- یووسف: زولێخا

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

میوه و سەوزە

ناوی لیمۆ:
بۆ ئەم نەخۆشییانە باشە:
کەم خوێنی، سۆزەنەك، نەخۆشیی شەکر، نەخۆشییەکانی جەرگ







ئیسپێناخ:
بۆ دەرد و ئازاری جومگەکان چاکە، یارمەتییەکە بۆ ئەوانی تووشی سیل هاتوون. بۆ ئەم نەخۆشییانە بە کەڵکە:
ڕاچڵەکین، بۆنی دەم، نەخۆشیی دڵ.

ئەناناس:
مێوەیێکە دژی شەهر باشە

هەنجیری تازە:
بۆ نەخۆشیی سی و تووڕەیی

ترێ:
بۆ کەم خوێنی چاکە، خوێن نەرم دەکاتەوە و بۆ باداریش چاکە.

پاقلە:
دەرد ئارام دەکاتە , بۆ نەخۆشیی ڕەوانی چاکە.

پرتەقاڵ:
میوەیەکە سك کار پێ دەکات. بۆ قەڵەو نەبوون باشە دەمار (ئەعصاب) ئارام دەکاتەوە.

پستە (فستەق):
بستەی نەگەیشتوو بۆ ڕەوانی باشە و گەیشتووش بۆ بەهێزی.

پیاز:
دژی میکرۆبە و بۆ هەزم کردنی خواردن باشە.

دانەی گوڵە بەڕۆژە:
بۆ کۆکە، گەڕی و دەمار باشە.

توور:
بۆ گیری (قەبزی) باشە.

تەرە تیزە:
بۆ نەخۆشییەکانی پێست و شەکر باشە.

توو:
بۆ نەخۆشیی سینگ باشە.

خورما:
توانا بەخشە ڤیتامینی A, B, C ی تێدایە.

Scanned with CamScanner

خەیار:

بۆ نەخۆشییەکانی جەرگ باشە و ناوەکەشی پێست نەرم دەکەتاوە.

دارچینی:

دەمار بەهێز دەکات و بۆ نەخۆشیی شەکر و ئەسیدی خوێن باشە.

زەردەلوو:

دژی کەم خوێنی و قەڵەوییە.

زەیتوون:

دژی نەخۆشییەکانی جەرگ و شەکرە.

سماق:

ژەهری ناو خوێن لەناو دەبات.

سێو:

دڵ بەهێز دەکا، مێشك هۆشیار دەکات، بۆ گەدە باشە.

پەتاتە:

بۆ دڵ و مێشك باشە.

سیر:

میکرۆب کوژە، بۆ ئەم نەخۆشییانە چاکە:

ڕەوانی، برنشیت، پەستانی خوێن، تاعوون، گریپا، ڕۆماتیسم، ئەقرەس، نەخۆشییەکانی پێست، نەخۆشیی دڵ.

بەڕوو:

دژی سەفرایە.

شێلم:

بۆ چاو باشە دژی میکرۆبە.

نیسك:

دژی کەم خوێنییە.

کاهوو (خاس):

بۆ گەدە باشە

کەلەرم:

بۆ چاو، بۆ خەوتن باشە و دژی کەم خوێنی و سیلە.

گوێز:

بۆ منداڵدانی ئافرەت زۆر چاکە، هەروەها بۆ خوراندنی لەش.

تەماتە:

دژی ترشەلۆکیی گەدەیە، بۆ باداری چاکە.

لۆبیا:

میز و شیر زۆر دەکات.

نارنج:

بۆ دەمار باشە.

شووتی:

فێنك کەرەوەیە، دژی سەفرایە.

گێزەر:

پێست نەرم دەکاتەوە، بۆ نەخۆشیی گورچیلە و دڵ و چاو باشە.

Scanned with CamScanner

جۆراوجۆر

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

زانیاری لە ملاولا

١. دەزانیت سێ فەمانڕەوای ئیسلام بە (فاتح) ناودارن چونکە هەر یەکێکیان توانیویێتی وڵاتێکی گرنگ بخاتە ژێر دەسەڵاتی ئیسلامەوە:

أ - قوتەیبەی کوڕی موسلیم - فاتحی چین.

ب - محەممەدی فاتح - سوڵتانی عوثماني کە قوستەنتەنییەی گرت.

ج - موسا کوڕی نوصەیر - ڕۆژاوای عەرەبی، واتە سەرووی ئەفریقیای داگیرکرد.

قوتەیبەی کوڕی موسلیم

٢. ئەبووبەکری صدیق (رض) فەرموویەتی:

بەدوای مەرگ دا بڕۆ بێ گومان ژیانت پێ دەدات.

٣. دەزانیت حەزرەتی عیسا سڵاوی خوای لێ بێت بە زمانی ئارامی قسەی کردووە؟

موسا کوڕی نوصەیر

٤. لە زۆر نووسراوان دا یا لە قسەی خەڵکی دا باسی جێگایەك کراوە بە ناوی واق واق، بەڵام تاکو ئێستا بەباشی نەزانراوە کەوتوەتە چ گۆشەیەکی جیهانەوە، ئەگەر چی وازانراوە کە کەوتووەتە دورگەی مەدەگاشکەرەوە هەروەها چین یان ژاپۆنە.

٥. بۆچی شاری دیمەشق ئەو ناوەی هەیە؟

(دمشقوا) بە عەرەبی واتی زووکەن، خێرا بن. دەڵێن گوایە شاری دیمەشق لەلایەن جیروزی کوڕی سەعد کوڕی عاد کوڕی سام حەزرەتی نووحەوە دروست کراوە.

کاتا ماندوو

٦. ناوی شاری قاهیرە فوسطاط بووە. فوسطاط بووە. فوسطاط واتا چی؟ فوسطاط وشەیەکی عەرەبیی مانا دەوار و ڕەشماڵ، بۆیە واناونراوە چونکە عەمری کوڕی عاص بە لەشکری ئیسلامەوە لە شوێنی ئێستای قاهیرەدا ڕەشماڵی هەڵ داوە.

٧- کاتاماندوو مانای چییە؟

کاتاماندوو: چیکانای "کاتا" کە لە بنەڕەتدا ناوی خوایەکی ئەفسانەیی هیندستانە کە گوایە بەرزاییەکانی چیاکانی هیمالایەدا دەژێت.

٨-عیراق مانای چییە؟

أ - عیراق واتە کەنار ئاو، چونکە خاکی عیراق دیجلە و فراتی تێدایە.

ب - خەڵکی حیجاز هەر وڵاتێك لە ئاو و دەریاوە نزیك بێت پێیان گوتووە عیراق.

ج - وتراوە عیراق لەبەر زۆریی دار و درەختی خورما و کشتوکاڵ.

٩. دەزانیت پێش ئاینی ئیسلامی پیرۆز وڵاتی ئێران پەیڕەوی ئاینی زەردەشت بوون.

Scanned with CamScanner

١٠. دەزانیت لە ئاڵای وڵاتانی:
پاکستان، توونس، مالیزیا، تورکیا، جەزائیر هەموویان مانگ و ئەستێرەیەکی پێنج گۆشەیی تێدایە.

١١. ناوی وڵاتی ژاپۆن *Japan* لە وشەیەکی چینییەوە وەرگیراوە *Jim Pen kuo* واتە ئەو وڵاتەی کە رۆژ لییەوە هەڵدێت.. بەڵام گەلی ژاپۆنی ناوی وڵاتەکەی خۆیان بە نیپتۆن *Nipton* دەهێنن هەروەکو گەلی عەرەب دەڵێن (میصر) بەڵام لای زۆر میللەتان بە *Egypt* ناسراوە.

١٢. بەرزترین گرکان (بورکان) کەوتوەتە ئەمریکای خوارووەوە لە وڵاتی ئەکوادۆر دا کە ٥٩٠٠ مەتر بەرزە، گرکانی (مونالو) ٤٥٠٠ مەتر بەرزە، هەروەها گرکانی فیزۆف ١١٨٦ مەتر بەرزە.

١٣. کۆنفوشیۆسی فەیلەسووفی بەناوبانگی چین وتویەتی:
"هەڵ گیرساندنی مومێك زۆر لە نارەزایی چاکترە بەرامبەر بە تاریکی".

١٤ـ بە وڵاتی ئەرجەنتین وتراوە وڵاتی زیوین چونکە کە ئیسپانەکان داگیریان کرد، خەڵکی ئەو وڵاتە کەلوپەلی زیوینیان لەبەردابوو.

١٥. دەزانیت هێزی راکێشەی هەتاو بیست و هەشت جار لە هێزی راکێشێنەری زەوی زۆرترە.

١٦. وەکو زانراوە فرمێسکی چاو سوێرە بەڵام ئایا دەزانیت کە فرمێسکی گریان لە فرمێسکی خۆشی و پێکەنین سوێرترە؟

١٧. گۆمی تیتی کاکا کەوتوەتە بەینی وڵاتی پیرۆ و بۆلیڤیادا بەرزترین گۆمە لە رێکی دەریاوە لە جیهان دا.

١٨. لە کۆن دا بە وڵاتی هۆڵەندیان ئەوت "باتافیا" چونکە هۆزێکی تێدا دەژیا بە باتافیا ناسرابوون. دوای ئەوەی هۆڵەندییەکان ئەندەنۆسیایان داگیر کرد شارێکیان تێدا دروست کرد بەناوی باتافیا بەڵام دوای سەربەخۆیی میللەتی ئەندەنۆسیا گۆڕا و کرا بە جاکارتا.



١٩ـ دەزانیت یەکەمین چاڵە ئەوت لە ساڵی ١٨٥٩دا لە پنسلڤانیا هەڵ کەنرداوە لەلایەن کۆلۆنیل (دیریك)ەوە؟

٢٠. یەکەمین فیلمی عەرەبی "لەیلا" بووە.

٢١ـ خێرایی تیشك ١٨٦ هەزار میلە لەیەك چرکەدا، خۆر ٩٢ ملیۆن میل لە زەوییەوە دوور، کەواتە تیشکی خۆر بەماوەی هەشت دەقیقە دەگاتە زەوی.

٢٢. وشەی (ئەسترلینی) لەچییەوە هاتووە؟
ئەو ناوە لە ناوی کۆمپانیایەکی ئەڵمانییەوە وەرگیراوە بەناوی ئەسترلینج *Easterling* ئەم کۆمپانیایە کاروباری ئابووری و پووڵ و پارەی ئەنجام دا لقێکیان لە وڵاتی بریتانیادا هەبووە. لەبەر ئەوەش زۆربەی کار

Scanned with CamScanner

و کاسبی ئەم کۆمپانییە بەپێی پارەی زێر بووە, بازرگانەکان هەمیشە تێ کۆشاون سەروکاریان لەگەڵی دا ببێ جا ئەم وشەیە لەناو گەلی ئینگلیزدا بڵاوبووەوە بەسەر پارەکەشیان دا دابڕا.

٢٣. لە ئاینی یەهوودی دا شەموان دەست لەکار هەڵ دەگرن مەسیحی رۆژی یەك شەممە و موسڵمان رۆژی هەینی وا جومعە. ئایا دەزانیت بۆچی ئیسلام رۆژی جومعەی هەڵبژاردووە؟
چونکە لە رۆژی هەینی دا حەزرەتی ئادەم دروست کراوە لە رۆژی هەینیدا خراوەتەوە بەهەشتەوە و لەرۆژی هەینیدا مردووە.

٢٤. دەزانیت کە لە شەڕی مونتەی نێوان موسڵمان و کافران دا لە سەردەمی پێغەمبەردا سەرکردەی موسڵمانان زەیدی کوڕی حاریثە کوژراوە, خالیدی کوڕی وەلید, لە گەرمەی شەڕدا جێی گۆتووەتەوە و بەسەر کافران دا سەرکەوتوون, بۆیە پێغەمبەری خوا لەو ڕۆژەدا ناوی نا شمشێری هەڵکێشراوی خوا".



ئەلیازە

٢٥ـ دەزانیت ئەلیازە و ئۆدیسە جوانترین چاوگەی ئەفسانەیی و مێژوویی یۆنانە و لەلایەن هۆمیرۆسەوە بە هۆنراوە گوتراوە.

٢٦. سەلیبی سوور و نوێ مانگی سوور رێکخراوێکی جیهانیی مرۆڤایەتییە لە پێناوی مرۆڤ و رووداوە ناڵەبارەکان دا کە بەسەر مرۆڤ دا دێت کاردەکات. خاوەنی پێنشاری دروست کردنی ئەم رێکخراوەیە کابرایێکی خەڵکی سویسرا بوو بە ناوی هەنری دوونان کە مووچەخۆرێکی بچووکی یەکێك لە بنکەکانی سویسرا. بووە کاتێك لە سەری (سۆلفیرینو)دا ئەو هەموو برینداره بێ چاودێری دەبینێت دەکەوێتە بیروڕای دروست کردنی رێکخراوی سەلیبی سوورەوە.

کەشتی ڤکتۆریا

٢٧ـ کەشتیی (ڤیکتۆریا) یەکێکە لەو چوار کەشتییەی کە ماجەلان ویستی دەوری دنیایان پێ بداتەوە, سێ دانە لەو کەشتیانە نوقوم بوون و ماجەلانیش کوژرا بەلام ڤیکتۆریا توانی بگاتەوە وڵاتی پرتەغال.

٢٨. بۆچی دوگمە بەسەر قۆڵی چاکەتەوە دادەنرێت؟
رووسیا ئەوسا لە چاو ئەوروپا دا تا ئەندازەیەك دوا کەوتوو بوو, یەکێك لە قەیسەرەکانی رووسیا ویستی سپایەکی مۆدێرن و پاك و پوختە پێکەوە بنێ لەبەر ئەوەی زستانان سەربازەکان لووتیان بە مەچەکیان دەسڕی, بەسەر هەر قۆڵێکەوە سێ دوگمەی مسی پێوەدووری, جا ئیتر لەوەوە داکەوت.

Scanned with CamScanner

٢٩. ئەبراهام لینکۆلن و تویەتی:
"دەتوانیت هەموو کەس بۆ تاوێك هەڵ خەڵەتێنی، یان هەندێك خەڵك بۆ هەمیشە. بەڵام هەرگیز ناتوانی هەموو خەڵك بۆ هەمیشە هەڵ خەڵتێنی".

٣٠. هەمالایا بە زمانی سان سکریتی واتە جێگەی بەفر یا خانووی بەفر.

٣١. ئەوە بزانە کە بەرناردشۆ هیچ کۆلیج و زانکۆیەکی تەواو نەکردووە، تەنانەت قوتابخانەی سەرەتاییش !

٣٢. پێغەمبەری خوا دەفەرموێت :
حەزم دەکرد لە پێناوی خوادا بکوژرێم و زیندوو بکرێمەوە دیسان بکوژرێم و زیندوو بکرێمەوە دیسان بکوژرێم و دیاسن زیندوو بکرێمەوە دیسان بکوژرێم.

٣٣. دەزانی بۆ لەبەرەبەیان دا میوە لێ دەکەنەوە بۆ فرۆشتن چونکە بە رۆژ ئاوی ناو میوە تا ئەندازەیەك دەبێ بە هەڵم بەڵام بەشەوان ئەم بەهەڵم بوونە ڕادەوەستێت بۆیە لەبەرەبەیان دا دەی ڕنن تا ئاودار بێت.

سەنحاریب

٣٤. ئەگەر تۆ لە زەوی دا و کەسێکی ی کە لە مەریخ دا پێکەوە لە رۆژێك دا لەدایك بووبن دوای سێ ساڵ ئەو تەمەنی دەبێ بە ١٥ ساڵ و تۆش سێ ساڵ جونکە ساڵ لە مەریخ دا ٧٣٠ رۆژە.

٣٥. سەنحاریب کوڕی سەرجۆن بەهێزترین پاشای ئاشوورییەکان بووە شاری بابلی بیسەر یەك دا هەرووژان دو کۆشك وتەلاری زۆری لە نەینەوا دا دروست کردووە.

٣٦ـ وەکو ئاشکرایە ئەبو بەکری صدیق یەکەمین خەلیفەی موسڵمانە. بەڵام ئایا دەزانیت کە سوڵتان عەبدولمەجیدی کوڕی عەبدولعەزیز دوا سوڵتانی عوثمانی کە لەلایەن ئەتاتورکەوە دەرکراوە دوا خەلیفەی ئیسلام بووە؟

٣٧. ئەندازەگیریی نێوان زەوی و ئەستێرەکان بە تیشکەساڵ دیاری دەکرێت، جا نزیك ترین ئەستێرە کە گرداره و بلێسەی هەیە لە زەوییەوە (هەتاو)ە.. وەکو ئەستێرە کە کەرۆکەکانی وەکو عەتارید و زوحەل سارد نییە.

٣٨. فیرعونەکانی میصر لەبەر گۆڕەکانیان دا کێلی چوار سووچە یان چەند سووچەیان بە درێژیی (٢-٤٠) مەتر لە بەردی گرانیی سوور دروست دەکرد، ئەو کێلانەیان بە نەخش و نیگاری هەڵ کۆڵراو و باسی قارەمانێتیی ئەو مردووە دەڕازاندەوە. ئێستا لەو کێلانە لە شاری قاهیرە، لەندەن، نیویۆرك و پاریس دا دەبینرێن.

Scanned with CamScanner

٣٩. رووباری ئەمازۆن پانترین رووباری دنیایە کاتێك دەرژێتە ناو دەریاوە پانییەکەی ٣٥٠٠٠ مەتر بەلام تێکرا پانی ئەم رووبارە لە چاوگەوە لە ٥٠٠٠ مەتر کەمتر نییە.

٤٠. دەزانیت جگە لە شاری قاهیرە پایتەختی میصر زۆر شاری دیکە لە دنیادا هەیە ناویان قاهیرە بێت . لەمانە ١٣ شار لە ئەمریکا و ٢ لە کەنەدا و (٢) لە ئیتالیا و شارێکیش لە فەرانسەدا.

٤١. بۆچی بە ئەمازۆن وتراوە ئەمازۆن ؟

لە ئەفسانەکانی یۆنان دا هاتووە کە ولاتێك هەبووە هەر ژن کاربەدەست و فەرمانڕەوا بوون و پیاویان نەبووە, ئافرەتانی ئەو ولاتەش گەلێك شەڕکەر و ئازا و چاو نەترس بوون و شەڕی زۆریشیان لەگەڵ یۆنانییەکان دا کردووە و ئەمانە بە ژنانی ئامەزۆن بەناوبانگ بوون. کاتێکیش کە ئیسپانەکان بەرەو دۆڵی رووباری ئامەزۆن رۆیشتوون لە ئەمریکای لاتین دا خەڵکی ئەو دۆڵە شەڕیان لەگەڵ دا کردوون و لەناو شەڕکەران دا ژنی زۆری تێدا بووە.. بۆیە ناویان ناون (ئامازۆن)ەکان.

٤٢. لە عیراق دا قسەیەك هەیە دەڵێ گدوای کاول بوونی بەصرە؟" ئەمە لە کەیەوە وتراوە؟

لەساڵی ٨٧٠دا شۆرشێکی خوێناوی لەلایەن زنجەکانەوە دژ بە خەلیفەی عەباسی "ئەلموعتەمید" ڕووی دا و شاری بەصرە کاول کرا. دوای چوادە ساڵ "مووەفەق"ی برای خەلیفە توانی شارەکە لە جنگیان دەربهێنێت بەڵام دوای چی ؟ دوای کاول بوونی. ئیتر لەو سەردەمەوە ئەم قسەیە گوتراوە.

٤٣. درێژترین هێڵی ئاسنی شەمەندەفەر لەنێوان دوو شار یان دوو ولات دا بێ ئەوەی شەمەندەفەر بگۆڕێت هێڵی ئاسنی نێوان شاری مۆسکۆ و پەکینە.

٤٤. دورگەکانی (هاوای) پێش ئەوەی بەم ناوە بناسرێت بە دورگەکانی (ساندویچ) نادەبرا چونکە وەکو ساندویچ کەوتوونەتە نێوان قارەی ئەمریکا و ئاسیاوە.. ئەمانەش هەشت دورگەن, دورگەی هاوای و هەنالولو گەورەتینانە.

٤٥. قارەی ئەوروپا پڕخەڵك ترین قارەیە لە گوێزەی رووبەری زەویدا , جا دەزانێت کە میرنسینی مۆناکۆ پڕخەڵك ترین ولاتی ئەوروپایە ؟

٤٦. خەلیفەیەك لە خەلیفەکانی سەردەمی عەباسی بەناوی ئیبراهیمی کوڕی مەهدی لە مێژوودا بە خەلیفەی گۆرانی بێژ و هونەر دۆست و مۆسیقازان بەناوبانگە ئەم حەز کردنەی لە هونەر و گۆرانییە بووەتە بەدبەختی, ساڵێك خەلافەتی کردووە زۆر کارەساتی بەسەردا هاتووە, لەبەر ئەوەش کە دایکی قول بووە و خەلیفەی رەش بەناو باو بووە. لەدوا دوای ژیانیدا وازی لە گۆرانی و مۆسیقا هێناوە و پەنای بردوەتە بەر خوا.

٤٧. لە رۆرژی ١٩٦٩/٧/١٦ دا مرۆڤ بەرە و ئاسمان و مانگ کەوتە ڕێ, بەڵام دوای چوار رۆژ گەیشتە مانگ واتە لە رۆژی ١٩٦٠/٧/٢٠دا.

٤٨. لایەنگرانی ئافرەت وتوویانە:

١- من کە وەهام هۆی ژنەکەمە. "بسمارك"

٢- ئەی ئافرەت تۆ فەرمانڕەوایت و پیاویش وڵاتەکەتە. "لامارتین"
٣- ئافرت گیانلەبەرێکە لەنێوان پەری و مرۆڤ دا.

٤٩ـ تا ئێستا دەرکەوتووە گەورەترین گیانلەبەر لەبەر زەوی لە سەرەتاوە تاکو ئێستا نەهەنگە, نەهەنگی شین کە ١٥٠ تەن قورسە. دیناسۆر ٥٠ تەن قورسە, ماموث هەر هەندێ فیلێکی گەورەیە.

٥٠ـ پەیکەری ئازادی کە لە بەندەری نیویۆرك دانـدراوە لەلایەن میللەتی فرانسەوە بە دیاری بۆ میللەتی ئەمریکا هەناردراوە. ئەم پەیکەرە ژنێکی گڕ بەدەستە بەرزیی ٤٦ مەترە و ئەم پەیکەرە بووە بە دروشمی میللی و نەتەوایەتی میللەتی ئەمریکا.

٥١- وا دەگێرنەوە کە فەرمانەکانی قەرەقوش زۆر سەیر و توند و تیژ بووە. ئەمە فەرمانڕەوایێکە لە ولاتی میصردا حاکم بووە, بەڵام وشەی قەرەقوش واتە (قەلەرەش)ە.

قەرەقوش

٥٢ـ لەیلا ناوێکی ناسك و نەرمونیانی عەرەبییە لە ئافرەتان دەنرێت. ئەم ناوەش مانای سەرەتایی سەرخۆشی و خومارییە, هەروەها ناوێکە لە ناوەکانی مەی.

٥٣ـ دەربارەی ئافرەتان وتوویانە:

أ- ئافرەتی ناشیرین دەموچاوی خۆی لە ئاوێنەدا دەبینێت, ئافرەتی جوانکیلە و شۆخ و شەنگیش لە گلێنەی چاوی خەلکیدا. "بەرنارد شۆ"

ب – پیاو لەژیان دا هەمیشە لە تێکۆشان دایە بۆ پووڵ و پارە تا دوو دەستی بخاتە ژێر پێی ئەو ئافرەتەوە کە گیرۆدەی عشقی کردووە. "مارك توین"

٥٤ـ ئەوەی کە روون بوەتەوە مێش حەز لە هەندێك رەنگ ناکات, ئەم رەنگانەش شین, زەرد, سوور , سپی و سەوزن.

٥٥ـ روون بووەتەوە هەندێك جانەوەر بە پێی غەریزە تارادەیەك پابەندی پێك هێنانی خێزانن بە نموونە شێر دوو شێرەمێ ڕادەگرێ, ئەو دوو شێرەمێیە پێکەوە بە یارمەتی یەکتر بەچکە شێرەکان بەخێو دەکەن.

٥٦ـ ڕوون بووەتەوە کە گەرمای هەتاو بە پێی تێپەڕ بوونی ساڵ و زەمان لە کەمی دەدات و قورسایی هەتاویش هەر ساڵێك ١٥٠ ملیۆن تەن کەم دەبێتەوە سەرچاوە زانیارییەکان دەریان خستووە کە لەماوەی ١٠٠٠ ملیۆن ساڵی رابردووەوە تاکو ئێستا نیو لە سەدا قورساییەکان کەم بووەتەوە. "ئەگەر وابێت دوای تێپەڕبوونی ١٠٠ ملیۆن ساڵی دی هەتاو دەکوژێتەوە".

Scanned with CamScanner

٥٧. ئەتڵەس ماناى چییە؟
وشەیەکی یۆنانییە, کەوا لە ئەفسانەی یۆنانی دا هاتووە یەکێك لە خواکانی یۆنان زەویی گرتووەتە سەر قەڵاندۆشانییەوە ناوی ئەتڵەس بووە.

٥٨. عەبدوڵلای کوڕی جەعفەر یەکێك بوو لە ناسراوانی عەرەب ڕێگەی دەکەوێتە ڕەشماڵێك, خانە خۆییەکە ژنێکی هەژار و کەم دەست بوو, دوای ماوەیەك ڕوو دەکاتە عەبدوڵلای دەڵی:
تەنیا ئەم مریشکەم هەبوو زۆر خۆشم دەویست پەیمانم لەگەڵ خۆم دا بەستبوو کە لە چاکترین جێگادا بینێژم .. بۆیە ورگی تۆم هەڵبژارد. ئەویش فەرمانی دا ٥٠٠ درهەمی بدەنێ.

٥٩. زاراوەی چەپی یان ڕاستی لە کوێوە هاتووە؟
ئەم وشەیە دوای شۆڕشی ١٧٨٩ لە فەڕەنسە پەیدا بووە. کە ئەندامەکانی پەرلەمان ئەوانەی (توندڕۆ) بوون لە دەستەی چەپی سەرۆکی پەرلەمانەوە دادەنیشتن و ئەوانی تر لە دەستە ڕاستەوە, بۆیە لەوساوە تا ئەمڕۆ لە سیاسەت دا زاراوەی دەستە چەپ یان چەپ ڕۆ و دەستە ڕاست یان ڕاست ڕۆ داکەوتووە.

٦٠. زۆربەی گیانلەبەران مێنگینە بەچکە بەخێو دەکات یان هێلکە هەڵ دەگرێت. بەڵام ئەسپی دەریا (ستراند) کە درێژییەکەی (١٣) سم و سەری لە سەری ئەسپ دەچێت ئەم سروشتەی نییە, بەڵکو مێیەی ئەم گیانلەبەرە بەسەر سکی نێرەکەوە هێلکە دەکات, چل ڕۆژ ئەو هێلکانە بەسەر سکییەوە دەمێنێتەوە, تا دوای چل ڕۆژەکە خۆی لە بەرد هەڵ دەسوێت, هێلکەکان دەشکێنێت و نزیکەی ٢٠٠ بەچکە دەردەچێت.

٦١. دەزانیت موعتەصەم بیللای خەلیفەی عەباسی هەشتەمین کوڕی هاروونی ڕەشیدە و هەشتەمین خەلیفەی عەباسی و هەشت برا و هەشت منداڵی بوە لەگەڵ هەشت کچ دا, هەشت ساڵ و هەشت مانگ و هەشت ڕۆژ خەلیفە بوو.

٦٢. لە وینستۆن چەرچلیان پرسیی ئەرێ سیاسەت یانی چی؟
گوتی: بزانی کەی قسە بکەی و کەی بێ دەنگ بیت و کەی هێرش ببەی و کەی بگەڕێیتەوە. بەڵام لە هەموو کاتێك دا سوود لە مێشك و بیرت وەربگریت.

٦٣. سەیری ئەم قەڵاتەکە چۆن پێك هاتووە؟

٨ = ٨ + ٩ × ٠

٨٨ = ٧ + ٩ × ٩

٨٨٨ = ٦ + ٩ × ٩٨

٨٨٨٨ = ٥ + ٩ × ٩٨٧

٨٨٨٨٨ = ٤ + ٩ × ٩٨٧٦

٨٨٨٨٨٨ = ٣ + ٩ × ٩٨٧٦٥

٨٨٨٨٨٨٨ = ٢ + ٩ × ٩٨٧٦٥٤

٨٨٨٨٨٨٨٨ = ١ + ٩ × ٩٨٧٦٥٤٣

٨٨٨٨٨٨٨٨٨ = ٠ + ٩ × ٩٨٧٦٥٤٣٢

٨٨٨٨٨٨٨٨٨٨ = ١ – ٩ + ٩ × ٩٨٧٦٥٤٣٢١

Scanned with CamScanner



بيلال حەبەشى

٦٤ـ بيلالى حەبەشى وەكو زانراوە بانگدەرى پێغەمبەر (ص) بووە دواى كۆچى پێغەمبەر لە دنيا, جگە لە جارێك ئەويش لەسەر داخوايى حەزرەتى عومەر دەنا هەرگيز بانگى نەدا.

٦٥ـ پێغەمبەرى خوا لە تەمنى ٦٣ ساڵيدا كۆچى دوايى كردووە, ئەوەش بزانە حەزرەتى ئەبو بەكر و عومەر و عەلى هەر سێكيان لە شەست و سێ ساڵان دا مردوون.

٦٦ـ دەزانيت حەزرەتى عەلى بە يەكەمين خۆبەخت كەر دەژمێردرێت لە ئاينى ئيسلام دا, چونكە لە جێگەكەى پێغەمبەرى خوادا خەوت كاتێك كافران بڕيارى كوشتنى محمد (ص)يان دا. يەكەمين شەهيديش لە ئاينى ئيسلام دا كە لە شەڕدا كوژرا بێت عوبێدەى كوڕى حارثي كوڕى عەبدولموطەليب بوو كە لەلايەن عوتبەى كوڕى رەبيعەوە لە شەڕى بەدردا بريندار كرا و بەوبرينەوە مرد.

٦٧ـ وەكو زانراوە دواى هەر كۆست كەوتنێك يان ئازيز مردنێك چل رۆژ تەعزيە دەگيرێت بۆ ريز گرتنى مردووەكە. بەلام لە راستيدا ئەم چل رۆژە لە سەردەمى فيرعۆنەكانەوە ماوەتەوە گەيشتووەتە زۆربەى ميللەتانى جيهان. ئەويش لەبەر ئەوەيە كە مۆميا كردنى لەشى مردوو لەو سەردەمەدا چل رۆژى دەخاياند تا بەرنامەى مۆميا كردنى لەشەكە تەواو نەبووبێ خێزانى ئەومردووە هەر لە گەرمەى تەعزيە باريدا بوون.

٦٨ـ زۆر لە ميللەتانى جيهان شەپقە لەسەر دەكەن و كاتێك هاورێيەك دەبينن يان برۆنە مالى دراوسييەكيانەوە كلاوەكەيان لەسەر لادەبەن كە نيشانەى رێزگرتنى ئەو هاورێيەيە يان ئەو مالەيە. بنچينەى ئەم رەوشتەش لە كۆنەوە ماوەتەوە, وەكو زانراوە جاران شەڕكەران كلاوى ئاسنيان لە سەردەنا, ئەو كلاوەشيان لەسەر لانەدەبرد تا لە جێگايەكى بێ مەترسيدا نەبێت, جا ئێستا كلاو بۆ رێز و قەدر زانى لەسەر لادەبرێت و هەر لەو كاتيش دا بۆ پتەوى پێوەنديى نێوان دۆستان.

٦٩ـ دەزانيت پلەى گەرماى مانگ بە رۆژ ١٥٠ پلەى سەدييە و بە شەويش ١٢٠ پلەى ژێرى سفرە, واتا جياوازيى لەنێوان گەرماى شەو و رۆژدا لەسەر مانگ ٢٧٠ پلەى سەدييە.

٧٠ـ وەكو روون بووەتەوە لە كارەسات و رووداوى ئۆتۆمبيل دا پڕمەترسى ترين جێگە كورسييەكەى بن دەستى (ليخوڕ)ە. بۆيە پشتوێن بەستن گەلێك پێويستە بە تايبەتى بۆ ئەوەى لە تەك لێ خوڕدا دادەنيشێت.

٧١ـ وا بلاوە كەوا ئەبو نواس هاودەمى هاڕوون رەشيد بووە بەلام لە راستيدا وەكو زانراوە ئەبو نواس لە شەقام نەبێت هەرگيز هاروونە رەشيدى نەديوە. بەلكو شاعير و هاودەم و پێكەنين هاوەرى هاروونە رەشيد كەسێك بووە بە ناوى "كوڕى ئەبى مريەمى مەدەنى".

Scanned with CamScanner

٧٢. (متەوەكيل)ی خەلیفەی عەباسی پێکەنین هاوەڕێکی هەبوو بەناوی "عبادە" شەوێکی ساردی زستان فەرمان دەدا - بۆ گاڵتە - بخرێتە ناو گۆمێکی ئاوی ساردەوە. پاشان وەکو پەلەوەرێکی ئاوەڕووت کرا و دەی هێنە بەردەستی خەلیفە و خەلیفە پێی دەڵێ:

- ها عبادە لە چی دای؟
- قوربان لەو دنیا گەڕامەوە !
- وائیقی برامت نەدی؟
- قوربان ڕێ گوزەرم نەکەوتە جەهەنەم.

٧٣. ئەنیشتاین لەلایەن چەند ئافرەتێکەوە دەعوەت دەکرێت یەکێکیان داوای ڕوون کردنەوەی "نظریەی نیسبی" لێ دەکات. ئەویش دەڵێ ڕۆژێك پیاوێکی کوێرم دیت گوتم من حەز لە ماسی دەکەم.

گوتی: ماسی چییە؟

گوتم: وەکو ئاوێکی سپییە.

گوتی : دەزانم ئاو چییە بەڵام ڕەنگی سپی چییە؟

گوتم: وەکو پەڕی قازێکی سپییە.

گوتی: دزانم پەڕ چییە بەڵام قاز چۆنە ؟

گوتم: پەلەوەرێکە گەردنی درێژە و پێچ پێچە.

گوتی: دەزانم گەردن چییە و بەڵام درێژ و پێچا و پێچ چییە و چۆنە.

گوتم: دەستم برد و بازوویم گرت و جووڵاندمەوە و گوتم .. ئا .. وها !

گوتی: ئێستا زانیم ماسی چییە.

ئنجا ڕووی کردە ئافرەتەکەوە و گوتی: هێشتا هەر حەز دەکەی (نظریەی نسیبی)ت بۆ ڕوون بکەمەوە؟

٧٤. هەندێك لە ژنانی وڵاتی بریتانیا ڕێك دەکەون و دەچنە لای سەر نووسەری ڕۆژنامەیێکی بە هێز و بە توانای شاری لەندەن کە یارمەتی بیروڕای هاوتایی ژن و پیاو بدات کابرای سەرنووسەر ڕوودەکاتە ژنەکان ودەڵێت:

باشە لە شەڕدا ئێوە چیتان پی دەکرێت و چی دەکەن؟

لە وەڵام دا دەڵێن: ئێمەش وەکو تۆ، کە خەڵکی هان دەدەی بۆ گەرمەی شەڕ و لە پشتی مێزەکەتەوە دانیشتوویت هەروا دەکەین کە تۆ و بابەتی تۆ دەیکەن !

٧٥. دەزانی بۆ چی وڵاتی (کەنەدا) ناونراوە کەنەدا ؟

کاتێك قارەی ئەمریکا دۆزرایەوە، پرتەغالییەکان کە بەرەو قووڵایی ئەمریکای سەرەوە دەڕۆیشتن دانیشتوانی ئەو سەر زەوییە هاواریان دەکرد:

"کندا، کندا" واتە هیچمان نییە.

جا ئەو ناوە بەسەر ئەو ولاتەدا برا.

٧٦. شاعیرێك دەڕوات بۆ لای (فاڵ گیر)ێك بۆ ئەوەی لە بەختی بنوڕێ: فاڵ گیر پێی دەڵێت دەڵێ: ساڵێك ئازاری هەژاری دەچێژیت.

شاعیر بە پەرۆشەوە دەڵێت: ئەی دوای ئەو ساڵە , دەڵێت: دوای ساڵەکە لەگەڵ هەژاری و نەبوون دا ڕادێیت !

Scanned with CamScanner

٧٧. دەزانیت یەکەمین سەرکردەیەك کە یەکەمین جار لە وڵاتی ئیسپانیادا دابەزی ناوی (طەریف) بوو، هەر سەرکەوتنی ئەویش بوو تارقی کوڕی زیادی هان دا پەلاماری ئیسپانیا بدات.

٧٨. ئەگەر مرۆڤ لە پەنجەرەی ئۆتۆمبیلەکەوە لە ڕۆیشتن دا سەر بهێنێتە دەرەوە بێ گومان چاوی دەست دەکات بە ئاو کردن. بەڵام باڵداران بۆیە لە کاتی فڕین دا چاویان ئاو ناکات چونکە پەردەیەکی ناسك بەسەر گلێنەیی چاویان دا دەکێشرێت.. لە چاوی ڕاست دا لە ڕاستەوە بۆ لای دەنووك و لە چاوی چەپ دا لە چەپەوە بۆ لای دەنووك.

٧٩. تا ئێستا قورسترین عەلەشیش لە شاری لەندەن دا بەرچاو کەوتووە لە ساڵی ١٩٧١ دا کە قورسایی ٦٥ ڕەتل و چوار هۆقە بوو.

٨٠. دەبێت ئەوە بزانێت هەر کاتێك بەدەم کچێکی شۆخ و جوانکیلە و نازەنینەوە پێ کەنیت ئەگەر وای بۆ چوو کە یەکێکی لە خزمانی ئەوی و نات ناسێتەوە .. بزانە پیربوویت و دەبێت خۆت بناسیت و هێندە خۆت لە هەڵەتی گەورەتر لە توانات نەدەی !

٨١. سەڵاوی سەربازی لە چییەوە هاتووە؟
کاتێك سەرکردەیێکی سوپای دەریاوانیی ئینگلیز بەسەر هێزی دەریاوانیی ئیسپانیادا سەردەکەوێت و لە ساڵی ١٥٨٨ لە شەڕی ئەرمادادا داوای لە شاژن کرد کە بۆ خۆی بێت بە دەستی خۆی پاداشتی ئەفسەرەکان بدات. جا ئەو سەرکردە زۆرتر بۆ کاسەلێسی فەرمانی بە ئەفسەرەکانی دا: (کاتێك شاژن دێت دەبێت دەستی ڕاستتان بەسەر چاوتان دا بنێن تا جوانی و شۆخ و شەنگیی شاژن چاوتان کوێرنەکات). لەو کاتەوە ئەمە داهاتووە و کەم کەم بووە بە سەڵاو بە دەستی ڕاست.

٨٢. هەژارێکی داما و لە دەرگای ماڵە دەوڵەمەندێکی پیسکە دەدات بۆ یارمەتی. کابرای هەژار گوێی لێ دەبێ کە پیسکەکە هاوار دەکات:
"هۆ موبارەك بە قەنبەر بڵێ کە بە جەوهەر بڵێ ئەویش بە یاقووت بڵێ کە بەو هەژارە ڕاگەیەنن خوا بی داتێ !"
کابرای هەژاریش هەردوو دەستی بەرزدەکاتەوە و دەکاتە ئاسمان و دەڵێ:
خوایە بە جوبرائیل بڵێ کە بە ئسرافیل بڵێت، ئەویش بە میکائیل ڕاگەیەنێت کە بە ئیزرائیل بڵێ ڕوحی ئەم پیسکە نامەردە دەربهێنێت.

٨٣. أ - یەکەمین پزیشکی ددان لە سەدەی پێنجەمی پێش زایین دا لە میصردا بووە بەناوی (هیرۆدت).
ب - درێژترین پیشە (ئێسك)ی لەشی مرۆڤ ئێسکی ڕانە کە دەکاتە ٢٧٪ی درێژیی ئەو کەسە.
ج - بچووکترین ئێسکی لەشی مرۆڤ پارچە ئێسکێکە لەناو گوێ دایە کە ٢,٦ ملیمەترە.
٨٤. دەزانیت ناوی وڵاتی ئەثیوپیا "حەبەشە" بە یۆنانیی کۆن واتە ڕواڵەتی برژاو !

Scanned with CamScanner

ئەر سوقرات ئەو فەیلەسووفە بەناوبانگی مێژووی یۆنان لە کاروباری ژیانی تایبەتیی خۆیدا گەلێك - كلۆڵ بوو بە دەست ژنەکەیەوە چونکە ژنێکی دەم شڕ و زمان درێژ و جوین فرۆش بوو. سوقرات لە ترسی دەمی هەراش و زمان درێژیی ژنەکەی پێش ئەوەی هەتاو لەگەڵ بێتە دەرێ ئەو لە ماڵ دەردەچوو. جا لێیان پرسی ئەم هەموو کاتە دوور لە ماڵ و ژن و منداڵ لەك كوێ بەسەر دەبەیت؟

لە وەڵام وتوویەتی: لە قوژبنی پەرستگایێکی بچکۆلەی ئەثینادا لێی دادەنیشم و بیر دەکەمەوە. ئەگەر بێ تاقەت بووم دەڕۆم بۆ حەمامێکی گشتیی ناو شار خۆم دەشۆم و لەدواییدا دەچمە ناو خەڵکەوە قسەیان لەگەڵ دەکەم و گوێیان لێ دەگرم. گوتیان باشە بۆ چی تۆیان بە زانای زاناکانی یۆنان هەڵبژاردووە ؟

لە وەڵام دا وتی دەستی بە ریشە پانە درێژەکەی دا هێنا: لەبەر ئەوەی تەنیا پیاوێکم بۆم دەرکەوتووە کە هیچ نازانم هیچی هیچ !

٨٦ زۆر دەبیسترێت بە کابرایەك دەڵێن هێندە دەوڵەمەندە دەڵێی گەنجی قاروونی هەیە. ئەم قاروونە کێیە؟ لیدیا وڵاتێکی ئیغریقی بووە پێش زایین بە ٦٠٠ ساڵ کەوتوەتە نێوان وڵاتی فارسەکان و یۆنانەوە. دوای پاشای ئەم وڵاتە ناوی قاروون بووە کە گەلێك گەنجینە و زێڕ و دام و دەزگا و دەسەڵاتی هەبووە و لە ساڵی ٥٤٦ی پێش زایین دا لەلایەن کۆرشەوە داگیر کراوە.

٨٧ دەزانیت رووبەری ئەو زەویو زارەی کراوەتە کشتوکاڵ لە جیهان دا ٩٪ی زەویی جیهانە کە باقی بێ کشتوکاڵ ماوەتەوە.

٨٨ وەکو زانراوە حوشترمر (نەعامە) گەورەترین باڵندەی رووی زەوییە. بەرزییەکەی هەشت پێیە و زۆر ترسنۆکە. وا بەناوبانگە سەری خۆی لە ناو لم دا دەشارێتەوە بۆ ئەوەی نەی بینن. بەڵام لە ڕاستیدا ئەمە وانییە. بەڵکو مێنگینەی نەعام کاتێك بەسەر هێلکەوە و کر دەکەوێت. بۆ ئەوەی ماندوویەتیی ملە درێژەکەی دەرکات سەروگەردنی لەسەر زەوی رادەکێشێت تەنیا بۆ حەسانەوە.

٨٩ سەربازێك باسی چۆنیەتیی وەرگرتنی (نیشان)ی خۆی دەکرد چۆن بە قارەمان زانراوە بێ ئەوەی هیچ کارێکی وا بکات.

شەڕی جاران

گوتی: من لە ریزی یەکەمی سەربازەکان دا وەستا بووم کاتێك فەرماندە وتی: سەربازێکم دەوێت خۆی بەخت بکات بۆ کارێك بێ گومان تێدا دەمرێت ! ئەوەی خۆی بەخت دەکات هەنگاوێك بێتە پێشەوە !! هەر قسە تەواو کرد هەموو سەربازەکان هەنگاوێك چوونە دواوە. کاتێکم زانی بەتەنیا ماومەتەوە بێ ئەوەی جووڵەم کردبێت. ئەوەندەی پێ نەچوو ئەو دوایە هەڵ پێچرا منیش نیشانی قارەمانیم وەرگرت !

٩٠ جاران شەڕ بریتی بوو لە هێرش بردنە سەر شار و دەوری شار گرتن و پەلاماری دیواری شار دان.

- دەزانیت ئابڵووقە دانی شاری صوور لەساڵی ٥٧٢ی پێش زایین دا لەلایەن نەبوخوذ نەصرەوە بە

Scanned with CamScanner

درێژترین ماوە زانراوە کە ١٣ ساڵ درێژەی کێشاوە.

٩١. میللەتە زیندووە شەڕکەرەکان چۆن لە فابریقەکان دا چەك و تەقەمەنی دروست دەکەن و خۆیان بۆ شەڕ ئامادەدەکەن زۆرتر لە قوتابخانەکان دا بۆ شەڕی راستەقینە خۆیان ئامادە دەکەن. "برتراند راسل"

٩٢. داری زەیتوون دارێکی پیرۆزە هەتاوەکو لە قورئانی پیرۆزدا باسی کراوە. چۆنیەتیی زەیتوونی دنیا بەم شێوەیە:
ئیسپانیا ٣٤٪
ئیتالیا ٣٠٪
یۆنان ١٢٪
پرتەغال ٨٪
توونس ٦٪
تورکیا ٤٪

٩٣. چاکە بزانیت یەکەمین پوولی پۆستە لە ولاتی بریتانیادا لە سەردەمی شاژن ڤیکتۆریادا بووە و وێنەی ئەویشی لەسەر بووە.

٩٤. بەرزترین دار لە دنیادا دارێکە بەناوی "سیکوبا سمیر فیرنس" لە کالیفۆرنیای ئەمریکادا کە ١١٧ مەتر بەرزە.

٩٥. لە ساڵی ١٩١٦ دا بێ شەرم ترین پەیمان لە نێوان دوو هێزی خوێن خواری ئیمپریالیستی جیهان دا کە ئینگلیز و فرانسە بوو بەسترا بۆ دابەش کردنی ولاتانی رۆژهەڵاتی ناوەراست, بەم جۆرە:

- سووریا و لوبنان بۆ فرانسا.
- عیراق و ئەردون بۆ بریتانیا.
- فەلەستین لەژێر یاسایەکی تایبەتیی دەوڵەتان دا بێت.
- بەم جۆرە بی شەرمانە لە پەیمانی سایکس و پیکۆدا بڕیاری بی شێل کردنی داخوازیی میللەتانی ئازاری خوازیان داوە. بەلام لە ئاکام دا گران بۆیان تەواو بوو.

٩٦. ئەوسا ئافرەتی وەها پەسند دەکرا:
١ – پرچی رەش
برۆی رەش
برژانگی رەش
گلێنەی رەش
٢ - پێستی سپی
سپێنەی چاو, سپی
ددانی سپی
پا و پووزی سپی
٣ - زمانی سوور

دوو لێوی سوور
ڕوومەتی سوور
پووکی سوور
٤ - سەری خڕ
گەردنی خڕ
باسکی خڕ
پاژنەی خڕ
٥ - پشتی درێژ
بازووی درێژ
ڕانی درێژ
پەنجەی درێژ
٦ - روخساری کراوە
سنگی پان
سمتی پان
چاوی گەورە
٧ - برۆی باریک
لێوی باریک
پەنجەی باریک
لووتی باریک
٨ - گوێی بچووک
مەمکی بچووک
دەستی بچووک
پێی بچووک
٩ - چوارشت بۆنی خۆش بێت:
هەناسە
عەرەق
دەم
لووت

٩٧. ئەو کەسەی تالآنی ماڵم دەکات لام گرنگ نییە، چونکە سامان دێت و دەڕوا.. ئەمڕۆ هی مینە و سبەینێ هی یەکێکی دی کە. بەڵام ئەوەی نابڕووم دەبات لە ڕاستیدا هیچم بۆ ناهێڵێتەوە .

(شەکسپیر)

٩٨. گەورەترین کۆشك لە وڵاتی ئیسپانیا دایە کە لە سەرەوەی رۆژاوای شاری مەدریدەو ساڵی ١٥٦٣ فلیپی دووەم دروستی کرد.
٢٠٠٠ ژووری تێدایە
٣٠٠٠ دەرگا
٦٠٠٠ پەنجەرە

Scanned with CamScanner

ئێستاش بووه به گۆڕستانی پاشاکانی ئیسپانیا.

٩٩. ا- بەدبەختی ئەوە نییە کە مرۆڤ کوێربێت دنیای رۆشن نەبینێت. بەڵکو کڵۆڵی ئەوەیە مرۆڤ نەتوانێت دەردی کوێری بگرێتە خۆی و دانی پێدانا کە کوێرە.

(ملتوون)

شاعیرێکی گەورەی ئینگلیزە کە بێ چاو بوو

ب - ژیان لەوە کورت ترە کە ئەم هەلاَن کاوێژ بکەم خەڵکی بەرامبەرم کردوویەتی و گیانی کینە لەناو خەڵك دا بچێنم.

(برتراند راسل)

ج - من هەمیشە لەگەڵ کات دا لە شەڕدام و چونکە لەوە کورت ترە کە ماوەم بدات ئەوەی دەمەوێت بیکەم و لەوەش درێژترە بێ کار لێی بوەستمەوە.

(شەکسپیر)

ولاتی چین

١٠٠. وڵاتی چین یەکەمین وڵاتێکە کە:

١- بارووتی بەکارهێناوە.
٢- ئاکتەری شانۆیی رەواجی پەیدا کردووە.
٣- رۆژنامەی رۆژانەی دەرهێناوە
٤- پارەی کاغەزی دروست کردووە.
٥- بوصلەی دروست کردووە.

فرانسەش یەکەم وڵاتە ژنی بۆ کارکردن لە پۆستە خانەدا دامەزراندووە.

- لە سوێد دا یەکەم جار شێوەی بانك داری رەواجی پەیدا کردووە, لەلایەن کەسێکەوە بەناوی "بلمستروك".

١٠١. بزانە کە لە زمانی ئینگلیزیدا وشەی *O. K* لەکوێوە هاتووە نییە و بەکاریان نەهێناوە بەڵام لە وڵاتی ئەمریکادا ئەم وشەیە دروست کراوە و ماناکەی "باشە. موافقم". لە گەڵتام" ە.

* کاتێك مارتن ڤان بودیم خۆی هەڵبژارد بۆ سەرۆك کۆماری وڵاتی ئەمریکا رستەیەکیان بۆ پروپاگەندە بەکارهێنا بەم شێوەیە بوو: کوڕی ئۆڵد کندرهوك هەڵبژێرە. چونکە مارك بودیم خەڵکی شارێکی دەوروبەری نیویۆرك بووە بەناوی ئۆڵد کندرهوك کە کورتەی ئەو رستەی سەرەوە کراوە بە *O. K* ئیتر ئۆکەی کەوتوتە سەر زمانی گشت خەڵك بە مانای (موافق) و (باشە).

یەکەمین رۆژنامەی وڵاتی چین

١٠٢-١. سوقرات چەند برادەرێکی بۆ نان خواردن دەعوەت دەکات دیارە سفرە بە خواردنی جۆرا و جۆر نەرازابووەوە، بۆیە یەکێك لە میوانەکان رووی تێ دەکا و دەڵێت: چاکتر وا نەبوو زۆرتر رێزی میوانەکانت بگرێت؟

سوقرات لەم وەڵام دا وتی:

ئەگەر میوانەکانم ژیر بن، بەسەر سفرەکەوە ئەوەندە هەیە کە بەشیان بکات، ئەگەر ژیریش نەبن ئەویشی کە بەسەر سفرەکەیەوە بەسەریانەوە زیادە.

٢. دەوڵەمەندێکی شاری لەندەن دەچێتە ماڵی برناردشۆ کاتێك دەڕواتە ژوور سەیر دەکا بەناردشۆ تەنیایە و لەگەڵ خۆیدا دا قسە دەکات ئەویش دەڵێت ؟

- ئەوە چییە لەگەڵ خۆت دا قسە دەکەیت؟

بەرناردشۆ دەڵێ: ئەمە رەوشتێکە لە منداڵییەوە خووم پێ گرتووە کە دەبێت هەر لەگەڵ مرۆڤی زیرەك دا قسە بکەم.

١٠٣- لە ساڵی ١٩٦٠ دا بەراوردێك دەربارەی رۆژنامەکانی جیهان بڵاو کرایەوە، دەرکەوت هەر رۆژێك ٨٠٠٠ رۆژنامەی رۆژانە لەدنیادا دەردەچێت و ٢٩٠ ملیۆن دانەی لێ دەنێردرێتەوە بازاڕەوە. لە یەکێتی سۆڤیەت دا رۆژانە ٦٠٩٤٧٠٠٠ دانە رۆژنامە چاپ دەکرێت.

١٠٤. دەزانیت تەنها گیانلەبەرێك کە دەتوانێت گوێی بە لووتی بخورێنێت فیلە و بەس.

١٠٥. ئەفسەرێك دەڕوات بۆ پشکنینی سەربازان، سەیر دەکا دوو سەرباز یەکێکیان نامە دەخوێنێتەوە ئەوەی تریان دەستی ناوەتەوە سەر هەردوو گوێی ئەو سەربازەی کە نامەکە دەخوێنێتەوە.

ئەفسەرەکە سەری سوور دەمێنێ ئەڵێت:

- بۆم روون بکەنەوە ئەمە یانی چی؟

احمد سوکارنۆ

سەربازی خوێنەوار دەڵێت: ئەم نامەیە لە دەزگیرانی ئەم برادەرەمەوە هاتووە ئەویش خوێندەواری نییە تا نامەی بخوێنێتەوە، جا من بۆی دەخوێنمەوە ئەویش دەستی ناوە بەسەر هەر دوو گوێم دا تا لە گوێم لێ نەبێت چی لە نامەکەدا نووسراوە.

١٠٦. ئەوە بزانە کە:

١- مارتن لۆثەر کینگ، دکتۆرای لە فەلسەفەدا هەبووە.
٢- ئەحمەد سوکارنۆ دکتۆرای لە هەندەسەدا هەبووە.
٣- کاسترۆ دکتۆرای لە یاسادا هەیە.

١٠٧. نیگارە بەناوبانگەکەی لیۆناردۆ دافنشی کە بۆ مۆنالیزا کێشاوە ناوێکی دی کەشی هەیە ئەویش (ژۆکۆند)ە جا خراپ نییە بزانیت مونالیزا ناوی نافرەتەکەیەوە و ژۆکۆند ناوبانگ و نازناوی مێردییەتی تابلۆکەش هەر دوو ناوی بۆ بەکار دەهێنن.

١٠٨- ئەگەر گیروگرفتێکی پزیشکی تووشی نەبێت و نەخۆش نەبێت هەر منداڵێك کە لە دایك دەبێت قورساییەکەی٣ و ٥/١ کیلۆگرامە، بەڵام ئەگەر دایکەکە نەخۆشی شەکری هەبێت منداڵەکەی قەڵەوتر دەبێت و دەگاتە دەوری پێنج کیلۆگرام.

Scanned with CamScanner

١٠٩. ژنێکی خەڵکی وڵاتی سۆڤیەت کە لە ساڵی ١٨٧٠ مردووە هەمووی (٦٩) منداڵی بووە.

١١٠. ئەوە بزانە کە خێرایی زەوی بە دەوری هەتاودا ٦٦٦٠٠ میلە لە سەعاتێك دا.

١١١. وشەی دکتۆر وشەیێکی لاتینییە بە مانا مامۆستا یان ئەندازیار, زانکۆی پۆلۆنیا لە ئیتالیادا یەکەمین زانکۆ بووە دکتۆرای بە قوتابخانەیەکی داوە.

١١٢. لە دنیادا ٢٦٩٨ زمان هەیە کە قسەی پێ دەکرێت:

٤٢٤ زمان لە قارەی ئەمریکادا.

٤٨ زمان لە ئەوروپادا.

١٥٣ زمان لە ئاسیادا.

١١٨ زمان لە ئەفریقادا.

١١٧ زمان لە ئوسترالیادا.


تونێل

١١٣. "تونیل" لە ژێر زەویدا یان دەریا چیادا هەڵ دەکەنرێت جا لە دنیادا چەند تونیلێکی درێژ و ناسراو هەیە, بەڵام تاکو ئێستا درێژترین تۆنێل ئەوەیە کە لە ژاپۆن دا لە نێوان دوو دورگەدایە درێژییەکەی ٣٣,٦٦ میلە.

تونێلی نیویۆرك ١,٧٣ میلە.

تونێلی سیفرن ٤,٣٦ میلە.

تونێلی کامون ٦,١ میلە.

وەکو زانراوە پرۆژەی گەیاندنی بریتانیا بە فرانساش بە هۆی تونێلی ژێر دەریا و لە عاستی تەنگەبەری (مانش)دا بە دەستەوەیە.

١١٤. وەکو زانراوە ئەڵماس گەلێك بەنرخ و گرانە, بەڵام یاقووتی سووری پاکژ لە ئەڵماس و زمردیش گرانترە کە لە وڵاتانی بورما و تایلاند و ئوسترالیادا دەری دەهێنن.

١١٥. رەوشتی چەند میللەتێك لە ژن هێنان دا:

١- لە سۆمال زاوا لە شاییدا لێدانێکی باش لە بووك دەدا.

٢- لە دورگەی گرینلاند زاوا بە قژ بووك رادەکێشێت تا ماڵی خۆیان.

٣- لە دورگەی (کوك) بووك بەسەر پشتی گەنجانی دێ یان شاردا تا جێگای شایی رێگا دەبرێت.

٤- لە بورما لەناو شاییەکەدا پیاوێکی پیر بە بەرچاوی خەڵکەوە گوێی بووك کون دەکات.

٥- هۆزێکی سەرەتایی کە لە دورگەی نۆڤیانووسی هێمن دا دەژین, بووك و زاوایان دەچنە لای دەم سپیی دێ یان شار سەریان لێك دەدا بەو مانایە کە ئیتر بوون بە ژن و مێرد.

Scanned with CamScanner

١١٦. دەزانیت زۆربەی گیانلەبەران کە دەیانەوێت هەڵسەنەوە لە پێش دا هەردوو دەستیان بەکار دەهێنن. واتە پێی پێشەوەیان وەکو ئەسپ و کار ئێستر و زۆر چوار پێی دی، بەڵام حوشترەکە دەیەوێت هەڵێت لەسەر دوو پێی دواوە هەڵ دەستێتەوە.

١١٧. وڵاتە عەرەبەکان لە چ ساڵێك دا بوون بە ئەندامی جامیعەی دەوڵەتانی عەرەب ؟
- عیراق، سوریاو ئەردون، سعودییە، میصر و لوبنان لە ساڵی ١٩٤٥دا (پێکەوە).
- یەمەن ساڵی ١٩٤٥.
- لیبیا ساڵی ١٩٥٣.
- سوودان ساڵی ١٩٥٦.
- توونس و مەغریب ساڵی ١٩٥٨.
- جەزائیر ساڵی ١٩٦٣.
- کوومیت ساڵی ١٩٦١.
- یەمەنی دیموکراتی ساڵی ١٩٦٧.
- عومان ساڵی ١٩٧١.
- میرنشینە یەکگرتووەکان ساڵی ١٩٧٢.
- مۆریتانیا ساڵی ١٩٧٣.

١١٨. پیاوی ژیر ئەوەیە پێش ئەوەی قسەی بکات بیری لێ بکاتەوە کە دەبێ چی بڵێت و گوێگری کییەوە لە کوێ و کەی قسەکە دەکات.
(ئامبرۆسن)

١١٩. برکلیس وەکو زانراوە ٥٠٠ ساڵ پێش زایین ژیاوەو فەرماندە و وتە رەوان و قسە زانێکی ناسراوی یۆنانی کۆنەو مانەوەی یادی زۆرتر لەبەر قسەکانێتی، لەبەر وتە لەبیر نەچۆوەکانێتی لە وەتەیێکی دا کە لە سەرەتای شەڕی بلبونیزەوە وتەیەکی دەڵێت:
یاسای وڵاتی ئێمە لەسەر بیروڕایەکی دیموکراسی بەرێوە دەچێت، کاربەدەستانی دەوڵەت بە پێی لێ هاتن و زیرەکییان هەڵبژێردراون لەلایەن میللەتەوە، میللەتی یۆنانیش لەناو یەك دا بەرابەر و یەك ئاهەنگن لەبەردەم یاسادا و دوور لە بۆنەی ناسراویی بنەماڵە و چینایەتی. برکلیس لە ٥٠٠ی پێش زایین لە دایك بووە و لە ساڵی ٤٢٩ی پێش زایین دا مردووە.

١٢٠. خۆشە بزانیت:
ناپلیۆن بۆناپارت بە منداڵی کۆڵان بە کۆڵان هەردەم کتێبە بەسەر شانەوە بووە بۆ فرۆشتن، هەروەها خۆشە بزانیت ئیبراهیم لنکۆلن سەردەمێك مەیخانەی هەبووە و لەگەل شەریکێك دا مەی فرۆشی کردووە.

١٢١. مۆز بەوە بەناوبانگە کە باوك کوژە و خواردنی فەیلەسووفانە چونکە کە پی گەیشت دەبێت درەختەکەی لابەیت تا چووزەیەکی تر سەرهەڵدا و گەش بکات. زاناکانی هیندستانیش هەمیشە خەریکی مۆز خواردن بوون بۆیە دەڵێن خواردنی فەیلەسووفانە.

Scanned with CamScanner

١٢٢- تیموستکلیس خاوەن دەسەڵات و هێز و توانای سەردەمی ئیغریقەکان رووی کردە کوڕە بچکۆلەکەی و وتی:
کوڕم دەزانیت تۆ بە هیزترین گیانلەبەری ئیغریقیت ؟
کوڕە منداڵەکەش وتی: بابا چۆن؟
وتی: کوڕم، خەڵکی ئەثینا فەرمانڕەوایی وڵاتی ئیغریقین منیش فەرمانڕەوایی ئەثینام و دایکت فەرمانڕەوای منە تۆش فەرمانڕەوایی دایکتی !

١٢٣- ئەرستۆ دەی گوت:
مەرگ و ژیان وەکو یەك وان.
یەکێك وتی: جا ئەگەر وەك یەك بۆچی خۆت ناکوژیت؟
وتی: من وتم وەك یەك وان .. نەك یەکێکیان لەوی تریان چاکترە.

١٢٤- ئەمانە بلیمەت بوون و تەمەنیان لە چل ساڵ کەمتر بوو.
- نیوتن زۆر بیروڕای زانیاری دۆزییەوە و تەمەنی بیست و پێنج ساڵ بووە.
- کیتس شاعیری بەناوبانگ لە تەمەنی بیست و پێنج ساڵی دا مردووە.
- شیللی لە تەمەنی ٢٩ ساڵیدا مردووە.
- لۆثەر لە ٢٥ ساڵیدا ناوبانگی دەرکردووە.
- فیکتۆر هۆگۆ دەربارەی نووسین سێ پاداشتی وەرگرتووە و هێشتا تەمەنی نەگەیشتوەتە بیست ساڵی.
- گۆتە زۆر شانۆیی نووسیوە و تەمەنی دوانزدە ساڵان بووە.

١٢٥- ئەم بلیمەتانە لە پیریدا بەناوبانگ بوون:
- هۆمیرۆس ئۆدیسەی لە پیریدا داڕشت و تەواوی کردووە.
- دانیال دیفۆ چیرۆکی رۆبنسون کرۆزۆی لە شەست ساڵیدا نووسیوە.
- ئەفلاتون شاکارەکانی بە ماوەیەکی کەم پێش مەرگی نووسیوە، کە لە ٨١ ساڵیدا مردووە.
- (جاحیظ) و (شدیاق) زۆر لە نووسینەکانیان لە تەمەنی ٩٠ ساڵیدا نووسیوە.

١٢٦- گەورەترین دانەی مرواری ناوی (لاوتسی)یە خاوەنەکەی ناوی (کوب)ە خەڵکی ئەمریکایە، ئەم دانە مراوارییە قورساییەکەی (٤) رەتڵ و یەك ئۆقیەیە، لە ساڵی ١٩٢٤ لە وڵاتی فلیپین دا دۆزراوەتەوە، ئێستا نرخی لە ١٥ ملیۆن دۆلار زیاترە.

١٢٧- دەزانیت قورسایی زەوی بە تەن دەکات (٦) و بیست و یەك سفریش لەلای راستییەوە بێت.. ئایا دەتوانیت ئەم ژمارەیە بخوێنیتەوە ؟

١٢٨ـ لوید جۆرجی سەرەك وەزیرانی بریتانیا بە ئۆتۆمبیل، تەنها، بە دێهاتی دوور دەست دا دەگەڕێ. ئۆتۆمبیلەکەی بانزینی تێدا نامێنێت و شەوی بەسەردا دێت و منەی ئەوەی دەکا جێگایەك بۆ نووستنی ئەو شەوە پەیدا بکات. دەڕوا و لە دوورەوە کۆشکێکی زەلام دەبینێت.. بەرەو ئەوێ دەچێ و لە زەنگی کۆشکەکە دەدا دەڵێ.. ئۆتۆمبیلەکەم بانزینی نەماوە، دەمەوێت ئەم شەو جێم بکەنەوە.

Scanned with CamScanner

کابراش دەڵێ: ئێرە ئەماڵە و نە هوتێل. بەڵکو ئێرە شێتخانەیە.
لوید لە وەڵام دا دەڵێت: هەرچی هەیە. قەیناکە و دەمەوی بم ناسیت. من لوید جۆرجم سەرەك وەزیری
پێشوو کابراش دەڵێ: فەرموو قوربان و فەرموو. پێنج کەسمان هەیە دەڵێت من لوید جۆرجم با ببێ بە شەش!!

١٢٩. یەکەمین منارەی مزگەوت لە وڵاتانی ئیسلام دا لە مزگەوتی (ئەمەوی)ی شاری دیمەشق بووە و بە شێوەیێکی چوار سووچی و لەبەر دروست کراوە.

١٣٠. تەسبیح چۆن داهات؟
هەژار و دەست نەڕۆیشتووەکان چوون بۆ لای پێغەمبەر (ص) و دەردی دڵ دەڵێن کە ئاینی ئیسلام جیاوازی کردووە لە نێوان هەژار و دەوڵەمەند دا، چونکە ئەوان سەرباری ئەوەی ئێمە نوێژەدەکەن دەتوانن زەکاتیش بدەن.. بەڵام خۆ ئێمە ناتوانین زەکات بدەین!
پێغەمبەری خوا دەفەرموێ: ئێوە لەباتی زەکات دوای نوێژ سی و سێ جار زیکری خوا بکەن پاداشەکەی بە ئەندازەی زەکاتە.
هەژارەکان تەزبێحیان هەڵگرت و دوای نوێژ زیکری خوایان پێ دەکرد.. دەوڵەمەنەکانیش چاویان لەوان کرد ئەوانیش دوای نوێژ کردن و سی و سێ جار زیکری خوایان دەکرد. هەژارەکان دووبارە چوونەتە لای پێغەمبەری خوا (ص) وتیان: وا دەوڵەمەندەکانیش زیکری خوا دەکەن.
پێغەمبەر فەرمووی: ئەوە بەهرەیەکە خوا بە بە مرۆڤی دەدا، ئەگەر بیکەیتە شەست و شەش یان ئەوەت و نۆ بێگومان خێری زۆرترە. جا دانەیەکی تەزبیح لەو ژمارانەوە داهاتووە وا پێغەمبەری خوا فەرموویەتی.

١٣١. سەیری ڕێکەوت بکە لەنێوان ناپلیۆن بۆناپارت و محەممەد عەلی پاشای میصردا:
- ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٦٩ لەدایك بووە، محەممەد عەلی پاشاش هەر لەو ساڵەدا لە دایك بووە.
- ناپلیۆن لە شارێك دا بەسەر دەریای سپیی ناوەڕاستەوە لەدایك بووە محەممەد عەلی پاش هەروەها بەڵام لە وڵاتی ئەڵبانیادا.
- ناپلیۆن لە بنەماڵەیێکی هەژار و دەست نەڕۆیشتوو بەخێوکراوە هەروەها محەممەد عەلی پاشاش.
- ناپلیۆن دوو جار ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی ناپلیۆن (جۆزەفین) بێوەژن بوو، محەممەد عەلی پاشاش دوو ژنی هێناوە، ژنی یەکەمی ئەمینە خانم بێوەژن بووە.

- یەکێك لە ژنەکانی ناپلیۆن منداڵی نەدەبوو کە جۆزەفین بوو، ماه دەوانی ژنی محەممەد عەلی پاشاش منداڵی نەدەبوو.
- ناپلیۆن لە ساڵی ١٧٨٦ ئینگلیزەکانی لە شاری ئەسکەندەرییە دەرکرد، محەممەد عەلی پاشاش لە ساڵی ١٨٠٧ ئینگلیزەکان لە ئەسکەندەرییە وەدەرنا.
- ناپلیۆن لۆکە چاندنی لە وڵاتی خۆیدا رەواج پێدا، محەممەد عەلی پاشاش تۆوی لۆکەی لە سیلانەوە هێنا بۆ وڵاتی میصر.
- ناپلیۆن یەکەمین بانکی لە فەرانسەدا پێك هێنا محەممەد عەلی پاشاش یەکەمین بانکی لە میصردا دروست کرد.
- ناپلیۆن کۆیلەی ئازاد کرد، محەممەد عەلیش هەروەها.
- ناپلیۆن بە زۆر لایان برد لە پاشایەتی. کوڕەکەش بوو بە پاشا،

Scanned with CamScanner

محەممەد عەلیش خۆی لە پاشایەتی وازی هێنا و کوڕەکەی بوو بە پاشا.
دەڵێن ناپلیۆن تووشی نەخۆشیی سیلی گەدە هاتووە و بەو دەردە مردووە. محەممەد عەلی پاشاش بە نەخۆشیی سیل مردووە.

١٣٢ـ دکتۆر لازاڕۆس لۆدڤیك زامینهۆف چوار زمانی زیندووی دنیای دەزانی جگە لە زۆر زاراوەی چەند زمانێکی تر ئەم گەنجە رووسە کاتێك لە قوتابخانەی ناوەندیدا بووە کەوتوەتە بیروڕای پێك هێنانی زمانێکی جیهانی بۆ تەواوی گەلان.
لە ساڵی ١٨٨٧ تەمەنی ئەم گەنجە رووسە ٢٨ ساڵی زۆرتر نەبووە کە یەکەمین کتێبی لەم رووەوە بڵاو کردوەتەوە. بەناوی ئەسپرانتۆ *Espranto* , ئەم زۆر گران نییە بریتیە لە ١٦ رەوش بە ئاسانی مرۆڤ فێری دەبێت و سەردەمێك خەڵکێکی زۆر دەی ویست ئەم زمانە فێر بێت. بەڵام لەم دواییدا ئەو بارەی ئەما و بەرەو لەبیرچوونەوە دەڕوات.

١٣٣. ئەبولەهەب ناوی عەبدولعوززای کوڕی عەبدولوطەلیب, مامی پێغەمبەرە و باوکی عوتبە و عوتێبە بووە کە هەردووکیان زاوای پێغەمبەر بوون و دوو کچی پێغەمبەر "روقەییە و ئوم کەلثووم" ژنی ئەو دوو کوڕەی ئەبولەهەب بوون. بەپێی قسەی ئەبولەهەب و ژنەکەی, هەردوو کچەکانی پێغەمبەریان تەلاق داوە و حەزرەتی عوثمان روقەییە مارەکرد کە لە گەرمای شەڕی بەدردا کرد, دوای مردنی ئەو ئوم کەلثوومیشی مارە کرد.

١٣٤. هەندێك لە شارە کۆنەکان چەند ناوێکیان هەیە وەکو:
بەغداد - پایتەختی رەشید.
مەککە - ئوم ئەلقورا.
مەوصل - ئوم ئەلرەبیعەین.
دیمەشق - ئەلفەیحاء.
حەلەب - ئەلشەهباء.

١٣٥ـ شاری قودس ماوەی ٨٨ ساڵی رەبەق ژێر دەستەی فەرەنگەکان بووە بووە صەلاحەدینی ئەیووبی لە ساڵی ١١٨٧ دا دوای شەڕی (حطین) شاری قودسی ئازاد کرد.

Scanned with CamScanner

١٣٦. شەڕی " ذات الصواري" بە یەکەمین شەڕی دەریایی ئیسلامەکان دەژمێردرێت. ئەم شەڕە لە سەردەمی حەزرەتی عوثمان دا رووی داوە لەنێوان ئیسلام و بیزەنتییەکان دا کاتێک (معاویە) والیی شام بوو لە ساڵی ٦٥٥ی زایین دا بە سەرکردایەتیی عەبدوڵلای کوڕی ئەبی سەرح و هێزی دوژمن بەسەرکردایەتیی کوڕی هیرەقلی پاشای بیزانتە بووە.

شەڕی عین جالوت

١٣٧ـ شەڕی (عێن جالووت) بە شەڕێکی مێژوویی دەژمێردرێت لە مێژووی ئسلام دا, چونکە یەکەمین بەرگریی هێرشی مەغۆلە لەلایەن ئسلامەوە. ئەم شەڕە لە سەردەمی سوڵتان (قطز)دا بە سەرکردایەتیی (ظاهیر بیبرس)کرا. سوپای مەغۆلان شکان و زۆریشیان لێ بە دیل گیرا.

١٣٨ـ شەڕی (مەرج دابق) لە ساڵی ١٥١٦ لەنێوان مەمالیک و سوڵتان سەلیمی یەکەمی عوثمانیدا رووی دا, لە ئەنجامی شەڕەکەدا وڵاتی شام خرایە ژێر دەسەڵاتی عوثمانییەکانەوە. مەرج دابق گوندێکە لە سەرەوەی وڵاتی سووریا و شەڕەکەش بەناوی ئەو گوندەوە ناونرا.

١٣٩. بەعیشوە زوڵفی لادا لەسەر عوزار و زاری
دوگمەی کراس ترازا, بزووت هەوای بەهاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
سەودای بە عاشقان دا باغی گوڵ و هەناری
دنیا لە ئینتیزاری, شیرین تەشی دەڕێسێ
شۆڕەسواری شاعیران و بلەوری هەست و هەڵبەس و ریتم

وەفایی

مەنعی مەکەن وفایی کە خاوی دڵ بڵاوە
سەرێکە مەستی نازی دڵێکە بۆی نەماوە
بەدوای دڵ دڵی خۆی بەدوای زوڵفی داوە
دڵم حەقی بەدەستەوە فتوای سەرمی داوە
کە ئەم غەزاڵە چاوە شیرین تەشی دەڕێسێ

خواوەندی ناخ و ئەوا و وردەکاری ناو شاعیرانی کورد خواڵێ خۆش بوو حاجی میرزا عەبدولڕەحیمی وەفایی، ئەم زاتە لە ساڵی ١٨٤٤ دا لە شاری سابڵاخ لەدایک بووە لە رێگەی حەج دا ساڵی ١٩٠٢ لە بیابانی عەرەبستان دا کۆچیدوایی کردووە. پیرەمێردی ئەمر دەڵێ بە دەستی خۆم ناشتوومە.

١٤٠. وەکو زانراوە ئەبوعەباسی سەفاح یەکەمین خەلیفەی بەرەبابی عەباسییەکانە و ئەبو جەعفەر مەنصوور دووەمین خەلیفە بووە, لە کاتێک دا ئەبو جەعفەر برا گەورەی ئەبو عەباس بووە.

Scanned with CamScanner

١٤١. دورگەکانی (قەمەر) کەوتوونەتە ئۆقیانووسە هیندەوە نزیگ دورگەی (زنجبار)، ئەم وڵاتە تا ساڵی ١٩٧٥ ژێر دەستەی ئیمپریالیستی فرانسە بوو و بەبێ شەڕ و هەرا سەربەخۆیی وەرگرت. ئەم وڵاتە بە کشتوکاڵ گوڵ و گوڵکاری دەژین.

١٤٢. دەزانی تەواوی بەرهەمەکانی (عومەر خەییام) هەموو بە عەرەبی نووسراون جگە لە چوارینەکانی نەبێت کە بە فارسی داینـاون. خەییام لە ساڵی ١١٥٣ ز دا مردووە.

١٤٣. دەزانی دەسەڵاتی ئیسلام ئەم دورگانەی گرتووە:

١- دورگەی قیبرص لە سەردەمی حەزرەتی عوثمان دا.

٢- دورگەی کۆرسیکا لە ساڵی ٨٠٩ ز دا.

٣- دورگەی سەردینیا لە ساڵی ٨١٠ ز دا.

٤- دورگەی کریت لە ساڵی ٨٢٥ ز دا.

٥- دورگەی سەقەلیە لە ساڵی ٨٢٧ ز دا.

٦- دورگەی ماڵتە لە ساڵی ٨٧٠ ز دا.

١٤٤. ئەبولعەلای میعەرڕی بە منداڵی تووشی نەخۆشیی ناوڵە هاتووە و کوێر بووە ئەو کاتەی تەمەنی چوار ساڵان بووە.

- تاها حسێن هەر بە منداڵی چاوی تووشی نەخۆشی بووە و کوێر بووە.
- بەششاری کوڕی بورد هەر بە کوێری هاتۆتە دنیاوە.

ئەم سێ کەسە هەرسێکیان ناوداری دنیای ئەدەبیاتی عەرەبن.

١٤٥. وا دیارە (تەماتە) پێش هەموو شوێنێك لە وڵاتی ئیتالیادا ناسراوە و بە زمانی ئیتالیایی واتە (سێوی زێڕ)و دیارە کاتێك زەرد بووە ئەشیان دەخوارد و لایان وابوو رووەکێکی ژەهراوییە.

١٤٦. ئەوە بزانە کە:

- مرواری لە دەریادا دەردەهێنن و گیانلەبەرێکی ئاوی دروستی دەکات.
- مەرجان لە قوولاییەکانی دەریادا بە چنگ دەکەوێت.
- ئەڵماس کاربۆنی ڕچاوە (مەییوە) بە ملیۆنان ساڵ بەردی کەهرەمانیش کە زۆرتر بۆتە تەزبێح بەکاری دەهێنن هەندێك درەختی سنۆبەر دروستی دەکات و لەژێر زەوییەوە دەری دەهێنن، ئەمەش لە ناوچە ساردەکان دا بە تێپەڕبوونی ملیۆنان ساڵ پێك هاتووە. ئەم بەردە جوانە لە قەراغی دەریای باڵتیکەوە زۆرتر دەست دەکەوێت.

١٤٧. (خاویار) یەکێکە لە گرانترین خواردنەکانی دنیا، ئەویش هێلکەی جۆرە ماسییەکە ناوی "ستۆرجیون"ە *Sturgeon* ئەم جۆرە ماسییە نزیکەی ٣٠٠ ساڵ دەژی و زۆرتر لە دەریای خەزەر دەریای رەش دا ئەو زەڵی

Scanned with CamScanner

دەکەن. درێژی ئەو ماسییانە لە هەشت پێوە هەیە هەتا پانزدە پێ. شاری ستراخانی وڵاتی سۆڤیەت لەناو ئەم جۆرە ماسییەوە وەرگیراوە. وە لە شاری ستراخان دا خاویار زۆرە.

١٤٨. کرمێك هەیە لەناو کورد دا بە کرمی هەزار پێ ناسراوە. ئەم کرمە چل پێی هەیە و دوو شاخ و دوو کلك و بەس.

١٤٩ـ یەك تەن نەوت دەکاتە حەوت بەرمیل. ئەگەر کەشتییەك نەوت بەر حەفتا هەزار بەرمیل نەوتی لێ بنرێت دەکاتە دە هەزار تەن نەوت.

١٥٠. مەلا جزیری (١٤٠٧ - ١٤٨١) شاعیرێکی گەورەی کوردە. دیوانەکەی لە ساڵی ١٩٠٤ دا چاپ کراوە. دوودانەی ماوەتەوە یەکێکیان لە شاری بەرلین و ئەوی دیکەیان لە شاری بەغدایە.



گالیسکەی تەرمی ئەسکەندەر

١٥١ـ دەڵێن ئەسکەندەری ماکەدۆنی بۆیە فەرمانی داوە کە سەربازەکانی نابێ ریش بهێڵنەوە تا لە شەڕدا دوژمن ریشیان نەگرن.

١٥٢. شێخ مەحموودی حەفید:
مەحموود کوڕی حاجی شێخ سەعیدی کوڕی سەیید محەممەدی کوڕی کاك ئەحمەدی شێخە لە ساڵی ١٨٨٢ دا لە (سلێمانی) لە گەڕەکی ناسکان لەدایك بووە. دایکیش ناوی نامینە بووە.
ژیانی ئەم زاتە بریتیی بووە لە تێ کۆشان گەرم لە پێناوی گەلەکەیدا و بەربەرەکانێی زۆر و ستەمی بێگانە تا دوا هەناسەی. شێخی نەمر زۆربەی سەرەك هۆز و تیرەکانی بەبێ یەك و دوو بە گوێیان کردووە لە بەرهەڵستییەکانیدا دژ بە زۆر و نارەوایی.
شێخی لەبیرنەچوو لە ساڵی ١٩٥٦ دا کۆچی دوایی کرد.

١٥٣. ئایا دەزانیت ؟
ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ٢٦ی ئۆکتۆبەر ساڵی ١٩٤٥ دا دامەزراوە.

١٥٤. بچووکترین دەوڵەتی دنیا دەوڵەتی سان مارینۆیە، هەروەها بە کۆنترین کۆماری مێژووی تازەی جیهانیش دەژمێردرێت. بەهەر چوار لادیدا لەناو وڵاتی ئیتالیا دایەو رووبەرەکەی ٣٥ میلی چوار گۆشەیە. ژمارەی دانیشتوانی پانزدە هەزار کەسە. کار و کاسبیی ئەو پانزدە هەزار کەسە زۆرتر لەسەر گەشتوگوزاری بێگانەکان و هەندی دەستکرد و پوولی پۆستە دروست کردنە.

Scanned with CamScanner

١٥٥. ئەوە بزانە کە کیلۆپاترا دوو جار شووی کردووە، یەکەم جار شووی کردووە بە بەتلیمۆسی برای خۆی دووەم بە ئەنتۆنیۆی سەرداری ڕۆمانی بەڵام یۆلیۆس قەیسەر کە خەریك بوو مارەی دەکرد کوژرا. کیلۆپاترا دوای ئەوەی کە زانی ئەنتۆنیۆ لە شەڕدا بەزی و ئۆکتافیۆس وا خەریکە دەگاتە دەرگای میصر خۆیدا بەدەمی مارێکی ژەهراوییەوە و خۆی کوشت.

١٥٦. بزانە کە:

١- لینین نازناوی ڤلادیمیر ئیلیچ ئولیانۆڤەر و لینین ناوی ڕووبارێکەلە ڕووسیادا.

٢- پێش ئاینی پیرۆزی ئیسلام خەڵکی بۆ حەج ژن و پیاو ڕووت و قووت بە دەوری کەعبەدادەسووڕانەوە.

٣- ڕووباری سەیحون و جەیحوون کەوتوونەتە ئەفغانستانەوە؟

٤- هەتاو لە زستان دا لە زەوییەوە نزیکترە تا هاوین، بەڵام لەبەر ئەوەی تیشکەکەی لە زستان دا لارە جا بۆیە بە زستان ساردە و هاوین گەرم.

٥- خێرایی سوڕخواردنی زەوی بە دەوری خۆیدا لە دەقیقەیەك ١٧ میلە و لە کاتێك دا بە دەوری هەتاودا ١٩ میل لە (چرکە)یەك دا دەبڕێت.

٦- وڵاتانی ئەسکەندەناڤ بریتین لە : سوێد، نەرویج، دانیمارك

٧- پڵنگ نێچیرێك کە ڕاو دەکات بە ڕۆژ ناوی خوات بەڵکو بۆ شەو هەڵی دەگرێت. دەش توانێت گایەك بە سێ شەو بخوات.

بۆ ئاگاداری: پڵنگەمێ بەچکەکانی لە باوکیان دەشارێتەوە تا ئەیان خوات. تەمەنی پڵنگ دەگاتە پانزدە ساڵ.

٨- زۆربەی حەشەرات و مێش و مێش هەنگ ناتوانن دەنگ ببیستن.

٩- سەنگی زمانی ئەهەنگی شین ٢،١ تەنە ورگی نیو تەنە، قورسایی دڵی ١/٣ ی تەنێکە.

١٠- پەیکەری ڤینۆسی خوارنی جوانی لە مۆزەخانەی لۆڤەردا لە پاریس دانراوە، هەردوو دەستی لە شانەوە نییە.

١١- بزانە کە لە سەرەتاوە تووتن لە وڵاتی ئەمریکاوە دەرچووە و بە جیهان دا بلاو بوەتەوە.

١٢- ئەوە بزانە کە:

برنج سەعاتێکی دەوێ تا گەدە هەزمی بکات.

گۆشتی مریشك دوو سەعات و نیو، هێلکە سێ سەعات.

١٥٧. ئەحمەدی خانی (١٦٥٠ – ١٧٠٦) لە شاری بایەزید لە دایك بووە، دانەری چیرۆکی ئەمر مەم و زینە کە بە شاکارێکی ئەدەبی هەرە بەرزدا دادەنرێت.

١٥٨ـ عومەری کوڕی عەبدولعەزیز کە یەکێك بووە لە خەلیفەکانی سەردەمی ئەمەوییەکان هێندە ڕاست کردار و ڕەوشت پەسند بوو ناونراوە خەلیفەی ڕاشدی پێنجەم (وەکو زانراوە ڕاشدین چوار خەلیفە بوون)، دەرمان خوارد کراوە و مردووە.

١٥٩. لە ساڵی ٦٣٤دا شەڕی ئەجنادین لەنێوان سوپای ئیسلام و ڕۆم دا لەنێوان غەززە و قودس دا ڕووی داوە، موسڵمانەکان بەسەر کردایەتیی خالیدی کوڕی وەلید و عەمری کوڕی عاص شەڕشیان کرد.

١٦٠. ئەبوجەهل لە شەڕی بەدردا کوژراوە، پێغەمبەری خوا ناوی نابوو فیرعۆنی ئەتەوەی خۆی.

Scanned with CamScanner

١٦١. سێ کوڕی هاروونە ڕەشید بەدوای یەك دا بوونە خەلیفە:

١. ئەمین ٨١٣ ز

٢. مەئموون ٨٣٣ ز

٣. موعتەصەم ٨٤١ ز

وەکو زانراوە هاروونە ڕەشید دوای براکەی کە ناوی (هادی) بوو کراوە بە خەلیفە, دەڵێن (خەیزوران)ی دایکیان هادی دەرمان خوارد کردووە.

١٦٢. هەموو ساڵێك مار کاژ فڕێ دەدا., چونکە زۆر زوو گەورە دەبێت و کاژەکەی بە بەرییەوە تەسك دەبێت بۆیە هەموو ساڵێك کاژێك فڕێ دەدات.







پشیلەی نرسلو

١٦٣. بووك لە گواستنەوەدا تارای بەسەردا دەدەن. ئەم ڕەوشتە لە ئیغریقییەکانەوە ماوەتەوە, تا لە ڕوحە ناپاکەکان بووکی جوانکیلە بپارێزرێت.

١٦٤. بێ کەڵك و تەمەڵ ترین پۆلی مێشە هەنگ نێرینەکانیەتی ئەمانە هیچ کارێك ناکەن جگە لە جووت بوون لەگەڵ شاژن دا.

١٦٥. زەوی لە ڕۆژاواوە سووڕ دەخوات بۆ ڕۆژهەڵات, جا ئەگەر لە پاریسەوە بگەڕێیتەوە بەغدا بە فڕۆکە زووتر دەگەیت لەوەی کە لە بەغداوە بۆ پاریس بچیت.

١٦٦. وەکو زانراوە مێشەسی (حوبارە) باڵدارێکی گەلێك گەورە بە ئەندازەی مریشکێك دەبێت, جارجارێك هێلانەکەی خۆی لێ گوم دەبێت و لەسەر هێلکەی باڵدارێکی تر هەڵ دەنیشێت.

١٦٧ـ دەزانیت دروشمی حزبی دیموکراتیی وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا نێرەکەرە و دروشمی حزبی کۆمارییش فیلە.

١٦٨. کاتێك سەگێك پشیلەیەك بەگیر دەهێنێت دەبینرێت پشیلەکە خۆی فش دەکاتەوە و مووەکانی بەرز دەبنەوە تا خۆی لەوە زلتر و بە تواناتر پیشان بدات, بەڵام ئەوە هەزاران ساڵە ئەو خۆگیف کردنەوەیە بەلای سەگەوە بای فلسێکە, کەچی پشیلەش هەر بەردەوامە لەو بەندوباوەدا.

١٦٩. ژیان مانایەکی نییە لەگەڵ نائومێدیدا

Scanned with CamScanner

نائومیدێش بێ مانایه لەگەڵ ژیان دا

(مصطفي كامیل)

١٧٠- ئەگەر قورسایی مرۆڤ لەسەر زەویدا ٦٠ كیلۆگرام بێت، لە مانگ دا قورسایی یەكە دە كیلۆگرامە.

١٧١- نیرۆن شاری رۆمای سووتاند تا دووبارە دروستی بكاتەوە بە شەقامی پان و پۆرتر و خانووی جوانترەوە سەیر ئەوەیە پێش ئەوەی ئاگرەكە بنێتەوە چادرێكی زۆری بۆ ماڵ سووتاوان هەڵدابوو.

١٧٢- بە هەردوو وڵاتی ئیسپانیا و پرتەغال دەگوترێ "ئیبەریا".

١٧٣- تەواوی سورەتەكانی قورئانی پیرۆز بە (بسم الله) دەست پێ دەكات جگە لە سوورەتی (التوبە). و سوورەتی (النمل)یش تەنیا سوورەتێكە دووجار (بسم الله)ی تێدایە.

١٧٤- كەعب كوڕی زوهێر یەكێكە لە شاعیرانی (موعەللەقاتی سەبعە) پێش موسڵمان بوونی بە شیعر هەجووی پێغەمبەر (ص)ی كردبوو بەڵام دوای موسڵمان بوونی هەڵبەستی بەناوبانگی "بانت سعاد"ی وتووە.

١٧٥- چوار كوڕی عەبدولەلیكی كوڕی مەروان دوای خۆی كران بە خەلیفە:
وەلیدی كوڕی عەبدولەلیك خەلیفەی شەشەمی ئەمەوی، سلێمان كوڕی عەبدولەلیك خەلیفەی حەوتەم یەزیدی كوڕی عەبدولەلیك خەلیفەی نۆیەم، هیشام كوڕی عەبدولەلیك خەلیفەی دەهەم.
سەیر لەوە دایە ئەم چوار برا خەلیفەیە چوار خوشكیان مارە كردووە و هەر چواریان كچی عەبدوڵڵای كوڕی عەمری كوڕی حەزرەتی عوثمان بوون.



گۆڕی صەلاحەددینی ئەیووبی لە دیمەشق دا

١٧٦- ئیبن بەطووطە:
بیست و هەشت ساڵ لە گەشت دا بووە ١٢٠,٠٠٠ كیلۆمەتری بڕیوە.

١٧٧- شاری ئەستەنبول ئەوسا پێ گوتراوە:
بیزەنتیە، قوستەنتەنییە، ئەستانە.

شاری كوفە

١٧٨- دەزانی گۆڕی صەلاحەددینی ئەیوبی لە شاری دیمەشق دایە و گۆڕی خالیدی كوڕی وەلید لە شاری حیمص وڵاتی سووریادایە.

١٧٩- شاری كووفە بە دووەمین پایتەختی ئیسلام داندراوە كە

Scanned with CamScanner

لەلایەن سەعد کوڕی ئەبی وەقاسەوە دروست کراوە و پایتەختی خەلیفەی چوارەم بووە شاری دیمەشقیش بە پایتەختی سێیەم دانراوە.

١٨٠. دەزانی مێشوولە زۆرتر بە مرۆڤی پێست سپییەوە دەدات تا پێست ڕەش یان زەرد.

١٨١. خڕۆکە سوورەکانی لەشی مرۆڤ لە وردی و بچووکیدا بە چاو نابینرێن لە هەر سانتیمەتر سێجایەکی لەش دا پێنج ملیۆن و نیو دانەی تێدایە کە کاریان دابەش کردنی ئۆکسجین و خواردەمەنییە بۆ لەش، بەڵام خڕۆکە سپییەکان کاریان پاراستنی لەشە لە نەخۆشی لەهەر سانتیمەترێك سێجادا سێ هەزاری تێدایە.
بۆ ئاگاداری: نەخۆشیی بەناوبانگی سەدەی بیستەم ئایدز Aides لە نزیك بوونەوەی پیاو لەگەڵ پیاودا و لە بەکارهێنانی دەزگای شەرمنقە یەکتر لە کاتی هێرۆئین کێشان دا تووشی مرۆڤ دەبێت و تاکو ئێستاش دەرمانی بۆ نەدۆزراوەتەوە و دەبێتە هۆی مەرگی نەخۆشەکە چونکە خڕۆکەی سپی لەلەش دا دەمرێت و هیچ جۆرە توانای بەربەرەکانی نامێنێت لە لەش دا.. لە ئاکام دا دەبێتە هۆی مردن.

١٨٢. لێدانی دڵی مشك لە دەقیقەیەك دا ٢٥٠ - ٣٠٠ جارە، لە کاتێك دا فیل بەو زل و زەلامییەوە دڵی لە دەقیقەیەك دا تەنیا ٢٥ جار لیَ دەدات. هەروەها دڵی منداڵیش لە دڵی گەورە زۆرتر لێ دەدات. "خۆ بە زل و زەلامی نییە برا !".

١٨٣. دەزانی: لە هیندستان دا ٥٠ ملیۆن موسڵمان هەیە و لە تورکیادا ٣٣ ملیۆن و لە نێجیریەدا ٤٣ ملیۆن.

١٨٤. دوای لەناوچوونی دەسەڵاتی عوسمانی و هاتنە سەرکاری ئەتا تورك لە وڵاتی تورکیادا نووسین بە پیتی عەرەبی قەدەغە کرا و پیتی لاتینی لە باتی عەرەبی بەکارهات.

١٨٥. زمانی مرۆڤ هەر بەشێکی تامێك لێك دەداتەوەو بنی زمان و سەرەتای قوڕگی مرۆڤ تامی تاڵی لێك دەداتەوە، چەپ و ڕاستی زمان تامی شیرینی و سوێری لێك دەدەنەوە، بن دەستی زمان تامی ترشی و ناوەڕاستی زمان هیچ جۆرە هەستێکی نییە بۆ تام لێك دانەوە.

١٨٦. وەکو زانراوە کاتی ئیش کردن لە هاوین دا لەگەڵ زستان دا دەگۆڕێت. وڵاتی ئەڵمانیا یەکەمین وڵاتێك بووە، ئەم گۆڕینەی داهیناوە.

شاژن شەجەرە تولدور

١٨٧. مرۆڤ کە تووشی نەخۆشیی تاعوون دەبێت پێستی ڕەش هەڵ دەگەڕێت، جا بۆیە پێ گوتراوە مەرگی ڕەش.

١٨٨. شاژنە (شەجەرەتولدوڕ) ژنی مەلیك ئەلصالح نەجمەدین ئەیوب بووە، لە گەرمەی شەڕی مەلیك لەگەڵ خاچپییەکان دا مەلیك مردووە و شەجەرەتولدوڕ جێگەی گرتوتەوە شەڕ هەر بەردەوام بووە لە ئاکام دا بەسەر دوژمن دا سەرکەوتووە.

١٨٩- شاری ئەنبار یەکەمین پایتەختی دەسەڵاتی عەباسییەکان بووە لە سەردەمی خەلافەتی ئەبوعەباسی سەفاح دا.

١٩٠- یۆلیۆس قەیسەر (١٠١ - ٤٤ پ. ز)
یۆلیۆس قەیسەر پێیدەگوترا دیکتاتۆر نك بە مانای وشەی دیکتاتۆری ئەمڕۆ, بەڵکو ئەوسا وەکو چۆن دەگوترا ئیمپراتۆر, شا, بەو جۆرەش لە رۆمادا ناوی دکتاتۆر باوبوو. بەڵام دوای کوشتنی یۆلیۆس قەیسەر ناوی ئیمپراتۆر برەوی پەیدا کرد.. یەکێك لەم ئیمپراتۆرانەی نیرۆن بوو کە هەم دایکی خۆی کوشت و هەم ژنەکەی و شاری رۆماشی سووتاند و کردییە خۆڵەمێش.

بیابان

١٩١- وڵاتی ئەلبانیا پایتەختەکە ناوی (تیرانا) بە رژێمی وڵاتەکە کۆمۆنیستییە ٦٠٪ی خەڵکی وڵاتەکە موسڵمانن.

١٩٢ـ پان و پۆرترین بیابانی جیهان لە سەرووی ئەفریقادایە کە رووبەرەکەی هەشت ملیۆن و نیو کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

قەیسەر

١٩٣- دەزانی:
زومرووود رەنگی سەوزە.
پیرۆزە رەنگە شینە.
یاقووت رەنگی شینە یان سوورە, جارجاریش زەردە و لە پیرۆزە و زومرووود گرانترە.

١٩٤ـ وڵاتی (بەحرەین) چڕترین وڵاتی عەرەبە, چونکە لە هەر کیلۆمەترێکی چوار گۆشەدا ٣٧٦ کەس دانیشتووە.

١٩٥ـ نەخۆشیی هاری لە گورگەوە بڵاو دەبێتەوە و رێوی چەقەڵ و سەگ و پشیلە تووشی دەبن و لەوانیشەوە بۆ مرۆڤ یان یەکسەر لە گورگەوە بۆ مرۆڤ بڵاودەبێتەوە.

١٩٦- مێ بازی سەدەکانی ناوەڕاستی بەناوبانگ ناوی (دۆن جوان) و خەڵکی وڵاتی ئیسپانیا بووە.

١٩٧- وڵاتی فیلیپین ماوەی ٤٨ ساڵ ژێر دەستەی ئیمپریالیستی ئەمریکا بوو, ٣٧ ملیۆن کەسی تێدا دەژیت و نزیکەی ملیۆنێك و نیویان موسڵمانن.

١٩٨- پەیکەری "ئەبولهەول" یەکێك لە پاشاکانی کۆنی میصر دروستی کردووە ناوی (خەفرەع) بووە, کەڕووی خۆی و لەشی شێرە و روو لە هەتاوە کەنیشانی ستایشە بۆ خۆر.
١٩٩- وا بەناوبانگە لویسی چواردەهەم پاشای وڵاتی فرانسە وتوویەتی : "دەوڵەت یانی مـن, مـن یانی دەوڵەت" لویسی پانزدەهەم و تووویەتی : "مـن کە هەم خوای دەکرد دوای مـن دنیا وێران دەبوو" ئەوە بوو لویسی

Scanned with CamScanner

شانزدەهەم بەر شەپۆلی شۆڕشی خوێناویی میللەتی فەڕانسە کەوت لەگەڵ ماری ئەنتوانێتی شاژن دا هەردووکیان لە گەردنیان درا.

٢٠٠. زانیوتە: یەکیەتی سۆڤیەت لە (١٥) کۆماری پێك هاتووە؟

٢٠١. فیل ماوەی ٢٢ مانگ تا ٢٥ مانگ درێژە دەکێشێت تا بەچکەی ببێت واتە ماوەی ئاوس بوونی ئەوەند دەکێشێت. ئەهەنگی دەریاش شانزە مانگی پێ دەچێت.

٢٠٢. (رومێل) کە سەرکردەیەکی بەناوبانگی رایشی سێیەم بوو لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی دی کەدا ویستیان دام و دەزگای هیتلەر راپێچن و لەناوی ببەن بەڵام پێیان زانرا و رۆمیلیان بە دەستی خۆی دەرمان خوارد کرد.

٢٠٣. گا و مانگا لە ولاتی هیندستان دا ریزێکی تایبەتی لێ دەگیرێت و زێرەکەش نایخۆن. جا بە پێی ژمارە ٢٠٠ ملیۆن گا و مانگا لە هیندستان دا هەیە.

٢٠٤. لە ساڵی ١٨٢٢ شاری خەرتووم لەلایەن محەممەد عەلی پاشاوە دروست کرا.

٢٠٥. فیل حەفتا ساڵ دەژیت.
حوشتر بیست و پێنج ساڵ.
ئەسپ سی و پێنج ساڵ.
مەیموون سی ساڵ.
داڵ سەد ساڵ.





٢٠٦- ئێسکی لەشی مرۆڤ قورسایی ١٥٪ی قورسایی تێکرای لەشی مرۆڤە, لە کاتێك دا گۆشتی لەش ٤٠٪ی قورسایی لەشە.

٢٠٧- زۆر لە ولاتانی پیشەسازی خاوەن کەشتیگەلی بازرگانیین و لەدەریاکانی جیهان دا دەسوورێنەوە. جا ئەمەش ژمارەی کەشتییەکانیانە:

Scanned with CamScanner

١- ژاپۆن ٢١٠,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٢- یەکیەتی سۆڤیەت ٢٣,١٤٠,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٣- لیبەریا ٢,١٣٩,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٤- بریتانیا ١,٦٢٧,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٥- یۆنان ١,٥٥٠,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٦- نەرویج ١,١٨٦,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.
٧- ئەمریکا ١,١٦٠,٠٠٠ کەشتیی بازرگانی.

٢٠٨- منداڵ لە سەرەتاوە (٣٠٥) دانە پیشە (ئێسك) لە لەشیدا هەیە و لەگەڵ گەورەبوون دا زۆر لەو ئێسکانە لەگەڵ یەك دا دەگیرسێنەوە، پیاو تەنیا ٢٠٦ دانە و پارچە پیشی لە لەشیدا هەیە.

٢٠٩- وڵاتی جەزائیر بە دووەمین وڵات دادەنرێت لە بەرهەم هێنانی تەپەدۆر (فلین)دا. یەکەمین وڵات لەم رووەوە پرتەغاڵە، دوای ئەوان مەغریبە، چوارەم ئیسپانیایە و پێنجەم فڕانسە و شەشەم توونسە.

شیتای توندوتیژ

٢١٠- ١- بەرهەمی قاوە لە وڵاتی بەرازیل دا ساڵانە ٢٧ ملیۆن فەردەیە.
٢- کۆلۆمبیا ١٠ ملیۆن فەردە.
٣- ساحیل عاج ٤ ملیۆن فەردە.
٤- ئەندەنووسیا ٢,٨ ملیۆن فەردە.
٥- مەکسیك ٢,٦ ملیۆن فەردە.

٢١١- سەرگۆی پەنجەی مرۆڤ گەلێك ناسك و هەست کەرە لە کاتێك دا ناوی گەدە (مەعیدە)ی مرۆڤ هیچ جۆرە هەستییەکی (لمس) نییە.

٢١٢- شاژنە زەنووبیا لە ساڵی ٢٧٧ ز لە رۆمادا لە دیلێتیدا مردووە بەلام شاژنە (شەجرەتولدوڕ) شاژنی میصر بە قاپقاپ کوژراوە.

شاژن زەنوبیا

٢١٣- دوو ناسراوی مەیدانی عیشق و دڵداری ناویان قەیس بووە، یەکێکیان شێتی لەیلا ناوی قەیس کوڕی ئەل ملەووەح بوو. ئەوی دی قەیسی لوبنا ناوی قەیس کوڕی ذەریح بوو. هەردووکیشیان لە تیرەی بەنی عوذرەن.

٢١٤- خێراترین گیانلەبەرێك درندەیەکە بەناوی "شیتا" کە جۆرێکە لە خێزانی پڵنگ و خێرایی لە سەعاتێك دا ٧٠ کیلۆمەترە.

٢١٥- ئاوی شیرین لە پلەی سفری گەرمادا دەیبیستێ (دەرچێت) لە کاتێك دا سوێر لە پلەی دوو ژێری سفردا دەرچێت.

Scanned with CamScanner

٢١٦- یۆرانیم مادەیەکی گران باییە و لە جیهان دا کەم و نایابە. تاکو ئێستا ئەوەی روون بوەتەوە:

١- کەنەدا ١٥٠ هەزار تۆنی هەیە.
٢- ئەمریکا ١٤٠ هەزار تۆن.
٣- باشووری ئەفریقیا ٣٥ هەزار تۆنە.

٢١٧- هەر هەموو ئاوی شیرینی سەر زەوی دەکات ٣٪ی ئـاوی دنیـا، واتـە ٩٧٪ی ئـاوی دنیـا سوێرە. ئـەم ٣٪ ئـاوە شیرینەش ٧٥٪ کەژی بەفرینی سەر زەوی و ٢٥٪یشی ئاوی رووبار و کانی و زۆم و گۆمە شیرینەکانی دنیایە.

سەلم

٢١٨- ئەسـپێ ئەخۆشـیی گرانـەتا دەگوێزێتـەوە و خـەڵکی تـووش دەکـا، بـەڵام مێشوولەی ئەنوفلیس لەرز و تا (مەلاریا).

٢١٩- لەگەڵ دڵ شەرتە سالم گەر ئەجاتم بێ لە تارانا،
بەهەشت گەر بێتە مولکی رەی بە ئێران دا گوزەرناکەم
سالم (١٨٠٥ – ١٨٧٣) ناوی عەبدولڕەحمان بەگی صاحیب قرانـە و لـە سلێمانی لـە دایك بووە، شاعیرێکی کوردی بەتوانا و وردەکارە.

٢٢٠- ئەگەر هاتوو بە سواریی فڕۆکەیێکی "نفاثة" لە شاری بەغداوە بـەرەو شـاری لەندەن، نیویۆرك، هۆنك گۆنگ و بۆمبـای بـە خێرایـی ٧٠٠ میـل لـە سـەعاتێك دا بـە ئاسمانـەوە بیـت شـەوت بەسەردا نایەت و سبەینێ لە رۆژدا دەگەڕێیتـەوە بەغـدا چونکە سـوور خـواردنی زەوی بـە دەوری خۆیـدا بـە خێرایی ٧٠٠ میلە لـە سـەعاتێك دا. (لـە شـاری لەندەنـەوە سـواری فڕۆکـە بـووم رۆژی سێ شـەممەبوو بـەرەو نیویۆرك کەوتینی رێ، سبەینە گەیشتمە شاری نیویۆرك هەر سێ شەممەبوو و بە ئاسمانیشەوە شـەوم نـەدی – خ – نووسەر -).

٢٢١- کاتێك مرۆڤ هەواڵێکی خـۆش دەبیـسێت گـەلێك خـۆش حـاڵ دەبێـت و جووڵانـەوەی زۆر دەبێـت. هـەواڵی ناخۆشیش دەبێتە هۆی بێ دەنگی و بێ جووڵانەوە و غەم خواری. ئەمە دەگەڕێتەوە بـۆ پارچـە گۆشـتێك کـە بەسەر گورجیلەوەیە کە مادەیەك بەرهەم دەهێنێ پێی دەڵێن "ئەدرنالین" کە دەبێتە هۆی بەربلاو رەگەکانی ناو لەش و جووڵانەوەی زۆرتری خوێن و لە ئاکام دا زۆربوونی توانای مـرۆڤ. بـەڵام لـە کـاتی غـەم خـواردن دا ئەدرنالین هیچ جۆرە جووڵانەوەیێکی نابێت.

لووتی کەروێشك

٢٢٢- ئەگەر بڕوانیتە لووتی کەروێشك دەبینیت هەر لە جووڵانەوەدایـە. بۆ ئاگاداری: تـەواوی چـەك و تفـەنگ و شـمشێری ئـەم گیانلەبـەرە بەستەزمانە هەر ئـەو جووڵانـەوەی لووتەیـە. بـەوەدا هەسـت بـە (بۆنـە) دەکات و بەو جووڵانەوەدا خواردن دەدۆزێتەوە.

٢٢٣- دەزانی بە جوولەکە دەڵێن (عبرانی)؟
چونکە لە رووباری فورات پەڕینەتەوە بەرەو دەشتی شام.

Scanned with CamScanner

٢٢٤- سارووخ:
کاتێك سارووخێك بەرەو مانگ یان ئاسمانی دوور بتەقێتەوە دەبێت لە رۆژاواوە بەرەو رۆژهەلات بتەقێتەوە تا لەگەڵ سوورِ خواردنی زەوی دا بە یەك لادا بن و نەبێتە هۆی سوانێکی زۆرتر لەگەڵ هەوا و هێزەکانی دی کەدا کاتێك دەیەوێت لە ماوەی راکێشانی زەوی دەرچێت, وە لە گەرانەوەش دا هەروەها کە دەگاتە چیوەی (محیطي) توانای راکێشانی زەوی دەبێت لە رۆژاواوە بەرەو رۆژهەلات خۆی لەو تاوانەیە بخشێنێت.

٢٢٥- شاری بەغدا لە ساڵی ١٢٥٨از لەلایەن خوێن رێژی مێژووەوە هۆلاکۆ خان کاول کراوە و دوای سەد و سی و چوار ساڵ لەلایەن تەیموور لەنگەوە دیسان وێران کراوەتەوە. هەردووکیان لە نەتەوەی مەغۆل بوون.

تیموورلەنگ

هۆلاکۆ

سیبەوەیهی

٢٢٦- زۆر بیستراوە کە فلانە کەس "نە ئەسلی هەیە و نە فەسڵ"
لە راستیدا ئەم دوو وشەیە دیارە بە ئەندازەی یەك گرنگ بوون و شان بە شانی یەك. ئەسڵ واتە بنەچەك, بنەرەت, بنەماڵە. فەسڵیش مانای زمان و زانیین و وتوویژ و مەنتیق دێ.

٢٢٧- زۆر وڵات هەیە پایتەختەکانیان بە گوێرەی شارەکانی تریان بچووکترن. ئەمەش چەند نموونەیەك:
١- سویسرا: (بێرن) پایتەختە و ١٨٠ هەزار کەسی تێدا دەژیت, بەلام زۆریخ ٤٥٠ هەزار کەسی تێدا دەژیت و پایتەختیش نییە.
٢- چین: (پەکین) پایتەختە, کەچی شاری شەنگەهای لەو گەورەترە.
٣- ئوسترالیا: (کانبێرا) پایتەختە و ٢٠٠ هەزار کەسی تێدا دەژیت, شاری (سەدنی) سێ ملیۆن کەسی تێدایە.
٤- هیندستان: (دەلهی) پایتەختە و چوار ملیۆن کەسی تێدا دەژیت و شاری کلکەتا هەشت ملیۆن کەسی تێدایە.
٥- ئەڵمانیای رۆژاوا: (بۆن) پایتەختە و شاری بەرلینی رۆژاوا دوو ملیۆن و دوو سەد و پەنجا هەزار کەسی تێدا دەژیت.
٦- برازیل: (برازیلیا) پایتەحتە و شاری ریۆدۆجانیرۆ پێنج ملیۆن کەسی تێدا دەژیت.

٢٢٨. وەکو زانراوە ئەسکەندەری ماکادۆنی یەکێك بووە لە گەورەترین جیهان گیرەکانی مێژوو بە ماکادۆنی بەناوبانگ بووە چونکە باوکی شای ماکادۆنیا بووە لە ولاتی یۆنان دا, ئەگەر چی ئێستا لە نەخشەی سیاسی دا ماکادۆنیا دەڵەتێکی تایبەتی نییە و سەر زەوییەك کە ماکادۆنای ناو بێت ئەمرۆ بەسەر وڵاتانی یۆنان, بولگاریا و یۆغسلافیادا دابەش کراوە.

Scanned with CamScanner

٢٢٩. دوو دەریا هەیە بە ناوی دەریای سپی یەکەمیان کەوتوەتە سەری قارەی ئەوروپاوە بۆیە پێی دەڵێن سپی چونکە دوانزدە مانگەی خوا ڕچاوە و سپی دەچێتەوە. دووەمیان دەریای سپیی ناوەڕاستە کە کەوتووەتە نێوان سێ قارە و بۆیە پێی دەگوترێ سپی چونکە هەورەکانی سەر ئەم دەریایە هێندە سپییە دەڵێی لۆکەیە.

٢٣٠. سیبەوەیهی زانای ناسراوی ڕێزمانی عەرەبی لە شاری بەصرەدا لە دایك بووەو لەبەر ئەوەی رووی سوور و سپی بووە دایکی ناوی ناوە "سیبەوەیهی" واتە بۆنی سێو ئیتر بەو ناوەشەوە شۆرەتی پەیدا کرد.


• کرمی زەوی •

٢٣١. هەر گیانلەبەرێك سەری جیا بکەیتەو لە لەشی بێ گومان دەمرێت، کرمی زەوی نەبێت هەر کوێ لە لەشی ببڕیت پاش ماوەیەك دەبێتەوە بە کرمێکی تەواو چونکە هەر بەشێکی لە لەشی کرم ئەوەی هەیە دیسان ئەوزەڵ بکاتەوە.

٢٣٢ـ وەکو زانراوە دەوڵەتی ئەمریکا تاکو ئێستا چەن ناوچەیێکی بە پارە کڕیوە و داویەتییە دەمی وڵاتەکەیەوە وەکو:

١. ناوچەی ئالاسکا لە وڵاتی رووسیا کڕی بە حەوت ملیۆن و نیو دۆلار لە ساڵی ١٨٦٧.
٢. ناوچەی لویزیانای لە فڕانسە کڕی بە پانزدە ملیۆن دۆلار.
٣. دورگەی مانهاتنی لە هیندییە سوورەکان کڕی بە بایی (٢٤) ملیۆن دۆلار پارچە و ملوانکە. هەر بەم جۆرە چەند ناوچەیەکی دە کەیان سەندووە وەکو فلۆریدا، ئەریزۆنا، نیومەکسیکۆ، کالیفۆرنیاو نیفادا و کلۆرادۆ.

٢٣٣. لە بیرنەکەیت کە کۆنترین زمانێك کە بە پیت نووسراوبێت زمانی چینییەکان کە لە ١٤٠٠ی پێش زایین دەنووسرا، بەڵام زمانی سەردەمی فیرعۆنەکان بە شێوەی رەمزی هیرۆگلۆفی وێنە دەکێشرا نەکوو پیت.

٢٣٤ـ سەمیرنەمیس شاژنی سەردەمی دەسەڵاتی ئاشوورییەکان بووە، دوای مردنی مێردەکەی شووی بە سەرکردەیێکی سوپای ئاشوور کردووە بەناوی نینۆس.
ناوی سەمیرامیس واتە (کۆتر)

٢٣٥. زۆر لە ناوداران گۆشتیان نەخواردووە وەکو:
ئەبولعەلای میعەڕڕی، بەرناردشۆ، ڤۆلتێر، تۆلستۆی، نیوتن

ڤۆلتێر

نیوتن

تۆلستۆی

بەرنا دشۆ

٢٣٦. دۆن کیشۆت قارەمانی چیرۆکی داستان نووسی ئیسپانیایی (مایکل سێرفانتیس) بووە. ئەم چیرۆکە باسی هەندێك لە رەوشتی سەدەکانی ناوەراست دەکات کە چۆن بەدوای قارەمانێتییەکی پڕوپووچ و پڕ فیشال و خۆ بە زل زانینی هیچ تیا بەسەر نەبوو.

٢٣٧. بزانە کە (ئەبیقرات) ناسراوە بە باوکی پزیشکی و هیرۆدۆتس ناسراوە بە باوکی مێژوو.

٢٣٨. عەنتەری کوڕی شەداد یەکێکە لە شاعیرانی (موعەللەقەی سەبعە) و شەرکەرێکی ئازا و بەتوانا بووە. دوای ئەوەی پیر دەبێت لە شەڕێك دا لەسەر ئەسپەکەی دەکەوێتە خوارەوە و ئەسپەکە ڕادەکا . ئەویش پەنادەباتە ئەشکەوتێك, شەرکەرێك بەدوای دا دەڕوات و لە ترسا کوشتی چونکە لەوە ترسا دیلی بکات و بی کوژێت.

٢٣٩. لە ساڵی ٣٠ پ. ز ئەنتۆنیۆ و کیلۆ پاترا لە مانگی ئاب دا خۆیان کوشتووە. هەر لە مانگی مارت دا ئیسلام لە شەڕی یەرمووك دا بەسەر رۆمەکان دا لە ساڵی ٦٣٦ی زایین دا سەرکەوتووە .. هەر لە مانگی مارت دا لە ساڵی ١٩٤٥ ز یەکەمین بۆمبای ئەتۆمیان بەسەر هیرۆشیمادا تەقاندووە.

٢٤٠. یەك دان مێش هەنگ بۆ ئەوەی بە تەنیایی بتوانێت کیلۆیەك هەنگوین دروست بکات دەبێت ٢٤٠ هەزار کیلۆمەتر ببڕێت, (٤٨) هەزار جار لە پوورە بێتە دەرەوە و هەر جارێك (٥) کیلۆمەتر ڕێ بکات. واتە بە ئەندازەی شەش ئەوەندەی دەوری زەوی ببڕێت تا بە تەنیا یەك کیلۆ هەنگوین دروست دەکات..

٢٤١. لە ولاتی عەرەبەکان دا ئەم وڵاتانە یەکەمن:

- عیراق لە زۆریی خورما.
- توونس لە زۆریی زەیتوون.
- سوودان لە زۆریی شرێس "سەمغ"
- سۆماڵ لە زۆریی مۆز
- جەزائیر لە زۆریی تەپەدۆر (فلیین).
- میصر لە زۆریی لۆکە.

٢٤٢ـ وڵاتی بۆلیڤیا بەناوی (سیمۆن بۆلیفار)ەوە ناونراوە, ناوبراو یەکێکە لە رابەرە ئازادی خوازەکانی ئەمریکای خوارەوە.

٢٤٣. ئەوە بزانە کە:

١- شاری بەصرە لە ساڵی ١٦ی کۆچیدا لە زەمانی حەزرەتی عومەر دروست کراوە.
٢- شاری کووفە لە ساڵی ١٨ی کۆچی دا لە زەمانی حەزرەتی عومەر دروست کراوە.
٣- شاری فوستاط لە ساڵی ٦٤٢ ز لە سەردەمی حەزرەتی عومەردا دروست کراوە.
٤- شاری قەیرەوان لە ساڵی ٦٦٦ی ز دا عوقبەی کوڕی نافع روست کراوە.
٥- واسیط لە ساڵی ٦٩٤ ز دا حەججاج کوری یوسف دروستی کردووە.
٦- شاری بەغدا لە ساڵی ٧٥٤ ز دا لەلایەن ئەبوجەعفەری مەنصووری خەلیفەی عەباسییەوە دروست کراوە.

Scanned with CamScanner



دەروازەی ئەوسای شاری بەغدا



شاری بەغدا

Scanned with CamScanner

سکرتێرەکانی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان

ئۆ تانت

پێتروس غالی

داگ هامێر شوڵد

کورت وادهایم

خاویەر پریزێد کوئیار

Scanned with CamScanner

٢٤٤- بزانە کە ئەندازەی مێشکی پیاوێك دوو بەرامبەری مێشکی مەیموونێکە، جارجاریش سێ بەرامبەرە.

٢٤٥- شاری (قودس) ئەسکەندەری ماکەدۆنی لە ساڵی ٣٣٢ی پێش زایین داگیری کردووە و لە دوای ئەو بەتلیسەکان و سلوقییەکان داگیریان کردووە لە ساڵی ٦٣ی پێش زایین دا بەمبیوس وێرانی کردووە و هێرۆدۆسی گەورەی سەردەمی دەسەڵاتی رۆمانی دیسانەوە دروستی کردوەتەوە.

٢٤٦- ئەوە بزانە کە:

١- جوولەکە لە ١٩٦٩/٨/٢١ مزگەوتی (ئەقصا)یان سووتاندووە.

٢- گۆڕی صەلاحەددینی ئەیووبی لە مزگەوتی ئەمەوی دایە لە دیمەشق.

٣- نۆکەندی سوێس لە ساڵی ١٨٦٩ز دا کراوەتەوە.

٤- وڵاتی ئەندەنۆسیا تێکڕا ٣٠٠٠ دورگەیە.

٥- ئیبراهیم خانی دەلو شۆڕشگێڕی ناوچەی کفری دژ بە دەسەلاتی ئینگلیز لە ساڵی ١٨٧٤ز لە دایك بووە.

٦- سیر زۆر سوودی هەیە بۆ نەهێشتنی چەوریی خوێن و هاندەرێکی چاکە بۆ جووڵانەوەی خوێن و بۆ نەهێشتنی" پەستانی خوێن" ویتەوبوونی دەمار و ڕەگەکان، جا مەوسەتە سیر بخۆ. "ئەگەر چی لە ئەوروپادا کردوویانە بە گولاج و بۆنیشی نایە".

٧- قەرەقووش وەزیر بووە لە سەردەمی صەلاحەددینی ئەیوبی دا و ناویشی "بهاء الدين الأسدي" بووە.

٨- ئەتا تورك ناوی مصطەفا کەمال بووە، ئەم نازناوەش مانای باوکی تورکەکانە.

٩- تەواڤ مالاوایی بە دەوری کەعبەدا پێویستە لەسەر هەر حاجییەك .. ئەگەر ژنێك لە بێ نوێژیدا بێت تەواڤ ماڵاوایی پێویست نییە.

١٠- کۆمپانیای "نۆکەندی سوێس" شاری ئیسماعیلیەی دروست کردوە.

٢٥٠ هەزار کرێکاری میصری لە هەل کەندنی جۆگەکەدا ئیشی کردووە.

١٢٠،٠٠٠ کرێکاری میصری لە هەڵ کەندنەکەدا مردووە، کارەکاش دە ساڵی درێژە کێشا تا تەواو بوو.

٢٤٧- ئەبولحەسەن بەنی صەدر بە یەکەمین سەرکۆماری ئیسلامی دەژمێردرێت دوای هەرووژانی شا، لە نووسینێك دا دەگێرێتەوە دەڵێت: خومەینی رۆژی هەر نەبێت دەبێ یەك سەعات سەیری فیلمی مندالانەی کارتۆن بکات بەتایبەتی کارتۆنی پشیلە و مشکەکە *Tom and jery* ئەگەر رۆژێك کارتۆن نەبینێت کەس ناوێرێت توخنی کەوێت، ورکەکانی کە دەی گرێت لە رکی مندالێکی لاساری پێنەکەوتوو قورستر و ناپەسەندترە.

٢٤٨- زۆرترین ئەندازەی زێڕ لە کۆگایەك دا انراوە دەپارێزێت لە قەلای "فورت نۆکس" ی ناوچەی کەنتاکیی ئەمریکا دایە، کە لەژێر زەوی دایە و بایی دە ملیار دۆلارە.
تاکو ئێستاش گەنجینەیەکی هونەریی ئالتوونی کە دۆزرابێتەوە پەیکەرە زێرەکە تووت عەنخ ئاموونە کە درێژیی شەش مەتر و قورسایی ٤٥٠ رەتڵە.

٢٤٩- ناوی زانستانەی حوشتر (کامیلۆس درومیداریۆس)ە برازنگی حوشتر پرو درێژ و تا لە تۆزی ناو بیابان بیپارێزێت. هەروەها هەردوو کونە لووتیشی وەکو قەڵشتێکی درا و وایە تا هەڵ کردنی باو تۆزدا بە ئاسانی بیان بەستێت.

Scanned with CamScanner

٢٥٠- کاتێك ناوی ناو بانێوی حەمام بەرەڵلا دەکرێت و دەڕواتە خوارەوە دەبینرێت بە دەوری گونجەکەدا بەلای چەپ دا سوڕ دەخوات و دەڕواتە خوارەوە، بەڵام ئەوە بزانە کە لە خوارەوەی هێڵی ئیستیوادا بە پێچەوانەیەو واتە ئەو سووڕ خواردنە لە راستەوە بۆ چەپە، چونکە سووڕ واردنی ئاو بە پێی سوورش خواردنی زەوییە.

٢٥١- بۆیە وڵاتی شام (سووریا، لوبنان، فەلەستین و ئەردون) ناونراوە شام چونکە سامی کوڕی نووح ئەو وڵاتەی پێخۆش بووە و تێیدا گیرساوەتەوە.

٢٥٢- دورگەکانی کەناری "Canary" کەوتوونەتە رۆژاوای ئەفریقیاوە و لە کەناری ئەفریقیاوە ٦٠ کم دوورە، ئاو و هەوایەکی خۆش و دیمەنێکی دەریایی و سەوزەلانییەکەی هەمیشە بەهاری هەیە "نووسەر خۆی دیویەتی".
ناوی کەناری لە بنەڕەت دا ناوێکی لاتینییە و لە پێش دا بە Canaria ناسراوە کە بە لاتیی "سەگ" دەگەیەنێ چونکە سەگی زۆر تێدا بووە. لە ساڵی ١٤٧٦ز دا ئیسپانەکان داگیریان کرد و تاکو ئێستاش هەر بە دەستیانەوەیە. نزیکەی یەك ملیۆن کەسی تێدا دەژیت.



٢٥٣- (بەتریق) پەلەورێکە لە قوتبی خوارووی زەویدا دەژی و تەنیا یەك هێلکە دەکات، هێلکەکەش لەنێوانی هەردوو پێیدا هەڵ دەگرێت بی ئەوەی بیخاتە زەوی و بکشێت بەسەر بەفردا.. بۆ ماوەی حەوت هەشت حەفتە دەبێت بە جووجەڵە.

٢٥٤- زیوەر (١٨٧٥ - ١٩٤٨) ناوی عەبدوڵلا کوڕی محەممەدی کوڕی مەلا رەسووڵە، لە گەڕەکی کانی ئاسکانی شاری سلێمانی لەدایك بووە و شاعیرێکی نیشتمان پەروەرە.

٢٥٥- مەروانی کوڕی محەممەد دوا خەلیفەی ئەمەوییەکان بە (مەروانی کەر) بەناوبانگە چونکە لە سەردەمی ئەم خەلیفەیەدا شۆرش و هەرا و شەڕێکی زۆر ناوخۆیی پەیدا بووە. لە شەڕێك کە دەگەڕایەوە،ئارەقەی وشك نەدەبووەوە بەرەو لایەکی دی بۆ دامرکاندنەوەی هەرایەك دەکەوتە رێ. جا لەبەر سەبوورییەکەی ناونراوە مەروانی کەر، لە ساڵ ١٣٢ی کۆچی دا لە میصر کوژرا و دەسەڵاتی ئەمەوییەکان لە ئاسیا و ئەفریقیادا بە یەکجاری پێچرایەوە.

Scanned with CamScanner



٢٥٦- تیمساح درندەیەکە خوێن ڕێژە شکێنەری وشکاوییە دەم و کاژێرەی گەلێك بەهێزە و لەوە دەچێت زۆریش شانازی بە ددانەکانییەوە بکات، بۆیە بەلایەوە زۆر گرنگە کە پاك و خاوێن بن. جا هەموو ڕۆژێك ماوەیەك دەم دەکاتەوە تا مەلێك هەیە بەناوی *Ziczac* زیکزاك دەڕواتە بەینی ددانەکانییەوە هەرچی گۆشتێك بەدەوری ددانەکانییەوە مابێتەوە پاکی دەکاتەوە و بۆ خۆی دەیخوات. ئەم پەیمانە لەنێوان تیمساح و مەلی زیکزاك دا بەستراوە، ئەو ددانەکانی پاك بکرێتەوە و دەم بەیەك دا نەنێ و زیکزاکیش لە وردەڵە گۆشت تێر بێت.

٢٥٧- وەکو بیستوومانە ئاوی زەم زەم زۆر بە نموونە دەهێننەوە بۆ ئاوێکیشیرین و گەوارا بەڵام لە ڕاستیدا ئاویزەم زەم جۆرە تاڵییەکی تێدایە بەو شێوە شیرین نییە وەك ناوی دەرچووە.

٢٥٨- وەکو زانراوە کۆمپانیای هیندی ڕۆژهەڵاتی کۆمپانیایەکی ئیمپراتۆیالیستی بووە لە ساڵی ١٧٧٣ز دا پەرلەمانی بریتانیا بڕیاریدا کە کڕین و فرۆشتنی چایی لە وڵاتی ئەمریکادا تەنیا بۆ ئەم کۆمپانیایە تەرخان بکرێت ئەم بڕیار بوو بە سەرەتای شۆڕشی ئازادی خوازیی میللەتی ئەمریکا دژ بە ئیمپرالیستی بریتانیا کە وڵاتی ئەمریکای داگیر کردبوو.. شەڕی سەربەخۆیی لە ئەمریکادا لە ڕووداوی چایەوە دەستی پێکردووە.

٢٥٩- لە ساڵی ١١٨٨ ز باجێك خرایە سەر میللەتی بریتانیا بەناوی باجی سەلاحەددین، ئەم باجە بۆ کڕینیچەك و تفاقی شەڕی سێیەمی سەلیبی بوو.

٢٦٠- دورگەی سیلان کەوتوتە خوارووی وڵاتی هیندستانەوەو ئەو دورگەیە ڕۆژانی یەك شەموان ڕۆژی وچانیانە، دە ملیۆن کەس لایەنگری ئاینی هیندۆسە و یەك ملیۆنیش موسڵمان.

سەرکۆماری ئەم دورگەیە لە پێش دا بوودایی بووە و بووەتە مەسیحی، کە کوژرا ژنەکەی بەناوی (باندرانایکا) کە نازناوی مێردەکەی بوو جێگەی گرتەوە.

٢٦١- دەگوترێت (هیندی چینی).. ئەم ناوەخۆ یەك وڵات نییە بەڵکو سێ وڵاتە.

١- ڤێتنام: کە پایتەختەکەی هانۆیە.

٢- لاووس: کە ماوەی ٦٢ ساڵ ژێر دەستەی فەرانسە بوو.

٣- کەمبۆدیا: کەنزیکەی سەد ساڵ (١٨٦٣ – ١٩٦٣) ژێر دەستەی فەرانسە بوو.

٢٦٢- ئەحمەدی خانی: (١٦٥٠ – ١٧٠٦)

سەروەری شاعیرانی کورد و سەرداری خامە بە دەستان، نووسەری چیرۆکی هۆنراوەی مەم و زینی ئەمر، هەرگیز لەبیر خوێنەوارانی کورد ناچێتەوە. دەفەرموێت:

دا خەلق نەبێژتن کو ئەکراد
بێ مەعریفەتن، بی ئەسل و بنیاد
ئەنواعی میلەل خودان کتێبن
کرمانج تەنێ د بێ حسێبن

* * *

مەم شەمع دکر ژ بۆ خۆ دەمساز
کەی هەمسەر و هەمنشین و هەمراز
هەرچەند بسووهتنی وەکی من
ئەمما نە بە گوهتنی وەکی من

Scanned with CamScanner

٢٦٣- کەرکەدەن گیانلەبەرێکی ناشیرین و ناهاڵە، هەندێکیان دوو شاخی هەیە و هەندێکیشی یەك شاخی هەیە، بە گشتی پێنج جۆرن دوانیان لە ئەفریقیا دایە بە کەرکەدەنی رەش و کەرکەدەنی سپی کە لەو سێ جۆرەکەی دی کە زەلام ترن و خێراییان لە سێ کیلۆمەتر لە سەعاتێك دا کەمتر نییە. جا بە خێراییەوە و بەو شاخە تیژەوە لە هەرچی بکەون لەتی دەکەن. جۆرەکانی ئاسیا بچووکترن و لە سۆمەترەدا دەژین.

٢٦٤- وڵاتی ئەمریکا بە ساختمانی گەلێك بەرز و بڵند ناسراوە ئەمانە بەرزترین ساختمانەکانی جیهانن:

١- قوللەی (سیرز روبوك) لە شاری شیکاگۆ بەرزیی ٥٤٩,٨ مەترە.

٢- بینای ئەمپایەر ستێت لە شاری نیویۆرك بە ئاریەلەکانی سەرەوەی ٤٤٨,٦ مەتر بڵندە.

٣- بنکەی بازرگانی لە شاری نیویۆرك، بێ ئاریەل ٤١١,٤ مەتر بەرزە.

٢٦٥- لویسی چواردەهەم پاشای فرانسە چونکە کەچەڵ بووە (باروکە) یان پرچی چنراوی لەسەر کردووە. جا ئەمە لە ئەوروپادا بووە بە رەوشت. هەروەها کچەکانی لویسی سیانزدەهەم لەبەر ئەوەی پاو و پووزین جوان نەبووە کراسی درێژیان لەبەر کردووە و بەو شێوەیە کراسی درێژ داهاتووە.

٢٦٦- کاتێك کاربەدەستان هەست بە مەترسی بکەن، بۆ ئەوەی لغاویان لە دەست دەرنەچێت بۆ ماوەیەك هاتۆچۆ یاساغ دەکەن. ئەم رەوشتەش لەسەرەتاوە زیادی کوڕی باوکی دای هێناو بۆ یەکەم جار لەشاری بەصرەدا بەکاری هێناوە. دەڵێن گوایە زیای کوڕی ئەبو سفیان بووە.

٢٦٧- ئەگەر چی کتێبێك هەیە بەناوی میتافیزیکی ئەرستۆ بەڵام ئەرستۆ هەرگیز وشەی میتافیزیکی نە لە وتارەکانی دا و نە لە نووسراوەکانیدا بەکارنەهێناوە، بەڵکی ئەو وشەیە لەمەوە داکەوتووە کە لە کتێبخانەدا بە پێی پێڕەوێك بە ریز کتێب دادەنرێت جائەو کتێبەش دوای کتێبی سروشت لە کتێبخانەدا دانرا بوو.

٢٦٨- بەشیر موشیر (١٨٩٣- ١٩٦٣)ز

مامۆستا بەشیر موشیر

مامۆستا بەشیر موشیر رێز و حوورمەتی بەسەر هەموو کوردێکی خوێنەوارەوە هەیە وە وایش بووە، ئەم مرۆڤە کوردێکی چاك، بیروڕایەکی پاك دەربارەی ئەوەی کە بۆی هەبووە بە گەلی کوردەوە.

دۆستێکم گێرایەوە کە مامۆستا بەشیر موشیری نەناسیوە لە سەرەتای شەستەکان دا سەرباز بووە و رۆیشتوە داوای داستانی (خورشید و خاوەر)ی لێ کردووە، ئەویش لە وەڵامدا ئەڵێت:

لاچۆ مردووت مرێ ! خەڵك خەریکە ئەگاتە مانگ تۆیش بە دوای خورشید و خاوەردا ئەەرێیت ؟

هەستە برۆ !

٢٦٩- لە ساڵی ١٩١١ شاری دەلهی کرا بە پایتەختی هیندستان، پێش ئەم ساڵی شاری کلکەتا پایتەخت بووە.

٢٧٠- جاڵجاڵۆکە، نێرەکانیان خانوو ناچنن، تەنیا مێگینەکانیان تەونەکەی ماڵ دەکەن، دوای ئەوەی لەگەڵ نێرەکان دا جووت بوون نێرەکان دەکوژن. جا بۆیە ناونراون (رەشە بێوەژن).

٢٧١- تاکو ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەش قولایی قاڕەی ئەفریقیا بۆ پێش قەرەوڵانی ئیستیعمار نەناسراو بووە، بەناوبانگترین کەسێك ویستوویەتی بگاتە ناوەڕاستی قاڕەی رەشەوە دێڤید لیڤنگ ستۆن *Liveng-Iston* بووە.

Scanned with CamScanner

٢٧٢- زۆر میللەتی رووی زەوی هەیە تاکو ئێستاش هەندێك گیانلەبەر دەپەرستن. وەکو هیندۆسەکان کە مانگا دەپەرستن. فیرعۆنەکانی میصر زۆریان پشیلە و سەگ و مەیموونیان دەپەرست. ئەگەر مەیموونی خێزانێك بمردایە بۆ نیشانەی پرسە و شیوەن هەردوو برۆیان دەتاشی، ئەگەر سەگەکەیان بتۆپیبایە تەواوی خێزانەکە هەرچی موو بەسەر لەشیانەوە هەبووە تاشیویانە.

٢٧٣- هونەری کاریکاتۆر بەشێکی ناسراوی دنیای هونەر و رشتەکارییە، ئەمرۆ وا جێگەی خۆی کردوەتەوە، هەر چوارخەتی نەخشاوی ئەم هونەرە سادە و لە هەمان کات دا پڕ زیرەکییە بە ئەندازەی نووسراوێکی ٢٠ لاپەڕەییە لە هەموو رووپەکەوە. بۆیە ناونراوە کاریکاتۆر چونکە ئەندازەی نووسراوێکی ٢٠ لاپەڕەییە لە هەموو رووپەکەوە. بۆیە ناونراوەکاریکاتۆر چونکە داهێنەری ئەم جۆرە رسمە هونەرمەندێکی ئیتالیایی بەناوی (کاراکتی) بووە.

٢٧٤- شێخ رەزای تالەبانی (١٨٣٨ - ١٩١٠)، ئەم شاعیرە بلیمەتە شێوەیێکی تایبەتی خۆی هەبووە لە هەلبەست وتن دا، شۆخ سروشتی، گورج وەلامی، زیرەکییەکی پڕ لە وردەکاری لە هەلبەست و هەلسان ورەوشتی دا هەبووە. بە کوردی، فارسی، عەرەبیو تورکی و زۆر شیعری (مولەممەعی) هەیە. زۆربەی هەلبەستەکانی پێداهاتنە هەم هەجوو هەم وەسف دەربارەی مودیری قزلجە فەرموویەتی:

میرم ئایا چلۆنە عیللەتەکەت؟
باز بە خارشتە بن گونت عەجەبا !؟
ئیحتیاجت بنووسەو عەیبی چییە ؟
مەحرەمی رازی تۆم بەعەهدی سەبا.
دەربارەی مەدحی عەشیرەتی جاف دەفەرموێت:
وابێ غەم و هەیجا دەچنە عەرسەیی هەیجا
تۆ ناچییە سەر دۆشەکی بووکێ لە زەفافا

٢٧٥- شاری ڤینیسیا شارێکی زۆر جوان و رازاوە بووە لە سەدەکانی ناوەڕاست دا، هەروەها بنکەی جوولانەوەی بازرگانی و دەسەلات بووە، وەکو پردێك بووە لەنێوان میللەتانی ئەوروپا و شەڕی سەلیبیدا، عەرەب پێی دەلێ "البندقیە" لەوە دەچێت ئەم ناوەیان لە وشەی (دۆقییەی جوان)ەوە وەرگرتبێت: (بۆ نۆ دوچا) و لە ئاکام بووە بە (البندقیە).

٢٧٦- گەرما پێوەی فەهرەنهایت بۆیە بەم ناوەوە ناونراوە چونکە زانایەك دۆزیوەتی ناوی (جبرل دانیال فهرانهایت) بوو، (١٦٨٦ - ١٧٣٦ ز) و خەلکی ئەلمانیا بووە. پلەی رچان لەم ئامرازەدا ٣٢ پلەیە پلەی کولاندن ٢١٢ پلەیە.

٢٧٧- بە شەڕی پارتیزانی دەگوترێت "شەڕی عصابات"یان شەڕی گۆریلا، ئەو وشەیەش لە زمانی ئیسپانییەوە وەرگیراوە *Gure* واتە شەڕ و *Lia* واتە بچووك کەواتە بەسەریەکەوە مانای شەڕی بچکۆلەیە.

٢٧٨- ناوی ئەفلاتوون واتە ناوشان پان. ئەم فەیلەسووفە لە بنەماڵەیێکی ناسراوی سەردەمی خۆی بووە و هەشتا سالّ ژیاوە ناوی ئەرستوکلیس ئەرستون بووە نزیکەی ٥٦ کتێبی نووسیوە. لە کتێبی (فیدو)دا دەربارەی وشەکانی مامۆستاکەی کە سوقرات بووە زۆر شتی شی کردوەتەوە. بۆ ئاگاداری: لەو رۆژەی لەدایك بووە لەو رۆژەش دا مردووە.

Scanned with CamScanner

٢٧٩- له ساڵی ١٢٩٠ ز ئەدواردی یەکەم شای وڵاتی بریتانیا فەرمانێکی دا بەدەرکردنی هەرچی جوولەکەی ناو وڵاتـی بریتانیـا هەیـەو فەرمانەکەشـی جێبـەجێ کـرا، چـونکە جوولەکـەکان شـێوەی سـوود وەرگرتنیـان گەیشتوەتە هەل هەلە دوای ٤٠٠ ساڵ ئۆلیڤەر کرموێل جوولەکەکانی گەڕاندەوە بۆ بریتانیا.

٢٨٠- تیودۆر هەرتزل سەهیۆنیستی ناسراو لەگەڵ سوڵتانی عوثمانیـدا هـەوڵی دا بـۆ بەدەسـت هێنـانی جێگیر بوون لە فەلەستین، هەتا وەکو ئامادەبوو تەواوی قەرزەکانی دەوڵەتی عوثمانی ببژێرێت بە مەرجێك فەرمانی جێ گیربوونیان لە فەلەستین بۆ بدا.. بەڵام سوڵتان نەیکرد. جا دەوڵەتی بریتانیا بڕیاری دا یـەکێك لـە وڵاتـە ژێر دەستەکانی دا لە ناوەڕاستی ئەفریقیادا - کە ئۆگەنـدە بێت - زەوییەکی پان و پۆڕیان بخاتە ژێر دەسـتەوە بەڵام سەرکردەکانی سەهیۆنییەت بەوە رازی نەبوون.

٢٨١- زۆربــەی میللــەتی هیندســتان لایــەنگری ئـاینی هیندۆسـین و لــە ٨٥٪ی کـەمتر ئـابن و ١٢٪ی میللـەتی هیندستان موسڵمانن کە دەکاتە ٦٠ ملیۆن کەس، بەڵام ئاینی بوودائی و مەسیحی زۆر کـەم پـەیڕەوانیان هەیـە لە هیندستان دا.

٢٨٢- دەزانی بەردی چەرخ، گیراوەی ئاسن و مادەیەکە بـەناوی سیریوم *Cerium* و ئـەم مادەیـەش ل وڵاتـانی برازیل و ئەمریکادا بە چنگ دەکەوێت و لە ساڵی ١٨٧٥ز دۆزراوەتەوە و بەکارهێنراوە.

٢٨٣- بزانە .. کە:

١- خێرایی دەنگ بەسەر دەریاوە ١٢٠٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێك دا. بەڵام لـە جێگـەی بـەرز یـان لـە ئاسمان دا ١٠٠٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێك دا.

٢- پاشای بەلجیکا ناوی بودوانە لە ساڵی ١٩٥١ز بووە بە پاشا پاشای وڵاتی سوێد ناوی کارل گۆستافە لە سـاڵی ١٩٧٣ ز بووە بە پاشا.

٣- رۆزفلت سەرکۆماری ئەمریکا لە ساڵی ١٩٤٥ بە نەخۆشیی باداری مردووە.

٤- سێ کوڕی هاروونە رەشید بوون بە خەلیفە: ئەمین، مەئموونو موعتەصەم.. بـەڵام چـوار کـوڕی مـەلیك عەبدولعەزیز ئال سعوود بوون بە شا بە دوای یەك دا، سعوود ، فەیصەل، خالید و فەهد.

٥- بیلالی حەبەشی کوێلەی ئومەییەی کوڕی خەلـەف بـووە حـەزرەتی ئـەبوو بـەکر بـە حـەوت مثقال زێـڕ کڕیویەتی و ئازادی کردووە. دایکی بیلال ناوی حەمامە بووە واتا کۆتر و قولە رەشێکی حەبەشی بووە.

٢٨٤- بابا طاهري عوريان (٩٣٥ - ١٠١٠)ز

قەلەنـدەر و هـەردە و سـارا پێـو شـەیدای عیـشقی ئـەزەلی دێوانـەی بیروبـاوەڕی راستەقینەی حەق. خوا پەرستی شەو نەخەوتووی هەنووز نەکەر، هاوڕازی جریوەی ئەستارە بێ دەنگەکانی ئاسمان.

بابا طاهیر شاعیرێکی سـەدەی سێیەمی کۆچیی نەتـەوەی کـورد و هـاودەوری ئـەبوو عـەلی سینایە. ئـەم شـاعیرە بەناوبانگـە سـۆفی رەوشـتە هەڵبەسـتەکانی بەسـەندی هـەمووان بـووە. ئـەم زاتـە لـە شـاری هەمـەدان دا مـردووە و تـەواوی هەڵبەسـتە چوارینەکانی بە لەهجەی لوڕی وتووە:

دڵێ دیرەم و عیشق گێج وێجە
موژە بەرهەم زەنەم خوونا بە رێجە
دڵی عاشق بە سانی چووپ تەر بی
سەرێ سوجە سەرێ خوونا بە رێجە

٢٨٥- بزانە کە:

١- لە ساڵی دووی کۆچیدا موسڵمانەکان جەژنی رەمەزانیان تەدارەك دیوە.

٢- شاری بەغدا بە (دار السلام) بەناوبانگە، پایتەختی تەنزانیاش ناوی دار و سەلامە.

٣- زنجیرە کەژی برانیس کەوتوەتە بەینی وڵاتی فرانسا و ئیسپانیاوە.

٤- شەڕی یەکەمی جیهانی کە لە ساڵ ١٩١٤ ز دەستی پی کرد لە سەعات ١١ ی رۆژی یانزدەی مانگییانزدەی ساڵی ١٩١٨ تەواو بو.

٥- ئیمپریالیستی فرانسە لە ساڵی ١٨٨٣ تا ساڵی ١٩٥٦ دەستی بەسەر وڵاتی توونس دا گرتبوو.

٦- خێرایی شێر لە سەعاتێك دا ٨٠ کیلۆمەترە و خێرایی ئەسپ ٧٠ کیلۆمەترە.

٧- دەزانیت لە سەرەتای رژێمی خوومەینییەوە تا مێژووی ١٩٧٩/٣/٢٥ پەنجا و هەشت هەزار کەس لە میللەتانی ئێران لەلایەن خوێن رێژەکانی دام و دەزگای مەلا پێ نەکەوتووەکانی خوومەینییەوە لە قەنارە دراون یان لەژێر دار و زنجیر و تێ هەڵدان دا کوژراون؟

٨- گۆڵدا مائیرلە ساڵی ١٨٨٦ ز لە وڵاتی رووسیادا لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٢١ ز هاتوەتە فەلەستین و یەکێك بووە لە سەهیۆنیستە ناسراوەکان. لە تەمەنی ٧٣ ساڵیدا بووە بە سەرەك وەزیری رژێمی سەهیۆنیستی لە فەلەستین.

٩- هەشت پەل:

گیانلەبەرێکی دەریاییە هەشت پەلی هەیە پەلێکی حەوت مەتر درێژ دەبێت و کاتێك هەست بە مەترسی بکات مادەیەکی رەنگی وەکو مەرەکەب فڕێ دەداتە دەرێ تا نەبینرێت بە پەلو پۆکەی خواردەمەنی دەگرێت و تا ئەندازەیەکیش نێچیرەکەی بی هۆش دەکات ئەو کاتە دەیخوات.

١٠- لە وڵاتی ئیسپانیادا تاقمێك شازادە بە (خوێن شین) دەناسران لەبەر ئەوەی ژن و ژن خوازییان لەگەڵ هیچ رەگەزێکی دی کەدا نەدەکرد و لەژێر پێستی سپیان دا رەگە شینەکانیان دیاربوو.

١١- (قرم) کەوتوەتە کەناری دەریای ڕەشەوە، لە سێلاوە دەریا گەمارۆی داوە.

شەرشی قرم لە ساڵە ١٨٥٣ز دا رووی لە گەرمەی شەڕی دووەمی جیهانیدا ستالین و چەرچل و رۆزفلت لە قرم دا کۆبوونەوە.

١٢- بزانە کە فرۆکەی بۆینگی ئەم ئەندازانە هەیە و هەر یەکێکیان ژمارەیەکی تایبەتییان هەیە و بەرێز لە یەکتر گەورەترن:

١- بۆینگ ٧٤٧

٢- بۆینگ ٧٠٧

٣- بۆینگ ٧٢٧

٤- بۆینگ ٧٢٣

٢٨٦- دەزانیت باینجان لە وڵاتی هیندستانەوە بە دنیادا بڵاو بوەتەوە.

٢٨٧- نالی : (١٧٩٧ – ١٨٥٥ ز)

شەمعی شەبستانی وڵاتی شارەزوور و هۆزی جاف، ئەستارەی بەرەبەیانی ئاسمانی ئەدەب و هونەری هەڵبەست، خواوەندی وردەکاری و ناسکی و هەست و لاواندنەوە، بادە بە دەستی دنیای هەڵبەست و هەست، شەیدای تەواوی کەمەن کێشی (حەبیبە)، زانای تەواو عەیاری گەوهەر خولقێن، جێگای شانازی هەر کورد زمانێك.. نالیی ئەمر ناوی خدر کوری ئەحمەدی شاوەیسە لە تیرەی میکائیلی هۆزی جافە و لە دێی (خاك و خۆڵ)ی شارەزوور لەدایك بووە.

Scanned with CamScanner

قوربانی تۆزی ڕێگەتم ئەی بادی خۆش مرور
ئەی پەیکی شارەزا بە هەموو شاری شارەزوور
حەبیبەی نالی سەرچاوەی ریتمی نالە نالی نالییە، هەر کە دەستی داوەتە خامە ئەو هەستە پڕ جۆش و خرۆشە وەکو زامێکی دەم کراوە هاتوەتە سۆو نالییش ئارامی لێ بڕاوە و شکاتی نا ئومێدی و دەردی دڵی بردوەتە لای پێ نووس و سکاڵای خۆی لاکردووە:
دەستم لە گەردنی خۆت هەڵ مەگرە، ئەی حەبیبە
وەبزانە خوێنی خۆمە یا مینەتی رەقیبە
نەکەی ئامان ئاوری کەمتەرخەمیت وەکو تیری ئەجەل دوو چارم کەیت و دەستم لە گەردنت کەیتەوە نەکەی دەس بە دامان.. حەبیبەی شۆخ و شەنگ من کوژراوی عیشقم ؛ عیشقێکە لە تۆ زیاتر زمانێکی تر نازانێت..
کەرە.. لالە.. کوێرە.. کلاراویەتی:
سەر بەردەبازی رێتە
تەن تەختەبەندیجێتە
دڵ مەیلی خاکی پێتە
روح ماڵی خۆتە بیبە !

بنوارە لەم خۆبەخت کردنە، بنوارە لەم ئارام مردنە، سەیرکە چۆن دەیەوێت هەروەکو سێبەرەکەی لێی دوور نەکەوێتەوە، گەرمیی هەناسەکەی، خشەی پێلاو زرەی پلپلە و لاگیرە و هەیاسەکەی وەکو سۆزی عاشقانی ئەهلی دڵ لە قووڵایی هەست و ناخیدا بزرنگێتەوە و هەموو شەوێك هەوێنی شێوەنی سبەینێی بۆ بگرێتەوە.
ئەو سیلسیلە ئەو موشکی خوتەن نێوی براوە
پڕ پێنج و شکەن خەم بە خەم و حەلقەی کراوە
لاولاوە کە لەو لاوە بە ئەم لاوە کشاوە
یا یاسەمەنی خاوە لە رووی رۆژە ڕواوە؟
سەری سورماوە لەو ئەگریجە و پەرچەم و تاڵ تاڵی زلفە وا بەم لاو ئەولای روخساری بێ وێنەدا ئالاوە هەروەکو پێچ خواردنی تالە ناسکەکانی لاولاو بە ئەمامێکی بۆن خۆشی جا دوویی دا یا گوڵێکی بۆن خۆشی پرشنگ دارە کە وەکو تیشکی رۆژ لەناو شەوە زەنگی تاریکی ئەو زولف و ئەگریجەدا خۆی دەنوێنێت.
ئەم بلیمەتە لە تەشبیهەکانیدا بێ وێنەیە، سەدان قۆناغی پاش خۆی بڕیوە، پەنجەی خستوەتە قووڵایی هەست بە تیژیی نینۆکەکانی سەخت ترین هەست دەجووڵێنێت و بەرەو هەوارگەی عوشاق و موریدانی حەق و راستەقینە لەسەر خۆ کەمەن کێشی دەکات.
گوڵبەندی قەددت لە قوببەی سینە غونچەی گرتووە
غونچە بەم شیرینییە قەت ئەیشکەر ئەی گرتووە
خرپنی و بەرزیی مەمکانی بە سنگییەوە بەلای نالییەوە وەکو درەختێکی رازاوە بە گوڵ کە بە پۆپەکەیەوە گوڵی هەراشی پێوە بێت ئاوا دێتە بەر چاوی .. کام شەکر؟ کام شیرینی؟ کام هەنگوین دەگاتە شیرینیی دیمەنی تۆ کە رۆحی سەرگەردانی شیرین چەش کردووە !؟
سۆفیگەریی نالی بەشێوەی خۆی بە رەوشتێکی ناسك و تایبەتی ئینکار ناکرێت، نالی گەیشتبووە راستەقینە، ستایشەکانی نالی لە حەق و راستەقینە و عیشق لە زۆر هەڵبەست دا دیار و ئاشکرایە:
ئەلا ئەی نەفسی بووم ئاسا هەتاکەی حرص و وێرانە؟
لەگەڵ ئەم عیشقبازانە، بڕۆ ئازانە .. بازانە

Scanned with CamScanner

چاوت لیبەتی چۆن پەلاماری حەزی هەرزان و نارەزوو هیچ تیا بەسەر نەبووەکان نەدوا بێ ڕەحمانە پاش و پێشان لێ دەگرێت و بەامبەرکێیان لەگەڵ دەکات..تاکەی لە کۆرشی عاشقان کەنار گرتن؟ تاکەی ئاوارەی باخ و بێستانی هەرزەکاری و دەربەدەری؟ تاکەی خۆ خەڵەتاندن و خولاندنەوە بە حەزی هەرزان و سەرسەری و سەری ڕێگا؟ .. وەرە پەنجەکانت بناڵێنە لە ستوون و کۆڵەکەی ڕاستەقینەی هەتا هەتایی، وەرە سەیری کۆڕی ذیکری چاوساغان بکە کە چەند بێ نەواو بەشکۆن ڕامەوەستە ، نازانە، گورج و توند و تیژ، لە باز تیژتر بڕۆ، بڕۆ تادەگەیتە ڕازی حەق.

٢٨٩- جۆگەی ئۆستاکی کەوتوەتە نێوان قورگ و ناوی گوێی مرۆڤەوە وەکو تەرازوویەك و زایە لە بـــــەینی هێزەکانی دەرەوەی لەش و هێزی لەشەوە، ئەگەر تەرازووە تێك بچێت دەبێتە هۆی گێژ خواردنی سەر و کەوتنی مرۆڤ.

٢٩٠- بە جەزائیر دەگوترێت وڵاتی یەك ملیۆن شەهید. بە مۆریتانیاش دەگوترێت وڵاتی ملیۆنی. چونکە ڕووبەرەکەی یەك ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و یەك کەسیشی تێدا دەژیت.

٢٩١- شاری ئەریحا ٨٠٠٠ ساڵ ئێستا دروست کراوە و تاکو ئێستا خەڵکی تێدا دەژی و بە کۆنترین شار دەژمێردرێت.

٢٩٢- ڕێکخراوی (ئۆپیك) تێکڕا ١٣ دەوڵەتە کە حەوتیان عەرەبن. ڕێکخراوی (ئەواپیکیش) لە وڵاتە عەرەبە نەوتدارەکان پێك هاتووە.

٢٩٣- یەك گالۆن ناوی ئینگلیزی ٤,٥٤ لیترە.

یەك گالۆن ناوی ئەمریکی ٣,٧٨ لیترە.

٢٩٤- مەرجان *Coral* ڕەنگی سوورە لە دەریا دەری دەهێنن.

- کەهرەمان *Amber* جۆرێکە لە شریسی دار سنۆبەر.
- یاقووت *Corum – dum* دوای ئەلماس لەو پتەوتر نییە و ڕەنگی سوورە و شینە.
- یاقووتی سوور *Ruby*
- یاقووتی شین *Sap Phire*
- یاقووتی زەرد و سەوزیش هەیە بەلام بێ نرخە.

٢٩٥- دورگەی (بەحرێن) پێش ئەوەی ناوی بەحرین بێت پێیان دەگوت: ئوال، دلون، تیلووس.

٢٩٦- وڵاتی فەرانسە تا ساڵی ١٥٥٨ ز ژێر دەستەی بریتانیا بووە، بۆ ئازادی ماوەی سەد ساڵ لەگەڵ بریتانیادا شەڕیان کردووە، لە ساڵی ١٤٢٩از ژان دارك لە فەرانسە دەری پەڕاندن بەلام بە پیلان گرتیان و بە بیانوی جادوگەری بە زیندوویەتی سووتاندیان

٢٩٧- ڕووبەری وڵاتی سۆدان یەك ملیۆن میلی چوار گۆشەیە بەرامبەر بەم گشت وڵاتانە:

- بریتانیا ٢٤,٠٠٠ کم^2.
- فەرانسە ٥٥,٠٠٠٠ کم^2.
- ئیسپانیا ٥٠٥,٠٠٠ کم^2.
- پرتەغال ٩٨,٠٠٠ کم^2.
- ئەڵمانیای ڕۆژاوا ٢٤٥,٠٠٠ کم^2.
- ئەڵمانیای ڕۆژهەلات ١٠٥,٠٠٠ کم.
- ئیتالیا ٣١٠,٠٠٠ کم^2.
- سویسرا ٤١,٠٠٠ کم^2.
- نەرویج ٣٢٣,٠٠٠ کم^2.

سەرجەم ٢٩٤٢,٠٠٠ کیلۆمەتری چوارگۆشە.

Scanned with CamScanner

٢٩٨- مەولەوی (١٨٠٦ - ١٨٨٢ ز)
خامە شەق وەردەن دەم مەکەردەوە
زار زار مەنالۆ وە دەم دەردەوە
تۆ پاشکستەی بەرد هەرد دەرد
چەم کور مەینەت، تەن لاغر، رەنگ زەرد

سەردەستەی عاشقان و پۆپەی دیوانی شاعیران، پیری عەیاران و عەودالانی عیشق، پەیامدەری شنەی شەماڵی نەشنەی سۆز و ستایش، پێش قەرەوەڵی بیروباوەڕ و خواناسین بە شێوەی تازە و نوێ، شەیدای تیشکی شەفەقی یەزدان و هەستی پاک، هەمیشە مەستی عیشقی خوایی پیری تاوەگوز مەولانا مەولەوی.
ناوی عەبدولرەحیمی کوڕی مەلا سەعیدە کە بنەچەکەی دەڕواتەوە سەر پیرخدری شاهۆ. لەبێ دەنگیی شەودا هەستی ئاڵۆزی دەروونی گرتووی پاڵی پێوە ئەنا و لەژێر رەشماڵ دێتە دەرەوە ئەنوارێتە ئاسمانی شینی بێ بنی پڕ لە جریوەی ئەستارە کە چۆن بێ چلە و هەسوون وەستاوە هێندەی تر کرنۆش و بە چۆکا چوونی زۆرتر ئەبێت بەرامبەر پەروەردگار هەستی دێتە سەمای ستایش و لێوانی بادەی عیشق ئەخواتەوە و مەستی عیشقی خوایی سەری تێ ئەکا و ئەفەرموێت:
ئەمشەو دیارەن بانگم بێ شەرمەن
زایەڵەی سەمتوور کەللەکەم گەرمەن
مەولەوی بە تواناوە ئەسپی سەرکێشی خۆی لە گۆڕەپانی لاهووت و فەلسەفەدا تاو ئەداو ئەشهەدوویش شاسوارێکە ! جارجاریش لغاوی خەیاڵ بۆ چارۆیەکەی شل ئەکا و پڕتاو بە لاپەڕەکانی مێژوودا ئەڕواتەوە، بەرودوا ئەفەرموێت:
چەرخ هەر ئەو چەرخەن تا ئاوردو برد
دەست ئەو دەستگین تا خاتەم ئاورد
دا بەزم شیرین خوسرەو وە هەم دا
شورەت نامەی نام حاتمش کرد تەی
کرد وە کاسەکەل کاسەی کەللەی کەی
بنوارە چۆن ئەی لاوێنێتەوە. چۆن ڕووداوەکانی مێژوو ئاکتەرەکانی ڕووت و قووت ئەکاتەوە بە جۆرێکی وا لە رۆژگار و کرداری هێندە شەماڵ ئاسایە، هەر ساتێك لە جێگەیەکە و هەر رۆژێك لای یەکێکە و بۆ یەکێکە.. ئەو سەر و گەردەن و کاکۆڵە کە بێزاری دەر ئەبرێ بەرامبەر تاج و توانا و دەسەڵات، بنوارە چۆن وەکو کاسە گەلێك بێ ئەرزش و بێ نرخ و خوڵاوی کەوتووە.
مەولەوی جارجارێك کەمەن کێشی رواڵەتی نازەنین و روخساری پڕ پێکەنینی شۆخ پەیکەران ئەبێ و بەرەو کۆڕی عاشقان خۆی ئەکوتێ و لەسەر ئەوای پڕ سۆزی راستەقینە دێتە سەمای سۆفیانە و ئارام ئاسمانی شەیدایی و مەلە کووتا باڵەمەڵە ئەکا و ئەڵێت:
چون چهرەی خەیاڵ روخسارەکەی وێش
ئەپەردەی دڵەی (مەعدوم)ی دڵرێش
نمانا جەبین شای سووسەن خالان
کەم کەم ئە گۆشەی لای سیامالان
ئەتۆی تاریکی تای شەدەی بێ گەرد
لە تافەت چۆن ئاو حەیات مەوج مەومرد

Scanned with CamScanner

پیری تاوەگۆز بەربڵاوی خەیاڵ و ئەندێشەی ئەفڕێ و ئەڕواو و ئەگاتە هەڵ هەڵەی ئاسمانی بێ بنی خەیال و بێ فکرین. بە توندی.. بە تیژی لەم ئەستێرەی بۆ ئەوەی بێ وچان بە توانایەکی خواییەوە حەوت خوانی نهێنییەکانی ئەندێشەی ئەبڕێ و وەکو مۆم نەرم و نیان ئەکا و ئەفەرموێت:

باڵەخانەی چەم دڵ دیوانی تۆن

بانە ئاو وە خاك ئاستانی تۆن

ئەگەش عاجز کرد خەیاڵیش تێش دا

ئازیز بۆ جارێك پابنێ پێش دا

ئای لەم خۆشەویستییەی لە هیچ کوێدا جێگەی نابێتەوە لە گڵێنەدا نەبێت.. ئازیزەکەم زاری و گریانم لەبەر تۆیی، فرمێسکی چاوانم نیشانەی بازار گەرمیی، دام و دەزگا و دیوەخانە، دڵم ڕێ گوزەرێتە و هەر تۆی پیادا گوزەر ئەکەی.. ئەگەر پێ شێلیشم کەی ڕەواجە بۆ ژیانی هەتا هەتاییم.
ئاسواری وردەکاری و فەلسەفە بەماناوە ڕاناوەستێ و جار جارێك شێوەنێك ئەگێڕێ و ئەڕواتە پرسەی بەربڵاوی هەست و ئەندێشە و ئاسمانی غەم و تەم دا ئەڕواتە ڕەشبەڵەکی شیوەنی ئازیزە لەدەست چوەکەیەوە و گوێیەکان هەڵ ئەخا بۆ دەنگی سامناکی ئازیز ڕۆ ڕۆ ڕۆ گیانم ڕۆ ڕۆ ڕۆ. جا لێرەدا مەولانا مەولەوی چۆن گەیشتوەتە ئەوج و هەل هەلە و ئەفەرموێت:

قازان قەتارەن قوڵنگان حەوایی

حەیفەن باڵاکەت شەو بە تەنیایی

نا.. نا واتێ ئەگەی ڕەش سواری مەرگ تۆم لەبیر ئەباتەوە ! تۆ بۆ ساتێك.. بۆ تاوێك تاکو تەنها نابیت هەرگیز. تۆ منی من تۆم گەرچی گۆڕ لە ناوەو تەتەشۆڕە و گڕ و گڵپەی ئاگر هاڵاوەکەی هەست پێ ئەکرێت گەرچی بریسکەی دەمی قوڵنگە و پاچە کە دائەهێنرێتەوە جارجارێك ڕام ئەچڵەکێنێت، بەڵام هەستی (سورمودی)یم پێویستی بە لایە لایە نییە و لێم جیا نابێتەوە، هەروەکو گڕ و خەرمان خەرمانەم داوە بە دەورتا تا ڕۆژی هەتا هەتا! جا توخوا لەگەڵما دەس بەرزکەرەوە با پێکەوە داوای شادیی ڕوحی پاکی پیری تاوەگوز کەین و لە عاستی ئەو هەموو زانیارییە سەری ڕیز و حورمەتی بۆ دانەوێنین.

٢٩٩- ئەگەر مرۆڤێك سەد کیلۆغرام بێت، بیست کیلۆ خوێنی تێدایە واتە خوێن ١/٥ ی لەشە.

٣٠٠- لە سەرەتای دروست بوونی ڕێکخراوی جامیعەی وڵاتە عەرەبەکان سەرۆکەکانی ئەمانە بوون:

١- عەبدولڕەحمان عەززام.
٢- عەبدولخالق حەسونە.
٣- مەحموود ریاض.
٤- شاذلي قلێبی

٣٠١- دەزانیت:

T٦٢: ناوی جۆری تانکێکی ڕووسییە.

M٤٨ : ناوی جۆرە تانکێکی ئەمریکییە.

هووك: سارووخێکی زەوی – ئاسمانە ئەمریکییە.

سام: سارووخێکی زەوی – ئاسمانە ڕووسییە.

٣٠٢- لە ئەسپێوە گرانەتا تووش دێت و لە مێشوولەی ئەنۆفلسەوە لە ڕزوتا.

٣٠٣- ئەگەر هاتوو نیو لیتر ئاو تێکەڵی نیو لیتر عەرەق بکەیت، ئەندازەکەی لە یەك لیتر کەمتر دەبێت، چونکە ئاو و عەرەقەکە دەرۆنە ناو وردیلەکانی یەکترەوە تێکڕا لە یەك لیتر کەمتر دەبێت.

Scanned with CamScanner

٣٠٤- بە پێی بەراورد و سەرژمێرێك كە گۆڤاری "ئیكۆنۆمسیت"ی بریتانیا لە ساڵی ١٩٧٥ ز دەربارەی چڕیی شارەكانی جیهان كردوویەتی دەركەوتووە شاری قاهیرە لە چاو رووبەرەكەی دا چڕو پڕترین شاری جیهانە.
ئەمەش چەند بەراوردێكە كە كراوە:

١- قاهیرە ١٥٣,٠٠٠ كەس لە یەك میلی چوارگۆشەدا
٢- فاتیكان ٤٢٥٠ كەس لەیەك میلی چوارگۆشەدا
٣- هۆنگ كۆنگ ١٥٠٠ كەس لە یەك میلی چوار گۆشەدا
٤- مۆناكۆ ٢٥٠٠٠ كەس لە یەك میلی چوارگۆشەدا

٣٠٥- لە ساڵی ١٩٦٧ بەرنارد بۆ یەكەمین جار توانی دڵی نەخۆشێك بگۆڕێت بە یارمەتی ٣٠٠ دكتۆر لە وڵاتی جنووبی ئەفریقیادا.

٣٠٥- لە هەر پایەكی مرۆڤ دا ٣٢ پارچە پیشە (ئێسك)ی تێدایە، لە هەر دەستێكی مرۆڤ دا ٣١ پارچە ئێسكی تێدایە.

٣٠٦- توركیا لە ساڵی ١٩٣٣ ز دانی بە ماڧی هەڵبژاردنی ئافرەت دا ناوە. ئەندەنووسیا لە ساڵی ١٩٥٥ ز دا.

شەڕی بەدر

٣٠٧- شەڕی بەدر لە نێوان كافران و موسڵمانان دا كە لە ساڵی دووی كۆچیدا رووی دا ئەبووجەهل و عوتبەی كوڕی رەبیعەی باوكی هیندی جگەر خۆر و رەبیعە كوژران حەفتا كەسیش لە كافران بەدیل گیران كە لە ناویان دا عەباسی كوڕی عەبدولموطەلیبی مامی پێغەمبەر (ص) بوو، لەگەڵ عومەری كوڕی ئەبوسفیانیش.

٣٠٨- پێش ئیسلام چەند دەسەڵاتێكی عەرەب زمان هەبووە وەكو:

١- مەناذیرە: كە لە عیراق دا ژیاوەن و ناونراون بە دەسەڵاتی (مناذرە) چونكە شاكانیان ناوی (منذر)یان لە خۆ ناوە و لایەنگری دەسەڵاتی ساسانییەكان بوون.
٢- غەساسینە: لە وڵاتی شام دا بوون و لایەنگری دەوڵەتی رۆمەكان بوون.
٣- دەوڵەتی سەبەء و حیمیەر لە یەمەن دا كە ئەبرەهەی حەبەشی لەناوی بردن.

بابل

٣٠٩- دەزانی وڵات و سەر زەویی بابل بە وڵاتی (خوری) بەناوبانگ بووە.

٣١٠- لە رۆژی ٢٨ی نیسانی ١٩٤٣دا شۆڕشگێرانی ئیتالیا توانیان لە سەرووی ئیتالیادا مۆسۆلینی دەستگیر بكەن و بیكوژن. لەگەڵ ژنە دۆستەكەیدا سەربەرەوخوار هەڵیان واسین.

٣١١- دەزانی:

بیكاسۆ ٩٢ ساڵ ژیاوە
تیتۆ ٨٨ ساڵ ژیاوە
برتراند راسل ٩٨ ساڵ ژیاوە

Scanned with CamScanner

٣١٢. دەزانی باوکی خومەینی لە شاری کلکەتەی هینستان لە بنەماڵەیێکی سیك لە دایك بووە و پۆی بەسەر گەلی ئێران و ئیسلامەوە نەبووە.

٣١٣. دەزانی دروشمی ناو ئاڵای ئێرانی ئیسلامی هەر ئەو دروشمەیە کە بەسەر پەرستگاکانی سیکەوە هەیە.

٣١٤. دەزانیت:
١. میرنشینی عەجەمان: ٢٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانی ٤٠٠٠ کەسە.
٢. ئوم ئەلقوەین: ٧٥٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە ٤٥٠٠ کەسی تێدا دەژی.
٣. میرنشینی ئەل فجێرە: ١١٧٥ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ١٠٠٠٠ کەسی تێدا دەژی.

٣١٥. پاسەوانەکانی پاپای ڤاتیکان خەڵکی سویسران و چۆنیەتیی جلوبەرگیان لەلایەن هونەرمەندی گەورەی دنیای نیگار و پەیکەرسازی "مایکل ئەنجلۆ" وە هەڵبژێردراوە تاکو ئێستاش هەر ئەو جل و بەرگە نەگۆڕاوە و هەر ئەوەیە کە ئەنجلۆ دایناوە.

٣١٦. جاران ئافرەت مافی هەڵبژاردنی نوێنەری پەرلەمانی نەبوو وڵاتی نیوزیلەندە یەکەمین وڵاتە ئەو مافەی پێداوە.. بەدوای ئەودا چەند وڵاتێکی تر:
- نیوزیلەندە ساڵی ١٨٩٣
- سویسرا ساڵی ١٩٠١
- ئوستراليا ساڵی ١٩٠٢
- یەکیەتی سۆڤیەت ساڵی ١٩١٧
- بریتانیا ساڵی ١٩١٩
- ئەمریکا ساڵی ١٩٢٠
- تورکیا ساڵی ١٩٣٣
- فەرانسە ساڵی ١٩٤٤

٣١٧. خەڵاتی ئاشتیی نۆبل بەم کەسانە دراوە:
١. داك هەمەر شۆڵد – سکرتێری کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان.
٢. هێنری کیسنگەر – وەزیری دەرەوەی ئەمریکا.
٣. مناحیم بیگن – خوێن ڕێژی قەسابخانەی (دێر یاسین) لەگەڵ (ئەنوەر سادات) بە نیوەیی.

ئالفرێد نۆبێل

هێنری کیسنگەر

مناحیم بیگن

Scanned with CamScanner

٣١٨- ئایا دەزانیت؟
کچ پێش کوڕ ددان دەردەهێنێت.

٣١٩- شاری ڤینیسیا (البندقیه) شارێکی جوان و تەماشاییە شەقامەکانی هەمووی ئاوە و تاکسی و ئۆتۆمبیل بەلەم و ماتۆری ئاوە ئەم شارە لە ئیتالیا دایە و لە دنیادا چەند شارێکی دی کەیان بەم ناوەوە ناو وەکو: بانکۆك، دوبەی، ئەمستردام.

وڵاتی چین

٣٢٠- ماوەی فەرمانڕەوایی سەرکۆماری ئەم وڵاتانە:
١- لوبنان ٦ ساڵە.
٢- ئەمریکا ٤ ساڵە.
٣- فرانسە ٧ ساڵە

٣٢١- لە چین بەرگی شیوەن (تعزیە) ڕەنگی سپییە و بەرگی بووکێنی ڕەنگی سوورە.

٣٢٢- ناوی پلەکانی ئەفسەری لە سوپادا بەم شێوەیە:
١- عەمید "تاج و سێ ئەستێرە" *Brigadier General* .
٢- عەقید "تاج و دوو ئەستێرە" *Colonel*.
٣- نەقیب "سێ ئەستێرە" *Captain*.
٤- رائد "یەك تاج" *Major*.
٥- موقەددەم "تاج و یەك ئەستێرە" *Left colonel*.
٦- لیواء "دوو شمشێری چەپ و ڕاست" *Major General*.

٣٢٣- یەك قیرات ئەڵماس = ١/٥ گرام = ٢٠٠ میلی گرام. ئەگەر وردە ئەڵماسێك پێنج قیرات بێت دەکاتە یەك گرام.

٣٢٤- لەشی مرۆڤ دەتوانێت لە ڕۆژێك دا دوو لیتر ئاوی دەم پێك بهێنێت و یەك لیتر و چواردە لە سەدەی لیترێك عەرەقی لەش دەر دەدات.

٣٢٥- ئەحمەد موختار جاف (١٨٩٩ - ١٩٣٤) ز
لەو دەمەیدا مانگ و ئەستێرە لە گوم دا بوون، لەو دەمەی تاڵی و تاریکی ڕەوای ڕۆژانە و یاسای شەوگاری تەواو نەبوویی خەڵکێکی زۆر بووە.. لەو دەمەیدا زرەی پەیوەندەکانی "برۆمیتۆس" تووناو توون و دۆلار و دۆڵ زرنگەی دەهات و زرنگەکانیش یا دیل و چوار لاگیرا و یا ئەوانیش پەیوەند کرا.. لەو دەمەیدا هەموو ڕۆژێك داڵی چڵێسی زۆرداران جەرگی پرۆمیتۆسی دەرئەهێنا و بێ دەربەست لە هاوار و دەردی بێ نامان و هاژەی فرمێسکەکانی.. لەو دەمەیدا کەڵەپیاوی هۆزی جاف و نەتەوەکەمان وتی:

Scanned with CamScanner

لە خەو هەڵسن میللەتی کورد خەو زەرەرتانە
هەموو تەئریخی عالەم شاهیدی فەضل و هونەرتانە

دەك خوا بشكێ ئەو دەستەی دەمی پڕ بانگەوازی تۆی بێ دەنگ كردووە ! دەك خوا نفرینی لای خوا و مێـژوو و هەستە جوانەكان بێت ئەو دەستەی مۆمی هەڵگیرساوی تو و ئێمە كوژانـدەوە ! چۆك لـە بـاوەش بێـت ئـەو نامەردە كە بەو دەردەی بردیت !
روو رەشـەكان هانیـان داوە و قـەل ناسا بـای كردوەتـە پەرپۆكانییـەوە و بـەڵێ قوربـان.. قوربـان ئـەی دەزانـی ناوەڕووتی هۆز و مێـژوو دەكرێ و كـراوە.. بولبـولی خـۆش ئـاوازی گـەلی چەوساوە. ئـەوای پـێ شـێڵ كـراوی هەزاران عاشق و شەیدا. ڕەوای چوار دەور چنراوی شاعیری گەنج و جەوان و لاوی سەردەمی تاریكی و كوژاوە بە دەردی دەستی نامەردی خوێن خوارە ناسراوەكانی جاف و كورد:
جاهیلان بۆ ئیستیفادەی زاتی خۆاین رۆژ و شەو
لەم موحیتە مەنعی عیلم و سەنعەت و عیرفان ئەكەن

رووڕەشی دنیا و قیامەت ئەو ئەفانانەن كەوا
هەجووی قەوم و میللەتی خۆیان بە پارە و نان ئەكەن
بڕوانە چۆن بەیداغی شرۆلی نارەزایی هەڵ ئەگرێ و ڕای ئەوەشێنێت بەرانبەر وردە زۆر دارانی دەور و بەری كە غولامی هەڵقـە لـە گـوێی سـیم و زەڕی زۆری زۆردار سـەرەترن. بنـوارە بانگـەواز و سـكالاكەی چـەند بـێ هەنووزانە و بە سۆزانە لە دەم دێتە دەرێ.. بنواڕە چۆن ئـەقیزەی لا گـەردنی جـدەوی مـل هـوڕە نامـەردەكان ئەدا و ئەچرپێنێ بە گوێی رەش و رووتاو ئەفەرموێت:

دەسا تێكۆشن ئەی قەومی ئەجیبی بێ كەس و مەزڵووم
بە گورجی ببڕن ئەو ڕێگە دوورەی وا لە بەرتانە

بخوێنن چونكە خوێندن بۆ دیفاعی تیغی دوژمنتان
هەموو ئان و زەمانێك عەینی قەڵغان و سوپەرتانە

زۆردارە سـەرەكانی دام و دەزگـای مـسز بێـل بـە بیـستنی مانـای هەڵبەسـتەكانی موختـار وەكـو چـوار پـێیـەكی ترساو لە درندە گوێ قـولاغ بـوو ئـەوە و سـڵووكانەوە.. مەگـەر ئـەبێت لـەم دەوری گوزەرەدا تـا لـەم چـوار لاو بەردەداشاعیرێكی وا رۆشن و خاوێن سروشت هانی خوێندن و خوێندنـەوە و زانیـاریی تێكـڕایی خـەڵك بـدات و بەلایەوە لە هەموو شت گرنگتر بێت ؟
مەگەر لەو بێ دەرەتانییەدا ئاوا پێ نووسێك هەڵ ئەكەوێت بێتە چقڵی چاوە داقڵیشاوەكانی زۆردارانی گـەورە و بچووك ؟ ئاوا هان دانێك ؟ ئاوا دانانی رێبازێك ؟ ئاوا غەمخوارێك بوو ئەو و ئێمە و ئەوان؟
بانگەوازی (خەڵقینە دە درەنگە هەستن.. وا زەواری میللەتان دەنگی زەنگی ئاسمانی ئـەپێوێ و ئەزرنگێنـەوە وردە مل هوڕەكانی ناوچەی هەڵەبجە و بناری هەورامان ئاڵۆزتر ئەكا و بۆ رازی كردنی دام و دەزگای ئینگلیـز بە لووشكە لووشكە خۆیـان ئەگەیننـە سـەر ئـاخوری بـێ شـەرمی ئـەڕۆن بـە چـۆكا و چـەپ و راسـت دەسـت ئەخەنە سەر سینە و بەڵێنی خامۆش كردنی هەڵگیرساوی دژ بە بێگانە ئەدەن بـە دوژمـن. ئـەم بەڵێنـە وەكـو شمشێرێكی دوولایی وا بووە و بە تیرێك دوو نیشان .. لەلایەكەوە پتەوكردنی باوەڕی ئاغاكانیان و لەلایەكـەوە هەڵ لووشینی زەوی و زێڕ و سامانی چەند منداڵە وردیلەیەكی بێ كـەس و بـێ ئـامۆزا.. وە هـەر سـاڵ پێـشان

Scanned with CamScanner

دانی پسوولەی ئیمزای دەس هەڵبەست و لە بایی دا داگیرکردنی دارابی و بەجێماوەکانی موختار جاف لەلایەن گورگی دەم خوێناویەوە.
وەنەبێت موختار جاف تەنیا هەر لە مەیدانی میللەت و خاك و خەڵك دا شۆڕە سوار بووە بەڵکی تەڕپۆشی و دڵ تەڕیی ئەم کەڵەپیاوە نیشانەی چاوگەی هان دانی و خوا بووە بۆ جوان پەرستی و جوانی ناسین.

وتم بەو تیغی ئەبرۆتە دڵم لەت لەت بووە قوربان
کەچی فەرمووی ئەگەر بیشتکوژم تۆ هەر بڵێ چاکە !

لە عیشقی خووب ڕوویان مەنعی من هەرگیز مەکە واعیز
بەدەستی خۆم نییە بەخوا ئەمە دەردێکی سامناکە

بەڵێ بازاڕی دەهرە وا یەکێ سۆفی یەکێ شێخە
یەکێ جێگەی خەراباتە, یەکێ بێ هۆشی تریاکە..

بەسەر شانا کە وەختێ رادەکێشێ زوڵفی پرچینی
لە پێش چاوی منی سەودا زەردە وەك ماری زوححاکە

ڕووڕەش بێت ئەو کەسەی بیری لە کوشتنت کردەوە ! گێلانە وای ئەزانی ئازانە زوو لە بیر ئەچێتەوە, ڕۆژێك هەر ڕۆژێك ئەبێت بە مردوویش ئەو پیاو کوژانە لە دادگای ویژدانی گەل رسوا بکرێن لای مرۆڤ.. مرۆڤی سەر زەوی .. تێکرا.

٢٢٦- جیڤارا "جاکوارا" ١٩٢٨ – ١٩٦٥ ز

ناوی ئارتستو جیڤارا سیرنایە, لە ئەرژەنتین لە دایك بووە, کوڕی ئەندازیارێکی میعماری بووە, سەرەتا ویستوویەتی کۆلێجی پزیشکی تەواو بکات, بەڵام کۆلێجی بەجێ هێشتووە بەرە و گواتیمالا کەوتوەتەڕێ, لە سەردەمی دەسەڵاتی (جوزمان)دا کە پەیڕەوی بیروباوەڕی چەپ بوو. لە ساڵی ١٩٥٦دا لە مەکسیك پێوەندی لەگەڵ جووتەبرا فیدڵ کاسترۆ و رائول کاسترۆدا پەیداکرد و بوو بە هاوپەیمانیان. لەگەڵیان دا بەرەو کووبا ڕۆیشتن. دەستیان کرد بە شەڕی پارتیزانی دژ بە پاتێستای دکتاتۆر و لە پێناوی ئازاد کردنی کووبادا.
شەڕی ئازادیخوازانەی (فیدل) سەرکەوت و دام و دەزگای پاتێستا هەڵ پێچرا. جیڤارا پلەی مێجۆر (راند)ی لە سپادا وەرگرت و رەگەزنامەی کووباشی پێ درا و لە ساڵی ١٩٦١ دا کرا بە وەزیری پیشەسازی کووبا, بەڵام گیانی سەرکێشیی ئەم پارتیزانە لە دامرکان دا نەبوو, بۆیە بریاریدا لە هەر کوێدا دژ بە دەسەڵاتی ئیمپریالیست دەست درایە چەك لە وڵاتی ئەمریکای لاتین دا یەك و دوو نەکات و بەشداریی بکات. ئەوەبوو لە یەکێك لەو شەڕانەدا لە بۆلیڤیا دەست گیر کراو و کوژرا.

Scanned with CamScanner

٢٢٧- جانتای دیپلۆماسی:

ئەو جانتایەیە لە وڵاتێکەوە دەڕوات بۆ باڵیۆزخانەی خۆی لە وڵاتێکی بێگانە، جا بە پێی یاسایەك لەلایەن وڵاتەکانەوە دانیای پێدانراوە ئەو جانتایە نەکرێتەوە و ناپشکنرێت، ئەگەر بشیانەوێ جانتاکە بپشکنن دەبێ نوێنەری ئەو وڵاتە لەوێ ئامادە بێت، هەروەها ئەوانەی وا لە سەفارەتەکان دا کاردەکەن و پەساپۆرتی دیپلۆماسییان هەبێت بەندناکرێن.

٢٢٨- خارکۆف:

شارێکی وڵاتی سۆڤیەتە لە ناوچەی ئۆکرانیادا و تا ساڵی ١٩٣٤ پایتەختی ناوچەی ئۆکراین بووە و نزیکەی ١,٢٥٠,٠٠٠ کەسی تێدا دەژی، ئەم شارە لە ساڵی ١٩٤١ دا لەلایەن ئەڵمانەکانەوە داگیرکرا.

٢٢٩- خالیدە ئەدیب (١٨٧٥ - ١٩٦٤ ز)

ئافرەتێکی خەڵکی تورکیا و پێشڕەوی ڕێکخراوی جووڵانەوەی ئافرەتانی تورکیا و هاوکاری مصطفا کەمال ئەتا تورك بوو. تاوانی پیلانی کوشتنی (ئەتا تورك)ی دراوەتە پاڵ، بۆیە ڕادەکاتە بریتانیا و لەوێشەوە بۆ ئەمریکا، هەر لەوێش دا مردووە.

٢٣٠- خرۆشۆف:

نیکیتا سێرجیفتش خرۆشۆف لە ساڵی ١٨٩٤ لە ئۆکرانیا لە دایك بووە، کوڕی کرێکارێکی کانگاکان بوو، بە منداڵی شوانی و ئاسنگەری کردووە، چووەتە جەرگەی سپای قەیسەرەوە، لە ساڵی ١٩١٨دا چووەتە ڕیزی شۆڕشگێڕان و سپای سوورەوە، لە ساڵی ١٩٢٩ دا چوەتە ئاکادیمی هونەرە تازەکان. بەرەبەرە لە ریزی حزبی کۆمۆنیست دا پێش کەوتووە و لە ساڵی ١٩٥٨ دا لە جێگەی بولگانین بوو بە سەرەك وەزیرانی یەکیەتی سۆڤیەتی.

٢٣١- خەتی ماجینۆ:

زنجیرە قەڵاو سەنگەرێکی پتەو و ڕێڕەوی ژێر زەوی و جێگای تاقەت و ئاسایشی سەربازان و تۆنیلی پتە و بوو ئەندریە ماجینۆی وەزیری شەڕی فڕانسە سەرپەرشتی دروست کردنی کرد بۆ بەرگری لە هێرشی ئەڵمانەکان بۆ سەر وڵاتی فڕانسە. بەڵام لە ساڵی ١٩٤٠دا ئەڵمانەکان گورج ئەو خەتەیان هاڕی بەسەر یەك دا و فڕانسەیان داگیر کرد.

٢٣٢- خەتی مارت:

خەتێکی سەربازگەری بوو لە نێوان وڵاتی تونس لە نێوان سپای ڕۆمیلی ئەڵمان و سپای هەشتەمی بریتانیادا کە لە دواییدا سپای هەشتەم توانی وێرانی بکات.

٢٣٣- خەتی هەندنبورگ:

خەتێکی سەربازگەری بووە لە بەشی ڕۆژاوای وڵاتی ئەڵمانیادا تا دوا ڕۆژی شەڕی یەکەمی جیهانی ماوەتەوە، پاشان لەلایەن ئینگلیزەکانەوە شکاوە.

Scanned with CamScanner

٢٣٤- دارلان (١٨٨١ - ١٩٤٢ ز)
دوای داگیر کردنی فرانسه لەلایەن ئەڵمانەکانەوە و دامەزرانی دەوڵەتی (فیشی) سەر بە ئەڵمانیا لە فرانسادا بوو بە فەرماندەی هێزی دەریایی وڵاتی فرانسە, لە ساڵی ١٩٤٢ لەلایەن گەنجێکی فرانسەییەوە لە جەزائیر کوژراوە.

٢٣٥- دەلای لاما
ناوی سەرۆکی ئاینی هۆزی لامییەکانە کە لایەنگری ئاینی بوودان لە (تیبەت), دوای ئەوەی چین دەستی بەسەر تیبەت دا گرت دەسڵاتی دەلای لاما کەم کرایەوە.

٢٣٦- دانووب
دووەمین رووباری قارەی ئەوروپایەو درێژییەکەی ١٧٥٠ کیلۆمەترە لە سەرچاوەکەیەوە لە خوارووی ئەڵمانیاوە دەست پێ دەکات و دەرژێتە دەریای رەشەوە.

٢٣٧- دەنکرك:
شارێکی کەنار دەریایە لە سەرەوەی فرانسەدا نزیکی سنووری بەلجیکا, زۆربەی ئەوتی فرانسە لەو شارەدا دەپاڵێورێت, لە شەڕی دووەمی جیهان دا بەناوبانگ بوو سەبارەت بەوەی کە بوو بە بنکەی بریتانیا دژ بە ئەڵمانیا, دوای گرتنی فرانسە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە و هێزەکانی بریتانیا کشانەوە ئینگلتەرە.

٢٣٨- دوتشە
ناوێکی ئیتالییە واتە سەرۆك, ئەندامانی حزبی فاشستی ئیتالیا بە سەرۆکی حیزبەکەیان دەگوت کە مۆسۆلینی بوو.

٢٣٩- دووشەنبە:
پایتەختی کۆماری تاجیکستانی سۆڤیەتییە و پێی دەگوترا (ستالین ئاباد)و دوای بێزاندنی ستالین ئەو ناوەش گەڕایەوە سەر ناوە کۆنەکەی خۆی. ئەم شارە ٢٦٨ هەزار کەسی تێدا دەژی.

٢٤٠- دیان بیان فو:
بنکەیەکی بەهێزی لەشکری ئیمپریالیستی فرانسە بوو لە ڤێتنام دا, هێزی ئازادیخوازانی ڤێتنام بە سەرۆکایەتیی (هۆشی مین) پەنجا و حەوت رۆژ گەمارۆیان دا و لەناکاو دا گرتیان.. جا هەرچی سەربازی تێدا دابوو بە جەنەراڵ "دی کاسترۆ"یشەوە هەموو بە دیل گیران.

٢٤١- دێر یاسین
گوندێکی فەلەستینی رۆژی نۆی مانگی نیسانی ١٩٤٨ سەهیۆنستەکان کوشتارێکی گشتیان تێ داکرد کە بە ژن و منداڵ و پیاوەوە هەموویان کوشتن و لاشەکانیان خستنە ناو بیرەوە.

Scanned with CamScanner

٢٤٢- دیمۆگرافی
زانیارییەکە کە دەربارەی سەرژماری کەم بوون یان زۆر بوونی خەڵك و مردن و لەدایك بوونیان، هەروەها دەربارەی کۆچ کردن لە لادێوە بۆ شار یان لە وڵات دەرچوون و شیکردنەوەی هۆیەکانی ئەمانە.

٢٤٣- دیناسور:
جۆرە جانەوەرێکی زل و زەلام بوون پێش ملیۆنان ساڵ بەسەر زەوییەوە دەژیان و تا ئێستا بە شێوەیێکی زانیاریی رۆشن، هۆی لە ناوچوونیان باش روون نەبوەتەوە. ئەم گیانلەبەرانە چوار بەشن:
١. بەشی یەکەم:
درترین و خوێن خوارترین بەشەکانی دیناسورە و بە "تیرا نوسور" ناودارە، هەر گیانلەبەرێکی تووش بووبێ، بێ یەك و دوو پەلاماری داوە هەر ئەم جۆرەش بووەتە هۆی لەناوچوونی تۆخمی دیناسور. ئەمانە گۆشت خۆر بوون و ریزە ددانێکی هەرەیی و دەست و پەنجەی زەلام و بەهێزیان هەبووە و لەسەر دوو پێ رۆیشتوون و درێژیی هەر یەکێکیان لە دە مەتر کەمتر نەبووە.
٢. بەشی دووەم:
ئەم بەشە وشکاوی بوون (لە وشکانی و لە ئاویش دا ژیاون) زۆر زل و زەلام بوون، بەلام گۆشت خۆر نەبوون بەڵکو لەسەر گیا و گەڵای داران ژیاون. لەسەرەتای دنیاوە هیچ گیانلەبەرێك لەم جۆرە زلتر نەبووە جگە لە نەهەنگی شین.
ئەمانە لەسەر چوار پێ رۆیشتوون، ملێکی درێژ و سەرێکی بچووك (لە گوێرەی لەشیان) و کلکێکی درێژیان هەبووە.
٣. بەشی سێیەم:
ئەم بەشەش هەر خواردنیان گیا و گەڵای داران بووە و بە دوو پێ رۆیشتوون و درێژییان دەوروبەری سێ مەتر بووە، پێیان دەڵێن "کوانادون".
٣. بەشی چوارەم:
دیناسۆری زری پۆش، کەوا تەواوی لەشی هەروەکو بەرگێکی ئاسنی لەبەردا بێت ئاوا داپۆشراو بووە و بۆ خۆپاراستن چەند شاخێکی لە کەللەوە هەبووە. بە چوار پێ رۆیشتووە و بەرزیی دوو مەتر بووە، هەر کە بە پشت دا خراوە بە ئاسانی سکیان دڕیوە و بووەتە خۆراکی دیناسورە گۆشت خۆرەکان.



٢٤٤- رادار
دەزگایەکە بۆ دۆزینەوەی فڕۆکە یان هەر شتێکی دی کە بە ئاسمانەوە بێت بەهۆی کورتە شەپۆلی ئیستگەیەوە.

٢٤٥- رایشتاگ:
بە مەجلیسی نوێنەرانی ئەڵمانیا وتراوە لە ساڵی ١٨٧٠ تا ساڵی ١٩٤٥. ئەم مەجلیسە لە سەردەمی دەسەڵاتی نازییەکان دا هەمووی ٨٥٠ نوێنەر بوو.

Scanned with CamScanner

٣٤٦- زبلن

زبلن له ساڵی ١٨٨٧ له دایك بووه, ئەم داهێنەرە ئەڵمانییە جۆرە باڵۆنێكی تایبەتی دروست كردووە بەناوی كونت فردیناند فۆن زبلن, بەناوبانگترین باڵۆنێك كە ناوی ئەم داهێنەرەی بەسەرەوە بووە ناوی (گراف زبلن) كە دەوری دنیای داوەتەوە, دووەمیان باڵۆنی هند نبورگ بوو كە لە ئەمریكادا لە كاتی نیشتنەوەیدا سووتاوە.

٣٤٨- سانتیاگۆ:

ناوێكە له زۆر جێگە و شار نراوە:

١- سانتیاگۆ: پایتەختی شیلییە.

٢- سانتیاگۆ: ناوچەیەكە لە كۆماری دۆمەنیكان.

٣- شارێكە لە سلڤادۆر.

٤- شارێكە لە پەنەما.

٥- شارێكە لە ئیسپانیا.

٦- شارێكە لە كووبا.

٧- ناوچەیەكە لە ئەرجەنتین.

٨- شارێكە لە كالیفۆرنیای ئەمریكا.

٣٤٨- سەعد ئاباد:

پەیمانێكە لە ساڵی ١٩٣٧ دا لەنێوان چوار دەوڵەتی دراوسێوە مۆركراوە:

١- عیراق – ناجی ئەلئەصیل.

٢- توركیا – روشدی ئاراس.

٣- ئافغانستان – فەیضوڵلا محەممەد خان.

٤- ئیران – عینایەتوڵلا سەمیعی.

بۆیەش ناونراوە سەعد ئاباد ونكە لە كۆشكی سەعد ئابادی تاران دا مۆركرا.

٣٤٩- سێگمان ری (١٨٧٥ – ١٩٦٥ ز)

لە بنەماڵەیێكی ناسراوی كۆریا بووە و لە ئەمریكا خوێندنی لەزانكۆی (لاهوت)دا تەواو كردووە, دوای دەرچوونی ئیستعماری ژاپۆن لە كۆریادا دەسەڵاتی گرتە دەست و دایە پاڵ ئەمریكا و تا ساڵی ١٩٦٠ هەر بە سەرۆكی كۆریا (بەشی باشوور) مایەوە. ساڵی ١٩٦٠ بۆ ئەمریكا كۆچی كرد و لە دورگەیەك لە دورگەكانی هاوای دامرد.

ئەدواردی هەشتەم و خۆشەویستەكەی مسزسامسۆن

٣٥٠- مسز سامسۆن

بێوەژنێكی ئەمریكایی بووە, ئەدواردی هەشتەمی پاشای بریتانیا عاشقی بووە و هەر لەبەر ئەو خۆشەویستییە وازی لە تەختی پاشایەتی هێنا چونكە یاسای بریتانیا ماوەی نەدەدا ئەو ژنە بهێنێت.. بەڵام ئەو هێنای و خۆشەویستی بەسەر پاشایەتی دا زاڵ كرد.

Scanned with CamScanner

۲٥۱- شاستری (۱۹۰٤ - ۱۹٦٦ ز)

سەرەك وەزیرانی وڵاتی هیندستان بووە ناوی لال بەهادور شاستریيە، لە دێی (مەغۆل سەرای) لە خێزانێکی ماموستا پیشە لەدایك بووە، یەکێك بووە لە شاگردانی (گاندی) و (نەهرو) و لە خەباتی رزگاریی وڵاتی هیندستان دا بەشداریی کردووە، لە کاتێك دا چووە شاری (تاشقەند) لە یەکیەتی سۆڤیەت تا لەگەڵ ئەییوب خانی سەرەك وەزیرانی پاکستان دا بەناوبژی کاریی (کوسگین)ی سەرەك وزیرانی ئەو دەمەی سۆڤیەت پەیمانی ئاشتی مۆربکات، دوای مۆر کردنی پەیمانەکە دڵی وەستاوە و مردووە.

۲٥۲- شتێرن:

رێکخراوێکی سەهیۆنستی جوولەکانە، وشەکە مانای (شەڕکەران لە پێناوی ئازادیی ئیسرائیل)ە، ئەم رێکخراوە چەتەیە لە گەرماو گەرمی شەڕی دووەمی جیهان دا جموجوڵ و چالاکیی زۆر بوو.. لە سەرەتاوە لەلایەن بریتانیاوە یارمەتی دەدرا و ئەو یارمەتی دانە بوو بە خەڵکی بێ چەکی فەلەستین.

۲٥۳- شیکوکۆ

یەکێکە لە چوار دورگە گەورەکانی وڵاتی ژاپۆن، شاری کوتشی وتوکۆشیما لەم دورگەدان.

۲٥٤- **تاهیر بەگی جاف**

رووخانەی پڕ هەڵ هەڵەی هەڵبەست و مۆسیقا، چاوگەی هەستی شیرین و بزەی پێکەنین، هەوێنی هەر بەزمێکی ژیان و ژین، ئاسك رەفتار، سەکر گوفتار، شەوچرای ئاسمانی بێ تروسکەی عاشقان سرکەری ئێشی جودایی و دوور لە دولبەر، درەختی بەرداری عیشق و حەز و.. ئەوا.. هان دەری ریتمی پڕ تەرازوویی تەلی تار، هاوڕازی ناڵەی نەی و قورگی پڕ نای و هاوار، پۆدرە و گەردی رەنگی زەردی شەوبێ دارانی شەو، لەولایە لایەکەری دیدەی کلارەی بێ خەو تا تایەر بەگی جاف:

تابەکەی قوربان بناڵم من بە ئێش و دەردەوە ؟
دەس بە ئەژنۆ قوربەسەر دایم بە ئاهی سەردەوە

رۆژی ئەووەل بوو کە زانیم ئەبێ دێوانە بم
عاشقی تۆ نەوعی مەجنوون وا بە کێو و هەردەوە
چاك زانیویەتی هاژەی عیشقی سیروان ئاسایی دامرکاندنی بۆ نییە عیشقی ئەو هەتا هەتایێ و سەرمەدییە.. لە گەڵیا ژیاوە و ئەبەدییە.. وەکو ساوایەکی دایك بەجێ هێشتووە زیرەکانە خۆی ئەلاوێنێتەوە و ئەفەرمووێت:
مەرحەمەت کە زوو برۆ قاسید بڵێ دەردی دڵم
نازی پاپوچت ئەکشێم من بە تۆز و گەردەوە
هەروەکو قەوس و قەزەح با دەس لە گەردن دانیشتن
تۆ بە سوخمەی ئاڵ و سەوز و من بە ڕەنگی زەردەوە

بنوارە لە کەهکەشانی ئاسمان دا چ پەردێکی رەنگاورەنگی دا بەستووە بەسەر دەریای هەست و حەزا.. بنوارە چۆن خۆی گەیاندووەتە دەروازەی مەلەکووتی عیشقی هەمیشە زیندوو، سەیرکە چۆن سەر بەرە و ژوورەکەی هەسوونە زێرینەی ئەپێوێ و دەس بە خەنجەر هەڵ ئەکوتێتە سەربۆ نەهاتن و کەم مەیلی و کەم

Scanned with CamScanner

سەودایی، ورد بەرەوە بزانە چۆن دانە دانە ئەندامەکانی خێزان و بنەماڵەی رەنگ ئەکاتە شایەت بۆ عیللەت و هۆی دەردی دڵ:

یەك نەفەس چاکی نەهێنا کەعەتێنی بەختەکەم
شەش دەرم گیراوە، داماوم بە دەستی نەردەوە
ئیلتماسی تاهیری بێ چارە قەت سوودی نییە.
تۆ کە دایم شەڕ فرۆشی بەو دڵەی وەك بەردەوە
ژانەکە لەزەتە، لەزەتەکە حەزە..

حەزێکی تێکەڵ بە ئێش؛ ئیشێکی هەڵ بژێراو و پەسنکراو، ئاوا تاهیری بەگ بە شێوەی خۆی. چەنێك ناسك و لەسەرخۆ ویستیەتی بگاتە هەست نەکو مەبەست.

٣٥٥- تروهیلۆ یان تروهیۆ:
ناوێکە بۆ پیاوە رامیارییەکانی ئەمریکای لاتین بەکار هاتووە وەکو:
١- جۆلیان تروهیۆ:
سەرکۆماری کۆلۆمبیا بووە لە ساڵانی ١٨٧٨ تا ١٨٨٠، لە ساڵی ١٨٨٤ دا مردووەز
٢- تروهیۆ مۆلینا "روفائیل":
سەرکۆمار و دیکتاتۆری وڵاتی دۆمنیکان بووە بۆ ماوەی ٣٠ ساڵی رەبەق، لە ساڵی (١٩٣٠)ەوە تا ساڵی ١٩٦١ کە کوژراوە، ناوبراو لە ساڵی ١٨٩١ دا لە دایك بووە.
٣- تروهیۆ مۆلینا "هیکتۆر"
لە ساڵی ١٩٠٨ لە دایك بووە و بووە بە سەرکۆماری دۆمنیکان.
٤- تروهیۆ: لە ساڵی ١٩٣٦ پایتەختی وڵاتی دۆمنیکان ناونراوە (تروهیو) بە ناوی بنەماڵەی فەرمانڕەواوە، بەڵام لە ساڵی ١٩٦١ دا ئەم ناوە لابرا.

٣٥٦- تریجفی لی
خەڵکی وڵاتی نەرویج و یەکەمین سەرۆکی ریکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بوو لە شاری ئوسلۆ لە ساڵی ١٨٩٦ دا لە دایك بووە. زانکۆی حقوقی تەواو کردووە و سەردەمێك پارێزەریی کردووە. لە ساڵی ١٩٤٦ دا بووە بە سەرەکی نەتەوە یەکگرتووەکان، تا ساڵی ١٩٦٤ کە داك هەمەرشۆلد جێگەی گرتەوە.

٣٥٧- تسوشیما:
یەکێکە لە دورگەکانی وڵاتی ژاپۆن لە مێژوودا سەبارەت بە شەڕی دەریایی کە لە نێوان هێزی دەریایی ژاپۆن بە سەرکردایەتیی (توجو) و هێزی دەریایی رووسیادا بەسەرکردایەتی (روزدستفسکی) لە ساڵی ١٩٠٥دا رووی داوە ناوی درگردوە لەو شەڕەدا هێزی دەریایی رووسەکان تێك شکێنران بە سەریەکدا زۆر بەشیان بەدیل گیران.

٣٥٨- تشمپرلن (١٨٦٩ – ١٩٤٠ ز)
چەند ساڵێك سەرەك وەزیرانی وڵاتی بریتانیا بوو و شێوەی کاریلایەنگیری ئاشتی بووە، لە ساڵی ١٩٣٨دا پەیمانی مۆنیخی لەگەڵ ئەڵمانیای نازیدا بەستووە و دوای داگیرکردنی وڵاتانی چیکۆسلۆڤاکیا و پۆڵەندە

Scanned with CamScanner

لەلایەن ئەڵمانیای نازییەوە رەوشتی بریتانیا دەربارەی ئەڵمان گۆڕا و لە ساڵی ١٩٤٠ چووە ناو جەرگی شەڕەوە و بە بەشداربوونی بەریتانیا لە شەڕدا چەرچڵ بووە بەسەرەك وەزیرانی بریتانیا.

٣٥٩. ئەلستار:
مانگێکی دروست کراوی ئەمریکایە لە ساڵی ١٩٦٢ بەرە و ئاسمان هەڵ دراوە ئەم مانگە دەستکردە لە ئەلەمنیۆم و مەغنسیۆم دروست کراوە، زۆرتر بۆ بەهێز کردنی سستەمی بێ تەل و دامودەزگای تەلەفزیۆن بەکاردێت. هێز و توانای خۆیشی لە تیشکی هەتاو وەردەگرێت و کۆمەڵی دەکا بۆ تەنگانە. لەماوەی ١٥٧,٨ دەقیقەدا یەك جار بە دەوری زەویدا دەسووڕێتەوە.

٣٦٠. تەنکو عەبدولڕەحمان
سەرەك وەزیری یەکیەتی مالیزیا بوو لە ساڵی ١٩٠٢ لە بنەماڵەیێکی ناسراوی مەلایۆدا لە دایك بووە باوکی سوڵتانی ناوچەی (قدح) بووە، لە ساڵی ١٩١٧ چووەتە بەریتانیا و زانکۆی (ئۆکسفورد)ی تەواو کردووەو لە ساڵی ١٩٥٧ دا بووە بە نوێنەری وڵاتەکەی بۆ راوێژ کردن لەگەڵ بەریتانیا بۆ ئازادیی وڵاتەکەی، لە ساڵی ١٩٦٣ یەکیەتی مالیزیای پێك هێنا و لە ساڵی ١٩٦٥ وڵاتی سنگاپۆری لە یەکیەتییەکەی جیاکردەوە.

٣٦١. تیموشنکو
لە ساڵی ١٨٩٤دا لە خێزانێکیجووتیار لە وڵاتی روسیا لە دایك بووە، چووەتە رشتەی سپاوە، لە شەڕ و شۆڕە ناوخۆیان دا و ناوخۆیەکان لە شۆرشی ئۆکتۆبەردا شۆرەتی دەرکردووە بە تایبەتی دوای بەزینی فەرماندەی سپای سپی "دنیکین". لە ساڵی ١٩٤٠ بووە بە بە وەزیری بەرگریی یەکیەتی سۆڤیەت، توانی بەری لێشاوی ئەڵمان بگرێت لە شاری (ستالین گراد) دا. بووە بە باڵیۆزی سۆڤیەت لە ئەثیوپیادا، پاشان گەڕاوەتەوە و بوو بە سەرەکی سپای سۆڤیەتی لە دوای ساڵی ١٩٤٨ سەرگوم کراوە و تاکو ئێستا ناوی نەبراوە.

٣٦٢. جێتلاند
شەڕی جێتلاند لە ساڵی ١٩٦ دا نێوان هێزی دەریایی ئەڵمان بە سەرکردایەتی ئەمیرال "فۆن شیر" و هێزی دەریایی بریتانیا بە سەرکردایەتی ئەمیرال "جیلیکو" روویداوە و لە ئاکام دا ئینگلیزەکان سەرکەتوون، ئەگەرچی زیانێکی زۆریشیان لی کەوتووە.

گەستابو

٣٦٣. گستابۆ
وشەیەکی ئەڵمانییە بۆ پۆلیسی نهێنی بەکارهێنراوە لە سەردەمی دەسەلاتی نازییەکان دا، لە ساڵی ١٩٣٤دا ئەم رێکخراوە نهێنییە توند و تیژە لەلایەن (هیملەر)ەوە بەرێوە براوە و لە زۆربەی وڵاتان دا نوێنەری هەبووە، لەبەر ئەوەی چەکی دەستی یاسای نازی بووە دادگای نۆرنبورگ ئەندامانی ئەم رێکخراوەی بە تاوانبارانی شەڕ ناسیوە.

Scanned with CamScanner

٣٦٤- كلۆپ پاشا

سێرجۆن باگوت کلۆپ لە ساڵی ١٨٩٧ لە دایك بووە کوڕی سێ خەتێکی سپای بریتانیا بووە, ساڵی ١٩١٤ زانکۆی "ولتیش"ی تەواو کردووە کە زانکۆیەکی سەربازی بووە و لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشداری کردووە و سێ جار بریندار کراوە و برینێکی لە دەموچاویدا دیاربوو لەناو (بەدوو)دا بە "ئەبو حنێك" واتا چەناگەخوار ناسراوە. ساڵی ١٩٢٠ هاتووە بۆ عیراق و لە عیراقەوە ڕۆیشتووە بۆ ئەردون و بە دانەری "الفیلق العربي" ناسراوە و لە شەڕی فەلەستین دا ساڵی ١٩٤٨ بووە هۆی لە دەست چوونی شاری "اللد" و "الرملە". لەدواییدا لە ساڵی ١٩٥٧ دا لە ئەردون دەرکرا.

کلۆپ ئەم کتێبانەی نووسیوە:

١- داستانی فەیلەقی عەرەبی ١٩٤٨.

٢- سەربازێك لەگەڵ عەرەبدا ١٩٥٧.

٣- بریتانیا و عەرەب ١٩٥٩.

٤- شەڕ لە بیاباندا ١٩٦٠.

٥- سەرکەوتنە گەورەکانی عەرەب ١٩٦٣.

٦- ئیمپراتۆریەتی عەرەب ١٩٦٣.

٣٦٤- هونەری تەعبیری:

شێوەیەکی تایبەتییە لە دنیای هونەردا کە بە هێزێکی ڕاستەوخۆ لە تەلی هەستی بینەر دەدات.. نیگاری تەعبیری ڕوخسارێکی دینامیکی هەیە و شێوە و سیمای کەسایەتییەکان ڕوون و ناشکرایە.. ڕەنگ تێدایە پڕە لە شەپۆلی دەم دەم تێکەڵ بە هەستێکی دەروونی.

ڤان کۆخ و کۆگان و مۆنگ پێشرەوانی ئەم قوتابخانە بوون.

٣٦٥- گۆرینگ

هێرمان فیلهم گۆرینگ لە ساڵی ١٨٩٣ لە دایك بووە, لە شەڕی یەکەمی جیهانیدا بەشدار بووە و سەرۆکی پۆلە فرۆکەیەکی جەنگی بووە کە لە سەردەمی شەڕدا زۆر چالاك بوون. پاشان لە سەردەمی فەرمانڕەوایی هیتلەردا بووە بە سەرکردەی هێزی ئاسمانی دوای تێشکانی دەسەڵاتی نازی لە شەڕی دووەی جیهان دا لەدادگای نورەنبورگ لەگەڵ دە نازیی ناوداری تردا بڕیاری خنکاندنی دراوە, بەڵام پێش ئەوەی بخێنکرێت بە دوو سەعات لە بەندیخانەدا لە ڕۆژی ٣٠ ی سەپتەمبەری ١٩٤٦ دا خۆی ژەهر خوارد کردووە.

٣٦٥- جیوفیزك

ناوی بەرنامەیێکی زانیاریی جیهانییە کە لە ساڵی ١٩٥٧ دا داندراوە, ئەم بەرنامە زانیارییە دەربارەی چۆنیەتی گۆی زەوی و دەوروبەرێتی وەکو: هێزی ڕاکێشانی زەوی (جاذبیة), موگناتیسیی زەوی, تیشکەکانی ئاسمان, نهێنییەکانی ئۆقیانووسەکان, بەستەڵەکی قوتبەکانی زەوی.

Scanned with CamScanner

٣٦٦ حەسەن ئەل بەننا

حەسەن کوڕی ئەحمەدی بەنناى ساعاتی. لە ساڵی ١٩٠٦دا لە شاری مەحموودییەی میصر لە دایك بووە. لە فوتابخانەی (دار العلوم) خوێندوویەتی و لە ساڵی ١٩٢٧ تەواوی کردووە. لە شاری ئیسماعیلییەدا رێکخراوێکی ئیسلامی بێك هێناوە. بەرەبەرە رێکخراوەکە گەورە بووە و دروشمەکەی ئەوە بووە: "خوا مەبەستمانەو پەیامبەر سەرۆکمانە. قورئان یاسامانە. جیهاد رێگەمانە و مردن و لە پێناوی خوادا ئاواتمانە".

کەم کەم ئەم رێکخراوە ئاینییە چووە ناو کۆڕی رووداوەکانی سیاسەتەوە و لەگەڵ حکوومەتەکانی دەوڵەتی میصردا هەمیشە لە گێرە و کێشەدا بووە. لە ساڵی ١٩٤٩دا کوژراوە.

٣٦٧ خابوور

رووبارێکە زۆربەی کەوتوەتە وڵاتی سوریەوە و دەرژێتە ناو فوراتەوە. درێژایی ٤٤٨ کیلۆمەترە.

٣٦٨ دەنشوای

گوندێکە لە ناوچەی منوفییەی میصر ناوبانگی بە رووداوێکەوە دەرکرد کە بووە هۆی لابردنی لۆرد کرۆمەر کە فەرمانداری بریتانیا بوو لە میصردا.

پێنج ئەفسەری سپای داگیرکەری ئینگلیز بۆ ڕاوەکۆتر دەچنە ئەو لادێیە و لە تەقەدا ژنێك دەکوژن و خەرمانی دێیەکە دەسووتێنن خەڵکی پەلاماریان دەدەن. ئەوانیش رادەکەن و دەردەچن. یەکێك لە ئەفسەرەکان لە هیلاکیدا دەبورووێکێت و دەمرێت. مردنەکەی بووە هۆی ئەوەی دادگای سپای داگیرکەری بەریتانیا چوار کەس بە خنکاندن حوکم بدات.. ئەم بڕیار ناڕەوایە بووە هۆی جووڵانەوەیەکی گشتیی گەلی میصر دژ بە ئیستیعماری بریتانیا بوو.

٣٦٩ رۆتردام

دووەمین شاری هۆڵەندییە. بەندەرێکی بەناوبانگە کەوتوەتە سەر دەریای باکوورەوە و لە هەمان کات دا شارێکی پیشەسازییە کەشتی سازی. جگەرە. پەنیر. شەکری تێدا دروست دەکرێت. بنکەی ناوەندی هێڵی ئاسمانیی هۆڵەندە *K.L.M* لەو شارەدایە.

٣٧٠ رۆزنبێرگ

ئەفینەرەوەی بیرورا نازیسم بووە لە شاری تالین دا لە ئەستۆنیادا لە ساڵی ١٨٩٤ لە دایك بووە. لە ساڵی ١٩٣٠ کتێبێکی بەناوی "ئەفسانەی سەدەی بیستەم" بڵاوکردۆتەوە کە بیروڕای نازیسم تێدا روون کردوەتەوە. لە ساڵی ١٩٤٦ خنکێنراوە.

٣٧١ رۆیتەر

یەکێکە لە پێنج رێکخراوی بەناوبانگی هەواڵەکانی جیهانی کە زمان حاڵی وڵاتەکانی (کۆمنویلث)ە بەناوی بارۆنێکی ئەڵمانییەوە کە ناوی فون یۆلیۆس رۆیتەر (١٨١٦ - ١٨٩٩)ز ناونراوە. ئەم پیاوە لەنێوان شاری برۆکس و واکس دا بە هۆی کۆتری نامەبەرەوە هەواڵی دەهێنا و دەبرد و لە ساڵی ١٨١٥ لە شاری لەندەنیش دا بنکەیەکی کردوە و لە ساڵی ١٨٥٨ لە زۆر پایتەختی ئەوروپادا لکی بۆ دەزگاکەی بڵاوکردوە تا بوو بە کۆمپانیایێکی گەورە و مەزن.

Scanned with CamScanner

له ساڵی ١٩٤١ نیوەی راستی ئەم کۆمپانیایە بوو بە مۆڵکی خاوەن رۆژنامە یەکگرتووەکان و لە ساڵی ١٩٥٠ بوو بە مولکی بریتانیا, نیوزیلەندە, ئوستراليا و هیندستان.
ئێستا لە پەنجا لك و بنکەی زیاتر هەیە لە سەرتاسەری دنیادا و لە ٢٠٠٠ کەس زیاتر کاری تێدا دەکات.

٣٧٢- سیك
خۆیان بە میللەتێك دادەنێن و داوای جیابوونەوە دەکەن لە دەڵەتی هیندستان, بە گشتی ٩ ملیۆن کەس دەبن, بیروڕایەکی تایبەتییان هەیە باوەڕیان بە یەك بوونی خوا هەیە لەگەڵ برایەتیی مرۆڤ لەگەڵ یەك دا, زۆرتر لە ناوچەی پەنجابی هیندستان دادەژین. ئەندێرا گاندیی سەرەك وەزیرانی هیندستان لەلایەن رێکخراوی سیکەکانەوە کوژرا.

٣٧٣- شیانگ شینگ
ژنی رابەری چین ماوتسی تونگ بووە, لە ساڵی ١٩١٠ لەدایك بووە, لە سەرەتاوە ئاکتەری شانۆ بووە, لە ساڵی ١٩٣٩ شووی بە ماوتسی تۆنگ کردووە و سێیەمین ژنی (ماوە)ە.

٣٧٤- صالح جەبر
یەکێکە لە سەرەك وەزیرانی سەردەمی پاشایەتیی عیراق و سەرۆکی حزبی "الامة الاشتراکیة". لە ساڵی ١٩٤١ ناوی دەرکردووە بەتایبەتی دوای شۆرشی رەشید عالی گەیلانی کە بوو بە وەزیری دارایی لە وەزارەتی نوری سەعیددا, لە ساڵی ١٩٤٧ بوو بە سەرەك وەزیران. لە ساڵی ١٩٤٨ پەیمانی پۆرتسموثی لەگەڵ بریتانیا مۆرکرد و لە ئەنجام دا میللەتی عیراق لێی راپەڕی هەڵیوەشاندەوە و سەرەك وەزیرانیش لەکار وازی هێنا.

٣٧٥- صەدری ئەعظەم
لە سەردەمی دەولەتی عوثمانیدا بە سەرەك وەزیران گوتراوە صەدری ئەعظەم کە تەواو کاروباری سوڵتانی ئەنجام داوە و تەنانەت ئەنگوستیلەیەکی سوڵتانیشی هەڵ دەگرت بۆ مۆرکردن و فەرمان نووسین.

٣٧٦- تابووری پێنجەم:
وشەیەکە لە رووداوە سایییەکان دابەکاردەهێنرێت لە سەرەتاوە کاتێك (فرانکۆ)لە وڵاتی ئیسپانیادا لەگەڵ کۆمار خوازەکان دا لە شەڕدا بوو ئەو ساتە چوار تیپ لەشکری هەبوو بەڵام لایەنگرانی خۆی لەناو کۆمار خوازەکان دا ناو نابوو تیپی پێنجەم. جا بەم شێوەیە وشەی تابووری پێنجەم لەو وەختەوە پەیدا بوو و بەکار دەهێنرێت.

٣٧٧- طالب ئەلنەقیب
لە ساڵی ١٨٦٢دا لە شاری بەصرە لەدایك بووە و بۆ ئازادیی عیراق ئاڵای جووڵانەوەی سیاسیی دژ بە سوڵتان عەبدولحەمیدی هەڵ گرتووە. لە ساڵی ١٩٠٢دا کراوە بە فەرمانڕەوای (ئیحسا) لە ساڵی ١٩٠٩ بوو بە ئەندامی مەجلیسی ئەعیان و بەکوشتنی قوماندانی تورك لە بەصرە تاوانبار کراوە, دوای داگیرکردنی بەصرە لەلایەن بریتانیاوە لە ساڵی ١٩١٤ دا دوور خراوەتەوە بۆ هیندستان. گەڕاوەتەوە عیراق و کراوە بە وەزیر لە یەکەمین

Scanned with CamScanner

دەوڵەتی عیراق دا. ناوی ئەوەی هەبوو بکرێت بە مەلیکی عیراق. دووبارە دوورخراوەتەوە هیندستان. لە ساڵی ١٩٢٩ لە شاری مونیخ لە ژێر "عەمەلیات" دا مردووە و هێنراوەتەوە بەصرە و لەوێ نێژراوە.

٢٧٨- تەربووش

داستانی کڵاوی (طەربووش) سەیرە, لە بنەڕەت دا کڵاوێکی یۆنانی بووە بەڵام شێوەیێکی سیاسیی بە خۆیەوە گرتووە و لەسەرنانی تەربووش مانای لایەنگیر و پەیڕەوی ئیمپراتۆرێتی عوثمانی بووە, ئەم کڵاوەش زۆرتر لە میصردا بەکارهێنراوە و چەند کارخانەیێکی تایبەتیی دروست کردنیان لە شاری "قها" دامەزراند تا چیتر لە دەرەوە نەی هێنن. لە ساڵی ١٩٢٦ دا گرەوێکیان دانا بۆ دۆزینەوەی کڵاوێکی تر جێگەی تەربووش بگرێتەوە, بەڵام وادیاری تاکو ئێستا بێ ئەنجام بووە و سەر بێ کڵاو ماوەتەوە.

٢٧٩- طەها هاشمی

زانیاریی سەربازی لە شاری ئەستەنبۆل تەواو کردووە و بوو بە ئەفسەر لە سپای عوثمانیدا, لە پێناوی رزگاریی وڵاتی عەرەبیدا لە کۆمەڵەی نهێنیی "ئەلعەهد"دا بەشداریی کردووە و لە ساڵی ١٩٢٠ دا لەگەڵ مەلیك فەیصەل دا بووە لە دیمەشق و پاش داگیرکردنی دیمەشق لەلایەن فەرانساوە گەڕاوەتەوە بۆ عیراق و لە ساڵی ١٩٢٣ بوو بە سەرۆکی سپای عیراق. لە ساڵی ١٩٤٠ لە وەزارەتی رەشید عالی گەیلانیدا بووە بە وەزیر. هەروەها بووە بە سەرەك وەزیرانیش.

٢٨٠- تۆرانی:

جووڵانەوەیەکی توورکایەتییە بۆ کۆکردنەوەی هەموو ئەو گەلانە تورکی زمانن لە دەوڵەتێك دا هەروەها بە تورك کردنی ئەو گەلانەش کە لەچوارچێوەی دەوڵەتی عوثمانیدا بوون.

٢٨١- عەباسئەلعەقاد

رۆژنامە نووس و نووسەرێکی ناسراوی میصرە لە ساڵی ١٨٨٩ لە شاری ئەسوان لەدایك بووە, لە رۆژنامەی (الدستور) و (المؤید) و (الأهرام) و (البلاغ) دا کاری کردووە, هەروەها لە رۆژنامەی (اخبار الیوم) و (الأخبار)دا نووسیویەتی, لە سیاسەت دا دژی نازیسم و کۆمۆنیسم و سەهیۆنستی بووە و زۆر کتێبی نووسیوە وەکو:

١- هیتلەر لە تەرازوودا.
٢- نازی و ئاین.
٣- کۆمۆنیسم و مرۆڤایەتی.
٤- سەهیۆنیسمی عالەمی.
٥- بەنکی میللەتان.
٦- سەعد زەغلوول.
٧- محەممەد عەبدە

بووە بە ئەندامی مەجلیسی پارلەمان و دژ بە مەلیك فوئاد قسەی کردووە و وتوویەتی: میللەت لەسەر پێیە گەورەترین سەر پان بکاتەوە ئەگەر بیەوێت یاسای وڵات بە سوودی خۆی بجووڵێنێت. لە ساڵی ١٩٦٤ لە شاری قاهیرەدا مردووە.

Scanned with CamScanner

٣٨٢- ئالآی سپی:
پارچەیەك قوماشی سپییە لە نێوان دوو فەرماندەدا یەیكێكیان هەڵی دەكات. هەڵبەتە بەرز كردنەوەی ئالآی سپی واتە تەسلیم بوون نییە, بەڵكو نیشانەی راوێژكردنە بۆ گەیشتنە رێك كەوتن.

٣٨٣- عومەر موختار

لە ساڵی ١٨٥٨ لە وڵاتی لیبیادا لە دایك بووە و خەریكی زانیارییئیسلامی بووە, لە ساڵی ١٩١١دا شەڕی ژیانی لەگەڵ ئیستیعماری ئیتالیادا دەست پێ كردووە كاتێك (طیبریق) یان داگیر كرد, لە ناوچەی جغبووب دا كۆمەڵێك چەكداری لە دەوری خۆی كۆ كۆتەوە وردە وردە شەڕی پارتیزانی دەست پێ كردووە و شۆڕشەكەی پەرەی سەندووە و لە ساڵی ١٩٢٩ لەگەڵ فەرماندەی ئیستعماری ئیتالیادا راوێژی كردووە و نەگەیشتتونەتە ئەنجام و زۆر شەڕی دلێرانەی كردووە, بە رێكەوت دیل دەكرێت لە ساڵی ١٩٣١دا خنكێنراوە.

٣٨٤- غازیی یەكەم
دووەمین پاشای عیراق بوو لە بنەماڵەی هاشمییەوە كوڕی مەلیك فەیصەل كوڕی حسێن لە ساڵی ١٩١٢ لە شاری مەككەدا لەدایك بووە. زمانی ئینگلیزی چاك زانیوە. ساڵی ١٩٢٦ نێردراوە بۆ بریتانیا بۆ خوێندن و لە زانكۆی هارۆ خوێندوویەتی عالیەی كچی مەلیك عەلیی ئامۆزای خۆی هێناوە و تاقە كوڕێكی بوو بەناوی "فەیصەل".
لە سەردەمی فەرمانڕەوایی ئەودا شۆڕشی ئاثووریەكان رووی داوە سپای عیراق سەركوتی كردووە. لە ساڵی ١٩٣٩دابە پیلانی بریتانیا تاكو دەسەڵات بكەوێتە دەستی عەبدولئیلاوە بە رووداوی ئوتومبیل مردووە.

٣٨٥- ئیحسان نوری پاشا
قارەمانی شۆڕشی ئارارات, بە بەرهەڵستی رەگەزپەرستە توركەكان ژەنرال ئیحسان نوری پاشا.
دوای لەناوچوون و پارچە پارچە بوونی دەسەڵاتی عوثمانییەكان ناوبراو بۆ وەرگرتنی ماف نەتەوەكەی دەستی داوەتە چەك لە ئاكام دا لە دیار و ناوچەی خۆی دەربەدەر كراوە و پەنای بردوەتە بە ئێران. لە ساڵی ١٩٧٥ لە شاری تاران وەفایی كردووە و لە گۆڕستانی بەهەشتی زەهرادا نێژراوە.

٣٨٨- ئیبن مەسعوود
دەگێڕنەوە حەورەتی عوثمان دەچێتە لای عەبدوڵڵای كوڕی مەسعوود كە بەسەر جێگەی نەخۆشییەوە بووە لێی دەپرسێت:
- لە چی دەترسیت؟
- لە گوناحەكانم.
- حەز لە چی دەكەی ؟
- لێ بوردنی خوا.
- با دكتۆرت بۆ بهێنم ؟
- دكتۆر نەخۆشی خستم.
- شێكت پێویست نییە ؟ بۆت نەبرمەوە ؟
- كاتێك پێویست بوو لێمت برێ, ئێستا دەم دەیتێ كە پێویستم پێی نییە؟
- بۆ كچەكانت دوای خۆت.

Scanned with CamScanner

- ئەوانیش نایانەوێت. دایانمەتە دەستی خواوە ئەو ناگاداریانە.

٢٨٩. دەربارەی هاورێیەتی گوتراوە:

١. ئەگەرچی خۆشەویستی راستەقینە نایابە.. هاورێیەتی راستەقینەش نایابتر.

- لافۆنتین -

٢. هاورێیەتی لەنێوان ژن و پیاودا نییە.. یان خۆشەویستییە, یان حەزە, یان کینەیە !

- ئۆسکار وایلد -

٣. هاورێیەتی هەمیشە بەکەڵکە, بەڵام خۆشەویستی جار جارێك زیان بەخشە.

- شیکا -

٤. خودایە لە هاورێیەکانم بم پارێزە, لە دوژمنانم دڵنیام.

- مارشال دفیا -

٥. گومان کردن لە هاورێ تاوانەکەی لە فێڵی ئەو قورسترە.

- لارۆ شفوکو -

٦. هاورێی چاك وەکو لەش ساغی و تەندروستییە, نرخ و رێزی نازانیت تا لە دەستی نەدەیت.

- کولتون —

٧. چاکترین رێگا بۆ ئەوەی هاورێی چاکت هەبێت دەبێ تۆ دۆست و هاورێی باش بیت.

- ئەمرسۆن -

٨. هاورێی چاك وەکو کاڵەك وایە تا کاڵەکێکی چاکت وەچنگ کەوێت دەبێت سەد کاڵەك تاقی کەیتەوە.

- کلود مێرمێە -

٩. دوو هاورێی دڵسۆز واتە یەك گیان لە دوو لەش دا.

- ئەرستۆ -

١٠. هاورێیەتی لەنێوان فەرمانڕەوایی دا نییە, چونکە فەرمانڕەوا شەریك و بەشداری دەسەڵاتی ناوێت.

- لوکان —

٢٩٠. گیتو

ناوێکە لە ئەوروپادا بە گەڕەکی جوولەکە دەگوترێت, لە زۆر شاریش دا گەڕەکی جوولەکەی جیاواز کرابووەوە, ئەو رەوشتە پەیڕەوی ئەو فەرمانەیە کە ساڵی ١٥٥٥ پاپا دەری کرد کەوا جوولەکەکانی شاری رۆما نابێت لەو گەڕەکەی تێیدان بچنە دەرەوە و حەسارێکیان بەدەوری گەڕەکەکەدا کرد بوو و دەرگایێکی تایبەتی هەبوو.

٢٩١. فاطمە جەناح

خوشکی محەممەد عەلی جەناحی دامەزرێنەری دەوڵەتی پاکستانە. ساڵی ١٨٩٥ لە شاری کراچی دا لە دایك بووە, خۆی بۆ سەرەك کۆماری هەڵبژاردووە بەرامبەر بە ئەییووب خان بەڵام سەرنەکەوت, بە بەرێز و دایکی میللەتی پاکستان ناوبراوە و ساڵی ١٩٦٧ مردووە.

٢٩٢. فاو

Scanned with CamScanner

وشەیەکی کورت کراوەی ئینگلیزی "ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ خواردن و کشتوکاڵ" کە لە ساڵی ١٩٤٥ دا پێك هاتووە.

٣٩٣- فیل

دەزانیت فیلی وڵاتی هیندستان هەژدە پەنجەی هەیە و فیلی ئەفریقیا چواردە پەنجە؟

فیلی ئەفریقیا پێی پێشەوەی ٤ × ٢ = ٨ پەنجە

پێی پاشەوەی ٣ × ٢ = ٦ پەنجە

———

١٤ پەنجە

فیلی هیندستان پێی پێشەوەی ٤ × ٢ = ٨ پەنجە

پێی پاشەوەی ٥ × ٢ = ١٠ پەنجە

———

١٨ پەنجە

٣٩٤- ڤلادیڤوستۆك

یەکێکە لە گەورەترین بەندەرەکانی یەکیەتی سۆڤیەت کەوتوەتە ڕۆژهەڵاتی دوور بەسەر ئۆقیانووسی هێمنەوە بەرامبەر دورگەکانی ژاپۆن. شارێکی پیشەسازی و لە هەمان کات دا زانکۆیە..

٣٩٥- فۆسجین

غازێکی ڤورسی ژەهراوییە لە ساڵی ١٨١١ زانایێکی ئینگلیز بەناوی (داڤی) دۆزیویەتییەوە لە شەڕی یەکەمی جیهان دا ئەڵمانەکان بۆ شەڕی سەنگەر بەکاریان هێناوە و بە شێوەی بۆمبا تەقاندوویانەتە سەر سەربازی دوژمن دا هەروەها دژ بە ئەڵمانیاش بەکار هێناوە و بۆنی زۆر ناخۆشە مرۆڤ دەکوژێت.

٣٩٦- فۆکلاند

هەمووی سەد دورگەیە کەوتوونەتە ئۆقیانووسی ئەتڵەسییەوە ٣٠٠ کیلۆمەتر لە تەنگەبەری ماجەلانەوە دوورە, لەلایەن ئیستعماری بریتانیاوە داگیرکراوە, ڕووبەریان ٤٦١٦ کیلۆمەتری چوار گۆشەیە و لە وڵاتی ئەرجەنتین نزیکە لە ساڵی ١٩٨٥ دا شەڕێکی نیوە ڤورس لەنێوان ئەرجەنتین و بریتانیا ڕووی دا لەسەر خاوەنێتی ئەم دورگانە.. بەڵام تا ئێستاش هەر بەدەست بریتانیاوە ماونەتەوە.

٣٩٧- دەربارەی شاکامی وتراوە:

١- شاکامی گەوجترین و ناپەسەندترین ڕەفتارە, بە غەیری زیان بۆ شاکامی کەر هیچ سوودێکی تێدا نییە.

- بالزاك -

٢- شاکامی لە کوێرەوەریی شاکامی کەرەوە هەڵ ئەقوڵێ تا شاکامی پێ براوە.

- کونتیس دیانا -

٣- مردووەکان جێگای شاکامین, زیندووەکان جێگای بەزەیی.

Scanned with CamScanner

- کلیمنس -

٤. ئافرەتی ناشیرین دڵیان لە مێردەکانیان پیسە, ئافرەتی جوان شاکامی بە مێردی ئافرەتەکانی تر دەبەن.

- ئۆسکار وایلد -

٣٩٨ . دەربارەی لە سەرخۆیی:

١. لەسەرخۆیی تاڵێکی ئاوریشمە مرواریی رەوشتی جوانی تێ هەڵ دەکێشرێت.

- هۆڵ -

٢. هەتا وەکو ئێمە بیر لە شتی چاك دەکەینەوە دەبێت لەسەرەخۆ بین.

- شیشرۆن —

٣. بۆ ئەوەی زۆر بژین دەبێت لەسەرخۆ و ئارام بژین.

- شیشرۆن -

٤. لەزەتەکانی ژیان لە چوارچێوەی لەسەرخۆیی دەرناچێتە دەرەوە.

- تیر -

٥. مرۆڤی سەرکەوتوو لەسەرخۆیە لە وتەکانیدا, لە جووڵانەوەی دا و لە کرداریدا.

- کۆنفوشیۆس -

٦. رابواردنە ئاسکەکان لەبیر ناچنەوە بەڵام ناتوانین بەردەوام بین لە رابواردنی توندوتیژدا.

- بۆنی -

٧. لەسەرخۆیی ئەو خاڵەیە کە تەواوی فەلسەفەکانی ئاسمانی و مرۆڤایەتی لەیەك دەدەن.

- هۆڵ -

٣٩٩. ڤیتۆ

وشەیێکی لاتینییە واتە "من مەنعی نەکەم" هەندێك لە یاساکان پاشاکان ماڤ رەدکردنەوەی بریاریان پێ دراوە, وەکو یاسای بریتانیا کە شا ماڤ ڤیتۆی هەیە بەڵام لە ساڵی (١٧٠٧)ەوە تاکو ئێستا کەڵکێکی لەم مافە وەرنەگرتووە.

هەروەها لە رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا پێنج وڵاتی گەورە ئەو مافەیان دراوەتێ بە مەرجێك یەکێك لەو پێنجە خاوەنی گرفتارییەکە نەبێت.

٤٠٠. ڤیشی

شارێکی بچکۆلانەی فرانسایە نزیکی شاری (لیۆن)ە, ٦٠ هەزار کەسی تێدا دادەنیشێت. لە شەری دووەمی جیهانیدا ناوی دەرچووە چونکە حکوومەتی دەست نیشانی ئەڵمانیا دوای داگیرکردنی وڵاتی فرانسە لەلایەن ئەڵمانەکانەوە لە ساڵی ١٩٤٠ بارەگای فەرمانڕەوایی بردوەتە ئەو شارە و بە حکوومەتی ڤیشی ناسراوە.

Scanned with CamScanner

٤٠١- **كابيتول**
ناوپەرستگایەکە بۆ ژۆبیتەری خواوەندی ئەفسانەکانی رۆمان دروست کراوە، لە نزیکی شاری رۆما بەسەر یەکێك لە حەوت گردەکەوە.. لەم پەرستگایەدا سەنەدە گرنگەکانی سەردەمی رۆما ئاگاداری دەکرا هەروەها هەر لەوێدا پێشوازی لە سەرلەشکرەکان دەکرا لە کاتی گەڕانەوەیان دا لە شەڕدا بە سەرکەوتوویی.

٤٠٢- **کارتل**
زاراوەیێکی ئابوورییە واتە یەکیەتییەکی مووەقەت لە نێوان چەند کۆمپانیایەك دا بۆ وەستانی بەربەرەکانێی یەکتر لە لایەکەوە بازاڕ هەڵ لووشین لەلایەکی ترەوە.. ئەم یەکیەتییە مووەقەتە یا بە پێی قسە و راوێژە یان نووسراوە یان سەندیکا "نەقابە"ی کرێکاری بڕیاری لەسەرداوە.

٤٠٣- **کلاوس**
زانایاکی زانیاری ئەتۆمە، گوایە ئەم زانایە بووە پرۆژەی زانیاریی ئەتۆمی داوە بە یەکیەتیی سۆڤیەت.

٤٠٤- **لاتران**
کۆشکێکی بەناوبانگە لە وڵاتی ئیتالیا کەوتوەتە خوارەوەی شاری رۆما، بارەگای پاپاکان بووە و نوێ کردوەتەوە و کراوە بە مۆزەخانەی ئاینی مەسیحی.

٤٠٥- **لاهوور**
بە دووەمین شاری پاکستان دەژمێردرێت، پایتەختی دەسەڵاتی مەغۆلەکان بووە، کەوتووەتە سەر لکێك لە لکەکانی رووباری سندەوە. دوو ملیۆن کەسی تێدا دەژی.

٤٠٦- **لایکا**

لە پرۆژەی ئاسمانیدا ئەم ناوە ناسراوە، چونکە ناوی سەگێك بووە لە رۆژی ٣ی نۆڤمبەر (تشرینی دووەم)ی ساڵی ١٩٥٧ لەگەڵ دووەمین مانگی دەستکردی یەکیەتیی سۆڤیەت دا هەڵ دراوە بۆ بۆشایی ئاسمان.

٤٠٧- **لۆیدز**
رێکخراوێکی دەریایی جیهانییە ساڵی ١٨٦٩ پێك هاتووە لەو کاتەدا کە ولیەم لۆیدی خەڵکی بریتانیا قاوەخانەکەی کردوەتە بنکەی رێك کەوتنی نێوان بازرگانان و خاوەن کەشتییەکان، هەروەها پاداشتی ئەو کەشتییانەی کە تووشی زەرەر و زیانی ئاکا و دەبن لە دەریادا وەکو نوقم بوون و ئاگر تێ بەربوون و تاڵانی چەتەی دەریاکان، لەم رووەوە یاسایەکی بۆ بژاردنیان داناوە.

٤٠٨- **لیختنشتاین**
لیختنشتاین میرنشینێکی میراتییەو سەربەخۆیە لە وڵاتی سویسرادا کە لە سەدەی چواردەوە تاکو ئێستا ماوەتەوە. رووبەرەکەی ١٦٠ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە و ژمارەی دانیشتوانی ٢٠ هەزار کەسە، پایتەختەکەی ناوی (ڤادۆس)ە کە ٣٦٠٠ کەسی تێدا دەژی.. ئەویش بزانە هیچ جۆرە سپا و چەکدارییەکی تێدا نییە، تەنیا

Scanned with CamScanner

هەژدە کەس نەبێت ئەویش بۆ ڕاگرتنی ئاسایش و ئارامیی خەڵکەکە نەك وەکو چەکدار. کاروباری دەرەوەشی لە باری سیاسییەوە لەلایەن سویسراوە هەڵ دەسووڕێت.
ئەم میرنشینە لەلایەن بنەماڵەی "لیختنشتاین" ەوە بەڕێوە دەبرێت بە پێی یاسایەکی ناسراو، مەجلیسی نوێنەران (پەرلەمان) یشیان هەیە کە بریتییە بە پانزدە ئەندام.

٤٠٩- محەممەدی مەردۆخی
لە شاری سنە لە دایك بووە، پیاوێکی زانا و ڕۆشنبیر و قەڵەم ڕەوان، داناییکی بە وژدان و بە ئیمان. زۆر نووسراوی هەیە بە زمانی فارسی و کوردی، بەڵام فەرهەنگی مەردۆخی گەلێك بەناوبانگە و سووبەخشە لە ساڵی ١٩٧٩ دا مردووە.

٤١٠- مافیا
کۆمەڵێکی ڕێکوپێکە لە سەرەتاوە لە دورگەی (صقلیە) لەسەدەی پانزەدا پێك هاتووە بەڵام زۆرتر لە سەدەی نۆزدەدا ناوبانگی بڵاوبوەتەوە ئەندامانی ئەم کۆمەڵەیە سوێندیان بە خەنجەر دەخوارد کە لە یەکتر خیانەت نەکەن، کارەکانیان زۆرتر دزیو ڕێگەگری و (خاوە) سەندن و زۆر کردن بووە لە خەڵك. تا دوای کۆچی خەڵکێکی زۆری ئیتالیا بەرەو ئەمریکا ئەم کۆمەڵەیە و بە شێوەیێکی نوێ و لەسەر چەند یاسایەکی هاوچەرخ دەستیان بە جووڵانەوە کردووە، دەستەوتیپی چەکدار و پیاو کوژی زۆریان پێك هێنا بۆ قاچاخ و دزی و زۆر و تەڵەکەبازی و سەرانە سەندن، زۆرتر لە شاری نیو ئۆرلیانز و شیکاگۆ دەجووڵانەوە و ئێستاش ئەم کۆمەڵە لە وڵاتی ئەمریکادا زۆر دەستی دەڕوات و توانا و دەسەڵاتی بە ئەندازەیەکە دەتوانێت دەس بخاتە زۆر کاروباری ناو ئەمریکا و لە زۆر وڵاتانی تری دنیادا بنکە و دەستە و دایەرەیان هەیە و پێك هێناوە. زۆربەی کاروباریان بە پێی پێش کەوتنی تەکنۆلۆجیای ئەمڕۆ بەڕێوە دەچێت بەڵام بۆ دزی و قاچاغی و هیرۆشین و تڵیاك و بورس بازی.

٤١١- ماهندرا
پاشای وڵاتی نیپال کەناوی مەهراجا هندرا بیربکرام بەهادور شاهە. لە ساڵی ١٩٢٠ لە دایك بووە، لە ساڵی ١٩٥٥ لە جێی باوزکی بە پێی یاسایەکی پاشایەتی دەستووری بووە بە شا.

٤١٢- شۆرشی ٢٣ی یۆلیۆی
ساڵی ١٩٥٢ای میصر لەیەر شەش مەرج پێك هاتووە لە دەستووری میصردا نووسراوە:
١- نەهێشتنی ئیستعمار.
٢- لەناوبردنی یاسای دەرەبەگایەتی.
٣- لەناوبردنی چەوساندنەوەی سەرمایەداری لە دەزگای دەوڵەت دا.
٤- دامەزراندن و دروست کردنی سپایەکی نیشتمانیی بەهێز.
٥- داد پەروەریی کۆمەڵایەتی.
٦- ژیان لەسەر یاسایەکی دیموکراسی.

٤١٣- بلیمەتی
بەهرەیەکە یان لە بیر و مێشکی پیاو دایە یان لە لەش و لاری ئافرەت دایە.
بلیمەت هەموو کارێك دەزانێت جگە لە خۆ تێرکردن.

Scanned with CamScanner

٤١٤- ئەفلاتون

هەزار قوتابی دەری دابوو بۆ ئەوەی دەرس بڵێتەوە کە سەیری کرد ئەرستۆیان لەناو نییە وەستا و دەنگی نەکرد.

قوتابییەکان روویان تێ کرد و پرسیاری هۆی وەستانەکەیان لێ کرد، وتی:

- ئەگەر گوێ گرم هەبوایە دەرسم دەگوتەوە.
- وتیان: ئێمە هەزار قوتابیین.
- وتی: یەك کەسم دەوێت وەك هەزار کەس وا بێت.

٤١٥- دانایەك لە گەنجێکی پرسی:

- حەز دەکەیت سەد هەزار درهەمت هەبێت بە مەرجێگ گێڵ بیت؟
- وتی: نەء.
- وتی: بۆ چ.
- وتی: دەترسم گێلییەکەم کارێکی وا بکات هەرچی پارەم هەیە لە ناوچێت و هەر بە گێڵیش بمێنمەوە.

٤١٦- مصەددەق

ناوی محەممەد مصەددەق کوڕی میرزا هیدایەتە لە ساڵی ١٨٧٩ دا لە تاران لە دایك بووە، لە وڵاتی فەرەنسەدا زانکۆی تەواو کردووە و لە سویسرادا باوەڕنامەی دکتۆرای لە قانوون دا بەدەست هێناوە. لە ساڵی ١٩١٥ دا گەڕاوەتەوە بۆ ئێران، بووە بە مووچە خۆری دەوڵەت، بووە بە یاریدەدەری وەزیری دارایی، بووە بە فەرمانداری (ئازربایجان) دژ بە ڕژێمی شا دەستی کردووە بە جووڵانەوە. نەوتی ئێرانی لە دەست شەریکە نەوت خۆرەکانی ئیمپریالیستی رزگار کرد و میللەتی ئێران پشتیوانی لێ کرد تا توانی لە ساڵی ١٩٥٣ دا شا ڕاوبنێ و دەری بکات. ئەوە بوو شا گەیشتە بەغدا، دوای ماوەیەك لایەنگرانی دام و دەزگای ئەمریکا بە سەرۆکایەتی (زاهیدی) کودەتایەکیان پێك هێنا و شا گەڕایەوە ئێران ئەوسا مصەددەق درایە دادگا چەند ساڵێك بەند کراو پاشان ئازاد کرا بە مەرجێك لە دێیەکەی خۆی نەڕواتە دەرەوە. ساڵی ١٩٦٧ هەر لەو دێیەدا کە ناوی (ئەحمەد ئاباد)ە کۆچی دوایی کرد.

٤١٥- مەهدی

شۆرەتی خێزانێکی ئاینییە لە وڵاتی سودان کە هەندێك لە ئەندامانی لەگەڵ رووداوە سیاسییەکانی سوودان دا جۆشیان خواردووە وەکو:

١- مەهدیی گەورە: کەدامەزرێنەری، رێبازی ئەم بنەماڵەیەیە کە بە جووڵانەوەی (مەهدییە) بەناوبانگە. ناوی محەممەد کوڕی عەبدوڵلایە و لەساڵی ١٨٤٣ دا لە دایك بووە، دژ بە ئیستیعماری ئینگلیز هەستاوە و بە فەرمانی ئەو کوردن پاشا کوژراوە و زۆربەی وڵاتی سودانی ئازاد کردووە.

٢- عەبدولڕەحمانی ئەلمەهدی: کوڕی محەممەد بووە لە ساڵی ١٨٨٥ کە باوکی مردووە لە دایك بووە، دەوڵەتی بریتانیا بە بارمتە بۆ لای خۆی بردووە، تا ساڵی ١٩١٤ ناوناوی (سێر)ی لە

مەلیکی بریتانیا و (پاشا)یەتیی لە مەلیکی میصرەوە دراوەتێ. سەرۆکی حزبی "الأمة" بوو لە سودان، تا سەرۆکایەتیی حزبەکەی بە "ئەلصدیق"ی کوڕی بەخشیوە و لە ساڵی ١٩٥٩ دا مردووە.

٢- ئەلصدیق ئەلمەهدی: کوڕە گەورەی عەبدولڕەحمان بووە لە ساڵی ١٩١١ لە دایك بووە و کراوە بە سەرۆکی حزبی "ئەلئومەت" ولە ساڵی ١٩٥٨ دا بە پێی فەرمانی کودەتانی ئیبراهیم عەببوود حزبەکە تاوێنراوەتەوە. لە ساڵی ١٩٦١ دا مردووە. دوای خۆی (صادق المهدی)ی برای جێگەی گرتوەتەوە و ئێستاش سەرەك وەزیرانی وڵاتی سودانە.

٤١٨- میتران

میتران

فرانسوا مۆریس میتران لە ساڵی ١٩١٦ دا لەدابك بووە باوکی کرێکاری هێڵی ئاسن بووە، لە زانکۆی پاریس دا بەشی یاسای تەواو کردووە، لە شەڕی دووەمی جیهان دا بەشداریی کردووە و ئەڵمانەکان بە (دیل) گرتوویانە بەڵام توانیویەتی ڕابکات و خۆی بگەیەنێتە هێزی بەرگری میللی فڕانسە دژی ئەڵمانەکان کە جنراڵ دیگۆل بەڕێوەی دەبرد.

بوو بە سکرتێری کاروباری دیلەکانی شەڕ لە دەوڵەتی مووەقەتی دیگۆل لە ساڵی ١٩٤٥ دا، چەند ساڵێك بووە پارێزەر و بە ئەندامی پەرلەمان هەڵبژێردراوە بە نوێنەریی حزبی بەرگری دیموکراسی سۆسیالیستی کە بە سەرۆکایەتیی چەپی ناوەڕاست هەڵ دەسووڕا. کراوە بە وەزیری کاروباری شەڕکەرە کۆنەکان، لە زۆر دەوڵەت دا بەشداریی کردووە و بە گەڕانەوەی دیگۆل بۆ سەرکۆماریی فڕانسە ڕۆیشتە تایەکی تڕەوە دژ بە دۆگۆل و دژ بە ئازادیی وڵاتی جەزایر وەستا. لە ساڵە ١٩٦٥ دا بەرامبەر بە دیگۆل خۆی بۆ هەڵبژاردنی سەرکۆماری ناودێر کرد بەڵام سەرنەکەوت. زۆربەی لایەنگرەکانی چینی گەنج و لاوە. دواجار لە هەڵبژاردنی ئەم دواییەدا بەسەر جیسکار دیستان دا سەرکەوت و بوو بە سەرکۆماری فڕانسە و هێشتا هەر سەرکۆمارە.

٤١٩- میگاتون

وشەیەکە دوای تەقینەوەی یەکەمین بومبای هایدرۆجینی بەکارهێنراوە، واتە یەکەیەکی بەرامبەر یەك ملیۆن تەن دینامیت. ئەم وشەیە لە یۆنانییەوە وەرگیراوە، میگا واتە گەورە. هەر بەم جۆرەش وشەی میگا فۆڵت واتە یەکەیەکی کارەبایی کە بەرامبەر بێت بە یەك ملیۆن فۆڵت.

٤٢٠- مەم

محەممەد مەولوود لە ساڵی ١٩٢٧ دا لە شەقڵاوە لە دایك بووە، چیرۆکنووسێکی بە توانا و خۆهێنەر بوو، هاوکاری لەگەڵ کۆڤار و ڕۆژنامەکانی هەولێر، هیوا، بڵێسە، شەفەق، ڕۆژی نوێ، نووسەری کورد و هاوکاری دا کردووە. پێم وایە چیرۆکی (پەنجا فلس) تا ڕادەیەکی زۆر ئەم نووسەرەی ناساندبێت بە خوێندەواری کورد. شێوەی نووسینەکەی زۆر بێ پێچ و پەنا پاراوە لە تەواوی نووسینەکانیدا (مەم)ی داناوە. لە ڕۆژی ١٩٨٧/٥/٨ دا لە شاری هەولێر کۆچی دوایی کردووە.

٤٢١- نەهەنگ

زۆر نەهەنگ بە فەوارەکەی سەر سەرییەوە لە دەریادا دەبینرێت، لە ڕاستیدا ئەو فەوارەیە ئاو نییە، بەڵکو هەناسەی گەرمی نەهەنگەکەیە بە توندی دێتە دەرەوە لە ئاسمانێکی سارددا.

Scanned with CamScanner

٤٢٢- **نووری سەعید**

لە ساڵی ١٨٨٨ دا لە بەغدا لە دایك بووە، باوکی بازرگان بووە، لە ئەستەنبۆل زانستی سەربازیی خوێندووە و لە ١٩٠٦دا تەواوی کردووە و بووە بە ئەفسەر لە سپای عوثماني دا. لەگەڵ چەند ئەفسەرێکی عەرەب دا لە سپای عوثمان کشاونەتەوە دەستیان کردووە بە رێك خستنی سیاسی سەربازی، لەگەڵ شەریف حسێن دا هاوکاریی کردووە، چووەتە ژێر فەرمانی جەنراڵ (لینبی) و پەیوەندی لەگەڵ جەعفەر پاشای عەسکەری دا کردووە دوای ئەوەی بەدیل گیراوە، پەیوەندیی بە شازادە فەیصەلەوە زۆر بووە، دوای ساڵی ١٩١٨ تا مردنی هەر لەگەڵی دا بووە، کاتێك فەیصەل بووە بە شای عیراق نووری سەعیدی کردووە بە فەرماندەی سپاو لە ساڵی ١٩٢٠ بووە بە وەزیری بەرگری تا ساڵی ١٩٣٠.

شەش جار بووە بە سەرەك وەزیرانی عیراق، یەکەمین جار ساڵی ١٩٣٠دا. دەستی لە کوشتنی مەلیك غازی دا هەبووە. دوای شۆرشی رەشید عالی لە ساڵی ١٩٤١ دا لەگەڵ عەبدولئیلادا رای کردووە بۆ دەرەوەی عیراق.

هەمیشە لایەنگری سوودی سیاسەتی ئینگلیز بووە تا لە چواردەی تەمووزی ساڵی ١٩٥٨دا لە شۆرشی عیراق دا لەلایەن خەڵکەوە کوژراوە.

٤٢٣- **هاو هاو**

ئەم ناوە لە گەرماگەرمی شەری دووەمی جیهانید ا بەسەر زمانی خەڵکەوە بووە، ئەو ناویان لە کەسێکەوە ناوە کە لە رادیۆی نازییەکان دا دژ بە بریتانیا قسەی دەکرد و پروپاگەندەی بڵاو دەکردەوە، ئەم کەسەش ناوی ولیەم جیمس بوو کە ساڵی ١٩٠٦ لە دایك بووە و کوری پیاوێکی ئیرلەندی بووە.

لۆرد هاو هاو دوای تێشکاندنی ئەڵمانیا لە شەردا گیراوە و لە تاوانی خیانەت لە ساڵی ١٩٦٤ دا خنکێنراوە.

٤٢٤- **ئایا دەزانیت؟**

١- دەزانیت یەك یاردە (گەزی شا)سێ پێیە؟

٢- وەکو زانراوە هەر گیانلەبەرێك دەنگێکی هەیە وەکو: نەرەی شێر، زیرەی پڵنگ، حیلەی ماین، کۆرەی ئەسپ، حەپەی سەگ، زەرەی کەر، بۆرەی گا، قوولەی کەڵەشێر، گارەی مریشك، لووشکەی هێستر، کیفەی مار، بارەی مەر و قارەی بزن. بەڵام (زەرافە) هیچ جۆرە دەنگێکی نییە.

٣- دەزانیت فیل لە حوشتر خێراترە؟ حوشتر لە سەعاتێك دا دە کیلۆمەتر دەبریت، بەڵام فیل ٣٠ کیلۆمەتر.

٤٢٥- **سەمیر ئەمیس**

سەمیرئەمیس

شاژنی ئاشوورییەکان بووە، لە ساڵی ٨٠٠ی پێش زایین دا، ناوەکەی بە ئاشووری "سیمورامات" بووە و خەڵکی شاری دیمەشق بووە، سەر لەشکرێکی سپای ئاشووری خبزۆنار حەزی لێ کردووە و فرانددوویەتی بە رێکەوت پاشای ئاشوورییەکان کە لاوێکی جوان خاس و ئازا و زیرەك بووە چاوی پێ دەکەوێت و حەزی لێ دەکات و مارەی دەکات.

سەمیر ئەمیس زۆر دەخوێنێتەوە گوێی مێردەکەی بۆ داگیرکردنی ولاتانی دی و بەربڵاوکردنی دەسەڵات و هەمیشە دەی گوت: "شەهەنشاها ! کەس دەرەقەتی تۆ نایەت ! تۆ دەتوانیت بە سپاکەتەوە بگەیتە ئەوپەری دنیا و منیش بە دواتەوەم تا شارستانییەك پێك بهێنین هەتا هەتایی باس بکرێت".

Scanned with CamScanner

ئەوێك خبزۆ خۆی دەگەیەنێتە کۆشکی شا. شا و شاژن هەستی پێ دەکەن. شا پەلاماری دەدات و دەبێت بە ئەریان و خبزۆ دەکوژێت، کە دەگەڕێتەوە لای سەمیرئەمیس لە تاریکایی شەودا مێردەکەی ناناسێت و وا دەزانی خبزۆیە، خەنجەرێکی لە ورگی دەدا و دەی کوژێت.

٤٢٦- قۆزاق
وشەی قۆزاق وشەیەکی تورکییە، بەو تاقمانە گوتراوە کە لە چەند رەگەزێك پێك هاتبوون و لە خوارووی رۆژهەڵاتی رووسیادا دەژیان، کار و پیشەیان تەنیا شەڕکردن و سوارچەکی و کێشەی هەرا بووە.
کاتێك شۆڕشی بەلشەفیك لە رووسیادا دەستی پێ کرد، زۆر لەم قۆزاقانە هاوکاریان لەگەڵیانا کرد و زۆریشیان لەگەڵ سپای سپیدا دژ بە بەلشەفیك وەستان، لە ئاکام دا کە سپای سپی بەزی زۆرتر لە ٣٠ هەزار قۆزاقیش لە وڵاتانی ئەورووپادا بڵاوبوونەوە. ئێستا چ لە یەکیەتی سۆڤیەتی دا و چ لە ئەورووپادا ناوی قۆزاق نابینرێت و لەوە دەچێت چاك تاواونەتەوە !.

٤٢٧- ئەندیرا گاندی:
کچی جەواهیر لال ئەهرۆیە و شووی کردووە بە هاوپۆلێکی خۆی لە زانکۆیدا بەناوی (فەیرۆز گاندی) کاتێك کە لە بریتانیا پێکەوە خوێندوویانە و باوکی ئەم شووکردنەی لا خۆشنە بووە. لە ساڵی ١٩٤١ دا لەگەڵ مێردەکەی دا بەندکراون. ساڵی ١٩٦٤ مێردەکەی دڵی وەستاوە و مردووە.
خاتوو ئەندێرا بووە بە سەرەك وەزیرانی هەموو هیندستان. لە ساڵی ١٩٨٥ دا بە دەستی کابرایەکی سیك بە گوللە کوژرا.

٤٢٨- گوڵی یاخە چۆن داهاتووە؟
لە ساڵی ١٨٤٠ دا کاتێك شازادە ئەلبەرت کە شازادەیەکی ئەڵمانی بووە دەچێت بۆ وڵاتی ئەڵمانیا بۆ مارەکردنی شاژنە ڤیکتۆریا. ڤیکتۆریا بە دەستە گوڵێکەوە دەڕواتە پێشوازییەوە ئەویش بۆ رێزی ڤیکتۆریا بە چەقۆ کونێك لە یەخەی چاکەتەکەی دەکا و گوڵێك لەو دەستە گوڵەی ڤیکتۆریا یە یەخەی دا دەکا. جا لەو رۆژەوە گوڵ بە یەخەکردن دا داهاتووە ؟!

٤٢٩- مێزی خڕ:
بۆ یەکەمین جار شا ئارثەری پاشای بریتانیا مێزێکی دروست کرد بە شێوەیێکی خڕ، تا سواری ئازاکان و شمشێر وەشێنە دڵسۆزەکانی لە دەوری دابنیشن. جا بەشداربوون لەو مێزەدا جێگە و رێزێکیتایبەتی هەبووە لەو سەردەمەدا. ئیتر لەوەشەوە هەندێك مێزی کۆبوونەوە سیاسییەکان لە نێوان دەوڵەتان دا یان نوێنەری دەوڵەتان دا خڕبووە.

٤٣٠- بۆچی دەستی چەپ بەرز دەکرێتەوە؟
لە زۆر وڵاتان دا دەبینرێت کاتێك کەسێك بە کتێبی پیرۆزی ئاینی لە دادگاکان دا سوێند دەدرێت دەستێکی دەخاتە سەر کتێبەکە و دەستی چەپیش بە لەپی کراوەوە بەرز دەکاتەوە. جا جاران وەکو ئێستا نەبوو کە بە ئاسانی بزانرێت کابرا رەوشت چاکە یان نا، هەر کەسێك بڕۆیشتایە زیندانەوە ناوی لەپیان خاڵ لی ئەدا تا بناسرێت، بۆیە لە دادگادا لەپی پان دەکردەوە کە بزانرێت خاوەن پیشەی نا پەسەند نەبووە و خاڵ لە لەپیدا

Scanned with CamScanner

نییە، ئەوسا شایەتییەکەی بە ماقوول وەردەگیرا. جا ئەم جووڵانەوەیە تاکو ئێستا ماوەتەوە، بەڵام دیارە نەك بۆ سەیرکردنی خاڵی ناو لەپ.

٤٣١- سۆربۆن:

ناوی سۆربۆن لەدنیای ئەمڕۆدا ناسراوە ڕێزی ئەم زانکۆیە لە زۆر وڵاتان دا پایە و شوێنێکی تایبەتی هەیە. ئەم زانکۆیە سەرەتا لە سەردەمی لویسی نۆهەم دا بۆ قوتابیانی هەژار دروست کراوە کە زانیاریی ئایینی تێدا بخوێنن لای قەشەیەك کە ناوی "ڕۆبێر سۆربۆن" بوو. پاشان بوو بە کۆلیجی ئاداب و زانیاری و لە ڕاستیدا بە کاکڵی یەکەمی زانکۆی پاریس دەژمێردرێت.

٤٣٢- ئایا دەزانیت؟

١- وشەی دینار لە سەرچاوەوە لاتینییە و دەگوترا دیناریۆس.
٢- وشەی درهەم یۆنانییە و پێی دەگوترا دراخما.
٣- وشەی (فلس) یۆنانییە و پێی دەگوترا فولیس.
٤- قرش وشەیەکی ئەڵمانییە پێی دەگوترێت گروشن.

٤٣٣- ئەوە بزانە کە:

١- حەزرەتی عیسا لە ساڵی چوار یان شەشی پێش زایین دا لە دایك بووە، ئەم ڕاستییەش لە دواییدا دۆزراوەتەوە و ساڵ ژمێریان ڕاست نەکردوەتەوە و هەروا ماوەتەوە.
٢- کۆنفوشیۆس لە ساڵی ٥٥٠ پێش زایین لە وڵاتی چین دا لە دایك بووە و لە ساڵی ٤٧٨ پ. ز مردووە.
٣- بوودا لە ساڵی ٥٦٤ پ. ز لە وڵاتی هیندستان دا لەدایك بووە و لە ساڵی ٤٨٣ پ. ز دا مردووە.

کونفوشیوس

٤٣٤- دیسان سوقرات

سوقرات

بڕیاری مردنی سوقرات درا بە دوو تومەتەوە:
١- کە خوای شار ناپەرستیت و پەیڕەوی خوایێکی دیکەیە.
٢- لاوان و گەنجانی وڵات گومڕا دەکات و لە ڕێگای ڕاست لایان دەدات.

لە ڕۆژی کوشتنی ئەم فەیلەسووفەدا خەڵکێکی زۆر گلێر دەبنەوە، لەبەر دەرگای بەندیخانەکەی سوقرات دا سوقرات بانگ دەکات: فەرموون بم کوژن.

کابرای پاساوڵی بەندیخانە بەدەم پرمەی گریانەوە، کاسە بە دەست دەچێتە ژوور، بە

Scanned with CamScanner

سوقرات دەڵێ: توخوا ئەگەر لە من نارەحەت بێت !. من چ کارەم ؟ گوناهی مەرگی تۆ بە ئەسکوردی خەڵکێکی ترەوەیە، ئەو خەڵکەش وا لەبەر دەرگای بەندیخانەکەدا کۆبووینەوە هەموو لە پرمەی گریان دەدەن !

سوقرات جامی ژەهراوی بەسەرەوە نا، پاش ماوەیەك چاوی لە بزووتنەوەی کەوت و مرد.

٤٢٥. ئەوەبزانە کە ناوچەی (بووکراع) لە سارای رۆژاوای وڵاتی مەغریب دا کە بە دەستی ئیمپریالیستی ئیسپانیاوەیە زۆرترین فۆسفاتی دونیای لییە کە ٢٥٠ کیلۆمەتری چوار گۆشە دەبێت.

٤٢٦. لە سەرەتاوە هیچ پیتێکی نووسینی عەرەبی خاڵی لەسەر نەبووە، تا لە سەردەمی حەججاجی کوڕی یوسف دا لەلایەن "نەصرری کوڕی صاعم"ەوە خاڵی لەسەر دانرا بە پێی فەرمانەکانی حەججاج.

٤٢٧. ئەو زمانەی لە وڵاتی حەبەشە دا گفتوگۆی پێ دەکرێت زمانی ئەم هری پێ دەڵێن.

٤٢٨. زمانێك کەشێوەی رەسمی هەبێت و گفتوگۆی دەوڵەتی پێ بکرێت لە وڵاتی ئەندەنوسیادا زمانێکە بەناوی "بهاسا".
تێکڕا ئەندەنوسیا ٣ هەزار دورگەیە گەورەترینیان بۆرنیۆ، سۆمەترا و جاوەیە. نزیکەی ٣٥٠ ساڵ ئیستیعماری هۆڵەندی تێیدا ماوەتەوە. پایتەختەکەی جاکارتایە. یەکەمین هەڵبژاردنی دەنگ دان لە ساڵی ١٩٥٥ ز دا کرا و "ئەحمەد سوکارنۆ" بوو بە سەرەك کۆمار، ١٠٧ ملیۆن کەسی تێدا دەژی کە لە سەدا نەوەدیان موسڵمانن. دەوڵەمەنترین وڵاتە لە بارەی دار و تەختەی ئەلتیك و ئەبەنۆس و جۆرەکانی ترەوە.

٤٢٩. ئەسکەندەری ماکەدۆنیا لە تەمەنی ٣٠ ساڵیدا رۆژهەڵاتی داگیرکرد، لە چواردە ساڵیدا تۆرترین و چەمووشترین ئەسپی رام کرد بۆسیفالاس بوو، هەر بە سواری ئەم ئەسپەوە لە تەواوی شەڕەکانیدا بەشداری کردووە. لە وڵاتی هیندستان دا، لە شەڕێك دا ئەسپەکەی کوژرا، گەورەترین پرسەی بۆ دانا شارێکیشی بەناوی ئەسپەکەوە دروست کرد. ئەوەی زانراوە ئەسکەندەر خۆی لە شاری بابل لە ساڵی ٣٢٤ی پێش زایین لە تەمەنی سی و دوو ساڵیدا بە نەخۆشیی تا مردووە.

٤٤٠. ئەوە بزانە کە ژمارەی بڕگەکانی ملی زەرافە و حوشتر و مرۆڤ و هەر دڕندەیەکی شیردەر لە حەوت بڕگە زیاتر و کەمتر نییە، هەر چەند ملیان درێژ یان کورت بێت ژمارەی بڕگەکان هەر حەوتن.

٤٤١. لە وڵاتی سویسرادا چوار زمان قسەی پێ دەکرێت:
ئەڵمانی، فڕەنسی، ئیتالیایی، رۆمانی. تێکڕای سویسرا شەش ملیۆن کەسی تێدا دەژی، پایتەختەکەی شاری "برن"ە و شارە گەورەکانیشی زویریخ، بازل، جنێڤە.

٤٤٢. گۆڕەپانی ترەفلگار:
ئەم گۆڕەپانە لەشاری لەندەن بەناوی ئەو شەڕە دەریاییەوە ناونراوە کە لەنێوان سوپای دەریایی فڕانسە و بەریتانیاوە ڕوویداوە، لەم شەڕەدا ئەدمیرال نیلسۆن فەرمانداری سوپای بەریتانیا بووە کە سوپای دەریایی فرانسەی تێك شکاندووە.

Scanned with CamScanner

٤٤٣- تاكو ئێستا گەورەترین بینایەك كە دروست كراوە دیواری چینە كە ٢٤٠٠ كیلۆمەتر درێژە و لە زۆر جێگەی دا بەرزایی لە ٢٠ پێ كەمتر نییە و هەر سەد گەز و قوللەیەكیان بۆ كردووە.

٤٤٤- هەندێ ماسی هەیە بەناوی ماسیی زێڕین لە شەش مانگ زیاتر نازین، بەڵام ماسیی سمێڵە (شەبوط) لە ٢٤٠ساڵ زیاتر دەژیت.

٤٤٥- وەكو زانراوە وڵاتانی دونیا لە كاتی مردنی كەسێكی ناسراودا یان رێزلی نانی سەرۆكی دەوڵەتێك لە كاتی مردنیدا بەیداخیان دادەهێننەوە، بەڵام تاكە وڵاتێك كە بەیداخ دا نانەوێنێ وڵاتی سعوودییە چونكە لە ئاڵاكەی نووسراوە: لا إله الا الله محمد رسول الله.

٤٤٦- دەبینرێت كاتێك پاشایەك یان سەرۆك كۆمارێك دەڕواتە وڵاتێك، قاڵیی سوور لە ژێر پێیدا دادەخەن، چونكە رەنگی سوور لە سەردەمی كۆنەوە رەنگێكی شاهانە بووە، فیرعۆنەكان و یۆنان و فینیقییەكانیش هەر رەنگی سووریان بە رەنگێكی رێز لێ گیراو و بەنرخ داناوە، جا تاكو ئێستای ئەمڕۆدا ماوەتەوە.


كاغەزی یاری

٤٤٧- ئەوەش بزانە كاغەزی یاری "قومار" لە سەرەوەتاوە بۆ قومار كردن دروست نەكراوە، بەڵكو ژنی مەهراجایەكی هێندی دروستی كرد كە مێردەكەی ئەوەندە یاری بە ڕیشی نەكات، بەڵكو بەو كاغەزانەوە خەریك بێت.

٤٤٨- بزانە كە رەنگی نەوت لە هەر وڵاتێك دا جیاوازە.
رەنگی نەوتی وڵاتی مەكسیك رەشە، نەوتی سەرەوەی ئەفریقیا قاوەیی و تا رادەیەك بەرەو زەردە. رەنی نەوتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش لە قاوەیییەوە دەست پێ دەكات تا رەنگی رەش.

٤٤٩- قەیسەر

كاسكا یەكێك لە پیاوە گەورەكانی رۆما لە سەردەمی قەیسەردا. ئەم پیاوە یەكەمین كەس بوو كە لە پشتەوە خەنجەری لە یۆلیۆس قەیسەر دا، بەدوای ئەودا كاسیۆس ناوێك. قەیسەر سەیری كرد وا پرۆتوس كە خۆی گەورەی كردبوو ئەویش خەنجەری بە دەستەوەیە رووی تێ كرد، گوتی:" هەتا تۆیش.. ئەی پرۆتوس ؟!" گشتیان ٢٣ خەنجەریان پێ دا ماڵی.

٤٥٠ سێو

دەگێڕنەوە كە سێ لاو دەڕۆنە خوازبینی كچە پاشا، پاشاش مەرجێكیان بۆ دادەنێ كە هەر كەسێك شتێكی نایابی وای هێنا لە وڵاتی ئەوان دا نەبێت واتە ئەویان كچە پاشای زۆرتر خۆش دەوێت ودەی داتێ، سێ كوڕەكە دەكەونە رێ هەر یەكە بە وڵاتێك دا هەتا لە وڵاتی هیندستان دا یەكتر دەگرنەوە، یەكێكیان ئاوێنەیەكی جادوویی هێنا، ئەوی تریان قاڵییەكی جادوویی، سێیەمیان سێوێكی هێنا. دەڵێن با بزانین كچە پاشا لە چی دایە؟

Scanned with CamScanner

ناوێنە هەڵ دەخەن سەیر دەکەن کچە پاشا گەلێك نەخۆشە ! سواری ڤالی جادوویی دەبن و دەگەنە کچە پاشا. سێیەمیان سێوەکەی دەداتێ و کچە چاك دەبێتەوە. پاشان لەسەر کچە لێیان دەبێت بە هەرا، تا شکات دەبەنە لای زانیارێك زانیار دەڵێت.

کچە بۆ خاوەن سێوەکەیە، چونکە ئێوە هەر یەکە شتی خۆتان بۆ ماوەتەوە و تەنیا یەك جار سوودتان لێ وەرگتووە، کابرای خاوەن سێو هەر سێوێکی هەبووە لێی خوورا‌وە.

٤٥١- ئەم شارانە تا ساڵی ١٩٧٠ ئەوەندە کەسەی تێدا دەژی:

١- قاهیرە	٤,٦٦١,٠٠٠ کەس
٢- ئەسکەندەرییە	١,٧٦٠,٠٠٠ کەس
٣- بەغداد	١,٧٥٠,٠٠٠ کەس
٤- تۆکیۆ لە ژاپۆن	١٤,٧٧٠,٧٢٧ کەس
٥- نیویۆرك لە ئەمریکا	١٤,١١٤,٩٢٧ کەس
٦- لەندەن لە بریتانیا	٧,٩٤٨,٣٧٠ کەس
٧- ئۆزاکا لە ژاپۆن	٧,٧٨١,٠٠٠ کەس
٨- پاریس لە فەرانسە	٧,٣٦٩,٢٨٧ کەس
٩- شەنگهای لە چین	٦,٩٧٧,٠٠٠ کەس
١٠- بۆینس ئایرس لە ئەرژەنتین	٦,٧٦٢,٦٢٩ کەس
١١- مۆسکۆ لە یەکیەتی سۆڤیەت	٦,٥٦٧,٠٠٠ کەس
١٢- لوس ئەنجلس لە ئەمریکا	٦,٤٨٨,٧٩١ کەس
١٣- شیکاگۆ لە ئەمریکا	٥,٩٥٩,٢١٣ کەس
١٤- سان باولو لە برزایل	٥,٢٨٣,٠٠٠ کەس
١٥- بۆمبای لە هیندستان	٤,٧٨٤,١٣٦ کەس
١٦- کەلکەتا لە هیندستان	٤,٧٠٣,٣٩٨ کەس
١٧- مەکسیکۆستی لە مەکسیك	٤,٦٣٩,٦٩١ کەس
١٨- ئاخن لە ئەڵمانیا	٤,٢٥٩,٢٣٠ کەس

٤٥٢- چای:

دوو جۆر چایی هەیە، چایی ڕەش و چایی سەوز، هەر دووکیشیان درەختن بەڵام چۆنیەتی ئامادەکردنەکەی جیاوازە.

٤٢٥- چای

دوو جۆر چایی هەیە، چایی ڕەش و چایی سەوز، هەر دووکیشیان درەختن بەڵام چۆنیەتی ئامادەکردنەکەی جیاوازە.

چایی بە چەند قۆناغێك دروست دەکرێت؛ دوای کردنەوەی گەڵاکەی لە دار وشك دەکرێتەوە، گەڵاکە دەبێ لە ژووردا و بە ئەندازەیەکی تایبەتی زانرا و وشك بێتەوە. دوای وشك بوونەوەی بە هۆی دەزگای تایبەتییەوە ئەو گەڵایانە ونجڕ ونجڕ دەکرێت و زۆرتر لە چوکوڵی دەکات تا گەڵا.

Scanned with CamScanner

جا لێرەدا بە دوو جۆر چایی دروست دەکرێت، جۆرێکی وەك هەویری لێ دەکرێت و دەیترشێنن "تخمیر" کە ئەم چاییە رەشەیە خۆمان دەیخۆینەوە و جۆرێکی تر بە شێوەی هەڵم دەمێنێتەوە هەر وەکو رەنگی سروشتی خۆی.
وڵاتانی چین، هیندستان، مالیزیا، ئەندەنۆسیا و سیلان زۆربەی چای جیهان بەرهەم دەهێنن.

٤٥٣- ئەوە بزانە کە یەکەمین وڵات جەژنی کرێکارانی ئەنجام داوە ئەمریکا بووە ئەمەش لەساڵی ١٨٨٦ی زایین دا.

٤٥٤- دیسان کیلۆپاترە:
شاژنە کیلۆپاترە لەسەر وەسیەتی باوکی یەکەمین جار کە شووی کرد شووی بە براکەی کرد ناوی بەتلیمۆسی ١٣ بوو، دووەمین جار شووی بە (یۆلیۆس قەیسەر)ی قەیسەری رۆما کرد کوڕێکی لێ بوو بەناوی بەتلیمۆسی ١٤، سێیەمین جار شووی بە مارك ئەنتۆنیۆ کرد کە ئەویش دەسەڵاتدارێکی ئیمپراتۆریەتی رۆما بوو کوڕێکی لێ بوو لەگەڵ دوو کچ دا کە دوانە بوون.

٤٥٥- بزانە دەریای رەش تورکەکان ناویان ناوە رەش لەبەر زۆریی هەور و باران و لێزمەی زۆر.

٤٥٦- وەکو زانراوە گەڕان و سوور خواردنی خوێن لە لەش دا دوو جۆرە سووڕی بچووك و سووڕی گەورە، جا خراپ نییە بزانیت یەکەمین جار کە سووڕی بچووکی خوێن لە لەش دا هەستی پێ کراو لە باری زانیارییەوە دانی پیانرا لەلایەن "ئیبن نەفیس"ەوە بوو، هەروەها سووڕی گەورەی خوێن لەلەش دا لەلایەن ولیەم هارفییەوە بوو.

٤٥٧- وەرزشی (جۆدۆ) لە سەرەتاوە لە وڵاتی چین لەلایەن پیاوەکانی ئاینییەوە داکەوتووە، چونکە باوەڕیان بە چەك و چەقۆ و تیغ و شمشێر نەبووە. ئەو وەرزشە هەمووە سەد ساڵ نابێت کە لە وڵاتی ژاپۆن دا بڵاوبوەتەوە.

٤٥٨- کاتێك پێغەمبەری خوا (ص) لە مزگەوت دا خوتبەی بۆ موسڵمانان دەدا لە بڵندترین پلەدا دەوەستا دوای مردنی پێغەمبەر، حەزرەتی ئەبو بەکر پلەیەك هاتە خوارەوە حەزرەتی عومەریش لە وەستان دا پلەیەکی دی هاتە خوارەوە، بەڵام حەزرەتی عوثمان بۆ خوتبەدانی مزگەوت رۆیشتەوە سەر یەکەمین پلە.



٤٥٩- ئەڵماس
وەکو زانراوە ئەڵماس یەکێکە لە گرانترین بەرد، ئەم بەردە نایابەش رەنگی زۆرە، ئەڵماسی رۆشن رەنگی ئاو، ئەڵماسی شین، ئەڵماسی سوور، قاوەیی، سەوز، هەتاوەکو رەنگی رەشیشی هەیە، بەڵام لە هەموویان نایاب ترو دەگمەن تر رەنگە سەوزەکەیانە.

٤٦٠. ئەمریکا:
وڵاتی ئەمریکا لە پەنجا ویلایەت پێك هاتووە، لە سەرەتاوە تا ساڵی ١٧٨٩ گشتی تێکڕا ١٣ ویلایەت بووە و چەند ویلایەتێکی تریشی پێوە چەسپاوە لە ئاکامی شەڕ و شۆڕ و پێکهاتنەکان دا. بەڵام زۆر لەو پەنجا ویلایەتەش بە پارە سەنراوە وەکو: پانزدە ویلایەتی ئالاسکا و سیانزە ویلایەتیشی لە ساڵی ١٨٠٣ دا بەرامبەر ١٥ ملیۆن دۆلار لە فەرەنسە وەرگرتووە و ویلایەتی فلۆریداش لە ساڵی ١٨١٠ ز ئیسپانیا بەرامبەر بە ٥ ملیۆن دۆلار لێی کشاوەتەوە.

٤٦١. ئایا دەزانی؟
مردنی پیاوێکی هەرە دەوڵەمەند زۆر گرفتاری قەرز و قوڵەی کەس و کارەکانی جێبەجێ دەکات.
- ڕووبەری خاکی کوەیت ١٥ هەزار کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
- بولبول هەرگیز لە قەفەس دا هێلکە و بەچکە ناکات ئەگەر هەر چۆنێك بەخێو بکرێت.
- سەگ کە ماندوو دەبێت لە زمانییەوە عەرەق دەڕێژێ چونکە پێستی سەگ عەرەق دەرنادات.
- هێلکەی گەنیاو دەکەوێتە سەر ئاو چونکە گەنیا گازی تێدا زۆر دەبێت و وەکو تۆپی لێ دێت.
- بۆیە بە حەزرەتی عەلی دەڵێن " کرم الله وجهه" چونکە هەرگیز کرنووشی بۆ بت نەبردووە و بە منداڵی موسڵمان بووە.

٤٦٢. دەوڵەمەنترین وڵات لە کانی یۆرانیۆم وڵاتی کەنەدایە کە ١٥٠ هەزار تۆنی هەیە، دووەم وڵات ئەمریکایە کە ١٤٠ هەزار تۆنی هەسە، سێیەم وڵاتی جنووبی ئەفریقیایە کە ٢٥ هەزار تۆنی هەیە.

٤٦٣. بەڵێنی بلفۆر
ڕۆژی ١٩١٧/١١/٢ لۆرد بلفۆرد بە نامەیەك بە لۆرد ڕۆچیلدی ڕاگەیاند کە جوولەکەیەکی بریتانیایی بوو کە دەوڵەتی ئینگلیز دەوڵەتێکی جوو لە خاکی فەلەستین دا دروست دەکات. ئەو بەڵێنەش لەسەر حیسابی ماف میللەتی فەلەستین ئەنجام درا.

٤٦٤. دەزانی کەوا زەرافە بە زمانی گوێی پاك دەکاتەوە؟
بۆ زایین: زمانی زەرافە ١٧ ئینج درێژە.

٤٦٥. ئەگەر بنوارێتە مەیموونان لە باخچەی گیانلەبەران دا دەبینیت یەکتر ئەوژنن، لە ڕاستیدا بە دوای دانەی خۆیدا دەگەڕێن کە لەشیان دەری دەدات.

٤٦٦. نەخۆشیی (بلهارسیا) دوژمنی سەرسەختی مرۆڤ بووە و دەبێ، ئەم نەخۆشییە لە میصردا زۆر کەسی کوشتووە لەوانە گۆرانی بێژی بەناوبانگ (عبدالحلیم حافظ)، ناوەکەشی ناوی ئەو دکتۆرە ئەڵمانییەیە کە ساڵی ١٨٦٢ دۆزییەتەوە.

٤٦٧. بێ گومان کلکی تاووس گەلێك ڕەنگین و جوانە بەتایبەتی کە پەخش و بڵاوی دەکاتەوە بۆ خۆنواندن بەرامبەر مێینەی تاووس. جا ئەو پەڕە ڕەنگاو ڕەنگە لە کلکی تاووسەوە دەرنەچووە بەڵکو لەدوای بڕگەی بڕبڕەی پشتییەوە دەردەچێت و خەڵکیش وا دەزانن ئەو پەڕانە لە کلکییەوە ڕواوە بەڵام وانییە.

Scanned with CamScanner

٤٦٨- درترین جۆری تیمساح ئەوانەن کە لە ناوی سوێردا دەژین و زۆرتر لە وڵاتانی هیندستان، مەلایۆ، بورما و ئوسترالیادا هەن. بە گشتیش (٢٤) جۆر تیمساح لەدونیادا هەیە. ئەوەش بزانە کە مێشکی تیمساح زۆر بچووکە هەر ئەوەندەی پەنجە کەڵەی مرۆڤ زیاتر نابێت.

٤٦٩- منداڵترین ژنێك تاکو ئێستا کە زاوە ژنێك بووە تەمەنی پێنج ساڵ و هەشت مانگ و خەڵکی وڵاتی پیرۆ بووە کە لە ساڵی ١٩٣٩ دا ئەم کچۆڵەیە منداڵێکی بووە.

٤٧٠- باران لە زۆر وڵات دا زۆرە، لە زۆر وڵاتیش دا کەم دەبارێ، جا بۆ زانین: دورگەکانی هاوای لە ساڵێك دا ٤٧٣ ئینچ بارانی لێ دەبارێت و لە سیرا بانجیی هیندستان ٤٥٠ ئینچ دەبارێت، ئەمەش ڕادەی بارینی هەندێ وڵاتە:

لەندەن ٢٤ ئینچ "گرێ"

ئەدینبرە (ئیرلەندە) ٢٧ گرێ.

ئۆتاوا (کەنەدا) ٣٤ گرێ.

نیویۆرك (ئەمریکا) ٤٠ گرێ.

مەدرید (ئیسپانیا) ١٧ گرێ.

پاریس ٢٢ گرێ.

٤٧١- خالیدی کوڕی وەلید سێ مانگ بووبووە ئیسلام لە شەڕی مونتەدا بەشداری کرد کە لەنێوان ئیسلام و سۆپای ڕۆم دا ڕووی دا، لەو شەڕەدا سەرکردەی سوپای ئیسلام زەیدی کوری حارثە کوژرا دوای ئەوە جەعفەری کوڕی ئەبوتالب و عەبدوڵلا کوڕی ڕەواحە بوون بەسەر کردە ئەوانیش کوژران، دوای کوشتنی ئەو دوانە خالیدی کوڕی وەلید فەرماندەی سوپای ئیسلامی گرتە دەست و لە ڕووی زیرەکییەوە توانی سوپای ئیسلام بکشێنێتەوە بە کەمترین کوشتار، وئەمەش بزانە سوپای ڕۆمەکان ٦٦ ئەوەندەی سوپای ئیسلامەکان بوو لەلایەن زۆرییەوە.

٤٧٢- مار هەر کە گەورە بێت و ئەوزەبکات کاژەکەی بە لەشی تەنك دەبێت، جا ئەو کاژەی فڕێ دەدا، مەرجیش نییە لە ساڵێك دا یەك جار کاژ فڕێ بدات بەڵکو بە پێی چۆنیەتیی زل بوونی لەش و قەوارەیەتی.

٤٧٣- **سێگۆشەی مەترسی**

ناوچەیەکە بە ناوی پەرمۆدا کەوتوەتە ڕۆژهەڵاتی ئەمریکاوە زۆر کەشتیی و فڕۆکەی تێدا گوم بووە و تا ئێستا نەدۆزراونەوە.

٤٧٤- ئەگەر هەر کەسێك ڕۆژی چوار پاکەت جگەرە بکێشێت، لە ماوەی پەنجا ساڵ دا دەکات بە درێژیی ١٤٦ کیلۆمەتر جگەرە، چونکە:

هەر جگەرەیەك ١٠ سانتیمەترە

پاکەتێك ٢٠ جگەرەی تێدایە

٢٠ × ١٠ = ٢٠٠ سانتیمەتر واتە ٢ مەتر

٢ × ٤ = ٨ مەتر هەر ڕۆژێك

Scanned with CamScanner

٨ x ٣٦٥ =٢٩٢٠ مەتر لە ساڵێك دا.
٢٩٢٠ x ٥٠ = ١٤٦٠٠٠ مەتر لە پەنجا ساڵ دا
١٤٦٠٠٠ ÷ ١٠٠٠ = ١٤٦ کیلۆمەتر.
بۆ ئاگاداری: نێوان شاری سلێمانی و کەرکووك ١١٠ کیلۆمەترە.

٤٧٥- گرانترین خوری لە دونیادا خوریی وڵاتی کشمیرە کە هی ئاژەڵێکە لە کەژەکانی تیبەت دادەژی. هەروەها خوریی موهیرە کە هی مەڕێکە بە مەڕی تورکی (ئەلانجورا) بەناوبانگە، چاکترین خوری هی چوار پێیە کە بەناوی لاما.

٤٧٦- طاریقي کوڕی زیاد توانی ڕۆژی نۆزدەی گەلاوێژی ساڵی ٧١١ی زایین دا لە تەنگەبەری نێوان ئەفریقیا و ئیسپانیاوە بپەڕێتەوە و لە مانگی ڕەمەزانی ٧١٢ ز مووسا کوڕی نوصەیر لەگەڵ ١٨ هەزار شەڕکەردا پەڕییەوە بۆ یارمەتیی طاریق.

ئەفسانەی شەهریارو شەهرزاد

٤٧٥- ئەفسانەی شەهرەزاد و شەهرەیار لە کتێبی (هەزار و یەك شەوە) دا باسی ئەوە دەکات کە شەهرەیار هەموو شەوێك کچێکی مارە دەکرد و بە بەیانیدا دەی کوشت. وا دیارە ئەو ژن کوشتنە هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ خیانەتی یەکێك لە ژنەکانی کە لە وەختی خۆیدا لە شەهرەیاری کردووە.

٤٧٨- ئاسن
هەندێك خواردن ئاسنی تێدایە و ئەو ئاسنەش بۆ مرۆڤ زۆر پیویستە. قەرنابیت لە ڕووی بوونی ئاسنەوە زۆر دەوڵەمەندە، هەر ١٠٠ گرام قەرنابیت ٤٠ ملیگرام ئاسنی تێدایە ١٠٠ گرام برنج یان گەنم یان جۆ ٥ تا ٨ ملیگرام ئاسنی تێدایە ١٠٠ گرام جەرگ ١٠ ملیگرام و ١٠٠ گرام سپێناخ ٢٥ ملیگرام ئاسنیان تێ دایە.

٤٧٩- ژن هێنانی بە کۆمەڵ:
پێش ئیسلام هەشت نۆ پیاو پێکەوە بڕیاریان دەدا ژنێك بهێنن، هەر کە ئافرەتەکە منداڵی دەبوو ئەو بڕیاری دەدا باوکی منداڵەکەی کێیە و منداڵەکە لە کامیانە.

٤٨٠- وەکو زانراوە لە ساڵی ٦٣٩ ز لە سەردەمی خەلافەتی حەزرەتی عومەردا، عەمری کوڕی عاص وڵاتی میصری بەدەست هێناوە و لە دوو کەڕەت دا ماوەی ١١ ساڵ لە میصردا فەرمانڕەوایی کردووە، لە زەمانی حەزرەتی عوثمان دا لە میصر دوور خراوەتەوە، دوای هاتنە سەرکاری معاویە دووبارە بووە بە فەرمانڕەوای میصر و دوو ساڵ بەردەوام بووە ئنجا مردووە.

Scanned with CamScanner

٤٨١- لـه سـەردەمی فیرعۆنـەکان دا بـۆ بـیرەوەری لـە بـەردی رەق و پتـەو کێلیـان دروسـت دەکـرد و باسـی ڕووداوەکانیان لەسەر هەڵ دەکەند. ئەمڕۆ ئەو کێلانە هەندێکیان ماونەتەوە:
لە ئیتالیادا ١٢ دانە
لە فەرەنسەدا ٤ دانە
لە ئەستانبوڵ دا ٢ دانە
یەك دانە لە شاری لەندەن
یەك دانی لە شاری نیویۆرك
لە شاری میصر ٥ دانە ماوەتەوە.

٤٨٢- زانایێکی کیمیاگەری دەری خستووە کە لەشی مرۆڤ ئەم چەندە مادانەی تێدایە:
١- ئاسن ئەوەندەی حەوت بزماری لێ دروست بکرێت.
٢- بەزوپیو، ئەوەندەی پێنج کیلۆ مۆمی لێ دروست بکرێت.
٣- زوخاڵ، کە ٦٥ دەرزەن قەڵەمی رەشی لێ دروست بکرێت.
٤- فسفۆر: بە ئەندازەی ٨٢٠ هەزار دانەی شقارتە.
٥- خوێ: ٢٠ کەوچکی بچووك.
٦- شەکر: پەنجا کیلۆ.
٧- ئاو: ٤٢ لیتر.

٤٨٣- ئەزانی "باز" خێرایی ٣٥٠ کیلۆمەترە لە سەعاتێك دا، جا بۆیە دەستە مۆی دەکەن و فێری راوپێ کردنی دەکەن.

٤٨٤- مانگی هەنگوین
یەکەمین مانگی ماڵداری و ژن خوازی پێی دەگـوترێ مـانگی هـەنگوین و بنـچینەی ئـەم نـاوە لـە میللەتـەکانی بەشـی سـەرەوەی ئـەوروپاوە وەرگـیراوە، چـونکە لـەو مانگـەدا شـەرابێکیان بـە میوانـان دەدا کـە لـە هـەنگوین دروست دەکرا، جا بۆیە ناونراوە مانگی هەنگوین.
٤٨٥- شاخی ئەفریقیا وشەیەکی سیاسییە کە سیاسەت — کاران بەکاری دەهێنن. شاخی ئەفریقیاش لەو وڵاتانـە پێك هاتووە: ئەثیوبیا، صۆمال، کینیا، جیبۆتی.

٤٨٦- گەورەترین و پڕ فرۆشترین رۆژنامەکانی جیهان ئەمانەن:
١- رۆژنامەیێکی ژاپۆنی بەناوی (ئاساهی شیمبون)، کە رۆژانە ١١ ملیۆن دانەی لێ دەفرۆشرێت.
٢- براڤدا لە یەکیەتی سۆڤیەت ٩ ملیۆن دانەی رۆژانەی لێ دەردەچێت.
٣- دێلی مێرەر، کەوا رۆژانە ٤ ملیۆن دانەی لێ چاپ دەکرێ.

٤٨٧- گۆریلا جانەوەرێکە لە رەگەزی مەیموون، بەڵام زل و زەلامترە ئەم جانەوەرە لە سێ حاڵەت دا بە هەردوو دەست بە سنگی خۆیدا دەماڵێت و لەسەر هەر دوو پێی ڕادەوەستێت:
لەکاتی تووڕە بوون دا.
لە کاتی ترس دا.
لە کاتی کەیف و خۆشی دا.

Scanned with CamScanner

٤٨٨. ئەمانە دەربارەی جاڵجاڵۆکە بزانە:

١. تۆڕی جاڵجاڵۆکە ڕێگایەکی نهێنی هەیە تەنیا خۆی دەزانی و شریسی پێوە نییە کە بە پا و پل دا بناڵێت، ئەمە ڕێگەی تایبەتی خۆیەتی.
٢. ئەو تۆڕەی وا جاڵجاڵۆکە دەی چنێت بە پێی بەرنامەیە و لە کات و زەمانێکی جۆراوجۆردا تەواوی دەکات، لە دوایيدا شرێساوی دەکات بۆ ئالاندن لە موور و مێش.
٣. جاڵجاڵۆکە نێچیرەکەی خۆی ناخوات بەڵکو خوێنەکەی دەمژێت و کەولەکەی دەهێڵێتەوە.
٤. مێنگینەی جاڵجاڵۆکە زۆر لە نێرینە درتر و ئاڵۆزترە ئەویش بەچکە بەخێو دەکات.
٥. هەر جۆرە جاڵجاڵۆکەیەك کە جۆراوجۆرن لە چنینی تۆڕەکەیان دا ئەندازەیەکی تایبەتی بەکاردەهێنن.
٦. تۆڕی نێرەکانیان زۆر سادە و بچکۆلەترە لە مێیەکان و لە بارەی لەش و قەوارەوەش بچووکترن.

٤٨٩. دەزانی ئەگەر هەندێك مس تێکەڵی زیو نەکرێت، زیو زۆر نەرم و نیان دەبێت، جا بۆیە ڕادەی ٩٣٪ زیوە و ٧٪ مسە.

٤٩٠. گەورەترین هۆتێل لە جیهان دا تاکو ئێستا ئەمانەن:

١. هوتێل ڕوسیا لە شاری موسکۆ ٥٠٠٠ ژوورە.
٢. کۆنراد هیلتۆن لە شاری شیکاگۆی ئەمریکا ٢٣٤١ ژوورە.
٣. هوتێل پالمرهاوس لە شاری شیکاگۆی ئەمریکا ٢١٦٠ ژوورە.
٤. هوتێل هیلتۆنی شاری نیویۆرك ٢١٣٩ ژوورە.

شەڕی ئەفیون

٤٩١. شەڕی ئەفیون شەڕێکی بۆگەنی لەبیر نەچووی مێژووە، لە ساڵی ١٨٤٠ - ١٨٤٢ ز دا ڕووی دا لە نێوان بەریتانیا و چین دا، لە ئەنجام دا پاپۆڕەکانی بەریتانیا لە کەنارەکانی وڵاتی چین دا دابەزین و ئیمپراتۆری چینیان ناچار کرد بۆ مەرجەکانی بەریتانیا مل کەچ بکات و چاوپۆشی لە هۆنگ کۆنگ بکات، هەروەها بازرگانیی تریاك و ئەفیون لە وڵاتی چین دا ئازاد بکات.

٤٩٢. ئەتیکێت

وشەیەکی فەرەنسایيە واتە پسوولەی بچکۆڵەی کە چۆنیەتیی هەڵسان و دانیشتن، هەروەها ڕووداوەکانی بەزمی تێ دایە و کە هەرکەسێك پێ لە گوێرەی بەڕەی خۆی ڕاکێشێت و پایەی خۆی بزانێت.

٤٩٣. ئەوسا کاتژمێری مەچەك بە کار نەدەهات و ئەوەی هەبوو کاتژمێر (ساعەت)ی بەرباخەڵ بوو. تا شەڕی یەکەمی جیهان کە لەلایەن سەربازەکانی بەریتانیاوە بەکاربرا و بوو بە هەموو جێگا گیر.

٤٩٤. دەزانیت ..!

١. ئەسکەندەری ماکەدۆنی لە ساڵی ٣٣٢ی پ. ز شاری قودسی داگیرکرد.
٢. ناوی وڵاتی چین لە کۆن دا ناوی (کاثی) بووە.
٣. ناوی ئەوروپا بە یۆنانی واتە وڵاتی پانوپۆڕ و بەربڵاو.

٤- ئەتاتورك ناوی "مصطفي علي رضا" بووە و کەمال نازناوی بووە. لە زانکۆی سەربازیدا مامۆستاکەی ناوی ناوە کەمال تا جیاواز بێت لە قوتابییەکی دی کە ئەویش ناوی "مصطفي" بووە.

٥- دەزانیت (مسەیلەمە)ی درۆزن بە ڕمی "وەحشیی" کوژراوە هەر ئەو کەسەی وا حەزرەتی حەمزەی مامی پێغەمبەری شەهید کرد لەسەر وتەی (هیند)ی جەرگ خۆر.

٦- بیلالی حەبەشی بانگدەری بەناوبانگی ئیسلام کۆیلەی "ئومەییەی کوڕی خەلەف" بووە ئەبو بەکر بە ئاڵتوون کڕیویەتی و ئازادی کردووە.



٧- شاژنە (شەجەرەتولدور) – شجرة الدر – تەنیا هەشتا ڕۆژ فەرمانڕەوایی وڵاتی میصری کردووە و لە ئاکام دا بە قاپ قاپ و پاپەچینی کوژراوە.

٨- حەزرەتی مووسا تەمەنی سێ مانگ بووە کە دایکی لەناو ڕووباری نیل دا بەرەڵای کردووە.

٩-

١٠- بزانە یەکەمین سەرکۆماری هیندستان "ڕاجنبدار براساد" بووە نەك مهاتما گاندی کە پێش ئازادی کابرایەکی هیندۆسی کوشتوویەتی.

١١-

١٢- بزانە کە "کوللە" لە دەمەوە هەناسە نادات بەڵکو لەبن دەستییەوە.

١٣-

١٤- جەنگیزخان کە دەستی بە شەڕوشۆڕ یەك خستنی مەغۆلەکان کردووە تەمەنی ١٤ ساڵان بووە.

١٥- پێغەمبەری خوا بەسەر کەژی عەرەفاتەوە لە ساڵی ١٠ ی کۆچەری دا لە کاتی حەج دا فەرموویەتی:
" إن اکرمکم عن الله اتقاکم لا فضل لعربي علي أعجمي إلا بالتقوي".

١٦- دوا تێشکانی ناپلیۆن لە شەڕی واترلۆدا بوو لە ساڵی ١٨١٥ نزیکی شاری برۆکسل لە بەلچیکا.

١٧- یەك تەن نەوت سێ بەرابەر تەنێك وخاڵی بەردین گەرما دەدات.

١٨- بزانە کە شەڕی گەورەی یەکەم لە ١١ – ١١- ١٩١٨ و لە سەعات یانزدەدا دەستی پێ کردووە.

١٩- ڕۆژنامەی گاردیان ڤالاوبزرڤەر لە شاری لەندەن دەردەچێت.

٢٠-

٢١- وڵاتی برازیل سێ جار بووە بە خاوەنی جامی جیهانی فوتبال "تۆپی پێ" لە ساڵانی ١٩٥٨، ١٩٦٢، ١٩٧٠ دا.

٢٢- بەچکەی کانگەر – کە گیانلەبەرێکە لە وڵاتی ئوسترالیادا دەژی – کە لەدایك دەبێ درێژییەکەی سێ سانتیمەترە، بەڵام بەچکەی ئەهەنگ کە لە دایك دەبێت درێژییەکەی شەش مەترە و قورسییەکەی شەش تەنە.

٢٣- ئەوە بزانە کە تاڵێك نایلۆن و تاڵێك ئەلەمنیۆم بە قەدەر یەك بن توانای نایلۆنەکە دوو بەرابەری ئەلەمنیۆمەکەیە.

Scanned with CamScanner

٢٤- جووجکەی مریشك لە سپێنتی هێلکە پێك دێت و بەرە بەرە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات تا گەورە دەبێت. سەیر لەوە دایە جووجەڵە لەناو هێلکەدا ژیانی لەسەر زەردێنەکەیە، هەر کە زەردێنەی هێلکە تەواو بوو جووجکە توێکڵ دەشکێنێت و دێتە دەرێ.

٢٥- یەکەمین ڕۆژنامەیەك کە لە وڵاتی عەرەب دا دەرچووبێت لە ساڵی ١٧٩٨ دا لە میصر لەلایەن داگیرکەرانی فەرانسەییەوە دەرچووە، کە بە زمانی فەرەنساوی بووە، هەروەها یەکەمین ڕۆژنامەی عەرەبی لە سەردەمی محەممەد عەلی پاشادا ساڵی ١٨٢٧ لە میصردا دەرچووە.

٢٦- کە لە پیاوی مێژووی هیندستان مهاتما گاندی لە دوانزدە ساڵیدا ژنیان بۆ هێناوە.

عەنتەری کوڕی شەدداد

٢٧- شاعیری ناسراوی عەرەب عەنتەری کوڕی شەدداد گەلێك شانازی بە ئەسپەکەیەوە دەکرد، تا دوژمنانی ئەسپەکەیان لێ دزیوە ئەویش چەند کەسێك لەو تیرە بە دیل دەگرێت و لەگەڵ ئەسپەکەدا سەربەسەر دەیان گۆڕێتەوە، ئەسپەکەی ناوی ئەلەبجەر (الابجر) بووە.

٢٨- (أهل الكهف) ماوەی ٣٠٠ ساڵ لە ئەشکەوتەکەدا خەوتوون.

٤٩٥- جۆن دێری پەیکەرتاشێکی ئینگلیز بووە کە لە ساڵانی ١٧٥٩ – ١٧٩٨ ز دا زیاوە تاشە بەردێکی دۆزیبووەوە خەیاڵی لێ دەکرد کە بیکات بە پەیکەر. هێندە بەلای ئەو بەردەوە مایەوە تا خەوی لێ کەوت و لە سەرمادا مرد.

پەیکەری بەڕێزی ئافرەتان

٤٩٦- لە وڵاتێك دا، لە ئەشکەوتێك دا پەیکەری پیاوێك هەڵکەندراوە ژنان کردوویانە بە مەزار و مۆمی بۆ دادەگیرسێنن و لە باوەڕێك دان ئەو پەیکەرە لایەنگیری ئافرەتانە و تۆڵەیان لە پیاوی دروزنی داوێن پیس بۆ دەکاتەوە.

٤٩٧- چارلس لاینیوس ١٧٠٧ – ١٧٧٨ لە پیری دا کتێبەکانی خۆی دەخوێندەوە کە لە مێژ بوو نووسیبوونی، لە باوەڕێك دا نەبووە کە خۆی نووسەری ئەو کتێبانەیە.

٤٩٨- جاران ڕاکێشانی بەلەم بەناو ئاودا لەلایەن ئەسپ و ئێسترەوە لە وشکانییەوە زۆر باو بووە بە تایبەتی لە وڵاتی ئەڵمانیادا.

٤٩٩- یەکێك لە چەتە پیاو کوژەکانی سەردەمی دەمانچە تەقێنەکانی وڵاتی ئەمریکا بەناوی کرافولد کولدسپای ١٨٧٦ – ١٨٩٦ لە ژیانی دا ١٣ کەسی کوشتووە، ١٣ هەزار دۆلار تەرخان کراوە بۆ سەری، ١٣ شایەت لە دادگاکەیدا حازربوون، دادگەکەی ١٣ دەقیقەی درێژەی کێشاوە، ١٣ پلەیان بۆ کردووە بۆبەرزیی سێ دارەکەی کە لە دار دراوە.

Scanned with CamScanner

٥٠٠- لە وڵاتی کەمبودیادا ئەگەر گەنجێگ لە دێیەکی کە ژن بهێنێت، دارەڕای خانووی بووك و زاوا لەلایەن دۆستانی زاواوە بە شان هەڵ دەگیرێت و لە دێی بووکە دادەنرێت و خانوو دروست دەکرێت.

٥٠١- لە ئوسترالیا تیرەیەك هەیە بە ناوی (لارکیا) هەر ژنێك کە کوڕی دەبێت پەنجەی شایەتمانی کوڕەکەی دەبڕدرێت، سەیر لەوە دایە نازانن ئەم رەوشە ناپەسەندە لە چییەوە بۆیان ماوەتەوە.

٥٠٢- لنکۆڵن:

وەکو زانراوە ئەبرەهام لنکۆڵن – ئازادکەری کوێلەکانی ئەمریکا – لە تەماشاخانەیێکی شاری واشنتۆن دا لەلایەن جۆن بۆث ناوێکەوە کوژرا، باپیری لنکۆلن ناوی ئەبراهام بووە، ئەویش بە گوللە کوژراوە، ئەویش ژنەکەی ناوی (مالی) بووە هەروەها هەردووکیان کوڕەکانیان ناوی "تۆماس" بووە.

٥٠٣- لە ناوچەی "لیوکاو"ی وڵاتی بورمادا ژنی مێرددار کراسێك لەبەر دەکات تا خواری کەمەر، هەر دوو پێشی تا ئەژنۆ ئەختێك بەرە و خوار بە بەن دەپێچێت کە درێژیی ئەو بەن و گوریسە لە ٥٠٠ پێ کەمتر نییە.

٥٠٤- جاکۆب ریجان "١٦٦٨ – ١٧٤٣" مێژوونووسی ئەناوبانگی ئەڵمانیا تووشە نەخۆشییەك هات کە نەی دەتوانی لەسەر کورسی دانیشێت، جا فەرمانی لە کۆشکەکەی دا هیچ کورسییەك دانەنرێت و ماوەی ٣٠ ساڵ دانەنیشت.

٥٠٥- ئەو ساڵە وڵاتی تیبەت دابەندییەکانیان کۆت و زنجیر دەکرد وو هەموو بەیانییەك لەناو شەقامەکان دا بەرەڵڵا دەکران بۆ سواڵ رۆژانەیان بۆ ماوەی سەعاتێك.

٥٠٦- پەرستگایەکی بەردینلە ولاتی هیندستان دا هەیە کە دەرگاکانی بە شێوەی کەللە سەرێك دروست کراوە هەرکەسێك دەرواتە ژووردوە دەبێت لە دەمی پەیکەرەکەوە بڕواتە ژووردوە ئەو پەرستگایە جێگایەکی دیدەنی خەڵکێکی زۆری هیندستان و بێگانەکانە.

٥٠٧- کاتێك سینی خواردنی لویسی چواردەهەم، پاشای فەرانسە، لە ناشپەزخانەوە دەیان هێنا دەبوایە تەواوی دەست و پا و دەوروبەر و شازادەکان تا ئەژنۆ بە کرنوش دا برۆیشتنایە بەرێز بۆ ئەو خواردنە کە پاشا مەیلی دەفەرمویێت.

پەرستگای بەردین

بەندی وڵاتی تیبت


لنکۆڵن

قەلەندەر

Scanned with CamScanner

٥.٨ سروشت دەستێکی باڵای هەیە لە سازاندنی فۆرم و شێوە و ئەندازەکان دا، هەروەکو پەیکەرسازێکی بە توانا ساڵەهای ساڵ کاری تێدا کردبێت ناوەها بەپێی ئەندازەو "تناسب" و هاو ڕادە بە درێژایی ساڵەهای با و تۆز و ئاو و باران و دەریا و بەردی سەرسەختیان هەڵ کۆڵیوە لە خۆیەوە فۆرمی جوانیان دروست کردووە کە لە گیانلەبەرێك دەچێت جا لە دونیادا لەم بابەتە لە وڵاتەکان دا زۆر بەرچاو دەکەوێت. بەندە وا چەندێك لەو پەیکەرە سروشتیانەتان بۆ دەناسێنم وەکو:

١. تاشە بەردێکە لە نزیکی شاری "تافولارا"ی ئیتالیا کە ناسراوە بە بەردی پارێزەر.
٢. نزیکی شاری "شیدر" لە بریتانیا کە ژنێکی بەردین هەیە کە زۆر لە شێر دەچێت.
٣. لە نزیکی شاری "یاوا"ی وڵاتی چین دا تاشە بەردێك سروشت بە شێوەی پیاوێکی ئامادە تاشیویەتی وەکو بڵێی پارێزەری کەژ و کێوە.
٤. لە قەراغی رووباری "ئامور" لە وڵاتی سیبریا دا چوار تاقێکی بەردین سروشت هەڵی کۆڵیوە وەك بڵێی بۆ پەرستگایێکی ئاینی دروست کرابێت.
٥. لە شاری "لالیبیلا"ی ئەثیووبیا لوتکە بەردێك هەیە وەکو کەشتییەکەی نووح سروشت هەڵی کۆڵیوە.
٦. دوو بەردی زەلام لە خاڵێکی بچووك بەسەر یەکەوە وەستان، مرۆڤ کە سەیری دەکات وا دەزانیت هەر ئێستا دەهەرووژێن، ئەو دوو بەردە لە یەکێك لە بەرزاییەکانی وڵاتی فرنسادا پێك هاتوون.
٧. لە نزیکی شاری "لیبیری" ئەفریقیای خواروو دیسان دوو بەرد بەسەریەکەوە وەستاون وا دەزانرێت هەرکات لەوەدایە بهەرووژێن.
٨. لە یەکێك لە کەنارەکانی وڵاتی فرنسادا بەسەر دەریاوە باو دەریا بەردی کەناریان هەڵ کۆڵیوە بەشێوەی سەگێکی پاڵ کەوتوو، ئەو شوێنە بەناوی سەگی نوستوو بەناوبانگە.

Scanned with CamScanner





٥٠٩- کۆشکێك له ئیسپانیادا هەیه لە شاری سینترا هێند رازاوە و جوان و جێگای سەرسامییە. بە (کۆشکی حەوت ئای) بەناوبانگە. چونکە بینەر بێ ئەوەی ئاگای لە خۆی بێت لە جوانیی ئەو کۆشکەدا بە سەرسامییەوە هەر نەبێت حەوت جار دەڵێت "ئای برا چەند جوانە !".

کلیمه نسو

٥١٠- ئەندرۆ جاکسون حەوتەمین سەرکۆماری ئەمریکا بەوە بەناوبانگ بووە زۆربەی کاتی خەریکی قومار کردن بووە. سەیر لەوە دایە ئەم سەرکۆمارە (قومارچییە) لە بەڕێوەبردنی وڵات دا سەرکەوتوو بووە.

٥١١- دەزانیت "جۆرج کلیمەنسۆ" سەرەك وەزیرانی فەڕانسای سەردەمی شەڕی یەکەمی جیهان کە بە "پڵنگ" بە ناوبانگ بوو. لە ساڵی ١٩٢٩ ز مردووە بە پێوە نێژراوە لەسەر دوای خۆی.

٥١٢- دەزانی خوا لێ خۆش بوو محمد امین زکی بەگ (١٨٨٠ – ١٩٤٨) مێژووی کورد و کوردستانی داناوە و بەسەرچاوەیەکی مێژوویی باوەڕپێکراو ناسراوە لە زۆر جێگەدا.

٥١٣- گوڵە ناسراوەکانی جیهان:

ناوی گوڵ	چۆنیەتی
گوڵی ئەوریشم	گوڵێکی زستانییە.
گوڵی ئەختەر	بەشێوەی سەلك دەبێت.
گوڵی ئاقاقیا	ڕەنگین و پەڕ پەڕە
گوڵی ئەرخەوان	درەختێکی بنەوشە و بی بۆنە
گەڵی بەڕۆژە	زەرد و زل و تۆدارە
گوڵی هەنار	درەختێکی سوور و پەڕپەڕە
گوڵی وەنەوشە	بەهارییە و بۆن خۆشە
گوڵی رازقی	درەختێکی گەرمیانییە و گوڵێکی سپی بۆن خۆشە.
گوڵی زەرد	درەختێکە بەشێوەی بنج
گوڵی زەنبەق	بەهاییە و بۆن خۆشە
گوڵە سوورە	هەموو وەرزە و هەموو جێگا
گوڵی سۆسن	جۆرێکە لە زەنبەق
گوڵی شەوبۆ	گوڵێکە لە کوێستان دەروێت و بۆن خۆشە
گوڵی شەقایق	گوڵی تریاکە
گوڵی لالە	گوڵاڵەی زەرد و سوور
گوڵی شەمعدان	ڕەنگینە
گوڵی شەپیووری	ڕەنگین و بێ بۆنە
گوڵی قەرەنفل	ڕەنگین و پەڕ پەڕە
گوڵی کەوکەب	وەکو ئەستێرە وایە
گوڵی لالە عەباسی	گوڵێکە بەیانیان خۆی دەنوێنێ
گوڵی مێخەك	چوار وەرزیە
گوڵی محەممەدی	ڕەنگەکەی سوورە
گوڵی مرواری	گوڵێکی سپیی ڕەنگ بەهاریە
گوڵی ناز	بچکۆڵە و ڕەنگاو ڕەنگە
گوڵی نەرگز	زەرد ڕەنگە
گوڵە ئەستەرەن	سوور و سپیی و پەڕ پەڕە
گوڵی نەیلووفەر	شین و شەپیوورییە
گوڵی هەمیشە بەهار	بەهارییە و زەرد ڕەنگە
گوڵی یاس	بەشێوەی بنجە
گوڵی یاسەمەن	ئەوعێکە لە گوڵی یاس

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

٥١٣- ناودارانی جیهان وا ناسراون

ئەدیسۆن	باوکی کارەبای جیهان
ئەرستۆ	مامۆستای یەکەم
ئەنیشتاین	باوکی ئەتۆم
داروین	باوکی دنیای سروشت
بوقرات	باوکی پزیشکی
سوقرات	مامۆستای رەوشت
فۆرد ئەمریکا	باوکی ئۆتۆمبیل
گۆتەمبرگ	باوکی چاپ
لۆمیر فرانسوی	بابی سینەما
هومێری یۆنانی	هەڵبەست
هیرۆدۆت	باوکی مێژوو
پاگانینی	باوکی مۆسیقا
فارابی	مامۆستای دووەم
تالسی مەلەتی	دامەزرێنەری مەکتەبی ئەیۆنی
فیثاگۆرث	باوکی ریاضیات
ئەفلاتون	دانەری مەکتەبی ئەکادیمی
ئەرستو	دانەری قوتابخانەی لیسە
دیونانت	دانەری زانیاریی جەبر
ئەلفرێد نۆبل	بابی دینامیت
ماری کۆماری	دایکی رادیۆم

ئەفلاتون

داروین




سوقرات

٥١٤- ئەوە بزانە نێوان زەوی و هەتاو ١٥٠ ملیۆن کیلۆمەترە, بەینی زەوی و مانگیش ٤٠٦٦١٠ کیلۆمەترە.

٥١٥- کاکێشان

کاکێشان کۆمەڵە ئەستێرەیەکن کە هەتاو بەشێکی گەلێك بچووکی کاکێشانە, هەر کاکێشانێکیش خاوەن ٢٠٠ ملیارد ئەستێرەیە.

٥١٦- خێرایی تیشك لە هەر یەك چرکە (ثانیة) یەك دا ٣٠٠,٠٠٠ کیلۆمەترە.

Scanned with CamScanner

٥١٧- ١- تیرەی مەریخ ٦٨٨٠ کیلۆمەترە, لە هەتاوەوە ٢٢٧ ملیۆن کیلۆمەتر دوورە, خێراییەکەی ٤٤ کیلۆمەترە لە چرکەیەك دا.

٢- تیرەی مشتەری ١٤٢٠٠٠ کیلۆمەترە و ٧٧٧ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە, گەورەیی مشتەری ١٣٠٠ ئەوەندەی گەورەیی زەوییە.

٣- تیرەی زەوی ١٢٧٥٦ کیلۆمەترە و خێراییەکەی ٢٩,٨ کیلۆمەترە لە یەك چرکەدا.

٤- تیرەی زوحەل١٢١٠٠٠ کیلۆمەترە, دووەمین ئەستێرەی گەورەی کۆمەڵی هەتاوە. یەك ملیارد و ٤٢٨ ملیۆن کیلمەتر لە خۆرەوە دوورە, ٧٦٣ جار لە زەوی گەورەترە.

٥- تیرەی ئۆرانۆس ٥٤٠٠٠ کیلۆمەترە, ٢٨٢٨ ملیۆن میل لە خۆرەوە دوورە.

٦- تیرەی زوهرە ١٢٣٠٠ کیلۆمەترە ١٠٨ ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆرەوە دوورە. بو خێرایی ٣٥ کیلۆمەتر لە چرکەیەك دا بە دەوری هەتاودا دەچەرخێتەوە لە زەوی بچووکترە.

٧- تیرەی عەتارید ٤٨٠٠ کیلۆمەترە, بەخێرایی ٤٨ کیلۆمەتر لە چرکەیەك دا بە دەوری هەتاودا دەسووڕێتەوە.

٨- نیپتۆن تیرەکەی ٢٨١٧٤ میلە, بۆ گەورەیی چواردەمین ئەستێرەی کۆمەڵەی هەتاوە, ٤٥٠٠ ملیۆن کیلۆمەتر لە هەتاوەوە دوورە.

٩- پلۆتۆن: تیرەکەی ٦٠٠٠ کیلۆمەترە, بە دوورترین ئەستێرە دەژمێردرێت لە خوارەوە, لەبەر ئەوەی پێنج ملیارد و نۆسەد و هەشت ملیۆن کیلۆمەتر لە خۆر دوورە.

١٠- هەتاو (خۆر): تیرەی ١,٣٩٣ ملیۆن کیلۆمەترە, ١,٣٠٠,٠٠٠ جار لە زوی زلترە.

٥١٨- دورگە گرنگەکانی جیهان:

١- برنیۆ لە ئۆقیانووسی گەورەدا.
٢- گرین لاند لە ئۆقیانووسی گەورەدا.
٣- مادا‌گەشکەر لە ئۆقیانووسی هیندیدا.
٤- سۆماترا لە ئۆقیانووسی هیندیدا.
٥- بریتانیای گەورە لە ئۆقیانووسی ئەتڵەسیدا.
٦- جاوا لە ئۆقیانووسە هیندی دا.
٧- ئایسلەند لە ئۆقیانووسی ئەتڵەس دا.
٨- ئیرلەند لە ئۆقیانووسی ئەتڵەس دا.
٩- سیلان لە ئۆقیانووسی هیندیدا.
١٠- ساخالین لە ژاپۆن دا.
١١- کبوسیۆ لە دەریای ژاپۆن دا.
١٢- ملویل لە ئۆقیانووسی ڕچاو (بەستەڵکی) سەرەوە.
١٣- دورگەی کرس لە دەریای مەدیتێرنیا (ناوەڕاست).
١٤- ساردینیا لە دەریای مەدیترێنیا.
١٥- سیسیل لە دەریای مەدرترێنیا.
١٦- قیبرس لە دەریای مەدیترێنیا.
١٧- جامیگا لە دەریای کاریبیدا.
١٨- فەرمۆزا لە ئۆقیانووسە ئارام دا.
١٩- ئەلب لە دەریای مەدیترێنیا.
٢٠- سانت هێلانە لە ئۆقیانۆسی ئەتڵەسیدا.

Scanned with CamScanner

٥١٩. کەناوی گرنگەکانی جیهان
کەنداوی بوثنی لە رۆژاوای فنلەندە لە ئەوروپا.
١. خەلیجی بەنگال لە رۆژاوای هیندستان لە ئاسیا.
٢. کەنداوی پەناما لە ئەمریکای ناوەڕاست دا.
٣. کەنداوی تارانتۆ کە کەوتوەتە خوارەوەی ئیتالیا لە ئەوروپا.
٤. کەنداوی سیام لە خوارەوەی سیام لە ئاسیا.
٥. کەنداوی فنلەند لە دەریای بەلتیك لە ئەوروپا.
٦. کەنداوی عەدەن لە خواروی یەمەنی خواروو لە ئاسیا.
٧. کەنداوی عەرەبی لە رۆژاوای دورگەی عەرەب دا لە ئاسیا.
٨. کەنداوی کالیفۆرنیا لە رۆژاوای ئەمریکای ژووروو.
٩.

٥٢٠.

١. رووبەری زەوی بە گشتی ٥١٠ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
٢. رووپێوی وشکانی لە زەوی دا ١٤٥ ملیۆن کیلۆمەتری چوار گۆشەیە.
٣. رووپێوی ئۆقیانووس و دەریاکان ٣٦٤ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
٤. ناوچە گەرمەکانی رووی زەوی ٢,٩٦٠,٣٨٤ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
٥. ناوچە فێنکەکان رووی زەوی ٢٦٥,١٧٥٣٧١ کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.

٥٢١.

١. رووپێوی قارەی ئاسیا ٤٤ ملیۆن کیلۆمەتری چوارگۆشەیە.
٢. رووپێوی قارەی ئەوروپا ١٠ ملیۆن کم^2 ٥.
٣. رووپێوی قارەی ئەفریقیا ٣٠ ملیۆن کم^2 ٥.
٤. رووپێوی قارەی ئەمریکا ٤٢ ملیۆن کم^2 ٥.
٥. رووپێوی قارەی ئوستڕالیا ٩ ملیۆن کم^2 ٥.

٥٢٢. وەکو زانراوە یەکیەتیی سۆڤیەت لە چەند کۆمارێك پێك هاتووە. هەر یەکە لەوانە پایتەختێکیان هەیە:

کۆمار	پایتەخت
ئۆکراین	کییف
رووسیای سپیی	مینیسك
ئەذر بایجان	باکۆ
گورجستان	تفلیس
ئەرمینیا	یەریڤان
ئوزبەکستان	تاشقەند

Scanned with CamScanner

تاجیکستان	دووشەنبە
قەرغیزیا	ئەلما ئاتا
ملداڤیا	کیشنف
لیتوانیا	ریکا
استونیا	تالین

٥٢٣- دەزانی ئەگەر مرۆڤێك ٧٠ کیلۆغرام قورسایی بێت قورسیی مێشکی ١٣٧٥ گرامە, دڵی ٣٠٠ گرامە, جەرگی ١٦٠٠ گرامە و هەردوو کورچیلەیشی ١٦٠ گرام دەبێت.

٥٢٤- دەموچاوی مرۆڤ ١٤ ئێسکی تێدایە, ١٣ ئیسکیان ناجووڵێتەوە, تەنیا یەکێکیان نەبێت ئەویش کاژێری خوارەوەیە.

٥٢٥- شاژنە بەناوبانگەکانی جیهان

١- ئەلیزابێتی یەکەم (١٦٠٣ ز) کچی هەنری سێیەم شاژنی بەریتانیا کە ماری ستیوارتی کوشتووە.
٢- ئەلێزابێت دوفرانس کچی هەنری پێنجەم.
٣- ئیزەبل دوفرانس (١١٧٠ ز) دایکی هەنری هەشتەمی پاشای فڕانسە بووە.
٤- ئەلیزابێت دوتریش, شاژنی فڕانسە و ژنی شارلی نۆیەمی پاشای وڵاتی فڕانسە بووە.
٥- نان ستیوارت, شاژنی وڵاتی بەریتانیا.
٦- کاترینی یەکەم, شاژنی پەتروسی گەورە و کاترینی دووەم ئیمپراتۆری رووسیا.
٧- ماری ئەنتوانێت, شاژنی وڵاتی فڕانسە, کچی ئیمپراتۆری نەمسا بووە, لە شۆڕشی میللەتی فڕانسەدا کوژراوە.
٨- ماری لویز, ژنی ناپلیۆنی یەکەم.

٥٢٦- ژنانی بەناوبانگی مێژوو

١- ئیڤا براون	دۆستی هیتلەر
٢- ئانا ستازیا	کچی قەیسەری رووسیا
٣- باندرانیك	سەرەك وەزیرانی سیلان (سیریلانکا)
٤- تانیس	دۆستی ئەسکەندەری مەکەدۆنی
٥- کلیۆپاترا	شاژنی وڵاتی میصر
٦- جەمیلە	کچە تێکۆشەرێکی جەزایری
٧- جۆرج ساند	نووسەرێکی فڕانساوی
٨- ژاندارك	رزگارکەری وڵاتی فڕانسە
٩- زیب النسا بیکم	شاعیرێکی هیندی
١٠- مادام دو پەمپادور	دۆستی لویسی پانزدەهەم
١١- دیان دو پواتی	دۆستی هەنری دووەم
١٢- دیان دو کاسترۆ	کچی هەنری دووەم
١٣- کۆنتێس دوباری	دۆستی لویسی پانزدەهەم
١٤- مادام سەمپسون	ژنی ئەدواردی هەشتەم
١٥- ماری ویسترا	قارەمانی رووداوی مایرلنگ

Scanned with CamScanner

١٦- ژۆزفین دو بوارنە شاژنی فەرانسەس
١٧- مادام لافایێت زانیارێکی فەرانساوی
١٨- مۆنالیزا مۆدیلی تابلۆکەی لیۆناردۆ دافنشی

٥٢٧ - ژمارەی حەوت (٧) لە ناو میللەتانی جیهان دا

- مەولەوی، جەلالەدینی رۆمی فەرموویەتی: ئەو حەوت شاری عشقی پێواوە، ئێمە هێشتا لە داوێنی کۆلانێك داین.

١- حەوت لە کۆن دا:

خەلکی وڵاتی بابل ژمارەی حەوتیان زۆر بەلاوە بەرێز بووە، چینەکانی ئاسمان و زەوی و ئەستێرەکانیان بە حەوت ژمارە داناوە، رۆژانی حەفتەش حەوت رۆژ بووە.

٢- ژمارەی حەوت لە ئاین دا:

براهما

بە بیروڕای هیندییەکان کە پەیرەوی ئاینی "براهما"ن مرۆڤ حەوت جار دەمرێت، بووك و زاوا دەبێت.

حەوت هەنگاو لەگەڵ یەکدا پێکەوە هەڵ گرن. لە تەورات دا دیسان باسی ژمارەی حەوت دەکات، لە ئاینی زەردەشتی دا حەوت فریشتەی گرنگ هەبووە.

٣- حەوت لە ئاینی مەسیحیدا:

لە ئنجیل دا دەربارەی حەوت روحی ناپاك گوتراوە بە بیروڕای کاپۆلیکەوە حەوت گوناحی گەورە و حەوت جۆرە تۆبە و حەوت جۆر رەوشت و حەوت جۆر شادی و جودی هەیە.

٤- حەوت لە ئاینی ئیسلام دا:

ئاسمان حەوت تەبەقەی هەیە، فیرعۆن لە خەودا حەوت گای قەڵەو و حەوت گای لەڕی دیوە، وتراوە کە حەوت ساڵ نەهاتی و حەوت ساڵ هان دەبێت. گوناحە گەورەکان حەوتن. لەناو عەرەبەکانی پێش ئیسلام دا حەوت جار بە دەوری کەعبەدا دەسووڕانەوە، جەهەننەم حەوت تەبەقەی هەیە، حەوت جۆر قورئان خوێنی هەیە، حەوت جار دەبێت گڵاوی دەرکرێت، حەوت جێگەی مریف لە کاتی نوێژ کردن دا دەبێت لە زەوی بکەوێت.

سەمای سۆفییەکان

٥- حەوت لە تەصەووف دا:

لە تەصەووف دا حەوت (وادیی سلووك) ناسراوە:

١- طلب "خواست".
٢- عشق "ئەڤین".
٣- معرفة "زانین".
٤- إستغناء "وازهێنان".
٥- توحید "یەکناسی".
٦- حیرة "سەرسامی".
٧- فناء "نەمان".

Scanned with CamScanner

٦- حەوت لە مێژوودا:
لە سەردەمی لویسی پانزدەهەم دا شەڕێك روویدا حەوت ساڵ بەردەوام بوو, ئەژدیهابە حەوت سەر بەناوبانگە.

٧- پەرستگای حەوت تەبەقە:
لە وڵاتی بابل و ئاشووردا هەر پەرستگایەك حەوت تەبەقە بووە, هەر تەبەقەیەكیش بەناوی ئەستێرەیەك ناونراوە حەوت رەنگی جیاوازیشی بووە, حەساری شاری ئەكباتان پایتەختی مادەكان حەوت حەسار بووە.

٥٢٨- كۆشكە بەناوبانگەكانی جیهان:

كۆشك	وڵات
١- حەمرا	ئیسپانیا
٢- ئەسكۆریال	ئیسپانیا
٣- ئەلباسین	ئیسپانیا
٤- ئەمپایرئەستیت	نیویۆرك
٥- تریانوون	پاریس
٦- تویلەری	پاریس
٧- سان ژامس	لەندەن
٨- سپی	واشنتۆن
٩- سواسون	پاریس
١٠- فۆنتن	پاریس
١١- كولیزم	رۆما
١٢- ئامبواز	پاریس
١٣- ئەلێزێ	پاریس
١٤- ئانستیتو	فرانسە
١٥- پۆتسدام	ئەڵمانیا
١٦- بالەبورین	پاریس
١٧- كرملین	مۆسكۆ
١٨- كندە	پاریس
١٩- گران پالە	پاریس
٢٠- لۆگزام بۆرگ	پاریس
٢١- لۆڤەر	پاریس
٢٢- مەدیسی ها	رۆما
٢٣- مالمترون	پاریس
٢٤- ڤاتیكان	رۆما
٢٥- ڤێرسای	پاریس
٢٦- وێست منستەر	لەندەن
٢٧- هۆتل ئەنوالید	پاریس



Scanned with CamScanner

٢٨- هایدپارك لەندەن

٥٢٩- ئامرازەکانی مۆسیقا لە کۆن دا
١- چەنگ: ئەمرۆ پێی دەڵێن هارب.
٢- غژك: سازێکە وەکو کەمانچە وایە.
٣- رەباب: سازێکە وەکو تەنبوورە وایە.
٤- کەمانچە: وەکو فیۆلۆنی ئەمرۆ وابووە
٥- باربوود: دوای ئیسلام ناونراوە عوود.
٦- تەنبوورە: دوو تەلی هەبووە.
٧- سێ تار: لە کۆن دا سێ تەلی هەبووە, ئەمرۆ چوار.
٨- دووتار
٩- سونتوور و قانوون: دوو ئامێرە لەتەختە و تەل دروست دەکرێت و بە پەنجە لێ دەدرێت.
١٠- ساز بە پۆ: وەکو نای, زورنا, کەرەنا.
١١- نەقارە و تەپل و دونبەك.
١٢- دەهۆڵ

٥٣٠- مەقامەکانی کۆن:
١- مەقامی عوششاق.
٢- مەقامی نەوا.
٣- مەقامی بۆسلیك.
٤- مەقامی ڕاست.
٥- مەقامی عیراق.
٦- مەقامی ئەسفەهان.
٧- ژێر هاوێژ.
٨- مەقامی گەورە.
٩- مەقامی زەنگڵە.
١٠- مەقامی راهوی.
١١- مەقامی حسێنی.
١٢- مەقامی حیجاز.

ئەم مەقامانەش ٢٤ چلی لێ دەبێتەوە:
شوور, سێ گاه, چوار گاه, ماهوور, هومایۆن, نەوا, راست, پێنج گاه.
چەند ئاوازێکیشیان لێ جیا دەبێتەوە بەناوی:
ئەبو عەطا, بەیاتی تورك, ئەفشاری, دەشتی, بەیاتی کورد.

٥٣١- مۆزەخانە بەناوبانگەکانی جیهان
١- لۆڤەر: لەپێش دا ئەم کۆشکە دەرباری شاکانی فەڕانسە بووە, بەڵام ئەمرۆ گرانترین گەنجینەی هونەریی دنیا تێدا داندراوە.
٢- بریتیش مۆزیەم: مۆزەخانەی شاری لەندەن کە لە ساڵی ١٧٥٣ ز دروست کراوە.

Scanned with CamScanner

٣- مۆزەخانەی لەندەن: لە ساڵی ١٩١٢ ز دروست کراوە.
٤- مۆزەخانەی ڤیکتۆریا: گرانترین و بە نرخترین شتی کۆنینەی مێژوویی تێدایە.
٥- مۆزەخانەی ناپۆلی: لە سەدەی هەژدەهەم دا دروست کراوە.
٦- مۆزەخانەی میللیی رۆما.
٧- مۆزەخانەی ئالاسکا کە لە وڵاتی ئەمریکا دایە.
٨- مۆزەخانەی ماسا چۆست و مۆزەخانەی پالتیمۆر کە هەردووکیان لە وڵاتی ئەمریکادان.
٩- مۆزەخانەی بەناوبانگی لینین گراد لە یەکیەتیی سۆڤیەتیدا.

٥٣٢- پارچە ئەڵماسە بەناوبانگەکانی جیهان:
١- ئەڵماسی کەژی نوور: کە لە سەرەتاوە ٨٦ قیراط قورسایی بووە, ئەمرۆ ٨٤ قیراط قورساییەتی.
٢- ئەڵماسی دەریای نوور: لە سەرەتاوە ٧٨٠ قیراط بووە, ئەمرۆ ٢٨٠ قیراط قورسە.
٣- ئەڵماسی رژان: قورسایی ٣٦ قیراطە بەناوی ئەڵماسی وەلی عەهدی فەرەنسە بەناوبانگە.
٤- ئەڵماسی بەرازیل: ٨٠ قیراطە و لە وڵاتی پورتەغال دایە.
٥- ئەڵماسی برنیۆ: ٣٦ قیراطە.

٥٣٣- ئەمانە بزانە:
١- ئاپادیمی: کاتێك نەخۆشی بڵاو دەبێتەوە وەکو نەخۆشیی تاعوون, کولێرا, سیل, ئاوڵە .. واژەیەکی جیهانی بۆ بەکادەهێنن ئەویش وشەی ئاپادیمییە.
٢- کەرەنتینە: هەر کاتێك ئاپادیمی بڵاوبێتەوە بەسەر سنوورەکانەوە ئەوانەی لە وڵاتێکەوە دەڕۆن بۆ وڵاتێکی دی کە پێنج رۆژ دەست بەسەر دەکرێن تا دەردەکەوێت لەگەڵ خۆیان دا ئەو نەخۆشییەیان هێناوە یان نا. جا بەو پێنج رۆژە دەگوترێت کەرەنتینە.
٣- تەلەڤۆتۆ چییە؟
دەستگایێکە کە لە رێگەی دوورەوە وەکو تەلگراف دەکرێت ئاوا بەو دەستگایە وێنە دەنێردرێت.
٤- تەلگراف تەلیفۆن , تەلفزیۆن:
ئەم سێ ناوە لە زمانی لاتینی کۆنەوە وەرگیراون تەلە واتە لە دوورەوە, گراف واتا نووسین, تەلە واتە لە دوورەوە فۆن واتە گوێ گرتن. تەلە واتا لە دوورەوە فیزیۆن واتە بینین.

٥٣٤- مانای ئەم وشانە چییە؟
١- ئنسی کلۆپیدی: واتا "دائرة المعارف".
٢- ئامفی تئاتر: واتە جێگایەکی سەر داپۆشراو بە شێوەی مانگی یەکشەوە (هلال) و شانۆگەریی تێدا دەکرێت.
٣- ئیشراقییەکان: مەکتەبێکی فەلسەفەیە, زانا رۆژهەڵاتییەکان پەیڕەوی بوون و دەڵێن: خوا هەموو شتە و لە هەموو شتێك دا دەبینرێت و لە هەموو شوێن و جێگەیەك دا هەیە و مەوجوودە.
٤- بالماسکە: شەونشینییەکی تایبەتییە کە بەشدارەکان بە جلوبەرگی تایبەتییەوە سەمادەکەن و روو و رواڵەتی خۆیان بە روو پۆشێکی سەیر شاردۆتەوە.
٥- بالێت: سەمایەکی تایبەتییە کە بە جووڵانەوەیەکی هونەری تایبەتی دا داستانێك دەگێڕێتەوە.

Scanned with CamScanner

٦- بیۆگرافی: سەرگوزەشتەی مرۆڤ و چۆنیەتیی رابردووی مرۆڤ.
٧- بایۆلۆژی: واتە زانیاریی گیانلەبەران و چۆنیەتیی پەیدابوونیان.
٨- (بعد)ی چوارەم: لە قوتابخانەکانی فەلسەفەدا رەوشن بوەتەوە کە تەواوی ئەجسام سێ دووریان هەیە: پانی ، درێژی، ئەستووری، زانیاران دوورییەکی چوارەمیان داسەپاندووە پێی دەڵێن دووریی چوارەم.
٩- ترانسفۆر ماتۆر: دەستگایەکە هێزی کارەبای سەرخوار پێ دەکرێت واتە کەم و زیاد.
١٠- درام: بە شانۆییەك دەگوترێت کە گریان و پێکەنینی تێدا تێکەڵ بکرێت.
١١- سابو تاژ: لە فەرهەنگی سیاسیدا، واتە خراپ کاری و تێك و پێك دان لە کارخانەی جاتی پیشەسازیدا.
١٢- گیوتین: دکتۆرێکی فرانساوی بووە دەستگایەکی دروست کردووە بۆ سەر بڕین کە بەناوی ئەوەوە ناسراوە، هەر لەو دەستگایەش لویسی (١٦) و ماری ئەنتوانێت سەربڕاوە، سەیر لەوە دایە گیوتین خۆشیی هەر بەو دەستگایە کوژراوە.
١٣- میتافیزیك: زانیارییەکە دەربارەی ئەودیوی سروشت (ماوراء الطبیعة) ئەرستۆ ئەم زانیارییەی هێناوەتەکایەوە و دەربارەی نووسیوە.

٥٣٥- درێژترین تونێل کە تا ئێستا دروست کراوە تونیلێکە بەناوی سەورن لە وڵاتی ئینگلتەرەدا کە لە ساڵی

١٨٨٦ز تەواو کراوە بە درێژیی ٧٤٤٧ مەتر.
لەناوچەی نیویۆرك دا تونیلێك دروست کراوە بە درێژیی ٢٨٠٠ مەتر.

٥٣٦- جۆگا (قەناتە) بەناوبانگەکانی جیهان:
١- قەناتی سوێس: لەنێوان دەریای سوور و دەریای مەدیتریناندا هەڵ کەنراوە بە درێژیی ١٦١,٠٠٠ مەتر.
٢- قەناتی پەناما: لەنێوان ئۆقیانووسی گەورە و ئەتڵەسیدا هەڵ کەنراوە بە درێژیی ٨١٣٠٠ مەترە.
٣- جۆگای رووباری کنگ لە هیندستان بە درێژیی ١٣٠٥ کیلۆمەترە.
٤- جۆگای ماریا لە یەکیەتیی سۆڤیەتی بە درێژیی ١٩٠٢ کیلۆمەترە.
٥- جۆگای ئیمپراتۆری لە وڵاتی چین بە درێژیی ١٣٠٠ کیلۆمەترە.
٦- جۆگای ئاریا — ئوهایو لە ئەمریکا بە درێژیی ٥٤٦ کیلۆمەترە.

٥٣٧- دەزانی یۆنانییە کۆنەکان ئەستێرەکانیان بەناوی خواکانیان ناو ناوە:
١- مشتەری: جۆبیتەر، خوای خواکان.
٢- زوهرە: ڤینۆس، خوای عیشق.
٣- مەریخ: مارس، خوای شەڕ.
٤- عەتارید: خوای قسە.
٥- زوحەل: خوای کات و زەمان.

٥٣٨- بزانە کە زەوی سێ جۆر جووڵانەوەی هەیە:
یەکەم: بەدەوری خۆیدا.
دووەم: بەدەوری خۆردا.
سێیەم: لەگەڵ خۆر و کۆمەڵی هەتاودا بەرەو ئاسمانی بێ تەواو بوون پێکەوە ئاسمان تەی دەکەن بەرەو کوێ ؟ خوا خۆی دەزانێت !

Scanned with CamScanner

٥٣٩- پێکەوە با بیر کەینەوە..

پ ١- ناوی چەند کتێبێکی ئەرنست هەمنگوای بڵێ؛

و- خوای حافیزی لە چەك، بۆ کێ زەنگوڵەکان لێ دەدرێن، پیرەمێرد و دەریا، بەفرەکانیکلیمەنجارۆ.

پ ٢- ئەم نووسراوانە هی کێن: دەزگای کەنداو، پاژنە ئاسنین؟

و- نووسەری بەناوبانگ جاك لەندەن.

پ ٣- بیکاسۆ خەڵکی چ وڵاتێکە؟

و- خەڵکی وڵاتی ئیسپانیا بووە.

پ ٤- شۆمان، شۆپێن، شوبەرت چ کارەبوون؟

و- شۆمان خەڵکی ئەڵمانیا بووە و مۆسیقازان بووە.

- شۆپێن خەڵکی پۆڵەندە و ئاهەنگساز بووە.
- شۆبەرت خەڵکی نەمسا و مۆسیقازان بووە.

پ ٥- بە چ هەڵبەستێك وتراوە فەهلەویات؟

و- بە چوارینەکانی بابا تاهیری عوریان شاعیری لوڕی ئەمر.

پ ٦- جاك لەندەن و گۆگۆڵ کامیان خەڵکی بەریتانیا بووە؟

و- هیچ کامیا. جاك لەندەن ئەمریکایی بووە و گۆگۆڵیش خەڵکی رووسیا.

پ ٧- ئەبو عەلی سینا بووە وەزیری کام فەرمانڕەوا؟

و- شەمسووددەولە و عەلائوددەولەی سەردەمی دەیلەمییەکان.

پ ٨- شاتوبریان و ڤیکتۆر هیگۆ پەیرەوی چ قەتابخانەیەك بوون لە نووسین دا؟

و- پەیڕەوی قوتابخانەی ئەدەبی رۆمانتیسم.

پ ٩- سومەرسێت موم: ئینگلیزە یان ئەمریکاییە؟

و- نووسەرێکی ئینگلیزە.

پ ١٠- نۆتردام لە چ وڵاتێکە؟

و- کلێسایەکە لە شاری پاریس.

پ ١١- ڤاتیکان لە چ وڵاتێکە؟

و- کۆشکێکە لە شاری رۆما پاپای تێدا دادەنیشێت.

پ ١٢- ویست منستەر لە چ وڵاتێکە ؟

و- کلێسایەکە مێژووییە لە شاری لەندەن.

پ ١٣- ئاخرین پاشای خوارزەمشایەکان ناوی چی بوو؟

و- ناوی سوڵتان محەممەد خوارزەمشا بوو.

پ ١٤- دوامین خەلیفەی عەباسی ناوی چی بووە؟

و- المستعصم بالله.

پ ١٥- گەورەترین و زۆرترین کۆمەڵە دورگەی جیهان لە چ وڵاتێکە ؟

و- لە وڵاتی ئەندەنوسیادا کە تێکڕا لە ٢٠٠٠ دورگەی پێك هاتووە.

پ ١٦- بەرزترین لوتکەی چیای دونیا کامەیە؟

و- لوتکەی ئەڤەریست کە ٨٨٨٨ مەتر بەرزە.

پ ١٧- قووڵترین ئۆقیانووس کامەیە؟

و- جێگەیێکە لە ئۆقیانووسی ئارام دایە بە قووڵی ١٤٠٤٨ مەتر.

Scanned with CamScanner

پ ١٨- ب چ وڵاتێك دەڵێن ئەسكەندەناڤی؟
و- سوێد، نەرویج، دانیمارك.
پ ١٩- وڵاتی تایلاند ناوێكی دیكەی هەیە، ئەو ناوە چییە؟
و- وڵاتی سیام.
پ ٢٠- دارولسەلام پایتەختی چ وڵاتێكە؟
و- تانجانیقا.
پ ٢١- چاكترین سیمفۆنییەكانی مۆزارت كامیانە؟
و- سیمفۆنییەكانی ژمارە ٤٩، ٥٠، ٤١.
پ ٢٢- بە كێ دەڵێن باوكی سیمفۆنی؟
و- هایدنی ئەڵمانی.
پ ٢٣- قوتابخانەی ئەكادیمی ولیسە بەكێ وەناسراوە؟
و- ئەكادیمی بە ئەفلاتون و لیسە بە ئەرستۆوە.
پ ٢٤- بە كێ دەڵێن پاشای مۆسیقا؟
و- بیتهۆڤن.
پ ٢٥- كێ هایدرۆجینی دۆزییەوە؟
و- كافندیش لە ساڵی ١٧٨١ دا.
پ ٢٦- كام پاشای بریتانیا بوو كە ئینگلیزی نەدەزانی؟
و- جۆرجی یەكەم.
پ ٢٧- گوستابو چی بوو؟
و- پۆلیسی نهێنی سەردەمی هیتلەر بووە.

پ ٢٨- دڵ لە هەر دەقیقەیەك دا چەند جار لێ دەدات؟
و- لە هەر دەقیقەیەك دا ٧٠ — ٧٥ جار لێ دەدات.
پ ٢٩- سەمیرامیس چ كەسێك بووە؟
و- شاژنی وڵاتی بابل و ژنی بەختونەصر بووە.
پ ٣٠- دزدەمونا قارەمانی كام كتێبە؟
و- قارەمانی كتێبی ئەتیللۆ (عطیل)ی شەكسپیرە.
پ ٣١- سیمفۆنیی رۆمیۆ و جولێت كێ دای ناوە؟
و- چایكۆفسكی.

رۆمیۆجولێت

پ ٣٢- پەیكەری بەردینی بەناوبانگی ماچ كام پەیكەرساز دروستی كردووە؟
و- (روودان)ی پەیكەرسازی فرانسە.
پ ٣٣- ئایا پلەی گەرمای لەشی مرۆڤ وەكو یەك وایە؟
و- گەرمای جەرگ ٣٨،٢، ناودەم ٣٦،٥، بن دەست ٣٦،٧ پلەیە.
پ ٣٤- چەند ئێسك (پێشە) لەلەشی مرۆڤ دا هەیە؟
و- ٢٠٠ پارچە و بەم جۆرە:

Scanned with CamScanner

سەر ٢٢ پارچە.
پشت ٢٦ پرگە.
پەراسوو ٢٥ دانە.
شان و دەست ٦٤ پارچە
لەگەن و پێیەکان ٦٢ پارچە
٢٠٠ گشت

پ ٣٥- ناوی قوتابخانەکانی سیاسەت هەڵ دە؟

و- ئەپۆلۆتیسم، ئەنارشیتیسم، ئیمپریالیسم، ئەنترناسۆنالیسم، دیموکراسی، دیکتاتۆری، رادیکالیسم، ریالیسم، راسیۆنالیسم، سۆسیالیسم، ناسیۆنالیسم، فاشیسم، مارکسیسم، فئودالیسم، کۆمۆنیسم، کاپیتالیسم، ماتریالیسم، میلیتاریسم، نهیلیسم.

پ ٣٦- چ ڤیتامینێك بۆ کەم خوێنی باشە؟

و- ڤیتامین B

پ ٣٧- جاڵجاڵۆکە چەن پێی هەیە؟

و- هەشت پێ.

پ ٣٨- لە باری سروشت ئاساییدا دڵ چەند جار لە دەقیقەیەك لی دەدا؟

و- ٢٥ جار.

پ ٣٩- چەند ئۆکسجین لە ٢٤ سەعات دا دەڕواتە ناو سیی مرۆڤەوە؟

و- ٢٣٠٠ لیتر.

٥٤٠ پاپای کاتولیك و دەرباری پاپا

تاکو ئێستا ٢٦٤ پاپا زیاتر لە جیهانی مەسیحیەت دا فەرمانڕەواییان کردووە، تەواوی ئەو پاپایانە بە جێ نشینی (سان پییر) دەژمێردرێن.

ئەم سان پییرە یەکێك بووە لە هەودەمەکانی عیسا ناوی پییر واتە بەرد. ئەم ناوەش حەزرەتی عیسا لێی ناوە، پێی وتووە تۆ بەردێکی کڵێسای خۆمت لەسەر بنەڕەت دادەنێم.

تا پێش فەرمانڕەوایی شارلەمان پاپا و دەستگای پاپا هێندە خاوەن دەسەڵات و دەرکەوتوو نەبوون، بەڵام بە هاتنە سەرکاری شارلەمان هێز و توانا پاپا گەلێك فراوان بوو بە تایبەتی دوای دەرکردنی فەرمانە بەناوبانگەکەی شارلەمان کە لە ساڵی ٧٨٥ی زایین دا دەری کردووە و دەڵێ:

١- هەر کەسێك بۆ کەم ڕێزیی ئاینی مەسیحیەت ڕۆژووی گەورە نەگرێت تاوانی کوشتنە.
٢- هەر کەسێك لەشی مردوویەك بسووتێنێت تاوانی مەرگە.
٣- هەر کەسێك بەزۆر بڕوانە ناو جێگای نوێژەوە تاوانی خنکاندنە.
٤- هەر کەسێك لەو ڕووانەوە کەمتەرخەمیی بنوێنێت و پیاوە ئاینییەکان لێی رازی نەبن سەرانەی لێ دەستێنرێت.

بێ گومان دەرکردنی ئاوا فەرمانێك دەسەڵاتی پاپا و پیاوە ئاینییەکانی بە ڕادەیەکی گەلێك زۆر دەرخستووە و بووەتە هۆی ئەوە پیاوە ئاینییەکان لە بچووك و گەورە ڕووداوەکانی ژیانی خەڵك دا بن بە مووی لووت و پەنجەی تێ بخەن.

لە سەرەتای سەدەی چواردەمەوە دەربارەی پاپا گوێزراوەتەوە بۆ کۆشکی ئیمپراتۆریی "لاتران". لە ساڵی ٣٤٤ ز کۆمەڵەیەك لە ئەسقوفەکان پێك هات و پایە و مەقامی پاپایان ناسی و دانیان پێ دانا، لە ساڵی ٤٥٥ی زایینیش دا ئیمپراتۆریش پایەی پاپای ناسی و دانی پێ دانا.

Scanned with CamScanner

دوای پەلاماری هۆزە درە سەرەتاییەکان و بڵاوبوونەوەی خوێن ڕێژی و وێرانی و کوشتن و بڕین لە دونیای مەسیحیەت دا تا ڕادەیەکی زۆر خەڵکەکە پەنای هێنایە بەر ئاین و مەسیحیەت.

ئەمڕۆ دەربارەی پاپا لەلایەن کەسانێکەوە بەڕێوە دەچێت کە بە سێ بەش دابەش کراوە:

١. ئەندامەکانی ئەنجوومەن.
٢. قازییەکان.
٣. ئەندامەکانی دەفتەرخانە.

بەڵام تەواوی فەرمانەکان لەلایەن پاپاوە دەردەچێت ئەم سێ دامەزراوە لەلایەن ئەنجومەنێکەوە بەڕێوە دەبرێت کە لە ڕاستیدا بە چاو و گوێی پاپا دەژمێردرێن ئەم ئەنجومەنەش کاردینالێك هەڵی دەسوورێنێ کە لە ڕاستیدا هەم سەرەك وەزیرە و هەم وەزیری ناوخۆیە و هەم وەزیری دەرەوەشە.

تەواوی کاروباری پاپا و گرفتارییەکانی دەربارای پاپا و دونیای مەسیحیەت لەلایەن کاردینالەکانەوە بەڕێوە دەبرێت. بێ گومان ڕابەریی دونیای مەسیحیەت کارێکی سادە و ئاسان نییە. ئەمەش بە چەند کەسێك هەڵ ناسوورێ جا بۆ ئاسان کردنی کاروبار (دەربارەی پاپا) لە ساڵی ١٣٤٥ی زایین دا زۆر لە پیاوە ئاینییەکانی هێنایە ناو دەزگای فەرمانڕەواییەوە. ئەوانەش کە لە دەرباری پاپادا فەرمانیان هەڵ دەسووڕاند هەر هەموویان کڵاوی سووریان لەسەر دەنا ئەوسا پێش دامەزراندنی دام و دەزگای ئەتەوەنامە (جنسیە) و لەدایك بوون و مردن و ژن هێنان، ئەم کاروبارانە هەمووی لەلایەن کڵێساوە ئەنجام دەدرا.

لەسەدەی دوانزەدەدا دەسەڵاتی پاپا و دەربارەکەی گەیشتە هەڵهەلە و ئەوپەڕی دەسەڵات. لە پاشاوە تا هەزار وەکو یەك مل کەچی فەرمانی پاپا و دەربار بوون.

پشکنینی بیروڕا یان دادگاکانی پشکنین

کۆنگرەی بەرز و ڕێکخراوی پشکنین کە تا بە ئەمڕۆیش لە دونیای مەسیحیەت دا هەر ماوە بەڵام نەك بەو توند و تیژی و دڕییەتییە.

ڕێکخراوی پشکنینی بیروڕا لە سەردەمی پاپا "کریگۆری حەوتەم" دا پێك هاتووە و گەیشتوەتە پۆپەی خوێن ڕژان و ئازاردانی خەڵکی، ئەم پاپایە لەو باوەڕە دابوو کە ئەسقوفەکان زۆر بە تەنگی ئاینی مەسیحیەتەوە نین بۆیە وا بێ دینی بلاوبوەتەوە تا کەسانێکی تایبەتی پێك هێنا و بە هەر لادا هەناردیانی وبە بچووکترین تومەتەوە خەڵکیان دەکوشت یان دەسووتاند. بێ لێ پرسینەوە، بێ دادگا، بێ لێکدانەوە لە سەردەمی یەکێك لە پاشاکان دا لە یەك ڕۆژدا ١٨٣ کەسیان بە زیندوویی سووتاندوە.

ڕێکخراوپپشکنینی بیروڕا سەردەمێك لە خوارەوەی وڵاتی فەرانسادا و ئیتالیادا بە شێوەیێکی بێ دەربەستانە خەڵکیان دەکوشت و دەسووتاند، کە تا بە ئەمڕۆ گەورەترین ئەنگ و ڕیسوایی دونیای مەسیحیەت و کڵێسا دەژمێردرێت.

لەساڵی ١٥٥٧ی زایین دا پشکنینی بیروڕا لیستەیەکی دەرهێنا و دەربارەی ئەو کتێبانەی وا دژ بە ئاینین یان لەگەڵ ئاینی مەسیحیدا ناگونجێن، ئەو لیستەیەش هەموو جۆرە شتێکی تێدا بوو لە شانۆییەوە بیگرە تا هەڵبەست و داستان. هەتا وەکو گالیلۆی زانیاریش ئەوەندەی نەمابوو دەربارەی پاپا بیسووتێنن و زۆربەی کتێبەکانیان سووتاند.

بێ گومان ئەمڕۆی دەربارەی پاپا گەلێك جیاوازە لەگەڵ ئەوسادا، جیهانی زانیاری و تەکنەلۆژیا بە ڕادەیەك پێش کەوتووە کە زۆر بیر و ڕای کۆنەپەرستانەی هەڵ وەشاندوەتەوە و دەربارەی پاپایش هێندە خۆی لە قەرەی زۆر شت نادات.

Scanned with CamScanner

کۆنگرەی پڕوپاگەندە

لەساڵی ١٦٢٢ی زایین دا پاپا گریگۆری پانزدەهەم ئەم کۆنگرەیە لە پیاوە روحانییەکانی دەربارەی خۆی پێك هێنا بۆ بلاوکردنەوەی ئاینی مەسیحیەت, لە ساڵی ١٩٠٨ دا کۆنگرەی مارە بڕین و ژن هێنانیان پێك هێنا لەسەر چەند مەرجێك کە پاپا بەپێی ئەو مەرجانە دای دەنا ئایا ئەو ژن هێنانە ڕەوایە یان ناڕەوا, وەکو ئەگەر کچە یان کوڕە منداڵ بێت و نەگەیشتبێتە تەمەنی ژن هێنان یان شووکردن. یان کاروباری ژن و مێردی بە یەکێکیان هەڵ نەسووڕێت یان جۆری پێوەندییەکە حەرام بێت.

یان کچێك بە زۆر لە پیاوێك مارە بکەن, ئەم مەرجانە بۆ پاپا هەبووە و توانای هەڵوەشاندنەوەی ئەو پەیوەندییەی پێ داوە.

بەڵام دەربارەی ناسازگاری و لە دەست دانی بەشێکی لەش, بۆ ئەمانە دادگایێکی دوانزدە نەفەری لەلایەن پاپاوە هەڵ دەبژێردرێت و بڕیار دەدەن.

ئاینی پڕۆتستان:

لەنیوەی سەدەی شانزدەهەم دا بیروڕاکانی "لۆثەر" کە خەڵکی ئەڵمانیا بووە و (کالڤن) کە خەڵکی فەرانسە بووە دونیای مەسیحیەت و دەربارەی پاپای کۆنە ساڵی هێناوەتە لەرزین.

لۆثەر لە ساڵی ١٤٨٣ لە یەکێك لە ناوچەکانی ساکسی ئەڵمانیا هاتوەتە دونیاوە, باوکی کرێکاری (کان) دەرهێنان بووە, سەرەتای ژیانی لۆثەر پڕبووە لە هەژاری و کوێرەوەری, لە بیست و دوو ساڵیدا ڕۆیشتۆتە سەومەعەوە و لە ئەنجام دا بووە بە کەشیش و لەبەر ئەوەی قسەڕەوان و شیرین زمان بوو بە مامۆستای "حیکمەتی ئیلاهی" هەڵبژێردرا.

بیربەرزی و وردبینی و وردەکاری لۆثەر هەمیشە هەستی ناسکتر لە گوڵی جووڵاندووە و هەردەم وای زانیوە کە شەیتان لە دەروبەریدا دەخولێتەوە و دەیەوێ هەڵی خەڵەتێنی و تەفرەی بدات.

لە ساڵی ١٥١١ دا کاتێك نێردراوە بۆ شاری ڕۆما و دەرباری پڕ بریق و هوڕی پاپای دیتوە و هەڵسان و ڕەفتاری پڕ فیزی کاردینال و ئەسقوف و پیاوە ئاینییەکانی دەربارەی سەیر کردووە هێندەی تر ئاڵۆز دەبێت.

چەند ساڵێك تێ دەپەڕێت, لیۆنی دەیەمی پاپای گەورە بۆ دروست کردنەوەی کڵێسای (سان پییر) پێویستی بە پارە دەبێت جا بڕیاری دا کە خەڵکی دەتوانن خۆش بوون لە گوناحەکانیان بە پارە بکڕن.

ساڵی ١٥١٧ لۆثەر یەکەمین جار دژ بە فەرمانی گوناح بەخشینی بە پارە هەستا و لەسەر بناغەی ژیری و مەنتیق توانی خەڵکێکی زۆر لە خۆی گلێر بکاتەوە, رای گەیاند ئاینی مەسیحی بریتییە لە بڕواهێنان بە ئنجیل و مەسیح و بەس. پاپا بڕیارنامەی کوفر و بێ دینیی لۆثەری دەرهێنا, ئەویش بڕیارنامەکەی هێنا لە گۆڕەپانی شار لەناو قوتابییەکانیدا سووتاندی.

دەربارەی پاپا لە هەڵێك دەگەڕان ئەم زانایە لەناوبەرن کە زۆر لە ڕەفتارەکانیانی بە ناڕەوا دەزانی.. لۆثەر بۆ ماوەیەك خۆی شاردەوە, لەو ماوەیەدا ئنجیلی وەرگێرایە سەر زمانی ئەڵمانی.. کە خۆی دەرخست ئیتر دام و دەزگای پاپا نەیان توانی زەفەری پێ ببەن, بەرەبەرە پەیڕەوانی ڕێبازەکەی بە وڵاتان بڵاوبووەوە و ناونرا "پڕۆتستان".

Scanned with CamScanner

ئافرەت و نهێنییەکانی

Scanned with CamScanner

Scanned with CamScanner

ئافرەت و نهێنییەکانی

ئافرەت تێکرا ئایینێکی جیان و رەوشتێکی جیاوازن، دەرد و دەرمانێکی تێکەڵن، پۆلە شتێکن تێکەڵ بە هەموو شت. خامەی مرۆڤ ئاسان توانای ئەو باسەی نییە، توانایی زمان و بیر و ووتوێژی ناتوانێ بە ئاسانی خۆی لە قەرەی ئەو دەریا قووڵە بێ بنە پڕ نهێنییە بدا و بتوانێت بالەمەلەی تێدا بکات.

ئافرەت جاددوە !!

ئافرەت گیانلەبەرێك بووە هەمیشە لە ناخ و بیری زانا و فەیلەسووف و نووسەر و بیرکەرەوە و بلیمەت و کاربەدەست و فەرماندەر و هەژار و دەوڵەمەند و گێل و ئاگادا ژیاوە؛ هەر یەکە بە جۆرێك، بەعلام لە پێویستی ئافرەت دا بۆ پیاو بۆ ژیان هەموو پێکەوە هاوڕان.

زۆربەی رووداوە گرنگەکانی مێژوو و پیاوە ئاسراوەکانی مێژووی مرۆڤ سێبەری ئافرەتیان تێدا دیارە — لە پشتی پەردەوە -.. هەر نەبێت بۆ وردبین "ریزەکار" تاپۆکەی نیونیگا خۆی دەنوێنێت !

لە کۆنی کۆنەوە رواڵەت و قەد و پەیکەری ژنانە ئافرەت هۆ و هاندەری زۆر شت بووە؛ لە دەرکردنی ئادەمەوە لە بەهەشتی بەرین تا کوشتنی هابیل لە گومراکردنی فریشتەکانی خواوە هاروت و ماروت تا لە بەنکێشانی یووسفی پەیامبەر.. لە سەرسوڕمانی حەزرەتی نووحی گەورە تا بەلقیسی لای سلێمان پەیامبەر و تا پێوەندکردنی سامسۆنی پاڵەوان.. لە بە کوشت دانی سزار و ئەنتۆنیۆوە تا سەرکەوتن و سەرالێژیی ناپلیۆن تا تێك و پێك دانی بنەماڵەی رۆمانۆف و رووداوەکانی راسپۆتینی ژن پەرست !! هەر هەمووی ئەمانە ئافرەت ئاکتەری یەکەمی رووداو بوون، ئافرەت هۆی راستەوخۆی پێك هێنانی مێژوو بوون. ئافرەت زیندوێکی تێکەڵە بە توانا و بە هێز .. ناسك و نەرم و نیان، دڵ رەق و خوێن ڕێژ و بە پەلامار..

لە هەست و دڵ ناسك و ئاوڕ ئاسك، خواوەندی خۆشەویستی ئەفین لە هەمان کات دا دڵێکی وەك پۆڵا و پڕ قین.. ئافرەت کەنین، زەردە خەنەیە، حەزە، ئێشە.

ئافرەت تیشکی خوایە.. گڵپە و گر و بڵێسەی ئاگرێکی هەتا هەتایە.. هەناسەیە، ئارەزووە، تاسەیە. ئافرەت نەوایە، چیرۆکی خوایە، ئافرەت کەژە، هەڵەتە، سەختە. ئافرەت سەوزەڵانییە، تەختەلانییە، ئافرەت دووریانە، ژیانە، هاتونەهاتە، خۆمانین ئافرەت خەڵاتە !!

ئەفسانەیەك دەڵێ ئافرەت چۆن خولقاوە

خواوەند دوای دروست کردنی زەوی و ئاسمان و قووڵایی کەون و حەوت نهۆمی ئاسمان و پیاو.. کەوتە بیرکردنەوە ئافرەت لە چی دروست بکات؟ لە چ هەوێن و کەرەستەیەك ؟ کەوتە بیرکردنەوە تا ڕای هاتە سەر ئەوەی:

لە مانگ ئاوڕ،
لە هەتاو تیشك،
لە ئەستێرە جریوە،
لە هەور فرمێسك،
لە گوڵ رەنگ و بۆن،
لە پەلوپۆی دار و سەروە باڵابەرزەکان نەرم لەنجە و نیان هەنگاونان،

Scanned with CamScanner

له شنەی شەماڵ ناسکی،
له ئاگر گڕ و گلپە،
له دەریا شەپۆلی تاوتاو و نەرمی و نیانی و هەڵهەڵە،
له بەرفر سارد و سڕی،
له سەگ وەفا،
له هەنگوێن شیرینی،
له ئەڵماس پتەویی،
له زێڕ بریقە،
له تاووس خەرامان ڕۆیشتن،
له ئاسك نیونیگا،
له پڵنگ دەری و ئاڵۆزی،
له ڕێوی فێڵ،
له دووپشك پێوەدان،
له ڕۆژگار بۆنەهاتن،
له تووتی گلەیی،
له ئاونگ پەسندی و نەرمی..

ئەمانەی هەموو تێکەڵ کرد ئافرەتی لی دروست کرد و ناردییە سەر زەوی و کردییە هاوجووتی پیاو ! دوای حەفتەیەك پیاو بە هەوڵداوان خۆی گەیاندە بارەگای خوا بە کڕنوش دا چوو گوتی:

ئەی خوای گەورە هەرە گەورە ! من ژیانم بە دەست ئەم گیانلەبەرەوە وا داوتە پێم نەماوە، هەناسەی سارد کردووم، بزەی لە لێوم بڕیوە، کڵۆڵ و بی دەرەتان لێی وەستامەتەوە، هەراسان بووم بەدەس گریانی لەسەر هیچی، لەدەس سکاڵای بێ پایانی ! ئەم هەموو لاواندنەوەیە بە من ناکرێت. جا وا هێناومەتەوە، ئەم دیارییەم ناوێت. گەلێك سوپاس.

خواوەند فەرمووی: باشە دایبنی و بڕۆ دوای حەفتەیەك، پیاو دیسان خۆی گەیاندەوە بارەگای خواوەند و بە کڕنوش دا چوو گوتی:

ئەی خوای بێ هاوتا! بۆم دەرکەوت من ناتوانم بێ ئەو گیانلەبەرە درێژە بە ژیان بدەم. بیرم دەکەوێتەوە کە چۆن ناز و گریشمەی دەنواند، لەسەر نووکی پەنجە بە لەنجەولار لە دەورم دەگەڕا و جاروبار بولبول ئاسا گۆرانیی بۆ دەگوتم، ئازاری لەبیر دەردەکردم. جای ئەی خوای هەرە گەورە هاتووم تابم دەیتەوە !
خواوەند ئافرەتی گەڕاندەوە بۆ پیاو.

دوای چەند ڕۆژێك پیاو لە جاری پێشوو پەریشان تر خۆی گەیاندە بارەگای خواو دوای گەڕانەوە ئافرەتی کرد بۆ لای خوا.

خوا فەرمووی: هۆ پیاوەکە. دەبێ بڕیارێکی تا سەر بدەیت.. ئەمە وانابێت دەی بڕیار بدە! پیاو گوتی : ئەی خوای بێ هاوتا ! من ناتوانم لەگەڵ ئافرەت دا بژیم !

خواوەند فەرمووی: هەستە بڕۆ چارەی خۆت بکە، نە بێ ئافرەت دەتوانیت بژیت و نە لەگەڵ ئافرەتیش دا دەتوانیت بژیت !.

ئافرەتی نایاب

Scanned with CamScanner

نافرەتێك باوەڕی بەبیروڕای خۆی هەبێت.
١- نافرەتێك لە مێردەکەی نەپرسێت ئەرێ لە کوێ بوویت ؟
٢- نافرەتێك ئارەزوو نەکات گرانترین بەرگ لەبەر بکات.
٣- نافرەتێك هەوڵ نەدات لۆچ و خەتی رووخساری بشارێتەوە.
٤- نافرەتێك تەنیا بیری هەر مێردەکەی بێت.
٥-

باوەڕ بە ئافرەت مەکە

- ئەگەر پێکەنی و.. ئەگەر گریا.
- ئەگەر خۆشەیستی و .. ئەگەر گوتی من خۆشەویستی نازانم.
- نافرەتێك بڵێ نامەوێ شووبکەم.
- نافرەتێك بڵێ بیروڕای لەسەر بیر و ژیرییە زیاتر لە هەست و حەز.
- نافرەتێك بڵێ هەرگیز ئارایشت ناکا و نەی کردووە.

دوژمنانی ئافرەت دەڵێن :

لە مێووی پێش کەوتنی پیشەسازییەوە تاکو ئێستا نافرەتێك هەڵ نەکوتووە بۆ یەکەم جا رشتێك دا بهێنێت یان دروست بکات یان درەستی کردبێت. یان ئاوازێکی بەناوبانگی دانابێت، یان لە پزیشکی دا دەسەڵات دار بووبێت، یان تاکو ئێستا پەیامێکی خوای پێ سپێردرابێت، یان گەیشتبێتە ڕادەی فەیلەسووفی !

ئەمانە لەگەڵ بیروڕای ئافرەت دا ناخۆن

خەسو و ژن
نهێنی و ئافرەت
بێ دەنگی و ئافرەت
تەمەنی ڕاستەقینە و ئافرەت
پیری و ئافرەت
خزمی مێرد و ئافرەت
بە کورتی : ئافرەت و ئافرەت

خوا ژنی تووشی چواردە ژان و سزا کردووە

بێ نوێژی
قورسی سك پڕی
ئێشی منداڵ بوون
ئاین ناتەواوی

Scanned with CamScanner

میراتی نیوەی پیاو دەکەوێت
دوای تەلاق دان، یان مێرد مردن شوونەکردن تا ماوەی (عدة) بەسەر دەچێت
کەم ژیری
ژێر دەستەیی پیاو
تەڵاق لە دەست پیاوە نەك ژن
غەزا لە پێناوی خوادا "جهاد"
پێغەمبەریان تێدا هەڵ نەکەوتووە
ناکرێت بە فەرمانڕەوا
نابێت بە تەنیا بڕوات بۆ سەفەر و گەشت
سەڵاویان لێ ناکرێت

ئەفسانەیەکی هیندی دەڵێ

خواوەند گیانلەبەرێکی بەهێزی دروست کرد بەناوی پیاو پێی گوت تۆ بەختەوەری کرد بەناوی پیاو پێی گوت تۆ بەختەوەری؟
پیاو وەڵامی دایەوە : نەء.
خواوەند فەرمووی: باشە ئەی چیت دەوێ؟
پیاو گوتی: ئاوێنەیێکم دەوێ خۆم و کرداری خۆمی تێدا ببینم، سندووقێکم دەوێ گەنجینەکانمی تێدا دابنێم، سەرینێك سەری لەسەر دانێم، روو پۆشێك لە کاتی دڵ تەنگیم دا لە پشتیوە ڕوومی لی بشارمەوە، یارێك دڵشادم بکات، پەیکەرێکی جوانکیلە لە گلینەم دا بیر و ڕایەك جارجارێك بەربەرەکانیم لەگەڵ بکات.
ئەوجا خواوەند ئافرەتی بۆ خوڵقاند !

ئافرەتی باش لای زانا

لە هەستان دا قەد و باڵای بەرز و کەڵەگەت،
خانومان ئەگەر دانیشت،
راستگۆ ئەگەر ئاخاوت،
خۆگر و لەسەر خۆ لە تووڕەیی و ئاڵۆزیدا،
لە کەنین دا بە بزە پێکەنین،
ئەگەر ویستی کارێك بکات بە چاکی بیکات،
فەرمان لە گوێی مێردی بێت،
لووت بەرز و بە فیز نەبێت،
باش منداڵی بوێت.

لە ئافرەت دا پەسند ناکرێت

ئێسکی دەرپەڕیو "بەرجەستە".
زۆر قەڵەوی.

Scanned with CamScanner

نەکەوێتە بێ نوێژییەوە.
چڕی و پانیی برۆ و مووی زۆر.
لووتی پان یان لار.
چاوی تەسک و خێل.
زمان پان، ددان درێژ و دەم زل.
مەمك بچکۆلە و پشتی درێژ.
بازوو باریك و دەست زل.

لەکۆنەوە گوتراوە

زۆر ژن خووی ئەم جانەوەرانەیان هەیە:

بەراز، مەیموون، سەگ، مار ، هێستر، دووپشك، مشك، پەلەور، ڕێوی، کاوڕ.

ئەوەی کە وەکو بەرازە تەنیا بیر لە خواردن دەکاتەوە. ئەوەی وەکو مەیموون وایە، هەر جل و بەرگی ڕەنگاورەنگ لەبەر بکات و هیچی دی نا. ئەوەی کە وەکو سەگ وایە: وەفادارە و وەڕینیشی هەیە. ئەوەی کە وەکو مار وایە: بۆ مێردەکەی خۆی ناسك نیشان دەدا بەڵام لە ڕاستیدا دڕ و ئالۆزە. ئەوەی کە وەکو هێستر وایە: لەسەر یەك پێ وەستان و لاساری هەیە ئەوەی کە وەکو دووپشك وایە: هاتوهووت کەرە لەناو دەر و دراوسێدا هەروەها بڵاوکەرەوەی نارێکی و دووبەرەکییە. ئەوەی کە وەکو مشك وایە: پارە لە مێردەکەی دەدزێت. ئەوەی کە وەك پەلەورە: هەر خەریکی گەڕانە بێ وچان دان مەگەر شەوان. ئەوەی کە وەکو ڕێوی وایە: ئاژاوە چییە و گۆبەند نانەوە پیشەیەتی. ئەوەی وەکو کاوڕ وایە: هەرچی چاکە بێت حەزی لی دەکات، هەمیشە خەریکی خێرخوازی و مرۆڤایەتییە.

منداڵانی جیهان ئاوەها دایکیان بانگ دەکەن:

منداڵی کورد: دایە
منداڵی میسر: ماما
منداڵی هۆلەندی: ماتکا
منداڵی رووس: مانجیە
منداڵی ئینگلیز: مەذەر
منداڵی نەمسایی: موترك
منداڵی بەلجیکا: مام
منداڵی تورك: نینا
منداڵی عەرەب: یا أمي
منداڵە ژاپۆنی: هاها

گوتراوە

ژن و ژن: هەرا
ژن و پیاو: خۆشەویستی

پیاو و دوو ژن: دۆزەخ

بیروڕای گەلان دەربارەی ئافرەت

قولەرەش: کەرەستەیەکە دەکڕدرێ و دەفرۆشرێت.
عەرەب: گوڵ و ڕەیحانەی مرۆڤە.
فارس: شەیتانێکی بێزراوە.
چین: کچی ئەژدیهایە.
ژاپۆن: گوڵی گەشاوەی ژیانە.
ئینگلیز: بنەڕەتی خێزانە.
ئەمریکی: نیوەی پیاوێکی بە هێزە.
فڕانسە: دەستە گوڵی تێکڕای کۆمەڵە.
ئەڵمانی: گەلێك لە باوك و کەس و کاری زۆرتر بیرە دەخواتەوە.
کورد: بـەعیشـوە زولفی لادا لـەسـەر عـوزار و زاری
دوگمەی کـرای ترازا بزووت هـوای بەهـاری
کە شەو بەیانی بەردا گوڵ و وەنەوشە باری
سەودای بە عاشیقان دا باغی گوڵ و هەناری
دونیایەك ئینتیظاري شیرین تەشی دەڕێسێ
- وەفایی —

فیکتۆر هیگۆ دەربارەی ژن و پیاو وتوویەتی:

پیاو دەریایە
ئافرەت دەریاچە و گۆم.
دەریا مرواری دەیرازێنێتەوە
دەریاچە دیمەنی خەیاڵی و سروشت
پیاو هەڵۆیەکە بە ئاسمانەوە لە فرین دایە و بەسەر ئەوەی کە لە ژێرییەوە فەرمان ڕەوایی دەکا
ژن بولبولێکی خۆش ئاوازە و فەرمان ڕەوای دڵ و هەستە
پیاو چرایەکی بە دەستەوەیە ناوی ویژدانە
ژن ئەستێرەیەکی هەیە ناوی هیوایە
چرا رۆشن دەکاتەوە و هیوایش کەم کەم وەدەردەکەوێت
پیاو بە زەوییەوە چەسپاوە
ئافرەت بە ئاسمانەوە

ئافرەت داستانە

ئافررەتی فڕانسای: داستانێکی خۆشەویستییە.

Scanned with CamScanner

ئافرەتی ئەڵمانی: داستانێکی ڕاستەقینەیە.
ئافرەتی ڕووسی: داستانێکی نەتەوایەتییە.
ئافرەتیمیسری: داستانێکی خەیاڵییە.

ژنانی گەلان

ڕۆژهەڵاتی: نموونەی ناسکی و نازەنینی.
ڕۆژاوایی: زیرەکی و ناز.
ئینگلیزی: کلیلی خۆشبەختیی ژیان.
ئەمریکا: دەست بڵاو و گەلێک سەربەست.
ئەڵمان: دوور لە ناسکیی ژنانە.
تورک: جوانترین ئافرەتانی دونیا.
نەمسا: خاوێن ترین ئافرەتی ڕووی زەوی.
ئەسکەندەنافی: گوێ هەڵ دەخا بۆ مۆدە و داهاتووەکان.

ئافرەتی ولاتانی ڕۆژهەڵات

بەناوبانگن بە:
تورک: ناز و گریشمە
ئێرانی: قەد و باڵا
یەمەنی: ناوقەد باریکی
حیجازی: چاو جوانی
سووریای: سنگ بەرزی
میسری: خوێن سووکی
کورد: لەنجەولار و ناز و ئەدا

ئافرەتانی یەکەم

١- یەکەمین شاژن لە وڵاتی میسردا کچی "ئەتریب" شا بووە.
٢- مادام ئەفریل سان کوری خەڵکی فەرانسە یەکەمین ئافرەتێک بووە کە میدالیای زێڕی تەندروستیی وەرگرتووە.
٣- مادام ئەلکساندر کۆلنتای یەکەمین نوێنەری ئافرەت بووە لە دونیادا کە ڕابەریی باڵیۆزخانەی یەکیەتی سۆڤیەتی کردووە لە وڵاتی نەرویج دا.
٤- یەکەمین پارێزەری ئافرەتی قولەرەش (ماریان بو) بووە لە وڵاتی ئەمریکا.
٥- یەکەمین ئاکتەری ئافرەت کە چووەتە سەر شانۆ مسز کلیان بووە و لە ساڵی ١٦٥٦دا بووە.
٦- ماریا مالا بوراری یەکەمین ئافرەتێک بووە لە وڵاتی یۆنان دا بووە بە پارێزەر.
٧- ساڵی ١٩٠٧ بۆ یەکەمین جار ئافرەتێک بەناوی "لالولیە" خۆی هەڵبژارد بۆ بەڕێوەبردنی شارەوانیی شاری پاریس.

Scanned with CamScanner

٨- یەکەمین یادگارێك کە دروست کراوە بۆ گۆڕی ژنێك "تاج محەل"ە لە وڵاتی هیندستان کە لە (١٦٣١) ز بۆ شاژنە "نورجهان" دروست کراوە.
٩- یەکەمین پەیکەری میسری پەیکەری شاژنە (نەفرتیتیی) ژنی فیرعەون ئەخناتوونە.
١٠- مسز "بارکلی" بە یەکەمین ئافرەت دەژمێردرێت کە داستانێکی نووسیوە، لە بایدا ٣٥٠٠٠ دۆلاری وەرگرتووە.
١١- سارە بەرناردی ئاکتەری شانۆیی نزیکەی ٣٠٠٠٠ جار بەسەر تەختەی شانۆوە مردووە، ١٠٠٠٠ جاریش بە ژەهر مردووە ٧٠٠٠ جاریش لە ئاودا خنکاوە هەروەها ٥٨٠٠ جاریش گوللەی بە خۆیەوە ناوە.
١٢- ساڵی ١١٢٤ز بۆ یەکەمین جار قردێلەیان بە زوڵف و ئەگریجی دا هەڵواسیوە بۆ ئەوەی بە چاوی حەسوودەوە نەبن، ئەمە باوەڕی ئافرەتانی چین بووە و بۆیە قردێلە داهاتووە.

باوەڕبکە:

١- ئافرەتێك لە وڵاتی یۆگۆسلاڤیا بەناوی "ماثیوبوێر" لە ماوەی ٢٨ ساڵ دا ٢٨ کوڕی بووە، هەر هەموشیان نەمردوون و ماون.
٢- ئافرەتێکی خەڵکی ناوچەی کالیفۆرنیای ئەمریکای بەناوی "بیتی هیلی" نەمرد تا ٢٥٦ کەسی لە کوڕ و کوڕەزا و و کچ و کچەزای خۆی نەدی. لە ساڵی ١٩٥٦ دا مرد.
٣- ژنێك بەناوی فاسیلیست گشتی ٦٩ منداڵی بوو.
٤- ژنێکی "دی ماڵدنیر" ناو بەپێی یاسای ریاضیات منداڵی بووە:
ساڵی یەکەم یەك منداڵ
ساڵی دووەم دوو منداڵ
ساڵی سێیەم سێ منداڵ
ساڵی چوارەم چوار منداڵ
ساڵی پێنجەم پێنج منداڵ
ساڵی شەشەم شەش منداڵ.
لە سکی شەشەم دا مردووە ئەم رووداوە لە وڵاتی فەرەنسەدا تۆمار کراوە.
٥- مادام مۆنتاجیست خەڵکی شاری پاریس حەڤدە کوڕی بووە بەڵام لە چوارادە مێردان.
٦- لە مێژووی کۆنی یۆنان دا باس کراوە "لیۆن" ئافرەتێکی جوانکیلە و شۆخ و شەنگ بووە ئاگاداری پیلانێك دەبێت لەنێوان دۆستەکەی و دۆستی دۆستەکەی دا، بۆ ئەوەیش نەیگێڕێتەوە زمانی خۆی لەبن دا دەبڕێت. خەڵکی شاری ئەثینا پەیکەرێکی بۆ دەکەن بە شێوەی دەڵەشێر لە گۆڕەپانیشاردا.
٧- سۆفیا ریا وولف دوای مردنی مێردەکەی بە خاڵ لەسەر زمانی خۆیدا کوتاوە چونکە زمانی ئەو بوو بوو باعیسی مردنی.
٨- ماجدەلینا سترمرزوك خەڵکی شاری تۆبۆلسك لە وڵاتی رووسیا هەر دوو مەمکی لە پیشتییەوە ڕووا بوون، سێ منداڵیشە پێ بەخێوکردن.
٩- ئافرەتێکی خەڵکی ئیسپانیا شەل بووە کە مردووە وەسیەتی کردووە هەر شەلێك کەوتە دوای تەرمەکەی ٥٠٠ فرانکی بدرێتێ.
١٠- برژانگی کچێکی چینی بەناوی کالیسینگ دە سانتیمەتر درێژ بووە.

Scanned with CamScanner

شاژنەکان و نهێنییەکانیان:

١. ئەلیزابێتی یەکەم زۆر حەزی لە جل و بەرگ دەکرد, دوای مردنی ٢٠٠٠ دەستە جلکی لە پاش بەجێماوە.
٢. ئان پۆلینی ژنی هەنری هەشتەمی پاشای ئینگلتەرە هەمیشە دەسکێشی لەدەست دەکرد تا پەنجە شەشەمینەکەی وەردەرنەکەوێت.
٣. کاترین شاژنی رووسیا هەر کاتێك بی ویستایە پێبکەنێت دەی گوت ژێر پێی ختوکە بدەن ! هەموو بەیانییەکیش پێنج پیالە قاوەی دەخواردەوە.
٤. کیلۆپاترا حەزی لە خواردنی کاڵەك و سیر دەکرد.
٥. "نۆژین"ی ژنی ناپلیۆنی سێیەم ئەو کەوشانەی لە پێی دەکرد بۆ جاری دووەم هەرگیز لە پێی نەدەکردەوە.
٦. ئەلیزابێتی شاژنی وڵاتی نەمسا کاتێك کە دەخەوت پارچەیەك ئاورێشمی تەڕی بەناوقەدییەوە دەبەست چونکە لەو باوەڕە دابوو کە ئەمە یارمەتییە بۆ ناسکیی پێستی لەش و ناوقەدی.
٧. (ماری) شاژنی وڵاتی یۆگۆسلاڤیا پێوەندی خزمایەتیی زۆر نزیکی لەگەڵ ١٣ پاشای ئەوروپادا هەبووە.
٨. (ماری تریزا) شاژنی وڵاتی نەمسا دایکی شانزدە کوڕ و کچ بووە سێ دانە لە کوڕەکانی بوون بە ئیمپراتۆر و دوو دانە لە کچەکان بوون بە شاژن.
٩. ژنی لویسی چواردە داوای لە پزیشك کردووە کە ئەختێك خوێنی پاك بکاتەوە تا کاتێك لە دەربار "واتا کۆشکی شاهانە" دا باسی چۆنیەتی رابواردنی شەوانە دەکرێت وا خوێن نەرژێتە دەم و چاوی و سووربێتەوە.

ڕەوشتی ژنانە

١. لە وڵاتی غانادا ژانانی ئاووس گۆشتی مار ناخۆن چونکە لە باوەڕێك دان منداڵەکانیان گێل دەردەچێت.
٢. لە وڵاتی ئەنگۆلای رۆژهەڵات دا ئەگەر ژنێك بەسەر منداڵەوە مرد پیاوەکە دەبێت خوێنی ئەو ژنە بداتە کەس و کاری ئەگەر نەیتوانی دەبێ ببێتە کۆیلەیان.
٣. لە ئەفریقیای رۆژاوادا تا سەردەمێك لەمەوبەر هەر ژنێك دەیەمین منداڵی زیندە بە چاڵ دەکرا.
٤. لە یاسای کۆنی ئەڵمانیادا هەبووە هەر ژنێك ببێتە هۆی مردنی منداڵەکەی زیندە بە چاڵ کراوە لەگەڵ سەگێك و مارێك و پشیلە و کەلەشێرێك دا.
٥. بیروڕای چینییەکان وابوو هەر ژنێك ئەگەر ئارایشی نەکرد و هاتە دەرەوە مانای ئەوەیە ئەو ئافرەتە پاك نییە و پەدکارەیە.
٦. لە باشووری وڵاتی هیندستان دا وا باوە هەموو بووکێك لەسەر دەست و پێ بەڕێوە بڕوا تا دەگاتە لای زاوا ئەویش پێی بە سەریدا بنێ.
٧. لە وڵاتی غینیای تازەدا کچ دەڕوات بۆ مەلەکردن لە نزیکی کوڕە خۆشەویستەکەی دا لە ژێر ئاودا خۆی ڕووت و قووت دەکاتەوە, کوڕەش دەرپێیەکەی دەداتێ بەو جۆرە خوازبێنی تەواو دەبێت.
٨. لە دورگەی تاهیتی دا ئەگەر ئافرەت گوڵی کرد بەسەریدا بەلای چەپەوە بە دوای هاوڕێدا دەگەڕێت, خۆ ئەگەر بەدوای ڕاستیدا کرد ئەوە بە دوای شوودا دەگەڕێت.
٩. لە دورگەی موباسای وڵاتی سۆماڵ دا هەر ئافرەتێك دەبێت دوو پیاو داوای بکات و لەگەڵ یەك دا زۆران بگرن.. کچە دەبێت بە ژنی سەرکەوتووەکەیان.

Scanned with CamScanner

١٠- له ولاتی "تشیا" له ئەفریقا، هەر ژنێك منداڵی نەبێت دەبێت بەردێك هەڵ بگرێت سەنگی ٩ کیلۆگرام و دای نەنێ تا منداڵی دەبێت.

شیربایی له چەند ولاتێك دا

١- له مێژووی کۆنی جوولەکەدا هەر کەسێك ژنی بهێنایه دەبوایه چەند ساڵێك خزمەتی باوکی کچەکەی بکات ئەو کاته کچەیان پێ دەداو هەر بەم شێوەیه چەند پێغەمبەرێك ژنی هێناوە.

٢- شیربایی هیندییەکانی ولاتی ئەمریکا چەند سەر ئەسپێك بووە له زاوا وەردەگیرا.

٣- لەناو کوردا تاکو ئێستاش تاکوتەرا شیربایی دەبینرێت، که تفەنگێکی برنەو و دەمانچەیەك یان سەد دینار بوو.

٤- هەندێ هۆزی ئەفریقیایی چەند سەر مەڕ یان مانگا یان پێسته پڵنگیان له باتی شیربایی وەرگرتووە.

٥- له ناوچەی کانتۆنی ولاتی چین دا شیربایی دوو کەڵەشێر، دوو گۆزە شەراب، چوار بەراز، دە ماسیی وشك کراوە و یەك فەردە گەنم بووە.

شەیتان:

ڕۆژێك حەزرەتی عیسا شەیتان دەبینێت چوار ولاخی بار لێناوە و داویانەتە بەر. دەفەرموێت:

- شەیتان ئەمانه چین؟
- بار و تایه و شت دەفرۆشم.
- بارەکانت چین ؟
- ئەمەیان داوێن پیسییە.
- کێ دەی کرێت ؟
- شاکان و سوڵتانەکان.
- ئەی دووەمیان؟
- شاکامییه؟
- کێ دەی کرێت؟
- زاناکان.
- ئەی سێیەمیان؟
- پاش قوڵ دان و کڵاو لەسەرنانە؟
- بسێنی کێیه؟
- بازرگانان.
- ئەی چوارەم؟
- بوختان و پیلانه.
- بسێنی کێیه؟
- ئافرەته ئافرەت !!..
- عیسا دەفەرموێت: لەهەمووی بەلاترە، بەڵاش لەوە دایه که ناتوانی دەست له ئافرەت هەڵگرین.

ئافرەتێکی نووسەری فەرانسایی وتوویەتی:

Scanned with CamScanner

ئافرەت دەڵێ:
ئەو ملوانکەیەکی پێ بەخشیوم بایی شارێکە نرخی هەر تەواو نابێت.
ئەوی تریان دیوانێکی هەڵبەستی بۆ داناوم پڕ لە هەستی جوان و خاوێن.
سێیەمیان: نازانی چەندێك جوان و قۆز و نێسك سووکە و هەمیشە لە پێ ماچ کردنمە.
بەڵام ئەی تۆ؟ ئەی ئەوەی کە خۆشم دەوێی، هیچت پێ نەبەخشیوم هیچم پێ ناڵێیت؟ خۆ جوانیش نیت!
بەڵام بەخوا تاقە خۆشەویستی منی و کەنیزناسا لە دەورت دەگەڕێم.

ژنی فەیلەسووف

لە فەیلەسووفێکی پرسی هاوبەشی ژیانت چۆن هەڵ دەبژێریت؟
وتی: زۆر جوان نەبێت هەموو خەڵك چاوی تێ بریێت، زۆریش ناشیرین نەبێت بێزی لیکەمەوە. کەلەگەتێکی وا نەبێت خۆمی بۆ بەرز کەمەوە کورتە باڵاش نەبێت خۆمی بۆ دانوێنمەوە.. هێندە قەڵەو و تێك سمڕاو نەبێت لای شەماڵم لێ ببڕێت ئەوەندەش لەر و لاواز نەبێت لەوە بترسم با بیبات. وەکو مۆم سپی نەبێت و رەش تاڵیش هەروەکو تاپۆ.. ئەوەندە گەوج نەبێت تێم نەگات هێندەش خوێندەوار نەبێت دەمە دەمم لەگەڵدا بکات.. دەوڵەمەندێکی وا نەبێت وا بزانیت کڕیومی هەژارێکی وایش نەبێت مایەی تانەی منداڵەکانم دوای خۆی!

بانگەوازێك بۆ ئافرەت

نووسەرێك: ئەی ئافرەت! ئەگەر ناتوانیت ببی بە ئەستێرەیەکی ئاسمان هەر نەبێت ببە بە مۆمێك لە ماڵدا.
فیکتۆر هیگۆ: هەر چەندێك دنیا بچووك بێتەوە تۆ هەر وەك خۆت گەورەیت، ئەی ژن.
بیتهۆفن: ئەی ئافرەت! من هەست بە جوانیی دەوروبەرم و رازاندنەوەی سروشت ناکەم ئەگەر دەستی ئەرمونیانت بەسەر گوڵ و جوانیی سروشت نەکێشێت.
تالیری: ئەی ئافرەت! نەکا باوەڕ بەو پیاوە بکەیت کە بڵێت تەنیا هەر تۆیت و تۆی و بەس.
ترتلیان: ئەی ئافرەت! تۆ سەرەتای رێگەی بەرەو شەیتانیت، تۆ دەروازەی دۆزەخیت.
ئەلفرێد دی مۆسێ: ئەی ئافرەت! تۆ خەوی شەوانمی و مایەی کلۆلیی رۆژگارم.
رابندرانات تاگوور: ئەی ئافرەت! تۆ بە تەنیایی دەستکردی خواوەند نیت، مرۆڤیش لە دروست کردنی تۆدا بەشدارە.. تۆ نیوەت ژنە و نیوەی دیکەت ئاوات و ئارەزووی حەزلی کەرانە.

گەلانی ئەوروپا لە بارەی ئافرەتەوە وتوویانە:

گەلی ئینگلیز

١- تەنیا چەکێك کە ئافرەت هەیەتی زمانییەتی.
٢- ئافرەت و پرد هەمیشی پێویستییان بە چاك کردنەوە هەیە.
٣- لە رۆژی ناگواردا پیاوان زووتر دەست و پێیان گوم دەکەن تا ئافرەتان.
٤- ئافرەت کلیلی هەر ماڵێکە.

Scanned with CamScanner

٥- مایەی ژانەسکە ئافرەتی ناشیرین.. مایەی دەردەسەرە ئافرەتی جوان.
٦- ئەمە گۆڕی ژنەکەمە، ئا لێرەدا لە دونیایەکی بێ دەنگ و پڕ بەختەوەری دا لێی پاڵ کەوتووە.. لێی گەڕێ. خۆ بەخوا منیش بەختەوەرم.
٧- هیچ هێزێکی ئاوی ناگاتە دڵۆپی فرمێسکی ئافرەت.
٨- هەرگیز باوەڕ بە (نا)ی ئافرەت مەکە. ئەگەرچی ئێستا دەڵێ هەرگیز نابێت سبەینێ بە ئاسانی دەڵی بەڵێ قوربان !
٩- خوا پیاوی دروست کردووە بۆ ئەوەی درۆ بکات، ئافرەتیشی بۆیە خولْقاندووە تا درۆکانی پیاو بسەلمێنێت؟

گەلی رۆمانیا:

١- چادری بێ ئافرەت وەکو تاری بێ تەل وایە.
٢- ئافرەت گریان فێربووە تەنیا بۆ درۆکردن.

گەلی پورتەغاڵ:

١- ئافرەتێك دوو کەسی خۆش بوێت لەگەڵ هەردووکیان دا درۆ دەکات.
٢- دایکی ژیر و زرنگ هەمیشە کچەکەی تەمەڵە.

ئۆکرانیا:

١- پێش حەوت ساڵ شەریکی ژیانی، نەکەی ستایشی ژنەکەت بکەیت.
٢- مێرد یاسای ژنە.

هیندستان:

١- ئەگەر بتەوێت چۆنیەتیی زێڕ بزانیت دەی هەسوێی ئەگەر هێز و توانای گا تاقی بکەیتەوە باری لێ دەنێیت.. یان رەوشتی پیاو گوێی لێ دەگریت.. بەڵام بە هیچ شێوەیەك ناتوانیت ئافرەت تاقی بکەیتەوە.
٢- ئافرەت لە قسە ناکەوێت مەگەر دەست بکا بە گریان.

سکۆتلەندە:

کوڕەکەم کوڕمە تا ژن دەهێنێت، بەڵام کچەکەم تا دەمرێت هەر کچمە.

فەڕانسە:

١- ئەگەر لە پیاو تێ گەیشتوویت برۆ بەدوای لێکۆڵینەوەی ئافرەت دا.
٢- ئافرەت زەرەرێکی پێویستە.

Scanned with CamScanner

٣. ئەگەر ئافرەت نرخی سێوی بزانیبا نەی دەدا بە کەس.

ئیرلەندە:

هیچ هێزێك وڵاتی ئیرلەندە لەناونابات، ترفوزیی قەشە و لووت بەرزیی ئافرەتانی نەبێت.

ئەڵمان:

١. هەر کەسێك ژنی دەوڵەمەندی هێنا ئازادیی خۆی فرۆشت.
٢. پیاوی بێ ژن وەکو سەری بێ لەش وایە، ژنی بێ پیاو وەکو لەشی بێ سەر وایە.

یۆنان:

بەڵێنی ئافرەت بەسەر ئاوەوە دەنووسرێت.

ئیسپان:

١. ئافرەت وەکو سێبەر وایە، لێی دووربکەویتەوە بەدواتا دێت، بەدوایا بڕۆی بۆی دەردەچێت.
٢. باوەڕ بە ژنی بێ دەنگ مەکە و سەگی هەمیشە دەم بە وەڕین.

پۆڵەندە:

١. هەر ئادەمێك حەوایەکی هەیە.
٢. چاودێریی لە کیجێك زۆر ئاسانترە لە چاودێریی لە ئافرەتێك.
٣. شەیتان ئافرەتی قووت دا بەڵام بۆی نەخورا و نەیتوانیی بیهاڕێت بەیەك دا.

چین:

١. ئافرەت وەکو فەرمانڕەوا وایە زۆر کەم دۆستی راستەقینەیان دەبێت.
٢. پیاو دەتوانێت ئافرەتێك لە هەموو پیاوان بپارێزێت تەنیا لە خۆی نەبێت.
٣. لە بەرەبەیان دا لێدانی ئافرەت پێویستە، بەڵام لەبیری نەکەی لە دەمە و نیوەڕۆ دا لێی نەدەیتەوە.
٤. ئافرەت وەکو قاڵی وایە تا بە دار لێی دەیت تۆزی لێ دەبێتەوە.
٥. ئەگەر شەیتان نەی توانی بڕواتە جێگایەکەوە ئافرەت دەنێرێت.

رووس:

١. سەگ لە ئافرەت ژیرترە چونکە بە خانە خۆییەکەی ئاوەڕێت.
٢. کاتێك کچ لە دایك دەبێت چوار دیوار دەس دەکەن بە گریان.

Scanned with CamScanner

٣- هەموو پیاوێك كوڕی ئافرەتێکە.
٤- ژنی سەرباز نە ژنە و نە بێوەژن.

ئیتالی:

جوانیی ئاسمان بە ئەستێرەکانەوەیە، جوانیی ئافرەتیش بە زوڵف و ئەگریجەیەوە.

بولگار:

باوەڕ بە هەتاوی زستان مەکە، هەروەها بە دڵی ئافرەتیش.

سوێد:

دڵی ئافرەت لە چاوی دە پیاو زۆرتر دەبینێت.

ژاپۆن:

لەبەر ئەوەی دایکت چاودێری لە ژنەکەت دەکات کەواتە باوەڕت بە ژنەکەت هەبێت.

پۆڵەندە:

بەهار کچۆڵەیە.. هاوین دایکە.. پایز بێوەژنە.. زستان ئافرەتە.

چیکۆسلۆڤاك:

١- ئافرەتی جوان سێ مێردی دەوێ: یەکەم پارەی بۆ بدا، دووەم خۆشی بوێت و لە دەوری گەڕێت. سێیەم لێی بدات.
٢- ئافرەتی ئەڵمان بۆ گەوڕ باشە، چیکی بۆ چێشتخانە، فەرانسەیی بۆ ناوجێگە.

رۆژهەلاتی:

١- زێر بە ئاگر تاقی دەکرێتەوە، ئافرەت بە زێڕ.
٢- ئافرەت نەئاینی تەواوە و نە بیرکردنەوەی.
٣- سەرسووکیی ئافرەت دڵی پیاو قورس دەکات.
٤- مزگەوتی ئافرەت ماڵەکەیەتی.
٥- کاتێك ئافرەت قسە دەکات سەیری چاویشی بکە بزانە چاوەکانی چ دەڵێن.
٦- لە ژنەکەت بپرسە.. بەڵام ئەوەی بە چاکی دەزانی ئەوە بکە.

Scanned with CamScanner

بزەی لێو

(١)

ژنێك یەکەم جار چوو بۆ دیدەنیی هاوسێکەی منداڵەکەشی لەگەڵ دابوو. ژنەی هاوسێ لێی پرسی:
ئەم کچۆڵەیە هی تۆیە؟
گوتی : بەڵێ
گوتی بێگومان دەبێت باوکی جوان بێت !

(٢)

بە ژنێکیان گوت: خەسووەکەت دەرمان خوارد بووە و مردووە.
گوتی بی گومان گازی لە زمانی خۆی گرتووە.

(٣)

گوتی:
ئەوە بۆ چی ئافرەت وا جوان خوڵقاوە و بێ بیر؟
ژنەش وەڵامی دایەوە:
جوان بۆ ئەوەی پیاو حەزی لێ بکات، بێ بیر و گەوجیش بۆ ئەوەی حەز لە پیاو بکات!

(٤)

سوقرات بە قوتابییەکی خۆی گوت:
ژن بهێنە کوڕم.. ئەگەر ژنەکەت باش دەرچوو ئەوا ئەبێت بە بەختیارترین مرۆڤ، ئەگەر باشیش دەرنەچوو، وەك من دەبی بە فەیلەسووف.

(٥)

فەیلەسووفێك دای بەلای دارێك دا و نواری ئافرەتێك بە دارەکەدا هەڵواسراوە، وتی:
خۆزگە هەموو دارێك بەری وای دەگرت.

(٦)

کوڕە هاتبووە لای دایکی کاسەیەك دۆی بە دەستەوە بوو،
وتی: دایە شوو ئەکەیت یا ئەم دۆیە ئەخۆیتەوە؟
ئەویش وتی: جا کوڕم من دانم هەیە تا دۆ بخۆمەوە؟!

(٧)

ڕووی کردە هاوڕێیەکی و گوتی:
کاتێك ژنەکەم بادار بوو داستانی سێ سوارەی دۆماسی دەخوێندەوە سێ کوڕی پێکەوە بوو !!
دۆستەکەی بەسەری خۆیدا و گوتی:
بڕا ڕۆ ! ئەکەی من خەریکی خوێندنەوەی داستانی دوانزدە سوارەی مەریوانە !!

Scanned with CamScanner

(٨)

هاوڕێیەك لەوی تری پرسی

- ئەرێ هەواڵی تازە چییە؟

ئەویش گوتی: بۆم دەرکەوتووە ژنەکەم ڕاستم لەگەڵ دا ناکات و خەریکی ڕابواردنە.

گوتی: من پرسیاری هەواڵی تازەت لی دەکەم ئەی دۆست !

(٩)

کابرا نەخۆش کەوت و خەریك بوو دەمرد, ڕووی کردە ژنەکەی و گوتی:

- کە مردم شوو بە دراوسێیەکەمان بکە.

گوتی: بۆچی؟

گوتی: ئوتۆمبیلێکی پێ فرۆشتم تاسەر لووتم کڵاوی ناوە سەرم.

(١٠)

مێردە ڕووی کردە ژنە و گوتی:

- ئەوە بۆچی بەشانەی سەری من تووکی ئەو سەگە شانە دەکەیت؟

گوتی ئازیزەکەم, مەترسە .. خۆ.. شانەکەم شۆردووە.

(١١)

کابرا ڕووی کردە ژنەکەی و وتی:

- کەی ئەم ئارایش کردنە تەواو ئەکەیت؟

ژنەکەش وتی:

- تۆ بۆ ئەوەندە گەوجی! نازانی سێ دەقیقە یەعنی سێ سەعات.

(١٢)

ژنێك مێردەکەی مرد و لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسی:

"گەلێك غەمبارم بۆ مەرگت. ناتوانم ئاوا بژیم !"

ساڵێك تێنەپەڕی دووبارە شووی کرد ئەو کاتە وشەی (بەتەنیا)ی بۆ (ناتوانم ئاوا بژیم) زیاد کرد !

(١٣)

ژنە ڕووی کردە مێردەکەی و وتی:

کاتێك مردم لەسەر گۆڕەکەم بنووسە:

"لە ئاسمان دا ئارامی و ئاسایش هەیە"

وتی: نەخێر, ئەنووسم:

"لە ئاسمان دا ئارامی و ئاسایش هەبوو " !!

Scanned with CamScanner

وەلی دێوانە

شاعیری شەیدا و عارف تەواو عەیاری هونەری جاف زانا و قەڵەندەری ڕێگای هەق و عیشق، توانای مەیدانی ئەندێشە و خەیاڵ و ڕاستەقینە، وەلیی جگەر سووتاوی عیشقی ئەزەلی و هەتا هەتایی لەناوچەی گەرمیان و نزیکی دێی گوبانو عوسمانی برنەوا لەدایك بووە، لە تیرەی کەماڵەیی جافە. کە لە بنچکەوە ئەڕۆنە سەرتیرەی شاتری، کە یەکێکە لە تیرە زۆرەکانی عەشیرەتی جاف. لە ساڵی (١١٦٢)ی کۆچیدا لەدایك بووە و، لەتەمەنی سی و یەك ساڵیدا مردووە.

لەبەر ئەوەی لە کتێبێکی ڕازاوەوە لە یەکدراوەدا خەریکی چۆنێتی ڕاستەقینەی ژیانی ئەم عارفە شەیدایەم بۆیە نامەوێت لەیرەدا بە درێژیی باسی بکەم، بەڵام هەر ئەوەندە ئەڵێم، گوناهێکی هەرە گەورەیە بازێك لە نووسەرانمان، هەرکەسێك بووە و هەر کەسێکیش هەیە، تۆمەتی تۆمەتی ئەخوێنەواری بە خاون بەیان و شیرین زمانێکی وادا بکات..

ئاخۆ لەسەر چ بنەڕەت و بەڵگەیەکە ئەم بیروڕایە پووچە؟

یاران لە جەرگم یاران لە جەرگم
من شەم شێویی تیردان ئەجەرگم
هەر وەخت کە مەیۆ ئاکام مەرگم
ئامانەت نەکەن کەفەن وەبەرگم
بەو شەرت شوران حاشیەی ئەندامم
ئەواکم پیش بۆ زوخا و ئەزانم

بنوارە لەم عیشقە سەرمەدییە و لەم هەڵهەڵەی بە ئەوج گەیشتنە.. ئەو لە زیندوییدا، ئەوەی لەشی و تەنی حەزی لێکردووە دووری لێ گردووە. ئاوارەی ئاودۆڵ و ئزار و هەردە، ووردە ووردە بەرە بەیانی عیشقی هەتا هەتا خۆی لاواندۆتەوە.

بەوشەرت شوران حاشیەی ئەندامم
ئەواکم پیش بۆ زوخاو ئەزامم

ئەو پێی خۆش ئەبووە، جێگای زامەکەی، بارانی تیری بێ ئامانی مەرگیش بێت، لەکاتی شۆردنا زوخاو لەلەشی بێت چونکە ئەو زەخاوەی بەنیشانەی حەز و ئێش زانیوە ئەو لە ژیانیدا ئەوەی بیری لێنەکردۆتەوە ئارەزووەکانی لەش و ئەندامەکانی بووە، جا تکا ئەکا هەر بەو بەرگە شرۆڵانەوە بیخەنە ژێرخاك، ئەکا لەشی لەناو گڵێنەی خەڵکیدا خیانەتی لێبکاو، وا بزانرێت ئەوە زووخاو و ئاوات و ئارەزووەکانیەتی و بە شێوەی زوخاودێنە دەرەوە.

وەلی لە ناوچەکانی گەرمیاندا کەرەستەی تەباریکی تر و مانووی بیرو ئەندێشەیەکی کەبووە. ئەنێش و ژانی برسێتی، ئەقرچەی قورگی ووشك و تینوێتی، ئە سۆز و هاڵاوی گەرمیی گەرمیان، ئە ئاوری پڕ سەرسامی دەوروبەر، ئەهۆ ز ئەخزم ئەیاران ئە بەشەرنا، ئەیان توانیوە بۆ ساڵێك زنجیرەی تێفرینی میرزای ڕۆژنبیر و خاوێندل بپچڕێنن.

ئاوا ژیانی بردۆتە سەر، تابە دەردی ئەوینی ڕاستەقینە و هەتا هەتایی سەری ئاوەتەوە، لە یاد و کرداری ئەو زاتەش، وەك سەرمایەیەکی کەلەپووری بۆ هەموو مرۆڤێك ماوەتەوە.

Scanned with CamScanner

بزانە

١- گەورەترین چاو، هی جانەوەرێکی دەریایە بەناوی "حبار" کە جۆرێکە لە ماسی سەدەفی. بازنەی چاوی (٣٨سم).

٢- گەورەترین بەندەرێك لە جیهاندا "شاری" "نیویۆرك" بە (٣٩١) کەشتی لەیەك کاتدا دەتوانن لەنگەری تێدا بخەن.

٣- گەورەترین تابلۆیەك تاوەکو ئێستا دروستکرابێ، بەناوی "پانۆرامای میسیسیپی"یە، لەلایەن هونەرمەند (جۆن باننارد) لە ساڵی ١٨٤٦ دا تەواو بووە. درێژایی ١٥٢٥ مەترە، پانییەکەشی ٣ مەتر و ٦٥ سانتیمەترە.

٤- قووڵترین گۆم لە جیهاندا کەوتۆتە "سیبریا"ی یەکیەتی سۆڤیەتەوە. گۆمەکە ناوی "بایکال"ەو قووڵیەکەشی ١٤٨٥ مەترە.

٥- گەورەترین کاتژمێر لە یەکێك لە باخچەکانی ژاپۆندایە بە گەورەیی (١٨) مەترە بەناوی (نوتوفوك).

٦- درێژترین پیاو ناوی (رۆبرت والدو) بووە لە تەمەنی ٢١ ساڵیدا درێژیی گەیشتۆتە (٢٧٢) سانتیمەتر.

٧- بەرزترین ئافرەت درێژیی ٢٤٧ سانتیمەتر بووە بەناوی (زینخ جیلیان).

٨- درێژترین ژن و مێرد کە پێکەوە ژیاون ناویان.

- ئانا هینن سوزان درێژیی ٢١٧ سانتیمەتر بووە.

- مارتن کان بورین درێژیی ٢٢٠ سانتیمەتر بووە.

٩- کوڵترین پیاو خەڵکی وڵاتی ئەمریکا بووە، بەناوی (کالفن فلیبس) کە تەنها ٦٧ سانتیمەتر باڵای بەرز بووە.

١٠- تا ئێستا قووڵترین چاڵێك کە مرۆڤ دریبێتی و، پیادا رۆیشتبێتە ناو جەرگەی زەوییەوە، لە یەکێك لە کانەکانی ئەفریقیا بووە، کە بە قووڵی (٣٧٧٧) مەتر بووە.

١١- لە ساڵی ١٧٣٥ی زایینی لە شاری مۆسکۆدا گەورەترین زەنگڵەیان دروستکردووە کە قورساییەکەی (١٩٦) تۆنە و بە درێژی (٥,٧٨) مەتر و بە گەورەیی (٥,٩٥) مەترە.

١٢- بچووکترین کتاوێك کە تا ئێستا هەیە بەناوی (زمانی گوڵەکان) کە درێژیی و پانیی (٢ × ٢) ملیمەترە و ئەستوورییەکەشی یەك ملیمەترە.

١٣- بەرزترین کورسییەك کە دروستکراوە تاوەکو ئێستا، بەرزییەکەی (١٢,١٠) مەترە و جێگای دانیشتنەکەشی (٢٥) مەتری چوار سووچەیە، کە سەد و پەنجا کەس دەتوانن لەسەری دابنیشن.

درێژ ترین پیاوی جیهان

درێژترین ئافرەتی جیهان

Scanned with CamScanner

محمد پاشای جاف

(١٢٣٠ – ١٢٩٩ ك)

محمد پاشای جاف سەرۆکی عەشیرەتی جاف و کوڕی کەیخسرەو بەگی سلێمان بەگە جاف بووە لە ساڵی ١٢٣٠ کۆچەریدا لە دایك بووە لەناو تیرەکانی کوردەواری ئەو سەردەمەدا قسە بیسراو و لێپرسراو بووە و دەسەڵات و توانایەکی باشی هەبووە زۆر بە ئاسانی هەمیشە هەزار سواری شەڕکەری لەژێر دەستا بووە لە کۆتاترین کاتدا.. هێندە مل کەچی دەسەڵاتەکانی ئەو سەردەمە نەبووە وەك دەوڵەتی عوسمانی وە ئێران وە هەروەها ئەمیرانی بابان. ئاخری ئەم مل نەدانە و جەربەزەییە بوونە هۆی کوشتنی لەلایەن عوسمانلیەکانەوە پیلانێکیان بۆ رێك خست بە دەستی چەن کەسێکی تیرەی کەرەم وەیسی بە ناوچەی (ئیبراهیمی سەمین) ئێستادا و لە تەمەنی شەست و نۆ ساڵیدا.. بە خەنجەر کوژراوە.

محمد پاشای جاف پیاوێکی گەلێك ئازا و لە هەمان کاتدا بە تەگبیر بووە, زۆر تووشی گیر و گرفتی گەورە هاتووە بەبۆنەی گەرمیان و کوێستانی ئێلی جافەوە.. لە باوەڕێکدا بووە ئەگەر ئێلی جاف دەس لە کۆچەری هەڵ بگرێت بە زوویەکی زوو تیائەچن و لەناو ئەڕۆن.

ئەم زاتە قەڵای بەناوبانگی (شیروانە)ی بەسەر دوو تەپۆڵکەوە دروست کردووە, کە یەکێکە لە شاکارەکانی میعماری کە لەرۆژهەڵاتدا, ئەنوارێتە چەمی سیروان.. هەروەها عەرووسیەکانی ئەو قەڵایە لەبەر سوورڕخواردنی هەتاو, وەك هەمات کاتدا چۆنیەتی "با" لە هەر گۆشەیەکەوە هەڵبکات جۆرێك خۆی لە عەرووسیەکان ئەخشێنێت لە چلەی گەرمای گەرمیاندا لەش فێنکی پێ ئەگات, ئەم زاتە حەوت کوڕی هەبووە بەم ناوانە:

١- محمود پاشای جاف.
٢- عثمان پاشای جاف.
٣- حمە علی بەگ.
٤- حسن بەگ.
٥- فتاح بەگ.
٦- سلێمان بەگ.
٧- قادر بەگ.

* مەحموود پاشای کوڕی محەممەدی پاشای جاف, سەرۆکی ئێلی جاف, ساڵی ١٢٦١ ك هاتۆتە جیهانەوە, پیاوێکی ئازا و رۆشنبیر و ئەدەب دۆست بووە.. هەمیشە (میوانخانەکانی جێگای شاعیران و ئەدیبان و, مەلا زاناکان بووە.. ماوەیەکی زۆر قائیمقامی شاری هەڵەبجە بووە.. لە ئاخری ژیانیدا کەوتە سەر کەلکەڵەی کوردایەتی وەك خۆی فەروویەتی (کاتێك کە توانیم نەمزانی, وەختێك کە زانیم نەمتوانی) کە ئینگلیزەکان عیراقیان داگیر کرد, پاشا هیچ هاوکارییەکی لە گەڵیانا نەکردووە.

Scanned with CamScanner

محمد پاشای جاف

۱۲۳۰ ـ ۱۲۹۹هـ

مەحموود پاشای جاف

نوری سعید

مەلیك غازی

Scanned with CamScanner

قوربانیەکانی «دون ژوان»

Scanned with CamScanner

سەرچاوەکان

١- مۆسیقای سنفونیك — ادوارد دوانز

٢- نو وتار دەربارەی میعماری — میشیل سوفرو

٣- هونەری شانۆ — لئون موسیناك

٤- مێژووی سینەما — ئارتورنایت

٥- فیلم و دەرهێنەر — دان لیونیکستن

٦- مێژووی رۆژهەڵاتی ناوەراست — جورج لیجافسکی

٧- مێژووی وڵاتی ئەمریکا — ئاندەر مورڤا

٨- مێژووی وڵاتی بریتانیا — ئاندەر مورڤا

٩- مێژووی شارستانیەت — ویل دورانت

١٠- مێژووی مرۆڤ — هندریك وان لون

١١- ژیانی پیاوە ناودارەکان — بلوتارك

١٢- مێژووی زانساری — پییر روسو

١٣- مێژووی دروست کردن و دۆزینەوە — پییر روسو

١٤- مێژووی زانین — جورج سارتن

١٥- ئاسۆی زانیاری — جارلز هیچر

١٦- مێژووی پزیشکی — جوزێف گارلند

١٧- سەردەمی باوەڕ — ئان فرەنل

١٨- سەردەمی ئەندێشەی بەرز — جورجی دوساتیلانا

١٩- سەردەمی ژیری — استوارت هشایر

٢٠- سەردەمی ئایدەلۆژی — هنری ئایکی

٢١- سەردەمی لەیەکدانەوە — مۆرتن وایت

٢٢- مێژووی ئاینەکان — هاشم رضي

٢٣- فەرهەنگی ئەفسانەکان — پییر گریمان

٢٤- لوغەت نامەی خودا — علامە دهخدا

٢٥- فەرهەنگی معین — دکتور معین

٢٦- مێژووی فەلسەفە — ویل دورانت

٢٧- المعجم — شمس قیس رازی

٢٨- شاکارەکانی ئەدەبیاتی جیهان — شهباز

٢٩- شاکارەکانی ئەدەبیاتی گێتی — حدادی

٣٠- ئەتلەسی جغرافیا — مۆئەسسەی سحاب

٣١- دائرة المعارف بریتانیکا — مۆسسەی سحاب

٣٢- دائرە المعارف امریکانا

٣٣- لاروسی تێکڕایی

٣٤- فەرهەنگی فەلسەفی — ڤۆلتێر

٣٥- فەرهەنگی ناظم الاطبا — میرزا علی آکبر خانی نفیس

٣٦- ناوڕێك لە مێژووی جیهان — جواهر لال نهرۆ

٣٧- القاموس السیاسي — احمد عطیە الله

Scanned with CamScanner

(سوپاس) ی چاپی یەکەم:

سوپاس

١- لەکاتی ئامادەکردنی ئەم کەشکۆڵەدا، مامۆستا عبدالرزاق بیمار یارمەتیەکی باشی دام، خوا نموونەیان بۆ پێش خستنی ئەدەبی کوردی زۆرترکات. یارمەتیەکەی شایانی ئەوەیە سوپاسی بکەم و ماڵی ئاوا.

٢- بە سەرپەرشتی مستەفا زەنگەنە ئەم بەرهەمە چاپ کراوە.

خوسرەو جاف

Scanned with CamScanner



ئەندازیار خوسرەو جاف

ENCYCLOPEADIA
OF
LITER ART AND SCIENCE

زنجیرەی بڵاوکراوەکانی چاپخانەی شڤان 8

Scanned with CamScanner